# ئەرك و ئەزموونەكانی
# سەدەی بیست و یەكەم



نووسین و وەرگێرانی لە زمانی ئاڵمانییەوە: نادر فەتحی (شوانە)

# ئەرك و ئەزموونەكانی
# سەدەی بیست و یەکەم



نووسین و وەرگێڕانی نادر فەتحی (شوانە)

خاکەلێوەی ٢٠٢٠ی زایینی، ئاڵمان

www.rojhalat.de / www.bokan.de

Email: redaktion@rojhalat.de

# پێرست:

**پێش گوتە:** ........ ٧
**بەشی یەك: "ململانێی تێكنۆلۆژیک"** ........ ١٣
**ئەركی یەك: بێ هیوابوون** ........ ١٣
كۆتایی پێكهاتنی مێژوو وەدوا كەوتووە........ ١٣
**ئەركی دوو: "كار"** ........ ٣٢
ئەگەر وەختی كارت هاتبێ، ڕەنگە كارت وەگیر نەكەوێ ........ ٣٢
موتزارتی چێكراو ........ ٣٩
پیشەی نوێ........ ٤٤
لە ڕووتاندنەوە و چەوساندنەوەوە، بەرەو بێ مانایی........ ٤٩
مەبەست لە ئاسوودەیی "گشتی" چییە؟........ ٥٤
پشتیوانی گشتیی كۆمەڵگا چ مانایەكی هەیە؟........ ٥٧
**ئەركی سێ : ئازادیی**........ ٦١
داتای مەزن چاوەدێریمان دەكەن ........ ٦١
گوێ لە ئالگاریتم دەگرین ........ ٦٥
دڕامای بڕیاردان ........ ٧٠
فەلسەفەی ئوتومبیل........ ٧٨
دیكتاتۆریەتی دیجیتالی ........ ٨٤
ژیری دەستكرد و گێژ و لاژی سروشتی........ ٩٣
**ئەركی چوار: بەرانبەری و یەكسانی**........ ٩٨
داتا مەزنەكان سامانی كێن؟........ ١٠٤
**بەشی دوو: ململانێی سیاسی** ........ ١٠٩
**ئەركی پێنج: كۆمەڵ، مرۆڤ جەستەی هەیە** ........ ١٠٩
ئۆنلاین لە بەرانبەر ئۆفلایندا ........ ١١٤
**ئەركی شەش: شارستانییەت** ........ ١٢١

لە جیهاندا تەنیا یەك شارستانییەت بوونی هەیە .......................... ١٢١

خەڵكانی ئاڵمانی و گۆریلاكان.............................................. ١٢٩

یارییەكانی ئولیمپیك لە سەردەمی سەدەكانی ناوەڕاستدا ...................... ١٣٢

دوڵارێك، بۆ حكوومەتكردن بەسەر هەمواندا ................................ ١٣٨

**ئەركی حەوت: ناسیۆنالیزم**................................................ ١٤٣

كێشەی جیهانی، وەڵامدانەوەیەكی جیهانی پێویستە............................ ١٤٣

ململانێی ئەتۆمی.......................................................... ١٤٩

ململانێی ئۆكۆلۆژیكی(ژینگە)................................................ ١٥١

كێبەركێی تێكنۆلۆژیا ........................................................ ١٥٨

كەشتی فەزایی زەوی......................................................... ١٦١

**ئەركی هەشت: ئایین**....................................................... ١٦٧

ئایین، ئێستا خودا لە خزمەت بە نەتەوەكاندایە ............................... ١٦٧

كێشەی سیاسی: ئابووری ئیسلامی ............................................. ١٧١

كێشەی ناسنامەیی: شوێنەوار بەجێهێشتن لەناو زیخدا ........................... ١٧٦

دڵڕەقیی نەتەوەپەرەستی ...................................................... ١٨١

**ئەركی نۆ: كۆچكردنی مرۆڤ**................................................ ١٨٣

ڕەنگە تاقمێك لە فەرهەنگەكان لەوانیتر باشتر بن ............................... ١٨٣

لە نەتەوەپەرستییەوە بۆ هۆگریی فەرهەنگی ...................................... ١٩٤

دوودڵی و هیواداریی ........................................................ ٢٠٥

**بەشی سێ: ناهومێدی و هیواداری**.......................................... ٢٠٩

**ئەركی دە: تێرۆریزم** ..................................................... ٢٠٩

كارتی یارییەكە بە شێوەیەكی نوێ تێكەڵ بكەینەوە ............................. ٢٠٩

قروشێكی بچووك لەناو قابلەمەیەكی گەورەی خاڵیدا ............................ ٢١٣

تێرۆر دەبێتە كردەوەیەكی ئەتۆمی!؟ .......................................... ٢١٨

**ئەركی یازدە: شەڕ** ....................................................... ٢٢٢

نابێ هیچكاتێک نەفامی و نەزانیی مرۆڤ بەكەم وەربگرین ......................... ٢٢٢

لە ڕوانگەی كرملینەوە ............................................ ٢٢٦
هونەری لە دەستچوو، شەڕ بۆ سەركەوتوویی ............................................ ٢٣١
گێژی و گەوجی حاكمان ............................................ ٢٣٤
**ئەركی دوازدە: لەخۆبووردوویی** ............................................ ٢٣٧
تۆ ناوک و سەرچاوەی سەر ئەم جیهانە نیت ............................................ ٢٣٧
دایكی زیگمۆند فرۆید ............................................ ٢٤٠
هەڵس و كەوت و ئەخلاق پێش كتێبی تەوڕات و ئینجیل ............................................ ٢٤٤
لەدایكبوونی زێدەڕۆیی ............................................ ٢٥٠
فیزیكی یەهوودی، ئایینی مەسیحی ............................................ ٢٥٤
**ئەركی سێزدە "خودا"** ............................................ ٢٥٨
تۆ نابێ كەڵكی نابەجێ لە ناوی خودا وەرگری ............................................ ٢٥٨
هەڵس و كەوتی ئەخلاقی بە بێ خودا ............................................ ٢٦٢
**ئەركی چاردە: سكۆلاریزم** ............................................ ٢٦٧
خۆت لەگەڵ سێبەری خۆت بگونجێنە ............................................ ٢٦٧
ئایدیالی زانستی (عیلمانی) ............................................ ٢٦٩
ئایا ستالین مرۆڤێكی عیلمانییە؟ ............................................ ٢٧٦
سێبەرەكان بناسین و دانیان پێدابنێین ............................................ ٢٨٠
**بەشی چوار: ڕاستی** ............................................ ٢٨٣
**ئەركی پازدە: نەزانین** ............................................ ٢٨٣
كەمتر لەوە دەزانی كە باوەڕت پێی هەیە ............................................ ٢٨٣
چاڵی ڕەشی دەسەڵات ............................................ ٢٨٨
**ئەركی شازدە: دادپەروەری** ............................................ ٢٩١
واهەیە كاتی هەستی دادپەروەریمان بەسەرچوو بێت ............................................ ٢٩١
دزینی ڕووبارەكان ............................................ ٢٩٤
بچووكی كەینەوە یا ئینكاری بكەین؟ ............................................ ٢٩٩
**ئەركی حەڤدە: هەڵس و كەوتی بێ بەڵگەی سیاسی** ............................................ ٣٠٢

هەندێک هەواڵی ساختەی نوێ بۆ هەمیشە دەمێننەوە ........................................ ٣٠٢
شێوازەکانی سیاسەتی بێ بەڵگە .......................................................... ٣٠٦
درۆیەکی یەکجارە دەبێتە ڕاستییەکی هەمیشەیی ........................................ ٣١١
لە ئامێری شوشتنەوەی مێشك ڕزگار بن ................................................ ٣١٩
**ئەرکی هەژدە: چیرۆکی خەیاڵی** ...................................................... ٣٢٢
داهاتوو ئەوە نییە کە لە سینەمادا دەیبینیت ........................................... ٣٢٢
ژیان لە سندووقێکدا ........................................................................ ٣٢٤
دیزنی "Disney" باوەڕ بە ئیرادەی ئازاد لەدەست دەدات ................................ ٣٢٩
**بەشی پێنج : گونجاوبوون** ............................................................... ٣٣٧
**ئەرکی نۆزدە: ڕاهێنان**.................................................................... ٣٣٧
گۆڕانبەسەرداهاتن تەنیا بەشێکی نەگۆڕە.................................................. ٣٣٧
سۆبە(کوورە)کە هەڵکراوە.................................................................. ٣٤٢
هاککردنی مرۆڤ ............................................................................ ٣٤٨
**ئەرکی بیست: هەستکردن**................................................................ ٣٥١
ژیان چیرۆك نییە ............................................................................ ٣٥١
قورسایی سەربانی ناوماڵ.................................................................... ٣٦٧
هۆکوس پۆکوس "Hocus Pocus" و پیشەسازی بیروباوەڕ ................................... ٣٧٠
ناسنامەی جیاواز............................................................................. ٣٨١
مارکێتەکەی شاری هێلسینگۆر ............................................................. ٣٨٨
هیچ چیرۆکێک نییە.......................................................................... ٣٩٦
تاقیکردنەوەی ڕاستییەکان.................................................................... ٤٠٢
**ئەرکی بیست و یەك: مێتاسشیۆن** ...................................................... ٤٠٦
تەنیا هەست پێکردن.......................................................................... ٤٠٦
باشتر وایە هاوکات لە دوو لاوە دەست بکەین بە هەڵکەندن ............................... ٤١٢

## پێش گوتە:

دوای پەرتووكەكانی "كورتە مێژووی مرۆڤ" و "مێژووی دوارۆژی مرۆڤ" كە بەشێوەی زنجیرە بابەت لەسەر ماڵپەری ڕۆژهەڵات – بۆكان بڵاو بوونەتەوە، ئەم كتێبە وەك درێژەپێدەری بابەتەكە دەخەمە بەرچاوی خوێنەری كورد.

لە جیهانێكدا كە پڕە لە زانیاریی بێ مانا، ئاشكرایە زانست و ڕووناكبیری وەك دوو هێزی مەزن لە ئەژمار دێن. لە ڕوانگەی تیئۆریەوە هەر كەس پێیخۆش بێ دەتوانێ لە باسی داهاتووی مرۆڤدا بەشداری بكا، بەڵام كارێكی گەلێك ئەستەمە مرۆڤ بتوانێ لەوبوارەدا ڕێگایەكی ڕوون و ئاشكرا بدۆزێتەوە. زۆرجار هەستی پێ ناكەین كە باسێكی نوێ دەستی پێ كردووە، یاخود ساغ نابینەوە كام پرسیاری سەرەكی دەبێ گرنگایەتی بۆ باسەكان هەبێ. بە میلیارد مرۆڤی وەك ئێمە ئەو دەرەتانەیان بۆ ناڕەخسێ كە بتوانن بەشداری بەردەوامی باسەكە بكەن، لەبەر ئەوەی ڕەنگە كار بكەن، بەربەرەكانیی كێشەكانی ژیانیان بكەن، یاخود خۆیان بە منداڵ و دایك و باوكی پیریانەوە خەریك بكەن. ئەگەر لەسەر داهاتووی ژیانی مرۆڤ بە بێ بەشداربوونی ئێمە بڕیار بدرێ، لەبەر ئەوەی كاتی خۆمان زیاتر بۆ تێركردنی منداڵەكانمان تەرخان كردووە یاخود سەرمان بە كار و كێشەی ژیانەوە قاڵە، ڕووداوێكی گەلێك نادادپەروەرانەیە كە نەتوانین لەسەر بڕیاری ژیانی داهاتوومان كارتێكەریمان هەبێت. بەڵام كێ دەتوانێ بڵێ مێژوو دادپەروەرە؟

سروشتییە مرۆڤی مێژووناس ناتوانن خواردن و خواردنەوە و جل و بەرگمان بۆ دابین بكەن بەڵام دەتوانن هەوڵ بدەن ڕێگای ژیانمان بۆ ڕوون بكەنەوە بۆئەوەی بتوانین بە ڕادەیەكی كەمیش بێت لەسەر سەكۆی زێرینی داهاتووی ژیانمان شوێندانەر بین. تەنانەت ئەگەر بتوانین سەرنجی گرووپێک مرۆڤ بۆ ناو دیالۆگی داهاتووی مێژووی مرۆڤ ڕاكێشن، ئەركی خۆمان بەجێ هێناوە.

یەكەم كتێبی ئەو بوارە، واتە "كورتە مێژووی مرۆڤ"، خۆی بە ڕابردووی مێژووی مرۆڤەوە خەریك كردبوو و ئەو پرسیارەی دەكرد كە چلۆن چەشنە "مەیموون – مرۆڤ" ێك كە گرنگایەتییەكی ئەوتۆی لە سروشتدا نەبووە، توانیویەتی ببێت بە حاكمی گۆی زەوی. دووهەم كتێب واتە "مێژووی دواڕۆژی مرۆڤ" پشكنینی لەسەر داهاتووی درێژخایەنی ژیان دەكرد و بیری خۆی بەوەوە خەریك كردبوو كە ڕۆژێ لە ڕۆژان تا چ ڕادەیەك مرۆڤ جێگای خوداكان دەگرێتەوە و "ژیری دەستكرد"[1]ی دەستی مرۆڤ (ئالگاریتمی كامپیۆتری) ئەو خۆبوێرییەی مرۆڤ لە دەستی دەردێنێ و بەسەریدا زاڵ دەبێ.

لەم كتێبەی بەردەستتاندا دەمانەوی ئێستای مرۆڤ بگرینە ژێر چاوەدێری. كتێبەكە ڕوانگەی سەیركردنەكەمان و لایەنی خۆی لەسەر ڕووداوەكانی ئەمڕۆ و داهاتووی نیزیكی كۆمەڵگای مرۆڤ چڕ دەكاتەوە. لە كاتی ئێستادا چی ڕوو دەدات؟ لەمڕۆدا مەزنترین كار و ئەركی گرنگی كۆمەڵ دەبێ چی بێ و بۆ وەدیهێنانی ئەركەكانمان چ دەرەتانێكمان لەبەردەست دایە؟ سەرنج بۆ كام كاری گرنگ دەبێ ڕاكێشین؟ چ ئەركێک دەبێ فێری منداڵەكانمان بكەین و چلۆنیان ڕابێنین؟

دیارە سروشتییە هەشت ملیارد مرۆڤ، هەشت ملیارد ڕوانگە و خەونی تایبەت بەخۆیان هەیە و هەر وەك ئاماژەشمان پێكرد، بیركردنەوە و بەشداربوون لەو كارە گرنگەدا بە هەموو كەس ناكرێ و ناتوانن بەشداری لە هەمووشیان بكەن. دایكێكی بە تەنیا ماوەی كەلاوە نشینی شاری بۆمبەئی كە چەند منداڵی بەسەردا بەجێماوە، تەنیا سەری بە شتێكەوە خەریكە و ئەویش ڕزگاركردن و تێركردنی منداڵەكانیەتی؛ ئەو پەنابەرانەی لەسەر بەلەمێك لە شوێنێكی زەریای ناوەڕاست بەرەو ئوروپا بەڕێوەن، چاویان بەدوای ئیشكانییەكەوەیە كە بتوانن تێیدا بحەسێنەوە؛ هەروەها نەخۆشێكی نەخۆشخانەی شارە گەورەكانی شوێنێكی ئەم هەردە، تەواوی هێزی خۆی بەكار دێنێ كە بتوانێ تەنیا هەناسەیەك زیاتر هەڵكێشێ. ئەو مرۆڤانە هەر هەموویان كێشەی گەلێك گرنگیان لە ژیانیاندا هەیە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ گۆڕانی كەش و هەوا یا هەرەسهێنانی

[1] ژیری دەستكرد لە چەمكی ئاڵمانی "künstliche intelligenz" وەرگیراوە و دەكرێ لە زمانی كوردیدا بە چەمكگەلی وەك "هزری دەستكرد"، "هۆشی دەستكرد"، "زیرەكی دەستكرد" "بلیمەتی دەستكرد" و هتد... مانا بكرێتەوە.

سیستەمی لیبڕالی. هیچ كتێبێك، هیچ سیستەمێك و هیچ كەسێك ناتوانێ هەموو ئەو مرۆڤانە ڕازی ڕابگرێ و لە هەنبەر كێشەكان و ناكۆكییەكانی ژیانیاندا ڕێنوێنیان بكا. مرۆڤ تەنیا دەبێ ئاواتەخواز بێ كە بتوانێ لەو ناوەدا شتێك فێر بێ. یارمەتیدانی ئیمە دەبێ بە شێوازی گلۆبال بێ. ئیمە دەبێ خۆمان لەسەر ئەو فاكتەرە سەرەكی و ناوەندییانە چڕكەینەوە كە كۆمەڵگاكانی هەموو جیهان دەگرنەوە و بە ئەگەری زۆر كارتێكەرییان لەسەر داهاتووی پلانیتەكەمان هەیە. خەمخواری بۆ گۆڕان بەسەرداهاتنی كەش و هەوا و ژینگەی جیهانی، سەرەڕای دروستكردنی كێشە بۆ درێژەپێدانی ژیانی بوونەوەران لەسەر ئەم زەوییە لە داهاتوویەكی دووردا، گرنگایەتی خۆی هەیە و بەرنامە و ڕێگایەكی دوور و درێژە، بەڵام ئەمڕۆ و لە كاتی ئێستادا ڕەنگە باشتر وابێ جێی ژیانی ئەو دایكە بەتەنیاماوە هەژارەی نیشتەجێی بۆمبەئی برێك باشتر بكرێ، یارمەتی شەپۆلی پەنابەری سەر زەریای ناوەڕاست بدرێ و ڕێگاچارەیەك بۆ كێشەی سڵامەتی جیهانی بدۆزرێتەوە.

ڕاستەقینەی ژیان لەسەر تەورە ڕەنگاوڕەنگەكان دانراوە و لە هەنگاوی یەكەمدا ئەم كتێبەی بەردەستتان هەوڵ بۆ كۆكردنەوەی قۆناخە جیاوازەكانی كێشەی جیهانی ئەمڕۆی ئیمە دەدا بە بێ ئەوەی ئیدیعای هەڵدانی پەرچەمی كامیل بوون بكا. بە جیاوازی لەگەڵ كتێبی "كورتە مێژووی مرۆڤ" و "مێژووی دواڕۆژی مرۆڤ"، ئەم كتێبە نەك وەك گێڕاوەیەكی مێژوویی، بەڵكوو وەك كۆكراوەی ئەزموونی ژیان و دەرس وەرگرتن لە ئەزموونەكان سەیر دەكرێ. تەنیا وەڵامدانەوەیەك ناتوانێ بۆ چارەسەری كێشەكانی ژیان بەس بێت، بەڵكوو دەبێ ڕێگاچارەكان یارمەتیدەری خوێنەر بن بۆ بەشدارییان لە چەندین باسی سەرەكی و ناوەندیی تەوەرەكاندا. ئەم كتێبە زیاتر لەسەر دیالۆگی كراوەی نێوان مرۆڤ ڕێک خراوە. زۆربەی بەشەكانی ئەم كتێبە لە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە پێكهاتووە كە لە لایەن خوێنەران، ڕۆژنامەوانان و هەڤاڵانی نیزیكەوە ئاراستە كراون. چەند بەشی كتێبەكە خۆیان بە تێكنۆلۆژی، سیاسەت، ئایین و هونەرەوە خەریك كردووە. چەند بەش پیرۆزبایی لە زانستی مرۆڤ دەكەن و چەند بەشێكیش لە چەقی نەزانی و لێنەهاتوویی مرۆڤ دەدوێن. بەڵام پرسیارە سەرەكییەكان وەك خۆیان دەمێننەوە: لەمرۆدا چ ڕوو دەدات و

كام مانای قووڵ لە پشت ڕووداوەكانەوە وەستاوە؟ هۆی بەدەسەڵات گەیشتنی كەسایەتییەكی وەك دۆنالد ترامپ لە كۆمەڵگادا چییە؟ چلۆن دەتوانین لە هەنبەر درۆ و بەرئاوەژووكردنەوەی تەوەرەكان لە لایەن تاقمێكی مێدیایی، ئایینی و ئەو هێزانەی وا دەبنە هۆی پیسكردنی مێشكی مرۆڤ هەڵس و كەوت بكەین؟ بۆچی سیستەمی لیبڕالی لە قوڕ چەقیوە و تووشی هەرەس هاتووە؟ ئایا شەڕێكی جیهانیمان لە پێشە؟ كام شارستانییەت حوكمی جیهان دەكات – ڕۆژئاوا، چین یا ئیسلام؟ ئایا كارێكی دروستە كە قوڕنەی ئورووپا سنوورەكانی بۆ مرۆڤی كۆچەر بكاتەوە؟ ئایا ناسیۆنالیزم ناتوانێ كێشەی نابەرانبەری كۆمەڵ و گۆڕانی كەش و هەوا چارە بكا؟ چلۆن دەبێ لە هەنبەر تێرۆر هەڵس و كەوت بكەین؟

دیارە ئەم كتێبە ڕوانگەیەكی گلۆبالیی لەبەر چاوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك نەک هەر نایەوێ سەكۆی ژیانی تاكەكەسیی مرۆڤ لەبەر چاو نەگرێ، بەڵكوو بە پێچەوانە دەیەوێ بە ویستەوە پیشانی بدات چ پەیوەندایەتیەكی نزیک لە نێوان ڕووداوەكانی ئەمڕۆی جیهان و ژیانی یەك بە یەكی مرۆڤەكاندا هەیە. بۆ وێنە كارەساتی "تێرۆر" كێشەیەكی گلۆبالی سیاسییە و هاوكاتیش مێكانیزمێكی ڕۆحی و ڕەوانیی مرۆڤە. تێرۆر ئەو كات دەتوانێ كارەسات پێك بێنێ كە ترس لە مێشكی مرۆڤدا دروست بكات و ڕۆحی ملیۆنان مرۆڤ بخاتە ناو قەفەزی بەرتەنگی خۆیەوە. بە شێوازێكی هاوچەشن، هەرەسهێنان و قەیرانی سیستەمی لیبڕالی نەك هەر لە ناو پارلەمانەكان و ناوەندی دەنگدانەكاندا، بەڵكوو لە خانەكانی دەمار و سیناپسەكانی مرۆڤیشدا بەڕێوە دەچێ. ئەوەش سەكۆیەكی ئاسایی لەسەر ئەم زەوییە پێكهێناوە و كێشەیەكی تاكە كەسیی و هاوكات كێشەیەكی سیاسیشە. بەڵام ئەوە لە سەردەمێكدایە كە زانایان، سەرمایەداران و حاكمان شێواز و ئاهەنگی لێدانی مێشكی مرۆڤ دەخوێننەوە، هەر بۆیەش ئەو ڕاستییانە تاریكتر و ناشەفافتر لە هەر سەردەمێكیتر دەنوێنن.

جیهانی گلۆبال گوشارێكی گەلێك زۆر لەسەر هەڵس و كەوتی تاكەكەسی ئێمە و ئەخلاق و مۆڕاڵی تاك تاكی مرۆڤەكان دادەنێت. هەر كام لە ئێمە لە تۆڕێكی ئاڵۆزی جاڵجاڵۆكەئاسا تێك ئاڵێنراوین كە لە لایەكەوە پێش بە جووڵانەوەی ئازادانەی خۆمان دەگرێ و هاوكاتیش بچووكترین چالاكی و جووڵانەوەمان بۆ شوێنی دوور و نزیك

تۆمار دەكا. كاری ڕۆژانە و ئاسایی ئێمە كارتێكەری لەسەر ژیانی مرۆڤ و ئاژەڵی ئەودیوی تۆپی زەوی دادەنێ، ڕووداوێكی بچووك بە شێوەی چاوەڕوان نەكراو دەتوانێ ئاگر لە هەموو جیهان بەردات هەر وەك خۆسووتاندنی محەمەد بوازیزی لە وڵاتی تونێس كە بووە هۆی پێكهێنانی بزووتنەوەی بەهاری عەرەبی یاخود ئەو ژنانەی كە ئەزموونی ژیانی خۆیان لە پەیوەندایەتی لەگەڵ شێوەی خراپی كەڵكوەرگرتنی پیاوان و دەستدرێژیی سێكسی لەسەریان، ئاشكرا دەكەن و لەسەری دەدوێن و بزووتنەوەی وەك "MeToo" وەڕێ دەخەن. [یان شۆڕشی **"ژن، ژیان،ئازادی"** لە وڵاتی ئێران دژ بە ئیسلامی كۆنەپەرەست و مافیای سوپای پاسداران لە كوردستانەوە دەستپێكردووە و بە بڵێسەدانی ئاگر بۆ هەموو شار و گوندەكانی ئێران ئاسۆ و هیوایەكی ڕوون بۆ گەییشتن بە ئازادی و دێمۆكراسی پێكهێناوە](وەرگێڕ).

ئەوە ڕەوتی ژیانی تاكەكەسی ئێمەی مرۆڤە كە بە مانای گرنگترین كەرەسە دژ بە دەمارگرژی لەپێناو لایەنگری لە هەر سیاسەت، ئایین یا سیستەمێكیتری ژیان كە بەهۆی ئاسایی بوونیانەوە بە هاسانی لە كۆمەڵگاكاندا هەستیان پێ ناكرێت و ڕەنگە بتوانێت هاسانكاریی یاخود بارودۆخێكی باشتر بۆ تاقمێك مرۆڤ وەك سپی پێست، "جیاوازیی ڕەچەڵەك"، بەرژەوەندی ئایینی و جیاوازی نەتەوەیی و هتد... پێك بێنێت. بەڵام ئایا ئەو چالاكییانە هەنگاوێكی گەش بینانەن؟ مرۆڤ چلۆن بتوانێ سەكۆیەكی قورس وقایمی ئەخلاقی لە جیهاندا بدۆزێتەوە كاتێ لە ئاسۆی ئێمە تێپەڕ بووە، بە تەواوەتی جووڵانەوە و هەڵس وكەوتی مرۆڤ كونترۆڵ دەكا و هەموو سیستەم، ئیدیۆلۆژی و خوداكان دەخاتە ژێر پرسیار و ڕەخنەوە؟

ئەم كتێبە بە چاوپێداخشانێك بەسەر بارودۆخی سیاسی و تێكنۆلۆژی سەدرەم دەست پێدەكا. لە كۆتایی سەدەی بیستەمدا وێدەچوو بەربەرەكانی مەزنی نێوان ئیدیۆلۆژییە گەورەكانی جیهان واتە فاشیزم، كۆمۆنیزم و لیبڕاڵیزم بە سەركەوتنی لیبڕالیزم كۆتایی پێ بێت. وێدەچوو سیاسەتی دێمۆكڕاتیك، مافی مرۆڤ و ئازادیی بازاڕی ئابووری هەموو جیهان داگیر بكات و لە خزمەت بەهرە گەیاندن بە مرۆڤ، ئاژەڵ و ژینگە دا بێت. بەڵام هەر وەك هەمیشە بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەكان لە مێژوو، دوای ڕووخانی

فاشیزم و كۆمۆنیزم، لیبڕالیزم كێشەی مەزنی لەسەر ڕێگا بۆ قوت بۆتەوە. كەوابوو بەرەو كوێ دەئاژوێین؟

ئەو پرسیارە بەتایبەت گرنگە؛ چونكە لیبڕالیزم تەواو لەو كاتەدا باوەڕپێكراویی خۆی دەدۆڕێنێ كە دوو شۆڕشی 'تێكنۆلۆژی زانیاریی' و 'بیۆتێكنۆلۆژی'، ئێمە لە سەر گرنگترین ڕێگای دۆزینەوەی ئەركی ژیانمان دادەنێن كە تا ئەمڕۆ مرۆڤی هۆمۆساپیەن بە خۆیەوەی نەبینیوە. تووانەوەی ئەو دوو شۆڕشە لەیەكتردا دەتوانێ بازاڕی ئابووری ملیاردان مرۆڤ لەژێر گوشاری خۆی دابنێ و ئازادی و بەرانبەرییان لێ بشێوێنێ. ئالگاریتمی مەزنی هێزی چێكراوی دەستی مرۆڤ دەتوانێ دیكتاتۆری دیجیتالی بخوڵقێنێ كە هێزی جیهانی تەنیا لەناو دەستی گرووپێكی بچووكدا ڕابگرێت و زۆربەی مرۆڤی سەر ئەم هەردە نەك هەر لەژێر باری چەوسانەوە و ژێردەستیدا ئازار بكێشن بەڵكوو دۆڵپایەكی گەلێك گەورەتر كە " بێ مانایی" بێت، ژیانیان لێ تاڵ بكات.

تووانەوەی شۆڕشی تێكنۆلۆژی زانیاریی و بیۆتێكنۆلۆژی لە كتێبی پێشوودا واتە "مێژووی دواڕۆژی مرۆڤ" بە ووردی ڕوون كراوەتەوە. بەڵام لە كاتێكدا كتێبەكە خۆی بە ڕوانگەیەكی درێژخایەنەوە خەریك كردبوو – و تەنانەت پێشبینی سەدان و هەزاران ساڵی داهاتووی دەكرد، ئەم كتێبەی بەردەستتان بەهێزتر خۆی بە قەیران و هەرەسهێنانی سیاسی، كۆمەڵایەتی، ئابوورییەوە خەریك دەكا.

لێرەدا جێگای خۆیەتی لە ناخی دڵمەوە ڕێز و خۆشەویستی خۆم ئاڕاستەی بەڕێز كاك ئەنوەر سوڵتانی بكەم كە بە پێداچوونەوە و زەقكردنەوەی هەڵەكانم یارمەتی داوم و زەحمەتێكی زۆری كێشاوە. دەستی خۆش و هیوادارم لە ژیانیدا سەركەوتوو و بەختەوەر بێ.

نادر فەتحی (شوانە) خاكەلێوەی ٢٠٢٠ی زایینی، ئاڵمان

## بەشی یەك: "ململانێی تێكنۆلۆژیک"

مرۆڤایەتی باوەڕی خۆی بە گێراوەی سیستەمی لیبڕالی لە دەست داوە، بەتایبەت لە هەنبەر ئەو سیاسەتەی لە سەدەی ڕابردوودا بارودۆخی كۆمەڵگاكانی پێ دیاری كراوە. لە كاتێكدا ئێستا توانەوەی شۆڕشی تێكنۆلۆژی زانیاریی و بیۆتێكنۆلۆژی لەناو یەكتردا بەڕێوە دەچێ، مەزنترین ئەركی دژواری بەرپرسایەتی ژیانی مرۆڤ و بوونەوەرانیتریان بە شێوەیەك خستۆتە سەر شانی، كە تا ئەمڕۆ هاوشێوەی نەبینراوە.

### ئەركی یەك: بێ هیوابوون

### كۆتایی پێكهاتنی مێژوو وەدوا كەوتووە

مرۆڤ باوەڕی بە چیرۆك و گێراوە زیاترە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بەڵگە؛ ژمارە یا فاكتەری بیركاری. بەورادەیەی چیرۆک و گێراوەكان بە شێوەی ئاسایی و هاسانتر ڕێكخرابێتن، خەڵكی باشتری لێ تێدەگەن و بە باشتری دادەنێن. هەركەس، هەموو گرووپێك و نەتەوەیەك لە سەرانسەری ئەم جیهانەدا گێراوە، چیرۆك و داب و نەریتی تایبەت بە خۆیان هەڵبەستووە. بەڵام لە پرۆسەی بەڕێوەچوونی كاروباری سیاسی سەدەی بیستەمدا بلیمەتانی جیهانی لە نیۆیۆرك، لەندەن، برلین و مۆسكۆ سێ گێراوە و چیرۆك دەخەنە سەر ڕێگای مرۆڤ كە بەهۆی ئەوانەوە مێژووی ڕابردووی بە تەواوەتی پێ ڕوون دەكەنەوە و پێشگۆیی داهاتووی هەموو جیهانی پێ دەكەن: **"گێراوەی فاشیستی"**، **"گێراوەی كۆمۆنیستی"** و **"گێراوەی لیبڕالی"**. شەڕی جیهانی دووهەم بووە هۆی توونا بوونی گێراوەی فاشیستی و لە كۆتایی ١٩٤٠ەكانەوە هەتا كۆتایی ١٩٨٠كان جیهان بووە سەكۆی بەربەرەكانی و مەیدانی شەڕی نێوان دوو

گێڕاوەی كومۆنیستی و لیبڕالی. دواتر گێڕاوەی كۆمۆنیستیش تێكڕووخا و گێڕاوەی لیبڕالی وەك ڕێنوێنی بڕیاردەر بۆ ڕابردوو و یاسایەك بۆ داهاتووی جیهان – یاخود لای كەم بەو شێوەیەی بڵیمەتانی لیبڕاڵی خۆیان باوەڕیان پێی بوو، بە تەنیا مایەوە.

گێڕاوەی لیبڕالی بەسەر بەها و بایەخ و هێزی ئازادیدا هەڵدەڵێ و بە پیرۆزی دادەنێ. ئەوان دەڵێن مرۆڤایەتی بە درێژایی هەزاران ساڵ لەژێر سیستەمی ڕژیمە سەركوتكەرەكاندا ژیاوە كە زۆر كەم مافی سیاسی، شانسی گەشەكردنی ئابووری یا ئازادیی كەسیی پێنەدراوە و چالاكییەكانی بۆ وەدەستهێنانی ئازادبوونی مرۆڤ، ئیدە و بیركردنەوەكانیان لەوپەڕی زوڵم و زۆرلێكراویدا سەركوت كراوە. بەڵام مرۆڤ بۆ وەدەستهێنانی ئازادی بەردەوام تێكۆشاوە و هەنگاو بە هەنگاو ئازادیی بۆ خۆی مسۆگەر كردووە. لە جیاتی دیكتاتۆری سەركوتكەر، حكوومەتە دێمۆكراتەكان پێكهاتن. خوڵقاندنی كاری بازاڕی ئازاد ڕێگای بە بارودۆخی ئابووری قەتیسكراوی سەردەمی دیكتاتۆرەكان بەرتەنگ كردەوە. مرۆڤ فێر بوو لەجیاتی ئەوەی كوێرانە گوێڕایەڵی ئایین و داب و نەریتی كۆن بێت، ئازادانە بیر بكاتەوە و وەدوای هەستی دڵی خۆی بكەوێت. شەقامە كراوەكان، پردە قایمەكان و فڕۆكەخانە پڕ لە حەشیمەتەكان، شوێنی دیوار، قەبر و سیمی چوكڵەداریان گرتەوە.

ڕیوایەت و گێڕاوەی لیبڕالی دان بەوە دادەنێ كە ڕەنگە هەموو شتێكی ئەم جیهانە بە باشی بەڕێوە نەچووبێ و هێشتا زۆر كێشە و بەرز و نزمی هەبن كە دەبێ بەسەریاندا زاڵ بین، بەڵام ڕەوتەكە بە پێی كات و بارودۆخی ژیان بەرەو باشی دەڕوا و گەشەكردنی ئابووری پەرە دەستێنێ. بەشێكی زۆری جیهان هێشتا هەر لە لایەن زاڵمانەوە حكوومەت دەكرێن و تەنانەت لە وڵاتە ئازادكراوەكانیش زۆربەی مرۆڤ لەژێر باری هەژاری، شەڕخوازی و چەوسانەوەدا ئازار دەكێشن. بەڵام لایكەم دەزانین بۆ چارەكردنی ئەو كێشانە چ ئەركێكمان لەسەر شانە: "ئازادی زیاتر بۆ مرۆڤ پێك بێنین. دەبێ پارێزگاریی لە مافی مرۆڤ بكەین، مافی دەنگدان بە شێوەی ئازادانە بۆ هەموو كەسێك مسووگەر بكەین، بازاڕی ئابووریی ئازادیان بۆ دامەزرێنین و بارودۆخێكی ئەوتۆیان بۆ ساز كەین كە بتوانن ئیدە، بیروبۆچوون و چالاكییەكانیان لە سەرانسەری ئەم جیهانەدا بە بێ هیچ كێشە یاخود لەمپەرێك بەڕێوە بەرن."

بەرنامەی كاری لیبڕالییەكان كە زۆر كەم گۆڕانكاری بەسەردا هێنراوە لە لایەن جۆرج بۆش و باراك ئۆباماوە وەك خۆی بەكار هێنراون: "ئەگەر ئێمە سیستەمی سیاسی و ئابووری خۆمان زیاتر و زیاتر لەگەڵ لیبڕالیزم گرێ بدەین و بە شێوەیەكی گلۆبالی بەڕێوەی بەرین، دەتوانین ئاشتی و ئاسایش بۆ هەموو مرۆڤێكی سەر ئەم هەردە دەستەبەر بكەین."

لیبڕالەكان دەڵێن: "ئەو وڵاتانەی خۆیان تێكەڵی ڕەوتی بەرەو پێشكەوتوویی جیهانی بكەن كە وەك سێڵاوێك وەڕێكەوتووە و بەهیچ شێوەیەك پێشی پێ ناگیرێت، بە ئاشتی و ئاسایش خەڵات دەدرێن. ئەو وڵاتانەی خۆیان لەو ڕەوتە لا دەدەن بە پێی كات هەست بە ئاكامەكانی دەكەن، بەڵام دواتر ئەو كاتەی هەست بە تیشك و ڕۆشنایی لیبڕالیزم بكەن، سنوورەكانیان دەكەنەوە و سیاسەت، كۆمەڵگا و بازاڕەكانیان لیبڕالیزە دەكەن. ڕەنگە ئەو كارە ماوەیەكی زۆر بخایەنێت بەڵام لە كۆتاییدا تەنانەت وڵاتانی وەك كۆریای باكوور، عێراق و ئێلسالوادۆریش وەك دانمارك یا ئایۆوا پێشكەوتوو و نەخشین و ڕێك و پێك دەنوێنن."

لە ساڵانی ١٩٩٠و لە دەسپێكی هەزارەی نوێدا گێڕاوەی لیبڕالی دەبێتە ستانداردێكی جیهانی. زۆربەی حكوومەتەكان لە وڵاتی بڕازیلەوە هەتا هیندوستان ناچار بە وەرگرتنی شێوەی بەڕێوەچوونی سیستەمی لیبڕالی دەكرێن بۆ ئەوەی خۆیان لە مێژووی وەڕێكەوتووی جیهانی گرێ بدەن. ئەو وڵاتانەی خۆیان تێكەڵاوی ئەو مێژووە نەكردبێ، وەك فوسیلی سەردەمی كۆنیان لێهاتووە. ساڵی ١٩٩٧ بیل كلینتۆن "Bill Clinton" سەرۆكی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ڕەخنە لە وڵاتی چین دەگرێ و بە شێوەیەكی بڕوابەخۆیی دەڵێ: "وڵاتی چین سیاسەتی لیبڕالی ڕەد كردەوە و بەو كارەی خۆی خستە بەری هەڵەی مێژوو."

بەڵام لای كەم لە قەیرانی ئابووری ساڵی ٢٠٠٨ بەدواوە مرۆڤ لە هەموو وڵاتانی ئەم جیهانە باوەڕیان بە سیستەمی لیبڕالی لە دەست داوە. دیوارەكان و فایروالەكان هەمیسان دادەنرێنەوە. بەرەنگاریی لە هەنبەر كۆچكردن و ڕێككەوتنامەی بازاڕی ئازاد گەورە دەبنەوە. حكوومەتە بە ناو دێمۆكراتیكەكان ئازادیی سیستەمی

دادپەروەری دەخەنە ژێر گوشار، سنوور بۆ ئازادی مێدیاكان دروست دەكەن و هەر چەشنە ئیدەیەكی جیاواز لە حكوومەت بە خەیانەت دادەنێن. هێزدارانی وڵاتانی وەك توركیا و ڕووسیا تاقیكارییی لەسەر فۆرمی نوێی دێمۆكراسی بێ ڕۆح و دیكتاتۆریی ئازا و بەجەرگ دەكەن. بە پێچەوانەی گوتەكەی بیل كلینتۆن لەمڕۆدا كەم كەس لەسەر ئەو بۆچوونەیە كە حكوومەتی چین لە بەری هەڵەی مێژوویی ڕاوەستابێت.

ساڵی ٢٠١٦ – بەهۆی "Brexit-Votum" ەوە، لە بریتانیای مەزن و هاتنە سەر كاری دۆنالد ترامپ لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، شەپۆلێكی ناهۆمێدی لە ناوەندی سیستەمی لیبڕالی ڕۆژئاوای ئورووپا و باكووری ئەمریكا وەڕێكەوت. لە حاڵێكدا چەند ساڵ پێش ئێستا ئەمریكا و ئورووپا بۆ هێنانی وڵاتانی وەك عێراق و لیبیا بۆ ناو سیستەمی لیبڕالی تفەنگیان لەسەر ڕاگرتبوون، ئێستا زۆربەی مرۆڤی كێنتاكی "Kentucky" و یۆركشایر "Yorkshire" خەونی لیبڕالی یا بە شتێكی باش دانانێن یاخود بە ڕاستەقینەی نازانن. تاقمێك مرۆڤ تامەزرۆیی و خۆشەویستییان بۆ جیهانی ڕوتبەیی و پلەیی هەیە و نایانەوێ لە مافی تایبەتیی وەك نەتەوە، ڕەچەڵەك، یا جنسییەتی خۆیان چاوپۆشی بكەن. ئەوانیتر جا بە حەق یا ناحەق هاتوونەتە سەر ئەو بڕیارە كە لیبڕاڵیزم و گلۆبالیزم تەنیا چەمكی داتاشراوی خاوەن هێزانن و بۆ ئەوە دانراون، بەشێكی كەمی مرۆڤ لەسەر شانی زۆربەی مرۆڤی سەر ئەم هەردە، لە ئاسایش و دەوڵەمەندیدا ژیان بكەن.

ساڵی ١٩٣٨ مرۆڤ دەرەتانی ئەوەی هەبوو لە نێوان سێ گێڕاوە و ڕیوایەتی گلۆبالی دا یەكیان هەڵبژێرێ، ساڵی ١٩٦٨ تەنیا دوویان مانەوە، ساڵی ١٩٩٨ وێدەچوو تەنیا یەكیان سەركەوتوو بێ؛ ساڵی ٢٠١٨ ئەویش پووچەڵ بۆوە و هاتینەوە سەر سیفر. شتێكی سەیر و سەمەرە نییە سیستەمی لیبڕالی كە لە چەند دەیەی ڕابردوودا دەستی بەسەر بەشێكی گەورەی ئەم جیهانەدا گرتبوو، ئێستا لە بارودۆخێكی كاس و سەر لێ شێواویدا مابێتەوە. لەمڕۆدا هیچ شتێك لە گێڕاوە یا ڕیوایەتێكی هێوركەرەوە بۆ مرۆڤ باشتر نییە. دیارە ڕوونە، ئەگەر لەپڕێكدا هیچ گێڕاوەیەكمان بۆ نەمێنێ، هەستێكی گەلێك پڕ لە مەترسیمان دەبێت و ئیتر هیچ شتێك مانای نابێ. هەر وەك گێڕاوەی كۆمۆنیستی سوڤیەت لە ١٩٨٠ەكاندا كوت و پڕ كۆتایی پێ هات، لیبڕالەكان ناتوانن

تێبگەن چلۆن مێژوو ڕووی خۆی لێ لادان و هیچ ڕێگایەکیتری بۆ نەهێشتنەوە، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو ڕاستەقینەیەی باوەڕیان پێی هەبوو بۆ مرۆڤی سەر زەوی بە ڕاستی وەرگێڕن. سەرلێ شێواوییەکەیان بۆتە هۆی چوارچێوە بە دەوری خۆدا کێشان و بەرتەسك بوونەووەی بیر و باوەڕ، بە شێوازێك كە ڕاستەقینەی تەوەرەكان لەبەر چاو نەگرن و مێژوویەك كە دەبوو كۆتاییەكی باشی هەبێ مانایەكیتری پێبدرێ و وێدەچێ جیهانیان گەیشتبێتە كۆتایی. مێشكی تاقمێكیان لەو دۆخەدا نییە بتوانن هەست بە ڕاستەقینە بكەن و هەر بۆیەش كاردانەوەكەیان زۆرجار كارەساتی لێ دەكەوێتەوە. هەر وەك كەسێك كە پێیوایە سەرێشەیەكی بە ئازار نیشانەیە بۆ لوویەكی ناو مێشك كە لە كۆتایی پەرەسەندنی خۆی دایە، زۆربەی لیبڕالەكان ترسیان هەیە كێشەی "Brexit-Votum" و هاتنە سەر كاری دۆنالد ترامپ كۆتایی بە شارستانییەت بێنێت.

هەستی سەرلێشێواوی و هەڕەشەی توونا بوون بەهۆی خێرابوونەوەی هەنگاوەكانی تێكنۆلۆژییەوە هێندەیتر زیاتر بۆتەوە. سیستەمی سیاسی لیبڕالی خۆی لەگەڵ پێشەسازیی سەردەمی كۆن وەك كەرەسەی هەڵم و كەرەسەی بەكاوەخۆی بەرهەمهێنانی نەوت ڕاهێناوە. سروشتییە كە شۆڕشی خێرای تێكنۆلۆژی زانیاری و بیۆتێكنۆلۆژی سەر لە حاكمانی لیبڕالی دەشێوێنێ.

هەم سیاسەتوانان و هەم ئەو مرۆڤانەی هەڵیان دەبژێرن و دەنگی خۆیانیان پێ دەدەن بە هیچ شێوەیەك لە بارودۆخێكدا نین لە تێكنۆلۆژی نوێ تێبگەن و بتوانن خۆیان لەگەڵ ئەو تەقینەوە لە ناكاوەی پێشكەوتوویی زانستی پێشەسازیدا ڕێك بخەن. لە ١٩٩٠ەكانەوە ئینترنێت بەڕادەیەك شوێنی لەسەر جیهان داناوە كە هیچ فاكتەرێك لە هیچ سەردەمێكدا تا ئێستا نەیتوانیوە بەو شێوەیە كارتێكەری لەسەر جیهان هەبێت. بەڵام ئەو تۆڕە گرنگە مێدیاییە ئیدەی لیبڕالیزم نەبووە، ئەو شوڕشە لە لەیەن زانایانی تكنیكییەوە دانراوە و كەمتر حیزبە سیاسییەكان دەستیان تێدا بووە. ئایا تا ئێستا لە ڕێگای ئینترنێتەوە دەنگی خۆتان بە سیاسەتوانان داوە؟ سیستەمی دیمۆكراتی لیبڕالی هێشتا بەوەوە خەریكە تێبگات چی بەسەر هاتووە و بە دڵنیاییەوە بە هەنگاوكانیتری پەرەسەندنی تێكنۆلۆژی، ژیری دەستكرد وەك هێزی چێكراوی كامپیۆتری بە تەواوی ورەی خۆیان لە دەست دەدەن.

تەنانەت لەمڕۆدا سەركەوتوویی كامپیۆتری سیستەمی ئابووری هێندە ئاڵۆزە كە بە دەگمەن مرۆڤ لێی تێدەگا. لەبەرئەوەی ژیری دەستكردی كامپیۆتری لە ڕابردوودا بەرە بەرە باشتر و كامیلتر دەبێتەوە، دەگەین بە خاڵێك كە ئیتر هیچ مرۆڤێك سەری لیدەرناهێنێت. ئەو پێشكەوتووییە چ ئاكامێكی بۆ پرۆسەی سیاسی دەبێ؟ ئایا دەكرێ مرۆڤ حكوومەتێك لەبەر چاوی خۆی وێنا بكا سەرشۆڕانە لەسەر ئەوە ڕاوەستێ كە ئالگاریتمی كامپیۆتری كاری ڕۆژانە و چەشنی كۆكردنەوەی باجی بۆ دیاری بكات؟ لەبەر ئەوەی زنجیرەی تۆڕی پیر تو پیر"Peer-to-Peer" و پارەی Krypto وەك "Bitcoin" ئاڵوگۆڕی تەواو بەسەر سیستەمی پارەدان دا دێنن، فۆرمی پێشووی باج بە تەواوی لە ناو دەچێ. بەو شێوازە بۆ وێنە نەگونجاو یا بێ مانا دەبێ باج بە پێوانەی دۆلار حیساب بكەن، چونكە زۆربەی بانكەكان و شوێنی پارە گۆڕینەوە بەها و بایەخی پارەیەكی دیاریكراویان لەبەر دەست نییە كە بتوانن لەگەڵ بەهای پارەی وڵاتانیتر هەڵیسەنگێنن. حكوومەتەكان ناچار دەكرێن سیستەمێكی تەواو نوێی دیكە بدۆزنەوە - ڕەنگە سیستەمێكی باج لەسەر زانیارییەكان. (ئەو زانیارییانە وەك تەنیا پارەیەكی گرنگ و نەگۆڕ لە بازاڕی ئابووریدا لە ئەژمار دێن كە بەهۆی ئەوانەوە ئاڵوگۆڕی بەهای شتومەكەكانی پێ دیاری دەكرێ). ئایا سیستەمی سیاسی - ئابووری پێشوو پێش ئەوەی پارەكەیان تەواو بێ دەتوانن خۆیان لەو چەشنە قەیران و بەرنامە ئاڵۆزانە ڕزگار بكەن؟

لەوەش گرنگتر: دوو شۆڕشی تێكنۆلۆژی زانیاریی و بیۆتێكنۆلۆژی نەك هەر بە ساكاری دەتوانن گۆڕان بەسەر بازاڕی ئابووری و كۆمەڵگاكاندا بێنن، بەڵكوو كارتێكەرییان لەسەر جەستە و ڕۆحی ئیمەی مرۆڤیش دەبێ. لە ڕابردوودا مرۆڤ ئەزموونی كردووە دەست بەسەر جیهانی دەور و بەریدا بگرێ، بەڵام بەسەر دنیای دەروونی خۆماندا كونتڕۆڵێكی ئەوتۆمان نەبووە. ئێمە دەمانزانی چلۆن پرد یا ئاوبەند دروست دەكرێ، بەڵام نەماندەزانی چلۆن دەكرێ پێش بە پیربوونی مرۆڤ بگرین. ئێمە دەمانزانی چلۆن سیستەمی ئاودانی كشت و كاڵ كار دەكا، بەڵام زانیارییەكی گەلێك كەممان لەسەر چلۆنایەتی كاركردنی مێشكی خۆمان هەبوو. ئەگەر لە كاتی ڕاكشاندا مێشوولە لە پەنا گوێمان وزەی هاتبا دەمانزانی چلۆن بیكووژین، بەڵام ئەگەر

لە كاتی خەودا مێشكمان خۆی بە تەوەرێكەوە خەریك كردبا و هەموو شەوەكە بەخەبەری ڕاگرتبایەین زۆربەی ئیمە نەماندەزانی چلۆن خۆمانی لی ڕزگار كەین.

شۆڕشی تێكنۆلۆژی زانیاریی و بیۆتێكنۆلۆژی بە ئەگەری زۆر دەبنە هۆی كونتڕۆلی جیهانی دەروونی ئێمە و دەمانخەنە بارودۆخێكەوە ژیانمانی پێ مانیپۆلیرە بكەین و ژیانیكی نوێ بخولقێنین. ئێمەی مرۆڤ ڕادەهینرێن چلۆن مێشك ساز كراوە، بە چ شێوازێك ماوەی ژیان درێژ بكەینەوە و چلۆن خۆمان لە بیركردنەوەی شەوانە و بێ خەوییەكەی ڕزگار بكەین. بەڵام هیچ كەس نازانێ ئەوانە چ ئاكامێكیان بۆ ژیانی داهاتووی ئیمە دەبێ. بۆ مرۆڤ كارێكی گەلێك هاسانترە بەهۆی دروستكردنی ئاوبەندێك پێش بە ئاوی ڕووبار بگرێ، بەڵام پێشبینیكردنی ئاكامە ئاڵۆزەكانی كارتێكەری شۆڕشی تێكنۆلۆژی زانیاریی و بیۆتێكنۆلۆژی لەسەر ئۆكۆسیستەمی لە لا گەلێك گرانە. هەروەها زۆر ساكارترە پرۆسە و ڕەوەندی بیركردنەوەی مێشكمان بەرەو لایەنێكی تر بەرین بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پێشبینیكردنی ئەوەی چ گۆڕانێک بە سەر دەروون و ڕەوانی كەسیی ئیمە یا سیستەمی كۆمەڵایەتیماندا دێت.

لە ڕابردوودا وەدوای هێزێك كەوتبووین كە بتوانین جیهانی دەوروبەری خۆمانی پێ مانیپولیرە بكەین و پلانێتەكەمانی پێ بگۆڕین، بەڵام بەو هۆیەی لە پرۆسەی ئاڵۆزی ژینگە تێنەدەگەیشتین، گۆڕانكارییەكانی پێكمان هێنان بە تەواوەتی ئۆكۆسیستەممان پێ توونا كرد و لەمرۆدا لەگەڵ كێشەی تێكڕووخانی ژینگە ڕووبەروو بوینەتەوە. لەم سەدەیەدا بیۆتێكنۆلۆژی و تێكنۆلۆژی زانیاریی ئەو هێزەمان بۆ گونجاو دەكەن كە گۆڕان بەسەر جیهانی دەروونی خۆماندا بێنین و شكڵ و بیچمی خۆمانی پێ بگۆڕین، بەڵام لەبەر ئەوەی لە سیستەمی ئاڵۆزی ڕۆحی خۆمان ناگەین، ئەو گۆڕانكارییانەی بەسەر خۆمانیدا دێنین دەتوانن بە ڕادەیەك هاوسەنگیی سیستەمی زەینی مان لێك بترازێنن كە خۆی ببێتە هۆی توونابوونی خۆی.

شۆڕشی تێكنۆلۆژی زانیاریی و بیۆتێكنۆلۆژی لە لایەن موهەندیسان، كارزانان و زانایانەوە درێژەی پێ دەدرێ و لە بڕیاردانە سیاسیەكانیدا مەبەستێكی دیاریكراو و بە ویستەوە لەبەر چاو ناگرێ و بە ئەگەری زۆر نوێنەری هیچ لایەنێكیش نابێ. ئایا

پەرلەمانەكان و حیزبەكان دەتوانن ئەو ئەركە لە دەستی خۆیاندا ڕاگرن؟ لەسەر زانیاری ئەمڕۆ وێدەچێ نەتوانن. دۆنالد ترامپ لە هەڵبژاردنەكاندا دەنگدەران ووشیار دەكاتەوە كە مرۆڤی مێكزیكی و چینی جێی كاری مرۆڤی ئەمریكایی دەگرنەوە، هەر بەو هۆیەشەوە دەبێ دیوارێكی بەرز لە نێوان سنووری مێكزیك و ئەمریكادا بكێشرێ. بەڵام هەرگیز دەنگدەران لە هەنبەر ئالگاریتمی كامپیۆتری كە بەرە بەرە جێێ كاری زۆربەی كرێكاری ئەمریكایی و جیهان دەگرنەوە، ووشیار ناكاتەوە و پێشنیار ناكا لە سنووری كالیفۆرنیا فایروال "Firewall" دامەزرێندرێت.

ئەوە دەتوانێ یەك لە بەڵگەكان بێ (ئەگەر تەنیا بەڵگە نەبێ)، بۆچی تەنانەت خودی دەنگدەرانیش لە ناوەند و دڵی سیستەمی لیبرالیی ڕۆژئاواییدا باوەڕی خۆیان لە هەنبەر گێڕاوە و ڕیوایەتی ئازادیی و پرۆسەی دێمۆكراتیدا لە دەست داوە؟ ڕەنگە وابێ كە مرۆڤی ئاسایی لە ژیری دەستكرد و بیۆتێكنۆلۆژی تێنەگەن، بەڵام ئەوان هەست دەكەن كە داهاتوو بە پەنا گوێیاندا تێپەڕ دەبێ. ساڵی ١٩٣٨ بارو دۆخی مرۆڤی ئاسایی لە سۆڤێەت، ئاڵمان یا ئەمریكا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەمڕۆ جیاوازی هەبوو، بەڵام سیستەمی لیبرلی وای بە گۆێدا خوێندبوون ئەوان گرنگتر لە هەمووشتێكی ئەم جیهانەن و داهاتوو تەنیا هی ئەوانە. (دیارە بەو مەرجەی مرۆڤی "ئاسایی" بن واتە نە جوولەكە و نە ئەفریقایی) شارومەندانی ئاسایی چاویان لە دروشمی نووسراوی هەڵبژاردنەكان بڕیبوو - ئەو پلاكاتانەی وێنەی كریكاری خەڵووزی مەعدەن، كرێكاری پۆڵا و ژنی ناوماڵیان لە ژێستێكی قارەمانانەدا نیشان دەدا - لەوێدا خۆیان دەبینییەوە: "لەوێ، ئەوەی سەر پلاكاتەكە، منم! من قارەمانی داهاتووی جیهانم!"

ساڵی ٢٠١٨ مرۆڤ خۆی بێ مانا هەست پێدەكا. بەهۆی "TED-Talks" واتە كۆنفرانسی ئینتێرنێتی، لە لایەن بڵیمەتانی حكوومەتییەوە كە بە كەڵك وەرگرتن لە ووشەگەلی گلۆبالبوونی جیهان، بلۆكی زنجیرەیی "Blockchain"، گۆڕانكاری بەسەرداهێنانی "ژێن"ەكان، ژیری دەستكرد، ڕاهێنانی ئۆتۆماتیكی و ... -، سەر لە مرۆڤی ئاسایی دەشێوێنن و مرۆڤ لەبەر خۆیەوە بیر دەكاتەوە ئایا ئەو ووشانە پەیوەندییان بە منەوە هەیە؟ گێڕاوە و ڕیوایەتی لیبڕالی گێڕاوەیەكی مرۆڤی ئاسایی

بوو. چلۆن دەتوانێ لە جیهانی سایبری "Cyborgs"دا ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە و بتوانێ لەگەڵ تۆڕی ئالگاریتمی كامپیۆتری باڵانسی خۆی ڕابگرێت؟

لە سەدەی بیستەمدا مرۆڤ دژ بە چەوسانەوە و ڕووتانەوە شۆڕشیان كرد و هەوڵیان دا ڕۆڵی گرنگی ئابووری خۆیان بكەنە هێزێكی سیاسی. لەمڕۆدا زۆربەی ئەو مرۆڤانە ترسیان لە هەنبەر بێ مانایی ژیانیان هەیە، ئەوان دەیانەوێ پێش ئەوەی ئیتر درەنگ بێ، لەو هێزە سیاسییە لاوازەی بۆیان ماوەتەوە كەڵك وەرگرن. "Brexit" و هەڵبژاردنی دۆنالد ترامپ دەتوانن ئاكامی پەرەسەندنێك بن كە تەواو بە پێچەوانەی داب و نەریتی شۆڕشی سوسیالیستی وەستاون. شۆڕشەكانی وڵاتانی ڕووسیا، چین و كوبا لە لایەن ئەو مرۆڤانەوە بەڕێوە چوون، كە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە گرنگایەتییەكی گەلێك زۆر، بەڵام نوقسانی هێزی سیاسییان هەبوو؛ساڵی ٢٠١٦ ترامپ و برێكزیت لە لایەن مرۆڤێكی زۆرەوە پشتیوانی كران كە هەر وەك پێشووش هێزی سیاسیان هەبوو، بەڵام ترسیان لەوە بوو لە باری ئابوورییەوە هەرەس بێنن. بە ئەگەری زۆر بزووتنەوەی پۆپۆلیستی لە سەدەی بیست و یەكەمدا دژ بە ڕووتاندنەوە و چەوسانەوەی ئابووری نەبووە، بەڵكوو دژ بە شێوازێك كە وێدەچوو ئیتر پێویستی بە مرۆڤ نەبێ، شەڕێك كە مرۆڤ تێدا دۆڕاو دەهاتە دەر، چونكە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بەربەرەكانی لە هەنبەر چەوسانەوە و ڕووتانەوە، دژ بە بێ مانایی ڕاوەستان زۆر ئەستەمە.

ئەوە یەكەم جار نەبوو كە ڕیوایەتی لیبڕالی بەربەرەكانی قەیران بكا. لەو كاتەوە لە نیوەی دووهەمی سەدەی نۆزدەوە هەوڵی كارتێكەریی لە سەرانسەری جیهان دەدا، بە شێوەی بەردەوام تووشی قەیرانیش هاتووە. یەكەم هەوڵ بۆ بە لیبڕال و گڵۆبالكردنی جیهان لە لایەن هێزی سیاسی ئیمپریالیستییەوە بە حەمامێكی خوێن كۆتایی پێ هات. چەند ڕۆژێك دوای كوژرانی ئەرژیدۆگ فرانتس فێردیناند "Erzherzog Ferdinand Franz" (وەلیعەهدی ئوتریش) لە سارایوڤۆ، بە ئاشكرایی نیشانی دا كە هێزدارانی جیهانی باوەڕیان گەلێك بە ئیمپریالیزم زیاترە هەتا لیبڕالیزم و لەجیاتی ئەوەی جیهان لە ڕێگای بازرگانی و ئاشتی لێك نیزیك بكەنەوە زیاتر بەوەوە خەریك بوون بەهۆی شەڕخوازیی و زێدەڕۆیی بەشێكی گەورەتری كورەی زەوی بخەنە ژێر كۆنترۆڵی

خۆیانەوە. بەڵام لیبڕالیزم لە سەردەمی "Erzherzog Franz Ferdinand" ڕزگاریی هات و بە وورە و هێزێکی بەتواناترەوە شەڕەکەی درێژە پێدا: بەڵێنیان دا ئەوە ئیتر شەڕی کۆتایی بێت، واتە شەڕێک بێت بۆ کۆتایی هێنان بە هەموو شەڕەکانی جیهان " war to end all wars". بە ئەگەری زۆر سەرکوتکردن و کۆمەڵکوژی بێ وێنەی جیهانی نیشانی دا کە بە چ بەهایەکی قورس و گران دەیانەوێ ئیمپریالیزم ڕابگرن و ڕێکوپێکییەکی نوێی جیهانی وەڕێ بخەن کە لەسەر کۆڵەکەی قایمی ئازادی و ئاشتی بونیات نرابێ.

دوای ئەو، سەردەمی هیتلێر دەستی پێکرد، ١٩٣٠ و سەرەتای ١٩٤٠ەكان فاشیزم بۆ ماوەیەکی زۆر بەسەر بەشێکی گەورەی تۆپی زەویدا حاکم ببوو. هاوکات لەگەڵ سەردەمی چێ گیڤارا لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ و ١٩٧٠کاندا هەمیسان وێدەچوو لیبڕالیزم چرتەکانی کۆتایی خۆی تێپەڕ بکات و داهاتوو بەشی کۆمۆنیستەکان بێت، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە کۆمۆنیستەکان بوون کە تێك شکان. بازاڕی ئابووری سەروەری خۆی بەسەر گولاك "Gulag"[کامپی کاری بەزۆر لە یەکیەتی سۆڤیەتی] دا سەلماند. لەویش گرنگتر: ڕیوایەتی لیبڕالی بە وەرگرتنی باشترین ئیدەکانی ئیمپریالیزم، فاشیزم و کۆمۆنیزم، خۆی بەسەر هەرسێکیاندا زاڵ کرد. بە تایبەتی ئەزموونەکانی ئیدەی کۆمۆنیستی: "شان بە شانی چەمکی ئازادیی بۆ مرۆڤ، یەکسانی و بەرانبەریش بەهایەکی مەزنی هەیە" یارمەتییەکی مەزنی بە ڕیوایەتی لیبڕالی گەیاند. لە پلەی یەکەمدا مەبەستی گێڕاوەی لیبڕالی تەنیا ئازادی و ئیمتیاز دان بوو بۆ پیاوانی ماقووڵی ئورووپایی و وێدەچوو چاویان کوێر بێ و هەژاریی و نیازەکانی زۆربەی مرۆڤی چینی کرێکار، ژنان، کەمینەکان و هەموو ئەو مرۆڤانە بە چاو نەبینن. کاتێ خاوەن هێزەکانی داگیرکەری بریتانیای مەزن و فەرنسا لە ساڵی ١٩١٨ بە پەرێشانییەوە لەسەر ئازادیی دەدوان، بیریان لە ژێر دەستە چەوسێنەرەکانی خۆیان نەدەکردەوە. بەو شێوەیە بۆ وێنە لە پرۆسەی داواکردنی مافی سەربەخۆیی هیندییەکان ساڵی ١٩١٩ بە کارەسات و مرۆڤکوژیی ئامریتسار "Amritsar" وەڵامیان دانەوە و لەوێدا هێزی سوپایی ئینگلیزی سەدان مرۆڤی کۆمەڵکووژ کرد کە ڕێپێوانێکی بێ چەك و ئاشتیخواز زیاتر نەبوون.

هەروەها لە شەڕی دووهەمی جیهانیشدا وڵاتە لیبڕالییە ڕۆژئاواییەكان جارێكیتر دژ بە مرۆڤی غەیری ڕۆژئاوایی، باوەڕ بە ئازادی و مافی مرۆڤیان پێشێل كرد و تووشی تاوان هاتن. بۆ وێنە كاتێ وڵاتی نیدەرلەند(هولەند) ساڵی ١٩٤٥ دوای پێنج ساڵ ئازاركێشان لەژێر داگیركاریی نازییەكانی ئاڵمان ڕزگارییان هات، لە یەكەم دەرفەتدا لەشكریكیان ساز كرد، ناردیان بۆ ئەوسەری دنیا بۆ ئەوەی كۆلۆنیی پێشوویان واتە ئیندۆنیزیا بگرنەوە. هاوكات لەگەڵ بەربەرەكانی هولەندییەكان بۆ مافی سەربەخۆیی خۆیان لە ساڵی ١٩٤٠ دا كە دوای چوار ڕۆژ شەڕ، ملیان بۆ نازییەكان دانەواند، زیاتر لە چوار ساڵی ڕەش بەربەرەكانییان دژبە مافی سەربەخۆیی ئیندۆنیزیا كرد و بۆ وەرگرتنەوی كولۆنییەكەیان هەرچی لە دەستیان هات، كردیان. شتێكی سەیر نییە كە زۆربەی بزووتنەوە ئازادیخوازەكانی جیهان دەستی یارمەتییان بۆ وڵاتە كۆمۆنیستییەكانی وەك رووسیا و چین درێژ دەكرد و كەمتر بڕوایان بە چەمكی ئازادیی ڕۆژئاواییەكان هەبوو.

بە پێی كات و بەرە بەرە، گێڕاوەی لیبڕالی پانتایی جوگرافیایی خۆی پان و بەرینتر دەكردەوە و لای كەم لە ڕوانگەی تێئۆرییەوە تۆوی ئازادیی و ئاشتی و ماڤی مرۆڤی لە هەموو جیهاندا چاند. هاوكات لەگەڵ گەورەبوونەوەی بازنەی ئازادیی، گێڕاوەی لیبڕالی هەستی بەوەش كرد كە پرۆگرامە سۆسیالیی - كۆمەڵایەتییەكانی سیستەمی كۆمۆنیستی گرنگایەتییەكی گەلێك زۆریان بۆ كۆمەڵگا هەیە. ئازادییەكی تەنیا، بایەخ و بەهای نابێ ئەگەر بە تۆڕێكی پارێزگاریی سوسیالییەوە نەلكێنرابێت. وڵاتە سۆسیال دێمۆكراتە دەوڵەمەندەكان دێمۆكراسییان لەگەڵ ماڤی مرۆڤ و خوێندەواریی بۆ مرۆڤی وڵاتەكەیان و لە كۆتاییدا لە ڕۆشنبیری گشتی و سیستەمی سڵامەتی وڵاتەكەیان گری دا. تەنانەت وڵاتێكی دەوڵەمەندی وەك ئەمریكاش هاتنە سەر ئەو قەناعەتەی كە بۆ ئاگاداری و پارێزگاریكردن لە ئازادی پێویستیان بە ڕێفۆرمی كۆمەڵایەتی هەیە.

سەرەتای ١٩٩٠ەكان سیاسەتوانان و فیلەسۆفەكان كۆتایی پێ هاتنی مێژوویان ڕاگەیاند و لەسەر ئەو بۆچوونە بوون كە زۆربەی پرسیارە ئاڵۆزەكانی بواری سیاسی و ئابووری پێشوویان وەڵام داوەتەوە و سیستەمی نۆژەنكراوی لیبڕالی بەهۆی دێمۆكراسی، مافی مرۆڤ، بازاڕی ئازادی ئابووری و ڕێفۆرمی كۆمەڵایەتییەوە، وەك

تەنیا هەڵبژاردە و دەرەتانی سیستەمی ژیانی مرۆڤ خۆی سەلماندووە. ئەو سیستەمە وێدەچێ لێهاتوویی هەبێ خۆی بەسەر هەموو جیهاندا بڵاو بكاتەوە، هەموو لەمپەرێكی لەسەر ڕێی خۆی لابردبێ، هەموو سنوورە نێونەتەوەییەكانی بڕیبێ و جیهانی وەك یەكەیەكی یەكگرتوو لە دەوری خۆی كۆ كردبێتەوە.

بەڵام مێژووەكە نەگەیشتە كۆتایی و دوای سەردەمی "Erzherzog Franz Ferdinand"، سەردەمی هیتلێری و سەردەمی چێ گیڤارا، ئینجا لە ناوەڕاستی قوڕو چڵپاوی سەردەمی ترامپ هەڵچەقین. ئەمجارەیان گێڕاوەی لیبڕالی وەك جاران ڕووبەڕووی ئیدیۆلۆژییەكی لەخۆیدا قەتیس كراوی وەك ئیمپریالیزم، فاشیزم یا كۆمۆنیزم نەبۆوە. سەردەمی ترامپ بە ڕاشكاوی گەلێك لە سیستەمەكانی پێشووی خۆی نیهیلیستی ترە.

بزووتنەوە مەزنەكانی سەدەی بیستەم هەر هەموویان خەونیكیان بۆ گشت وەچەی مرۆڤ لەسەردا بوو - جا حكوومەتداریی جیهانی، شۆڕش یا ڕزگاریخوازی - دۆنالد ترامپ شتێكی لەو چەشنانەی لە بەرنامەكەیدا نییە. بە پێچەوانە: پەیامە سەرەكییەكەی دەڵێ، ئەوە ئەركی وڵاتی ئەمریكا نییە خەونێكی گلۆبالی فۆرموولە بكا و وەدوای بكەوێ. تەنانەت برێكزیتی بریتانیاش پلانێكی ڕاستەقینەی بۆ داهاتووی وڵاتی پاشایی – داهاتووی ئورووپا و جیهان پێ نییە. زۆربەی ئەو مرۆڤانەی دەنگی خۆیان بە ترامپ یا برێكزیت داوە، بە تەواوی سیستەمی لیبڕالی رەد ناكەنەوە – ئەوان لە پلەی یەكەمدا تەنیا باوەڕیان بە گلۆبالیزم لە دەست دابوو. ئەوان هەر وەك پێشووش باوەڕیان بە دێمۆكراسی، بازاڕی ئازادی ئابووری، مافی مرۆڤ و بەرپرسایەتی بۆ كۆمەڵگا هەیە، بەڵام لەسەر ئەو بۆچوونەشن كە ئەو ئیدە جوانانە دەبێ سنووری خۆیان ڕاگرن. لە ڕاستیدا باوەڕیان بەوەیە، ئازادی و ئاسایش و دەوڵەمەندیی كێنتاكی "Kentucky" و یۆركشایر "Yorkshire" ئەوكات ڕێگایەكی باشیان بۆ خۆڕاگریی لەبەر دەبێ كە مرۆڤ سنوورێكیان بۆ دابنێ و لە هەنبەر مرۆڤی بیانی سیاسەتیكی لیبڕالی بەڕێوەبەرن.

هێزی تامەزرۆی جیهانیی چین تەنیا ئاوێنەیەك لەخۆی نیشان دەدا: ئەو بەو شێوازە پارێزگاری لەخۆی دەكا، سیاسەتی ناوەوەی برێك لیبڕالیزە بكا، بەڵام لە هەنبەر جیهانی دەرەوە ڕوخسارێكی گەلێك ئازادانە لە خۆی نیشان بدا.

رووسیای دوبارە زیندوو كراوە، خۆی بە ڕەقیبێك بۆ جیهانی لیبڕالی دەزانێ، بەڵام سەرەڕای بەهێزكردنەوەی دوبارەی هێزە نیزامییەكەی، لە ڕوانگەی ئیدیۆلۆژییەوە نابووت بووە. ویلادیمیر پووتین خۆی لە رووسیایە بەڵام هاوكاتیش لای زۆربەی بزووتنەوە ڕاستەكان یاخود ڕاستە پۆپۆلیستەكان بەتایبەت لە ئورووپا بێ گومان كەسێكی خۆشەویستە، بەڵام جیهانبینییەكی ئەوتۆی نییە كە لای بێكارانی ئیسپانیایی، مرۆڤی ناڕازیی بڕازیلی یا قوتابیانی زانستگەی كامبریج بە شێوەیەك لە شێوەكان ئاتراكتیڤ و سەرنجڕاكێش بنوێنێ.

رووسیا مودێلیكی یەدەكی بۆ ئازادیی دێمۆكراتی بە دەستەوەیە، بەڵام ئەو مودێلە ئیدیۆلۆژییەكی قایمی سیاسی لە پشت نییە. زیاتر وەك كردەوەیەكی سیاسییە كە چەند زنجیرەی ئۆلیگارشی "oligarchs" وەك بەشێكی گەورەی سامان و هێزی وڵاتەكەی داگیر كردووە، لە كۆتاییدا بۆ كۆنتڕۆلكردنی، لە مێدیاكان كەڵك وەردەگرێ بۆ ئەوەی چالاكییەكانیانی پێ بشارێتەوە و حكوومەتەكەی پێ قایم بكا. دێمۆكراسی پشت ئەستوورە بە گوتەكەی ئیبراهام لینكۆلن كە گوتی: "دەكرێ، هەموو مرۆڤەكان بۆ ماوەیەك و تاقمێك مرۆڤ بۆ هەموو كاتێك، بەڵام هیچكات ناكرێ هەموو مرۆڤەكان بۆ هەموو كاتێك بخەڵەتێنرێن." حكوومەتێك كە گەندەڵی هەبێ و نەتوانێ ژیانی مرۆڤی ناو كۆمەڵگاكەی باشتر بكا، كاتێك دادێت كە تاقمێك مرۆڤ هەستی پێ بكەن و حكوومەتێكیتری لە جێ دابنێن. بەڵام كونترۆلی بەردەوامی حكوومەتی بەهۆی مێدیاكان لۆژیكی ئیبراهام لینكۆلن لە گۆڕ دەنێت، چونكە مێدیاكان وەك لەمپەرێك پێش بە ئاگاداربوونەوەی مرۆڤی ناو كۆمەڵگا بۆ زانینی ڕاستییەكان دەگرن. هاوكاتیش بەهۆی لەمپەر دروستكردن لە لایەن مێدیاكانەوە بەردەوام كارە ناحەزەكانی خۆیان بۆ لایەنەكانیتر ڕەوانە دەكەن و كەسانیتر بە تاوانكار دادەنێن.

ئەگەر مرۆڤ لەژێر سیستەمێكی ئەوتۆی ئۆلیگارشی دا ژیان بكا بەردەوام قەیران و كێشە دروست دەكرێ كە وەپێش پلانی ماندووكەری وەك پارێزگاریی سڵامەتی یا پیس كردنی ژینگە دەكەون. ئەگەر نەتەوەیەك لە لایەن هێرشكاریی بیانییەوە هەڕەشەی شەیتانیی لێ بكرێ، كێ كاتی ئەوەی دەبێ بیر لە نەخۆشخانەی

قەڵاپەرچنكراوە لە نەخۆش و ڕووبار و ئاوی ژەهراوی بكاتەوە؟ بە دروستكردنی كێشە و قەیرانی ناوخۆوە دەتوانن تەمەنی ڕژیمی گەندەڵی خۆیان درێژە پێبدەن.

لەوانەیە ئەو مودێلە "ئۆلیگارشی"یە لە كردەوەدا درێژە بە ژیانی خۆی بدا، بەڵام لەڕاستیدا كەس تامەزرۆیی بۆ ئەو چەشنە مودێلە نییە. جیاواز لە ئیدیۆلۆژییەكانیتر كە خەونەكەیان بە شانازییەوە باس دەكەن، حاكمانی ئۆلیگارشی شانازی بە كردەوەكانیانەوە ناكەن و بە مەیلەوە لە ئیدیۆلۆژییەكانیتر وەك ماسكێك كەڵك وەردەگرن. بەو شێوەیە رووسیا وا پیشان دەدا كە دێمۆكراسی تێدا هەبێ، و ڤیلادیمیر پووتین لەسەر ئەو باوەڕەیە پابەندی بەهاكانی ناسیۆنالیزمی ڕووسی و ئورتۆدۆكسی مەسیحییە نەك هی ئۆلیگارشی. زێدەڕۆیانی ڕاستی فەرنسا و بریتانیای مەزن ڕەنگە هیواداری پشتیوانیی رووسیا لەخۆیان بن و چەپڵە بۆ پووتین لێ بدەن، بەڵام تەنانەت ئەو مرۆڤانەی دەنگی خۆیانیان پێ دەدەن نایانەوێ لە وڵاتێكدا بژین كە چەشنی رووسیا بێ – واتە وڵاتێك پڕ لە گەندەڵی، هەوڵێكی گەلێك لاواز بۆ ئاسایشی خەڵكی یاخود نەبوونی خزمەتگوزاری كۆمەڵایەتی، نەبوونی ماڤی دادپەروەریی و نابەرانبەرییەكی زاڵمانە. بە پێی بۆچوونی دەستەیەک لە كەسایەتییەكانی ئەو وڵاتانە ڕووسیا وەك وڵاتی نابەرانبەری یەكەمی جیهان ناسراوە، لەوێ ٪٨٧ ی سامانی وڵاتەكە بەسەر ٪١٠ ی مرۆڤدا دابەشكراوە. ئایا چەند لایەنگری چینی كرێكار لە فەرەنسا یا ئینگلیز حازرن ڕووسیا وەك نموونەیەكی ژیان بۆ وڵاتی خۆیان هەڵبژێرن؟ مرۆڤ بە قاچ دەنگی خۆیان پێ دەدەن.

نموونەیەكیتر كە لەوێشدا مرۆڤ بە قاچ دەنگی خۆیانی پێ دەدەن لە پەیوەندیی لەگەڵ "ئیسلامی گلۆبال" دایە. ئەو كەسانە تامەزرۆییان بۆی هەیە كە لە داوێنی ئەودا لە دایك بووبن. ڕەنگە ئەو ئایینە تاقمێك لە سووریا، عێراق و ڕەنگە گەنجانی بێگانە تەنانەت لە ئاڵمان وئینگلیزیش بگرێتەوە، بەڵام جێی باوەڕ نییە و زۆر بە دژواری مرۆڤ دەتوانێ لێی تێ بگا كە لە یۆنان و باشووری ئەفریقا - كانادا یا كورەی باشوور – مرۆڤ لەسەر ئارەزووی خۆیان بۆ ئەوەی كێشەكانی ژیانیانی پێ چارە بكەن، خۆیان بە سیستەمی خەلافەتی گلۆبالییەوە بچەسپێنن. لە بەرانبەر یەک گەنجی موسوڵمان كە لە ئاڵمان یا وڵاتە ڕۆژئاواییەكانەوە دەچێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ

ئەوەی لەژێر حكوومەتی ئایینی دا بژی، هەزاران گەنجی موسوڵمانی ئەو ناوچانە بە مەیلەوە ڕێگا پێچەوانەكەی هەڵدەبژێرن و دەیانەوێ لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بژین.

دەكرێ ئەو باوەڕە لە مرۆڤدا پێك بێت كە بازنەی متمانەپێكردنی ئەمڕۆیی لە سیستەمەكانی پێشووی خۆی كەمتری گرنگایەتی هەیە. هەر مرۆڤێكی لیبڕال كە بەهۆی ڕووداوەكانی چەند ساڵی ڕابردوو دوودڵی تێدا پێك هاتووە، تەنیا دەبێ وەبیر خۆی بێنێتەوە تا چ ڕادەیەك بارودۆخەكە خراپتر لە ساڵانی ١٩١٨، ١٩٣٨ یا ١٩٦٨بووە. سەرەڕای ئەوانەش مرۆڤی ئەم جیهانە نایهەوێ سیستەمی لیبڕالی لەدەست بدا چونكە ئالترناتیڤێكیتری نییە. ڕەنگە مرۆڤ بە تەواوی چاوپۆشی لە گلۆبال بوونی جیهان جا هەر شێوازێكی هەبێ، بكات و لەجیاتی ئەو ڕێگا بۆ ناو گرووپە ناسیۆنالیستەكانی ناوخۆی وڵاتان یاخود گێڕاوە ئایینییەكان خۆش بكرێ. لە سەدەی بیستەمدا بزووتنەو ناسیۆنالیستییەكان فاكتەرێكی گرنگی سیاسی بوون، بەڵام بەهۆی نەبوونی خەونێكی گشتی بۆ داهاتووی جیهان هیچ شتێكیان بۆ خەڵكی پێ نەبوو جیا لە خۆ خەریككردن بە دابەشكردنی تۆپی زەوی بەسەر وڵاتانی ناسیۆنالیستی سەربەخۆدا. بەو شێوەیە ناسیۆنالیستەكانی وڵاتی ئیندۆنێزی دژ بە داگیركەرانی هولەندی لە شەڕ دابوون، ناسیۆنالیستەكانی ڤیەتنام داوای ڤیەتنامێكی ئازادیان دەكرد، بەڵام بە گشت، هیچ گێڕاوەیەكی ئیندۆنێزی یا ڤیەتنامیی بۆ جیهانیان بەدەستەوە نەبوو. كاتێ بەهۆی تێپەڕبوونی كات ڕوون بۆوە ئیندۆنێزی یا ڤیەتنام و هەموو ئەو وڵات و نەتەوە ئازادانەی تری جیهان لە چ پەیوەندایەتییەكدا جێیان گرتووە و چلۆن مرۆڤ لە هەنبەر كێشەی گلۆبالی وەك مەترسی شەڕی ئەتۆمی هەڵس و كەوت بكا، دەستەیەكیان خۆیان بە لای لیبڕالەكاندا باداوە و هەندێكیشیان خۆیان لەگەڵ وڵاتە كۆمۆنیستییەكان ڕێك خست. بەڵام ئەگەر ئەمڕۆ لیبڕالیزم و كۆمۆنیزم بێ ئیعتبار كراون، ئەوكات ڕەنگە دەبێ مرۆڤ دەست لەو بۆچوونەی هەڵگرێت كە لە ڕاستیدا گێڕاوەیەكی گلۆبالی بوونی ببێت؟ ئایا هەموویان - تەنانەت كومۆنیستەكانیش - بەرهەمی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوایی نەبوون؟ بۆچی دەبوو گوند نشینێكی ڤیەتنامی باوەڕ بە ماركس و ئینگلس بێنن و متمانەیان پێ بكەن؟ ڕەنگە باشتر وابوو هەر وڵاتێك مرۆڤێكی متمانەپێكراوی خۆی بوایە كە لە داب و نەریتی خۆی نیزیك بوایە. یاخود باشتر دەبوو بۆ ماوەیەك

زلهێزانی ڕۆژئاوایی خۆیان لەو وڵاتانە كێشابایەتە دواوە و دەستیان لە حكوومەتكردن بەسەر جیهاندا هەڵگرتایە و لەجیاتی ئەو كارە، خۆیان بە كێشەی وڵاتی خۆیانەوە خەریك بكردایە.

ئەوە ئەو پرۆسەیەیە كە ڕەنگە ئێستا لە حاڵی بەڕێوەچووندایە: دوای تێكڕووخانی لیبڕالیزم فەزایەكی ئازاد پێكهاتووە كە بەرە بەرە بیرۆكە و خەونە كۆنەكانی ڕابردوو(نۆستالژی) زیندوو دەكرێنەوە. دۆنالد ترامپ دوای لێكدابڕان و بەتەنیامانەوەی سیاسەتی ئەمریكا، بەڵێنی داوە دووبارە ئەمریكا "great" گەورە دەكاتەوە. بۆچوونەكەی وا دەنوێنێ كە گۆیا ئەمریكا لە ساڵانی پێشوو واتە ١٩٨٠ كان یا ١٩٥٠ كاندا كۆمەڵگایایەكی كامیل و تەواو بووە، كە ئەو دەیهەوێ لە سەدەی بیست و یەكەمدا بە شێوەیەك هەمیسان سازی بكاتەوە. لایەنگرانی برێكزیت خەونی ئەوە دەبینن بریتانیای مەزن بكەنە هێزێكی سەربەخۆ و پێیان وایە هێشتا هەر لە سەردەمی شاژن ڤیكتۆریا و بەتەنیا مانەوەی شكۆدار "splendid isolation" دا دەژین و ستراتێژییەكی جیددیان بۆ سەردەمی ئینتێرنێت و گەرمبوونەوەی كەش و هەوای جیهانی بە دەستەوەیە.

هەوڵی خەونی "نۆستالژیك"ی هاوچەشنیش بە تێكەڵاوییەك لە داب و نەریتی ئایینی و ناسیۆنالیزم، وەك ڕژیمەكانی هیند، لەهستان(پۆلۆنیا)، توركیا و گەلێک وڵاتیتر دەدرێ. لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوین ئیسلامیستەكان ئەو چەشنە خەونانە بە سیستەمێكەوە دەیبینن كە لە سەردەمی محمەد ١٤٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا لە شاری مەدینە بونیات نرابوو. هاوكاتیش مرۆڤی زێدەرۆی جوولەكە لە ئیسرائیل خەونی ئەوە دەبینن بگەڕێنەوە بۆ ٢٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستای كتێبی تەوڕات.

نوخبە واتە ئیلیتەكانی لیبڕالی بە ترس و لەرزەوە سەیری ئەو چەشنە پەرەسەندنانە دەكەن و هیوادارن مرۆڤی جیهان لە كاتی خۆیدا بۆ پێشگری لە كارەساتەكان، ڕێگای خۆیان بۆ لای لیبڕالەكان بدۆزنەوە. سەركۆماری ئەمریكا ئۆباما لە یەك لە لێدوانەكانی دواییندا مانگی سپتامبری ساڵی ٢٠١٦ لەسەر گەڕانەوە بۆ مێژووی ڕابردوو ڕوو بە گوێدێران دەڵێ:

*"خۆ بۆ جیهانێك دەگەڕێننەوە، جیهانێك كە لایەنەكان لەسەر كێشە و قەیرانەكانیان لە بەرانبەر یەكتر ڕاوەستاون و بە ناچار بۆ لای كێشە لە گۆڕ نراوە كۆنەكانی نێوان نەتەوە، خەڵک، ڕەچەڵەک و ئاینیەكانیان دەبا."*

ئۆباما دەڵێ لەجیاتی ئەوكارە:

*"پرەنسیپی بازاڕی ئازادی ئابووری و بەرپرسایەتیی دەوڵەتی بۆ دێموكراسی، مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەیی ... باشترین پایەی سەرەكین بۆ پێشكەوتوویی مرۆڤی جیهان لەم سەدەیەدا".*

بە حەق ئۆباما ئاماژەی بەوەش كرد كە سیستەمی لیبڕالی سەرەڕای چەندین ناتەواوی، كاردانەوەی پۆزیتیڤی گەلێك باشتری بووە لە ئاڵترناتیڤەكانیتر. زۆربەی مرۆڤ لە سەدەی بیست ویەكەمدا چێژی ئازادی و ئاسایشیان لە ژێر سیستەمی لیبڕالی چەشتتوە كە لە هیچ سەردەمێكیتردا بەو شێوەیە نەبووە. بۆ یەكەم جار لە مێژوودا مرۆڤ كەمتر بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشییەكانەوە دەمرن هەتا بەهۆی پیری، مرۆڤ كەمتر بەهۆی برسییەتییەوە دەمرن هەتا بەهۆی چەوریی زیادی، و هەروەها بەهۆی شەڕخوازییەوە مرۆڤێكی كەمتر گیانیان لە دەست دەدەن هەتا بەهۆی پێكدادرانی ئوتومبیل.

بەڵام لیبڕالیزم هیچ وەڵامێكی ئاشكرای بۆ كێشە گەورەكانی كۆمەڵگا پێ نییە، ئەو كێشانەی لەسەر ڕێگامان قوت بوونەوە: تێكڕووخانی ئێكۆلۆژی واتە ژینگە و كێشەی پێكهاتوو بەهۆی تێكنۆلۆژییەوە. لیبڕالیزم بە شێوەی نەریتی متمانەی بە گەورەبوونەوە و هەڵمسانی بارودۆخی ئابووری هەیە، كە وەك سیحر و جادوو كێشە ئاڵۆزەكانی كۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ چارە بكا. لیبڕالیزم ئاشتی لە نێوان چینی پرۆلتاریا و بورژوازی، ئایینی و ئاتێئیست، خەڵكی نیشتەجێ و مرۆڤی كۆچەر و قوڕنەی ئورووپا لەگەڵ قوڕنەی ئاسیا پێك هێناوە. بەڵام گەشەكردنی ئابووری ناتوانێ كێشەی گلۆبالی ژینگە چارەسەر بكا - بە پێچەوانە خۆی هۆكارە بۆ درووستكردنی ئەو كێشەیە. هەروەها گەشەكردنی ئابووری ناتوانێ كێشەی پێكهاتوو بەهۆی تێكنۆلۆژییەوە چارە

بكا - چونكە ئەو خۆی جەخت لەسەر دۆزراوە و گەشەكردنی هەرچی زۆرتری دەكات.

گێڕاوەی لیبڕالی و مەنتقی بازاڕی ئابووری ئازاد مرۆڤ هان دەدەن بۆ چاوەڕوانی هەرچی زیاتر. كۆتایی سەدەی بیستەم هەلێكی پڕ چێژ بوو بۆ هەموو مرۆڤێك - جا لە هۆستۆن، شانگهای، ئەستەمول یا سائۆ پائۆلۆ - لە ڕوانگەی ڕاهێنان، ڕۆشنبیری، بەرنامەی باشتری سڵامەتی و مووچەی زیاتری مانگانە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ جیلەكانی پێشوومان.

ئێمەی مرۆڤ ئەركێكی گەڵێك گرنگمان لەسەر ڕێیە و ئەویش خوڵقاندنی گێڕاوەیەكی نوێیە بۆ هەموو جیهان. هەر وەك چلۆن وەرچەرخانەكانی شۆڕشی پێشەسازیی ئیدیۆلۆژی نوێی بۆ سەدەی بیستم خوڵقاند، شۆڕشەكانی داهاتووی بیۆتێكنۆلۆژی و تێكنۆلۆژی زانستی بە ئەگەری زۆر خەونی نوێ دەخوڵقێنن. دەیەی ڕابردوو دەتوانێ بەهۆی فۆرموولەكردنی مودێلی سیاسی و كۆمەڵایەتی نوێوە خۆی دەستنیشان بكات. بڵێی لیبڕالیزمیش نەتوانێ جارێكیتر هەر وەك لە ساڵەكانی ١٩٣٠ و ١٩٦٠ ئەنجامیدا، خۆی نۆژەن بكاتەوە و تامەزرۆتر لە هەموو كاتێك لەسەر پێی خۆی بوەستێتەوە؟ ئایا ئایینیەكان و ناسیۆنالیستەكان دەتوانن وەڵامی كێشەكانمان بدەنەوە؟ یاخود كاتی ئەوە گەییشتووە بە چاوپۆشیكردن لە سەردەمی پێشوو، گێڕاوەیەكی تەواو نوێ بخوڵقێنین كە نەك هەر وەسەر نەتەوە و خوداكان بكەوێ، بەڵكوو وەسەر دەسكەوتە بایەخدارە نوێیەكانی وەك ئازادی و بەرانبەریش بكەوێ؟

لە حاڵی حازردا هزری جیهانی زۆر لەوە دوورترە كە بتوانێ بۆ ئەو پرسیارانە چارەیەك بدۆزێتەو. ئێمە ئەمڕۆ لە بارودۆخێكداین كە باوەڕمان بە گێڕاوكانی پێشوومان نەماوە و هیچ گێڕاوەیەكی نوێشمان بۆ داهاتوو بەدەستەوە نییە. كە وابوو چ دەتوانین بكەین؟ یەكەم هەنگاو ئەوەیە كە مرۆڤ پێشبینی نەرێنی نەكا و لە بارودۆخی ترس و خۆفەوە خۆی بخاتە سەر حاڵەتی شك و گومان. "خۆف" فۆرمێكە لە سەرقاڵكردن. ترس و خۆف كردن بە هەستێكی ناڕەزایەتی دەست پێدەكا، هەستێك كە مرۆڤ بە وردی دەزانێ ڕێگای جیهان بەرەو كوێ هیدایەت دەكرێ – واتە بەرەو توونا بوون. شك كردن بێ قێزترە و لەبەر ئەوە شەفافتریشە. ئەگەر ئێوە ناچار بكرێن

لەسەر شەقامێك بە ڕاكردن و دەنگی بەرز هاواری "كۆتایی كات نزیك بۆتەوە!" بكەن، هەوڵ دەدەن بەخۆتانی بقەبووڵێنن:

"نا، ئەوە وا نییە، ڕاستەقینەكەی ئەوەیە كە من تێناگەم چی لەسەر ئەم هەردە دەگوزەرێت."

لە بەشەكانی داهاتووی ئەم نووسراوەیەدا هەوڵ دەدەین چەند ئەگەری سەرشێوێنەری نوێ شەفافتر بخەینە بەر چاوی خوێنەر و پیشانی بدەین بۆ هەڵبژاردن كام ڕێگا باشترە. بەڵام پێش ئەوەی بتوانین ڕێگا چارە بۆ بارودۆخی پڕ لە گێچەڵ و ژانەسەری جیهان بدۆزینەوە، دەبێ ئیمەی مرۆڤ بە ووردی تێبگەین تێكنۆلۆژی چ ڕۆڵێكی گرنگ لە جیهاندا دەگێڕێ. شۆڕشەكانی تێكنۆلۆژی زانستی و بیۆتێكنۆلۆژی هێشتا هەر كاڵ و نەگەییون و باسیان لەسەرە و پلەی كارتێكەرییان لەسەر قەیرانی ئەمڕۆیی لیبڕالیزم نادیارە. زۆربەی مرۆڤی جیهان كارتێكەری ژیری دەستكردی دەستی مرۆڤیان بۆ ڕوون نییە و ناتوانن بەراوردی ئەوە بكەن كە لە داهاتوودا چ ڕۆڵێكیماڵوێرانكەری دەبێ. شتێكی ڕوون و ئاشكرایە كە لە چەند دەیەی داهاتوودا ژیری دەستكرد و شۆڕشی تێكنۆلۆژی مكانیزم و دینامیكێك بەدەستەوە دەگرن و مرۆڤ لە تاقیكارییەكی دژواری ئەوتۆ دەخەن كە تا ئەمڕۆ بە چاو نەیانبینیوە. هەر گێڕاوە و ڕیوایەتێك كە بیەوێ گوێڕایەڵیی مرۆڤی بۆ بدۆزێتەوە، لە پێش هەمووشتێكدا دەبێ لێهاتووییەكەی بەوە بپێورێت كە تا چ ڕادەیەك دەتوانێ لە تێكنۆلۆژی زانستی و بیۆتێكنۆلۆژی تێ بگا و كەڵكی لێ وەرگرێ. ئەگەر لیبڕالیزم، ناسیۆنالیزم، ئیسلام یا هەر ئیدیۆلۆژییەكی نوێی تر بیانەوێ جیهانی داهاتوو بۆ وێنە ساڵی ٢٠٥٠ لەژێر كونترۆلی خۆیاندا بگرن و نوێنەرایەتی بكەن، نەك هەر دەبێ چەمكی وەك ژیری دەستكرد، داتای مەزنی ئالگاریتم و بیۆتێكنۆلۆژی ڕوون بكەنەوە، بەڵكوو دەبێ بتوانن لەگەڵ داهاتووی نوێی ئەم جیهانە گرێی بدەن و بە شێوەیەكی عاقڵانە كەڵكیان لێ وەرگرن.

## ئەركی دوو: "كار"

### ئەگەر وەختی كارت هاتبێ، ڕەنگە كارت وەگیر نەكەوێ

ئێمە نازانین بازاڕی كاریی لە ساڵی ٢٠٥٠ دا چلۆن دەبێ. بە شێوازێكی گشتی، مرۆڤ گومانی ئەوە دەكات كە لێهاتوویی ماشێنی ئۆتۆماتیک و ڕۆبۆت (هێزی چێكراوی دەستی مرۆڤ) گۆڕانكاری بەسەر هەموو كار و پیشەیەكدا دێنن، جا لە بەرهەمهێنانی ماست و ماكەی خواردەمەنییەوە هەتا فێركاریی یۆگا و یاریی شەترەنج. بۆچوونی جیاواز لەسەر چەشن و كاتی بەڕێوەچوونی گۆڕانكارییەكان هەن. تاقمێك لەسەر ئەو بۆچوونەن كە بە درێژایی دوو دەیەی داهاتوو بە ملیارد مرۆڤ بێكار دەكرێن و دەبنە سەرباری كۆمەڵگا. ئەوانیتر لەسەر ئەو بڕوایەن تەنانەت بۆ كاتێكی درێژخایەنیش، گۆڕانكاریی تكنۆلۆژی و ئۆتۆماتیكی گەلێك كاری نوێ و دۆخی ئاسوودەیی، خۆشگوزەرانی و دەوڵەمەندی بۆ مرۆڤ بەدیاری دێنێت.

كەوابوو لە دەور و لێواری شۆڕشێكی سامناك دا ڕاوەستاوین، یاخود ئەو چەشنە پێشبینی كردنانە نموونەیەكیترن بۆ تۆفانێكی مێژوویی ماشێنیی كە هیچ بناغە و بنەمایەكی نییە؟ ئەوە بڕیارێكی گەلێك دژوارە. ترس لە پەرەسەندنی ئۆتۆماتیك و بێكاركردنی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم و تا ئەمڕۆش نەیتوانیوە خۆی بە ڕاست وەرگێڕێت. لە سەرەتای شۆڕشی پیشەسازییەوە هەر شوێنی كارێك كە بە هۆی كەرەسەی ئۆتوماتیك یاخود ڕۆبۆتەوە جێی مرۆڤی گرتوتەوە، لای كەم كارێكی نوێش لە پەنای دۆزراوەتەوە و شوێنە كارە لەدەستچووەكەی بۆ مرۆڤ قەرەبوو كردۆتەوە و ژیانی ستانداردی مامناوەندی مرۆڤی بەرز كردۆتەوە. هاوكاتیش بەڵگەی زۆر هەن كە ئەمجارەیان پرۆسەكە بە شێوەیەكیتر بەڕێوە دەچێ.

مرۆڤ دوو چەشن لێهاتوویی هەیە. یەكەم لێهاتوویی جەستەیی و دووهەم لێهاتوویی ناسیاوی یاخود ئەو لیهاتووییەی پەیوەندی بە بیركردنەوە، ناسین و هەستپێكردنەوە هەیە. لە ڕابردوودا ماشێن و مرۆڤ بە گشتی كێبەركێیان لەسەر لێهاتوویی جەستەیی دەكرد و هاوكاتیش لەسەر لێهاتوویی ناسیاوی و بیركردنەوە مرۆڤ جێگایەكی گەلێك بەرزی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هێزی ماشێن هەبوو. كاتێ ئەو سەردەمە بەتایبەت لە بواری كاری وەرزێری و پیشەسازی، هێزی كاریی جەستەیی مرۆڤ لە لایەن ماشێنەوە پڕكرایەوە، بۆ بەڕێوەبردن و كونترۆلیان كار و پیشەی نوێ پێكهاتن كە پێویستیان بە لێهاتوویی بیركردنەوە و بەرنامە داڕشتن هەبوو كە تەنیا لە لایەن مرۆڤەوە دەكرا بەڕێوە بچن: فێركاریی، ئانالیزەكردن و شی كردنەوە، پەیوەندایەتی و بەتایبەت تێگەیشتوویی و سۆزداریی مرۆڤ. بەڵام ژیری دەستكرد بەرە بەرە لە هەموو ئەو بوارانەدا وەپێش مرۆڤ كەوتووە و تەنانەت لە بواری تێگەیشتوویی و سۆزداریش مەودایەكی ئەوتۆی لەگەڵ مرۆڤ نییە. بەڵام تا ئێستا لێهاتووییەكی سێهەم ناناسین – لە پەنا لێهاتوویی جەستەیی و لیهاتوویی ناسیاوی كە مرۆڤ بتوانێ هێشتا وەك سەروەرێك كونترۆلی ماشێنی چێكراوی دەستی خۆی بكا.

ئێمە دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگرین كە شۆڕشی بلیمەتی چێكراو تەنیا پەیوەندی بە كامپیۆترەوە نییە، كە بەردەوام گورجتر و ژیرتر دەبێتەوە. ئەو شۆڕش یاخود هێزە نوێیە بەتایبەت لە بواری زانستی زیندەوەرناسی و كۆمەڵایەتیشدا خۆی بڵاو دەكاتەوە. هەرچەند ئێمە وردتر لە میكانیزمی زانستی بیۆكیمیایی تێ بگەین كە كۆتایی بە هەستی سۆزداریی مرۆڤ، ئارەزووەكانی و بڕیاردانەكانی دێنێ، بەو ڕادەیەش كامپیۆترەكان دەتوانن هەڵس و كەوتی ئینسانی شی بكەنەوە، بڕیارەكانی مرۆڤ پێشبینی بكەن و جێگای شۆفیرەكان، فەرمانبەری بانكەكان و دادپەروەرەكان پڕ بكەنەوە.

لە چەند دەیەی ڕابردووەوە تاقیكارییەكان لە بواری زانستی دەماریی و هەڵس و كەوتی ئابووری، بارودۆخێكی پێك هێناوە مرۆڤ "هاك" بكەن و بەتایبەت بە ووردی لێ تێ بگەن بۆ ئەوەی بزانن چلۆن بڕیارەكانیان جێ بەجێ دەكەن. بەو شێوەیەی ڕوون بۆتەوە، لە هەموو بوارەكانیتریشدا جا لە خواردنەوە هەتا هاوسەرگیری، نەك

هەر كارتێكەرییان لەسەر ویستی ئازادی گوماناوی و نهێنی مرۆڤ هەیە، بەڵكوو بڕیاری ملیاردان خانەی دەماریی كە لە بەشێكی گەلێك بچووكی چركەی كاتیدا حیساب دەكرێ و بەڕێوەدەچێ، دەخەنە ژێر كونترۆڵی خۆیان. بەسەرداهەڵگوتنی "هەست پێكردنی ئینسانی" لە ڕاستیدا تەنیا "نموونە یاخود مودێلێكی ئینسانییە". شۆفیرێكی باش، فەرمانبەرێكی بانك و وەكیلێك هەستی سیحراوییان بۆ كاروباری ترافیك، سەرمایەگوزاری یا بڕیاری دادپەروەرانە نییە – زیاتر لەسەر دووپاتبوونەوەی ئولگووی ڕووداوی ڕۆژانەی وەك بێ فیكریی ڕێبواری سەر شەقامەكان، قەرز وەرگرتنی نەگونجاو و فێڵ بازی و دەستبڕی بێ شەرمی مرۆڤ بڕیار دەدرێ. هەروەها وەك ڕوون بۆتەوە، ئالگاریتمی بیۆكیمیایی مێشكی مرۆڤ تەواو و كامیل نییە. ئەوان بۆ بڕیاردان خۆیان بە یاساكانەوە هەڵاوەسیوە، و شتێكی سەیر و سەمەرە نییە كە شۆفیرێكی باش، فەرمانبەرێكی بانك و وەكیلێك هەڵە بكەن. ئەوە بەو مانایەیە كە ژیری دەستكرد تەنانەت بۆ ئەو هەڵس و كەوتە ئینسانیانەی پێویستیان بە هەستپێكردنیشەوە هەیە، دەتوانن وەپێش مرۆڤ بكەونەوە. ئەگەر ئێوە لەسەر ئەو بۆچوونەن ژیری دەستكرد بەربەرەكانی لەسەر زانینی سەیر و نهێنی ڕۆحی مرۆڤ دەكات – ئەودەم ڕەنگە وەك شتێكی نەگونجاو بنوێنێت. بەڵام كاتێ ژیری دەستكرد لە بواری حیسابی ئیحتمالی و ناسینی ئولگووی دووپاتكراوی ڕووداوەكان بەربەرەكانی تۆڕی دەماریی مرۆڤ دەكا – ئەوكات خۆی زۆر بوێرانەتر دەنوێنێت.

بەتایبەت ژیری دەستكرد دەتوانێ لە بواری كاریدا كە ڕەنگە حاڵەتی سۆزداری و ئیمپاتی تێدا بێ، زۆر باشتر لە مرۆڤ بڕیار بدا. لە زۆربەی بوارەكانی كاریی – سەیارەیەك لە نێوان شەقامێكی پڕ لە خەڵكدا هیدایەت بكرێ، قەرزدانی پارە بە مرۆڤی بێگانە و بەستنی پەیمانێكی ئابووری، پێویستیان بە لێهاتووییەك هەیە كە تێیدا ئارەزوو و هەستی سۆزداریی مرۆڤەكانیتر لەبەر چاو بگیرێت. منداڵێك بە پەلە لەسەر شەقامێك ڕادەكا؟ ئەو پیاوە دەیەوێ پارەی كەسێك بدزێ و ڕا بكات؟ ئایا هەڕەشەی پارێزەرەكە جیددیە یاخود تەنیا مەبەستی ترساندنە؟ تا ئەو جێگایەی مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕە بێ ئەو چەشنە هەڵس و كەوتە سۆزدارییانە لە ڕۆحی نەبینراوەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڕاشكاوی كامپیۆتر هەرگیز ناتوانێ جێگای شوفیری سەیارە، فەرمانبەری بانك یا پارێزەرێک بگرێتەوە. چونكە چلۆن كامپیۆترێك دەتوانێ لە ڕۆحی خوداپێداوی مرۆڤ

تێ بگا؟ بەڵام ئەگەر لە ڕاستیدا ئەو هەستە سۆزدارییانەی مرۆڤ شتێك زیاتر لە پرۆسەی ئالگاریتمی بیۆكیمیایی ناو مێشك نین، هیچ لەمپەرێك نییە ڕێگا بگرێ و بڵێ بۆچی كامپیۆتر نەتوانی زۆر باشتر لە مرۆڤی هۆمۆساپیەن ئەو كارانە بەڕێوە بەرێت؟

شۆفیرێك كە هەست بە مەبەستی ڕێبوارێك دەكا، فەرمانبەرێكی بانك كە متمانەی قەرز وەرگرتنی مشتەرییەكی بانك هەڵدەسەنگێنێ و پارێزەرێک كە لەسەر میزی وتووێژ بارودۆخەكە بەراورد دەكا و بڕیار لەسەر تاواندان یاخود ڕزگاربوونی مرۆڤێک دەدا، هێزێكی سیحراوییان پێ نییە. زیاتر بە بێ ئیرادەی خۆیان، مێشكیان بەهۆی نموونەی دووپاتكراوی ڕووداوەكان و هۆرمۆنەكانی بیۆكیمیایی، هەست بە هەڵس و كەوتەكانی مرۆڤ لە رووی حاڵەتی نێوچاوان، بارودۆخی كاتیی، جووڵانەوەی دەست و ئەندامانی لەش و تەنانەت بۆنی لەشیان دەكات. بلیمەتێكی چێكراو كە تەیار بە "سێنسەر" واتە ئەندامی هەستپێكردنی ئەلكترۆنی زۆر باشن، دەتوانن گەلێك باشتر لە مرۆڤ هەست بە تەواوی ئەو هەڵس و كەوتانە بكەن.

لەو ڕوانگەیەوە خەساری پیشەیی بە تەنیا بەهۆی بەرزبوونەوەی تكنۆلۆژی زانیارییەوە نییە بەڵكوو زیاتر ئەزموونی كۆی وەڕێكەوتنی سێڵاوی تكنۆلۆژی زانیاریی و بیۆتكنۆلۆژییە. ڕێگای دەست بەسەرداگرتنی بازاڕی كاری لە لایەن ژیری دەستكردەوە ڕەنگە دوور و سەخت و لە تاقەت نەهاتوو بێ، بەڵام لە چەند دەیەی داهاتوودا مرۆڤ دەتوانێ چاوەڕوانی لێ بكا. ئەو زانیارییانەی پسپۆڕانی مێشك ئەمڕۆ لەسەر ئامیگدال و مێشكی بچووك دەیزانن دەتوانێ تا ساڵی ٢٠٥٠ جێی ڕەوانناس و پارێزەرانی كەسی مرۆڤیش بگرێتەوە.

ژیری دەستكرد تەنیا ئەركیان ئەوە نییە مرۆڤ "هاك" بكەن و لێهاتووییەكانی پێشووی بەڕێوە بەرن بەڵكوو ئەوان بەو هۆیەی لەسەر ئالگاریتم كار دەكەن و هەستی سۆزداریی مرۆڤ لەبەر چاو ناگرن، هەست بە جیاوازیی نێوان كرێكار و ژیری دەستكرد ناكەن. دوو لێهاتوویی گەلێك تایبەتی ژیری دەستكرد كە مرۆڤ لێی بێ بەشە **"پێكەوەگرێدان یاخود لكاندنی مرۆڤ لەگەڵ یەكتر"** و **"لێهاتوویی نوێكردنەوەی زانیاریی مرۆڤ"**ن.

چونكە مرۆڤ بوونەوەرێكی جیا لە یەكترن، ناتوانرێ یاخود زۆر ئەستەم دەكرێ بەیەكترەوە بلكێندرێن و پێكەوە و هاوكات ئاگاداری هەڵس و كەوتی یەكتریان هەبێ. بە پێچەوانەی مرۆڤ، كامپیۆتر جیاواز لەیەكتر نین و دەكرێ زۆر بە ساكاری لە تۆڕێكی هاوبەشدا بەیەكەوە بلكێندرێن. كە وابوو لێرەدا مەبەست لەسەر جێ دانانی ملیۆنان هێزی كاریی مرۆڤ بەهۆی ملیۆنان كامپیۆتر و ڕۆبۆتەوە نییە بەڵكوو زیاتر گرتنەوەی جێگای مرۆڤی جیاواز لەیەكترە لە لایەن تۆڕێكی كامپیۆترییەوە. ئەگەر مرۆڤ بیر لە ئوتۆماتیك كردن بكاتەوە كارێكی هەڵەیە ئەگەر لێهاتوویی مرۆڤێكی شۆفیری سەیارە لەگەڵ كامپیوترێكی لێخوڕی ئوتۆماتیكیی سەیارە یا لێهاتوویی دوكتورێك لەگەڵ بلیمەتێكی "كامپیۆتری – دوكتور" كە كاری دوكتورەكە بەڕێوەدەبا، هەڵبسەنگێنین. زیاتر دەبێ ئیمە كۆی لێهاتوویی و زانیاریی مرۆڤی بوارێك لەگەڵ شەبەكەیەكی كامپیۆتری هەڵسەنگێنین.

بۆ وێنە زۆربەی شۆفیری سەیارەكان ئاگایان لە بەردەوام گۆڕانی یاساكانی لێخوڕینی سەیارە و شەقامەكان نییە و زۆر جار هەڵە دەكەن و سنووری یاساكان دەشكێنن. لەبەرئەوەی بۆ وێنە لە دەوری مەیدانێك هەركام لە شۆفیرەكان بە بێ ئەوەی ئاگاداری بڕیاری یەكتر بن خۆیان هەڵس و كەوت دەكەن، دەتوانێ ئەگەری لێكدانی دوو سەیارە بەرزبێتەوە. بە پێچەوانە ئەو سەیارانەی بە تكنیكی كامپیۆتری و بە بێ شوفیر لەڕێدان، هەموویان بەهۆی تۆڕێكی ئینترنێتی پێكەوە لكێندراون و ئاگایان لە بڕیار و هەڵس و كەوتی یەكتر هەیە. ئەگەر دوو سەیارەی كامپیۆتری لە هەمان مەیدان لێك نیزیك ببنەوە، دوو شۆفیری جیاواز نین كە هەركامیان بڕیاری خۆیان بدەن، بەڵكوو بەشێك لە سیستەمی ئالگاریتمی هاوبەشن. شانسی هەرەسهێنانی پەیوەندایەتی نێوانیان و لێكدانیان بە ڕادەیەكی گەلێك زۆر كەمترە لە هی مرۆڤ. هەروەها كاتێ یاسایەكی نوێی لێخوڕینی سەیارە لە لایەن بەرپرسانی دەوڵەتەوە دەرچێ، لە كاتێكی كەمدا هەموو سەیارە كامپیۆتریەكان لە ڕێگای تۆڕی ئینتێرنێتییەوە بە بی كێشە زانیارییەكەیان نوێ دەكرێتەوە.

بە هەمان شێواز ئەو كارە دەكرێ لە بواری سڵامەتیشدا بەڕیوە بچێ: ئەگەر لە لایەن ڕێكخراوی تەندروستیی جیهانییەوە نەخۆشییەكی نوێ بدۆزرێتەوە یا لە

تاقیگایەك دەرمانیكی نوێ دروست بكرێ، بەهیچ شێوازێك ناكرێ هاوكات هەموو دوكتۆرێكی شوێنەكانی ئەم هەردە ئاگادار بكرێتەوە. بەڵام ئەگەر لەجیاتی ئەو دوكتورانە چەندین ملیارد دوكتوری بلیمەتی كامپیۆتری لە جیهان دابنرێن كە هەركامیان بەرپرس بۆ سلامەتی تاقمێك لە مرۆڤی سەر زەوی بن، دەكرێ بەهۆی تۆڕی ئینتێرنیتیەوە لە چركەیەكدا هەموویان لە زانیاریی نوێی تەندروستی ئاگادار بكرێنەوە. ئەو دوو لێهاتووییەی بلیمەتی كامپیۆتری واتە "پێكەوە گرێدان یاخود لكاندنیان لەگەڵ یەكتر" و "لێهاتوویی نوێكردنەوەی زانیاریی" هێندە گرنگن كە لە زۆربەی بوارەكاندا دەتوانن بڕیاردەری سەرەكی بن بۆ ڕووداوەكان.

ڕەنگە ئێستا مرۆڤ نارەزایەتی لەخۆی نیشان بدا كە گۆستنەوە یاخود خستنە دەستی هەڵس و كەوتی مرۆڤ بۆ كامپیۆتر ئیمتیازی كەسیی مرۆڤ توونا دەكا. بۆ وێنە كاتێ دوكتورێكی مرۆڤ، ناسینەوەیەكی هەڵە لەسەر نەخۆشەكەی بكا، هەموو نەخۆشێكی هاوچەشنی ئەو نەخۆشییە لە جیهاندا ناكووژێ و لەمپەر لەسەر ڕێگای دۆزینەوەی دەرمانی نوێ دانانێ. بەڵام لە بەرابەریدا كاتێ هەموو دوكتوێكی چێكراو لە لایەن تۆڕێكی وەك یەكەوە هیدایەت بكرێن، لە ئەگەری هەڵەكردنی سیستەمەكە دەتوانێ ئەزموونەكەی كارەساتێك پێك بێنێ. بەڵام لە ڕاستیدا سیستەمێكی كامپیۆتری دەتوانێ چەندین ئالترناتیوی ئالگاریتمی لەبەر دەست مرۆڤ دابنێ كە بتوانێ بۆ متمانەكردن، نەخۆشییەكەی لە گەڵ چەندین ناسینەوەیتری كامپیۆتری هەڵسەنگێنێ.

كەڵك وەرگرتنی كۆمەڵگای مرۆڤ لە سیستەمێكی ئەوتۆ دەتوانێ ڕوانگەی ئەرێیی خۆیشی هەبێت. ژێری دەستكردی دوكتور دەتوانن هاوكات سیستەمێكی تەندروستیی گەلێك هەرزانتر و باشتر لەبەر دەستی ملیاردان مرۆڤ دابنێن بەتایبەت لەو ناوچانەی وا تا ئێستا دەستیان بە دوكتور ڕانەگەییشتووە. سپاس بۆ سیستەمێكی ئالگاریتمی ژیر و "سێنسەر" واتە ئەندامی هەستپێكردنی ئەلكترۆنی بیۆكیمیایی، دەتوانن مرۆڤی گوندی هەژاری وڵاتێكی دوور بەهۆی تەلەفۆنی مۆبایلەوە زانیاریی و ڕێنوێنی گەلێك بەكەڵك لەسەر تەندروستی خۆیان وەدەست بێنن.

بە شێوەیەكی هاوچەشن سەیارەی كامپیۆتری دەتوانن بارودۆخێكی گەلێك باشتر و گونجاوتر بۆ هات و چۆی مرۆڤ پێك بێنن و پێش بە كوشتنی هەزاران مرۆڤ بگرن كە ڕۆژانە بەهۆی هەڵەی مرۆڤەوە لەسەر شەقامەكان گیانی خۆیان بەخت دەكەن. لەمڕۆدا لە جیهان نیزیكەی ١،٢٥ ملیۆن كەس لە ساڵدا بەهۆی لێكدانی سەیارەكانەوە گیانی خۆیان بەخت دەكەن.(دوو جار زیاتر لە كۆی شەڕەكان، جینایەت و تیرۆر لە جیهاندا بە سەریەكەوە). زیاتر لە ٩٠ لەسەدی ئەو پێكدادانانە بەهۆی هەڵەی مرۆڤەوە پێك دێن – كەسێك ئەڵكۆڵی خواردۆتەوە، لە كاتی لێخوڕیندا خەریكی تەلەفۆن یا كارێكیتر بووە، كەسێك لە پشت فەرمان خەوی لێ كەوتووە یا كەسێك لە جیاتی ئەوەی چاوی لەسەر شەقامەكان بێ، لە خەیاڵكردندایە. بە پێی هەواڵێكی بەرپرسانی كار و باری هات و چۆی وڵاتی ئەمریكا ساڵی ٢٠١٢، ٣١ لە سەدی لێكدانی سەیارەكان لە ئوتوبان بەهۆی خواردنەوەی ئەڵكۆڵ، ٣٠ لە سەدیان بەهۆی وەپێشكەوتنی خێرا لە سەیارەكانیتر و ٢١ لە سەدی ئەو لێكدانانە لە كاتی لێخوڕیندا خەریكی تەلەفۆن یا كارێكیتر بوون، پێكهاتووە. سەیارەی كامپیۆتری هەرگیز هەڵەی وا ناكەن. دیارە ئەوانیش سنوور و هەڵەی خۆیان هەیە بەڵام ئەگەر كامپیۆتر جێی مرۆڤ بگرێتەوە دەتوانێ تا ٩٠ لە سەدی هەڵەی مرۆڤ ڕاست بكاتەوە. بە واتایەكیتر: بە گۆستنەوەی جێی كامپیۆتر و مرۆڤ لەسەر شەقامەكان دەتوانین پێش بە مردنی زیاتر لە یەك ملیۆن كەس لە ساڵدا بگرین. كارێكی گەلێك سەرشێتانە دەبێ ئەگەر مرۆڤ بۆ ڕاگرتنی چەند جێگای كاریی، پێش بە ئوتۆماتیك كردنی كەرەسە نۆێیەكان لە بواری هات و چۆ و تەندروستی بگرێ. چونكە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ لەدەست دانی چەند شوێنی كاریی، لای كەم ئەركێكی گەلێك گرنگترە پارێزگاریی لە تەندروستی مرۆڤ بكەین.

## موتزارتی[٢] چێكراو

لای كەم بە شێوەی كورت خایەن نەگونجاو دەبێت ژێری دەستكرد و رۆباتیك (هێزی كاریی چێكراو) بتوانن لە هەموو بوارەكانی ژیاندا هێزی كاریی مرۆڤ توونا بكەن و شوێنیان بگرنەوە. پیشە یاخود ئەو شوێنە كارییانەی پێویستیان بە لیهاتوویی تایبەتیی نییە دەكرێ بە شێوازی ئوتوماتیكی بەڕێوە بچن. بەڵام لە بەرانبەریدا بە ڕاشكاوی ئەستەمە بكرێ كاری ئاڵۆز و چەند لایەنەی مرۆڤ لە لایەن هێزی كاریی چێكراوەوە بگیرێتەوە. بۆ وێنە بەڕێوەبردنی سیستەم یاخود خزمەتگوزاریی سلامەتی. زۆربەی دوكتورەكان خۆیان بە كەڵك وەرگرتن لە زانیارییەوە خەریك دەكەن: زانیاریی پزیشكی كۆ دەكەنەوە، شییان دەكەنەوە و ناسینەوەی لەسەر دەكەن. لە لایەكیتریشەوە یاریدەدەری نەخۆش یا پەرستارەكان، پێویستیان بە لێهاتوویی زۆر باشی هات و چۆی جەستەیی و سۆزدارییەوە هەیە بۆ ئەوەی بتوانن دەرزی لە نەخۆشێك بدەن كە متمانەیان پێ دەكەن یا برینێكی بە ئێش و ئازار سارێژ بكەن. وێدەچێ بلیمەتیكی چێكراوی دوكتور بە دەیان سالیتر تەنیا لەسەر تەلەفۆنە مۆبایلەكەمان بمێننەوە و بە ئەگەری زۆر بوونی پەرستارێكی ڕۆبۆت لە پەنا نەخۆشەكان مەودایەكی گەلێك زۆری كاتیی لەگەڵ كۆمەڵگای ئەمڕۆ هەیە. بواری خزمەتگوزاریی مرۆڤ و یارمەتیدەر – كە خۆیان بە نەخۆش، منداڵ و خەڵكانی بە تەمەنەوە خەریك دەكەن، بە ئەگەری زۆر ماوەیەكی گەلێك درێژ لەسەر سەكۆی ژیانی مرۆڤ دەهێڵرێنەوە و ناتوانرێ لە لایەن هێزی چێكراوەوە جێگایان بگیرێتەوە. بەو هۆیەی تەمەنی مرۆڤ بەردەوام زۆرتر دەبێت و كەمتر منداڵ لە دایك دەبن، دەتوانرێ خزمەتكردن بە مرۆڤی پیر لە داهاتوودا یەك لە چالاكترین و بەبرەوترین پیشەكان بۆ مرۆڤی لێ بێ.

---

[٢] كۆمپۆنیست و مۆسیقا زانی بە ناوبانگی مەمسا(ئوتریش)

وێدەچێ جیا لە بواری خزمەتگوزاری، زۆر ئەستەم بكرێ پێش بە خوڵقێنەری ئۆتوماتیكی یاخود هێز و ژیری دەستكردی دەستی مرۆڤ بگیرێ. ئێمە ئیتر پێویستیمان بە مرۆڤ نابێ بۆ كڕینی گۆرانی و مۆسیقا – بەڵكوو ڕاستەوخۆ لەڕێگەی پرۆگرامی 'ئای تیوونز ستۆر'ەوە "iTunes Store" دایاندەگرین – بەڵام كۆمپۆنیست، مۆسیقا زان و گۆرانیبێژەكان هەر لە گۆشت و خوێن دەمێننەوە. ئێمە متمانە بە خوڵقێنەریەكەیان دەكەین كە نەك هەر چەشنە مۆسیقایەكی نوێ پێك بێنن، بەڵكوو لەناو چێشتێكی مجێوری دروستكراو لە مۆسیقای جیاواز بتوانین هەوای دڵخوازی خۆمان هەڵبژێرین.

هاوكاتیش لە ڕوانگەی درێژخایەنەوە ناكرێ هیچ پیشەیەك گارانتی بكرێ كە لە لایەن ژیری دەستكردەوە جێگای نەگیرێتەوە. لە دنیای مودێرندا هونەر وەك خوو و خدەیەكی ئاسایی لەگەڵ سۆزداریی مرۆڤ جۆشی خواردووە. ئێمە سەر بۆ ئەو قەبووڵكردنە دادەنەوێنین كە هونەرمەندان هێزی ڕۆحی و دەروونی لەگەڵ كارەكەیان لە یەكتر گرێ دەدەن، هەروەها مەبەستی سەرەكی هونەر ئەوەیە كە ئێمە خۆمان لەگەڵ هەستی سۆزداریمان گرێ بدەین و هەستێكی نوێ لەخۆمان پیشان بدەین. ئەگەر باسەكە لەسەر پێوانی هونەری ڕەسەن بێ، ئێمە بە مەیل و خۆشحالییەوە بۆ كارتێكەریی لەسەر خەڵك، هەڵسەنگاندنی لەسەر دەكەین. بەڵام ئەگەر هونەر لە سەرووی سۆزداریی مرۆڤەوە دابنرێ، چی دێتە پێشەوە ئەگەر ئالگاریتم بگاتە بارودۆخێك كە بتوانێ سۆزداریی مرۆڤ باشتر لە شێكسپیر "Shakespeare"، فریدا كاهلوو "Frida Kahlo" یا بیانسە "Beyoncé" لێی تێبگا و مانیپۆلیرەی بكا؟

سەرەڕای ئەوەش سۆزداریی دیاردەیەكی نهێنی نییە – ئەو هەستانە تەنیا ئەزموونی پرۆسەی كیمیایی جەستەی مرۆڤن. هەر بۆیە لە داهاتوویەكی نەك زۆر دووردا كەرەسەیەكی فێركەری ئالگاریتمی بە هۆی لێكدانەوەی بیۆمێتریك كە لە لایەن ئەندامی هەستپێكەری چێكراوەوە (سێنسەرەكان) لە بارودۆخی جەستەی مرۆڤ تێ دەگەن، تایبەتمەندییەكانی ئێمە دیاری دەكەن و بە پێوانی ئەندازیاریی، گۆرانی یاخود دەنگێكی تایبەت دەخوڵقێنن كە كارتێكەرییەكی سۆزدارانەی لەسەرمان هەبێ.

بە ئەگەری زۆر لە هەموو چەشنێکی هونەردا مۆسیقا بەتایبەت بۆ لێکۆڵینەوەی داتا مەزنەکان سەرنجڕاکێشە چونکە هەم لە ڕوانگەی وەرگرتن و هەم دەربڕینەوە، دەکرێ بەهۆی زانستی بیرکارییەوە دیاری و حیساب بکرێن. وەرگرتنی مۆسیقا فۆرمێکی بیرکاریی لە شەپۆلی دەنگەکان و دەربڕینە، نیشانە یاخود هەڵس و کەوتێکی ئەلکترۆکیمیاییە کە تۆفانی ڕۆحیی لە مرۆڤدا پێك دێنێت. ڕەنگە لە ماوەی کەمتر لە چەند دەیەدا ئالگاریتم، کە ملیۆنان ئەزموونی جیهانی مۆسیقای تێدا کۆدەبێتەوە، بتوانێ پێشبینی فێرکاریی بکا و بزانێ کام وەرگرتن دەبێتە هۆی دەربڕینی سۆزی مرۆڤ.

وای دابنێین کە ئێوە کێشە و دەمەتەقەیەکی گەلێك جیدیتان لەگەڵ دۆستی کوڕ یا دۆستی کێژەکەتان هەبێ. ئەو ئالگاریتمەی بەر پرس بۆ سیستەمی دەنگ و کەرەسەی مۆسیقای ناو ماڵی ئێوەیە و ناسیاوی لەسەر هەستی سۆزداریی دەروونی ئێوە هەیە، لەسەر ئەو ناسیاوییە گۆڕانییەکی پڕ بە پێست بۆ ئەو بارودۆخەی ئێوە بڵاو دەکاتەوە. دیارە ئەو مۆسیقا تایبەتە بۆ مرۆڤێتر بە تایبەتمەندی دیکەوە نەگونجاو دەبێت، بەڵام بۆ ئێوە ئارامکەرەوەیەکی ڕۆحیی تەواوە. دوای ئەوەی ئالگاریتمەکە توانیبێتی یارمەتی ئێوە بدا و بە شێوازێکی قووڵ چووبێتە ناو هەستی نیگەرانی و خەمخواریی ئێوەوە، بە بڵاوکردنەوەی ئاهەنگەکە کە لەگەڵ بارودۆخ یاخود بیرەوەرییەکی سەردەمی منداڵیتان گرێ دراوە، ئێوە دەخاتە بارودۆخێکی تەواو نوێوە. هیچ مرۆڤێکی "DJ"[٣] ناتوانێ لەگەڵ هێزێکی چێکراوی ئەوتۆدا خۆڕاگری بکا.

ئەگەری کێشەی تر ئەوەیە کە ڕوون نییە چلۆن ئالگاریتمەکە مەبەستی سۆزداریی دەست نیشان دەکا. ئەگەر تۆ ئێستا کێشەت لەگەڵ دۆستێکت لێ پەیدا بووە، ئالگاریتمەکە چلۆن بەرنامەی بۆدانراوە کە بتوانی بزانێ حاڵەتی ڕۆحی تۆ لەو بارودۆخەدا خەمبار یاخود شاد بکا؟ ئایا دەبێ تەنیا خۆی بەهۆی پێوانەیەکی مامناوەندییەوە لەسەر هەستی باش و خراپی تۆ کە لە خۆیدا پاشەکەوتی کردووە، بڕیار بدا؟ ڕەنگە لە ژیانتدا بارودۆخی وا پێکهاتبێ کە بە هۆی خەمخواری و هەڵواسین بە سۆزەوە هەستی خۆت باشتر دەربڕیبێ؟ دیارە پرسیارێکی هاوچەشن دەکرێ لە

[٣] DJ بەو مرۆڤە دەگوترێ کە لە جەژن و کۆبوونەوەی سەمای بەکۆمەڵدا گۆرانی گونجاو بۆ کۆمەڵەکە بڵاو دەکاتەوە.

مرۆڤێکی "DJ"ش بکرێ. بەڵام بۆ ئەو پەرجۆیە ئالگاریتمی چێکراو چەندین ڕێگاچارەی دۆزیوەتەوە.

یەك لەو ڕێگاچارانە ئەوەیە کە ئەو هەڵس و کەوتانە بە خودی مرۆڤ بسپێردرێ. تۆ خۆت دەتوانی بڕیار لەسەر چەشنی هەستە سۆزدارییەکەت بەو شێوەیە بدەی کە خۆت پێت باش بێ و بە دڵنیاییەوە ئالگاریتمەکەش سەداسەد وەك کۆیلەیەك وەدوای ئارەزووی تۆ دەکەوێ. یاخود ڕەنگە لە داهاتوودا بە بێ ئەوەی بۆت دیاری کردبێ ئالگاریتم بتوانێ هەست بە ئارەزووەکانی تۆ بکا.

هەنگاوی دواتر بۆ ئالگاریتم ئەوە دەبێ کە مۆسیقا و گۆرانییەکان لەسەر ئارەزووی تۆ بگۆڕێ و بتوانی وایان لێ بکا کە هەستەکانت بجووڵێنێتەوە. ئەوان دەشتوانن ئەو بەشانەی هەستی سۆزداریی تۆ دەجووڵێننەوە پەرە پێبدەن و ئەو بەشانەی نامەزرۆییت بۆیان نییە بیانشواتەوە.

لە ماوەیەکی درێژخایەندا ئالگاریتمەکان دەتوانن فێر بن چلۆن مێلۆدی یا ئاهەنگێك بخوڵقێنن، کە بتوانێ کارتێکەری لەسەر هەستی سۆزداریی مرۆڤ دابنێ. بە یارمەتی تایبەتمەندیی یاخود داتا و زانیاریی کۆکراوە سەبارەت بە تۆ، ئالگاریتمەکان دەتوانن تەنانەت مێلۆدی و ئاهەنگی تایبەت بە کەسەکان بخوڵقێنن کە تەنیا لەسەر ئارەزووی خۆیان پێکهاتبێ. [لەمڕۆدا بەهۆی بەرنامەیەکی کامپیۆتری بە ناوی "Chat JPT" هەموو ئەو ئەرکانەی وەك شیعر خوڵقاندن، بابەت، کتێب نووسین، ئاهەنگ و هتد...زۆر باشتر لە مرۆڤ بەڕێوە دەبا].(وەرگێڕ)

دەگوترێ بۆیە مرۆڤ هۆگریی بۆ هونەر هەیە، چونکە هەستی خۆی تێدا دەدۆزێتەوە. ئەو کارە دەتوانێ بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ئاکامی ناخۆشی لێ بکەوێتەوە ئەگەر بۆ وێنە – بڵێین – فەیسبووك دەست بەوە دەکا بەهۆی زانیارییەکانی کۆکراو لەسەر کەسەکە هونەری تاکەکەسی بخوڵقێنێ. ئەگەر زانیاریی کۆکراو لەسەر بە تەنیا مانەوە یاخود جیابوونەوەی دۆست و هەڤاڵەکانی لەگەڵ کەسەکە بێ، فەیس بووك بە بڵاوکردنەوە یا دروستکردنی ئاهەنگیکی تایبەت هەوڵی دڵداری کەسەکە دەدات.

لەوانەیە وابێ كە هونەری تایبەتی كەسیی هەرگیز پێك نەیە، چونكە بە ئەگەری زۆر مرۆڤ دەیهەوێ ئاهەنگی جیاواز لە هی خۆی گوێ لێ بێ، ئاهەنگێك كە هەمووكەسێكیتریش پێیان خۆش بێ. لە كۆبوونەوە گشتییەكاندا و بۆ سەمای گشتی دەبێ ئاهەنگێك لیبدرێت كە بتوانێ مرۆڤ لە دەوری یەكتر كۆ بكاتەوە و هەموویان پێكەوە چێژی لێ ببینن. ئایا ئەو كارانە كێشە بۆ هونەر دروست دەكەن؟ ئەو كارە بەوەوە بەستراوەتەوە كە مرۆڤ چلۆن لە هونەر تێبگا و چۆنی مانا بكاتەوە. ئەگەر لە ڕاستیدا بە هۆی هونەرەوە جوانیی لە چاو و گوێی بینەران و بیسەراندا جێ بگرێ و لەسەر ئەو مۆتۆ(نیشانە)یەش كە لە بازاڕی ئابووریدا حەق هەمیشە بە مشتەرییە، ئەگەری پێكهاتنی ئالگاریتمی ئەوتۆ لە داهاتوودا شانسی پێ دەدرێ باشترین هونەری مێژوویی بخولقێنێ.

ئەگەر هونەر بە دیاردەیەكی قووڵتر لە هەستی سۆزداری مرۆڤ مانا بكرێتەوە و ڕاستییەك لە لەرینەوەی بیۆكیمیایی مرۆڤ چالاك بكا، ئەوكات ڕەنگە ئالگاریتمی بیۆمێتریك بە هونەرمەندێكی تایبەتی دانەندرێ. بەڵام ئەو هەڵس و كەوتە بۆ زۆربەی مرۆڤی هونەرمەندیش بە هەمان شێوازە. بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ ڕێگایەك لە بازاڕی مۆسیقادا بدۆزێتەوە و جێگای ژمارێك مرۆڤی كۆمپۆنیست و خولقێنەر بگرێتەوە، ئالگاریتم ناچار نین باشتر لە چایكۆڤسكی بن، ڕەنگە تەنیا بەس بێت ئەگەر وەپێش برێتنی سپیرز "Britney Spears" بكەون.

## پیشەی نوێ

لە دەست دانی كارە نەریتییەكان لە زۆربەی بواردا، لە كاری هونەرییەوە هەتا خزمەتگوزاریی سلامەتی لای كەم بەشێكی زۆریان بەهۆی پێكهاتنی پیشەی نوێ بۆ مرۆڤ قەرەبوو دەكرێنەوە. دوكتۆرانی عوومومی، كە لە یەكەم پلەدا نەخۆشییە ناسراوەكان دیاری دەكەن و دەرمانی ئاسایی لەبەر دەستی نەخۆشەكان دادەنێن و ڕێنوینی یان دەكەن، بە ئەگەری زۆر لە لایەن دوكتۆری چێكراوی كامپیۆتری جێیان پڕ دەكرێتەوە. هەر بەو هۆیەشەوە دەبێ پارەیەكی گەلێك زۆر تەرخان بكرێ بۆ دوكتۆر و ئەو كەسانەی لە تاقیگەكان بۆ دۆزینەوەی دەرمانی نوێ بە گشتی خۆیان بە كاری سلامەتیی مرۆڤەوە پسپۆرانە خەریك كردووە.

ژیری دەستكردیش لە پەنایانەوە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ پێكهێنانی كاری نوێ. لەجیاتی ئەوەی كێبەركێی یەكتر بكەن، مرۆڤ دەتوانێ لە ژیری دەستكرد و یارمەتییەكانیان وەك خزمەتگوزارییەك كەڵكی لێ وەربگرن. بۆ وێنە كەڵك وەرگرتن لە ژیری دەستكرد بۆ هیدایەتی فڕۆكە. لە لایەن دڕۆنەكانەوە، ڕەنگە سەرەتا شوێنی كاری مرۆڤ بگرنەوە، بەڵام گەلێك كاری نوێ وەك كونتڕۆڵ لە ڕێگای دوورەوە، كونتڕۆڵی كەرەسە و چاككردنەوەیان، ئاناڵیزەكردنی كاری كامپیۆتری و ئەمنییەتی سایبێری دەخوڵقێنێ كە مرۆڤێكی زۆر بەخۆیەوە سەرقاڵ دەكا. هێزی نیزامی ئەمریكا بۆ ناردنی كەرەسەی دڕۆنە لە تیپی "Predator یا Reaper" بۆ كونترۆڵكردنی ئاسمانی سوریا پێویستی بە ٣٠ كەس هەیە، بەڵام بۆ ئاناڵیزیرەكردنی ئەو زانیارییانەی دڕۆنەكە دەینێرێ، پێویستیان بە ٨٠ كەس هەیە. بۆ وێنە ساڵی ٢٠١٥ بەهۆی كەمبوونی مرۆڤی تایبەت و كارناس بۆ ئاناڵیزەكردنی زانیاریی هێزی ئەمنی ئەمریكا كێشەیەكی مەزنیان بۆ كۆنترۆڵی فڕۆكەی بێ فڕۆكەوان هەبوو.

لەو ڕوانگەیەوە ڕەنگە بتوانرێ بازاڕی كاری ساڵی ٢٠٥٠ لە داهاتوودا بەهۆی هاوكاری نێوان مرۆڤ و ژیری دەستكرد، و نەك بەهۆی كێبەركێی نێوانیانەوە، دیاری بكرێ و مرۆڤ بتوانێ كەڵكی باشتری لێ وەرگرێ. لە بواری وەك خزمەتگوزاریی كاری پۆلیسی و ئەمنییەوە هەتا كاری بانكیی دەتوانرێ گرووپی پێكهاتوو لە مرۆڤ و ژیری دەستكرد یا مرۆڤ و كامپیۆتر بێنە كایەوە. بۆ وێنە دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٧ پڕۆگرامێكی شەترنج بە ناوی "Deep Blue" لە قارەمانی جیهانی ئەو سەردەمە واتە گاری كاسپارۆڤ "Garri Kasparow"ی بردەوە، مرۆڤ دەستی لە یاریكردنی شەترەنج هەڵ نەگرتووە. زیاتر بەهۆی كەڵكوەرگرتن لە ژیری دەستكرد هێندەیتر باشتر و چالاكتر درێژەیان بە یاری شەترەنج داوە. هاوچەشن دەتوانێ ژیری دەستكرد یارمەتیدەر بێ بۆ هاندانی باشترین كارمەندی بانک، سەرباز، پشكێنەر و هەر بوارێكی كارییتر.

بەڵام كێشەی سەرەكی بۆ هەموو ئەو كارە نوێیانە ئەوەیە كە پێویستیان بە زانیاری تایبەتیی و بەرز هەیە و ڕەنگە بەهۆی مرۆڤی ئاسایی بێكار، نەتوانرێ كێشەی بێكاری چارە بكرێ. دۆزینەوەی كاری نوێ بۆ مرۆڤ هاسانتر دەبێ لەوەی مرۆڤی بێكار بۆ ئەو كارە نوێیانە ڕابهێندرێن. لە شەپۆلی ئۆتۆماتیك كردنی سەردەمی پێشوودا دەكرا مرۆڤی ئاسایی خۆیان لەگەڵ بارودۆخی نوێدا باشتر و هاسانتر ڕێك بخەن. ساڵی ١٩٢٠ كرێكارێكی وەرزێر كە بەهۆی هاتنی كەرەسەی نوێی كەشاوەرزی بێكار ببوو، دەیتوانی كارێكی نوی لە كارخانەكاندا بدۆزێتەوە. ساڵی ١٩٨٠ كرێكارێكی بێكاری كارخانە دەیتوانی بەهۆی دەورە یان كۆرسێكی كورتی ڕاهێنان لە لایەن ئیدارەی كارەوە، وەك سندووقدار لە سوپێرماركتێكی ئاسایی كار بدۆزێتەوە. ساڵی ٢٠٥٠ سندووقدار یا كرێكاری كارخانە كە كارەكەی بەهۆی ڕۆبۆتەوە لە دەست دەدا، ناتوانێ لە بارودۆخێكدابێ وەك پشكێنەری شێرپەنجە، فڕۆكەوانی، كونتڕۆڵی دڕۆنە یا وەك بەشێك لە كاری هاوبەشی نێوان مرۆڤ و ژیری دەستكرد، كاری بانكی یا هەر كارێكی ئاڵۆزیتر بدۆزێتەوە. لە شەڕی جیهانیی یەكەمدا لە ڕوانگەی ئەو سەردەمەوە ڕەنگە كارێكی شیاو بووبێ ملیۆنان مرۆڤی ئاسایی و ڕانەهێنراوی نیزامی بۆ مەیدانی شەڕ بنێردرێن و بە كەڵكوەرگرتن لە چەك و نارنجۆك ببنە هۆی كوشتنی

مرۆڤێكی زۆر. لێرەدا لێهاتوویی تاكەكەسییان هیچ رۆڵێكی لەو كارەیاندا نەگێڕاوە. بەڵام لەمرۆدا هێزی هەوایی ئەمریكا بە بێ مرۆڤی ڕاهێنراوی ئانالیزەكەری زانیاری و بە بێ فڕۆكەوانی كونترۆڵچی دڕۆنە، ناتوانن شەڕی هەوایی بەڕێوەبەرن.

سەرەڕای پێكهاتنی گەلێك كاری نوێی بۆ مرۆڤ، لە داهاتوودا لەگەڵ شەپۆلێكی بێكاریی نوێ واتە مرۆڤی "بێ كەڵك" ڕووبەڕوو دەبینەوە. لەڕاستیدا لە لایەكەوە بێكاری بەرۆكمان دەگرێ و لەو لاشەوە كەمبوونی مرۆڤی كارزان كێشەمان بۆ دروست دەكا. مرۆڤێكی سندووقداری ٤٠ساڵەی بێكار، كە بەهۆی پشتكاریی خۆی توانیویە كاری كونترۆڵی دڕۆنە پەیدا بكا، دوای دەساڵێتر بەهۆی ئوتۆماتیزەكردنی كونترۆڵی دڕۆنە هەمیسان بێكار دەبێتەوە و دەبێ بیر لە ڕاهێنانی خۆی بۆ كارێكی نوێ بكاتەوە. ڕەنگە ئەو ڕاژاندن و گۆڕانانە ببنە هۆی پێكهاتنی یاسا و مافی نوێی كرێكاریی و كارەكەیان بۆ گاڕانتی بكەن. بەڵام چلۆن دەكرێ كارێك گاڕانتی بكرێ، كە بە ئەگەری زۆر دوای دە ساڵ بێ كەڵك دەكرێتەوە؟

سەیركردنێكی وورد لەسەر كاری هاوبەشی مرۆڤ و كامپیۆتر لە بواری یاری شەترەنج ڕەنگە ئەو یارمەتییە بكا كە بۆ ماوەی دێژخایەن ژیری دەستكرد بەرەو چ لایەنێك دەڕوا. دیارە ڕاستە دوای سەركەوتوویی كامپیۆتر بەسەر كاسپارۆڤدا كاری هاوبەشی نێوان مرۆڤ و كامپیۆتر ڕوانگە و كەیفییەتیكیتری پێدراوە و بەڕادەیەكی زۆر گەشەی كردووە. بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا كامپیۆتر لە یاری شەترەنجدا بەڕادەیەك وەپێش مرۆڤ كەوتووە كە ئیتر یاریكەری مرۆڤ لە داهاتوودا بێ كەڵك دەمیننەوە و ناتوانن كێبەركێ لەهەنبەر كامپیۆتردا بكەن. هەواڵێكی گرنگی مانگی دیسامبری ساڵی ٢٠١٧ ئەوە نەبوو كە كامپیۆتر یاری شەترەنجی لە مرۆڤی بردۆتەوە، چونكە ئەو كارە زۆر شتێكی سەیر و گرنگ نەدەبوو، بەڵكوو بەرنامەی "AlphaZero"ی شەترەنجی گووگڵ لە بەرنامەی "Stockfish ٨" ی بردەوە كە ساڵی ٢٠١٦ لە سەرووی هەموو پرۆگرامەكانەوە بوو. ئەو پرۆگرامە دەتوانێ لە چركەیەكدا ٧٠ ملیۆن هەنگاوی یاری شەترەنج بەراورد بكا. بەرنامەی "Stockfish ٨" تەنیا دەتوانێ تا ٨٠ هەزار هەنگاو بەراوەرد بكا. ڕەنگە بتانەوێ بزانن "AlphaZero" بۆ فێربوونی یاری شەترەنج چ ماوەیەكی پێویست بووە؟ ٤ كاتژمێر. نا، ئەوە هەڵەی چاپ

نییە، تەنیا چوار کاتژمێر پێویست بووە کە "AlphaZero" بتوانی لە بنەڕەتەوە یاری شەترەنج فێر بێ و لە چرکەیەکدا ۷۰ ملیۆن هەنگاوی یارییەکە بخوێنێتەوە و بەراوەرد بکا.

پێکهێنانی کاری نوێ و ڕاهێنانی مرۆڤ بۆ ئەو پیشەیە بە ڕاشکاویی بە هەنگاوێك کۆتایی پێ نایە و بەردەوام دووپات دەبێتەوە. شۆڕشی ژیری دەستکرد بە بەشێکی کلاسیکی کاریی تەواویی نایە کە بتوانی هاوسەنگیی ئیدارەی کار هەمیسان ڕابگرێتەوە. ئێمە لە داهاتوودا سەر و کارمان لەگەڵ کارەساتی گەلێك پڕ کێشەتر دەبێ. تەنانەت لەمرۆشدا هیچ کرێکارێك دڵنیا نییە تا سەردەمی خانەنشین بوونی سەری تەنیا بە کارێکەیەوە بەند بێت. تا ئەو کاتەی خەریکی نووسینی ئەم بابەتەم واتە سەرەتای ساڵی ۲۰۱۸ ، هێشتا بلیمەتی چێکراو سەرەڕای گرتنەوەی کاری زۆربەی کرێکاران، نەبۆتە هۆی بێکارییەکی ئەوها کە کارەساتی لێ پێك بێ. لە زۆربەی وڵاتانی وەك ئەمریکا، ڕێژەی بێکاری تەنانەت کەمتریش بۆتەوە. کەس ناتوانێ بە دڵنیاییەوە بڵێی ژیری دەستکرد چ کارتێکەرییەکی لەسەر کارە ڕەنگاوڕەنگەکانی مرۆڤ دەبێ، هەروەها لە ڕوانگەی کاتیی پەرەسەندنیشەوە ناتوانری بەراورد بکرێ، چونکە ئەو هێزە نە بە بڕیاری سیاسەتوانان و نە بە فەرهەنگی سوننەتییەوە بەستراوەتەوە. بۆ وێنە تەنانەت ئەگەر سەیارەی بێ شۆفیر خۆی لە داهاتوودا لە ڕوانگەی ئەمنییەتیشەوە بۆ مرۆڤ بسەلمێنێ، ڕەنگە چەندین ساڵی بوێ تا لە لایەن سیاسەتوانان و مرۆڤی بەکارهێنەرەوە کەڵکی لێ وەرگیرێت و متمانەی پێ بکرێ.

ئەو بۆچوونە نابێ ببێتە هۆکار بۆ ئەرخەیان بوون و پاڵدانەوەمان. ئەوکارە دەتوانێ زۆر مەترسیدار بێ ئەگەر بە ساکار وەربگیرێت و بگوترێ لە داهاتوودا کارێکی زۆر بۆ مرۆڤ پەیدا دەبێ، کە بتوانن جێێ کاری گیراو لە لایەن ژیری دەستکردەوە بگرێتەوە. ئەو ڕاستییە ئەگەر لە ڕابردوودا لەهەنبەر ئۆتۆماتیک کردنی کەرەسەی کاریی و پێشکەوتوویی پیشەسازییەوە کاری نوێی بۆ مرۆڤ پێکهێنا، ناتوانێ گارانتی بێ کە لە داهاتووشدا بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازیی نێوان سەدەی ۱۹ و ۲۰ لەگەڵ سەدەی ۲۱ بە هەمان شێواز بەڕێوە بچێت.

چالاكی و تێكۆشانی نوێ كە سەدەی ٢١ بەهۆی تێكنۆلۆژی زانیاریی و بیۆتێكنۆلۆژی لەسەر ڕێگای داناوین بە دڵنیاییەوە گەلێك مەزنتر و ئاڵۆزترە لە هی سەدەكانی پێشوو. بە لەبەرچاوگرتنی هێزی كاولكاریی لەڕادەبەدەری شارستانییەتی ئێمەی مرۆڤ كە بووە هۆی شەڕە جیهانییەكان و شۆڕشە خوێناوییەكان، ئیتر نابێ بێڵین لەوە زیاتر قوربانی بۆ بدرێ. ئەمجارەیان دەتوانرێ بەهۆی بەڕێوەبردنی شەڕی ئەتۆمی و مانیپۆلیرەكردنی ژێنێتیكییەوە، مەترسی بۆ ژینگە و ژیانی خۆمان پێكبێنین و بوونەوەرانیتریشی پێ توونا بكەین.

## لە ڕووتاندنەوە و چەوساندنەوەوە، بەرەو بێ مانایی

ڕێگاچارەی پەنگراو یاخود پۆتانسیەل، دەكرێ بەسەر سێ بەشی سەرەكیدا دابەش بكرێ: چ كارێ دەتوانین بكەین بۆ ئەوەی بەرگر بین لەوەی شوێنی كارمان لەدەست نەدەین؟ چ كارێ دەتوانین بكەین بۆ ئەوی بە ڕادەی پێویست شوێنی كار بۆ داهاتوومان بدۆزینەوە؟ هەروەها چ دەتوانین بكەین بۆ ئەوەی سەرەڕای لەدەستدانی شوێنی كارمان، بەهۆی جێگربوون لە لایەن هێزی چێكراوەوە، پلەی جێ و شوێنی كاری نوێ بەرز بكەینەوە؟

پێشگیریی بە تەواوەتی لەدەستدانی شوێنی كار ستراتێژییەكی گەلێك نەگونجاوە. چونكە ئەو كارە پێویستی بە پۆتانسیەلێكی گەلێك ئەرێنی هەیە كە بتوانی لەهەنبەر كاری ژیری دەستكرد و ڕۆبۆت دا خۆڕاگری بكات. سەرەڕای ئەوەش حكوومەتەكان دەتوانن هەوڵ بدەن بە ویستەوە پێش بە خێرایی ئۆتۆماتیك كردنەوەی كارخانە و كەرەسەكان بگرن، بۆ ئەوەی بتوانن كات بۆ خۆگونجاندنی هێزی كاریی مرۆڤ درێژ بكەنەوە. تێكنۆلۆژی هیچكات یەكجارەكی و ڕێگا چارەی سەرەكی نییە، هەروەها ئەو ڕاستییە كە مرۆڤ بتوانێ كارێک بكات بەو مانایە نییە كە دەبێ بە پەلە و بێ بەرنامە جێ بەجێی بكرێت. حكوومەتەكان دەتوانن بە بەرنامەوە پێش بە سەركەوتوویی تێكنۆلۆژی مودێرن بگرن تەنانەت ئەگەر گرنگیش بن یاخود بۆ بارودۆخی ئابووری بە سوودیش بن. بۆ وێنە دەیان ساڵە دەتوانین بازاڕێك بۆ كڕین و فرۆشی ئورگان یاخود ئەندامانی جەستەی مرۆڤ دروست بكەین كە هەم مرۆڤی هەژار بتوانێ بەهۆی فرۆشتنی ئەندامێكیەوە باشتر ژیان بكا و هەم مرۆڤی دەوڵەمەندی پێ ڕازی ڕابگیرێت. ئەو چەشنە بازاڕانە زۆر زوو دەتوانن سەدان ملیارد دۆلار بخەنە گیرفانی دەلالانی بازاڕەكەوە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش زۆربەی حكوومەتەكان ئەو چەشنە بازاڕانەیان یاساخ كردووە و پێشی پێدەگرن. دیارە بازاڕی

ڕەش لە چەند گۆشەی ئەم جیهانە پێكهاتوون، بەڵام زۆر لەوە كەمترە كە مرۆڤ چاوەڕوانی دەكا.

ئەگەر ئیمە بتوانین خێرایی گۆڕانكارییەكان كەم بكەینەوە، دەتوانین لە ڕوانگەی كاتییەوە بە ڕادەی پێویست كاری نوێ بدۆزینەوە كە بتوانێ زیانەكانمان بۆ قەرەبوو بكاتەوە. بەڵام هەر وەك ئاماژەمان پێكرد، دۆزینەوەی كاری نوێ پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شۆڕشێكی ڕاهێنان و دەروونناسیدا دەبێ. ئەگەر ئیمە وای دانێین شوێنی كاریی نوێ پڕ كەینەوە، مرۆڤ پێویستی بە زانیارییەكی گەلێك زۆر دەبێ بۆ گرتنەوەی شوێنی كارە نوێیەكە. لەبەرئەوەی هێزی كاریی ژیری دەستكرد بەردەوام باشتر و كامپلتر دەبنەوە، دەبێ هێزی كاریی مرۆڤیش بەردەوام باشتر بكرێتەوە و بۆ ئەركی نوێ بە پێی تێكنۆلۆژیای نوێ ڕابهیندرێن و پەیتا پەیتا كارەكانیان بگۆڕن. حكوومەتەكان دەبێ خۆیان ئامادە كەن بەشێكی هێز و داراییان بۆ ئۆرگانیزەكردنی مرۆڤ و ڕاهێنانیان بۆ كاری نوێ تەرخان بكەن. ئەگەر مرۆڤێكی ٤٠ ساڵەی فڕۆكەوانی دڕۆنە، سێ ساڵی پێویست بێ بۆ فێربوونی بۆ وێنە بواری "داڕێژەری زەینی"، پێویستی بە وزەیەكی بێ ژومار لە لایەن دەوڵەتەوە دەبێ كە بتوانیێ خۆی لەگەڵ كاریێ نوێ ڕابهێنێ. (لە دۆخی ئێستاییدا مودێلیكی ئەوتۆ لە وڵاتانی سكاندیناویا تاقی دەكرێنەوە).

بەڵام سەرەڕای پشتگیریی بێ هەژماری دەوڵەتان لە پرۆژەی وا، هێشتا هەمووشتێك ڕوون نییە، ئایا ملیۆنان كەس دەتوانن بەردەوام خۆیان لەگەڵ ئەركی نوێ ڕێكبخەنەوە بە بێ ئەوی هاوسەنگی ڕۆحییان لە دەست بدەن؟ ئەگەر سەرەڕای تێكۆشینی مرۆڤ و حكوومەتەكان بۆ ڕێگا خۆشكردن و ڕێكخستنی كاری نۆێ، بەشێكی بەرچاوی مرۆڤ لە بازاڕی كاردا ناچار بە وازهێنان لە ئیشەكەیان بكرێن، دەبێ هەوڵی دۆزینەوەی مودێلیكی نوێی كاریی بدرێت. یەكەم هەنگاو دەبێ ئەوە بێ ڕاستگۆیانە ئەو مودێلە كۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیانەی پێشوومان كە ئیتر بۆ داهاتوو كەڵكیان نەماوە، بناسرێن.

بۆ نموونە سەیری سیستەمی كۆمۆنیستی بكەین: لەبەر ئەوەی ئوتۆماتیك كردن (ئۆتۆماسیۆن)، كۆڵەكەی سەرەكی سیستەمی سەرمایەداری وەلەرزە خستبوو، مرۆڤ

گومانی ئەوەی دەكرد سیستەمی كۆمۆنیستی پێ بەهێز دەبێ. بەڵام بەداخەوە كۆمۆنیزم بۆ ئەوە دروست نەكراوە لە قەیرانیكی ئەوتۆدا بارودۆخەكە بە سوودی خۆی تەواو بكات. كۆمۆنیستانی سەدەی بیستەم لەسەر ئەو بۆچوونە بوون كە چینی كرێكار گرنگایەتییەكی زۆری بۆ بارودۆخی ئابووری هەیە. هەروەها بیرمەندانی كۆمۆنیست خەریكی فێركردنی پرۆلتاریا بوون كە چلۆن دەتوانن هێزی كاریی خۆیان بكەنە هێزێكی مەزنی سیاسی. پلانی سیاسی كۆمۆنیستی چاوەڕوانی شۆڕشی چینی كریكار بوو. ئەو پلانە چ كارتێكەرییەكی دەبێ كاتێ پرۆلتاریا بایەخی ئابووری خۆی لە دەست بدا و كەمتر لەهەنبەر چەوسانەوە و زیاتر دژ بە هەست بە بێ مانایی شۆڕش بكا؟ چلۆن دەكرێ پەرژینی دەوری شۆڕشی چینی كریكار تێك بشكێندرێ، كاتێ هیچ چینێكی كریكار ئیتر بوونی نەبێت؟

لەوانەیە تاقمێك لەسەر ئەو باوەڕە بن كە لە ڕوانگەی ئابوورییەوە هیچكات مرۆڤ بێ مانا نابێت، چونكە تەنانەت ئەگەر لە بازاڕی كاریدا نەتوانێ بەربەرەكانی لە هەنبەر هێزی ژیری دەستكرددا بكات، لای كەم وەك بەكاربەری كڕینی بەرهەمەكان دەمێنێتەوە.

لە ڕاستیدا كامپیۆتر و ئالگاریتم ئیتر هەر بەرهەمهینەر نین بەڵكوو مشتەریشن. بۆ وێنە لە بورسیماڵیدا ئالگاریتم وەك مشتەری ڕاستەقینە بە بێ دەست تێوەردانی مرۆڤ ماكەی سروشتی، پارە، زێڕ و ... دەكڕن و دەفرۆشن. بە هەمان شێوە لە بواری تەبلیغاتیشدا ئالگاریتمەكان باشترین مشتەرین. (لە ئینترنێتدا هەر لاپەڕەیەك بكەیەوە لەپێشدا تەبلیغی یەك لە بەرهەمەكان بەشێوەی ئالگاریتم دەكرێتەوە، یا كاتێ مرۆڤ كەرەسەیەك لە ڕێگای ئامازۆنەوە دەكڕێ، بەشێوەی ئالگاریتم ئەو شتانەی كڕیوین ڕادەگیرێ و بەردەوام تەبلیغ بۆ بەرهەمی هاوچەشن دەكرێت).

دیارە ڕوونە كە ئالگاریتم هەستی خۆناسینیان نییە و بە پێچەوانەی مرۆڤ، ئەو بەرهەمانەی دەیكڕن چێژی لێ وەرناگرن و هەڵوێست و بڕیاردانەكەیان هیچ پەیوەندی لەگەڵ هەستی سۆزداریی یا پێزانینەوە نییە. ئالگاریتمی گەڕانی گووگل ناتوانێ هەست بە چێژی بەستەنی بكات. بەڵام ئالگاریتمی گووگل چێژێكی تایبەتیی هەیە كاتێ باس

لەسەر ماڵپەڕی بەستەنی فرۆشان بێ، لە چركەیەكدا باشترین و سەركەوتووترین بەستەنی فرۆشمان پێ دەناسێنێ. من بەهۆی ئەزموونی كەسیی خۆمەوە دەزانم وەك نووسەر كاتێ كتێبێك لە چاپ دەدەم، لە ناوەندی فرۆشی كتێبەكە كورتە كۆكراوەیەك لەسەر باسی كتێبەكەم بۆ دەنووسن كە بۆ فرۆش لەسەر ماڵپەڕی ئینتێرنێتی گرنگایەتییەكی گەلێك زۆری هەیە. بۆ ئەو كارە لە مرۆڤێكی بە ئەزموون كەڵك وەردەگرن كە كورتكراوەی كتێبەكە لەگەڵ گووگل وا ڕێك دەخا كە بەگورجی بتوانێ سەرنجی مشتەرەی بۆلای خۆی ڕاكێشێ.

كە وابوو كاتێ مرۆڤ نە وەك بەرهەمهێنەر و نە وەك بەكاربەر بۆ كڕینی بەرهەمەكان كەڵكی لێ وەرگیرێت، چ شتێك دەتوانێ مانەوەی جەستەیی و ڕۆحییان گارانتی بكا؟ ئێمە ناتوانین دەست لەسەر دەست دانێین و بەدوای وەڵامی پرسیارەكانمان نەكەوین و بهێڵین قەیرانەكە بگاتە ئەو پەڕی گەورەبوونەوەی خۆی. تا ئەو كاتە ئیتر ڕەنگە زۆر درەنگ بێ كە بتوانین بەربەرەكانی لە هەنبەر پەرەسەندنی تێكنۆلۆژیای نوێی سەدەی بیست و یەكەم كە بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێ، بكەین. بۆ ئەوی بتوانین هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ئەو پێشكەوتووییانە خۆمان بجووڵێنینەوە، دەبێ زۆر بە پەلە مودێلی نوێی ئابووری – كۆمەڵایەتی بدۆزینەوە. لای كەم دەبێ ئەو مۆدێلانە خۆیان لەسەر پرەنسیپێك ساغ بكەنەوە كە خودی "مرۆڤ"، نەك "شوێنی كار"ی پێ پارێزگاری بكرێ.

یەك لەو مۆدێلانە كە ڕەنگە بتوانێ سەرنجی مرۆڤ بۆ لای خۆی ڕاكێشێ، دانانی مووچەیەكی دیاریكراو بۆ هەر مرۆڤێكە. ڕەنگە حكوومەتەكان، ملیاردێران، و كارخانەكان كە ئالگاریتم و ڕۆبۆتەكان كونترۆڵ دەكەن بەشێك لە سەرمایەكەیان وەك مووچەیەكی دیاریكراو بۆ مرۆڤ تەرخان بكەن كە بتوانێ بە بێ كێشە پێی بژی، بە شێوەیەك كە مرۆڤی هەژاری پێ ڕازی ڕابگیرێت و هاوكاتیش مرۆڤی دەوڵەمەندی لە هەنبەر هەژارانی تووڕە پێ پاریزگاری بكرێت.

ئاڵترناتیڤ بۆ ئەو مودێلە دەتوانێ ئەوە بێ كە حكوومەتەكان لەجیاتی پارە تەرخانكردن بۆ مرۆڤ، بوارە گشتییەكانی خزمەتگوزاری بۆ مرۆڤ بۆ وێنە خوێندن و ڕاهێنان، خزمەتگوزاریی دەرمانی و كەرەسەی هات و چۆ و خانوو و... بە بێ

دانی پارە بە شێوەی گشتی بۆهەمووان دەستەبەر بكات، كە ئەو كارە چەشنە سیستەمێكی كۆمۆنیستی دروست دەكا. ڕەنگە سیستەمێكی ئەوتۆ كە باس لەسەر شۆڕشی چینی كریكار دەكا، كاتی بەسەر چووبێت و كۆن بووبێ، بەڵام بۆچی نەتوانین تاقی كەینەوە و بۆ گەیشتن بە ئامانجی سیستەمێكی كۆمۆنیستی لە شێوە و فۆڕمێكیتر كەڵك وەربگرین؟ دیارە دەكرێ لەسەری باس بكرێ ئایا باشترە مرۆڤ بەهۆی مووچەیەكی دیاریكراو (بەهەشتی سەرمایەداری)یەوە ژیانی بەڕێوەبەرێت، یا بەهۆی خزمەتگوزاری گشتیی لە لایەن دەوڵەتەوە (بەهەشتی كۆمۆنیستیی) ژیانی بەڕێوە بچێ. دیارە هەر دووك سیستەمەكە خاڵی لاواز و بەهێزی خۆیان هەیە، بەڵام بۆئەوەی بڕیاری خۆمان لەسەر هەر كام لەو دوو سیستەمە بدەین، كێشە سەرەكییەكە ئەوە دەبێ بە چ شێوازێك چەمكەكانی "گشتی" و "ئاسوودەیی" مانا دەكەینەوە.

## مەبەست لە ئاسوودەیی "گشتی" چییە؟

کاتێ مرۆڤ لەسەر بابەتی پشتیوانی گشتی قسە دەکات – جا چلۆنیەتی داهاتی مانگانە بێت یا کاری خزمەتگوزاریی، ئەودەم بە شێوەیەکی ئاسایی بە "ئاسوودەیی نەتەوەیی گشتی" لێ تێدەگات. تا ئێستا هەموو دەستپێشخەرییەك بۆ داهاتی گشتی نەتەوەیی یا ناوچەیی سنووردار بووە. لە مانگی ژانویەی ٢٠١٧ وڵاتی فینلاند پڕۆژەیەکی دووساڵەی بۆ تاقیکردنەوە وەڕێ خست. لەو پڕۆژەیەدا ٢ هەزار مرۆڤی بێکار هەڵبژێردرابوون کە بە بێ بەستراوەیی بەوەی کار بدۆزنەوە یا نا، لە لایەن دەوڵەتەوە مانگی ٥٦٠ ئۆیرۆیان بۆ تەرخان کرابوو. تاقیکاریی هاوچەشن لە وڵاتی کانادا، ئیتالیا و هولەندیش بەڕێوە دەچێ. ساڵی ٢٠١٦ لە وڵاتی سویس خەڵک بە دەنگدانی خۆیان، داهاتی نەتەوەییان ڕەد کردەوە.

کێشەی پلانی ناوچەیی و نەتەوەیی لەوە دایە، بە ئەگەری زۆر قوربانیانی سەرەکیی ئۆتوماتیك کردنی بواری کاریی لە وڵاتانی فینلاند، ئیتالیا، کانادا و هولەند تەنیا لەو وڵاتانە ژیان ناکەن. گلۆبالبوونی جیهانی بۆتە هۆی بەستراوەیی بێ ئەملا و ئەولای مرۆڤی وڵاتێك بە بازاڕی ئابووریی وڵاتانیترەوە. بەڵام ئۆتۆماسیۆن دەتوانێ بەشێکی گەورەی ئەو تۆڕە سەوداگەرییە بشێوێنێ و ئاکامی وێرانکەری بۆ چینی لاوازی کۆمەڵگا بەدواوادا بێ. لە سەدەی بیستەمدا ئەو وڵاتانەی بەرەو پەرەسەندن دەڕۆیشتن و کێشەی نەبوونی کانزا سروشتییەکانیان هەبوو، پێشکەوتوویی ئابوورییان لە پلەی یەکەمدا لە ڕێگای فرۆشتنی هێزی کاریی هەرزانەوە ئەزموون دەکرد. لەمرۆدا بۆ وێنە ملیۆنان مرۆڤی بنگلادێشی بژیوی ژیانیان بە دروونی جلوبەرگ و ناردنیان بۆ ئەمریکا و ئوروپا دابین دەکەن، لە حاڵێکدا مرۆڤ لە بەنگلۆر پارەی ژیانیان لە ڕێی پێکهێنانی ناوەندی تەلەفۆنیی و سرویسی تەلەفۆنی ئەوتۆ دابین دەکەن کە خۆی بە کێشە و پرسیاری مشتەریی ئەمریکایی و ئوروپاییەوە خەریك کردووە.

بە هۆی هاتنی ژیری دەستكرد وەك ڕۆبۆت و پرینتی ٣ ڕەهەندیی كاری هەرزانی ئەو وڵاتانە بە ڕاشكاویی بەرەو توونا بوون دەڕوا. لەجیاتی دروستكردنی بەرهەمێك بۆ وێنە كراس یا بلووزێك لە وڵاتانی ئاسیایی و ناردنیان بۆ ئەمریكا و ئوروپا دەتوانرێ بە هاسانی لێرە لە ڕێی ئامازۆنەوە داوای بكرێت و بەهۆی پرینتی ٣ ڕەهەندی هەر لە وڵاتەكەی خۆیان پرینتی بكەن و پارەی ناردنەكەشی لە شوێنێكی دوورەوە پاشەكەوت بكەن. هەموو دووكانە بوتیكەكان، عەترفرۆشییەكان و ...هتد، دەكرێ لە لایەن ڕێكخراوەی ئۆنلاینی وەك ئامازۆن و گووگل و ... جێیان بگیرێتەوە و ناچار بە داخستن بكرێن. لەبەر ئەوەی ڕێكخراوەی وەك ئامازۆن یا گووگل پارەی سرویس، كرێی دوكان وماڵیاتی كەم و زۆر شتیتریان لەسەر شان نییە، دەتوانن كالا و بەرهەمەكان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ دووكانداران، گەلێك بە هەرزانتر بفرۆشن. لە ئەنجامدا، دوكانە بچووكەكان ناتوانن لەگەڵ ڕێكخراەی وەك ئامازۆن كێبەركێ بكەن، ناچار بە داخستنی دووكانەكانیان دەكرێن.

بەهۆی بێكاربوونی مرۆڤ (كاری هەرزان) لە وڵاتە ئاسیاییەكان هەروەها لەبەر ئەوەی ئەو مرۆڤانە زانستێكی كاریی ئەوتۆیان نییە یاخود لە ڕێی زانستییەوە فێری پیشەیەك نەكراون، ناتوانن بە ساكاری لەگەڵ بارودۆخی نوێی كۆمەڵگا واتە كاركردن بە كامپیۆتر یان پرینتی ٣ ڕەهەندیی خۆیان بگونجێنن یا خۆیان لەگەڵ كەرەسەی ئاڵۆزی هاوچەشن ڕێك بخەن و لە كۆتاییدا بێكار دەمێننەوە و دەبنە سەرباری كۆمەڵگا. ئەو مرۆڤانە چلۆن دەتوانن درێژە بە ژیانیان بدەن؟

ئەگەر لە ڕاستیدا ژیری دەستكرد و پرینتی ٣ ڕەهەندیی ئەرك و جێی كاری ئەو مرۆڤانە بگرنەوە كە بژیوی ژیانیان لەو ڕێگایەوە دابین دەكرێ، گیرفانی سەرمایەدارانی ڕۆژئاوایی هێندەیتر پێ پڕ دەكات و لەجیاتی ئەوەی بارودۆخی ئابووری جیهانی پێ باشتر بێت، دەمە مقەستی نێوان چینی هەژار و دەوڵەمەند هێندەیتر لێك بڵاو دەكاتەوە.

سروشتیە وڵاتانی وەك هیند یا بەنگلادش ئەگەر پلانی دروست و كاتی پێویستیان بۆ فێر كردن و ڕاهێنانی نەوەیٔ نوێی وڵاتەكە بۆ كاركردن بە كامپیۆتر و پرینتی ٣

ڕەهەندی هەبێ، ڕەنگە بتوانن بە گورجی كۆمەڵگاكەیان بەرەو پێشكەوتوویی هیدایەت بكەن بۆ ئەوەی ئەوانیش بەشێك لە سەرمایەی جیهان بن. بەڵام وێدەچێ كات بۆ ئەو كارە گەلێك كەم بێ. لە ڕابردوودا كاری هەرزان وەك پردێكی ئەمن بۆ گەیشتن بە پارە و بژیوی ژیان سەیر دەكرا، بەڵام ئێستا ئەو پردە لاواز بووە و دەتوانێ بە زوویی تێك بڕووخێ. ئەو كەسانەی بەهۆی كاری هەرزانی مرۆڤەكانیترەوە لە پردەكە تێپەڕ بوون و جێی خۆیان لە لای سەرەوە كردۆتەوە، بە ئەگەری زۆر كێشەیەكی ئەوتۆیان بۆ پێك نایە. بەڵام ئەو كەسانەی لەم بەری پردەكە ماونەتەوە هیچ دەرەتانێكیان نییە خۆیان لەو زلقاوە ڕزگار بكەن. ئەدی ئەو وڵاتانەی لە كانزای سروشتی بێ بەهرەن و سیستەمێكی فێركەری ئەوتۆ شك نابەن كە بتوانن مرۆڤی كۆمەڵگاكانیانی پێ ڕابێنن، دەبێ چ بكەن؟

چارەنووسی مرۆڤە دواكەوتووەكان و بەجێماو لە پشت پردە ڕووخاوەكان، چی و چۆن دەبێ؟ دەنگدەرانی ئەمریكایی ڕەنگە بتوانن بێنە سەر ئەو بڕیارەی كە ئەو باج وماڵیاتەی ئامازۆن و گووگل بۆ فرۆشتنی بەرهەمەكانیان بە دەوڵەتی دەدەن، بۆ مرۆڤی بێكار تەرخان بكرێت. بەڵام ئایا هەمان دەنگدەران ئامادەن دەنگی خۆیان بە سیاسەتوانان بدەن بۆ دابینكردنی بژیوی مرۆڤی بیانی لە وڵاتانی دواكەوتوو كە سەرۆك كۆمارەكەیان ترامپ بە "وڵاتانی حەرامزادە و پیس و پڵۆخ" ناویان دەبات؟

## پشتیوانی گشتیی كۆمەڵگا چ مانایەكی هەیە؟

بە شێوەی گشتی و سەرەكی ئاسایشی كۆمەڵگا دەبێ خۆی بە پێداویستییە گشتییەكانی مرۆڤەوە خەریك بكا، بەڵام بۆ ئەو كارە چەمكیكی گشتیی پەسەندكراو بوونی نییە. لە ڕوانگەی بیۆلۆژیكییەوە مرۆڤی ساپیەن بۆ ئەوەی بتوانێ درێژە بە ژیانی بدا لە ڕۆژدا پێویستی بە ١٥٠٠ تا ٢٠٠٠ كالۆری هەیە. لەوە زیاتر تەنیا دەتوانین ناوی ژیانی لوكسی لەسەردا بنێین. لەڕاستیدا هەموو كۆمەڵ و كولتوورێك لە مێژوودا تێپەڕبوونیان لەو سنووورە "هەژارە – بیۆلۆژیكییە"، بە پێداویستیی و دۆخی تایبەتی خۆیانەوە دەچەسپێنن؟ لە سەردەمی سەدەكانی ناوەڕاستی ئورووپادا بەشداریكردن لە داب و نەریتی ئایینی گرنگتر لە پێداویستیی خواردەمەنی لە ئەژمار دەهات، چونكە مرۆڤ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پیداویستیی جەستەیی كە كاتیی و نابەردەوام بووە، زیاتر هەوڵی بۆ گەشەپێدانی ڕۆحی هەمیشەیی خۆی داوە. لە ئورووپای ئەمڕۆییدا خاڵی گرنگ بۆ پێداویستیی ژیان، پەروەردەی باش و سڵامەتی جەستە لە پلەی یەكەمدا جێی گرتووە. تەنانەت بەشێك لە خەڵك لەسەر ئەو بۆچوونەن كە دەست پێڕاگەییشتن بە ئینترنێت بۆ مرۆڤ گرنگتر لە هەموو شتێكیترە. ئەگەر لە داهاتوودا وڵاتانی یەكگرتووی جیهان بۆ وێنە لە ساڵی ٢٠٥٠ دا ڕێك بكەون باج لە گووگڵ، ئامازۆن، بایدو "Baidu" و تێنسێنت "Tencent" وەربگرن بۆ ئەوەی بە پارەكەی بتوانن بارودۆخێكی ئەمن و ئاسایش وەك پێداویستی لای كەمی ژیان بۆ هەموو مرۆڤێكی هەژاری سەر ئەم هەردە دابین بكەن، بە چ شێوەیەك دەتوانین ناو لەو كارە بنێین؟

بۆ وێنە پێداویستی بۆ ڕاهێنانی گشتی مرۆڤ چییە؟ تەنیا نووسین و خوێندنەوە بەسە یاخود دەبێ مرۆڤ بتوانێ پرۆگرامی كامپێۆتر بنووسێ؟ بۆ مرۆڤ تەنیا شەش ساڵ خوێندنی سەرەتایی بەسە یا دەبێ زانستگە تەواو بكات؟ ئەدی سنووری خەمخۆری سڵامەتی دەبێ تا چ ڕادەیەك بێ؟ ئەگەر پێشكەوتوویی پزیشكی و سڵامەتی تا ساڵی ٢٠٥٠ ئەو دەرەتانە بۆ مرۆڤ پێك بێنێ كە پرۆسەی پیربوونی مرۆڤ كورت و

تەمەنی درێژ بکاتەوە، ئایا ئەو دەرفەتە پزیشکییە بۆ ١٠ ملیارد مرۆڤی ئەو سەردەمە وەك یەك دەبێ یا تەنیا چەند مرۆڤی دەوڵەمەند دەتوانن كەڵك لەو پێشكەوتووییە وەرگرن؟ ئەگەر بیۆ تێكنۆلۆژی ئەو دەرەتانە بۆ دایك و باوكان پێك بێنێ كە بەهۆی دەستتێوەردانی ژێنێتیكییەوە گۆڕانكاری بەسەر منداڵەكانیاندا پێک بێنن، ئایا وەك دەرفەتێكی گشتی سەیر دەكرێ یا دەبێ چاوەڕوانی كۆمەڵێكی لێك دابڕاو بین كە لە ڕوانگەی بیۆلۆژیكییەوە جیاوازییان هەبێ و مرۆڤی دەوڵەمەند و بلیمەت وەسەر مرۆڤی هەژار بكەوێ؟

جا ئەوەی كە پێداویستیی سەرەتایی ژیانی مرۆڤ بە چ شێوازێك مانا بكرێتەوە، لە كۆمەڵگادا وەك كارێكی ئاسایی لێ دەردێ و لە ئوتومبیلی بێ شۆفیرەوە هەتا گۆڕانی ژێنێتیكی مرۆڤ، باسێكی گەورە لە نێوان كۆمەلانی خەڵك و سیاسەتوانان وەڕێ دەخا. بەڵام كاتێ زۆرینەی مرۆڤی بێكاری داهاتوو لە داهاتی ئابووری بێ بەش بن، زۆر ئەستەم دەكرێ بزانین چلۆن دەتوانن هیوادار بن لە داهاتودا بەشداریی ئەو پێشكەوتووییانە بكەن. ئەزموونەكەشی دەبێتە هۆی دابڕانی چینی دەوڵەمەند (بەڕێوەبەرانی گووگڵ، ئامازۆن و ... بە گشتی سەرمایە دار) لە مرۆڤی هەژار (ئەو كەسانەی بە داهاتێكی سەرەتایی ژیان بەستراونەتەوە) و ئەو كەلێنەیان نەك هەر گەورەتر دەبێتەوە، بەڵكوو ئیتر ناتوانرێ لە كۆمەڵگادا لێك گرێ بدرێن.

ئەگەر لە ساڵی ٢٠٥٠ فۆرمێكی ژیانی گشتی و ڕاهێنانی باشتر لە ئەمڕۆ بۆ مرۆڤی هەژار دابین بكرێ، هێشتا ئەگەری تووڕەیی مرۆڤی ئاسایی لەسەر جیاوازیی خۆیان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤی دەوڵەمەندی كۆمەڵگا، لە ئارادا دەبێت و ئەو هەستە لە مرۆڤدا پەروەردە دەبێ كە سیستەمە كۆمەلایەتییەكە دژ بەوان دەجووڵێتەوە، حكوومەت تەنیا لە خزمەت دەوڵەمەنداندایە و داهاتووی خۆیان و منداڵەكانیان لە مەترسیدایە.

مرۆڤی هۆمۆ ساپیەن بۆ ڕازیبوون گەشەی نەسەندووە. بەختەوەریی مرۆڤ كەمتر بە بارودۆخ و هێزی چاوەڕوانییەكانیەوە بەستراوتەوە. چاوەڕوانییەكان ناچاری دەكەن خۆی لەگەڵ بارودۆخی ژیانی خۆی و مرۆڤی دەوروبەریدا ڕێك بخات. ئەگەر دۆخی ژیانی باشتر ببێتەوە، پلە و ڕادەی چاوەڕوانییەكانیشی بەرز دەبنەوە و بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بارودۆخی پێشووی ئەزموونەكەی دەبێتە هۆی ڕازیبوونی ڕێژەیی. ئەگەر

پشتیوانییەكی گشتیی بتوانێ بارودۆخی زەینیی مرۆڤی مامناوەندی كۆمەڵ لە ساڵی ٢٠٥٠ باشتر بكات، ئەو كات ڕەنگە دەرفەتێكی باش پێك بێ بۆ ژیانی بێ شەڕ و هەنگامە. ئەگەر لە ڕاستیدا پشتیوانیی گشتی بیهەوێ بە ئامانجەكانی بگات، دەبێ چەندین چالاكی ژیرانە وەرێ بخا، لە وەرزش و سڵامەتییەوە هەتا ئایین و ... هتد. تا ئێستا سەركەوتوو ترین تاقیكارییی لە جیهانێكی كاریی ئەوڕۆییدا كە بتوانێ ژیانی بەختەوەر بەڕێوەبەرێ، لە وڵاتی ئیسرائیل دەبینرێ. لەوێ نیزیكەی ٥٠ لە سەدی پیاوانی زێدەڕۆی ئورتۆدۆكسی هەرگیز كار ناكەن. ئەوان ژیانی خۆیان بە خوێندنەوەی كتێبە پیرۆزەكەیان و بەڕێوەبردنی ڕێ و ڕەسمی ئایینەكەیان بۆخۆیان و بنەماڵەكەیانەوە خەریك دەكەن بۆیە برسێتی ناچێژن چونكە لە لایەكەوە ژنەكانیان كار دەكەن و لەولاشەوە دەوڵەت بە دڵ فراوانییەوە ئاگای لێیانە و خزمەتگوزارییە كۆمەڵایەتییەكانیان بە خۆڕایی بۆ دابین دەكا. لێرەدا مرۆڤ چاوەدێریی پشتیوانییەكی گشتیی واتە "avant la lettre" دەكا.

دیارە ئەو پیاوە زێدەڕۆیە یەهوودییانە هەژار و بێكارن بەڵام لە زۆربەی هەڵسەنگاندنەكانی بیروڕادا خۆیان لە هەموو چینەكانی كۆمەڵگا بە بەختەوەرتر دەزانن. ئەو ڕازی بوون و بەختەوەرییە لە لایەكەوە پەیوەندیی بە گەشەی هەستی كۆمەڵایەتییەوە هەیە و لە لایەكیتریشەوە بە مانای قووڵی ژیانیانەوە بەستراوەتەوە كە لەناو نووسراوە و داب و نەریتی ئایینیدا دەیدۆزنەوە. لە ژوورێكی بچووكی پڕ لە پیاوی یەهوودی كە لەسەر تەلمود "Talmud" باس و گفتوگۆ دەكەن دەتوانن خۆشحاڵی، بەرپرسایەتی و زانستێكی زیاتر لەوە نیشان بدەن كە لە كارخانەیەكی گەورەدا بۆ پارەیەكی كەم چەندین كاتژمێر كاری دژواریان لێ بكێشن. لەسەر پرسیاری ژیانی بەختەوەری – گلۆبالیی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هەموو پیاوە بێكارە، دەبینین كە وڵاتی ئیسرائیل ڕیزبەندییەكی زۆر باشی لە جیهاندا هەیە.

مرۆڤی سێكولاری ئیسرائیلی زۆرجار سكالایان لەوە هەیە كە پیاوانی زێدەڕۆی ئورتۆدۆكسی بۆ گەشەكردنی كۆمەڵگا ئەركێكی ئەوتۆیان لەسەر شان نییە و لەسەر زگی كاری دژواری مرۆڤەكانیتر ژیان بەڕێوە دەبەن. هەروەها دەستەیەک مرۆڤی سێكولاری ئیسرائیلی لەسەر ئەو بۆچوونەن كە شێوەی ژیانی ئەو مرۆڤە زێدەڕۆیانە

داهاتوویەكی سەقامگیری نییە، بەتایبەت ئەو بنەماڵانە بە شێوەی مامناوەندیی ٧ منداڵیان هەیە و درەنگ یا زوو حكوومەت ئیتر ناتوانێ پشتیوانی لەو هەموو مرۆڤە بێكارە بكا و دەبێ خۆیان وەدوای كارێك بكەون كە بتوانن بژیوی ژیانیانی پێ دابین بكەن. دیارە دەشتوانێ بە پێچەوانەی ئەوە بێت، چونكە ئەگەر لە داهاتوودا ڕۆبۆت و ژیری دەستكرد مرۆڤ لە بازاڕی كاریی دەر بكەن، مودێلێكی وەك ئەو مرۆڤە زێدەرۆیە یەهوودیانە دەتوانرێ بۆ داهاتوو كەڵكی لێ وەرگیرێت بۆ ئەوەی مرۆڤ نەبێتە فۆسیلی ڕابردوو. ئەوەش بەو مانایە نییە هەموو مرۆڤێكی داهاتوو ببێتە یەهوودیی زێدەڕۆ و خەریكی خوێندنەوەی سەرچاوەی ئایینی بێ، بەڵام مرۆڤ دەرفەتی ئەوەی پێ دەدرێ بەدوای مانای ژیانیدا بگەڕێ و بە كۆمەڵ شوێنێكی كاریی بدۆزنەوە كە خۆیانی تێدا بەختەوەر هەست پێ بكەن.

ئەگەر ئێمەی مرۆڤ بتوانین تۆڕێكی گشتیی كۆمەڵایەتیی بەهێز و دڵنیا لە چالاكییەكی ژیرانە گرێ بدەین، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە كە ئێمە لە داهاتوودا كارەكەمان لە ڕێگەی ئالگاریتمەوە لەدەست دەدەین، دەتوانێ خاڵی ئەرێنی و نیعمەتێك بێ بۆ ئێمە. سنارێۆیەكی گەلێك مەترسیدار ئەوە دەبێ كە ئێمە كونترۆڵی ژیانمان لەدەست دەرچێ. سەرەڕای بێكارییەكی گشتیی ناو كۆمەڵگا، دەبێ ئێمە بیر لە داهاتووی درێژخایەن بكەینەوە كە هێزی كاریی مرۆڤ دەسپێردرێتە دەستی ژیری دەستكرد و ئالگاریتم، باوەڕ بە گێڕاوەی لیبراڵی بە تەواوی تoونا دەكرێ و دەرك و دەروازە بۆ دیكتاتۆری دیجیتالی دەكرێتەوە.

## ئەركی سێ : ئازادیی

### داتای مەزن چاوەدێریمان دەكەن

گێراوەی لیبڕالی ئازادیی مرۆڤی كردۆتە سەرەكیترین ئامانجی خۆی. ئەوان لەسەر ئەو بڕوایەن كە هەموو هێزێكی ئەم جیهانە لە ویستی ئازادی مرۆڤەوە- هەست، ئارەزوو و بڕیارەكانیەوە سەرچاوە دەگرێ. هەر بەو هۆیەش، لە ڕوانگەی سیاسییەوە گرنگایەتی بە دەنگدانی دێموكراتیك و ئازاد دەدرێ. لە ڕوانگەی ئابوورییەوە لیبڕاڵیزم لەسەر ئەو بۆچوونەیە كە حەق هەمیشە بە مشتەری واتە كڕیارە، هەر بۆیە پرەنسیپی بازاڕی ئازادیان پێكهێناوە. لە پرسیاركردنی تاكەكەسیدا، لیبڕاڵیزم مرۆڤ هان دەدا گوێ لە ویستی دڵی خۆیان بگرن، لە هەنبەر خۆیاندا ڕاستگۆ بن و وەدوای ویستی دڵیان كەون – تا ئەو جێیەی ئازادی مرۆڤەكانیتری پێ پێشل نەكەن. ئەو ئازادییە كەسییە لە مافەكانی مرۆڤدا ڕەنگی داوەتەوە.

لە باس و گفت و گۆی سیاسی ڕۆژئاواییدا چەمكی "لیبڕال" لەمرۆدا لە پەیوەندایەتییەكی زۆری حیزبە سیاسییەكاندا كەڵكی لێ وەردەگیرێت و ئەو كەسانە دەست نیشان دەكا كە بۆ وێنە پشتیوانی لە مەبەستێكی تایبەتیی وەك مافی بەرانبەری هاوسەریی، یاسای خاوەنداریەتی چەكەمەنی یا لەباربردنی منداڵ دەكەن. هەروەها زۆرینەی مرۆڤی خۆپارێز بەهۆی جیهانبینییەكی لیبڕاڵییەوە خۆیان لە كۆمەڵگادا نیشان دەدەن. بە تایبەت لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كۆمارخوازەكان و دێموكراتەكان زۆر جار كێبەركێی و دژایەتی نێوان خۆیان وەلا دەنێن و وەبیر خۆیانی دێننەوە كە هەموویان بە گشتیی باوەڕیان بە پرەنسیپە گشتییەكانی وەك هەڵبژاردنی ئازاد، دادپەروەریی سەربەخۆ و مافی مرۆڤ هەیە.

بەتايبەت وەبير خۆيانی دێننەوە كە قارەمانانی بەرگری لە ماف وەك رۆنالد رێگان "Ronald Reagan" و مارگارێت تاچێر "Margaret Thatcher" لايەنگرانی نەك هەر بازاڕی ئازادی ئابووری بوون بەڵكوو هەوڵيان بۆ مافی ئازادی مرۆڤيش داوە. ساڵی ١٩٨٧ مارگارت تاچێر لە سەر مێدياكان گوتی: "شتێك وەك كۆمەڵگا هەر بوونی نييە. تێكەڵاوييەكی هەمەڕەنگی نێوان ژنان و پياوان بوونی هەيە ... و پلەی باشيی ژيانمان بەوەوە بەستراوەتەوە، تا چ ڕادەيەك ئامادە بين بەرپرسايەتيی بۆ خۆمان لە ئەستۆ بگرين."

ئەو ميراتەی وا تاچێر بۆ مرۆڤی ئينگليزيی خۆپارێزی لەخۆ بەجێ هێشتووە لەگەڵ ڕوانگەی حيزبی كرێكار پێكەوە لەسەر ئەو بۆچوونەن كە هێزی سياسی لە هەست و هەڵبژاردن و بڕياری ئازادی مرۆڤ پێكهاتووە. كاتێ هێزمەندانی بريتانيايی ناچار بە بڕيار لەسەر چوونە دەری يەكيەتيی ئورۆپا كران، بەو هۆيەوە سەرەک وەزيران دەيويد كامێرون "David Cameron" داوای لە شاژن ئيليزابێثی دووهەم، ئوسقۆفی مەزنی كانتربری يا زانايانی ئاكسفۆرد و كمبريج نەكرد وەڵامی ئەو پرسيارە بدەنەوە. ئەو تەنانەت لە نوێنەرانی پارلمانيشی پرسيار نەكرد. لەجياتی ئەو كارانە، ئەو پرسێكی گشتی وەڕێ خست و پرسيارەكەی ڕاستەوخۆ خستە ئەستۆی هەموو مرۆڤەكانی بريتانيای مەزن و گوتی سەبارەت بەو جيابوونەوەيە چ هەستێكيان هەيە؟

ئێستا دەكرێ مرۆڤ بۆچوونێكيتری هەبێ و باس لەسەر ئەوە بكا كە ئەو پرسيارەی لە مرۆڤەكان كراوە، دەبوو: "بۆچوونی ئێوە چييە؟" بێت نەك پرسياری "هەستی ئێوە چييە؟"، بەڵام ئەو كارە تێگەيشتنێكی هەڵەيە. ڕاپرسی گشتی و هەڵبژاردن هەميشە پەيوەنديی بە هەستی مرۆڤەكانەوە هەيە نەك لەگەڵ عەقڵانيەتيان. ئەگەر دێمۆكراسی تەوەرێك بۆ بڕياردانی مەنتيقی بوايە، هيچ هۆيەك بوونی نەدەبوو كە بە هەموو كەس مافی هەڵبژاردنی وەك يەك بدرێ - ياخود بە هيچ شێوەيەك مافی هەڵبژاردنيان پێ نەدرێ. بەڵگەی زۆر هەيە بۆ ئەوەی تاقمێك لە مرۆڤ زاناتر و ژيرتر لەوانيترن، ئەو بۆچوونە بەتايبەت ڕاست دەردێ ئەگەر باس لەسەر بارو دۆخی ڕوونی ئابووری و سياسی بێت. دوای بڕياردانی برێگزيت "Brexit" ريچارد داوكنيز "Richard Dawkins" بوونەوەرناسی ناودار گازندەی هەبوو كە زۆربەی مرۆڤی وڵاتی

ئینگلیز و تەنانەت خۆشی نەدەبوو بە هیچ شێوەیەك ناچار بە بەشداریی لەو ڕاپرسییە كرابان، چونكە ئەو مرۆڤانە زانایی كافییان بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سەبارەت بە بارودۆخی ئەستەمی ئابووری و زانستی سیاسی نییە. ئەو كارە تەواو وەك ئەوەیە كە لە خەڵكی پرسیار بكرێ ئایا حیسابات و ئیحتمالەكانی ئەنشتاین ڕاست بوون، یا لە میوانانی فڕۆكەیەك پرسیار بكەن فڕۆكەوانەكە دەبێ كامە ڕێگا بۆ فڕین هەڵبژێرێ.

بەڵام جیاوازی نییە مرۆڤ ئەو كارە بە باش یا خراپ دانێ: تەوەرەكانی هەڵبژاردن و ڕاپرسیی، پەیوەندیی بە بیركردنەوەی ئێمەوە نییە، بەڵكوو باسەكە لەسەر ئەوەیە ئێمە چ هەستێكمان هەیە. ئەگەر تەنیا مەبەست هەستكردن بێ، ئەنشتاین و داوكنیزیش باشتر لە مرۆڤەكانیتر نین. دێمۆكراسی لەسەر ئەو گریمانە دانراوە كە هەستە ئینسانییەكان كاردانەوەی "ویستێكی ئازاد" و نهێنی و سەرەكین، كە ئەو ویستە ئازادە سەرچاوەی هێزێكی نەهاییە و ڕەنگە سەرەڕای ئازاد بوونی هەموویان، تاقمێكیان ژیرتر و وریاتر لەوانیتر بن. هەر وەك ئەنشتاین و داوكنیز، مرۆڤێكی ئاساییش كە تەنانەت توانای نووسین و خوێندنەوەی نییە، بەڵام ویستێكی ئازادی هەیە، هەستكردنەكەیان – كە بڕیاری دەروونی ئەوانە، لە ڕۆژی هەڵبژاردنەكاندا وەك هەموو مرۆڤێكیتر لە ئەژمار دێت.

هەستەكان تەنیا دەنگدەران ڕێنوێنی ناكەن بەڵكوو ڕێگای سیاسەتوانانیش دیاری دەكەن. لە ڕاپرسی برێگزیتی ساڵی ٢٠١٦ دا بوریس جانسۆن "Boris Johnson" و مایكل گۆڤ "Michael Gove" پێكەوە ڕێبەری "Leave campaign" بوون. دوای دەست لە كاركێشانەوەی دەیوید كامرۆن "David Cameron" لە سەرەتاوە مایكل گۆڤ پشتیوانی لە بوریس جانسۆن كرد بۆ جێگریی دەیوید كامرۆن، بەڵام لە خولی كۆتاییدا مایكل گۆڤ ڕوونی كردەوە كە بوریس جانسۆن بۆ ئەو پۆستە باش نییە و خۆی بۆ جێنیشینی كاندید كرد. ئەو كارەی گۆڤ كە شانسی سیاسیی بوریس جانسۆنی توونا كرد وەك مردنێكی سیاسی لە ئەژمار هات. بەڵام گۆڤ بەرگری لە كردەوەی خۆی كرد و بە پەیوەنددان بە هەستییەوە ڕوونی كردەوە: "بۆ ئەو هەنگاوە لە ژیانی سیاسیمدا ئەو پرسیارەم لە خۆم كرد: چ ڕێگایەك لە هەموو ئەوانیتر دروست ترە؟ دڵت لێرەدا چی دەڵێ؟" بەو هۆیەوە گۆڤ گوتی، بە شێوەیەكی چەتوون و دژوار بۆ برێگزیت

چالاکی و بەربەرەکانی کردووە و بەو هۆیەشەوە ناچار بووە خەیانەت بە هەڤاڵە سیاسییەکەی خۆی بکا و بۆ ئەو پۆستە خۆی کاندید بکا – چونکە دڵی ئەمری پێکردووە ئەو کارە بەڕێوەبەری.

ئەو چەشنە متمانەکردنە بە دڵ و هەستی دەروونی لە تاقم و بارودۆخێکدا دەتوانێ بیسەلمینێ کە "پاژنەی ئاشێل[٤]"ی ئازادی و دیمۆکراسی بوونی هەیە. چونکە هەرکات کەسێك (جا لە پیکەن یا سانفرانسیسکۆ) دەرەتانی تێکنیکی و فەننی بۆ مسۆگەر بێت، دڵی ئینسانی "هەك"(کردنەوە) بکا و مانیپۆلیرەی بکات یاخود گۆڕانی بەسەردا بێنێ، بەو کارەی سیاسەتی دێمۆکراتیک دەکاتە شانۆگەرییەکی عاتیفی.

---

٤ تاقە خاڵی لاوازی دیاردەیەک کە دەکرێ زەفەری پێ ببردرێت، لە ئوستوورەیەکی یۆنانی وەرگیراوە.

## گوێ لە ئالگاریتم دەگرین

باوەڕی لیبڕالی لەسەر هەستەکان و بڕیاردانی ئازاد، نە لە لایەن سروشتەوە بە مرۆڤ دراوە و نە پرۆسەیەکی گەلێك کۆنە. هەزاران ساڵی دوور و درێژە کە مرۆڤ لەسەر ئەو باوەڕەن هێز، ویست و توانایی تەنیا لێهاتوویەکی خوداییە و پەیوەندیی بە دڵ و ویستی مرۆڤەوە نییە، هەر بۆیە دەبێ گوتەکانی خودا بە پیرۆز دابنرێن، نەك ئازادیی مرۆڤ. لە چەند سەدەیەک لەمەوپێشەوە سەرچاوەی هێز و ویستی خودایی لە ئاسمانەوە نەزم بۆوە و ئەسپێردرا بە مرۆڤی پێکهاتوو لە گۆشت و خوێن.

بەڵام ئەو هێزە دەتوانێ بە زوویی جێی خۆی بگۆڕێ – لە مرۆڤەوە بۆ ئالگاریتمەکان. هەر وەك چۆن هێزی خودایی لە لایەن داب و نەریتی ئایینیەوە بەفەرمی دەکرێ، و هێز و توانایی مرۆڤ لە لایەن گێڕاوەی لیبڕالی پاساوی بۆ دەکرێ، شۆڕشی تێکنۆلۆژیی داهاتووش هێزی داتای مەزنی ئالگاریتمی بەدەستەوە دەگرێ و هاوکاتیش باوەڕی ئازادیی مرۆڤ پووچەڵ دەکاتەوە و دەیخاتە ناو گۆڕەوە.

هەر وەك لە بەشەکانی پێشووی ئەم کتێبەدا ئاماژەمان پێکرد، بەڵگەی زانستی سەبارەت بە مێشك و جەستەی بوونەوەران پیشانی دەدەن کە هەستەکانمان بە مانای چلۆنایەتیی زەینی مرۆڤ نییە و بە هیچ شێوازێك دەنگدانەوەی هیچ چەشنە "ویست"ێکی ئازادی مرۆڤ نییە. هەستەکان زیاتر مێکانیزمێکی بیۆکیمیایین کە هەموو بوونەوەرێکی شیردەر و باڵندە کەڵکی لێ وەردەگرن بۆ ئەوەی بە خێرایی بتوانن ئەگەری زیندوومانەوە و زا و زێیانی پێ بپێون. هەستەکان خۆیان بە ڕوانگەوە نەبەستۆتەوە، سەرۆ (ئیلهام) یا ئازادیی – بنەڕەتیان بە پێوان و حیساباتەوە بەستراوەتەوە.

ئەگەر مەیموونێك، مشكێك یا مرۆڤێك چاو لە مارێك ببڕێ، ترسیان تێدا پێك دێ، چونكە ملیۆنان خانەی دەماری لە مێشكیاندا بە خێراییەكی زۆر پرۆسەكە حیساب دەكەن و دێنە سەر ئەو بڕیارە كە ئەگەری مردنیان گەلێك زۆرە. هەستی نیزیكی سێكسی ئەوكات پێك دێن كە كەسێك یا هاوچەشنێك لە پەنای یەكتر بكەون و ئیحتمالی سەركەوتوویی جووت گیری، هۆگری كۆمەڵایەتی یا ئامانجێكیتری بۆ بەرهەم بێت؛ ئەوانە لە لایەن ئالگاریتمی بیۆكیمیایی تایبەت بە خۆیانەوە حیساب دەكرێن. هەستی ئەخلاقی وەك تووڕەیی، گوناح یا بەخشین دەگەڕێنەوە بۆ هۆكاری میكانیزمی دەماریی و بۆ ئەوە خوڵقێندراون كە كاری هاوبەشی نێوان گرووپ یا دەستەیەك مسووگەر بكەن. هەموو ئەو ئالگاریتمە بیۆكیمیاییانە لە ڕەوتی گەشەسەندنی ملیۆنان ساڵ پێكهاتوون و بەرە بەرە پاڵێوراون، خاوێن و پوخت كراونەوە. بۆ وێنە ئەگەر یەك لە هەستەكانی پێشینیانمان لە پرۆسەی ئاسایی سەردەمی خۆیدا هەڵەی تێدا بووبێ، ئەو "ژێن"انەی هەستەكان كونترۆڵ دەكەن، بە وەچەی داهاتوو ڕانەگوێزراون و هەڵەكەیان تێدا لەناو چووە. كە وابوو هەستەكان دژبەری فام و تێگەییشتوویی نین — ئەوان وێناكردنی عەقڵانییەتی گەشەسەندنن.

ئەوەیكە لە ڕاستیدا هەستەكان حیسابكراون، لە شێوەی ئاسایی خۆیاندا لەبەرچاویان ناگرین، چونكە پرۆسەی خێرای حیسبكارییەكە لە ژێر دەسپێكی خۆناسینی ئێمە جێگر بووە و هەستی پێ ناكەین، چلۆن ملیۆنان خانەی دەماریی لە مێشكماندا ئەگەری زیندوو مانەوە و زاوزێی بۆ ڕاگرتنی وەچەی داهاتوومان حیساب دەكەن، هەر بەو هۆیەشەوە بە هەڵە پێمان وایە هەستی ترس لە دیتنی مار، هەڵبژاردنی هاوچەشن بۆ جووت گیری یا ڕوانگەی جیهانیمان سەبارەت بە كۆمەڵگاكان ئەزموونی نامۆی "ویستی ئازاد"ی خۆمانن.

بەڵام ئەگەر لیبراڵیزم لە شێوەی هەڵەی خۆیدا لەسەر ئەو باوەڕەیە كە هەستەكانمان ئاوێنەی ویستی ئازادی مرۆڤەكانن، تا ئەمڕۆ لە كردەوەدا كارێكی ژیرانە بووە كە مرۆڤ خۆی بە هەستەكانییەوە ببستێتەوە. چونكە سەرەڕای ئەوەیكە هەستەكانمان هیچ پەیوەندییەكی بە ویستی ئازاد یا شتێكی سیحراوییەوە نییە، باشترین شێوازی ئارایی"مەوجوود" بوونمان بۆ بڕیاردان لەسەر خوێندن لە زانستگە، زەماوەند كردنمان

یا هەڵبژاردنی حیزبی سیاسیمان بووە. هیچ سیستەمێكی دەرەوە ناتوانێ لە هەستەكانمان تێبگا وەك ئێمە خۆمان لێی تێدەگەین. تەنانەت ئەگەر بازخواستی ئیسپانیایی یا حیزبی ک. گ. ب. ی سۆڤیەتی ٢٤ كاتژمێر ئێمەیان لەژێر چاوەدێری خۆیان گرتبایە و سیخوڕییان بكردایە، دیسانیش ئەو زانیاریی و تواناییەیان نەدەبوو پرۆسەی بیۆكیمیایی جەستەی ئێمە هەك بكەن كە ئارەزوو، خەون و بڕیارەكانمان دەگرنەوە. بەهۆی هۆكاری كردەوەییەوە كارێكی ژیرانەیە كە مرۆڤ وای دابنێ ویستێكی ئازادی هەیە، چونكە ویستەكانی ئێمە لە پەیوەندیەتیی هالیكاریی دەروونمانەوە سەرچاوە دەگرن، كە هیچ كەس لە دەرەوە وەك خۆمان نایبینێ و هەستی پێ ناكا. من دەتوانم خۆم لە خەونێكدا ببینمەوە كە شوێنێكی دەروونی خۆم كونترۆڵ دەكەم، هاوكاتیش مرۆڤی دەرەوە هەرگیز ناتوانن هەست بكەن لە دەروونی مندا چی ڕوو دەدا و چلۆن بڕیارەكانم بەڕێوە دەبەم.

لەو ڕوانگەیەوە لیبراڵیزم بە تەواوی ڕاستی گوتووە كاتێ ئامۆژگاریی مرۆڤ دەكا: "خۆیان بە بڕیاری دڵیانەوە بچەسپێنن نەك بە گوتەی مرۆڤی ئایینی یا حیزبێكی سیاسییەوە". بەڵام لە داهاتوویەكی گەلێك نیزیكدا ئالگاریتمی كامپیۆتری دەتوانن بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هەستی دەروونی خۆدی مرۆڤ، باشتر ئامۆژگاریی مرۆڤ بكەن. ئەگەر لە جیاتی سیخۆرانی ئیسپانیایی یا ک. گ. ب. گووگل "Google" و بایدو "Baidu" چاوەدێریی مرۆڤ بكەن، بە ئەگەری زۆر "ویستی ئازاد" وەك ئەفسانەیەكی لێ دەردێ و سیستەمی لیبراڵیزم لێهاتوویی كردەوەیی خۆی لەدەست دەدا. چونكە ئێمە ئەمڕۆ لە قۆناخێكداین كە دوو شۆڕشی سەیر و سەمەرە پێكەوە وەڕێكەوتوون. لە لایەكەوە زانایانی بیۆلۆژیكی پەرجۆكانی ژیان و جەستەی مرۆڤ، بەتایبەت مێشك و هەستەكانی دەدۆزنەوە، هاوكاتیش زانایانی كامپیۆتری وێنەیەكی نوێ لە لێهاتوویی ژیری دەستكرد لەبەر دەستمان دادەنێن. ئەگەر شۆڕشی بیۆتێكنۆلۆژی تێكەڵاوی شۆڕشی زانیاریی تێكنۆلۆژی بكرێ، داتایەكی مەزنی ئالگاریتمی پێك دێنن كە هەستەكانی مرۆڤ زۆر باشتر لە خودی مرۆڤ دەناسن و بە ئەگەری زۆر هێزی بڕیاردان لە دەست مرۆڤ دەردێنن و خۆیان بڕیار لەسەر مرۆڤ دەدەن. خەونی "ویستی ئازادی مرۆڤ" دەتوانێ بە خێرایی توونا بكرێ و وەك پزدانێك لە پڕێكدا

بتۆقێ، کاتێ بەردەوام پەیوەندیی لەگەڵ ڕێکخراوە، کارخانە و بنکە حکوومەتییەکاندا هەبێ کە دەتوانن بە ساکاری لە ڕێگەی ژیری دەستکردەوە بڕیار لەسەر ئەو هەستە بدەن کە تا ئێستا لەژێر ئیرادەی مرۆڤەکاندا ڕاگیرابوو.

لە بواری پزیشکی و سلامەتیدا دەمێکە ئەو کارە بەڕێوە دەچێ. زۆربەی بڕیارە گرنگە پزیشکییەکانی ژیانمان، هەستەکانمان لە هەنبەر نەخۆشییەکان یا سلامەتیمان، لە ڕێی پێشبینی دوکتورەکانمانەوە بڕیاریان لەسەر نادرێ – بەڵکوو بەهۆی حیساباتی کامپیۆتێرییەوە پێشبینی دەکرێن کە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ خۆمان یا دوکتوورەکانمان، باشتر لە جەستەی ئیمە تێدەگەن. ئەگەر هەر بەو شێوەیە درێژەی هەبێ، تا چەند ساڵی داهاتوو داتای مەزنی ئالگاریتمی دەتوانن سلامەتی جەستەمان پێشبینی بکەن و ٢٤ کاتژمێر لەژێر کونترۆڵی خۆیان بگرن. ئەوان دەتوانن زۆر زووتر لەوەی خۆمان هەست بە نەخۆشی بکەین، سەرەتای تووشبوون بە نەخۆشیی وەك هەلامەت، شێرپەنجە یا خەمووکی پێشبینی بکەن. دەشتوانن لە کۆتاییدا بڕیار بدەن کام شێوەی گونجاو بۆ دەرمانی نەخۆشییەکان باشترە یا کام خواردەمەنی دەبێ بخورێ کە ببێتە هۆی باشتر بوونەوەی نەخۆشییەکان و تایبەت بە بارودۆخی فیزیکی جەستە و د. ن. ئای هەر کام لە مرۆڤ بڕیاری خۆیانی لەسەر دەدەن.

مرۆڤ بارودۆخێکی سلامەتیی بۆ پێك دێ کە لە درێژایی مێژووی ڕابردویدا وێنەی نەبووبێ. بەڵام هەر بەو هۆیەشەوە تەواوی کات نەخۆش دەکەون. چونکە بەهۆی کونترۆڵی بەردەوام لە جێگایەکی جەستەدا سیستەمە بەردەوامە کامپیۆتێریەکە شتێکی لێ دەدۆزێتەوە. بە شێوەی بەردەوام جێگایەك لە جەستەی مرۆڤ نۆژەن دەکرێتەوە. لە ڕابردوودا مرۆڤ تا ئەو جێیەی ئێشی نەبایە بەردەوام هەستی بە سلامەتی دەکرد. بەڵام ڕەنگە لە ساڵی ٢٠٥٠ بەولاوە بە یارمەتیی داتای مەزنی ئالگاریتمی و "سێنسەر" واتە ئەندامی هەستپێکردنی ئەلکترۆنیکییەوە نەخۆشییەکان پێش ئەوەی بە هۆی ئێشەوە هەستی پێ بکرێ پێشبینی بکرێن و چارەیان بۆ بدۆزرێتەوە.

کۆنترۆڵی سلامەتی لەگەڵ ڕابردوو جیاوازییەکی بەرچاوی دەبێ. بۆ وێنە کاتێ مرۆڤ جگەرە دەکێشێ بەردەوام و ٢٤ کاتژمێر "سێنسەر" مرۆڤ ئاگادار دەکەنەوە، چەند خانەی جەستە تووشی شێرپەنجە بوون و ئەگەری زۆربوونیان پەیوەندیی

ڕاستەوخۆی بە جگەرەكێشانەوەیە. ئەو كات مرۆڤ ناچار دەكرێ واز لە جگەرە كێشان بێنێ، چونكە بەردەوامیش بیمەی دەرمانی و خاوەن كارەكەشی لە بارودۆخی سڵامەتیی جەستەی ئاگادار دەكرێنەوە.

كێ دەتوانێ و كاتی ئەوەی دەبێ خۆی بەو هەموو نەخۆشییانەوە خەریك بكا؟ بە ئەگەری یەكجار زۆر لە داهاتوودا مرۆڤ سڵامەتی خۆی بە تەواوی بە داتای مەزنی ئالگاریتمی دەسپێرێت و متمانەی سەداسەدی پێ دەكا.

## دڕامای بڕیاردان

ئەو چالاكیی و پێشكەوتووییانەی لە بواری پزیشكی و سلامەتیدا بەڕێوە دەچن، بە ئەگەری زۆر لە داهاتوو، لە هەموو بوارەكانیتریشدا پەرە دەستێنێ و دەبنە كارێكی ئاسایی ڕۆژانە. كلیلی كرانەوەی دەرگای ئەو پێشكەوتووییانەش "سێنسەر"ی بیۆمێتریك واتە ئەندامی هەستپێكردنی ئەلكترۆنیكی دبێ، كە مرۆڤ لەسەر یاخود ناوەوەی جەستەی لەگەڵ خۆی دەیگێڕێ و ئەركەكەی ئەوە دەبێ پرۆسەی بیۆلۆژیكی بكاتە زانیاریی ئەلكترۆنیكی و لە كامپیۆتردا پاشەكەوتی بكا و دواتریش زانیارییەكان ئانالیزە واتە شی بكاتەوە. هەرچەند ڕادەی زانیاریی بیۆمێتری مرۆڤ زیاتر بن بەو ڕادەیەش باشتر سیستەمی شیكەرەوەی كامپیۆتری دەتوانێ ئارەزوو، بڕیارەكان و بۆچوونەكانی هەك (كردنەوە) بكا. ئەوان لەڕووی زانیاریی لە سەر ئێمە بە باشی دەزانن ئێمە كێین و چ نیاز و ویستێكمان هەیە.

زۆرینەی مرۆڤ خۆیان بە باشی ناناسن. كاتێ من تەمەنم ٢١ ساڵ بوو، دوای شاردنەوە و حاشالێكردنی چەندین ساڵ، هەستم پێكرد كە هاوجینس بازم. لەڕاستیشدا ئەمن لەو ناوەدا تاقانە نیم. زۆربەی پیاوی هاوجینس باز لە پرۆسەیەكی زۆری كاتیدا ناتوانن لەگەڵ ئەو هەستەیان بە باشی هەڵس و كەوت بكەن. ئێستا با ئەو بارودۆخە لە ساڵی ٢٠٥٠ لەبەر چاوی خۆمان وێنا بكەین، ئالگاریتمی زانیاریی مرۆڤ دەتوانێ سەداوسەد گەنجێك تێبگەێنێ كە بارودۆخی سێكسی لە كام قۆناخدایە و تەنانەت بارودۆخەكەی چەندە سازگار و خۆگونجێنە. ڕەنگە ئالگاریتمەكە ویدیۆ یا وێنەی ژن و پیاوان نیشان بدا و جووڵانەوەی چاوەكانی بپێوێ، گوشاری خۆێن و چالاكی مێشكی ئەندازیاری بكا و لە ماوەیەكی كەمدا پێی بڵێ تامەزرۆیی بۆ كێ و چی هەیە. ئەو كارە دەیتوانی چەندین ساڵ لە كاتی من بۆ گرتنی بڕیارەكام كە بە ئێش و ئازارێكی گەلێك زۆرەوە بەسترابۆوە، قەرەبوو بكاتەوە. لە سەردەمی پێشوودا ئەگەر بەهۆی شەرم لەهەمبەر بنەماڵە، خزم و دۆستان نەیتوانیبا یاخود نەیوێرابا باس لە هەستی

تامەزرۆیی سێكسی خۆی بكا، لەوانەیە هەرگیز تاقیكارییەكی ئەوتۆی نەكردایە و ناچار بە ژیانێك كرابایە كە هەرگیز خۆی تێدا بەختەوەر هەست پێ نەكردایە.

بەڵام لە ئەمڕۆ و داهاتوودا تەنانەت ئەگەر مرۆڤ دژی هەستەكانی ڕاوەستێ و خۆی لە خۆی و هەڤاڵ و ناسیاوەكانی بشارێتەوە، ناتوانێ تامەزرۆیی و هەستەكانی لە هەنبەر ئامازۆن، عەلی بابا یا ڕێكخراوە و هێزە نهێنییەكانی وڵاتەكەی بشارێتەوە. هەر ئەوەندە بەسە لە ئینتێرنێتدا چاو لە ویدیۆكانی یوتیوب بكا و تەوەر و بۆچوونەكانی لەسەر فەیسبووك دابنێ یاخود بۆچوونی مرۆڤەكانیتر بخوێنێتەوە كە لە لایەن ئالگاریتمەكانەوە چاوەدێری دەكرێن و تایبەتمەندییە كەسییەكانی پاشەكەوت دەكرێن. ڕەنگە خۆتان نەتانەوێ زانیاری لەسەر خۆتان بزانن بەڵام بۆ ڕێكخراوەی بازاڕە جیهانییەكان ئەو زانیارییە كەسییانەی مرۆڤ دەتوانن ملیۆنان و ڕەنگە ملیاردان دۆلاریان بایەخ هەبێ.

لە لایەكیتریشەوە ڕەنگە ئەو زانیاریی و هەلس و كەوتانە كارێكی ئاسایی لێ دروست بێ بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانن ساكارتر بڕیار لەسەر ژیانیان بدەن و بەوهۆیەوە لە ئالگاریتمەكان كەڵك وەرگرن. ئەو بڕیاردانانە بە كاری زۆر ساكارەوە دەست پێدەكا بۆ وێنە سەیری كام فیلم بكەین كاتێ لەگەڵ چەند لە دۆستان و هاوڕێیانمان لە شوێنێكی ئارام لەگەڵ یەكتر دانیشتبێتین. مرۆڤ پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا هیچ دەرتانێكیان بۆ هەڵبژاردن نەبووە، بەڵام لەمڕۆدا بە شێوەی ئۆنلاین هەزاران فیلم بۆ سەیركردنیان لەسەر تۆری ئینتێرنێتی و مێدیاكان لەبەر دەستیان دانراوە. لێرەشدا بەهۆی تامەزرۆیی جیاوازی هەر كام لەومرۆڤانە ڕەنگە بە ساكاری نەتوانن فیلمێك بدۆزنەوە كە هەموویان پێیان خۆش بێ و چێژی لێ وەربگرن. بەڵام ئالگاریتم دەتوانێ زۆر باش یارمەتیدەریان بێ. ئالگاریتم دەزانێ هەركام لەوان پێشتر چ فیلمێكیان پێ خۆش بووە و بەهۆی ئەو زانیارییانەوە دەتوانێ فیلمێك بدۆزێتەوە كە كەم یا زۆر هەموویان بتوانن چێژی لێ بەرن. دیارە ڕەنگە بڕیاری ئالگاریتمیش سەداسەد نەبێ چونكە بۆ وێنە هەڤاڵێكمان فیلمێكمان پێ دەناسێنێ كە ئەو زۆری چێژ لێ بینیوە و كاتێ ئێمەش بە قسەی دەكەین و سەیری فیلمەكە دەكەین و وەك ئەو چێژی لێ نابینین و لە كاتی سەیركردنەكەماندا خەومان لێ دەكەوێ، ئالگاریتمەكە بە ڕێی هەڵەدا دەبرێت.

دیارە دەكرێ ئەو چەشنە كێشانە ڕێگاچارەیان بۆ بدۆزرێتەوە، كاتێ ئێمە ئەو ئیزنە بە ئالگاریتمەكان بدەین زانیاریی ڕاستەقینەی ژیانمان كۆ كەنەوە. بەڵام ئالگاریتمەكان زۆر قووڵتر لەوەش دەتوانن چاوەدێریمان بكەن. ئێستا پسپۆران بەرنامەیەكی كامپیۆتریيان دروست كردووە كە سۆزداریی مرۆڤ بەهۆی جووڵانەوەی چاوەكان و چەشنی بزووتنی ماسوولكەی دەموچاومان دەپێون. ئەگەر تەلەڤیزیۆنەكەمان دووربینێكی باشی پێوە بێ، كە وێدەچێ لە داهاتوودا كارێكی گەلێك ئاسایی بێ، ئەو بەرنامەیە دەتوانێ بزانێ كام بەش لە فیلمەكە بۆتە هۆی پێكەنین یان گریانمان یاخود كام بەش خەمباری كردووین یا تامەزرۆییمان بۆی نەبووە و لە كام شوێندا خەومان لێ كەوتووە. لە هەنگاوێكیتردا ئالگاریتمەكان لەگەڵ "سێنسەر"ی بیۆمێتریك گرێ دەدرێن، بەو شێوەیە دەتوانن بزانن هەركام لە هەڵس و كەوتەكانی جەستەمان وەك نەبز، پەستاوی خوێن و چالاكی مێشكمان چ كارتێكەرییەكیان لەسەرمان هەبووە. لە زمانی ئاڵمانیدا وشەی تەلەڤیزیۆن بە مانای دوور سەیركردن "Fernsehen"، لە زمانی لاتین – یۆنانییەكەیەوە وەرگیراوە "Television". لە سەردەمی كۆنەوە ئەو وشەیە كۆنسێپتەكەی ئەوە بووە كە ئەو دەرەتانە بە مرۆڤ دەدا شتێكی دوور ببینێ. بەڵام بە زوویی تەلەڤیزیۆن دەتوانێ كەرەسەیەكی لێ دروست بێ كە هەڵس و كەوتی ئێمەی لە دوورەوە پێ سەیر بكەن، هەر وەك جورج ئورول "George Orwell" گوتوویە: "تەلەڤیزیۆن چاوەدێریمان دەكا كاتێ سەیری بكەین."

سروشتییە كە ڕێكخراوەیەكی وەك ئامازۆن ناتوانێ بەردەوام لەسەر كەسایەتیی مرۆڤ ڕاستگۆ بێ چونكە كارێكی گەلێك نەگونجاوە بۆی. ئالگاریتمەكان ڕەنگە لە داهاتوودا بەردەوام لە بڕیاردانەكایاندا بە هۆی تێكەوتنی هەڵەی بەرنامەی كامپیۆتری و كەمبوونی زانیاریی لەسەر مرۆڤ بڕیاری هەڵە بدەن، بەڵام ئامازۆن پێویستی بە كامیل بوون نییە، كافی دەبێ ئەگەر بە شێوەی مامناوەندی باشتر لە ئێمەی مرۆڤ لەسەر خۆمان بڕیار بدا. ئەو كارەش زۆر دژوار نییە، چونكە زۆربەی مرۆڤ خۆیان باش ناناسن و لە كاتی بڕیاردانی گرنگی ژیانیان، بەردەوام هەڵەی گەلێك گەورە دەكەن.

ئێستا مرۆڤ دەتوانێ قامك لەسەر هەموو ئەو كێشانە دانێ كە بە ئالگاریتمەكانەوە پەیوەندییان هەیە و بێتە سەر ئەو بڕیارە كە مرۆڤ هەرگیز ناتوانن متمانە بە بڕیاری ئالگاریتم بكەن. بەڵام ئەو كارە وەك ئەوە وایە كە مرۆڤ قامك لەسەر كێشە و خاڵە نەرێنییەكانی سیستەمی دێموكراتی دابنێ و بێتە سەر ئەو بڕیارە كە هیچ مرۆڤێكی ژیر، خۆی بە سیستەمێكی ئەوتۆوە هەڵناواسێ. وینستۆن چرچیل گوتەیەكی بەناوبانگەی هەیە: "سیستەمی دێموكراتی خراپترین فۆڕمی حكوومەتییە لە جیهاندا سەرەڕای ئەوەیكە هێشتا لە هەموو سیستەمەكانیتر باشترە." جا بە حەق یا ناحەق مرۆڤ لەسەر داتای مەزنی ئالگاریتم دەتوانن سەیركردنێكی هاوچەشنیان هەبێ: دیارە ڕەنگە گەلێك هەڵە و پەڵەی تێدایە، بەڵام تا ئەمڕۆ هیچ ئالترناتیوێكی باشترمان لە بەر دەستدا نییە.

هەرچی باشتر زانایان تێبگەن چلۆن مرۆڤ بڕیارەكانیان دەردەبڕن، بە هەمان ڕادەش دەرەتانەكان گەورەتر دەبنەوە كە مرۆڤ متمانە بە ئالگاریتم بكات. كردنەوە و دۆزینەوەی چلۆنایەتیی بڕیاردانی مرۆڤ نەك هەر جێی متمانە بۆ ڕۆڵی بەدەستەوە گرتنی ئالگاریتمەكان خۆش دەكەن، بەڵكوو هاوكاتیش هەستە ئینسانییەكان بۆ متمانەكردنی باشتریان هان دەدەن. ئەگەر لە داهاتوودا حكوومەت و ڕێكخراوەكان بتوانن سیستەمی بڕیاردانی مرۆڤ بە تەواوی هەك كەنەوە، دەتوانن ئێمە لەژێر تۆفانیكی مەزنی كونترۆڵ، تەبلیغات و كارتێكەریی وورد دابنێن. دەتوانن باوەڕ، بۆچوون و هەستە سۆزدارییەكانمان بە شێوازێكی گەلێك ساكار وەها مانیپۆلیرە واتە دەستكاری بكەن كە ئێمە ناچار دەكرێین متمانەی تەواو بە ئالگاریتمەكان بكەین.

لە تاقمێك لە وڵاتان و بارودۆخی تایبەتیدا ڕەنگە مرۆڤ ئیتر دەرەتانی هیچ هەڵبژاردنێكیتری نەبێ و یاخود ڕێی پێ نەدرێ و ناچار بكرێ گوێڕایەڵی بڕیاری ئالگاریتمەكان بێ. بەڵام لەو كۆمەڵگا بە نێو ئازادانە دا ئالگاریتم دەتوانن بەهێزتر بن چونكە ئێمە لەڕووی ئەزموونی كارەكانیانەوە فێر دەبین لەسەر پرسیارەكانمان متمانەی زیاتریان پێ بكەین و هەروەها چونكە ئێمە بە پێی كات هەست و لێهاتوویی بڕیاردانمان لە دەست دەدەین، ناتوانین خۆمان بڕیاری دروست لەسەر قۆناخە گرنگەكانی ژیانمان بدەین. بیر لەوە بكەینەوە لە داهاتوودا ملیاردان مرۆڤ متمانە بە

گووگل بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە گرنگەكانی ژیانیان بكەن: "دۆزینەوەی پرسیاری متمانەپێكراو بە ئالگاریتم و گەڕان بەدوای زانیاریی بۆ باشتركردنی بارودۆخی ژیان." لە داهاتوودا تامەزرۆییمان بۆ وەدەستهێنانی زانیاریی بە یارمەتیی ئالگاریتمی گووگل زیاتر و زیاتر دەبێتەوە. بەو هۆیەی بۆ گەییشتن بە وەڵامی پرسیارەكانمان زیاتر متمانە بە زانیارییەكانی گووگل دەكەین و ساكارتر دەبێ خۆمان بەوەوە هەڵواسین، لێهاتوویی و چالاكیمان كەمتر و كەمتر دەبنەوە چونكە ئیتر خۆمان بۆ دۆزینەوەی پرسیارەكانمان هەوڵ نادەین و خۆی پێوە ماندوو ناكەین. تەنانەت لەمڕۆشدا زۆربەی ڕاستییەكان لە ڕوانگەی ئالگاریتمییەوە مانا دەكرێتەوە.

ڕووداوێكی هاوچەشن سەبارەت بە لێهاتوویی جەستە، شوێنبەندیی مەكانییە. بۆ وێنە مرۆڤ داوا لە گووگل دەكا ڕێنوێنی بكات كاتێ بە ئوتومبیل دەگاتە چوارڕێیەك، بە كام لا دا باداتەوە. ڕەنگە هەستی خۆی ڕێنوێنی بكا بۆ وێنە "بۆ لای چەپ باداتەوە"، بەڵام گووگل ماپ دەڵێ: "دەبی بۆ لای ڕاست بادەیەوە." ڕەنگە لە سەرەتاوە باوەڕ بە هەستەكەی خۆمان بكەین، بۆ لای چەپ بادەینەوە و بكەوینە ناو تڕافیكێكی ئاڵۆز و درفەتیكی كاری گرنگ لە دەست بدەین. بەڵام جاری دووهەم گوێڕایەڵی گووگل دەكەین و گرنگایەتی بە هەستی خۆمان نادەین. بە پێی كات و لە ڕێگای كۆ كردنەوەی ئەزموونەكان زیاتر و زیاتر متمانە بە ئالگاریتمی وەك گووگل دەكەین. دوای ماویەك بۆ هەر بڕیارێك كوێرانە متمانەیەكی وەها بە ئالگاریتمەكان دەكەین كە ئەگەر بەهۆی كێشەی فەننی تۆڕی ئینتێرنتی بپچڕێ، سەرلێ شێواو بە بێ توانایی بڕیاردان لە جێی خۆمان دەمێنینەوە.

لە مانگی مارسی ساڵی ٢٠١٢ سێ توریستی ژاپۆنی لە ئوسترالیا بڕیار دەدەن بە ئوتومبیل لە سەر دورگەیەكی بچووك سەیرانێكی یەك ڕۆژە بكەن. شۆفیری ئوتومبیلەكە كیژێكی ٢١ ساڵە بە ناوی یوزو نادا "Yuzu Noda" یە و دواتر ڕوونی دەكاتەوە كە ئەو تەنیا وەدوای ڕێنوێنیەكانی "ناویگاسیۆن"(كەرەسەی كامپیۆتێری ڕێگا پێنیشاندەر)ی ئوتومبیلەكە كەوتووە و ئەو ڕێگاكەی بۆ دیاری كردووین و گووتوویەتی دەگەینە سەر شەقامێك. لەپڕێكدا بە ئوتومبیلەوە لەناو ئاودا گیرمان خوارد. ئەوە تەنیا ڕووداوێكی تاقانە نییە و ڕۆژ نییە لە هەر گۆشەیەكی ئەم جیهانە رووداوی هاوچەشن

پێك نەیەت. ئەو لێهاتووییە كە مرۆڤ بتوانێ خۆی بڕیار بدا وەك ماسوولكەیەكی جەستە وایە – مرۆڤ دبێ بەردەوام چالاكی بكا و كەڵكی لێ وەرگرێ، بەڵام ئەگەر لە چالاكی كەوتبێ چونكە ماوەیەكی زۆر كەڵكی لێ وەرنەگیرابێ، ئیتر هیچ كارتێكەرییەكیشی نابێت. هەڵس و كەوتێكی هاوچەشن لێهاتوویی بڕیاردانی گەنجان لەسەر دۆزینەوەی هاوسەری ژیانیان یا شوێنی كارییانە.

ساڵانە ملیۆنان مرۆڤی گەنج دەبێ بڕێار بدەن بۆ وێنە لە زانستگا لە چ بوارێكدا درێژە بە دەرس خوێندنیان بدەن. ئەو كارە بڕیارێكی گەلێك گرنگ و ئاڵۆزە. هەركام لەو گەنجانە سەرەڕای گوشارهێنانی بنەماڵە، مامۆستاكانیان و هەڤاڵانیان، تامەزرۆیی جۆربەجۆریان بۆ درێژە بە خوێندن هەیە. هاوكاتیش دەبێ لەگەڵ ترس، خەون، ئارەزوو و نیازەكانی ژیانیان دەست و پەنجە نەرم بكەن. زۆربەی گەنجان لەژێر كارتێكەریی فیلمەكانی هالیوود، ڕۆمانەكان و كۆمپانیای تەبلیغاتیی ئابوورییدان. ساغ بوونەوە لەسەر بڕیارێكی ژیرانە لەو بارودۆخەدا بۆیە گەلێك دژوارە چونكە مرۆڤ بە باشی ناتوانێ بزانێ بۆ سەركەوتوویی لە پیشەكەیدا پێویستی بە چی هەیە، لەبەر ئەوەی وێنەیەكی ڕوونیان لەسەر لاوازیی و بەهێزیی كەسایەتیی خۆیان نییە، بڕیارەكەیان ئاڵۆزتر دەبێتەوە. مرۆڤ لەخۆی پرسیار دەكا: چلۆن دەتوانم ببمە دادوەرێكی سەركەوتوو؟ ئایا لێهاتوویی كاركردن لەگەڵ گرووپێكم هەیە؟ ڕەنگە هەر مرۆڤێك دوای چەند ساڵ لە بڕیارەكەی پەشیمان بێتەوە و لای خۆی بڵێ" "بریا ڕێگایەكیترم هەڵبژاردایە!؟ لەوانەیە لە داهاتوودا بۆ هەڵبژارنی ڕێگای ژیان گەنجان زیاتر متمانە بە ئالگاریتم بكەن. گووگڵ لە ڕێی ئەزموونی مرۆڤەكانیترەوە دەتوانێ پێمان بڵێ چ پیشەیەك ماندووكەرە و كام پیشە داهاتووی باشتری هەیە.

هەر كات ژیری دەستكرد لە ڕوانگەی دۆزینەوەی پیشە و تەنانەت پەیوەندایتی لەگەڵ مرۆڤەكانیتر لەخۆمان باشتر بڕیارمان لەسەر بدا، دەبێ بە ناچاریی گۆڕان بەسەر بۆچوون و وێناكردنی ژیانماندا بێنین. مرۆڤ بە تامەزرۆییەوە باوەڕیان بەوەیە كە ژیان وەك دڕامایەكی بڕیاردانە. دێمۆكراسیی لیبڕالی و بازاڕی ئازادی ئابووری مرۆڤ وەك بوونەوەرێكی سەربەخۆ سەیر دەكەن كە بەردەوام بڕیار لەسەر قۆناخەكانی ژیانی دەدا. كاری فەرهەنگی – جا ئیتر كاری دراماتیكی شكسپیر،

رۆمانی جەین ئاستن "Jane Austen" یا فیلمێكی هالیوودی بێ – لە شێوەی ئاسایی خۆیدا بە هەڵس و كەوتێكەوە بەستراوەتەوە كە كەسێك بڕیارێك لەسەر خۆی دەدا. بوون یا نەبوون؟ ئایا دەبێ گوێڕایەڵی لە ژنەكەم بكەم و شا دانكن "König Duncan" بكووژم یا وەدوای ویژدانی خۆم كەوم و لە كوشتنی چاوپۆشی بكەم؟ ئایا دەبێ لەگەڵ فلان یا فیسار زەماوەند بكەم؟

بە شێوەیەكی هاوچەشن بەرپرسانی ئایینی مەسیحی یا ئیسلامی خۆیان بە بڕیاردانی مرۆڤەوە هەڵدەواسن و دەڵێن: "ڕزگاریی هەمیشەیی و چوونە ناو بەهەشت یا بە لەعنەتبوون و كەوتنە ناو جەهەننەمەوە، ئەزموونی بڕیاردانی دروست یا هەڵەی خودی مرۆڤەكانە."

چ ئاڵ و گۆڕێ بەسەر ژیانی داهاتووی ئیمەدا دێ كاتێ بڕیارەكانی گرنگی ژیانمان لە لایەن ژیری دەستكردەوە بدرێ؟ لە كاتی ئێستا دا بۆ هەڵبژاردنی فیلم لە ئالگاریتمی كامپیوتری كەڵك وەردەگرین، گووگل ماپ بۆمان دیاری دەكا بە لای چەپ یا ڕاستدا لێخوڕین، بەڵام هەر كات لەسەر پرسیارەكانیتری ژینمان وەك لەگەڵ كێ زەماوەند بكەین، كام پیشە فێر بین یا لە چ بوارێكدا دەرس بخوێنین، یارمەتی لە ژیری دەستكرد وەرگرین، ژیانی ئینسانی ئیتر وەك دڕامایەكی بڕیاردان نامینێتەوە. هەڵبژاردنی سیستەمی دێمۆكڕاتیكی و بازاڕی ئازادی ئابووری ئیتر هیچ مانایەكیان نابێ. هەر هەمان چارەنووس چاوەڕوانی زۆربەی ئایینەكان و كارە هونەرییەكانیش دەكا.

ئەگەر هێزی بڕیاردانی مرۆڤ بكەوێتە دەستی ئالگاریتم و ژیری دەستكردەوە ئیتر جیهان وەك سەكۆیەكی سەربەخۆ بۆ مرۆڤ سەیر ناكرێ كە كێبەركێ لەسەر ئەوە بكەن كام بڕیاریان دروست تر لەوانیترە، بەڵكوو هەموو ئونیوێرسام وەك یەكەیەكی ئالگاریتمی سەیر دەكەین و ڕەنگە بێینە سەر ئەو باوەڕە كە پیشەی جیهانی مرۆڤ لەسەر ئەوە ساغ بۆتەوە سیستەمێكی زانیاریی چێكراو بخوڵقێنێ – و لەوێدا خۆی بتوێنێتەوە. ڕۆژانە چەندین ئیمەیل و هەواڵی مێدیاكانی ترمان بە شێوەی دیجیتاڵی پێ دەگات، دەیانخوێنینەوە و بۆ كاسانیتریان دەنێرین. مرۆڤ كاتی ئەوەی نابێ بیری خۆی بەو هەموو زانیارییانەوە خەریك بكا، چونكە بەڕادەی پێویست كاتیان گرتوتەوە و دەرەتانی وەڵامدانەوەیان لێ زەوت كردووە.

## فەلسەفەی ئۆتومبیل

ئێستا ڕەنگە كەسانێك لەسەر ئەو بڕوایە بن كە لە ڕاستیدا ئالگاریتم هیچكات نەتوانن بڕیاری گرنگ لەسەر ئێمە بدەن، چۆنكە ئەو بڕیارانە لە شێوەی ئاسایی خۆیاندا ڕەهەندێكی ئەخلاقییان بەدواوەیە - و ئالگاریتمەكان هیچ هەستێكیان لەهەنبەر ئەخلاق نییە. لە ڕاستیدا هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەو بۆچوونە نییە كە ئالگاریتمەكان لەو دۆخەدا بن كە نەتوانن بۆ بڕیاردان لەسەر تەوەری ئەخلاقی وەپێش مرۆڤی مامناوەندی بكەون. تەنانەت لەمڕۆشدا كەرەسەی وەك تەلەفۆنی مۆبایل و ئوتومبیلی ئۆتۆماتیك و بێ شۆفیر بڕیارمان بۆ دەدەن، لەكاتێكدا پێشتر بۆ ماوەیەكی زۆر ئەو بڕیاردانە تەنیا لە ژێر كونترۆڵی خۆدی مرۆڤدا بوون. ئەو كەرەسە چێكراوانەش ڕەنگە بە هەمان ڕادە لەسەر پرسیاری ئەخلاقی كێشەیان هەبێ كە مرۆڤ ساڵیانی درێژە دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم دەكا.

لەبەر چاوی خۆمان وێنای دەكەین، دوو منداڵ، كە وەدوای تۆپێك كەوتوون، لەپڕێكدا لە بەر ڕێگای ئوتومبیلێكی بێ شۆفیر كە لە حاڵی ڕۆیشتندایە قوت دەبنەوە. پڕۆگرامی گورجی ئالگاریتم كە دەبێتە هۆی لێخوڕینی ئوتومبیلەكە وا نووسراوە، دێتە سەر ئەو بڕیارە بۆ ئەوەی منداڵەكان وەبەر نەدا، خۆی بۆ لای چەپ یا ڕاست لادا و بۆ ڕزگاركردنی گیانی دوو منداڵەكان لەگەڵ ئوتومبیلێك كە لەوبەری شەقامەكەوە ڕووبەڕووی دێ، پێكدا بدات. ئالگاریتمەكە حیسابی ئەوەش دەكا ئەگەری ٧٠ لە سەدی مردنی خاون ئوتومبیلەكە، كە لە پشتەوەی ماشێنەكە بە ئارامی لێی خەوتووە، هەیە. لێرەدا و لە بارودۆخێكی ئەوتۆدا بە بڕوای ئێوە ئەو ئالگاریتمە چ بڕیارێك بدا باشترە؟

فەیلەسۆفان هەزاران ساڵە لەسەر كێشەی ئەوتۆ باس و لێكۆڵینەوە دەكەن، تا ئەمڕۆش ئەو باسانە هیچ ئەزموونێكی كارایان لەسەر مرۆڤ نەبووە. چونكە مرۆڤ

بەردەوام لە بارودۆخی وا تەنگدا تەنیا خۆی بە هەڵس و کەوت و بڕیاری کاتیی خۆیەوە هەڵواسیوە و لەو چرکەیەدا دەرەتانی بەڕێوەبردنی پەندی فیلەسۆفانی نەبووە.

یەك لە تاقیكارییە هەرە دڕاماتیکەکانی زانستی کۆمەڵایەتی لە دیسامبری ساڵی ١٩٧٠ لە لایەن گرووپێکی خوێندکاری زانستگەی پرینستۆن "Princeton University"ەوە بەڕێوەچوو کە هەموو پێکەوە دەیانویست ببنە مرۆڤی ڕۆحانی کلیسای پرێسبیتێریەن [لقێک لەپرۆتستانەکان] "presbyterian church". تکا لە هەر کام لەو خوێندکارانە کرابوو بە پەلە لە شوێنی خۆیانەوە بەرەو هۆڵێکی وتەبێژیی دوور لە شوێنەکەیان بڕۆن و ئاخافتنێك لەسەر گوتەی ساماریتر "Samariter"[٥] ی دڵۆڤان بەڕێوە بەرن. ئەو گوتەیە لە پەرتووکی ئینجیلدا دەگێڕێتەوە: [چلۆن مرۆڤێکی مووسایی کە لە ئورشەلیمەوە "Jerusalem" بەرەو جریکۆ "Jericho" لە ڕێدا بووە، لە لایەن ڕێگر و چەتەوە ڕووت کراوە، ئەشکەنجە دراوە و نیوە گیان لە پەنا شەقامێك بە تەنیا ماوەتەوە. دوای ماوەیەك مرۆڤێکی ڕووحانی و لێڤیت "Levit"[٦] ێك بەوێدا تێپەڕ دەبن، بەڵام هەر دووکیان سەرنج نادەنە ئەو مرۆڤە بریندار و نیوەگیانە. مرۆڤێکی ساماریت بە پێچەوانەی ئەو دوو مرۆڤە لای دەوێستێ و کاتێ چاوی بەو مرۆڤە ڕووتکراو و برینداره دەکەوێ، خۆی پێوە ماندوو دەکا و گیانی ڕزگار دەکات]. وانەی ئەخلاقیی ئەو چیرۆکە پیمان دەڵێ کە نابێ مرۆڤ بەگوێرەی ڕوانگەی ئایینی و فەلسەفەکەی بەڵکوو بە حیسابی مرۆڤ بوونی کەسەکان هەڵس و کەوتی لەگەڵدا بکا و بڕیاری لەسەر بدا.

ئەو ساماریتە گەنجانە لەبەر ئەوەی ماوەیەکی کەمیان بۆ تەرخان کرابوو، بە پەلە بەرەو هۆڵە وەتەبێژییەکە دەڕۆیشتن و لە ڕێگای چوون بۆ ئەو شوێنە لەژێر گوشاردا و لەبەر خۆیانەوە بیریان لێ دەکردەوە چلۆن لایەنی ئەخلاقی ئەو چیرۆکە باشتر ڕوون کەنەوە و بیهێننە سەر زمانیان. تاقیكارییەکە وا ئورگانیزە کرابوو کە لەبەر دەرکەی چوون بۆ هۆڵەکە مرۆڤێکی جل و بەرگ هەڵدڕاو و هەژاریان کە سەری شۆڕ ببۆوە، دانابوو. کاتێ یەك لەو گەنجانە لەبەر دەمیەوە تێپەڕ دەبوو مرۆڤە هەژارەکە کۆخەیەکی

[٥] ساماریتەنز کۆمەڵێکی ئایینی بوون وەك یەهوودییەکان کە ئەویش هەر لە ئیسرائیلەوە سەرچاوە دەگرێ.
[٦] لێڤیت یش کۆمەڵێکیتری خەڵکانی ئایینی ئیسرائیل بوون.

دەکرد و بە چاوی یارمەتییەوە سەیری گەنجەکەی دەکرد. زۆربەی ئەو گەنجانە بە بێ هیچ تامەزرۆییەك یاخود بیرکردنەوەیەك لای مرۆڤە هەژارەکە نەدەوەستان. باوەکوو تەوەری تاقیکارییەکەیان تەواو لەسەر بارودۆخێکی هاوچەشن بوو، لایکەم چاوەڕوان دەکرا لێی بپرسن یارمەتی دەوێ یا نا، بەڵام لێیٰ تێپەڕ دەبوون. بارودۆخی پڕ لە گوشاری ڕۆحیی ئەو گەنجانە و پەلە کردنیان بۆ ڕۆیشتن بۆ ناو هۆڵەکە بەهێزتر بووە لە ئەرکی ئەخلاقییان سەبارەت بە مرۆڤێکی نەناس لە بارودۆخێکدا کە پێویستی بە یارمەتی هەبووە.

هەستی سۆزداری مرۆڤ لە زۆربەی بارودۆخەکاندا بەسەر تێئۆری فەیلەسۆفاندا زاڵ دەبێ و بڕیاری کاتیی خۆی دەدا. ئەو کارە دەبێتە هۆی ئەوەی مێژووی ئەخلاقیی جیهان بە شێوازێکی ژاکاوی ئیدیالی سەرسووڕهێنەر و هەڵس و کەوتی کەمتر لە ئیدیال پێك بێ. چ ژمارێك لە مرۆڤی ئایینی مەسیحی ڕێز بۆ ئایینەکانیتر دادەنێن، چەند کەس لە ئایینی بوودایی بە شێوەی ڕاستەقینە لە هەنبەر دوودڵی و وەسواسی خۆپەرەستانەدا دەوەستن یاخود چەند کەسی مووسایی ڕێز و خۆشەویستییان لە هەنبەر مرۆڤیتردا هەیە هەر وەك چلۆن لە هەنبەر خۆیانیدا هەیانە؟ هەر وەك دەبینرێ هەڵبژاردەی سروشتیی، مرۆڤی هۆمۆساپیەنی بەو شێوازە ڕاهێناوە. هەر وەك هەموو ئاژەڵە شیردەرەکانیتر لە هەستە سۆزدارییەکانی کەڵك وەردەگرێ بۆ ئەوەی بڕیارەکانی خۆی لەسەر ژیان و مردنی دەربڕێ. ئێمەی مرۆڤ تووڕەیی، ترس و چێژ لە ژیانمان لە ملیۆنان پێشینیانمانەوە بە میرات وەرگرتووە، کە هەمووشیان لە ڕەوگەی کونترۆڵی چلۆنایەتی هەڵبژاردەی سروشتی تێپەڕ بوون.

بەڵام ئەو کردەوەیەی یەك ملیۆن ساڵ پێش ئێستا بۆ مانەوە و زاوزێی مرۆڤ لە سەحرای ئەفریقا سروشتی بووە، لەمرۆدا بەرپرسی هەڵس و کەوت لەسەر شەقامەکانی سەدەی بیست و یەکەم نییە. شۆفیری ئاڵۆز، تووڕە و ترسەنۆك ساڵانە بەهۆی پێکدادان و وەبەردانەوە، نیزیکەی یەك ملیۆن مرۆڤ دەکووژن. ئەگەر هەموو فەیلەسۆفان، پێغەمبەران و مرۆڤی ڕۆحانیی کۆبکەینەوە بۆ ئەوەی دەرسێکی ئەخلاقی بەو شۆفیرانە بدەن، ناتوانن بەردەوام خۆیان لەسەر لێخوڕینی ئوتومبیلەکەیان چڕکەنەوە و بەهۆی گوشاری کاری و کاتییەوە، هەڵە نەکەن. لەسەر ڕێگای نێوان

ژووری سیمینار و شەقامەكان مەزنترین كێشەی كردەوەیی فەلسەفەی ئەخلاقی دەخولقێندرێ. ئیمانوئیل كانت "Immanuel Kant"، جان ستوارت میل " John Stuart Mill" و جان راولز "John Rawls" دەتوانن لە ژوورێكدا پێكەوە دانیشن و چەندین كاتژمێر یا ڕۆژ و ساڵ لەسەر كێشەی تیئۆریی فەلسەفەی ئەخلاقی باس و گفت و گۆ بكەن – بڵێی ئەزموونی كارەكەیان كارتێكەریی ڕاستەوخۆی ئەوتۆی لەسەر شۆفیرێكی لەژێر گوشاری ڕۆحیدا هەبێ كە لە كەمتر لە چركەیەكدا دەبێ بڕیار لەسەر هەڵس و كەوتی لێخوڕینی ئوتومبیلەكەی بدات؟ ڕەنگە شۆفیرێكی وەك مایكل شووماخەر كە وەك باشترین شوفیری "فۆرمۆلی ١" ناسراوە بتوانێ هاوكات لەگەڵ لێخوڕین بیر لە فەلسەفەش بكاتەوە، بەڵام بەداخەوە هیچكام لە ئیمەی مرۆڤی ئاسایی ئەو لێهاتووییەمان نییە.

بە پێچەوانەی مرۆڤ هەڵبژاردەی سروشتی هێچ كارتێكەریان لەسەر ئالگاریتمی كامپیوتری نییە. ئالگاریتمەكان نە هەستی سۆزدارییان هەیە و نە هەستی ئینسانی. لەو پەیوەندییەدا لە بارودۆخی قەیراندا ئالگاریتمەكان دەتوانن بەهۆی پرۆگرامی پێشتر داڕژاویانەوە، هەر وەك مرۆڤ، پرەنسیپی ئەخلاقی لەبەر چاو نەگرن – مەگەر بەو مەرجەی ئێمە ڕێگایەكی نوێ بدۆزینەوە كە بتوانین هەڵس و كەوتی ئەخلاقی بەهۆی ژمارە و ئامار دیاری بكەین.

ئەگەر مرۆڤ بتوانێ ئوتومبیلی بێ شۆفیر بەهۆی نووسینی پڕۆگرامی كامپیۆتێریەوە وەها ڕابهێنێ كە لە بارودۆخی تەنگانەدا یارمەتی بدا، بێ ئەملا و ئەولا ئەو كارە جێ بە جێ دەكات. ئەگەریش وا بەرنامەی بۆ داڕژابێت كە خۆ لە شەقامەكە لا بدا بۆ ئەوەی بۆ وێنە گیانی دوو منداڵەكە ڕزگار بكا، دەتوانین سەداسەد متمانەی پێ بكەین كە ئەو كارە بەڕێوە دەبات. ئەوە بەو مانایەیە: كاتێ كارخانەی تۆیۆتا یا مێرسدێس بێنز ئوتومبیلە خۆلێخوڕەكەیان لەسەر ئەو شێوازە دروست بكەن، كێشەیەكی تیئۆریكی فەلسەفەی ئەخلاقی دەكەنە كێشەیەكی كردەوەیی ئەندازیاریی.

دان بەوەشدا دەبێ بنێین كە هەڵس و كەوتی ئالگاریتمی فەلسەفی هیچكات ناتوانێ كامیل بێ. هەر وەك سەردەمی پێشووش بە ئەگەری زۆر گەلێك هەڵە و كێشە ڕوو

دەدا كە دەبنە هۆی بریندار بوون، مردن و دروستكردنی كێشەی ئاڵۆزی دادپەروەری و یاسایی. بۆ یەكەم جار لە مێژوودا دەتوانین بكەوینە بارودۆخێكەوە كە پەیوەندیی لە نێوان "هۆكرد" و "بەرهۆ" ی باوەڕی فەلسەفی و ڕووداوی ڕاستەقینەی ژیان پێك بێنین. بەڵام بۆ لەدەست دەرهێنانی فەرمانی ئوتومبیلەكە لە دەست شۆفیر، ئالگاریتمەكان پێویستیان بەوە نییە كە كامیل بن و هیچ هەڵەیەك پێك نەهێنن، بەڵكوو ئەوان تەنیا دەبێ باشتر لە مرۆڤ ئەو كارەیان بەڕێوە بەرن. لەسەر ئەو ڕاستییە كە شۆفیری لە گۆشت و خوێن دروستكراو لە ساڵدا نیزیكەی ملیۆنێك گیانی مرۆڤ توونا دەكەن، ئەو ئەركە ئەگەر لە لایەن شۆفیری چێكراوەوە باشتر بەڕێوە نەچێ، بە ئەگەری زۆر خراپتر لەو بەڕێوە ناچێ. ئێستا چ كارێك لە ڕوانگەی ئێوەوە بەكەڵكتر و دروستترە: ئوتومبیلەكە لە لایەن لاوێكی سەرخۆشەوە ببرێت بە ڕێگادا (كە بەهۆی ئاگا لەخۆنەبوونیەوە دەتوانێ هەر سات كارەساتێک پێك بێنێت) یا لە لایەن ژیری دەستكردەوە (بەو شێوەیەی بەرنامەبۆداڕژاو، كارەكەی بی ئەملا و ئەولا و سەداسەد بەڕێوە دەبات)؟

ئەو چەشنە لۆژیک (مەنتیق)ە هەر بۆ ئوتومبیل لێخوڕین نییە بەڵكوو گەلێك بارودۆخیتریش دەگرێتەوە. بۆ وێنە بۆ دۆزینەوەی كار و ناونووسی لە كارخانەیەك لە سەدەی بیست و یەكەمدا بە ئەگەری زۆر ئەو بڕیارانە لە لایەن ئالگاریتمی كامپیۆتێرییەوە بەڕێوە دەچێ. لێرەدا ئیتر تەنیا لێهاتوویی كاریی مرۆڤەكانە كە لەبەر چاو دەگیرێت، نەك ژێندەر (ژن یا پیاو)، ڕەنگی پێست یا هەر تایبەتمەندییەكیتری ئەتنیکی.

خاوەن ئیشێكی لە گۆشت و خوێن دروستكراو ڕەنگە لە ڕوانگەی باوەڕەكەیەوە بۆی ڕوون بێت كە نابێ لە هەڵبژاردنی ئەو كەسانەی بۆ كار ناونووسییان كردووە، مرۆڤی ڕەش پێست یا ژن بە چاوی سووكایەتییەوە سەیر بكات، بەڵام هەر هەمان مرۆڤ ڕەنگە لە جیهانی نائاگایی دەروونی خۆیدا مرۆڤی ڕەش پێست یا ژن جا هەر هۆكارێكی هەبێ، هەڵنەبژێرێ. ئەگەر كامپیۆتێرێك وای بەرنامە بۆدابڕێژن كە ڕەنگی پێست و ژێندەری مرۆڤەكان لەبەر چاو نەگرێ، ئیتر سەداسەد ئەو كارە بەڕێوە دەبا و لەبەر ئەوەی ناتوانێ خۆ لەو ئەركەی پێی ئەسپێردراوە و ئەو بازنەیەی بۆی دیاری

كراوە، لابدات، بڕیارەكەی دادپەروەرانەتر لە هی مرۆڤ دەبێ. دیارە لێرەشدا بەو هۆیەی كە بەرنامەی كامپیۆتری لە لایەن مرۆڤەوە دەنووسرێ، ناكرێ گارانتی ئەوە بكرێ كە تایبەتمەندییەكی مرۆڤەكانی تێدا نەگونجابێت. بەڵام كاتێ ئیمە ئەو هەڵانەی تێدا بدۆزینەوە و هەستیان پێ بكەین، چارەكردنی هەڵەی كامپیۆتری زۆر ساكارترە لە گۆڕانی مێشكی مرۆڤ.

سەیر ئەوەیە ساڵی ٢٠١٥ لە تاقیكارییەكدا لەسەر سیناریۆیەكی هاوچەشن (واتە ئایا ئوتومبیلی بێ شۆفیر لە بارودۆخی لێكدران لەگەڵ دوو منداڵدا خۆی لا بدا و مرۆڤی ناو سەیارەكە بخاتە مەترسی مردنەوە)، لە بەشدارانیان پرسیار كردووە ئایا چ ڕێگایەك باشترە، هەموویان لەسەر ئەو بۆچوونە بوون كە دەبێ منداڵەكان ڕزگار بكرێن. بەڵام كاتێ پرسیاریان لێ كردوون ئایا ئامادەن سەیارەیەك بە پڕۆگرامێكی ئەوتۆ بۆ خۆیان بكڕن، كە خاوەنی ئوتومبیلەكە بۆ ڕزگاركردنی گیانی كەسانیتر قوربانی بكا، زۆربەیان بە "نا" وەڵامیان داوەتەوە.

دایبنێین، ئێوە ئوتومبیلێكی بێ شۆفیری نوێ دەكڕن، بەڵام پێش ئەوەی دەست بكەن بە لێخوڕین دەبێ چەند پرسیارێك بۆ دیاریكردنی بەرنامەی ئوتومبیلەكە وەڵام بدەنەوە. لە ئەگەری پێكدادانادا چلۆن وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە كە ئایا ئێوە قوربانی بكا یا گیانی مرۆڤی بێگانە بخاتە مەترسییەوە؟ ئایا حكوومەت دەبێ یاسا بۆ ئەو چەشنە بارودۆخانە دیاری بكات؟ ئایا ئێمە لەڕاستیدا سیستەمێكمان دەوێ كە لە لایەن سیاسەتوانانەوە بڕیارمان لەسەر بدات؟ هەرچۆنێك بێت، بە ئەگەری زۆر لە داهاتوودا گەلێك پرسیار و ڕەخنە و گۆڕانی یاسای دادپەروەریی بەدوادا دێ كە ئەوانەش لە شوێنی خۆیاندا كێشەی نوێ بۆ كۆمەڵگا دروست دەكەن.

## دیكتاتۆریەتی دیجیتالی

ژێری دەستكرد زۆر جار ترس لە مرۆڤدا پێك دێنن چونكە مرۆڤ لەڕاستیدا ئەو متمانەییەیان پێ ناكەن كە بۆ هەمیشە گوێڕایەڵیان بمێننەوە. ئێمە لەڕادەبەدەر فیلمی خەیاڵی لەسەر داهاتووی پەرەسەندنی ڕۆبۆت دەبینین كە دژ بە خاوەنەكانیان دەوەستن، لەسەر شەقامەكان گۆمی خوێن وەڕێ دەخەن و كارەسات بۆ مرۆڤ دروست دەكەن. بەڵام كێشەی ڕاستەقینە لەهەنبەر ڕۆبۆتەكان تەواو بە پێچەوانەیە. ئیمە بۆیە دەبێ ترسمان لەوان هەبێ چونكە بە تەواوی و بەردەوام گوێڕایەڵی خاوەنەكانیانن و هەرگیز لەهەنبەریاندا ناوەستن.

لە ڕاستیدا گوێڕایەڵی كوێرانە خۆی لەخۆیدا كێشەیەكی مەزن نابێ، تا ئەو كاتەی ڕۆبۆتەكان خواستی باش و پۆزیتیڤی خاوەنەكانیان بەڕێوەبەرن. تەنانەت لە ئەگەری بارودۆخی شەڕیش، بۆ یەكەمجار لە مێژوودا، دەتوانێ بیسەلمێنێ كە مافی سوپاهیان لە ناو مەیدانی شەڕدا سەرنجی دەدرێتێ و بەڕێوە دەچێ. سەربازێك كە لە گۆشت و خوێنە، هاوكات لەناو مەیدانی شەڕدا بەهۆی هەستی سۆزداریەوە زۆرجار ناچار دەكرێ دژ بە مافی مرۆڤ كردەوی نائینسانی بەڕێوە بەرێ و كارەسات پێك بێنێ، مرۆڤكوژیی بكا و دەسرێژی سێكسی بكا. لە حاڵەتی ئاسایی خۆیدا ئێمە هەمیشە هەستی سۆزداریی، خۆشەویستی و ئیمپاتیی خۆمان بە ڕووداوەكانەوە دەلكێنین، بەڵام لە سەردەمی شەڕدا هەستە سۆزدارییەكانن كە كۆنترۆڵی مرۆڤ دەكەن و ترس، ڕق و كینە و كارەسات پێك دێنن. لەبەر ئەوەی ڕۆبۆتەكان هیچ هەستێكیان نییە مرۆڤ دەتوانێ متمانەی تەواوی هەبێ بە وردی وەدوای ئامانجی خاوەنەكەیان دەكەوەن، بە بێ ئەوی هەستی كەسیی خۆیان وەك ترس و ڕق و كینە تێكەڵی كێشەكە بكەن.

ڕۆژی ١٦ی مانگی مارسی ساڵی ١٩٦٨ گرووپێكی تووڕەی سوپایی ئەمریكایی هێرشیان كردە سەر گوندێكی ڤیەتنام بە ناوی مای لای "My Lai"، نیزیكەی ٤٠٠

کەسی غەیری نیزامیان کۆمەڵکووژی کردن. ئەو کارەساتە نیزامییە لە بارودۆخی تایبەتیی ئەو سەربازانەوە سەرچاوەی گرتبوو کە چەندین مانگ بوو کەوتبوونە شەڕێکی پارتیزانییەوە. ئەو کارەساتە هیچ ستراتیژییەکی پێشتر داڕژاوی نیزمی لە پشت نەبووە، لە ڕاستیدا هەم دژ بە یاسای شەڕ و هەم سیاسەتی نیزامی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەستاوە. ئەو کارە تەنیا هەڵەی هەستەکانی ئینسانی بووە. ئەگەر دەوڵەتی ئەمریکا لەو شەڕەدا هێزی سەربازیی ڕۆبۆتی بکار هێنابا بە دڵنیاییەوە ئەو کارەساتەی گوندی مای لای هەرگیز پێك نەدەهات.

بەڵام پێش ئەوەی قوڵی لێ هەڵکەین و بەربینە سازکردنی ڕۆبۆتەی شەڕکەر و لە شەڕەکانماندا کەڵکیان لێ وەرگرین، وەبیر خۆمانی دێنینەوە کە ڕۆبۆتەکان تەنیا بەڕێوەبەری تایبەتمەندیی "کۆد"ەکانی خۆیانن. ئەگەر کۆدەکەیان خۆش ڕەفتار بێ ئەوکات ڕۆبۆتەکان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەربازی لە گۆشت و خوێن بە شێوەی مامناوەندیی جێیەکی باشتریان دەبێ. ئەگەریش کۆدەکەیان بێ بەزەییانە و سامناك بێ، ئەزموونەکەی دەبێتە هۆی دروستکردنی کارەساتی گەلێك مەزن. کێشەی ڕاستەقینەی ڕۆبۆتەکان ئەوەیە هێزی ژیری دەستکردیان نییە، بەڵکوو زیاتر تێنەگەیشتوویی سروشتی و بێ بەزەییبوونی خاوەنە مرۆڤەکانیانە.

مانگی جۆلای ساڵی ١٩٩٥ گرووپێکی بۆسنیایی سێربەکان لە شاری سرێبرێنیتسا "Srebrenica" کۆمەڵکوژییەکیان وەڕێ خست کە بووە هۆی کوشتنی بەکۆمەڵی نیزیکەی ٨ هەزار مرۆڤی بۆسنی موسوڵمان. بە پێچەوانەی کۆمەڵکووژی گوندی مای لای لە ویتنام، لەوێ ئەو کارەساتە بە ستراتیژییەکی پێشتر داڕژراو لە پەیوەندایەتیی سیاسەتی بۆسنیا – سێربیا و لەژێر ناوی "خاوێنکردنەوەی ئەتنیکی" بەڕێوەچوو. ئەگەر بۆسنییەکان لەو کارەساتەی ساڵی ١٩٩٥ لە هێزی سەربازی ڕۆبۆت کەڵکیان وەرگرتبایە بە ئەگەری زۆر کارەساتەکە گەلێك مەزنتر وماڵوێرانکەرتر کۆتایی پێ دەهات. هیچ کام لە ڕۆبۆتەکان چرکەیەکیش بیریان لێ نەدەکردەوە ئەو ئەرکەی پێیان ئەسپێردراوە جێبەجێ نەکەن؛ تەنانەت لە گیانی منداڵێکی موسوڵمانیش بەهۆی نەبوونی ئیمپاتی، سۆزداریی یاخود بەزەیی پێداهاتنەوە، خۆش نەدەبوون.

دیكتاتۆرێكی زاڵم، كە سوپایەكی ئەوتۆی ڕۆبۆتەی لە ژێر دەسەڵاتدا بێت، هیچكات لەوە ناترسێ تەنانەت سەربازێكیشی لێی دادەبڕێ جا ئەمر و ویستەكەی هەرچەندەش نائینسانی و زاڵمانە بێ. سوپایەكی پێكهاتوو لە ڕۆبۆتەكان بە ئەگەری زۆر شۆڕشی ساڵی ١٧٨٩ی فەڕانسەیان لە ناوكیدا دەخنكاند و لە ناو دەبرد، ئەگەر حوسنی موبارەك ساڵی ٢٠١١ شەڕكەر و مرۆڤكوژی ڕۆبۆتەی بوایە، بە بێ ترس لەوەی سەربازەكانی دژ بەخۆی بوەستن، لە گیانی خەڵكەكەی بەردەدان. هەروەها حكوومەتێكی ئیمپریالیستی بە سوپایەكی ڕۆبۆتەوە دەتوانن سنووری شەڕی نائاسایی بشكێنن بە بێ ئەوەی خەمێكیان تێدا پێك بێ كە سەربازە ڕۆبۆتەكان ورەیان لە دەست بدەن یا بنەماڵەكانیان دژ بە شەڕ خۆپێشاندان بكەن. ئەگەر وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا لە شەڕی ڤیەتنامدا سوپایەكی رۆبۆتەیان هەبوایە لەوانەیە كارەساتی گوندی مای لای پێك نەهاتبایە، بەڵام شەڕەكە خۆی ڕەنگە گەلێك زیاتر بەردەوام بایە چونكە حكوومەتی ئەمریكا كەمتر بیری لە پرۆتێستی سەربازان و بنەماڵەكەیان و خۆپێشاندانی خەڵكانی دژ بە شەڕ دەكردەوە. ڕەنگە تاقمێك لە خەڵكی، بە گشتیی دژ بە شەڕ وەستابان بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ بنەماڵەیەك نەدەبوو كە بە هۆی جەرگ سووتان یا لە دەستدانی ئەندامێكی بنەماڵەكەیانەوە لەو خۆپێشاندانانەدا بەشداری بكەن، ژمارەیان گەلێك كەمتر و كارتێكەرییان لاواز دەبوو.

بۆ دروستكردنی ئوتومبیلی بێ شۆفیر سروشتیە ئەو چەشنە كێشانە گرنگایەتی كەمتریان هەیە چونكە هیچ كارخانەیەكی ئوتوموبیل سازی بەرهەمەكەی بە شێوەی تووڕە و نائینسانی بەرنامەی بۆ داناڕێژێت و نابێتە هۆی كوشتنی مرۆڤ. بەڵام سیستەمی چەكی ئوتوماتیكی دەتوانن مەترسییەكی ڕاستەقینە بۆ مرۆڤ دروست بكەن. ئەو مەترسییە تەنیا بە كەرەسەی ئوتۆماتیكیی مرۆڤ كوژ كۆتایی پێ نایە. بە هەمان شێوە دەتوانرێ سیستەمی چاوەدێریكردنی مرۆڤ لە لایەن حكوومەتە دیكتاتۆرەكانەوە گەلێك سامناك بكات. سیستەمی ئەوتۆ ئەگەر بكەوێتە دەستی حكوومەتی دیكتاتۆرییەوە، بە ئەگەری زۆر چاوەدێریی ئالگاریتمی مرۆڤ تەنانەت لە كاتی پشوودان لە ماڵەوەش باشترین كەرەسە دەبێ بۆ كونترۆڵی ئەندامانی كۆمەڵگا.

بەڵێ، بە ئەگەری زۆر سیستەمێكی چاودێری لەو چەشنە كونترۆڵێكی تەواو بۆ حكوومەتەكان پێك دێنن كە نەك هەر چالاكییەكانی دەرەوە و هەڵس و كەوتەكانی مرۆڤی پێ كونترۆڵ دەكەن بەڵكوو خۆ دەخزێنە ژێر پێستی مرۆڤەوە و هەڵس و كەوت و ئەزموونە دەروونییەكانیشی پێ چاودێریی دەكەن. لەبەر چاوی خۆمان وێنای دەكەین مرۆڤێكی دیكتاتۆری وەك كیم "Kim" لە كۆریای باكوور ئەگەر تێكنیكێكی ئەوتۆی لەبەر دەستدا بایە، چ كارەساتێكیی پێك دێنا؟ دەبوو هەر مرۆڤێكی كۆریای باكووری دەستەوانەیەک لە دەوری دەستی ببەسترێ كە هەموو چالاكییەكی كونترۆڵ بكا و تەنانەت بەردەوام پەستاوی خوێنی ئەندازە بگرێت و چالاكییەكانی مێشكی تۆمار بكا و بزانێ هەركام لە مرۆڤی ناو كۆمەڵگا چلۆن بیر دەكەنەوە.

سروشتییە ڕەنگە بەهۆی تاک كەوتنەوەی حكوومەتی كۆریای باكوور و هەڵبڕانی لە وڵاتانی جیهان، گەلێك دژوار بێ خۆی ئەو تێكنیكە بدۆزێتەوە. بەڵام دەشتوانێ بە هێزی پارە لە لایەن وڵاتانیترەوە سیستەمێكی ئەوتۆ دەستەبەر بكا یاخود تێكنیكەكە كۆپی بكەنەوە. هەم وڵاتی چین و هەم ڕوسیا هەر وەك چەند لە وڵاتە دێمۆكراتەكانیش لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاوە هەتا ئیسرائیل، بە شێوەیەكی جیددی خۆیان بە دۆزینەوەی سیستمی چاودێریكردنی ئەندامانی ناو كۆمەڵگاكەیانەوە خەریك كردووە. وڵاتی ئیسرائیل كە بە تامەزرۆییەوە خۆی وەك نەتەوەیەكی "Start-up-Nation" پیشان دەدا، سیستەمێكی كونترۆڵی گەلێك پێشكەوتووی هەیە كە بۆ هەموو جیهان ناسراوە. هاوكاتیش كەوتۆتە ناو شەڕێكی ماڵوێرانكەر لەگەڵ فەلەستیندا و لای كەم تاقمێك سیاسەتوانی ئیسرائیلی، سوپایی و مرۆڤی ئاسایی خۆشحاڵ دەبن ئەگەر بتوانن بە تەواوی ئەو ناوچەیە لەژێر چاودێریی خۆیاندا بگرن.

تەنانەت ئەمڕۆش كاتێ مرۆڤێكی فەلەستینی لە تەلەفۆنەكەی كەڵك وەرگرێ، شتێك لەسەر فەیسبووك دانێ یا لە شارێكەوە بۆ شارێكیتر بڕوا، لە لایەن ئیسرائیلییەكانەوە بە كامێرا، میكرۆفۆن، درۆنە،[٧] یا بەرنامەی سیخوری كامپیۆتێری كونترۆڵ دەكرێن. ئەو داتایانەی كۆیان دەكەنەوە لە لایەن ناوەندێكی ئالگاریتمییەوە ئانالیزە دەكرێن و

---

[٧] درۆنە كەرەسەی كامێرایە كە هەڵدەفڕێ و لە ئاسمانەوە چاودێری مرۆڤ دەكا.

ئەزموونەكەی لە بەردەست دەمودەزگای ئەمنیدا دادەنرێن. ئەو كارە یارمەتیدەرە بۆ هێزی ئەمنی ئیسرائیل و پێشگرە لە زۆر كارەسات بە بێ ئەوەی سەرباز یاخود سیخۆریان لە ناوچەكاندا هەبێ. ڕەنگە فەلەستینییەكان چەند شار و گوندیان لە ڕۆژئاوای وڵاتی ئۆردۆن لەژێر كونترۆڵی خۆیاندابێ، بەڵام وڵاتی ئیسرائیل ئاسمان و فەزای مەجازیی واتە "Cyberspace"ی ئەو ناوچانەیان لەژێر كونترۆڵی خۆیان گرتووە. بە هۆی ئەو سیستەمەوە بۆ كونترۆڵی نیزیكەی ٢،٥ ملیۆن فەلەستینی پێویستیان بە سەربازێكی گەلێك كەم هەیە.

لە ڕووداوێكی تراژێدیكی ساڵی ٢٠١٧ دا، كرێكارێكی فەلەستینی لەسەر فەیسبووكی كەسیی خۆی وێنەیەكی خۆی دادەنێ كە لە پەنا بولدزێرێكەوە ڕاوەستاوە. لە ژێر وێنەكەدا دەنووسێ: "بەیانی باش!" ئالگاریتمێكی ئوتوماتیكی هەڵەیەكی بچووك لە خوێندنەوەی پیتی عەرەبییەكەیدا دەكا. بە جێی "Ysabechhum" (كە بە مانای بەیانی باشە)، وشەكە بە "Ydbachhum" دەخوێنێتەوە(كە بەمانای ئەوان بكووژە)یە. بەوهۆیەی گومانی ئەوە كراوە كە مرۆڤە فەلەستینییەكە دەتوانێ تێرۆریست بێ، و بە بۆلدزێرەكەی خەڵكیی وەبەر دا، لە لایەن هێزی ئەمنی ئیسرائیلەوە دەسگیر دەكرێ. دواتر كاتێ دەزانن هەڵەی ئالگاریتمەكە بووە، مرۆڤەكە ئازاد دەكەن. هەواڵەكە لەناو فەیسبووكدا بە پەلە پاك كرایەوە. مرۆڤ ناتوانێ لەم سەردەمەدا لە هیچ بارودۆخێكدا ئازاد بێ و بە بێ چاودێری، ئیش و كارێكی تاكەكەسیی خۆی بەڕێوەبەرێ.

لە كۆتاییەكانی سەدەی بیستەمدا بیری دێمۆكراتیی بەسەر دیكتاتۆریدا زاڵ بووە، چونكە ئەوان زانیارییەكانیان باشتر بەكار هێناوە. سیستەمی دێمۆكراتیی هێزیان دابەش كردووە، كاتێ بۆ كارلەسەركردنی زانیارییەكان و بۆ بڕیاردانەكانیان مرۆڤ و ڕێكخراوەكانی ناو كۆمەڵەكەیان بەشداری كارەكە كردووە، بەڵام بە پێچەوانە لە سیستەمی دیكتاتۆریدا زانیاریی و هێز لەژێر كونترۆڵی شوێنێكی دیاریكراودا مابووە. بە ئاوڕدانەوە لە تێكنۆلۆژی سەدەی بیستەم هیچكەس ئەو لێهاتوویيەی نەبوو بە گورجی كار لەسەر هەموو زانیارییەكان بكا و بە هۆی كۆی ئەزموونی زانیارییەكانەوە بڕیاری دروست بدا. ئەوە یەك لەو هۆكارانەیە بۆچی كاربەدەستانی

سوڤیەت بە ڕوونی بڕیاری خراپتریان دەدا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەمریكا و بۆچی بارودۆخی ئابووریی نەتەوایەتی سوڤیەت گەڵێك لە هی ئەمریكا دواكەوتووتر بوو.

لە داهاتوویەكی نیزیكدا ژیری دەستكرد دەتوانێ بارودۆخێك پێك بێنێ كە بڕیارەكان گەلێك گورجتر و باشتر بدرێن. چونكە ژیری دەستكرد ئەو لێهاتووییەی هەیە لەسەر ژمارێكی گەلێك زۆری زانیارییەكان لە كاتێكی كەمدا كار بكا. لە ڕاستیدا ژیری دەستكرد بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سیستەمی جێ نەگر، دەتوانێ سیستەمی جێگر لە ناوەندێكدا گەلێك كارزانایانەتر بەڕێوەبەرێ چونكە ڕاهێنانی ماشێنیی هەرچەند زانیاریی زیاتر بۆ ئانالیزەكردنی لەبەر دەستدا بێ بەو ڕادەیەش باشتر دەتوانێ بڕیاری ووردتر و باشتر بدا. ئەگەر زانیاریی جۆراوجۆر لەسەر یەك ملیارد مرۆڤ لە ناوەندێكی زانیاریی كۆ كرێنەوە، سەرەڕای نیگەرانیی مرۆڤ لەسەر شێوەی پارێزگاریكردن لە ناوەڕۆكەكەیان، ئالگاریتمەكان دەتوانن بۆ كار لەسەر ئەزموونی بڕیاردانەكان باشتر ڕابهێندرێن. ئەگەر بۆ وێنە ڕژیمێكی زۆردار ئەمر و فەرمان بە خەڵكی بدا كە د. ن. ئای خۆیان سكەن بكەن و هەموو زانیارییەكانیانی سەبارەت بە سلامەتیی پزشكی لە بەردەست ناوەندێكی دیاریكراو دانێن، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو وڵاتانەی ئەو چەشنە زانیارییانە بە شێوەی كەسیی سەیر دەكەن و ئیزنی چاولێكردنیان نادەن، خاڵی ئەرێییان هەیە چونكە بۆ پشكنینی ژێنێتیک زانیارییەكی زۆریان لەبەر دەست دایە. خاڵی گرنگی ئەو ڕژیمە زۆردارانەی سەدەی بیستەم واتە هەوڵدان بۆ كۆكردنەوەی زانیاریی لە شوێنێكی دیاریكراو، دەتوانێ لە سەدەی بیست ویەكەمدا ببێتە خاڵێكی بڕیاردەری پۆزیتیڤ.

لەبەر ئەوەی ئالگاریتمەكان ئیمەی مرۆڤ بە باشی دەناسن، ڕژیمە زۆردارەكان دەتوانن بە هۆی ئەوەوە كونترۆڵی بە تەواوییان لەسەر ئەندامانی كۆمەڵ هەبێ تەنانەت زیاتر لە سەردەمی سوسیال ناسیۆنالیستەكانی ئاڵمان، هەروەها بەرگریی لەهەنبەر ئەو چەشنە ڕژیمانە وەک كارێكی نەگونجاوی لێدێت. ئەو ڕژیمانە نەک هەر دەیانەوێ بە ووردی بزانن مرۆڤ هەست بە چی دەكا – بەڵكوو ئێوە دەبێ هەست بەو شتە بكەن كە ئەوان لە مرۆڤی داوا دەكەن. دیارە دیكتاتۆری ئەوتۆ لەو بارودۆخەدا نییە كە بتوانێ سیستەمێكی باشی سلامەتیی گشتی پێك بێنێ یا بۆ مافی بەرانبەری لەناو

كۆمەڵدا هەوڵ بدا، بەڵام ئەوان دەتوانن فێری خەڵكی بكەن خۆشەویستیان بۆ ڕژیم هەبێ و رق و كینەیان لە هەنبەر دوژمنانی ڕژیم تێدا پێك بێ. دێمۆكراتیی لە فۆرم و شێوەی ئێستای خۆیدا ناتوانێ لەهەنبەر تێكەڵاویی و توانەوەی نێوان بیۆتكنۆلۆژی و تكنۆلۆژی زانیارییدا گیانی سالم ڕزگار بكات. ئەو سیستەمە دەبێ یا بەشێوەیەكی ڕادیكال فۆرمێكی نوێتر لەخۆی بدۆزێتەوە، یاخود مرۆڤ ناچار دەكرێن لە سیستەمێكی دیكتاتۆریی دیجیتاڵیدا ژیان بكەن.

دیارە ئەو كارە گەڕانەوە بۆ سەردەمی هیتلێر و ستالین نییە. دیكتاتۆری دیجیتاڵیی جیاوازییان لەگەڵ ئەو سەردەمانەدا دەبێ، هەر بەو شێوەیەی كە ڕایشی سێهەمیش جیاوازی لەگەڵ ڕژیمی فەرنسا "Ancien Régime" دا هەبوو. لودویگی چاردە ناوەندێكی زۆرداریی و ملهوڕی بووە، بەڵام خاوەنی ئەو تكنۆلۆژییە نەبووە كە بتوانێ دەوڵەتێكی توتالیتری مودێرن پێك بێنێ. ئەو هیچ ترسێكی لە خۆڕاگریی لەهەنبەر حكوومەتەكەی نەبووە، چونكە لەو سەردەمەدا هێشتا كەرەسەی وەك ڕادیۆ، تەلەفۆن و شەمەندەفر دروست نەكرابوون و كونترۆڵیكی ئەوتۆی لەسەر كۆمەڵگاكەی نەبووە. ئەو نە ویستوویە و نە لەو بارودۆخەدا بووە حیزبیكی گەورە، بزووتنەوەی گەنجان یا سیستەمێكی ڕاهێنانی نەتەوەیی پێك بێنێ. تكنۆلۆژیی نوێی سەدەی بیستەم ئەو پاڵنەر، هاندەر و هێزەیان لە هیتلێر دا دروست كرد كە بتوانی كارەساتەكانی بەڕێوەبەرێ. ئێمە ناتوانین پێشگۆیی ئەوە بكەین دیكتاتۆری دیجیتاڵیی لە ساڵی ٢٠٨٤ دا كام پاڵنەر یا هێزی لە دەستدا دەبێ، بەڵام جێی باوەڕ نییە كارەساتەكانی هیتلێر و ستالین زیندوو بكەنەوە.

بەڵام تەنانەت ئەگەر ئەو هەلە بۆ سیستەمی دێموكراتیك بڕەخسێ كە بۆ زیندوومانەوە خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێنێ، مرۆڤ دەتوانن ببنە قوربانی فۆرم و سیستەمی نوێی چەوسانەوە و هەڵاواردن. لەمڕۆدا بانك، كارخانە و ئەنستیتۆكان زیاتر و زیاتر بۆ ئانالیزەكردنی زانیارییەكان و بڕیار دەركردن لەسەر مرۆڤ لە سیستەمی ئالگاریتمی كەڵك وەردەگرن. ئەگەر ئێوە داوای قەرز لە بانكەكەتان بكەن، بە ئەگەری زۆر داواكارییەكەی ئێوە لە لایەن ئالگاریتم و نەك لە لایەن كارمەندێكی بانكەكەوە كاری لەسەر دەكرێ. ئالگاریتمەكە بە سەیركردن و

ئانالیزەكردنی زانیارییەكانی لەسەر ئێوە و بە لەبەرچاوگرتنی ئاماری ملیۆنان مرۆڤیتر، بریار دەدا ئایا قەرز بە ئێوە بدرێ یا نا. لەو بارودۆخانەدا ئالگاریتم بە ڕاشكاویی باشتر و گورجتر لە مرۆڤ ئەركەكە بەڕێوە دەبا. كێشەكە ئەوە دەبێ كە زۆر دژوار دەكرێ بزانین ئایا ئالگاریتمیش هەولّی هەڵاواردنی مرۆڤ دەدا؟ ئەگەر بانك نەیهەوێ وام بە ئێوە بدا، و ئێوە پرسیار بكەن "هۆكارەكەی چییە؟"، بانك دەتوانێ بڵێ: "ئالگاریتم گوتوویەتی نا! " ئێوە پرسیار دەكەن: "بۆچی ئالگاریتم نای گوتووە؟، چ كێشەیەك لە كارەكەی مندا هەیە؟" بانك وەڵام دەداتەوە: "ئێمە نازانین. مرۆڤ لەو ئالگاریتمە ناگا، چونكە ئەو بەستراوەتەوە بە ڕاهێنانی مودێرنی كامپیۆتری. بەڵام ئێمە متمانە بە سیستەمەكەمان و ئالگاریتمەكە دەكەین، هەر بەو هۆیەشەوە قەرزتان نادەینێ!"

ئەگەر هاڵاواردن دژ بە گرووپێك بۆ وێنە ژنان یا مرۆڤی ڕەش پێست بەڕێوە بچێ ئەو گرووپانە دەرەتانی ئەوەیان هەیە یەكبگرن و خۆیان ئۆرگانیزە بكەن و دژ بەو هەڵاواردنە ڕاوەستن. بەڵام ئێستا ئالگاریتمەكان دەتوانن جیاوازیی كەسییان لەنێوان دابنێن و ئەوانیش ناتوانن بزانن بۆچی. لەوانەیە ئالگاریتمەكان شتێكیان لە د. ن. ئا یا مێژووی ژیانیان یاخود لەسەر فەیسبووك دۆزیبێتەوە كە بە خاڵی نەرێنیان دانابێ. ئالگاریتمەكان بەو هۆیەوە جیاوازییان لە نێوان دانانێن كە ژن یا مرفێكی ڕەش پێستن – بەڵكوو چونكە ئەوان ئەو كەسەن بەو تایبەتمەندیی و زانیارییانەی كە بە سیستەمەكەیانی دەناسێنێ. دەبێ خاڵێك لەسەر ژیانی ئەوان هەبێ كە بە خواستی ئالگاریتمەكە نەبووە. ئێوە نازانن ئەو خاڵە لاوازە چییە، تەنانەت ئەگەر بشتانزانیبایە ئەو دەرەتانەتان نییە خۆ لەگەڵ مرۆڤیتر ڕێك بخەن و دژ بەو بڕیارە بوەستن، چونكە مرۆڤێكیتر بە خاڵی لاوازی سەداوسەد وەك ئێوە بوونی نییە تا خۆتانی لەگەڵدا ڕێك بخەن. مرۆڤ لەگەڵ كێشەكەی تەنیا دەمێننەوە. بە جێگای هەڵاواردنی گشتیی، لە سەدەی بیست و یەكەمدا دەتوانرێ كێشەی هەڵاواردن و جیاوازیدانانی كەسی بۆ مرۆڤ دروست بكرێ.

لەوانەیە لە لووتكەی هێزی ئەو چەشنە سیستەمانەدا هێشتا مرۆڤ وەستابن و ئەو هەستە لە ئێمەدا پێك بێنن كە ئالگاریتمەكان تەنیا وەك ڕاوێژكارێك كار دەكەن و هێزی

ڕاستەقینە هێشتا لە دەست مرۆڤدایە. ئێمە خۆ نامانەوێ لە جیاتی سەرۆككۆماری وڵاتێك یا سەرۆكی ڕێكخراوەی گووگڵ ژێری دەستكرد دابنێین. بەڵام ئەو بڕیارانەی سەرۆك كوماری وڵات یا بەڕێوەبەرەكەی Chief Executive Officer (CEO) دەیدەن، بە ئەگەری زۆر ژێری دەستكرد كارتێكەریی لەسەریان دەبێت. ڕەنگە سەرۆك كۆمارەكە بتوانی لە نێوان چەند ئالترناتیڤدا یەكیان هەڵبژێرێ، بەڵام هەموو ئەو ئالترناتیڤانە ئەزموونی ئانالیزەكردنی داتای مەزن دەبن و زیاتر ڕەنگدانەوە و كارتێكەریی ژێری دەستكردن تا هی مرۆڤ.

ئەو بۆچوونە تەنانەت لە سەردەمی پێشووشدا بەو شێوازە بەڕێوە دەچوو. نموونەیەك لە سەردەمی پێشوو دێنینەوە: سیاسەتوانان لە هەموو شوێنێكی ئەم جیهانە دەیانتوانی لە نێوان چەند سیستەمی جیاوازی ئابووری – سیاسیدا یەكیان هەڵبژێرن، بەڵام زۆرینەی ئەو سیستەمانە ڕەنگدانەوە و پلانی پێشتر داڕشتووی سیستەمی سەرمایەداری بوون. سیاسەتوانان ئەو خەونەیان تێدا پێكدەهات كە مافی هەڵبژاردنیان پێ دەدرێ، بەڵام بڕیارە گرنگەكانی ئەو سیستەمانە دەمێك بوو لە لایەن بانكدارەكان و زانایانی ئابووری و سەرمایەدارانەوە بڕیاریان لەسەر درابوون. دوای تێپەڕبوونی چەند دەیە وێدەچێ سیاسەتوانان مافی هەڵبژاردنیان لە نێوان چەند ئالترناتیڤدا پێ بدرێ بۆ ئەوەی ئەمجارەیان بكەونە داوی یەخسیر بوون بە دەست ژێری دەستكردەوە.

## ژیری دەستكرد و گێژ و لاژی سروشتی

هەواڵی خۆش ئەوەیە كە ئێمەی مرۆڤ لایكەم لە چەند دەیەی داهاتوودا ناچار بەو خەونە ناخۆشە ناكرێین لەگەڵ ژیری دەستكرد ژیان بكەین، كە بە لەخۆڕادیوی و بیری سەربەخۆیانەوە مرۆڤ بكەنە دیلی خۆیان یاخود بیانەوێ جێی مرۆڤی هۆمۆساپییەن بگرنەوە و ببنە هۆی تووناكردنی. ئێمە لەمرۆدا زیاتر هەوڵی پەرەسەندنی كەرەسەی ئالگاریتمی دەدەین بۆ ئەوەی بڕیارەكانمانیان پێ بسپێرین، بەڵام كارێكی گەلێك نەگونجاو دەبێ ئالگاریتمەكان بە ویستی سەربەخۆوە بیانەوێ مرۆڤ مانیپولیرە بكەن.

فیلمە خەیاڵییەكانی هالیوود بە مەیلەوە چەمكی بلێمەت لەگەڵ خۆناسین دەگۆڕنەوە و پێیان وایە لە داهاتوودا كامپیۆتر دەبێ خۆناسینی پەرە بستێنێ بۆ ئەوەی وەپێش بلێمەتی مرۆڤ بكەون و بیانكەنە كۆیلەی خۆیان. لە زۆربەی فیلم و ڕۆمانە خەیاڵییەكانی سەبارەت بە ژیری دەستكرددا، ناوەكی باسەكە لەسەر ئەو چركە سیحراویە ساغ بۆتەوە كە ڕۆبۆت یا كامپیۆترێك بە قۆناخی تێگەیشتوویی و خۆناسینی خۆی دەگا. كاتێكیش بە پلەی خۆناسینان گەیشتن، كاسایەتییە سەرەكییەكەی ناو فیلم یا ڕۆمانەكە هەستی خۆشەویستی لە هەنبەر ژیری دەستكرد تێدا پەروەردە دەبێ یا ڕۆبۆتەكە هەوڵی لەناو بردنی مرۆڤ دەدا یاخود هەردووك سناریۆكە هاوكات لەگەڵ یەك بەڕێوە دەچن.

لە دنیای ڕاستەقینەدا هیچ بەڵگەیەك بوونی نییە كە ژیری دەستكرد بەدوای وەدەستهێنانی بیری سەربەخۆ، بلێمەت یا خۆناسینەوە بن، چونكە بلێمەت و خۆناسین بە تەواوی دوو چەمكی جاواز لە یەكترن. بلێمەتی ئەو لێهاتووییەیە كە بتوانرێ ڕێگاچارە بۆ كێشەكان بدۆزرێتەوە. خۆناسین ئەو لێهاتووییەیە چەمكەكانی وەك ئێش، ئازار، خۆشحاڵی، خۆشەویستی و ڕق و كینەی پێ هەست دەكەین. ئێمەی مرۆڤ

زۆرجار بە مەیلەوە ئەو چەمكانە تێكەڵاو یەكتر دەكەین، چونكە لای مرۆڤ و ئاژەڵە شیردەرەكانیتر بلیمەت یاخود هزر بە هاوڕێیی هەستی ئاگاداربوون بەڕێوەدەچێ. ئاژەڵە شیردەرەكان زۆربەی كێشەكانیان لە ڕێگای هەستپێكردنەوە چارە دەكەن، بەڵام كامپیۆتر كێشەكانی خۆی لە ڕێگایەكی تەواو جیاوازەوە چارە دەكا.

ڕێگاچارەی جیاواز پێویستیان بە بلیمەتیكی بەرز هەیە و تەنیا لەسەر تاقمێك لەو ڕێگایانە خۆناسینیش دێتە ئاروە. وەك چلۆن فڕۆكە گەلێك خێراتر و گورجتر لە باڵندە دەفڕن بە بێ ئەوەی باڵیان پەرەی سەندبێ، بە هەمان شێوەش كامپیۆتر دەتوانن زۆر باشتر لە بوونەوەرانی شیردەر ڕێگاچارە بۆ كێشەكان بدۆزنەوە بە بێ ئەوەی هیچ هەستێكیان تێدا پێك بێ. دیارە ژیری دەستكرد دەبێ بتوانن هەستە ئینسانییەكان بە تەواوی ئانالیزە و شی بكەنەوە بۆ ئەوەی بتوانن بۆ وێنە ڕێگایەك بۆ بەربەرەكانی نەخۆشییەكان بدۆزنەوە، مرۆڤی تێڕۆریست بناسنەوە، پێشنیار بۆ دۆزینەوەی هاوسەری ژیان بە مرۆڤ بكەن و ئوتومۆبیلێك لەسەر شەقامێكی پڕ لە مرۆڤی پیاسەكەر وەڕێبخەن و هیدایەتی بكەن. بەڵام ژیری دەستكرد تەواوی ئەو كارانە بەڕێوە دەبا بە بێ ئەوەی هیچ هەستێك لەخۆیدا پەروەردە بكا و لە كارەكانیدا خۆناسینی هەبێ. كەرەسەیەكی ئالگاریتمی ناچار نییە خۆی هەست بە خۆشحاڵی، رق یا ترس بكا، بۆ ئەوەی بتوانێ بۆ وێنە جیاوازی بیۆكیمیایی مەیموونێك بە هەستی خۆشحاڵیی یا تووڕەیی یاخود ترسەوە بناسێتەوە.

سروشتییە كە كارێكی بەتەواوەتی نەگونجاو نەبێت ئەگەر ژیری دەستكرد هەستی تێدا پەروەردە نەكرێ. ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین بڕیاری دروست بدەین هێشتا بە تەواوی لەسەر تەوەری خۆناسین زۆر شت نازانین. بە شێوەیەكی گشتی ئێمە دەتوانین سێ دەرەتان لەبەر چاو خۆمان وێنا بكەین:

1. هەستی خۆناسین پەیوەندیی بە پڕۆسەی بیۆكیمیایی ئورگانیكییەوە هەیە كە هیچكات ئەو هەلەی بۆ نارەخسێ هەستی خۆناسین لە سیستەمی غەیری ئۆرگانیكیدا پێك بێنێ.
2. هەستی خۆناسین پەیوەندیی بە پڕۆسەی بیۆكیمیایی ئورگانیكییەوە نییە، بەڵكوو پەیوەندیی بە هزر و بلیمەتییەوە هەیە و وێدەچێ لە داهاتوودا كەمپیۆتر

بتوانن هەستی خۆناسینی خۆیان پەرە پێ بدەن ئەگەر بتوانن سنوورێكی دیاریكراوی هزر تێپەڕ بكەن.

3. هیچ نیاز و پەیوەندییەك لە نێوان هەستی خۆناسین و پڕۆسەی بیۆكیمیایی ئۆرگانیكی یاخود هزری بەرز بوونی نییە. كامپیۆتر دەیانتوانی هەستی خۆناسینیان پەرە پێ بدەن – بەڵام دەشتوانێ وا نەبێ. دیارە ئەوان دەتوانن گەلێك ژیر بن و هاوكاتیش هەستی خۆناسینیان نەبێ.

لەسەر زانیاریی زانستیی ئەمڕۆی ئێمە ناتوانین هیچكام لەو سێ بیرۆكەیە ڕەد بكەینەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی زانیاریی ئەمڕۆی ئێمە لەسەر هەستی خۆناسین گەلێك كەمە، وێدەچێ زیاتر نەگونجاو بێ ئێمە لە داهاتوویەكی نیزیكدا بتوانین كامپیۆتر بە هەستی خۆناسینەوە پەرە پێ بدەین. سەرەڕای هێزی لەڕادەبەدەری هزری چێكراو وێدەچێ هێشتا داهاتوویان و بوون و بەكارهێنانیان بەستراوە بە مرۆڤەوە بمێنێتەوە.

ئێستا ئەو مەترسییە هەیە ئەگەر ئێمە زیاتر بەها بە پەرەپێدانی ژیری دەستكرد بدەین و كەمتر كاتی خۆمان بۆ پشكنینی هەستی خۆناسینی ئینسانی تەرخان بكەین، ئەزموونەكەی ببێتە هۆی پەرەپێدانی ژیری دەستكرد و كامپیۆتر و ئەسپاردنی زیاتری بڕیار و كارەكانمان بەو كەرەسانە و لە كۆتاییدا ببینە هۆی پەرەپێدانی گێژیی و گەمژەی سروشتیی خۆمان. لە چەند دەیەی داهاتوودا بە ئەگەری زۆر سەروكارمان لەگەڵ بەربەرەكانی لەهەنبەر ڕۆبۆتی ناڕازی نابێ بەڵكوو زیاتر كێشە و گێچەڵیمان لەگەڵ گاڕانێك كەرەسەی دەستكرد دەبێ كە پێمان وادەبێ لە دایكمان باشترن، قامك لەسەر كام دوگمە سۆزدارییەكان دابنێین و كام لێهاتوویيمان بەكار بێنین بو هاندانمان و هەوڵی فرۆشتنی ئوتۆمۆبیل، سیاسەت یاخود بە سەرجەم ئیدیۆلۆژییەك. ئەو كەرەسە دەستكردانە دەتوانن قووڵترین ترسەكانمان، هەستی ڕق و كینەمان و ئارەزووەكانمان بە باشی بناسن و لەو مەڵغەیە(اهرم) دژ بە خۆمان كەڵك وەربگرن. یەكەم ئاسەوارەكان و تام وچێژی ژیری دەستكردمان كاتێ بینی كە هێزداران لە هەڵبژاردنەكانی دواییی هەموو ناوچەكانی ئەم جیهانەدا بەهۆی بژاردنی دیجیتالییەوە چۆن دەنگەكانیان مانیپولیرە كرد و بۆ مەبەستی سیاسی و كەسی خۆیان گۆڕانیان بەسەر ئەزموونی دەنگەكاندا هێنا. هاوكات لەگەڵ ڕۆمان و فیلمە خەیاڵییەكانی هالیوود

كە بە شێوەیەكی دڕامای زێدەڕۆیانە كارەساتی پڕ لە ئاگر و دووكەڵ دروست دەكەن، ئێمەی مرۆڤیش دەتوانین بەهۆی قامك پێوەنانێكەوە بە مشكی كامپیۆتریی لەسەر دنیای ڕاستەقینەی خۆمان كارتێكەریمان هەبێت.

بۆ پێشگرتن بەو چەشنە ڕووداوانە، گەلێك ژیرانەتر دەبێ ئەگەر ئێمەی مرۆڤ بەرانبەر بە هەر دوڵار و هەر چركەیەك كە بۆ پەرەسەندنی ژیری دەستكرد بەكاری دێنین، دۆلار و چركەیەكیش بۆ پشكنینی هەستی خۆناسینمان تەرخان بكەین. بەداخەوە لەمڕۆدا مرۆڤ هەوڵێكی ئەوتۆی بۆ نادا، پشكنینی خۆناسینی خۆی بكا و پەرەی پێ بدا. ئێمە زیاتر وەك بوونەوەرێكی خۆناس لە ڕوانگەی درێژخایەنی نیازەكانەوە تاقیكاریی لەسەر لێهاتووییەكانی مرۆڤ بەتایبەت لە پەیوەندیی نێوان نیازەكانی سیستەمی سیاسی – ئابووری دەكەین. سەرۆكی ئیدارەكە داوام لێدەكا بە پێی كات لە ماوەیەكی كەمدا وەڵامی ئیمەیلەكان بدەمەوە، بەڵام تامەزرۆوییەكی ئەوتۆ بۆ لێهاتووییەكانم بۆ وێنە چێژبردنم لە خواردەمەنی لە خۆی پیشان نادا. ئێستا تەنانەت هاوكات لەگەڵ خواردنەكانیشم ئیمەیلەكان سەیر دەكەم و بە پێی كات لێهاتووییم بۆ سەرنجدان بە هەستەكانم لەدەست داوە و بارودۆخێكم بۆ دروست كراوە چێژ لە خواردنەكەشم نابینم. سیستەمی ئابووری گوشاری بۆ هێناوم نموونەی كاری سەرمایەداریی پەرە پێبدەم و بیگەشێنمەوە، بەڵام هیچ ورەیەكیان بۆ نەهێشتوومەتەوە هەستەكانی خۆم پەرە پێبدەم و بیانگەشێنمەوە. بە دوو دڵی و داماوییەوە هەوڵ دەدەم هەست بە نهێنییەكانی جیهانی ئابووری بكەم، و لە ڕاستیدا هیچ هەوڵێك نادەم لە هۆكاری ئازار كێشانی مرۆڤ و ئاژەڵ تێ بگەم و نهێنییەكانی دەروونی خۆم ڕوون كەمەوە.

لەو ڕوانگەیەوە مرۆڤ زۆر لە ئاژەڵی دەستەمۆكراو دەچن. ئێمە گای گێژمان پەروەردە كردووە بۆ ئەوەی بتوانین بە پێوەرێكی دیاریكراوی بەرهەمی شیر و گۆشت بگەین، بەڵام ئەو ئاژەڵە دەستەمۆ كراوانە بەهەڵسەنگاندن لەگەڵ گای سروشتی گەلێك وەدوا كەوتوون و زۆر هەڵس و كەوت و وارسكە و خۆڕسكییان جیاوازی هەیە. ئەوان كەمتر چالاكن، كەمتر كونجكۆڵن و كەمتر ژیرن. ئەو سیستەمە لە لایەكەوە هەوڵی پەروەردەكردنی چەشنە مرۆڤێك دەدا كە توانایی بەڕێوەبردنی كارێكی گەلێك

زیاتریان هەبێ و لە سیستەمێكی ئاڵۆزی زانیارییدا گرێدرابن، بەڵام لەو لاشەوە ئەو مرۆڤ – گایانە ناتوانن هەست بە توانایی و پوتانسیەلی ڕاستەقینەی خۆیان بكەن. ئێمە ناتوانین لای خۆمان وێنای بكەین مرۆڤ چ پوتانسیالێكی هەیە، چونكە زانیارییمان لەسەر ڕۆحی ئینسانی و خۆناسین زۆر كەمە. سەرەڕای ئەوەش بۆ پشكنینی ئەو بوارە گرنگە تامەزرۆییەكی كەم لە خۆمان نیشان دەدەین و زیاتر خۆمان بە داتای مەزن و ئالگاریتمەوە خەریك كردووە. ئەگەر ئیمە ووشیار نەبین، لە كۆتاییدا مرۆڤێكی حەپەساومان بۆ دەمێنێتەوە كە بە یارمەتیی كامپیۆتری پەرەسێنراو خەسارێكی زۆر بە خۆیان و بوونەوەرانیتر و ژینگە دەگەێنن.

دیكتاتۆری دیجیتالی تەنیا كەرەسەی سەر ئەم هەردە نین كە مەترسی بۆ ئێمە پێك دێنن. لە پەنا ئازادی، ڕێكوپێكیی لیبڕاڵی ڕێزێكی گەلێك زۆری بۆ بەرانبەری و یەكسانی مرۆڤ دادەنا. لیبڕاڵیزم لە سەرەتاوە تەنیا قاوی بۆ یەكسانی سیاسی دەدا، بە پێی كات و بەرە بەرە هەستیان بەوە كرد كە ئازادیی ئابووری بە هەمان ڕادە بۆ كۆمەڵگا گرنگە. چونكە بە بێ تۆڕێكی ئەرخەیانی كۆمەڵایەتی و بە بێ بەرانبەرییەكی ڕێژەیی ئابووری، ئازادی بێ مانا دەبێ. بەڵام هەر وەك چۆن ئالگاریتمی داتای مەزن دەتوانن ئازادیی لەناو بەرن و توونای كەن بە هەمان شێوە و هاوكات دەشتوانن كۆمەڵگای نابەرانبەری ئەوتۆ پێك بێنن كە تا ئەمڕۆ وێنەی نەبینرابێت. هەموو هێز و گشت سەرمایەی ئەم جیهانە لە دەست چەند مرۆڤێكدا ڕادەگیرێ و لە كاتێكدا زۆرینەی هەرە زۆری مرۆڤی سەر ئەم هەردە نەك هەر لە ژێر هەژاریی و ڕۆتاندنەوەدا ئازار دەكێشن بەڵكوو ئازارێكی گەلێك گەورەتر چاوەڕوانیان دەكا – "بێ كەڵكی و بێ مانایی."

## ئەركی چوار: بەرانبەری و یەكسانی

هەر كەس زانیاریی بەدەستەوە بێ، داهاتوو هی ئەوە

لە چەندین دەیەی ڕابردووەوە بەردەوام لە هەر شوێنێكی ئەم جیهانە بۆ مرۆڤیان ڕوون كردۆتەوە، مرۆڤایەتی بەرەو بڵاوبوونەوەی یەكسانی، گلۆبالیزم واتە بە جیهانی بوون و تێكنۆلۆژیای نوێ دەڕوا و زۆر زووتر لەوەش كە پێشبینی دەكرا بەو ئامانجەی دەگا. لە ڕاستیدا سەدەی بیست و یەكەم دەتوانێ نابەرانبەرییەكی كۆمەڵایەتی ئەوتۆ لە سەرانسەری جیهاندا پێك بێنێ كە تا ئەمڕۆ وێنەی نەبینرابێت. سەرەڕای پەیوەندانی وڵاتانی جیهان لە لایەن ئینتێرنێت و گلۆبالیزمەوە، هێشتا مەترسی لێكبڵاوبوون و گەورەبوونەوەی مەودای چینە كۆمەڵایەتییەكان بەدی دەكرێ و هاوكات لەگەڵ پێكهاتنی دەرەتانی نیزیكبوونەوەی گلۆبالیی مرۆڤایەتی لە یەكتر، دەتوانێ مرۆڤ بەسەر چەندین چەشن بوونەوەری بیۆلۆژیكیدا دابەش بكا.

ئاسەواری مێژووی نابەرانبەریی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەرد . ٣٠ هەزار ساڵ پێش ئێستا تاقمێك مرۆڤی ڕاوكەر و كۆكەرەوە مردووەكانیان لە ناو قەبری گەورەدا دەناشت و لەگەڵیاندا عاجی فیل، بازووبەند، جەواهیرات و شتومەكی كاری دەستیی و هونەرییان لە گۆڕەكانیان دەخست، لە كاتێكدا مرۆڤی ئاسایی و هەژار دەبوو بە چاڵێكی ڕووت و قووت و تەنگ ڕازی بن. سەرەڕای مێژووی باند و گرووپی ڕاوچیانی كۆمەڵگاكانی دواتری سەدەمی بەرد، مرۆڤ گەلێك یەكسانخوازتر لە هەموو كۆمەڵگاكانی سەردەمی نوێ بوون چونكە سامانێكی گەلێك كەمیان هەبووە. سامان یەك لە پێداویستییەكانە بۆ نابەرانبەریی درێژخایەن.

دوای شۆڕشی وەرزێری، سامان و ماڵ و ماڵاتی مرۆڤ چەندین بەرانبەر بۆوە و لەگەڵ ئەویشدا نابەرانبەری پەرەی سەندووە. لەو كاتەوە مرۆڤ تامەزرۆیی بۆ وەدەستهێنانی سامان وەك زەوی، ئاژەڵ، گیا و كەرەسە، لە خۆی نیشان داوە.

كۆمەڵگای هیڕارشی پێكهاتن كە لەودا بڵیمەتێكی بچووك وەچە بە وەچە لغاوی مەزنترین سامان و هێزیان بە دەستەوە گرت. زۆربەی مرۆڤ ئەو كارەیان وەك ویستێكی سروشتی سەیر دەكرد و تەنانەت بە ویستی خودایانەوە دەلكاند. سیستەمی هیڕارشی تەنیا نۆرم یاخود یاسایەك نەبوو بەڵكوو سیستەمێكی ئیدیالی بوو. چلۆن دەكرا رێك و پێكی پێك بێ بە بێ بوونی هیڕارشییەكی ڕوون و ئاشكرای نێوان نەجیبزادە و خەڵكی ئاسایی؛ نێوان ژن و پیاو یا نێوان دایك و باوك و منداڵەكانیان؟ مرۆڤی ئایینی، فەیلەسوف و شاعیر لە هەموو شوێنێكی ئەم هەردە زۆر بە كاوەخۆیی و ئاسایی وایان شی دەكردەوە كە وەك چۆن ئەندامانی جەستەی مرۆڤێك مافی وەك یەك و بەرانبەریان پێ نەدراوە – لاق و ئەندامانیتر دەبوو گوێڕایەڵی لە مێشك بكەن، بە هەمان شێوازیش لەناو كۆمەڵگادا بەرانبەری و یەكسانیی مرۆڤ دەبێتە هۆی پێكهێنانی بێ سەرەوبەرەیی.

لە سەردەمی نوێدا بەرانبەریی و یەكسانی لە هەموو كۆمەڵگا ئینسانییەكاندا بوو بە ئیدەئالێك. هۆكارەكەشی زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی ئیدەی كۆمۆنیستی و لیبڕاڵی. بەشێكیشی دەگەڕێتەوە سەر شۆڕشی پیشەسازیی كە لە هەموو سەردەمێكیتر زیاتر گرنگایەتی بە كۆمەڵی مرۆڤ داوە. پیشەسازیی ئابووری لەسەر بنەمای كرێكارانی ئاسایی بونیات نرابوو. بەو هۆیەوە حكوومەتەكان هەم لە سیستەمی دێمۆكراتیک و هەم لە سیستەمی دیكتاتۆرییدا بۆ بواری سلامەتی، پەروەردە و ئاسایشی خەڵكی سەرمایەگوزاریان دەكرد، چونكە لە لایەكەوە پێویستیان بە ملیۆنان هێزی سالمی كاریی هەبوو بۆ ئەوەی چەرخی كارخانەكانی پێ وەڕێبخەن، لەولاشەوە پێویستیان بە ملیۆنان سەربازی بەئەمەك هەبوو كە لە مەیدانی شەڕدا بۆیان بەشەڕ بێن.

كەوابوو سەدەی بیستەم بوو بە هۆی كەمبوونەوەی نابەرانبەریی نێوان چینە كۆمەڵایەتیی، نەتەوەكان و جنسییەتی نێوان ژن و پیاو. باوەكوو چەند سیستەمی هیڕارشی لە ساڵی دووهەزاردا هێشتا هەر مابوون، بەڵام ئیتر نەدەكرا لەگەڵ سەدەی ١٩ هەڵسەنگێندرێن. لە سەرەتای دەسپێكی سەدەی بیست و یەكەمدا مرۆڤ پێیان وابوو پرۆسەی بەرانبەریی مرۆڤ درێژەی دەبێ و تەنانەت خێراییەكی تایبەتی پێ دەدرێ،

بەتایبەت هیوادار بوون گلۆبالبوون ببێتە هۆی گەشەكردنی سامان و ئاسایشی هەموو شوێنێكی ئەم هەردە، و ئەزموونەكەشی ببێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ لە هیندوستان و میسر بە ڕادەی مرۆڤی فینلاند و كانادا چێژ لە ژیانیان بەرن. بە درێژایی چەندین ساڵ وەچەیەكی مرۆڤ بەو ئارەزوو و بەڵێنیانەوە ژیاون.

لەمرۆدا وێدەچێ ئەو بەڵێنی و ئارەزووە وەدێ نەهاتبێ. بێ شك هەموو كۆمەڵانی مرۆڤایەتی هاوبەشی گلۆبالبوون كراون بەڵام نیشانەكان وا دەردەكەون كە نابەرانبەریی نێوان كۆمەڵگا جیاوازەكان و لەناو خۆدی كۆمەڵگاكانیشدا بەرز دەبنەوە. تاقمێك لە گرووپەكان ملیاردان مرۆڤیان وەدوای خۆیان داوە و بەسەر لاشەی مرۆڤدا تێپەڕ دەبن بۆ ئەوەی میوە و دەسكەوتەكانی گلۆبالیزم لە دەست خۆیاندا ڕابگرن. تەنانەت لەمڕۆدا نیوەی زیاتری سامانی جیهان لە دەستی یەك لە سەدی مرۆڤدایە. لەویش دڵتەزێنتر، سامانی سەد كەسی دەوڵەمەند بە ڕادەی چوار ملیارد مرۆڤی هەژارە. بارودۆخەكە دەتوانێ لەوەش خراپتر بێتەوە. هەر وەك پێشان درا، پێشكەوتوویی ژیری دەستكرد دەتوانێ لە داهاتوودا بایەخی ئابووری و هێزی سیاسی زۆربەی مرۆڤ توونا بكات. هاوكاتیش دەتوانرێ لە بواری بیۆتێكنۆلۆژی پێشكەوتوویی پێك بێ و ئەزموونەكەی ببێتە هۆی گۆڕانی نابەرانبەریی ئابووری بۆ نابەرانبەریی بیۆلۆژیكی. لای كەم ئەگەر بتوانن مرۆڤە هەرە دەوڵەمەندەكان بە هۆی سامانە زۆرەكەیانەو كارێكی بەكەڵك لە كۆمەڵگاكاندا وەڕێ بخەن، ڕەنگە بارودۆخەكە بە شێوەیەكیتری لێ بێ. ئەو دەوڵەمەندانەی كە تا ئەمڕۆ توانیویانە هەموو سامانێكی ئەم جیهانە لەژێر كونتڕۆڵی خۆیان ڕابگرن، لە داهاتوودا دەبنە هۆی كڕینی درێژەپێدانی ژیانی خۆشیان. ئەگەر پێشكەوتوویی سلامەتی بۆ درێژكردنەوەی ژیانی مرۆڤ بێنە كایەوە، ئەوە تەنیا مرۆڤی دەوڵەمەندە كە دەتوانێ بە هێزی سامانەكەی كەڵكی لێ وەرگرێ، لە حاڵێكدا بەشی هەرەزۆری مرۆڤ كە بەسەر چینی بیۆلۆژیكیدا دابەش دەكرێن، لەو دەرەتانە بێ بەش دەكرێن.

لە ڕوانگەی مێژووییەوە ئەگەر سەیری بكەین، بەردەوام مرۆڤی دەوڵەمەند و نەجیبزادە بە مەیلەوە لەسەر ئەو باوەڕە بوون كە دەبێ لێهاتووییەكی تایبەتیان هەبێ وا توانیویانە بەسەر زۆرینەی مرۆڤدا حكوومەت بكەن. سروشتیە ئەو بۆچوونە

هەڵەیە، ژمارەی مامناوەندیی مرۆڤی دەوڵەمەند كەمتر لە ژمارەی مامناوەندیی ژێری وەرزێران نەبووە – مرۆڤی دەوڵەمەند سەروەری خۆی زیاتر قەرزداری نابەرانبەریی یاسایی و جیاوازیی ئابووری بووە. بەڵام لەوانەیە لە ساڵی ٢١٠٠ بەولاوە بتوانن دەوڵەمەندەكان ژیرتر و بلیمەتتر لە مرۆڤی ئاسایی ناو كۆمەڵگاكان بن. كاتێ درزێكی ڕاستەقینە لە نێوان دەوڵەمەند و هەژاردا پێك بێ، جێی باوەڕە كە بتوانرێ زۆر زوو ئەو درزە پینە بكرێ، بەڵام ئەگەر دەوڵەمەندەكان كەڵك لە ژیری خۆیان بۆ دەوڵەمەندكردنی زیاتری خۆیان وەربگرن، هەروەها ئەگەر بە هێزی پارە، جەستە و مێشكی خۆیانی پێ بەهێزتر و سالمتر بكەنەوە، بە پێی كات درزی نێوان مرۆڤی هەژار و دەوڵەمەند لێك بڵاو و گەورەتر دەبنەوە. ئەگەر هەر وەك ئێستای لێ بخوڕین، ساڵی ٢١٠٠ نەك هەر یەك لە سەدی دەوڵەمەندی جیهان هەموو سامانی ئەم هەردە لە دەست خۆیاندا ڕادەگرن، بەڵكوو جوانی و سڵامەتی جیهانیش لە ژێر كۆنترۆڵی خۆیاندا ڕادەگرن.

ئەو دوو پرۆسەیە – بیۆتێكنۆلۆژی بە تێكەڵاویی لەگەڵ پێشكەوتوویی ژیری دەستكرد – دەتوانن بە هالیكاری یەكتر بارودۆخێك پێك بێنن كە مرۆڤی جیهان بەسەر بەشێكی بچووك وەك سەروەر و بەشێكی گەلێك گەورەی بێ كەڵكی ساپیەندا دابەش بكەن. ئەو بارودۆخە ناخۆشە دەتوانێ لەوەش خراپتری لێ بێت چونكە كاتێ زۆرینەی خەڵك مانای ئابووری و هێزی سیاسیان لە دەست بدەن، دەكرێ حكوومەتیش تا ڕادەیەك پاڵنەری خۆی لە بوارەكانی سڵامەتی، ڕاهێنان و ئاسایش لە دەست بدات. سەرباربوون كارێكی گەلێك مەترسیدارە. چارەنووس و داهاتووی خەڵكی بە گشتی بەستراو بە گرووپێكی بچووك دەمێنێتەوە. ڕەنگە ئەو دۆخە چەند ساڵێك خۆڕاگری بكات، بەڵام لە ئەگەری قەیرانی كۆمەڵایەتیدا – وەك كارەساتێكی كەش و هەوا – كارێكی گەلێك ساكار دەبێ بە پاڵێك مرۆڤی بێ كەڵك بخرێنە ناو زەریاوە.

لە وڵاتانی وەك فرانسا و نیوزیلەند كە ئەزموونێكی كردەوەیی گەلێك باشیان لەسەر سیستەمی لیبڕالی و سوسیالی هەیە، ڕەنگە گرووپە بچووكە بەڕێوەبەرەكە تەنانەت ئەوكاتەی پێویستیشیان پێیان نەبێ خۆیان بە كۆمەڵانی خەڵكەوە خەریك بكەن. لەو لاشەوە لە ئەمریكای سەرمایەداری دەكرێ گرووپە بەڕێوەبەرەكە لە یەكەم هەل كەڵك

وەربگرێ و ئەو ئاسایشەش وا تا ئێستا لە دەوڵەتی ئەمریكا بەجێ ماوە، لەناوبەرێت. كێشەیەكی لەوەش مەزنتر وڵاتانی وەك هیندوستان، چین، كۆریای باشوور و برازیل دەگرێتەوە. لەو شوێنانە دەتوانن نابەرانبەریی بگاتە ئەوپەڕی لوتكەی خۆی كاتێ كە مرۆڤی ئاسایی بایەخ و بەهای ئابووری خۆی لە دەست بدات.

كەوابوو دەتوانێ وابێت كە گلۆبالیزم نەك بۆ یەكگرتنێكی وەك یەك بەڵكوو لەڕاستیدا ببێتە هۆی پێكهاتنی "بارودۆخێكی تایبەت": لێكبڵاوكردنەوەی مرۆڤایەتی بەسەر چەندین چینی بیۆلۆژیكی جیاواز لە یەك، یاخود تەنانەت بەسەر چەندین چەشنی مرۆڤی جیاواز. گلۆبالیزم جیهان بە شێوازی ئاسۆیی (افقی) یەكگرتوو دەكا، كاتێ سنوورەكانی ناسیۆنالیزم تێك بشكێنێ، هاوكاتیش مرۆڤی ناو كۆمەڵگاكان بە شێوەی ستوونی (عمودی) لێك بڵاو دەكاتەوە. ئالیگارشی حاكم لە وڵاتە جیاوازەكانی وەك ئەمریكا و رووسیا دەتوانن ئاوێتەی یەك بكرێن بو ئەوەی كاری هاوبەش دژ بە ساپیەنی ئاسایی بەڕێوەبەرن. لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر سەیر بكرێ، ڕق و كینەی پۆپۆلیستی مرۆڤی ئاسایی لە هەنبەر "هزر" یاخود مرۆڤی بلیمەت كارێكی گەلێك لۆژیكییە. ئەگەر ئیمە ئاگامان لە خۆمان نەبێ، ڕەنگە نەوەكانی داهاتووی " Silicon Valley"[٨] یا میلیاردێرەكانی موسكو بكرێنە چەشنێكی تایبەتیی مرۆڤ كە مەودایەكی گەلێك زۆریان لە ڕوانگەی بلیمەتییەوە لە نەوەكانی دانیشتووی گوندەكانی سیبریا هەبێت.

بە شێوەی درێژخایەن سیناریۆی لەو چەشنە دەتوانن هەموو جیهان لێك هەڵوەشێننەوە ئەگەر مرۆڤی سەروەر لە بازنەیەكدا كە خۆیان ناوی شارسانیەتیان لەسەر داناوە كۆببنەوە و یەكگرتوو بن و دیوار، قەڵا و گۆڕایی دروست بكەن بۆ ئەوەی خۆیان لە چینی "بەربەرەكان" جیابكەنەوە و دوور ڕابگرن. لە سەدەی بیستەمدا شارستانییەتی پیشەسازیی پێویستییەكی گرنگی بە "بەربەرەكان" هەبوو كە وەك هێزی كاریی هەرزان، ئیش وكاری سەر كانگا سروشتییەكان و بازاڕی ئابووری بەڕێوە بەرن. هەر بەو هۆیەشەوە دەستیان بەسەردا كێشابوون و بۆ لای خۆیان ڕایانكێشابوون. لە سەدەی بیست و یەكەمدا شارستانییەتی پێشكەوتوو بە كەڵكوەرگرتن

[٨] سیلیكۆن ڤالی ئەمریكا، یەك لە شوێنە هەرە گرنگ و پێشكەوتووەكانی تێكنۆلۆژییە لە جیهان.

لە ژێری دەستكرد و ئەندازیارانی نانۆ تكنۆلۆژییی دەتوانن گەلێك بەهێزتر و خۆبژیوتر بن. نەك هەر هەموو چینەكان بەڵكوو هەموو وڵاتان و كۆمەڵگاكانیش دەتوانرێ بێ مانا بكرێن و بایەخی خۆیان لەدەست بدەن. ئەو قەڵا و شوێنانەی لە لایەن ڕۆبۆت و دڕۆنەكانەوە پارێزگاری دەكرێن دەتوانن ببنە شوێن و سنووری شارستانییەتی دیاری كراو و ناو لەسەردانراوی ئەو مرۆڤانە؛ ئەو شوێنانەی سایبری "Cyborgs" بە بۆمبا بەرگریان لێ دەكەن و لە ناوچەی "بەڕبەڕەكان"ی جیا دەكەنەوە، ئەو شوێنەی مرۆڤ بێ بەزەییانە بە تەور و كلاشینكۆڤ دەكەونە گیانی یەكتر.

هەروەك ڕەنگە ئێوە هەستتان پێ كردبێ، لەم كتێبەدا كاتێ لەسەر داهاتووی مرۆڤایەتی دەدوێم زۆر جار لە كۆی كەسی یەكەم كەڵك وەردەگرم. من لەسەر ئەو ئەركانە ئاخافتن دەكەم كە "ئێمە" دەبێ بەڕێوەی بەرین و بە كێشەكانی "خۆمانەوە" خەریك بین. بەڵام وێدەچێ ئیتر چەمكێك بە ناوی "ئێمە" بوونی نەبێ. ڕەنگە یەك لە كێشە مەزنەكانی "ئێمە" لەسەر ئەوە ساغ بووبێتەوە كە گرووپی مرۆڤی جیاواز چاوەڕوانی داهاتووی جیاواز دەكەن. ڕەنگە لە داهاتوودا مرۆڤ لە چەند شوێنی ئەم جیهانە فێری منداڵەكانیان بكەن چلۆن پرۆگرامێكی كامپیۆتری دەنووسرێ و لە شوێنەكانیتردا باشتر ڕابهێندرێن بەگورجی چەكەكەیان دەربێنن و خێرا قامك بەپەلەپیتكەی تفەنگاكانیاندا بێنن.

## داتا مەزنەكان سامانی كێن؟

ئەگەر بمانەوێ پێش بەوە بگرین كە هەموو سامان و هێزی ئەم جیهانە لە دەستی گرووپێكی بچووكدا بمێنێتەوە، دەبێ رێك و پێكی بەسەر خاوەندارێتی داتای مەزندا بێنین. لە سەردەمی پێشوودا خاوەنداریی گرنگترین سامانی جیهان بوو، سیاسەت بەربەرەكانی بوو بۆ كۆنترۆڵكردنی ناوچەكان و ئەگەر زەوییەكی زۆر لەدەستی مرۆڤێكی كەمدا مابایەوە، كۆمەڵگا خۆی بەسەر دوو چینی نەجیبزادە و جەماوەری خەڵكی ئاساییدا دابەش دەكرد. لە سەردەمی نوێدا كەرەسەی پیشەسازیی و كارخانەكان گرنگتر لە زەوی بوون، و كێبەركێ و بەربەرەكانی سیاسی لەسەر كۆنترۆڵكردنی بەرهەم و كەرەسە و ماكە سەرەكییەكان بوو. ئەگەر كەرەسە و بەرهەمێكی زۆر خۆیان لە دەستی مرۆڤێكی كەمدا رابگرتایە، كۆمەڵگا خۆی بەسەر دوو چینی سەرمایەدار و پرۆلتاریادا دابەش دەكرد. لە سەردەمی سەدەی بیست و یەكەمدا داتای مەزن، ماڵ و دارایی هەروەها كەرەسەی پیشەسازیی وەك گرنگترین سامان سەیر دەكرێن و سیاسەتیش لەسەر كۆنترۆڵكردنی رەوتی زانیاریی دروست و رێكخراو بە مەبەستی شیكارییان لە كامپیوتەردا ساغ بۆتەوە. ئەگەر ئەو زانیارییە كامپیۆترییانە لە دەستی تاقمێك مرۆڤدا بمێننەوە، ئەوكات مرۆڤایەتی بەسەر چەند چەشن مرۆڤدا دابەش دەكرێن.

كێبەركێ لەسەر خاوەنداریی داتا مەزنەكان دەستیپێكردووە و لە لایەن گووگڵ"Google"، فەیس بووك"Facebook"، بایدوو"Baidu" یا تێنسێنت "Tencent" ەوە رێبەری دەكرێن. تا ئەمڕۆ وێدەچێ ئەو داتا مەزنانە سەرنجی بازاڕی جیهانیان بۆ لای خۆیان راكێشابێ. ئەوان سەرنجی ئێمەی مرۆڤ بۆ لای خۆیان رادەكێشن، كاتی زانیاری و خزمەتگوزاریی خۆڕایی هەروەها كات بەسەربردنی خۆڕایی لەبەر دەستمان دادەنێن، و لە كۆتاییشدا سەرنجڕاكێشانەكەی ئێمە بە خاوەندارانی تەبلیغاتی دەفرۆشن. بەڵام وێدەچێ خاوەنی ئەو داتا مەزنانە بەدوای ئامانجێكی گەلێك

گەورەترەوەن بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ خاوەندارانی تەبلیغاتی. وێدەچێ بازاڕە ڕاستەقینەكەیان لەسەر ئەو ساغ نەبووبێتەوە تەبلیغات بفرۆشن، بەڵكوو زیاتر تامەزرۆییان لەسەر كۆكردنەوەی زانیارییە كەسییەكانی ئێمە بێ كە بۆ ئەوان بەهایان گەلێك زیاتر و گرنگترە لە تەبلیغات. ئێمە مشتەری ئەوان نین – ئێمە بەرهەمی ئەوانین.

ئەگەر بە شێوەی كاتیی – مامناوەندی سەیری تەوەرەكە بكەین، قۆرخكردن یاخود پاوانكردنی داتاكان ڕێگایەكی ڕادیكاڵ بۆ مودێلێكیتری سات وسەودا خۆش دەكا كە یەكەم قوربانییەكەی بەشی تەبلیغاتییەكەی دەبێ. ئەو مودێلە نوێیە لەسەر ئەوە ساغ بۆتەوە هێزی مرۆڤ بە ئاڵگاریتم واتە هێزی هەڵبژاردن و كڕینیان بدا. ئەو كاتەی ئالگاریتمەكان هەڵبژاردنەكانمان لەدەست خۆیاندا بگرن و بیكڕن، بەشی تەبلیغاتی سوننەتی توونا دەكرێ. گووگڵ بە نموونەی ئەو كارە دادەنێین: گووگڵ دەیەوێ بگاتە خاڵێك كە ئێمە بەردەوام پرسیاری لێ بكەین و باشترین وەڵامی لێ وەربگرینەوە. چ ڕوودەدا كاتێ لە گووگڵ پرسیار بكەین: "سەلام گووگڵ، لەسەر هەموو ئەو زانیارییانەی لەسەر ئۆتۆمۆبیل دەیزانی، هەروەها لەسەر هەموو ئەو زانیارییانەی لەسەر من دەیزانی (واتە لەسەر نیاز، خوو و خدە و ڕوانگەكانم لەسەر گۆڕانی كەش و هەوا و تەنانەت ڕوانگەی سیاسیم لە ڕۆژهەڵاتی ناوین) - كام ئۆتۆمۆبیل بۆ من گونجاوترە؟" ئەگەر گووگڵ لەسەر ئەو پرسیارەی ئێمە وەڵامێكی باشمان بداتەوە، ئەگەر ئێمە لەجیاتی باوەڕ بە هەستی خۆمان متمانە بە زانستی گووگڵ بكەین، ئیتر پێویستیمان بە تەبلیغاتی كارخانەكان نابێ.

لە ڕوانگەی درێژخایەنەوە، بەو مەرجەی ئەو ڕێكخراوە داتا مەزنانە زانستی تەواو و كامیل لەسەر كامپیۆتری گورج و خێرا كۆبكەنەوە، نەك هەر دەیانەوێ پەرجۆ گشتییەكانی ژیانمانی پێ چارە بكەن، و كەڵك لەو زانیارییانە تەنیا بۆ بڕیاردان لەسەر ئێمە وەرگرن یاخود كارتێكەرییان لەسەرمان هەبێ، بەڵكوو ژیانی ئورگانیكی پێ مانیپولیرە دەكەن و ئورگانی دەستكردی مرۆڤی پێ دەخوڵقێنن. دابینێین فرۆشتنی تەبلیغات كارێكی لازم دەبێ بۆ ئەوەی لە ڕوانگەی داراییەوە ڕێكخراوە داتا مەزنەكان بتوانن درێژە بە ژیانیان بدەن، بەڵام ئەوان بەردەوام هەوڵ بۆ خەملاندنی بەرهەم،

ئەپ "Apps" و كارخانەكان دەدەن بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر لەسەر ئێمە كۆبكەنەوە. "ئەپ"یكی دروستكراو لەسەر مودێلێكی تیجاری ڕەنگە بە شێوەی كورتخایەن لە ڕوانگەی داراییەوە ئەو پارەیەی تێیدا خەرج كراوە دەرنەهێنێتەوە، بەڵام تا ئەو جێگایەی بتوانێ زانیاری زیاتر لەسەر مشتەرییەكانی كۆكاتەوە، لە داهاتوویەكی نیزیكدا دەتوانێ ملیاردان دۆلاری بایەخ هەبێ. تەنانەت ئەگەر ئەمڕۆ مرۆڤ بە ووردی نەشزانێ چلۆن بتوانێ ئەو زانیارییانە بكاتە پارە، بایەخی ئەوەیان هەیە خاوەنی ئەو چەشنە زانیارییانە بن چونكە ئەوانە دەتوانن لە داهاتوودا ببنە كلیلی كونتڕۆڵ و كارتێكردن لەسەر ژیانی ئێمە. من ناتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم بە ئاشكرایی ئەو ڕێكخراوە داتا مەزنانە بیر لەو چەشنە پلانانە دەكەنەوە، بەڵام كردەوەكانیان نیشانی دەدا كە پاشەكەوتكردنی ئەو هەموو زانیارییانە تەنیا بە دۆلارەوە نەلكاوە.

بۆ مرۆڤی ئاسایی كارێكی گەلێك دژوار دەبێ خۆڕاگری لە هەنبەر ئەو چەشنە پرۆسەیەدا بكا. لەمرۆدا مرۆڤ بە خۆشحاڵییەوە و بە خۆڕایی باشترین و گرنگترین دارایی خۆیان لەگەڵ ئیمەیل و مێدیا دیجتالەكانیتردا دەگۆڕنەوە – واتە زانیارییە كەسییەكانی خۆیان. ئەو كارە مرۆڤ وەبیر چەند خێڵی ئەفریقایی یاخود دانیشتوانی پێشوی وڵاتی ئەمریكا دەخاتەوە كە لە هەنبەر بڕێك زێڕ و زێو و یاقوتی سوور و شین بە تەواوەتی وڵاتەكەیان خستە ژێر كونتڕۆڵی ئورووپاییەكان. ئەگەر دواتر مرۆڤی ئاسایی بڕیار بدەن كە پێش بە دانی زانیارییە كەسییەكانیان بگرن، گەلێك دژوار دەبێ بەتایبەت لە بوارەكانی سڵامەتی و مانەوەی ژیان، خۆیان لەو سیستەمە جیا بكەنەوە.

مرۆڤ و كەرەسەی ماشێنی بە شێوەیەك دەتوانن لە ناو یەكتردا بتوێننەوە، كە كاتێ مرۆڤ خۆی لەو تۆڕە جیا بكاتەوە ئیتر نەتوانێ خۆی سەربەخۆ بیر بكاتەوە. مرۆڤ هەر لە لانكەوە پێیەوە چەسپاوە و كاتێ دواتر لە ڕەوەندی پرۆسەی ژیانیدا بیهەوێ خۆی لێ جیا بكاتەوە، بۆ وێنە دەتوانن شەریكەكانی بیمە ئیتر دەرەتانی بیمەكردنی لە ئەستۆ نەگرن، كارخانەكان كاری نەدەنێ و سیستەمە سڵامەتییەكانیش ئیتر خۆی پێوە ماندوو نەكەن. لەسەر مەزنترین بەربەرەكانیی نێوان سڵامەتی و حەریمی كەسییدا، بە ڕاشكاویی دەتوانین بڵێین سڵامەتی سەركەوتوو دەبێ.

ئەگەر لە ڕێیی سیستەمی سینسۆری بیۆمێترییەوە بەردەوام لە جەستە و مێشكی مرۆڤەوە داتا و زانیاریی بەرەو ژێری دەستكرد بگوێزرێتەوە، بۆ كارخانەداران و حكوومەت زۆر ساكار دەبێ، ئەو زانیارییە كەسییانە بناسن، مانیپولیرەی بكەن و لەجێی مرۆڤەكان بڕیاری خۆیانی لەسەر بدەن. لەوەش گرنگتر، ئەوان دەتوانن مكانیزمە سەرەكییەكانی جەستە و مێشكی مرۆڤ شی بكەنەوە و بەو شێوەیە هێزی دەستێوەردان لە ژیانیان بۆ مسووگەر بكرێ. ئەگەر ئێمە بمانەوێ پێش بەو كارە بگرین كە تاقمێكی كەمی مرۆڤ هێزێكی ئەوتۆی خوداییان بەدەستەوە نەبێ، هەروەها ئەگەر ئێمە بمانەوێ پێش بەوە بگرین مرۆڤ خۆی بەسەر چەندین چەشنی بیۆلۆژیكیدا دابەش نەكا، ئینجا ئەو پرسیارە دێتە پێش: "داتا مەزنەكان سامانی كێن؟" زانیارییەكانی لەسەر د. ن. ئا، مێشك و ژیانی كەسەكان سامانی خۆیانن، هی كارخانەن یاخود بە گشتی هی مرۆڤایەتین؟

ئەگەر مرۆڤ ئەو ئیزنە بە حكوومەتەكان بدا ئەو زانیارییە كەسییانە وەك سامانی حكوومەت لە ئەژمار بێن، ڕەنگە هێزی كارخانە گەورەكانی پێ كەم بكرێتەوە، بەڵام دەشتوانی دیكتاتۆری دەیجیتاڵی گەلێك سامناك پێك بێنێ. سیاسەتوانن بڕێك لە مۆسیقازانەكان دەچن، ئەو ئامێرەی لەسەری كار دەكەن سیستەمی سۆزداریی و بیۆكیمیایی مرۆڤن. ئەوان قسە بۆ خەڵكی دەكەن – شەپۆلێكی ترس لە وڵاتەكە وەڕێ دەخەن. توییت "Tweet" ێك دادەنێن – شەپۆلێكی ڕق و كینە بڵاو دەكەنەوە. من بڕوا ناكەم بتوانین كەرەسەیەكی ئاڵۆزتر بەو مۆسیقاكارانە بدەین. هەر كات سیاسەتوانان بتوانن ڕاستەوخۆ قامك بە دوگمەی هەستی سۆزداریی مرۆڤدا بێنن، و ترس، ڕق و كینە، خۆشحاڵی یاخود هەستی بێ مەیلی ئیمەی پێ ببزوێنن، سیاسەت بە هەموو ماناوە دەبێتە سیركێكی(شانۆی ئاژەڵان) سۆزداری. بەو ڕادەیەی ترسمان لەهەنبەر هێزی كارخانە گەورەكاندا هەبێ، بەهەمان ڕادەش مێژوو نیشانی داوە كە حكوومەتەكان زاڵمتر بوون و لەوانەیە گەلێك نامرۆڤانە و بێڕەحمانەتریش بووبن. لای كەم لە ساڵی ٢٠١٨ دا متمانەی سپاردنی زانیارییەكەسییەكانم بە كارخانەكان زیاتر دەسپێرم هەتا بە ولادیمیر پووتین.( سەرەڕای ئەوەی كارەساتی شەریكەی 'كەمبریج ئانالیتیكا' "Cambridge Analytica" نیشانی دا كە مرۆڤ لەو پرسیارەدا ئیتر بە ئەگەری زۆر

هیچ بڕیارێكی نییە، چونكە ئەو زانیارییانە ماوەیەك دواتر دەكەونەوە بەر دەستی پووتین).

سامانی كەسیی واتە زانیاریی و داتای هەر مرۆڤێك جا لە هەر شتێكیتر جوانتر بنوێنێ، ڕوون نییە بە تەواوی بە چ مانایەكە. ئێمەی مرۆڤ ئەزموونی هەزار ساڵەمان لەسەر میزانكردن و كونترۆڵی سامان هەیە. ئیمە بە باشی دەزانین چلۆن پەرچین بەدەوری زەوییەكەماندا بكێشین، چلۆن كێشكچییەك لەبەر دەركەی ژوورەكەمان دابنێین و چلۆن كونترۆڵی بكەین كێ ئیزنی هاتنە ژوورەوەی هەیە و كێ نا. لە دووسەد ساڵی ڕابردوشەوە پێشكەوتوویەكی لە ڕادەبەدەرمان لە بواری دەست بەسەرداگرتنی پیشەسازییدا بووە – مرۆڤ دەتوانێ بەشێك لە ئوتوموبیلی تۆیۆتا، مێرسیدێس یا هەر شەریكەیەكیتر بە شێوەی "سهام" بكڕێ. بەڵام لەسەر ساماندارییی زانیارییە كەسییەكانی حكوومەت هێشتا هیچ ئەزموونێكمان كۆ نەكردۆتەوە. ئەركێكی گەلێك دژوار دەبێ چونكە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سامان، زەوی ماڵ و دارایی، زانیارییە كەسییەكان دەتوانن هاوكات لە چەند جێگا و یاخود لە هیچ جێیەك نەبن. ئەو زانیارییانە دەتوانن بە خێرایی تیشك، بەڕێوەبن، هەروەها مرۆڤ دەتوانێ ئەوەندەی پێی خۆش بێ كۆپییان لێ هەڵگرێتەوە.

بەو پێیە ئێمە دەبێ داواكاریی لە سیاسەتوان، فەیلەسوف و تەنانەت شاعیركانمان بكەین سەرنجی خۆیان بدەنە ئەو پرسیارە گرنگە: چلۆن دەتوانین خاوەندارییی ئەو زانیارییانە بكەین؟ ئەوە دەتوانێ گرنگترین پرسیاری سیاسی سەردەم بێ. ئەگەر ئیمە بە زوویی وەڵامی ئەو پرسیارە نەدەینەوە، دەگونجێ سیستەمی كۆمەڵایەتیی – سیاسی ئێمە تێك بڕووخێ. مرۆڤ هەست بەو كارەساتە دەكا، هەر بۆیەش لە هەموو گۆشەكانی ئەم جیهانەدا باوەڕی لیبڕاڵی كەوتۆتە ژێر پرسیارەوە.

كە وابوو كام ڕێگا دەبێ بگرین و چلۆن لەهەنبەر شۆڕشی مەزنی بیۆتێكنۆلۆژی و زانستی تێكنۆلۆژیدا خۆڕاگری بكەین؟ ڕەنگە هەر هەمان زانایان و سەرمایەداران كە بەرپرسی ئەو كارەساتانەن بیانتوانیبا ڕێگا چارەیەكی تێكنۆلۆژیكی بۆ بدۆزنەوە.

## بەشی دوو: ململانێی سیاسی

### ئەركی پێنج: كۆمەڵ، مرۆڤ جەستەی هەیە

تێكەڵاویی و توانەوەی "تێكنۆلۆژی زانیاریی" و "بیۆتێكنۆلۆژی" هەڕەشە لە ناوەندی بەهامرۆڤایەتییەكانی وەك چەمكی نوێی "ئازادی" و "یەكسانی" دەكا. هەر ڕێگاچارەیەكی ململانێی تێكنۆلۆژیک پێویستی گرنگی بە هالیكاریی گلۆبالیی نێونەتەوەییەوە هەیە. بەڵام ناسیۆنالیزم، ئایین و كولتووری جیاواز مرۆڤ لێك دادەبڕن و دوژمنی یەكتریان دەكەن و بارودۆخێكی گەلێك دژوار بۆ هالیكاریی جیهانی مرۆڤ پێك دێنن.

شاری كالیفۆرنیا خووی بە بۆمەلەرزە گرتووە، بەڵام لەرینەوەی سیاسی هەڵبژاردنەكانی ساڵی ٢٠١٦ بۆمەلەرزەیەكی لە دۆڵی سیلیكۆن "Silicon Valley" پێك هێنا كە شۆكێك بوو بۆ مرۆڤی ئەو وڵاتە و هەموو جیهان. كاتێ جادووگەرانی كامپیۆتێری هەستیان كرد خۆیان بەشێك لەو كێشەیەن، لە وەڵامدا هەوڵیان دا دژكردەوە لە خۆیان نیشان بدەن: ئەوان بەدوای ڕێگاچارەیەكی تێكنیكیدا گەڕان. لە هیچ شوێنێك وەك ناوەندی فەیسبووكی پاركی مینلۆ "Menlo Park" سەبارەت بەو كارەساتە هەڵوێست نەگیرا. ئەوەش دیارە بە تەواویی جێی لێ حاڵیبوون بوو، چونكە لایەنی تیجارەتی فەیسبووك وەك تۆڕێكی كۆمەڵایەتیی بە شێوەی گەلێك ئاستەم لەهەنبەر كێشە كۆمەڵایەتییەكان هەڵس و كەوت دەكا.

دوای سێ مانگ لێكۆڵینەوە و پشكنین مارك زوكربرگ "Mark Zuckerberg" وەك بەڕێوەبەر و بەرپرسی فەیسبووك ڕۆژی ١٦ی فوریەی ساڵی ٢٠١٧ مانیفێستێكی بوێرانەی لەسەر نیاز و پێداویست بوونی پێكهێنانی تۆڕێكی گلۆبالی و ڕۆڵی فەیسبووك لەو ناوەدا لە پرۆژەكەیدا ڕوون كردەوە. مارك گوتی: "ئەوە ڕاستییەكە، لە

چەند دەیەی ڕابردووەوە كۆمەڵی زۆربەی گرووپەكان بە شێوەیەكی بەرچاو ژمارەیان كەم بۆتەوە. ئەو دابڕاوانە خەڵكێكی گەلێك زۆرن كە لە شوێنیتر و كۆمەڵی نوێدا بەدوای دەربڕینی هەستەكانیانەوەن. بەڵێنیشی دا فەیسبووك بە شێوەی سەركەوتووانە كارتێكەری لەسەر ئەو مرۆڤانە هەبێ و هەوڵ بدا ئەو كۆمەڵانە چالاك بكاتەوە، بۆ داهاتوو هاسانكاریی و كەرەسەی كامپیۆتریان لەبەر دەست دابنێین بۆ ئەوەی ساكارتر بتوانن كۆمەڵەكانیان بونیات بنێنەوە."

هەروەها ڕوونی كردەوە: "ئێمە پڕۆژەیەكمان وەرێخستووە، بۆ ئەوەی ببینین ئایا دەتوانین كۆمەڵێكتان پێ بناسێنین كە بۆ ئێوە باشتر و گونجاوتر بێ. ئێمە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو كارە دەستمان كردوە بە دروستكردنی كۆمەڵێكی ژیری دەستكرد. دڵنیام ئەو چالاكییە لە كردەوەدا بەڕێوە دەچێ. لە شەش مانگی سەرەتای ئەو پڕۆژەیەدا یارمەتیدەر بووین بۆ پەنجا لە سەدی ئەو مرۆڤانە كە بتوانین بە شێوەی گونجاو لە كۆمەڵەكاندا بەشداریان بكەین." ئامانج ئەوەیە لە كۆتاییدا "یارمەتیدەری یەك ملیارد مرۆڤ بین كە بتوانن خۆیان بەشداری كۆمەڵیكی مانادار بكەن ... ئەگەر بتوانین ئەو كارە بە سەركەوتووییەوە بەڕێوەبەرین، ئەوكات نەك هەر دابڕان لە پەیوەندایەتی لەگەڵ ئەو كۆمەڵانە پێك نایە بەو شێوازەی لە ڕابردوودا دەیناسین، بەڵكوو دەبێتە هۆی بەهێزكردنی كۆمەڵەكان و نیزیكیەكی زۆری هەموو مرۆڤی ئەم جیهانە." ئەو كارە ئامانجێكی گەلێك گرنگە كە بەڕێوەبەری ئەو ڕێكخراوەیە بەڵێنی بۆ دەدا: "فەیسبووك هەموو ئەركێكی خۆی بەڕێوەدەبا بۆ بەڕاستوەرگەڕانی ئامانجەكەی."

بۆچوونی مارك زوكربرگ بەڕاست وەردەگەڕێ ئەگەر هەستی سۆزداری لەهەنبەر ڕووخانی كۆمەڵگاكاندا هەبێ. بەڵام چەند مانگ دوای بەڵێنییەكانی ئەو و تەواو لەو كاتەدا كتێبەكەی لە ژێر چاپ هاتە دەرێ، لە كۆمپانیای " Cambridge Analytica" كارەساتێک ڕووی دا: ئەو داتایانەی مرۆڤ بە فەیسبووكی ئەسپاردبوو، بۆ مانیپولیرەكردنی هەڵبژاردنەكان كەڵكی نابەجێی لێ وەرگیرابوو! ئەو كارە بووە هۆی پەردەلادان لە بەڵێنیە پووچەكانی مارك زوكربرگ و متمانەی گشتی بە فەیسبووكی خستە ژێر پرسیارەوە. مرۆڤ دەتوانێ تەنیا هیوادار بێ فەیسبووك خۆی

پێش ئەوەی هەوڵ بۆ پێكهێنانی كۆمەڵی مرۆڤ بدا، لە پێشدا ئەو بەرپرسایەتییە بخاتە ئەستۆی حەریمی كەسیی بەشێوەیەك كە مافی كۆمەڵە پێكهاتووەكان پارێزگاری لێبكا.

سەرەڕای ئەوانەش بەها و بایەخی خۆی دەبێ ئەگەر فەیسبووك خەونی پێكهێنانی كۆمەڵەكانی لە نیزیكەوە باشتر چاوەدێری بكا و دواتر پرسیار بكا ئایا تۆڕە كۆمەڵایەتییە ئۆنلاینەكان لەژێر ستانداردی پارێزراوەدا دەتوانن بەڵێنی ئەوە بدەن كۆمەڵگایەكی گلۆبالی یاخود جیهانی، لە مرۆڤ پێك بێنن؟ چونكە سەرەڕای ئەوەی مرۆڤ لە سەدەی بیست و یەكەمدا دەیانتوانی خۆیان بگەیەننە پلەی خودایی، هێشتا خۆمان لەم سەردەمەدا وەك سەردەمی بەرد هەست پێ دەكەین. بۆ پێشكەوتوویی هێشتا ئیمە پێویستیمان بە لەنگەر خستن لە كۆمەڵێكی پڕ لە متمانە و دۆستایەتی هەیە. ملیۆنان ساڵە مرۆڤ خوویان بەوە گرتووە لە كۆمەڵی بچووكدا ژیان بكەن. تەنانەت لەمڕۆشدا زۆربەی مرۆڤ بە كارێكی نەگونجاوی دادەنێن كە زیاتر لە ١٥٠ كەس لە نیزیكەوە بناسن، جا با لەسەر فەیسبووك هەزاران هەڤاڵیشیان هەبێ. بە بێ ئەو كۆمەڵانە مرۆڤ هەست بە تەنیایی و بێگانەبوون دەكا.

بەداخەوە كۆمەڵی دۆستانە لە چەند دەیەی ڕابردووەوە زیاتر لە یەكتر دادەبڕێن و هەڵدەوەشێنەوە. هەوڵی گرووپ و كۆمەڵی بچووكی مرۆڤ كە لە ڕاستیدا یەكتر لە نیزیكەوە بناسن، بۆ جێگۆڕكێیان لەگەڵ كۆمەڵێك لە حیزبی سیاسی و نەتەوی جۆراوجۆر ناتوانێ بە تەواوی سەركەوتووانە بێ. ملیۆنان برا لە بنەماڵەیەكی نەتەوەیی و ملیۆنان لایەنگری حیزبی كومۆنیستی ناتوانن ئەو گەرمی و دۆستایەتییەی لە چوارچێوەی بنەماڵە و بازنەی بچووكی هەڤاڵانەدا بوونیان هەیە، دروست بكەن. لە ئەزموونەدا مرۆڤ دیارە لە سەر پلانێتێكدا پێكەوە دەژین، بەڵام بەردەوام ڕێگای تەنیایی دەگرنە بەر. دەكرێ هۆكاری زۆربەی وەرچەرخانەكانی كۆمەڵایەتی و سیاسیی سەردەم لەو لەش گرانییەدا بدۆزینەوە.

خەون و فانتازیاكەی مارك زوكربرگ كە هەوڵی لێكگرێدانەوەی مرۆڤ دەدات، لە كاتێكی گەلێك گونجاودا بەڕێوەدەچێ. بەڵام گوتن گەلێك ساكارتر لە كردەوەیە، بۆ ئەوەی ئەو خەونە وەدی بێ، دەبێ فەیس بووك بەتەواوی گۆڕان بەسەر مودێل و

بۆچوونی كەسب و كارەكەیدا بێنێ. مرۆڤ ناتوانێ كۆمەڵێكی جیهانی پێك بینێ كاتێ بە سەرنجڕاكێشانی خەڵكی بۆ لای خۆی و بۆ پڕكردنی گیرفانی، تایبەتمەندییە كەسییەكانیان بە بازاڕی ئابووری بفرۆشێ. سەرەڕای ئەوەش تامەزرۆیی مارك زوكربرگ بۆ بۆچوونێكی ئەوتۆ جێی پێزانینە. زۆربەی ناوەندە ئابوورییەكان لەسەر ئەو باوەڕەن دەبێ خۆیان لەسەر پارە وەدەستهێنانی هەرچی زۆرتر چڕ بكەنەوە، حكوومەت تا ئەوشوێنەی بگونجێت خۆی تێكەڵاوی كارەكەیان نەكا، و مرۆڤایەتیش دەبێ متمانەیان پێ بكا كە هێزی بازاڕ هەرە بڕیارە گرنگەكانی ژیانیان بۆ بدا. ئەگەر فەیسبووك ئەو مەبەستەی هەیە كە لە دروستكردنی كۆمەڵە مرۆڤایەتییەكاندا یارمەتیدەر بێ، ئەو كەسانەی ترسیان لە هێزگرتن هەیە، دەبێ بە ئاگایی و چاوی كراوەوە سەیری ئەو ڕێكخراوانە بكەن. زیاتر دەبێ ئێمە گوشار بۆ حكوومەت، ئەنستیتۆ و ناوەندەئابوورییەكان بێنین بۆ بەربەرەكانی لەگەڵ ڕێكخراوەیەكی وەك فەیس بووك كە بتوانن ئیدە و بیری خۆیان بە ڕوونی فۆرموولە بكەن.

دیارە كەم نین ئەو ناوەندانەی خەمی ڕووخان و لەناوچوونی كۆمەڵگای ئینسانی دەخۆن و بۆ نوێژەنكردنەوەیان چالاكی دەكەن. لە هەر چالاكییەكی فێمینیستییەوە هەتا ئیسلامییە زێدەڕۆییەكان خۆیان بە بنیاتنانی كۆمەڵگا "Community Building"وە خەریك كردووە؛ ئێمەش لە بەشەكانی داهاتووی ئەو نووسراوەیەدا خۆمان بە بڕێك لەو هەوڵدانانەوە خەریك دەكەین. جێگۆڕكێی شەترەنجی تایبەتی فەیسبووك (دامەنە) یا بناری گلۆبالییەكەیەتی بە پشتیوانی ئابووری بنەڕەتی بە باوەڕی تیكنیكییەوەیە. وێدەچێ مارك زوكربرگ باوەڕی هێنابێ كە ژیری دەستكردی نوێی فەیسبووك نەك هەر "كۆمەڵگای مانادار" دەناسێتەوە، بەڵكوو دەتوانێ "پێكهاتەی كۆمەڵایەتی ئێمە بەهێز بكا و هەموو دنیا لێك نیزیك كاتەوە". ئەوكارە گەلێك بەرزەفڕانەتر لە ئوتومبیل لێخوڕین لە لایەن ژیری دەستكرد یا ناسیننەوەی نەخۆشیی شێرپەنجەیە.

خەونی خوڵقاندنی كۆمەڵگای فەیسبووكی ڕەنگە یەكەم هەوڵی ئاشكرا بێ كە تێیدا ژیری دەستكرد وەك ناوەندێك بۆ یەكیەتیی كۆمەڵایەتی لە پێوەرێكی جیهانیدا نیشان بدرێ. دیارە ئەو خەونە تەنیا وەك تاقیكارییەكە، بەڵام ئەگەر لە ڕاستیدا ئەو تاقیكارییە سەركەوتوو بێ، بە ئەگەری زۆر تاقیكارییەكی زۆری لەو چەشنە لە ژیانماندا

ئەزموون دەكەین و ئالگاریتم وەك سەروەری داهاتووی كۆمەڵگاكان دەسەلمێنین. ئەگەر ئەو كارە هەرەس بێنێ، سنوورەكانی تێكنۆلۆژیای نوێ دیاری دەكرێن – ئالگاریتم ڕەنگە لە داهاتوودا زۆر كاری ڕۆژانەمان بەڕێوە بەرن بەڵام هەمیسان دەبێ مرۆڤ خۆی بە سیاسەتوانان و مرۆڤی ڕووحانییەوە هەڵواسێ.

## ئۆنلاین لە بەرانبەر ئۆفلایندا

لە چەند ساڵی ڕابردوودا ڕێكخراوەی فەیسبووك گەلێك سەركەوتوو بووە و ئەمڕۆ زیاتر لە دوو ملیارد مرۆڤ چالاكی ئۆنلاینیان هەیە. بەڵام بۆ بەڕاست وەرگەڕانی خەونەكەی فەیس بووك دەبێ هەوڵی پڕكردنەوەی كەلێنی نێوان ئۆنلاین و ئۆفلاین بدرێ. كۆمەڵێك دەتوانن وەك كۆبوونەوەیەكی ئۆنلاین دەست بە چالاكی بكەن، بەڵام بۆ پەرەسەندنی دەبێ ڕیشەی خۆیان لە جیهانی ئۆفلاینیش داكوتابێ. ئەگەر دیكتاتۆرێك ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ وێنە فەیسبووك قەدەغە بكا یا دووشاخەی كارەبای ئینترنێت دەربكێشێ، ئایا كۆمەڵەكان لێك هەڵدەوەشێنەوە یا یەكتر دەگرن و بە یەكیەتییەكی بەهێزترەوە دژ بە دیكتاتۆریی خەبات دەكەن؟ ئایا ئەو مرۆڤانە لە بارودۆخێكدا دەبن بە شێوەی ئۆفلاین خۆپێشاندانێك وەڕێ بخەن؟

لە مانیفێستی ساڵی ٢٠١٧ەیدا مارك زوكربرگ "Mark Zuckerberg" وەك بەرپرسی ڕێكخراوەی فەیسبووك ڕوونی دەكاتەوە كۆمەڵی ئۆنلاین یارمەتیدەر دەبن بۆ بەهێزكردنی كۆمەڵە ئۆفلاینەكان. ڕەنگە جاروبار ئەو بۆچوونە ڕاست بێ، بەڵام لە زۆربەی بارودۆخەكاندا چالاكیی ئۆنلاین تەنیا لەسەر حیسابی ئۆفلاین بەڕێوە دەچێ و لە نێوانیاندا جیاوازییەكی سەرەكی هەیە. كۆمەڵی فیزیكی كەلەبەرێكی تێدا بەدی دەكرێ كە لایكەم كۆمەڵی زەینی لە داهاتوویەكی نیزیكدا هیچكات ناتوانێ پێی بگات. ئەگەر من لە ئیسرائیل و لەماڵی خۆم لەناو جێگادا نەخۆش كەوتبم، ڕەنگە بتوانن هەڤاڵەكانم لە كالیفۆرنیا بە شێوەی ئۆنلاین بە نووسین یا قسە دڵداریم بدەنەوە بەڵام ناتوانن سووپێكم بۆ لێنێن یا لیوانێكم چایی بۆ ساز كەن و بیهێننە سەر جێگاكەم.

مرۆڤ جەستەیان هەیە. بە درێژایی سەدان ساڵی ڕابردوو، تێكنیك ئێمەی مرۆڤی لە جەستەكەمان جیا كردۆتەوە. ئێمە لێهاتووییەكانمان لە دەستداوە بۆ ئەوەی بتوانین سەرنج بدەینە چلۆنایەتی بۆنكردن و تامكردنمان. لەجیاتی ئەوە سەرنجمان بەرەو

تەلەفۆنی مۆبایل و كامپیۆترەكانمان ڕادەكێشرێ. ئەو كارەی لە جیهانی زەینی "Cyberspace" ڕوو دەدا، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئەو كار و كردەوانەی لەسەر شەقامەكان و لە ڕاستەقینەی ژیانماندا پێك دێن، سەرنجمان زیاتر ڕادەكێشێ. بۆ ئێمە ساكارترە لەگەڵ ئامۆزا یا دۆستەكانمان لە وڵاتێكی دوورەوە پەیوەندیی بكەین لەجیاتی ئەوەی لەسەر نانخواردنی بەیانان لەگەڵ دایكمان ئاخافتن سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانەمان بكەین، چونكە بەردەوام لەجیاتی سەیركردن و وتوویژ لەگەڵ دایكمان، چاومان لە تەلەفۆنەكەمان بڕیوە.

لە ڕابردوودا مرۆڤ لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە نەیدەتوانی دایك یا ئەو كەسانەی لە نیزیكیەوە بوون لەبەر چاو نەگرێ. ڕاوچیانی سەردەمی پێشوو بەردەوام وشیار و بەخەبەر بوون. كاتێ لە لێرەوارەكاندا بەدوای دۆزینەوەی كارگەوە بوون، بە ووردی زەوییان دەدۆزی و گۆمانیان لە هەر تەپۆڵكێك دەكرد كە نەكا كارگی لێ شین بووبێ. ئەوان گوێیان لە بچووكترین جووڵانەوەی ناو چیمەنەكان ڕادەگرت بۆ ئەوەی بزانن نەكا مارێك خۆی شاردبێتەوە. كاتێ كارگێكی خواردنیان بدۆزیایەتەوە زۆر بە پارێزەوە دەیانخوارد، نەكا كارگی ژەهراوی بێ. مرۆڤی ناو كۆمەڵی مودێڕنی ئەمڕۆیی پێویستیان بەو چەشنە كار و ئاگادارییانە نییە. لە سوپیرماركێتەكاندا دەتوانین هاوكات ماكەی خواردەمەنی هەڵبژێرین و خەریكی تەلەفۆنە مۆبایلەكەشمان بین و هەواڵێك بۆ دۆستێكمان بنێرین. دەتوانین لە چەند هەزاران خواردەمەنی ناو سوپێرماركێتەكە تاقمێكیان بكڕین و دڵنیاش بین لە لایەن بەرپرسانی سڵامەتییەوە تاقی كراونەوە و هیچ زیانێكیان بۆمان نییە. هیچ جیاوازیشی نابێ بڕیاری خۆمان بۆ كڕینی كام ماكەی خواردەمەنی دەدەین، چونكە دواتر بە پەلە دەیانخۆێن و هاوكات سەیری تلەفیزیۆن یا كامپیۆتر دەكەین و نە چێژ لە خواردنەكەمان دەبینین و نە هەست بە تامی دەكەین.

مارك زوكربرگ لەسەر ئەو باوەڕەیە فەیسبووك دەیهەوێ "كەرەسەی ژیانمان باشتر بكا، بۆ ئەوەی ئەو هێزەمان تێدا پێك بێنێ كە بتوانین ئەزموونەكانمان لەگەڵ مرۆڤیتردا بەش بكەین". لە ڕاستیدا مرۆڤ پێویستی بە كەرەسەیەك هەیە كە بتوانێ خۆی و ئەزموونەكانی لێك گرێ بدا. ئەگەر بتوانرێ مرۆڤ هان بدرێ ئەزموونەكانی

لەبەر دەستی مرۆڤیتردا دابنێ جیا لەوە مانایەكیتری نابێ كە ئەوان ئەو ڕووداوانەی بەسەریان دێ لە چاوی كەسانیترەوە هەستی پێ دەكەن. ئەگەر ڕووداوێكی سەرنجڕاكێش ڕوو بدا، هەستی بەكارهێنەرانی فەیسبووك ئەوە دەبێ مۆبایلەكەیان لە گیرفانیان دەربێنن، وێنەی لێ هەڵگرن، بەشێوەی ئۆنلاین بڵاوی كەنەوە و چاوەڕوانی لینكەكەی بن. لەو كارەیاندا زۆر كەم هەست بە هەڵس و كەوتی دەروونی خۆیان دەكەن. زیاتر ئەو شتەی هەستی پێ دەكەن بەستراوەتەوە بە هەڵس و كەوتی ئەو مرۆڤانەی وا ئۆنلاین ڕووداوەكە سەیر دەكەن.

ئەو مرۆڤانەی خۆیان لەگەڵ جەستە، مانای ژیان و دەروونناسی دەوروبەریان بێگانە دەبینن، خۆیان بەتەنیا و سەرلێشێواو هەست پێدەكەن. زۆربەی نووسەران و پسپۆرانی ئەو بوارە لەسەر ئەو هەستە بێگانەیە دەنووسن و زۆر جار بە هۆكاری ئایینی و ناسیۆنالیستییەوەی دەلكێنن، بەڵام لەوانەش گەلێك گرنگتر ئەو ڕاستییەیە كە مرۆڤ پەیوەندایەتی لەگەڵ جەستەی خۆی لەدەست داوە. بە درێژایی ملیۆنان ساڵ مرۆڤ بە بێ ئایین و ناسیۆنالیزم ژیانیان كردووە - بە ڕاشكاوی لە سەدەی بیست و یەكەمیشدا دەتوانن بە بێ ئەوانە درێژە بە ژیانیان بدەن. بەڵام ناتوانن بەختەوەرانە ژیان بكەن ئەگەر نەتوانن كونترۆڵی جەستەی خۆیان بكەن و لەگەڵیدا پەیوەندیی پێك نەهێنن. ئەگەر مرۆڤ خۆی لە جەستەیدا وەك ناوماڵی خۆی هەست پێ نەكا لە هیچ شوێنێكیتری ئەم جیهانە ناتوانێ ماڵ بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

تا ئێستا فەیس بووك وەك مودێلێكی بازاڕیی بۆ كڕین و فرۆش، مرۆڤ هان دەدا بەردەوام و زیاتر كاتی خۆیان بە شێوەی ئۆنلاین لە سەر لاپەڕەكەیان تەرخان بكەن، تەنانەت ئەگەر بەو مانایەش بێ كە كەمتر كات و ووزەیان بۆ بەڕێوەبردنی چالاكی ئۆفلاین هەیە. ئایا فەیس بووك دەتوانێ مودێلێكی نوێ بدۆزێتەوە كە مرۆڤ هان بدا تەنیا ئەوكات ئۆنلاین بن كە پێویستیان پێی هەبێ و كاتی پێویستیش بۆ گرنگی دان بە بارودۆخی دەروونناسی دەوروبەریان، هەروەها جەستەی خۆیان و مانادان بە ژیانیان بگونجێنن؟ ئایا سەرمایەداران مودێلێكی لەو چەشنەیان پێ باش دەبێ؟ (مودێل یاخود ئاڵترناتیوێكی لەو چەشنە لەم دواییانەدا لە لایەن تریستان هاریس "Tristan Harris"

یەك لە بەڕێوەبەرانی پێشووی فەیس بووكەوە پێشنیار كراوە كە چەمكی "كاتی گونجاو"ی هێناوەتە كایەوە.)

هەروەها سنوورەكانی پەیوەندیی – ئۆنلاین، پێشنیار یاخود ڕێگاچارەكەی مارك زوكربرگ "Mark Zuckerberg"یان بۆ لێكدابڕانی كۆمەڵگا لە گۆڕ نا. ئەو بە حەق ئاماژە بەوە دەكا كە هۆكاری لێكدابڕانی كۆمەڵایەتی بەهۆی لەبەرانبەر دانانی مرۆڤەوە بۆ باس لەسەر تەوەری جۆراوجۆر نییە، چونكە ئەگەر تەوەرێك بە مرۆڤ پیشان بدرێ و لەهەنبەر بۆچوونەكەیدا ڕاوەستێ، یاخود دژ بە بۆچوونەكەی بێ، ئەوكات لێكدابڕان بەهێز دەكا چونكە ڕوانگەكانی جیا لە هی خۆی بە بێگانە دادەنێ. لەجیاتی ئەوكارە، مارك زوكربرگ پێشنیار دەكا باشترین ڕێگاچارە بۆ ئەو چەشنە باسانە ئەوەیە كە مرۆڤ خۆی وەك "مرۆڤێكی تەواو" سەیر بكا و بناسێ، نەك وەك بۆچوونێكی تەنیا – ئەو شتەی فەیسبووك بە شێوازێكی باش دەتوانێ بۆی گونجاو بێت. ئەگەر ئیمەی مرۆڤ لەسەر خاڵە هاوبەشەكان یاخود بۆچوونە وەك یەكچووەكانمان بەیەكەوە پەیوەندی بگرین بۆ وێنە وەك تیمی وەرزشی، بەرنامەی تلەفیزیۆنی ، تامەزرۆیی وەك یەك و ... – زۆر ساكارتر دەبێ دیالۆگی لەسەر بكەین، سەرەڕای ئەوەی لەوانەیە بۆچوونی جیاوازیشمان هەبێ.

دیارە كارێكی گەلێك دژوارە مرۆڤ یەكتر وەك "مرۆڤێكی تەواو" دابنێن و بیناسن. ئەو كارە لە سەرەتاوە پێویستی بە كاتێكی زۆر هەیە و نیازێكی زۆری بە خۆڕاگریی فیزیكی جەستەوە هەیە. هەر وەك ئاماژەمان پێكرد بە ئەگەری زۆر ژمارێكی مامناوەندی مرۆڤی ساپییەن لەو بارودۆخەدا نین كە بتوانن زیاتر لە ١٥٠ مرۆڤ لە نیزیكەوە بناسن. لە شێوەی ئیدیالی خۆیدا بونیات نانی كۆمەڵ نابێ خۆی لەناو بازنەیەكدا قەتیس بكات، مرۆڤ دەتوانن هاوكات هەستی وەفاداری لەگەڵ چەندین گرووپیتر لەخۆیان نیشان بدەن و هاوكاتیش پەیوەندی نیزیك لە چوارچێوەیەكی بەرتەسكدا ڕابگرن. دوای ماوەیەك ئەو كات و وزە یەی مرۆڤ بۆ وێنە بۆ هەڤاڵی ئۆنلاینی ئێرانی یا نیجیریایی تەرخانی دەكا لەسەر بەهای لێهاتوویی دەبێتە هۆی ناسینی نیزیكتری ئەو مرۆڤانە.

ئەركی بڕیاردەری فەیسبووك لەو ڕێگایەدا ئەوە دەبێ چلۆن ئەو ڕێكخراوەیە بتوانێ ئەگەر ئەندازیارێك كەرەسەیەكی نوێ بخوڵقێنێ بە یارمەتی ئەو مرۆڤ بتوانن كەمتر كاتی خۆیان بۆ كڕینی شتو مەكی ئۆنلاین تەرخان بكەن و زیاتر كاتی خۆیان بۆ چالاكی ماناداری ئۆفلاین و هەڤاڵە نیزیكەكانیانەوە خەریك بكەن. ئایا فەیس بووك پشتیوانی لە كەرەسەیەكی ئەوتۆ دەكا؟ ئەگەر ئەو كارە بكا – و ئەگەر خۆڕاگری لە ئەگەری نابووتی خۆی بكا -، ئەوكات دەتوانێ گۆڕانێكی گەلێك بە مانا پێك بێنێ.

ئەگەر فەیسبووك هەوڵی ڕاكێشانی تامەزرۆیی مرۆڤ بۆ دنیای ئۆفلاین بدا، كارتێكەری لەسەر سیاسەتی ئابووری خۆی دەبێت. هەر وەك ئامازۆن، ئاپل، گووگل و غولەكانیتری جیهانی دیجیتالی، فەیسبووكیش چەندین جار لەسەرماڵیات نەدان، تۆمەتبار كراوە. كێشەی ماڵیاتی ئەو چەشن ڕێكخراوە ئۆنلاینانە لەسەر چالاكی ئۆنلاینان بۆتە هۆی خۆ لادانیان بە فۆرم و شێوازی جۆراوجۆر و دروستكردنی یاسای نوێ بۆ نەدانی ماڵیات. ئەو ڕێكخراوانە لەسەر ئەو بۆچوونەن كە مرۆڤ دەبێ تەنیا لە جیهانی ئۆنلایندا ژیان بكا و بەو هەموو كەرەسە و هاسانكارییی و ئامادەكارییەكانی بۆ مرۆڤی پێك هێناوە، دەتوانێ خوی وەك ڕێكخراوەیەكی خێرخوازانەی كۆمەڵایەتی دابنێ، تەنانەت ئەگەر لە دانی ماڵیات بە دەوڵەتیش خۆپارێزی بكا. بەڵام ئەو كاتەی مرۆڤ وەبیرخۆی دێنێتەوە جەستەی هەیە و پێویستی بە شەقام، نەخۆشخانە و سیستەمی كارای كانالیزاسیۆن هەیە و هتد ... بە ڕاشكاوی بۆی دژوارتر دەبێ سەر بۆ نەدانی ماڵیاتی ئەو ڕێكخراوانە دانەوێنێ. چلۆن مرۆڤ دەتوانێ ئەركە كۆمەڵایەتییەكان بە باش دابنێ و هاوكاتیش بزانێ بە خۆڕاگری لە هەنبەر ماڵیات سەرچاوی ئابووری بۆ بەڕێوەبردنی ئەو كارە كۆمەڵایەتییانە دەكەوێتە ژێر مەترسییەوە؟

ئێمە دەتوانین هیوادار بین فەیس بووك گۆڕان بەسەر مودێلە بازاڕیەكەی دا بێنێ، و وەدوای سیاسەتێكی دۆستانەی ئۆفلاین بكەوێ كە ببێتە هۆی یەككگرتنی هەموو جیهان – و بەڵام لە پەناشیدا بەهرەی بۆی هەبێ. ئێمە نابێ چاوەڕوانی ناڕاستەقینە لەسەر لێهاتوویی فەیس بووك داوا بكەین و خەونی بەڕاست وەرگەڕانی یەككگرتوویی كۆمەڵی جیهانی پێ توونا كەین. لە ڕوانگەی مێژووییەوە ئەگەر سەیری بكەین،

ڕێكخراوەكان هەرگيز ڕێبەرێكى ئيديال بۆ شوڕشى سياسى و ئابوورى مرۆڤ نەبوون. شوڕشێكى ڕاستەقينە زوو يا درەنگ پێويستى بە خۆفيداكردن دەبێ كە ڕێكخراوەكان، سەهامداران و بەڕێوەبەرانى بە دڵنياييەوە ئەو كارە ناكەن. هەر بەو هۆيەوە شۆڕشگێڕان كليسا، حيزبى سياسى و هێزە نيزامييەكانيان بونيات ناوە. شۆڕشى بە ناو ديجيتالى فەيس بووك و تويتر لە بەهارى عەرەبيدا بە هيواداريەكى گەلێك مەزنەوە دەستى پێكرد، بەڵام كاتێ لە جيهانى ئۆفلاينى ناڕێك و پێك و بێ سەروبەرەدا خۆيان بينيەوە، لە لايەن ئايينيە فناتيكەكان و هێزى نيزامييەوە بەزێندران. ئەگەر ئێستا فەيس بووك بيهەوێ شۆڕشێكى جيهانى وەڕێبخات، دەبێ درز و مەوداى نێوان دوو جيهانى ئۆنلاين و ئۆفلاين گەلێك باشتر پڕ بكاتەوە. فەيس بووك و ڕێكخراوە ئۆنلاينەكانيتر بە مەيلەوە مرۆڤ وەك بوونەوەرێكى "بينەر و گوێدەر" سەير دەكەن – دوو چاو و دوو گوێ كە بە يارمەتى دە قامكەكانى و كامپيۆتێرێك و كارتى بانكييەكەيەوە لێك گرى دراون. هەنگاوێكى بڕياردەر بۆ يەككگرتوويى مرۆڤ لەسەر ئەم جيهانە بەوەوە بەستراوەتەوە كە بتوانن ئەو ڕێكخراوانە مرۆڤ وەك "مرۆڤێكى تەواو" سەير بكەن و بيسەلمێنن.

سروشتيە ئەو سەلماندنە لايەنى نەرێنى خۆشى هەيە. ئەگەر ئەو غوولە ئۆنلاينانە سنوورەكانى ئالگاريتمى ئۆنلاين بناسن و لێى تێبگەن، دەتوانن ئەو ئەركە بەدەستەوە گرن كە مەيدانى چالاكييەكەيان هێندەيتريش گەورە بكەنەوە. كەرەسەى وەك " Google Glass" و يارى كامپيۆترى وەك "Pokémon Go" بۆ ئەوە دروست كراون كە جياوازى نێوان جيهانى ئۆنلاين و ئۆفلاين و تووانەوەى ئەو دوو جيهانە لەناو يەكتردا مسووگەر بكەن. لە شوێنێكى گەلێك بە مانا قووڵتردا بە يارمەتى "سێنسەر" واتە ئەندامى هەستپێكردنى ئەلكترۆنى و پەيوەندداني ڕاستەوخۆى نێوان مێشك و كامپيۆتر هەوڵ دەدرێ سنوورى نێوان كەرەسەكان و جەستەى بيۆلۆژيكى پێك بێنن و خۆيان بخزێننە ژێر پێستمانەوە. ئەوكاتەى ئەو ڕێكخراوانە جەستەى مرۆڤ لەژێر كونترۆڵى خۆياندا بگرن، لە كۆتاييدا دەتوانن جەستەى ئيمە بەهەمان ڕادە مانيپۆليرە بكەن هەروەك ئێستا چاو، گوێ و قامكەكانمان كونترۆڵ و مانيپۆليرەى دەكەن. لەوانەيە خەم بۆ سەردەمى

پێشترمان بخۆین و ئارەزووی بكەینەوە كە لەو سەردەمەدا هێشتا جیهانی ئۆنلاین و ئۆفلاین لێك جیاواز بوون.

## ئەركی شەش: شارستانییەت

### لە جیهاندا تەنیا یەك شارستانییەت بوونی هەیە

هاوكات لەگەڵ خەونی مارك زوكربرگ "Mark Zuckerberg" كە هەوڵی پەیوەندیدانی مرۆڤایەتی بەشێوەی ئۆنلاین لەگەڵ یەكتر دەدا، وێدەچێ زانیاریی نوێ لەسەر جیهانی ئۆفلاین واتە تیزی "clash of civilizations" یاخود "شەڕی نێوان كولتوورەكان"، بۆنی ژیانێكی تەواو نوێی لێ بێ. زۆربەی مرۆڤی سیاسی و شاروەندی ئاسایی لەسەر ئەو باوەڕەن شەڕی ناوخۆی سوریا، هەوڵی زیندووكردنەوەی وڵاتی ئیسلامی، كێشەی برێگزیت "Brexit" و بێ سوباتی یەكیەتی ئوروپایی پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ وێككەوتنی "شارستانییەتی ڕۆژئاوایی" و "شارستانییەتی ئیسلامی" هەیە. تاقیكاریی و هەوڵی ڕۆژئاوا بۆ دامەزراندنی دێموكراسی و مافی مرۆڤ لە ناو وڵاتانی ئیسلامییدا بۆتە هۆی بەرگریی بەهێزی ئیسلامییەكان و شەپۆلێكی كۆچبەری و هێرشی تیرۆریستی ئیسلامی پێك هێناوە كە دەنگدەرانی ئوروپایی ئارەزووی ژیانی چەند كولتووری لە وڵاتەكەیان لە پێناو دوژمنایەتیكردن لەگەڵ ناسنامە و كولتووری بێگانە، وەلا بنێن.

ئەو تیزە بۆتە هۆی لێكدابڕانی مرۆڤایەتی و دابەشكردنیان بەسەر چەندین شارستانییەتی جیاواز و ئەندامانی كۆمەڵگاكان بە شێوەی ئاشتییەكی نەگونجاو سەیری دەكەن. ئەو چەشنە وێنە نەگونجاوە جیهانیانە ناكۆكی و كێشەی نێوان فەرهەنگ و كولتوورە جیاوازەكان پەرە پێ دەدەن. هەر وەك لە سروشتدا و بە پێی یاسا سروشتییەكان، چەندین چەشنی جیاواز بۆ مانەوەی خۆیان بەربەرەكانی دەكەن، بە درێژایی مێژوو شارستانییەتە جیاوازەكان بۆ داسەپاندنی مێژووی خۆیان بەردەوام كێشەیان لەگەڵ یەكتردا بووە. هەر كەس ئەو ڕاستەقینە تاڵە بەچاو نەبینێ، جا چ

سیاسەتوانی لیبڕاڵ بێ و چ ئەندازیارێكی بێگانە، ئەو كارە بە مەترسی ساز كردن لەسەر خۆی بەڕێوەدەبا.

تێزی "clash of civilizations" واتە شەڕی نێوان كولتووروكان، بارودۆخێكی نالەباری سیاسی لە جیهاندا پێكهێناوە. لایەنگرانی ئەو تێزە لەسەر ئەو بۆچوونەن هەر هەوڵ و تەقەللایەك بۆ نیزیككردنەوەی ڕۆژئاواییەكان لەگەڵ جیهانی ئیسلام بدرێ، توونا دەكرێ و پووچەڵ دەكرێتەوە. وڵاتە ئیسلامییەكان هیچكاتێ بەها ئینسانییەكانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی وەرناگرن، وڵاتانی ڕۆژئاواییش هیچكات ناتوانن كەمینە ئیسلامییەكان لە وڵاتی خۆیان گرێ بدەن و ئینتیگریرەیان بكەن یاخود لە وڵاتەكەیاندا بیانگونجێنن. لەسەر ئەو بۆچوونە وڵاتی ئەمریكا نابێ پەنابەری سوریایی یا عێراقی وەربگرێ و وڵاتانی یەكگرتووی ئورووپاییش دەست لە ژیانی چەندكولتووری هەڵگرن و لە جیاتی ئەو، ناسنامەیەكی خوێڕی ڕۆژئاویی بە بێ بەشداربوونی مرۆڤی بیانی لە كۆمەڵگاكەیاندا بۆخۆیان بدۆزنەوە. بەشێوەی درێژخایەن تەنیا ئەو شارستانییەتەی لە تاقیكاریی بێ بەزەییانەی هەڵبژاردەی سروشتی خۆڕاگری بكا، سەركەوتوو دەبێ و ئەگەر بورۆكراتەكان لە شاری بروكسل لە پارێزگاریكردنی ڕۆژئاوا لە هەنبەر ئیسلامیستەكان بوەستن و هەڵوێست نەگرن، ئەوكات وڵاتانی ئینگلیز، دانمارك یا فەرنسا بە تەنیا و لەسەر بڕیاری خۆیان هەڵس و كەوت لەگەڵ ئەو ڕووداونەدا دەكەن و ڕێگای خۆیان درێژە پێ دەدەن.

سەرەڕای ئەوەی زۆر بە تامەزرۆییەوە وەدوای ئەو تێزە دەكەون و تاقی دەكەنەوە، بەڵام ڕێگایەكە بەرەو سەرلێشێواوی. ڕەنگە بەربەرەكانی لەهەنبەر فونداमێنتالیزمی ئیسلامی لە كردەوەدا چالاكییەكی سەرەكی بێ، بەڵام هێرشكردنە سەر "شارستانییەت" دیاردەیەكی جیهانییە نەك تایبەت بێت بە ڕۆژئاوا. هەروا بێ بەڵگە نەبووە كە كێشەی دامەزرانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق توانیویە ئێران و ئەمریكا دژ بە خۆی ڕێك بخا. هەروەها تەنانەت بەڕێوەبەرانی ئیسلامیست بە هەموو وێناكردنە كۆن و وەدواكەوتووەكانیانەوە زۆر قایمتر لە سەردەمی سەدەی حەوتەمی عەرەبستان لەگەڵ شارستانییەتی مودێرندا پەیوندیان هەیە و هەڵس و كەوت دەكەن. ئامانجی ئەوان زیاتر دەستدانان لەسەر ترس و هومێدی گەنجانە لەجیاتی خۆ خەریككردن بە وەرزێران و

بازرگانانی دواكەوتووی سەدەی ناوەڕاست. هەر وەك پانكاج میشرا "Pankaj Mishra" و كریستۆفەر دوبلیگ "Christopher de Bellaigue" بە شێوازێكی باوەڕپێكراو ئاماژەیان پێ كردووە، ئیسلامییە ڕادیكالەكان كارتێكەری ماركس "Marx" و فوكو "Foucault" یان زیاتر لەسەرە هەتا كارتێكەری محەمەد، هەروەها میراتی ئاناڕشیستەكانی سەدەی نۆزدەیان لا گرنگترە هەتا خەلیفەكانی ئەمەوی و عەبباسی. كەوابوو ڕەنگە گونجاوتر بێ دەوڵەتی ئیسلامی بە مناڵێكی سەرلێشێواوی فەرهەنگی جیهانی دابنێین كە بەرهەم و پێكهاتەی هەمووومانە، نەك بە چڵێك لە دارێكی نهێنی و نادیار.

لەوانەش گرنگتر هەڵسەنگاندنی مێژوو و بوونەوەر ناسی كارێكی هەڵەیە كە تێزی " شەڕی نێوان كولتووروكان"یان لەسەر بونیات ناوە. گرووپ و دەستەكانی مرۆڤ – لە تایفەی بچووكەوە و هەتا بازنەی كولتووری بەهێز و گەورە – جیاوازیی سەرەكیان لەگەڵ بوونەوەرانیتردا هەیە، واتە كێشەی مێژوویی لەگەڵ هەڵبژاردەی سروشتی تەواو جیاوازە. چەشنایەتی ئاژەڵەكان ناسنامەی چاوەكیيان هەیە كە دوای هەزاران وەچە هێشتا هەر لەناو نەچووە. گۆریلا یا مەیموون بەهۆی "ژێن"ە كانیانەوەیە كە گۆریلا یا مەیموونن و پەیوەندی بە باوەڕ و بۆچوونی خۆیانەوە نییە. "ژێن"ی جیاواز هەڵس و كەوتی كۆمەڵایەتی جیاوازیش پێك دێنێ. شامپانزەكان لە گرووپی تێكەڵاوی مێ و نێر دا ژیان دەكەن. ئەوان بۆ وەدەستهێنانی هێز لەگەڵ یەكتردا كێبەركێ دەكەن و هاوكاتیش یەكیەتی لە نێوان لایەنگرانی هەردووك لا پێك دێنن. لە ناو گوریلاكاندا بە پێچەوانە، هێز تەنیا لە دەستی نێرێكدا دەمێنێتەوە و حەرەمسەرایەك لە مێوەكان بۆخۆی پێك دێنێ و هەر نێرێكیتر هێزدارییەكەی بخاتە ژێر پرسیارەوە، لە كۆمەڵگاكەی دەری دەكا. ئەو جیاوازییە لە تایبەتمەندییەكانی كۆمەڵی گۆریلا و شامپانزەكان هەزاران ساڵە گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە.

لای مرۆڤ شتی وا ڕوو نادا و تەواو جیاوازی هەیە. گرووپی مرۆڤ دەتوانن لە چەندین سیستەمی كۆمەڵایەتیدا ژیان بكەن، بەڵام هەڵس و كەوتەكانیان لە ژێنەكەیاندا نەگونجێندراوە و هیچكام لەو سیستەمانە چەند سەدە زیاتر خۆڕاگریان نەكردووە. بۆ وێنە ئەگەر سەیری وڵاتی ئاڵمان لە سەدەی بیستەمدا بكەین، لە ماوەیەكی كەمتر لە

سەدساڵدا شەش سیستەمیان گۆڕیوە: ئاڵمانی قەیسەری، جومهووری وایمەر، ئیمپراتۆریی سێهەم، جومهووری ئاڵمانی دێمۆكراتیك، ئاڵمانی فێدرال و لە كۆتاییشدا یەكگرتنەوەی دوو ئاڵمانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا. سروشتییە خەڵكانی ئاڵمان لە هەموو ئەو سیستەمانەدا زمانی خۆیان و تامەزرۆییان بۆ ئابجۆ و كاڵباس هەر ڕاگرتووە. بەڵام ئایا مرۆڤی ئاڵمانی تایبەتمەندییەكی تایبەتیشی هەیە كە لە نەتەوەكانیتریان جیا كاتەوە؟ ئەگەریش لە ڕاستیدا كەسێك شتێكی تایبەت بدۆزێتەوە، پرسیار ئەوە دەبێت ئایا ئەو تایبەتمەندییە هەزار یا پێنج هەزار ساڵ پێش ئێستاش بوونی هەبووە؟

پێشگوتەی یاسای سەرەكی ئورووپا (كە هێشتا بەفەرمی نەبووە) بەو دێرە دەست پێدەكا: "میراتی فەرهەنگی، ئایینی و ئینسانگەرایانەی ئورووپا واتە مافی مرۆڤ، ئازادی، دێمۆكراسی، بەرابەری و حاكمییەتی یاسا وەك بەها ئینسانییەكان پەرەی سەندووە". ئەو كارە دەتوانێ بە ساكاری ئەو وێناكردنە لە مرۆڤدا پێك بێنێ كە شارستانییەتی ئورووپایی بەهۆی بەها ئینسانییەكانی وەك دێمۆكراسی، یەكسانی و ئازادی مرۆڤەوە مانا دەكرێتەوە. ئاخافتنەكان و ژمارێكی گەلێك زۆر بەڵگە، هێڵێكی ڕاستەوخۆی دێمۆكراسی لە سەردەمی كەونی ئاتێنەوە هەتا ئەمڕۆی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئورووپا كێشاوەتەوە و جێژنیكی ٢٥٠٠ ساڵەی دێمۆكراسی و ئازادیی وەڕێخستووە. ئەو كارە مرۆڤ وەبیر ئەو پەندە دەخاتەوە كە مرۆڤێكی كوێر دەست لە كلكی فیلێك دەدا و دێتە سەر ئەو بڕیارە كە دەبێ فیل شتێك بێ وەك تەناف. بەڵێ ئیدەی دێمۆكراسی سەدان ساڵە ئاوێتەی فەرهەنگی ئورووپایی بووە، بەڵام دێمۆكراسی هەموو شتێك نەبووە. دێمۆكراسیی ئاتێن بە هەموو ڕازاوەییەكەیەوە تاقیكارییەكی نیوە گیان بووە كە تەنیا ٢٠٠ ساڵ لە گۆشەیەكی بچووكی وڵاتی باڵكان بەڕێوە چووە. ئەگەر شارستانییەتی ئورووپایی لە بیست و پێنج سەدەی ڕابردوودا بە كردەوە بەهۆی دێمۆكراسی و مافی مرۆڤەوە بەڕێوەدەچێ، ئەدی سپارتا، ژۆلیۆس سێزار، خاچپەرستی، داگیركاریی، پشكنینی باوەڕ و بازرگانیی كۆیلە، لویی چاردەهەم، ناپلیۆن، هیتلێر و ستالین لە كوێوە هاتوون؟ ئایا ئەوانە لە كولتوورێكی بیگانەوە هاتبوونە ئەو ناوچانە؟

لە ڕاستیدا شارستانییەتی ئورووپایی هەمان ئەو شتەیە كە ئورووپاییەكان بونیادیان ناوە، هەر وەك ئایینی مەسیحییەت لە لایەن مەسیحیانەوە دروستكراوە، ئایینی ئیسلام لە لایەن موسوڵمانانەوە و ئایینی یەهوودی لە لایەن یەهوودییەكانەوە و هەركامیان بەنۆبەی خۆیان بە درێژایی سەدان ساڵ سیستەمی جێی سەرنجی جیاوازیان خوڵقاندووە. گرووپی مرۆڤ زیاتر لە هەموو چەشنەكانیتر نیزیكبوونەوەیان و پێكهێنانی كۆمەڵ بەو ئەزموونانەی وەری دەگرن، مانا دەكەنەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش بەهۆی لێهاتوویی گێڕانەوەیان دەتوانن ناسنامەی كەونی خۆیان هەمیسان بدۆزنەوە. جا فەرقی پێ ناكا چ چەشن شۆڕشێك بەڕێوەدەبەن، ئەوان لێهاتوویی هۆندنەوە و لێكگرێدانی گێڕاوەی كەون و نوێ یان هەیە و بەردەوام شتێكی نوێیتری لێ دەخوڵقێنن.

تەنانەت هەر كەسێك دەتوانێ گۆڕانكاری كەسیی شۆڕشگێڕانە ئاوێتەی گێڕاوەكان بكا: "من كەسێكم كە ڕۆژێ لە ڕۆژان سوسیالیست بووم، بەڵام دواتر بووم بە سەرمایەدار؛ من لە فەرنسا لەدایك بووم بەڵام ئەمڕۆ لە ئەمریكا دەژیم؛ من زەماوەندم كردبوو بەڵام ئێستا جیا بوومەتەوە؛ من نەخۆشی شێرپەنجەم هەبوو، بەڵام ئێستا ساغ بوومەوە." بە شێوازێكی هاوچەشنیش دەتوانن گرووپێك لە مرۆڤ وەك ئاڵمانی لەسەر ئەو گۆڕانكارییانەی بەسەریان هاتووە، خۆیان بناسێنن: "لە سەرەتاوە ئێمە نازی بووین، بەڵام ئێمە لە كاری ڕابردوومان ئەزموونمان وەرگرت و لەمڕۆدا نەتەوەیەكی ئاشتیخوازی دێمۆكراتین." مرۆڤ نابێ لێرەدا بەدوای تایبەتمەندییەكی زەقی نەتەوەی ئاڵمانیدا بگەڕێ كە خۆی لە ویهێلمی دووهەم و دواتر هیتلێر و ئینجا ئانگێلا مێركێل دا ببینێتەوە. ئەوانە ئەو گۆڕانكارییە ڕادیكاڵانەن كە ناسنامەی نەتەوەی ئاڵمانی پێك دێنن. ئاڵمانی بوون لە ساڵی ٢٠١٨ دا بەو مانایەیە كە مرۆڤ دەبێ لەگەڵ میراتی دژواری ناسیۆنال سوسیالیستەكان ژیان بكا و هاوكاتیش سەر بۆ بەها ئینسانییەكان دانەوێنێ. كێ دەتوانێ پێشبینی بكا ئاڵمانی بوون لە ساڵی ٢٠٥٠ دا چلۆن مانا دەكرێتەوە؟

مرۆڤ زۆرجار نایانەوێ ئەو گۆڕانكارییانە ببینن، بەتایبەت ئەگەر باسەكە لەسەر بەها ئینسانییەكان و ناوەڕۆكی سیاسی و ئایینی بێ. ئێمە بەردەوام هەوڵ دەدەین بەها

ئینسانییەكانمان وەك میراتی پێشینیانمان بپارێزین. بەڵام تەنیا هۆكارێك هەیە كە بۆچی ئێمە ئەو پارێزگارییە دەكەین، ئەویش ئەوەیە چونكە پێشینیانی ئێمە ماوەیەكی زۆرە لە ژیاندا نین و ئیتر ناتوانن بۆچوونی خۆیان دەرببڕن. بۆ وێنە ئەگەر هەڵس و كەوتی ئایینی یەهوودی لە هەنبەر ژنان لەبەر چاو بگرین: لەمڕۆدا مرۆڤی ئورتۆدۆكسی یەهوودی وێنە و بەشداری ژنان لەناو كۆمەڵگاكەیان بە كارێكی باش دانانێن. لە زۆربەی پلاكارت و تەبلیغاتەكانیاندا تەنیا لە پیاو و كوڕ كەڵكوەردەگرن و هیچكات ئاوڕ لە ژن یا كیژ نادەنەوە.

سالی ٢٠١١ كارەساتێك پێكهات كاتێ ئورتۆدۆكسە یەهوودییەكان لە ڕۆژنامەكەیاندا "Brooklyner" وێنەیەكیان بڵاو كردەوە، و لەویدا مرۆڤ دەیبینی چلۆن ئەندامانی دەوڵەتی ئۆباما هێرشیان كردۆتە سەر شوێنی خۆشاردنەوەی ئوسەما بن لادن كە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بڵاو كراوەتەوە، بەڵام بەهۆی روتوشی دیجیتالییەوە ژنەكانیان لێ دەرهێنابوو، تەنانەت وێنەی وەزیری دەرەوە هیلاری كلینتۆنیش "Hillary Clinton". ئەو ڕۆژنامەیە ڕوونی كردۆتەوە بەهۆی یاسای ئایینی یەهوودییەوە ناچار بەو كارە كراوە. بە شێوەیەكی هاوچەشن لە هەمان ڕۆژنامەدا وێنەی ئانگێلا مێركێل دادەپۆشری كاتێ لە خۆپێشاندان سەبارەت بە كارەساتی چارلی هێبدوو "Charlie Hebdo" دا بەشداری كردووە. ڕۆژنامەیكیتری ئورتۆدۆكسی یەهوودی بە ناوی هامۆدیا "Hamodia" ئەو كارەی بەو شێوەیە ڕوون كردۆتەوە: "ئێمە خۆمان بە داب و نەریتی هەزارساڵەی خۆمانەوە هەڵدەواسین."

لە هیچ شوێنێكیتر جیا لە كەنیسەی یەهوودییەكان دژ بە بوون و بەشداری ژنان هەڵوێست ناگیرێ. لە كەنیسەی ئورتۆدۆكسەكان ژن و پیاو بە شێوەیەكی توند و تیژ لێك جیا دەكرێنەوە و دەبێ خۆیان لە شوێنێكی تایبەت بەخۆیاندا كۆ بكەنەوە كە بە پەردە داپۆشراوە و كاتێ خەریكی بەجێهێنانی دۆعای رۆژانەیانن، بەهەڵكەوتیش نابێ بكەونە بەر چاوی پیاوەكان. بەڵام ئەگەر تەواوی ئەو هەڵس و كەوتانە دەگەڕێنەوە بۆ داب و نەریت ومێژووی كەونی یەهوودییەكان چلۆن دەكری ئەو ڕاستییە ڕوون بكرێتەوە كە كۆنەناسان كەنیسەی سەردەمی میشنا "Mischna" و تەلموود "Talmud"یان دۆزیوەتەوە و نەك هەر هیچ ئاسەوارێك یاخود ئاماژەیەك بە

جیاكردنەوەی ژن و پیاوی تیدا بەدی ناكرێ بەڵكوو لەسەر وێنەی موزاییكی ناو ژوورەكان وێنەی ژن و پیاوی تێدا دەبینرێ و تەنانەت تاقمێك لەو ژنانە بە شێوەی ئازادانە جل و بەرگێكی ناسك و سێكسییان لەبەردایە؟ ئەو ڕابین (مالم)انەی میشنا و تەلموودیان نووسیوە و بەردەوام لەو كەنیسانەدا دۆعایان كردووە و داب و نەریتی ئایینیان بەڕێوە بردووە، ئایا لە ڕوانگەی مرۆڤی ئورتۆدۆكسی یەهوودی ئەمڕۆییەوە چلۆن سەیر دەكرێن؟

شێوەی هاوچەشنی ئەو داب و نەریت و هەڵس و كەوتە سەیروسەمەرانە لە زۆربەی ئایینەكانیتریشدا دەبینرێ. داعش یاخود پێكهێنەرانی دەوڵەتی ئیسلامی شانازی بەوە دەكەن گەڕاونەتەوە بۆ نوخسەی سەرەكی و دەست لێنەدراوی سەردەمی كەونی ئایینی ئیسلام، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو فۆرمەی ئایینی ئیسلامی تەواو نوێیە. دیارە زۆربەی لایەنگرانی ئەو ڕێكخراوەیە خۆیان بە نووسراوە كەونەكانی ئایینەكەوە هەڵواسیوە، بەڵام بە زانستەوە ئەو تێكستانە هەڵدەبژێرن یاخود وەلای دەنێن كە خاڵی پۆزیتیڤ یاخود زیانی بۆیان هەبێ. ماناكردنەوەی زۆربەی نووسراوەكان بە شێوەیەكی مودێرن بەڕێوەدەچێ. بە شێوازی سوننەتی شیكردنەوەی ئەو بابەتانە لەژێر دەستی زانایاندا بووە، ئەو زانایانەی مافی ئیسلام و ئیلاهیاتی ئایینەكەیان لە ئەنیستیتۆی وەك زانستگای ئەلئەزهەری قاهیرە خوێندووە. هیچكام لە سەركردەكانی دەوڵەتی ئیسلامی زانیاریی و خوێندەوارییەكی وەك ئەو مرۆڤانەیان نەبووە و ناسیاوترین عالمانی ئیسلامی ئەبووبەكر ئەلبەغدادی و مرۆڤی هاوچەشنی ئەویان بە جینایەتكاری نەزان مەحكووم كردووە.

ئەوەش بەو مانایە نییە كە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) "نائیسلامی" یا "دژی ئیسلام" بێت، وەك تاقمێك پێیان وایە. بە تایبەت ئەو تەوەرە گەلێك تەشەراویی دەنوێنێ ئەگەر سیاسەتوانانی جیهانی مەسیحی وەك باراك ئۆباما ئەو ئازایی و جەسارەتەیان هەیە كە دەیانەوێ بۆ موسوڵمانانی ناولەسەرخۆ داناوی وەك ئەبووبەكر ئەلبەغدادی ڕوون بكەنەوە مانای موسوڵمان بوون چلۆنە. باس و گفت وگۆی گەرم سەبارەت بە زاتی ڕاستەقینەی ئایینی ئیسلام زۆر بەساكاری، كارێكی بی مانایە. ئایینی ئیسلام د. ن. ئا

یەکی تایبەت بەخۆی نییە، ئایینی ئیسلام ئەو شتەیە کە موسوڵمانان خۆیان لێی دروست دەکەن.

## خەڵكانی ئاڵمانی و گۆریلاكان

جیاوازییەكی گەلێك قووڵ و سەرەكیتر لە نێوان گرووپی مرۆڤ و چەشنی ئاژەڵاندا هەیە. زۆربەی چەشنەكان زۆر جار گۆڕانیان بەسەردا دێ و لێك دادەبڕێن، بەڵام هەرگیز بەتەواوی لە ناو ناچن و ناتوێنەوە. حەوت ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا شامپانزە و گۆریلاكان پێشینیانێكی وەك یەكیان هەبووە. لەو چەشنە سەرەتاییە، دوو چەشنیتری لێ كەوتۆتەوە كە هەركام لەوان بە شێوەی جیاواز ڕێگای گەشەسەندنی خۆیان گرتۆتە پێش. كاتێ ئەو كارە پێكهاتووە، ئیتر گەڕانەوە بۆ چەشنی پێشوویان نەگونجاو بووە. ئەو چەشنە ئاژەڵانەی بە سەر گرووپی جیاوازدا دابەش كراون، بەو هۆیەی چیتر ناتوانن پێكەوە وەچەی داهاتوویان پێك بێنن، هەرگیز چەشنەكانیان تێكەڵاوی یەكتر نابێ. بۆ وێنە گوریلا ناتوانن خۆیان تێكەڵاوی شامپانزەكان بكەن، زەڕافە لەگەڵ فیل، یا سەگ لەگەڵ پشیلەش.

بە پێچەوانە گرووپ یاخود خێڵی مرۆڤ بەردەوام لە بارودۆخێكدان كە گرووپی گەورە و مەزنتر پێك بێنن. ئاڵمانیە مودێرنەكان تێكەڵاوییەك لە پرۆس "Preußen"، سوابیا "Schwaben" و بایرن "Bayern"نن، و ماوەیەكی هێندە دوور و درێژ نییە كە تامەزرۆییان بۆ ژیانی هاوبەش پێكهێناوە. دەگێڕنەوە، ئۆتۆ ڤۆن بیسمارك " Otto von Bismarck" دوای خوێندنەوەی كتێبی سەرچاوەی چەشنەكانی چارلز داروین، بە گاڵتە گوتوویەتی خەڵكانی بایرن "Bayern" بازنەی وونبووی نێوان خەڵكانی نەمساوی و مرۆڤن. نەتەوەی فەرانسی لە تێكەڵاویی فرانك "Franken"، نۆرمان "Normannen"، برێتۆن "Bretonen"، گاسكۆگار "Gascognern" و پرۆڤێنچالەكان "Provenzalen" پێك هاتوون. لەو بەری كاناڵی بریتانیا، ئینگلیزی، سكاتلەندی، وەیلزی و ئیرلەندییەكان وەردە وردە (لەسەر خواستی خۆیان یا بە زۆری) تێكەڵاوی ناو یەكتر بوون و نەتەوەی بریتانیاییان پێك هێناوە. لە داهاتوویەكی نەك زۆر دوور ڕەنگە بتوانن ئاڵمانی، فەرانسی و بریتانیاییەكان كۆمەڵێكی گەورەتر بە ناوی ئورووپایی پێك بێنن.

بەڵام تێكەڵاوییەكی ئەوتۆ بەردەوام و بۆ هەمیشە نامینێت، چونكە ڕادەی ئاگایی خەڵكانی لەندەن، ئیدینبۆرگ و برۆكسل لەم سەردەمەدا گەلێك زۆرە. برێگزیت بە باشی دەتوانێ ببێتە هۆی لێكدابڕانی ئینگلیز و یەكیەتیی ئورووپا، بەڵام لە ڕوانگەیەكی درێژخایەنەوە گەلێك ڕوونە كە لایەنە مێژووییەكەی هەڵیدەبژێرێ: ١٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا مرۆڤایەتی بەسەر تاقمێكی زۆری گرووپ و خێڵی مرۆڤدا دابەش كرابوو. هەزار ساڵ بە هەزار ساڵ زۆربەی ئەو گرووپانە لە كۆمەڵێكی گەورەتردا دەتوانەوە و كۆمەڵی گەورەتریان پێكدێنا و دەبوونە هۆی خوڵقاندنی شارستانییەتێك كە جیاوازییەكی ئەوتۆیان لەگەڵ یەكتردا نەبوو. لە وەچەكانی ڕابردوودا ئەو شارستانییەتانەش لە فەرهەنگێكی گڵۆبالیدا توانەوە و بە پێی كات زیاتر و زیاتر لێك نیزیك بوونەوە. لێكدابڕانی سیاسی، ئێتنیكی، فەرهەنگی و ئابووری هێشتا هەر وەك پێشتر بوونیان هەیە، بەڵام ئەوانە زیان بە یەكیەتی سەرەكی ناگەێینن. بە پێچەوانە تاقمێك لەو جیاوازییانە لەسەر هۆكاری ساختارێكی هاوبەشی بەربڵاو گونجاو دەبێ. بۆ وێنە لە بواری ئابووریدا كاتێ هەموو مرۆڤ بەستراوە بن بە بازاڕێكی جیهانییەوە، دابەشكردنی كار بەسەر مرۆڤدا ناتوانێ سەركەوتووانە بێ. وڵاتێك تەنیا ئەوكات دەتوانێ خۆی بە بەرهەمهێنانی ئوتۆمۆبیل یا نەوتەوە خەریك بكا كاتێ لە وڵاتانیتر كە ماكەی خواردەمەنی وەك گەنم و برینج دەچێنن و بەرهەمی دێنن، خواردەمەنی بكڕێ.

ئەو پرۆسە هاوبەشەی مرۆڤ بە دوو چەشن یاخود فۆرم دەتوانێ سەركەوتوو بێ: بەهۆی پێكهێنانی پەیوەندی لە نێوان گرووپ و كۆمەڵی جیاواز و بە دروستكردنی پەیوەندیی هاوئاهەنگ و وێكچووی نێوان كۆمەڵەكان. تەنانەت دەتوانێ پەیوەندی و نیزیكایەتی لە نێوان ئەو كۆمەڵانەدا پێك بێ كە گەلێك جیاوازییان لەگەڵیەكتردا هەیە. لە ڕاستیدا ئەو پەیوەندییە دەتوانێ لە نێوان ئەو مرۆڤانەی دوژمنایەتی یەكتریش دەكەن، پێك بێ. شەڕی ناو كۆمەڵان دەتوانێ بەهێزترین پەیوەندیی لە نێوان مرۆڤدا پێك بێنێ. مێژووناسان زۆر جار لەسەر ئەو باوەڕەن گڵۆبال بوونی جیهان لە ساڵی ١٩١٣ دا بە پلەی هەرە بەرزی خۆی گەیی، دواتر لە سەردەمی شەڕی جیهانی و شەڕی سارددا نزم بۆوە و تەنیا دوای ساڵی ١٩٨٩ هەمیسان لەگەڵیەكتردا جۆشی خواردەوە. لەوانەیە ئەو بۆچوونە بۆ بواری ئابووری ڕاست بێ، بەڵام بەهەمان ڕادەش گرنگی بۆ جیهانسازی نیزامی لەبەر چاو ناگرێ، پەرەیەكی زۆر زیاتر لەرێگەی ئیدەوە،

تێكنۆلۆجی بە خەڵكانی بازرگان دەدا. ساڵی ١٩١٨ وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا نیزیكیان لەگەڵ ئوروپا گەلێك زیاتر بوو بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ساڵی ١٩١٣، و دواتر لە نێوان شەڕە جیهانییەكاندا خۆیان لێك دوور خستەوە.

شەڕ دەشتوانێ ببێتە هۆی تامەزرۆیی گەلێك بەهێزی مرۆڤ بۆ یەكتر. وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هیچكاتێک بە ڕادەی سەردەمی شەڕی سارد پەیوەندی وا نیزیكیان لەگەڵ خەڵكانی ناو ڕووسیا دا نەبووە كە بە هەر كۆخەیەكی مرۆڤی ڕووسی بە دڵەكوتە لە شوێنێكەوە دەچوونە شوێنێكیتر. ئەوان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ هاوكارانی بازرگانیان، دوژمنانی خۆیان گەلێك لا گرنگتر بوو. لەبەرانبەر هەر فیلمێكی ئامریكایی سەبارەت بە نەتەوەی تایوانی، پەنجا فیلم لەسەر نەتەوەی وێتنامی ساز كراوە.

## یارییەكانی ئۆلیمپیك لە سەردەمی سەدەكانی ناوەڕاستدا

جیهانی سەدەی بیست و یەكەم زۆر بەربڵاوتر لەوەیە كە تەنیا پەیوەندیی لە نێوان گرووپی جیاوازدا پێك بێنێ. مرۆڤ لە هەموو شوێنێكی ئەم زەوییە نەك هەر لەگەڵ یەكتر پەیوەندییان هەیە، بەڵكوو بە شێوەی بەرزبوونەوە زیاتر لێك نیزیك دەبنەوە و هالیكاریی یەكتر دەكەن. هەزار ساڵ بەر لە ئێستا ئەم پلانێتە پڕبیت و بەرەكەتە شوێنێكی باش بوو بۆ دەیان مودێلی سیاسی جیاواز. لە ئوروووپای ئەمڕۆییدا سیستەمی فئۆدالی پێكهاتن كە وەك وڵاتی سەربەخۆ كێبەركێیان لەگەڵ تێئۆكراتە[٩] بچووكەكان دەكرد. جیهانی ئیسلامی خەلافەتی خۆی هەبوو و خوازیاری حاكمییەتی جیهان بوون، بەڵام سیستەمی سوڵتان، ئیمارات و پاشایشی تاقی دەكردەوە. ئیمپراتۆرە چینییەكان خۆیان بە تەنیا دامەزراوی سیاسی ڕەوا دادەنا لە حاڵێكدا لە باكوور و ڕۆژئاوا خێڵە جۆراوجۆرەكان بە شادییەوە بەربەرەكانی یەكتریان دەكرد. لە وڵاتی هیند و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا چەندین ڕژیمی ڕەنگاوڕەنگ پێكهاتن لە حاڵێكدا گرووپی سیاسی ئەمریكا، ئەفریقا و ئوسترالیا لە كۆمەڵی بچووكی ڕاوكەرەوە هەتا ئیمپراتۆری بەربڵاوی لە خۆی گرتبوو. جێی سەرسووڕمان نییە كە تەنانەت گرووپی مرۆڤی دراوسێی یەكتریش كێشەیان هەبوو خۆیان لەسەر شێوازی هاوبەشی دیپلۆماتیكی وەك یەك ڕێك بخەن، تازە باس لەسەر ماڤی بەرانبەریی نێوان خەڵكان هەر ناكەین. هەر كۆمەڵگایەك پارادیگما یاخود ئولگووی سیاسی خۆیان هەبوو و زۆر لەبەریان گران بوو لە چەمكی سیاسی هاوسێكانیان تێبگەن یاخود ڕێزی بۆ دانێن.

لەمڕۆدا، بە پێچەوانە پارادیگمایەكی سیاسی لە هەموو شوێنێك ڕێزی لێ دەنرێ. پلانێتی زەوی لە نیزیكەی ٢٠٠ وڵات پێك هاتووە، كە بە شێوەی گشتی خۆیان لەسەر پرۆتوكۆلێكی دیپلۆماتیكی وەك یەك و مافی مرۆڤ ڕێك خستووە. سوئێد، نیجیریا،

---

[٩] تێئۆكرات بەو سیستەمە حكوومەتییانە دەڵێن كە ڕێبەرانی ئایینی وەك نوێنەرانی خودا كونترۆڵی كۆمەڵگاكە دەكەن.

تایلەند و برزیل لەسەر نەخشەی جیهان وەك یەك ڕەنگ كراون؛ هەموویان ئەندامی ڕێكخراوەی جیهانین؛ و سەرەڕای جیاوازییان لەگەڵ یەكتر هەموویان بە فەرمی وەك وڵات ناسراون، و لە ماف و سەرپشك (امتیاز)ی وەك یەك چێژ دەبەن. لە ڕاستیشدا ژمارێكی زۆر بۆچوونی سیاسی و وێناكردنی كردەوەیی وەك یەكیان هەیە وەك حیزبی سیاسی، ماڤی هەڵبژاردن و ماڤی مرۆڤ و هتد... لە تاران، موسكۆ، كیپ تاون و دیهلی نوێ پارلەمانی وەك لەندەن و پاریس پێك هاتوون. ئەگەر ئیسرائیلی و فەلەستینی، رووسی و ئوكرائینی، كورد و تورك بەربەرەكانی یەكتر دەكەن، هەر هەموویان لە تەوەری وەك یەك لەسەر ماڤی مرۆڤ، حاكمییەتی وڵات و یاسای نێونەتەوەیی ئاخافتن دەكەن و كەڵكی لێ وەردەگرن.

لەوانەیە جیهان لە شێوەی جیاوازی حكوومەت پێكهاتبێ، بەڵام هەموویان وڵاتی سەركەوتوو بە ئولگوی خۆیان دەزانن. كە وابوو سیاسەتی جیهانی لە پرەنسیپی ئانا - كارنینا كەڵك وەردەگرێ: وڵاتە سەركەوتووەكان وەك یەك وان، بەڵام هەر وڵاتێكی هەرەسهێنراو بە شێوەی خۆی هەرەس دێنێ كاتێ كە مانای ئەم یا ئەو ماكەی سیاسەتی حوكمدارییەكەی خۆی لە دەست دەدا. دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لەو ئاخرانەیدا بەهۆی ڕەدكردنەوەی سەرجەم ئەو پرەنسیپە بۆ پێكهێنانی دامەزراوەیەكی تەواو جیاواز واتە "خەلافەت" تێكۆشان. هەر بەهۆی ئەو دژایەتییەشەوە هەرەسیان هێنا. ژمارێكی زۆر لە گرووپە چریكییەكان و ڕێكخراوە تێرۆریستەكان توانیویانە وڵاتی نوێ پێك بێنن یا وڵاتێك داگیر بكەن، تەنیا بەو هۆیەی ڕێزیان بۆ پرەنسیپی سەرەكی سیاسەتی بەڕێوەبەری جیهانیان داناوە، توانیویانە ئەو كارە بكەن. تەنانەت 'تالەبان'یش بەدوای ناسنامەی نێونەتەویی لە وڵاتی ئەفغانستان كەوتبوون. تا ئەمڕۆ هیچ دەستە و گرووپێك نەیتوانیوە بە شێوەی درێژخایەن ناوچەیەكی وڵاتێك كونترۆڵ بكا ئەگەر ڕێزی بۆ پرەنسیپی سیاسەتی جیهانی دا نەنابێ.

هێزی مەزنی ئولگووی سیاسی جیهانی ئەوكات خۆی نیشان دەدا كە پرسیارە سەرەكییە سیاسییەكانی وەك شەڕ و دیپلۆماسی لەبەر چاو نەگیرێن، بەڵكوو مرۆڤ خۆی بۆ وێنە لەسەر یاریی ئولیمپیكی ساڵی ٢٠١٦ لە ڕێۆدۆژانیرۆ چڕ كاتەوە. بە كورتی چاوێك بەسەر ئورگانیزەكردنی یارییەكاندا دەگێڕین. یازدە هەزار یاریزانی

بەشدار لەو ئولیمپیكە بەسەر نەتەوەكەیاندا دابەش كرابوون ، بەڵام نەك لەسەر ئایین، چینی كۆمەڵایەتی یا زمان. هیچ لێژنەیەكی بوودایی، پرۆلیتاریایی یا ئینگلیزی زمان لەو ناوەدا بوونی نەبوو. جیا لە چەند بابەت – كە بە تایبەت دەكرێ ئاماژە بە فەلەستین و تایوان بكرێ – بە ڕادەیەكی زۆر نائاڵۆز، دیاریكردنی یاریزانان بە سەر نەتەوەكانیاندا گەلێك ساكار بوو.

هاوكات لەگەڵ جێژنی كرانەوە لە ڕۆژی ٥ی ئاگوستی ساڵی ٢٠١٦ یاریزانان بە ڕێژە و بە شێوەی گرووپی جیاواز هەركام ئاڵای وڵاتی خۆیان بە دەستەوە گرتبوو.

هەر كام لە نەتەوەكان سروودێكی نەتەوەییان لەسەر مودێلێكی جیهانی هەیە و زۆربەی ئەو سروودانە لە ئاهەنگێكی كورت پێكهاتوون. تەنانەت وڵاتانی وەك عەرەبستانی سعوودی، پاكستان و كۆنگۆش كۆنوانسیۆنی مۆسیقای ڕۆژئاواییان هەڵبژاردووە. وێدەچێ زۆربەی ئەو ئاهەنگانە لە ڕۆژێكدا لە لایەن بتهۆوێنەوە خوڵقێندرابن. تەنانەت ناوەرۆكی زۆربەی نووسراوی ئەو ئاهەنگانە لەسەر وێناكردنی سیاسی و وەفاداریی كۆمەڵایەتی وەك یەك ساغ بوونەتەوە. بۆ وێنە ئەوە مانای تێكستی ئاهەنگی نەتەوەیی ئیندۆنێزییە:

[نیشتمانی من، نیشتمانی دایكیی من،

ئەو وڵاتەی بە خوێنی خۆم سوورم كردووە،

لەوێ وەك پارێزگاری لە دایكم، وەستاوم.

نیشتمانی من، خەڵكەكەم، نەتەوەكەم، و وڵاتی من

لێگەڕێ هاوار بكەین: نیشتمانەكەم، یەك بگرن!

بژی نیشتمانم ، بژی وڵاتی من

نەتەوەی من، هەموو خەڵكانی من، هەموو

ڕاپەڕن بە ڕۆح و جەستەوە

بۆ نیشتمانی مەزنی من

وڵاتی مەزنی من،

ئازاد و سەربەخۆ،

وڵاتی من، نیشتمانی من، خۆشم دەوێی.

وڵاتی مەزنی من،

سەربەخۆ و ئازاد،

بژی وڵاتی مەزنی من!]

بەڵام ئایا سورپرایز دەبوو ئەگەر بمگوتبایە ئەو شیعرە هی لەحنی نەتەوەی پۆلەندا (لەهستان)، نیجیریا یا برازیلە؟

ئاڵای وڵاتانیش بە شێوەیەكی هاوچەشن گەلێك وەك یەك دەچن. بێجگە لە یەك استثنا (جیاكردنەوە) واتە ئاڵای نێپال كە دوو بیچمی سێ گۆشەی هەیە، ئاڵای هەموو وڵاتەكانیتر لە پارچەی چوارگۆشە پێكهاتوون كە بە هۆی شكڵی تایبەتی هەندەسی و ڕەنگی جیاوازەوەز لێك جیا دەكرێنەوە.

تاقمێك لەو وڵاتانە شەڕی خوێناوییان لە هەنبەر یەكتردا بەڕێوە بردووە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی نالەباری شەڕخوازی سەدەی بیستەمەوە تەنیا سێ جار (١٩١٦، ١٩٤٠ و ١٩٤٤) یاری ئولیمپیكیان هەڵوەشاندەوە. ساڵی ١٩٨٠ ئەمریكا و تاقمێك لە یارانی هاوپەیمانی، یارییەكانی مسكۆیان بایكۆت كرد، ساڵی ١٩٨٤ بلووكی

ڕۆژهەڵات و وڵاتانی هاوپەیمانی شووڕەوی یارییەكانی شاری لوس ئانجلێسیان بایكۆت كرد و لە چەند نموونەیتردا یارییەكانی ئۆلیمپیك تووشی تۆفانێكی سیاسی هاتبوو. (بە تایبەت ساڵی ١٩٣٦، ئەو كاتەی برلینی ڕژیمی نازییەكان میوانداریی ئەو یارییانەی دەكرد، هەروەها ساڵی ١٩٧٢ ئەو سەردەمەی تیرۆریستە فەلەستینییەكان یازدە یاریزانی ئیسرائیلیان كوشت). بە گشتی ئەگەر سەیری ئەو دیاردەیە بكەین بارودۆخی سیاسی وڵاتان نەیتوانی كۆتایی بە یارییەكانی جیهانی بینن.

تەنیا هەزار ساڵ دەگەڕێینەوە دواوە، وای دانێین یاری ئۆلیمپیك لە ساڵی ١٠١٦ لە ڕێۆدۆژانیرۆی سەدەی ناوەڕاست بەڕێوە بچێ. بۆ چركەیەك لەبیر خۆمانی دەبەینەو لەو سەردەمەدا ئەو شارە گوندێكی بچووك بووە، هەروەها ئاسیا، ئوروپا و ئەفریقایی هێشتا نەیاندەزانی كە وڵاتی ئەمریكا بوونی هەیە. كێشەی ئامادەكاریش لەبیر خۆمان دەبەینەوە كە تیمی یاریزانانی وڵاتانی دوور بە بێ فڕۆكە لەو شارە كۆ دەكەینەوە. هەروەها لەبیر خۆمانی دەبەینەوە كە چەشنایەتییەكی زۆر كەمی وەرزشەكان بەسەر وڵاتاندا بڵاوكرابوونەوە و یاسا وەرزشییەكان لە هەموو وڵاتان بە شێوەیەكی وەك یەك بە فەرمی نەدەناسران. بە ساكاری لە خۆتان ئەو پرسیارە بكەن، چلۆن ئەو كێبەركێیانەتان ئورگانیزە دەكرد؟ لەمڕۆدا كومیتەیەكی هاوبەشی جیهانی كاتێكی زۆر بۆ ئەو كارە تەرخان دەكەن بۆ ئەوەی پرسیاری سەبارەت بە تایوان یا فەلەستینی تێدا ڕوون كەنەوە. دەبوو لە سەردەمی سەدەی ناوەڕاست بۆ ئورگانیزەكردنی كێشەی سیاسی نێوان وڵاتان "ئەو كاتەی ئەمڕۆ پێویستیمان پێی هەیە" زەرب لە دەهەزاران كاتژمێر بكەین تا كاتی گونجاو بۆ وەڕێخستنی یارییەكان وەدەست بێنین.

ساڵی ١٠١٦ ئیمپراتۆریەتی چین هیچ وڵاتێكیتری ئەم جیهانەی لە ڕوانگەی سیاسییەوە وەك خاوەن مافی بەرانبەر، بە فەرمی نەدەناسی. لەبەر ئەوە، كارێكی نەگونجاو و كەسری شان بۆ وڵاتی چین دەبوو لەگەڵ وڵاتی پاشایەتی كۆریا "Koryŏ" یا ڤیەتنام "Dai Co Viet" وەك مافی بەرانبەر بناسرێن و دابندرێن. هەروەها خەلیفەكانی بەغداش كە لە لایەن سوننەكانەوە بە مەزنترین پلەی پیرۆز و پێشەوای ئایینی جیهان دادەنران، كێشەیەكی سەرەكیان كەگەڵ ئەو كارە دەبوو.

زۆربەی ئەو ڕێكخراوە سیاسییانە بۆ ماوەیەكی كەم دەگەشانەوە و دواتر لەسەر گۆی زەوی بۆ هەمیشە پاک دەبوونەوە. بۆ ئامادەكاری بەڕێوەچوونی یارییەكانی ئولیمپیكی ١٠١٦ پێشتر نەدەكرا گومان بكرێ كام تیم بەشداری تێدا دەكەن چونكە كەس نەیدەتوانی بە دڵنیاییەوە بڵێ كام ڕوانگەی سیاسی لە ساڵی داهاتوودا دەهاتە سەر كار. ئەگەر ڕژیمی پاشایی ئینگلیز لە ساڵی ١٠١٦ دا لێژنەیەكی ناردبایەتە ئولیمپیك و یاریزانان دوای یارییەكان بە میداڵیاوە گەڕابانەوە ماڵی خۆیان، تازە تێ دەگەیشتن كە لەندەن لە لایەن دانماركییەكانەوە داگیر كراوە.

دیارە زۆربەی وڵاتانی ئەو سەردەمەش ئاڵا و سروودی نەتەوەیی خۆیان هەبووە، هەروەها نیشانەكانی سیاسی گرنگایەتییەكی تایبەتییان هەبووە، بەڵام زمانی سیاسی ئورووپایی جیاوازییەكی گەلێك زۆری لەگەڵ زمانی سیاسی ئیندۆنێزی، چین یا خەڵكانیتر بوو. لەو سەردەمەدا كارێكی نەگونجاو بوو خۆیان لەسەر زمانێكی سیاسی هاوبەش ڕێك خەن.

ئەگەر ئیمە لەمرۆدا یارییەكانی ئولیمپیكی تۆكیۆی ساڵی ٢٠٢٠ لە تەلەڤیزیۆنەكانمانەوە سەیر دەكەین ڕەنگە وێناكردنی ئەو كێبەركێیانەی نێوان نەتەوەكان لەڕاستیدا وەك ماملەیەكی جیهانی سەرسووڕهێنەر بێ. سەرەڕای هەست بە شانازییكردنی تاقمێك مرۆڤ كاتێ یاریزانەكانیان میداڵیای زێڕ وەردەگرن و ئاڵای وڵاتەكەیان دەشەكێنەوە، دەبێ مرۆڤ زیاتر بەوەوە شانازی بكا كە مرۆڤایەتی لە بارودۆخێكدایە دەتوانێ و لێهاتوویی هەوڵێكی جیهانی بۆ بەڕێوەبردن و ئورگانیزەكردنی كارێكی لەو چەشنەی هەیە.

## دوڵارێك، بۆ حكوومەتكردن بەسەر هەمواندا

لە سەردەمی پێش مودێرنییەتدا مرۆڤ نەك هەر تاقیكاریی لەسەر چەندین سیستەمی سیاسی دەكرد، بەڵكوو تاقیكاریی لەسەر تاقمێك مودێلی ئابووریش بەڕێوە دەبرد. ڕووسی، هیندی، چینی و ئەمریكایی هەركام وێناكردنی تایبەتی خۆیان سەبارەت بە پارە، بازرگانی،ماڵیات و سەرقاڵبوون بە كارەكانیانەوە هەبوو. لەمڕۆدا بە پێچەوانەی سەردەمی پێشوو، هەر هەموویان باوەڕێكی تاڕادەیەك وەك یەكیان لەسەر تەوەری سەرمایەداری هەیە و هەموومان بە یەكەوە چەرخی پرۆسەی بەرهەمهێنانی گلۆبالی وەڕێ دەخەن. جا چ لە كۆنگۆ یا مەغوولستان، لە نویزیلەند یا بۆلیوی – كار و باری ڕۆژانە و لێهاتوویی ئابووری مرۆڤ بەستراوەتەوە بە تیئۆرییەكی ئابووریی و كارخانە و بانكەكانی سەرمایەداریی جیهانییەوە. ئەگەر وەزیرانی دارایی ئیسرائیل و ئێران لەسەر میزێكی بازرگانی پێكەوە دانیشن و نانی نیوەڕۆ بخۆن، بە زمانیكی ئابووری وەك یەك ئاخافتن دەكەن و تەنانەت زۆر بە ساكاری لە نیاز و ئازارەكانی یەكتر تێدەگەن.

كاتێ داعش بەشێكی گەورەی سووریا و عێراقی داگیر كرد، دەیان هەزار مرۆڤیان قەتڵی عام كرد، شوێنەوارە كەونەكانی ئەو ناوچانەیان توونا كرد، بە شێوەی سیستماتیك پەیكەر و نیشانەی ڕژیمەكانی پێشوو و كارتێكەری فەرهەنگی ڕۆژئاوایی لەسەر كۆمەڵگاكانیان بە تەواوی سڕییەوە. بەڵام كاتێ شەڕكەرەكانی هێرشیان كردە سەر بانكەكانی ئەو شوێنانەی داگیریان كردبوون و دەستیان بە دۆلاری ئەمریكایی ڕاگەیشت، سەرەڕای ئەوەی دۆلارەكان وێنە و نیشانەی سیاسی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاواییان پێوە بوو، لە ناویان نەبردن و نەیانسووتاندن، چونكە دۆلاری ئەمریكایی لە سەراسەری ئەم جیهانە و لە ناو هەر ئایین و دەستە و گرووپێكدا ڕێزی لێ دەگیرێ. دیارە مرۆڤ ناتوانێ ئەسكیناسە دۆلارەكان بخوا یا بیخواتەوە – بەڵام متمانەكردن بە دۆلاری ئەمریكایی و سیستەمە بانكییەكەیان بەڕادەیەك بەهێزە كە تەنانەت لای

ئیسلامیستی زێدەڕۆ، قاچاخچی میکزیکی و دیکتاتۆری کۆریای باکووریش ڕێز و جێی و شوێنی تایبەتی خۆی هەیە.

بەڵام ناسنامەی ئینسانییەتی ئەمڕۆیی کاتێ ئاشکرا دەبێ کە باس لەسەر ڕوانگەی جیهانی ئێمە لەسەر سروشت و جەستەی مرۆڤ بێ. ئەگەر هەزار ساڵ پێش ئێستا مرۆڤ هەستی بە نەخۆشی کردبایە بۆ چارەکردنی شێواز و جیاوازییەکی گەلێك مەزنی هەبوو بە گوێرەی ئەوەی مرۆڤ لە چ شوێنێکی ئەم جیهانە ژیانی دەکرد. لە ئورووپا ڕەنگە قەشەی ئەو سەردەمە بیگوتبایە خودا لە کردەوەکانت تووڕەیە و بۆ ئەوەی نەخۆشییەکەت چاك بێتەوە دەبێ پارەیەك بە کلیسا بدەی، سەفەر بۆ شوێنەوارە پیرۆزەکان بکەی و لە خودا داوای لێبووردن بکەی. ئاڵترناتیڤێکیتر ئەوە بوو کە جادووگەری ناو گوندەکە نەخۆشییەکەی بەوە مانا دەکردەوە کەجندۆکە چۆتە ناو جەستەی مرۆڤە نەخۆشەکەوە و بە داب و نەریت و سەمایەکی تایبەت و خوێنی کەڵەبابێکی ڕەش دەتوانێ جندۆکەکە لە جەستەی دەر کا.

حەکیمەکانی ڕۆژهەڵاتی نیزیك و ناوەند کە لەسەر سوننەتی کلاسیکی و داب و نەریتی ئەو شوێنانە فێری کارەکەیان ببوون، ڕەنگە بیانگوتبایە چوار تەراوی جەستە واتە (خوێن، خەڵتە و زەردوویی ڕەش و زەرد) لەگەڵ یەکتردا سازگار نین و دەتوانرێ بەهۆی ڕێژیمێکی خواردن و خواردنەوەی باش هاوسەنگی لە جەستەدا پێك بیننەوە. پسپۆران لە هیندوستان ڕەنگە پێشنیاری هاوسەنگی نێوان ئەندامانی جەستە بە دەرمانی گیایی و تەمرینی یۆگایان بە نەخۆشەکە کردبا. دوکتۆری چینی شەمەنی سیبریا، دوکتۆری سوننەتی ئەفریقایی و سوور پێستی ئەمریکا، هەر ئیمپراتوورییەك، هەر وڵاتێکی پاشایی و خێڵ و تایفەیەك پسپۆرانی تایبەتیان لەسەر جەستەی مرۆڤ و نەخۆشییەکان بە ڕوانگەی جیاوازەوە هەبووە. تەنیا وێچوویەك کە ئەو مرۆڤە پسپۆرانەی لە ئورووپا، ئەفریقا، چین و ئەمریکا پێکەوە دەلکاند، ئەو ڕاستییە بوو کە لە هەموو ئەو شوێنانە یەك لە سێی منداڵان نەدەگەییشتنە تەمەنی مێرمنداڵی و دەمردن و تەمەنی مامناوەندیی مرۆڤ لەژێر پەنجا ساڵدا بوو.

ئەگەر لەمڕۆدا مرۆڤ نەخۆش کەوێ، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە چ شوێنێکی ئەم جیهانە ژیان دەکا. لە تۆرۆنتۆ، تۆکیۆ، تاران یا کەلکەتە هەموو نەخۆشێك دەکەوێتە ناو نەخۆشخانەی وەك یەك. هەموو ئەو سیستەمانە بە شێوازێکی وەك یەك نەخۆشەکە دەخەنە ژێر تاقیکاریی و ئەزموونێکی وەك یەك وەردەگرن. بۆ دەرمانی نەخۆشییەکانیش هەموویان دەرمانی وەك یەك لەکار دەکەن کە لە لایەن شەریکەی دەرمانی جیهانییەوە بەرهەم دێن. لەوانەیە جیاوازیی بچووکی کولتووری و ناوچەییان تێدا بەدی بکرێ بەڵام دوکتۆری ئیسرائیلی، ئیرانی، ژاپۆنی یا کانەدایی هەموویان زانستێکی وەك یەکیان لەسەر پزیشکی و ناسینی ئەندامانی جەستەی مرۆڤ و نەخۆشییەکان هەیە. ئەو سەردەمەی داعش ناوچەکانی ڕەقە و موسڵی داگیر کرد، نەخۆشخانەکانیان کاول نەکرد. زیاتر پرۆپاگەندایان بۆ کاری خزمەتگوزاری دەکرد و دوکتۆر و پەرستاری هەموو شوێنەکانیتری جیهانیان بۆ چوونە ئەو ناوچانە هاندەدا. تەنانەت دۆکتور و پەرستاری باوەڕداری ئیسلامیش دەزانن کە جەستەی مرۆڤ لە خانەی بیۆلۆژیکی پێکهاتووە، نەخۆشییەکان بەهۆی ڤایروسی نەخۆشییەوە پێك دێن و ئانتی بیۆتیك دەبنە هۆی لەناوبردنی باکتێریا و ڤایرووسەکان.

خانەکان و باکترییەکان لە چی دروست بوون؟ یاخود، ماتریالی هەموو ئەو جیهانە لە چی دروست بووە؟ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا هەر فەرهەنگ و هەر وڵاتێك وێناکردن و گێڕاوەی تایبەتی خۆی لەسەر ئونیوێرسام و ماکەی سەرەکی ئەم شۆرباوە جیهانییە هەبوو. لەمڕۆدا هەر زانایەکی سەر ئەم هەردە زانیاریی وەك یەکیان لەسەر ماکە، وزە، کات و شوێن هەیە. بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران و کۆریای باکوور بکەین. کێشەی سەرەکی لەوەدایە کە وڵاتانی ئیران و کورەی باکوور ڕوانگەی هاوچەشنی وەك ئیسرائیل و ئەمریکایان لەسەر زانستی فیزیك هەیە. ئەگەر ئیران و کۆریای باکوور فۆرموولە بەناوبانگەکەی ئەنشتاین واتە ($E=mc^2$) یان بە ($E=mc^4$) دانایە، ئەمریکا و ئیسڕائیل بە هیچ شێوەیەك خەمی بەرنامەی ئەتۆمی ئەو وڵاتانەیان نەدەخوارد.

مرۆڤی سەرانسەری ئەم جیهانە هێشتا ئایین و ناسنامەی نەتەوەیی جیاوازیان هەیە. بەڵام ئەگەر باس لەسەر کردەوەی گشتی بێ – وەك بونیاتنانی شارێك،

نەخۆشخانەیەك، بارودۆخی ئابووری یا سازكردنی بۆمبای ئەتۆم، هەموومان بێ جیاوازی شارستانییەتێكی وەك یەكمان هەیە. بێگومان جیاوازیی بیر و بۆچوونمان لەگەڵ یەكتردا هەیە، بەڵام دەشزانین لەناو هەموو شارستانییەتەكاندا كێشە و باس و لێكۆڵینەوەی تایبەت بە خۆشیان هەر هەیە. لە ڕاستیدا ئەوان ناسنامەی خۆیان لەسەر ئەو جیاوازییانە دروست دەكەن. ئەگەر مرۆڤ هەوڵ بدا ناوی ناسنامەكەی بینێ، لیستەیەك لە تایبەتمەندییەكانی خۆی ناو دەبا، ئەوە كارێكی گەلێك هەڵەیە. گەلێك باشتر دەبوو كێشەكان و كارە نالەبارەكانیان لیستە بكەن. بۆ وێنە ساڵی ١٦١٨ی ئورووپا كە ناوەندێكی ئایینی هاوبەش بوونی نەبووە – كێشەكانی ناو كۆمەڵ لە لایەن ئایینە جیاوازەكانەوە دروست دەكران. ساڵی ١٦١٨ ئورووپایی بوون بە مانای ڕاستەقینەی خۆی جیاوازی بچووك لە نێوان كاتۆلیك و پرۆتستانەكان، یا نێوان كالۆینست و لۆتارەكان بوو كە لەسەر كێشەیەكی ئاوا بچووك ئامادە بوون گیانی خۆیان بەخت بكەن. ئەگەر مرۆڤ لەو ناكۆكییانەی ساڵی ١٦١٨ دا گرنگایەتی بەو كێشانە نەداوە بە ڕاشكاوییەوە ئورووپایی نەبووە، ڕەنگە تورك یا هیندی بووبێ.

دۆخێكی هاوچەشن لە ئینگلیز و ئاڵمانی ساڵی ١٩٤٠ حاكم بووە لە حاڵێكدا مرۆڤ نرخ و فەلسەفەیەكی جیاوازییان لەگەڵ یەكتردا هەبووە، بەڵام هەردووكیان ماكەی سەرەكی "شارستانییەتی ئورووپایی" بوون. هیتلێر لە چرچیل كەمتر ئورووپایی نەبووە. زیاتر بەربەرەكانی نێوان ئەوان بووە هۆی مانادانێكی مێژوویی، كە ئورووپایی بوون بە چ مانایەكە. ڕاوكەر و كۆكەرێك بە پێچەوانەی ئەوان گەلێك ژیرتر بوون، چونكە بۆ ئەوان ئورووپایی بوون كە تەنیا لەسەر ناسنامەی ناسیۆنالیستی نەتەوەیی و هێزی حكوومەتی ساغ ببۆوە، هیچ مانایەكی نەدەبوو.

زۆربەی كات ئێمە تەنانەت لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەی خۆمان بەشەڕ دێین. ناسنامە زیاتر لە ڕێگای شەڕ و كێشە و ناكۆكییەوە مانا دەكرێتەوە هەتا لەسەر شێوازی پێكهاتن و پێكەوە ژیان. ئورووپایی بوون لە ساڵی ٢٠١٨ بە چ مانایەكە؟ لەو ساڵەدا هیچ مانایەكی نییە مرۆڤ ڕەنگی پیستی سپی بێ، باوەڕی بە مەسیح هەبێ یاخود ئازادی لەیەكەم پلەی كۆمەڵ دابنێ. ئورووپایی بوون زیاتر بە مانای كێشە لەسەر كۆچەران، لەسەر یەكیەتی ئورووپا و سنوورەكانی سەرمایەداریە. هەروەها بەو مانایەیە زۆر بە

پەلە لەخۆمان پرسیار بكەین: "ناسنامەی خۆم چ شتێك دیاری دەكا؟، نیگەرانی پیریی كۆمەڵ، بەكارهێنانی بەرهەم و تووناكردنی ماكە سروشتییەكان بە شێوەی بەربڵاو و گەرمبوونەوەی پلانێتی زەوی". دیارە ئۆرووپایی سەدەی بیست و یەكەم لەسەر كێشە و قەیرانی تایبەت بە خۆیان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ مرۆڤی ساڵانی ١٦١٨، ١٩٤٠ جیاوازییان هەیە بەڵام بە شێوەی بەرزبوونەوەی كاتیی لە تاجرانی چینی و هیندی دەچن.

هەر گۆڕانكارییەك لە داهاتوودا چاوەڕوانی ئیمە دەكەن، بە ئەگەری زۆر زیاتر بە شەڕێكی برایانە لە شارستانییەتیكی وەك یەك دەست پێدەكا نەك شەڕ و بەربەرەكانی لە هەنبەر شارستانییەتی بێگانە و جیاواز. مەزنترین چالاكیی سەدەی بیست و یەكەم لە پێناو سروشتی جیهانیدا دەبێ. چ شتێك پێك دێ، ئەگەر ئاڵوگۆربەسەرداهاتنی كەش و هەوا ببێتە هۆكار بۆ كارەساتی ژینگەی بوونەوەران؟ چ ڕووداوێك پێك دێ ئەگەر كەرەسەی كامپیۆتر بە وەرگرتنی ئەركی زیاتر جێگای مرۆڤ و چالاكییەكانی بگرێتەوە؟ چی روو دەدا ئەگەر بیۆتێكنۆلۆژی بمانخاتە بارودۆخێكەوە مرۆڤ بە شێوەی چێكراو ژیرتر ببنەوە و تەمەنی ژیانی درێژ كەنەوە؟ بێ گومان كێشەیەكی گەلێك زۆر بەدوای ئەو پرسیارانەوە دروست دەكرێ، بەڵام بە ئەگەری زۆر ئەو كێشە و دەمەتەقانە مرۆڤ لێك جیا ناكەنەوە. بە پێچەوانە: ئەو كێشانە تۆڕێكی گەلێك قایمترمان بۆ دروست دەكەن. باوەكوو ئینسانییەت زۆر لەوە دوورە كۆمەڵێكی خۆشەویستانەی مرۆڤ پێك بێنێ، بەڵام ئیمە هەمووومان ئەندامی شارستانییەتێكی جیهانی بە تەنیا ماوین.

ئەدی شەپۆلی ناسیۆنالیستیی چلۆن ڕوون دەكرێتەوە، كە لەمڕۆدا یەخەی زۆربەی وڵاتانی دنیای گرتووە؟ ئایا بەهۆی تاسە و ئارەزوو بۆ بەجیهانی بوونمان زۆر بە پەلە لە نەتەوەپەرستییە كۆنەكانمان ماڵئاواییمان كردووە؟ ئایا دەتوانێ گەڕانەوە بۆ داب و نەریتی ناسیۆنالیستی ڕێگاچارە بۆ قەیران و كێشە گلۆبالییەكانمان بێ؟ یا ئەگەر گلۆبالبوون یاخود بەجەهانیبوون ئەو هەموو كێشەیەمان بۆ دروست بكا، بۆچی زۆر بە ساكاری كۆتایی پێ ناهێنین؟

## ئەركی حەوت: ناسیۆنالیزم

### كێشەی جیهانی، وەڵامدانەوەیەكی جیهانی پێویستە

ئەگەر ئێمە لەسەر ئەو بۆچوونە بین كە ئینسانییەت بە تەواوەتی لەمڕۆدا وەك شارستانییەتێكی گلۆبالی لێ بێ و بەشدارانی كۆمەڵگا شانسی كاری و ئەركی هاوچەشن و دادپەروەرانەیان بێ، ئەدی بۆ گرووپی وەك بریتانیایی، ئەمریكایی، ڕووسی و كۆمەڵی زۆریتری مرۆڤ خۆیان خستۆتە ناو بازنەیەكی ناسیۆنالیستی و تامەزرۆییان بۆ ژیانی بە تەنیا هەیە؟ ئایا ناسیۆنالیزم بۆ چارەكردنی كێشە گلۆبالییەكانمان ڕێگاچارەیەكی ڕاستەقینەی پێیە، یا شتێك زیاتر لە هۆگری خۆڕازاندنەوە و ژیانی لوكس نییە كە ئینسانییەت و هەموو بوونەوەرانیتر بەرەو تووناكردن دەبا؟

بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە، لە پێش هەمووشتێكدا دەبێ هەوڵی لەناوبردنی داب و نەریتێك بدەین كە بەسەر زۆربەی ناوچەكانی زەویدا بڵاوبۆتەوە. بە پێچەوانە، وێناكردنی گشتیی ناسیۆنالیزم بەشێكی سروشتی و هەمیشەیی ڕۆح و ڕەوانی مرۆڤ نییە و ڕیشەی خۆی لە زانستی بوونەوەرناسیدا نەچەقاندووە. دیارە ئەو بۆچوونە ڕاستە كە مرۆڤ لێرە و لەوێ بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتین كە وەفاداربوون بە گرووپەكەیان لە ناو "ژێن"یاندایە. بەڵام بە درێژایی سەدان هەزار ساڵ مرۆڤی ساپییەن و مرۆڤی پێش ئەوانیش لە كۆمەڵی بچووك و گەرموگوڕ و نێوانخۆشدا ژیاون كە ژمارەیان لە چەند كەس تێپەڕ نەبووە. هەستی وەفاداریی مرۆڤ لە گرووپی بچووك، بنەماڵە، خێڵ و گرووپی نیزامی و بازنەی كاری زۆر زوو پەرەدەستێنێ، بەڵام وەفاداریی لە هەنبەر ملیۆنان مرۆڤی بیگانە بۆی كارێكی سروشتی نییە. ئەو چەشنە وەفادارییە گشتییانە لە چەند هەزار ساڵی ڕابردووەوە واتە بە

هەڵسەنگاندنی كاتیی ژیانی مرۆڤ دوێنێ بەپانی لەسەر پێوەری گەشەسەندن – پێك هاتوون و پێویستیان بە خۆچڕكردنەوەیەكی گەلێك بەهێز و چالاكییەكی سەخت و تاقەت پڕووكێن هەیە.

بە درێژایی مێژوو مرۆڤ هەوڵی داوە كۆمەڵێكی تایبەت بە خۆ یاخود 'نەتەوە' پێكبینێ، چونكە لەگەڵ ژیانێك ڕووبەڕوو ببوونەوە كە بنەماڵە یا خێڵ نەیاندەتوانی وەڵامدەرەوەی ویستەكانیان بن. بۆ وێنە خەڵكانی كەونی دەوروبەری چۆمی نیل كە هەزاران ساڵ لەوێ ژیاون دەخەینە ژێر چاوەدێری: چۆمەكە وەك ڕەگی حەیاتی بۆ ئەو مرۆڤانە وابووە. زەوییەكانیان پێ ئاوداوە و بەرهەمەكانیان بۆ فرۆشتن لە ناوچەكانی دوور و نیزیك، هات و چۆ پێ كردووە. بەڵام چۆمەكە بۆ خەڵكیی هاوڕێیەكی گەلێك وازوازی بووە. ئەگەر باران كەم باریبا – مرۆڤ دەكەوتنە بارودۆخی برسێتییەوە؛ زۆر باریبا – چۆم هەڵدەستا و سێڵاو هەموو گوندەكەی كاول دەكرد. هیچكام لە بنەماڵە و خێڵەكان نەیاندەتوانی بە تەنیا ئەو كێشەیە چارە بكەن، چونكە هەر خێڵ و گرووپێك ئاگاداریی بەشێكی بچووكی چۆمەكەیان دەكرد و نەیاندەتوانی مرۆڤێكی زۆر بۆ ئەو كارەساتە لە دەوری یەكتر كۆ كەنەوە. تەنیا بەهۆی هالیكارییەكی هەمەلایەنانە و گشتی، دەروستكردنی ئاوبەند و لێدانی سەدان كیلۆمیتر كاناڵ بۆیان موسووگەر دەبوو و دەیانتوانی هیوادار بن بەربەرەكانی لەگەڵ سێڵاوەكانی داهاتوویان بكەن. ئەوە یەك لەو هۆكارانە بووە بۆچی خێڵ و تایفەكان نەتەوەیان پێكهێناوە بۆ ئەوەی بەهێز بن و بتوانن پێكەوە پێش بە سێڵاو بگرن، كاناڵی دور و درێژ هەڵقەنن، ڕێبازی چۆمەكان بگۆڕن، ناوەندی ڕاگرتنی دانەوێڵە بۆ سەردەمی ویشكساڵی دروست كەن و ڕێگاو شوێن بۆ مامەلە و سیستەمی پەیوەندیی لەگەڵ خەڵكانیتر پێك بێنن.

بەڵام ژیانی بەكۆمەڵ و توانەوەی خێڵ و تایفەكان لەناو نەتەوەیەكدا سەرەڕای ئەو هەموو باشییەی بۆیان هەبوو، نە لەسەردەمی كەون و نە لەمڕۆدا كارێكی گەلێك ساكار نەبووە. بۆ ئەوەی تێبگەین خۆڕێكخستن لەگەڵ نەتەوەیەكی ئەوتۆ چەندە دژوار بووە، دەتوانن لەخۆتان پرسیار بكەن: "ئایا ئەو چەشنە مرۆڤانە دەناسم؟" من دوو برا و خوشك و یازدە كوڕە پوور و كچە مامی خۆم بە نێو دەناسم و دەتوانم تەواوی ڕۆژ

لەسەر كەسایەتیی، پەیوەندایەتی و هەڵس و كەوتی خۆش و ناخۆشی نێوانیان ئاخافتن بكەم. بەڵام زیاتر لە هەشت ملیۆن مرۆڤ كە وەك خۆم نەتەوەی ئیسرائیلین بە نێو ناناسم، زۆربەی ئەو مرۆڤانەم هێشتا بەچاو نەدیوە و بە ئەگەری زۆر لە داهاتووشدا نایانبینم. لێهاتوویی من لەسەر هەستكردن و وەفاداریم بەو كۆمەڵە بەرهەمەی پێشینیانی ڕاوكەر و كۆكەرم نین بەڵكوو پەرجۆی مێژوویی سەردەمی نوێن. بوونەوەرناسێكی كورەی مارس كە تەنیا خۆی بە ئاناتۆمی و گەشەسەندنی مرۆڤی ساپییەنەوە خەریك كردبێ و ناسیاوی لەسەر هەبێ، هەرگیز نایەتە سەر ئەو ئیدەیە كە ئەو مەیموونانە لە بارودۆخێكدابن بتوانن پەیوەندایەتی بەكۆمەڵ لەگەڵ چەندین ملێۆن مرۆڤی بێگانە دروست بكەن. مرۆڤ بۆ ڕازیكردنی خۆی و وەفاداری لەهەنبەر "ئیسرائیل" و هەشت ملیۆن دانیشتوانی، دەبێ بزووتنەوەی سەهیۆنیستی و حكوومەتی ئیسرائیل بەهۆی كەرەسەیەكی ئاڵۆز بۆ ڕاهێنان، پرۆپاگەندا و چەقاندنی ئاڵا، هەروەها سیستەمێكی ئەمنی نەتەوەیی، سلامەتی و كۆمەڵایەتی بخوڵقێنێ.

ئەوە بەو مانایە نییە كە ڕاهێنانی نەتەوەیی بەشێوەیەك كارێكی هەڵە بن. سیستەمی گەورە و مەزن بە بێ وەفاداریی گشتی ناتوانن كارابن و بازنەی سۆزداریی مرۆڤ بە دڵنیاییەوە خاڵی باش و پۆزیتیڤی خۆشی هەیە. شێوازی نەرم و لەسەرخۆی نەتەوەپەرستی یەك لە دەستكەوتە باشەكانی ژیانی مرۆڤە. ئەو قەناعەت یاخود باوەڕە كە نەتەوەی من شتێكی بێ وێنە و جیاوازە و شیاوی منە و لەهەنبەر هاونەتەوەكانم بە ئەركی خۆمی بزانم پارێزگارییان لێ بكەم، ئەو هەستەم تێدا پێكدێنێ كە لە ناخی دڵەوە هالیكاریان بكەم. <u>ئەو چەشنە وێناكردنە گەلێك هەڵە و مەترسیدارە كە بە بێ ناسیۆنالیزمێكی سالم هەموومان دەكەوتینە ناو بەهەشتێكی لیبراڵییەوە.</u> لەوەش خراپتر لەوانە بوو لەناو بشێویی خێڵەكیدا نوقم كرابین. وڵاتانی ئاشتیخواز، پۆشتە و پەرداخ و لیبراڵی وەك سوئێد، ئاڵمان و سویس لەسەر تایبەتمەندییەكی نەتەوەیی بەهێز بونیات نراون. لیستەی وڵاتانی وەك ئەفغانستان، سۆمالی، كۆنگۆ و زۆربەی وڵاتە هەرەسهێنراوەكان دەگەڕێتەوە سەر نەبوون یاخود بێهێزبوونی پەیوەندایەتی هەستی نەتەوەیی.

بەڵام كاتێ نەتەوەپەرەستیی خێرخوازانە و سالم ببێتە نەتەوەپەرستییەكی شۆڤینیستی ئەوكات كێشە دەخوڵقێ. لەجیاتی ئەوەی باوەڕم بێ نەتەوەكەم بێ وێنەیە – ئەو شتەی بۆ هەموو نەتەوەكان دروستە، ئێستا ئەو هەستەم هەبێ نەتەوەی من لە سەرووی هەموو نەتەوەكانیترەوەیە، من قەرزداری هەر وەفادارییەكی خۆم لەهەنبەر ئەودام و هیچ بەرپرسایەتییەكم لەهەنبەر مرۆڤی جیا لە نەتەوەكەم نییە. ئەوە زەوییەكی خۆشكراوە بۆ كێشەی گەلێك مەزن. بە چەندین وەچە ڕەخنەی سەرەكی لە نەتەوەپەرەستی ئەوە بووە كە بوونەتە هۆكار بۆ شەڕ و شەڕخوازی. بەڵام تێكەڵاوییەك لە نەتەوەپەرستی و شەڕخوازیی بە هیچ شێوەیەك پێشی زێدەڕۆیی لە نەتەوەپەرستان نەگرت چونكە هەر نەتەوەیەك پەرەپێدانی نیزامی خۆی بەتایبەت بەوەوە دەبەستەوە و پاساوی بۆ دەهێناوە كە دیانهەوێ خۆیان لە هەنبەر دراوسێ بەهێزەكانیان پارێزگاری بكەن. تا ئەو كاتەی نەتەوەكە بۆ زۆربەی شاروەندانی خۆی بارودۆخی ئەمنی بێ وێنەی دابین كردبا، بۆ قەرەبووكردنەوەی حازر بوون خوێنی خۆیان لە ڕێگای نیشتمان و نەتەوەكەیاندا بڕێژن. لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا كارتێكەریی ناسیۆنالیزم گەلێك بەرچاو بوو. لەحاڵێكدا ناسیۆنالیزم لە لایەكەوە بووە هۆی دروستكردنی گەلێك كێشەی جیددی، كە تا ئەو سەردەمە مرۆڤ نەیبینیبوو، لەو لاشەوە ناسیۆنالیزمی مودێرن سیستەمی بەربڵاوی تەندورستی، ڕاهێنان و ئاسایشی بۆ مرۆڤ وەڕێخست. وێدەچوو پارێزگاریی تەندورستی نەتەوەیی خۆبەختكردنی شەڕەكانی "Flandern"[10]ی بلژیك و "Verdun"[11]ی فەرنسەی قەرەبوو كردبێتەوە.

هەموو ئەو هەڵس و كەوتانە لە ساڵی ١٩٤٥ گۆڕانیان بەسەردا هات. دۆزینەوەی چەكی ئەتۆمی هاوسەنگی پێكهاتنی نەتەوەخوازی بە تەواوی گۆڕی. دوای كارەساتی هیرۆشیما خەڵكی نەك هەر ترسیان تێدا پێك هاتبوو كە ناسیۆنالیزم دەبێتەهۆی هەڵئاییساندنی شەڕ – تەنانەت ترسی ئەوەشیان بوو كە ببێتە هۆی پێكهاتنی شەڕی ئەتۆمی. ترس لەهەنبەر تووناكردنی تەواو و كامیلی، وێدەچوو بووبێتە هۆی هاندانی

[10] چوار شەڕی بەناوبانگی ساڵەكانی ١٩١٤، ١٩١٥، ١٩١٧ و ١٩١٨ لە ناوچەی فلاندێرنی وڵاتانی فەڕانسا و بلژیك گرنگترین شەڕی بەرەی ڕۆژئاوای شەڕی یەكەمی جیهانی بووە.

[11] ڤێردوون شارێكە لە باكووری ڕۆژهەڵاتی فەرنسا و ساڵی ١٩١٦ بۆتە مەیدانی شەڕی جیهانی یەكەم.

تێگەییشتوویی مرۆڤ و سپاس بۆ چەكی ئەتۆمی، لای كەم كارەساتی گەورە ڕووی نەدا و جندۆكەی نەتەوەپەرستی گەڕێندرایەو بۆ ناو شوشەكەی خۆی. هەر وەك گوندنشینانی دەوری چۆمی نیل یاخود لای كەم بەشێكیان وەفاداری خۆیان لە خێڵەكانیانەوە بۆ حكوومەتیكی پاشایی گەلێك مەزنتر ڕاگواست و لە بارودۆخێكدا بوون دەیانتوانی چۆمی مەترسیداری وەك نیل ڕام بكەن، بە هەامان شێوەش سەردەمی چەكی ئەتۆمی كۆمەڵگایەكی گەورە لە نەتەوە جیاوازەكانی لێ خولْقێندرا كە تەنیا كۆمەڵگایەكی ئاوا مەزن دەیتوانی لە هەنبەر دێوەزمەی ئەتۆمی خۆڕاگری بكا و دەستەمۆی بكا.

لە بەربەرەكانی هەڵبژاردنەكانی ساڵی ١٩٦٤ی سەرۆك كۆماری ئەمریكادا، لیندن ب جانسۆن "Lyndon B. Johnson" لە تەبلیغە ناودارەكەی بە ناوی "Daisy" كەڵكی وەرگرت كە یەك لە سەركەوتووترین بەرنامەی تەبلیغاتی تلەڤیزیۆنی لێ دەرهات. تەبلیغاتەكە بەوە دەست پێدەكا كە كیژیكی بچووك گوڵە سوورێكی بەدەستەوەیە و پەڕەكانی دەنك دەنك لێدەكاتەوە و دەیانبژێرێ، بەڵام كاتێ بە ژمارەی دە دەگا، دەنگێكی پیاوانە ئەژماردنەكە درێژە پێ دەدا و هەر وەك بۆ هاویشتنی ڕاكێتێك ژمارەكان بە پێچەوانە دەژمێرێ. كاتێ دەگا بە ژمارەی سیفر تیشكێكی شین وەك هەورە تریشقیە سەفحەی تەلەڤیزیۆنەكە دادەگرێ و كاندیدی سەرۆك كوماری ئەمریكا جانسۆن دەست دەكا بە ناردنی پەیامەكەی: "هەموو شتێك لەسەر ئەوە ساغ بۆتەوە كە یا جیهانێك پێك بێنین كە هەموو مناڵانی خودا بتوانن تێیدا ژیان بكەن یاخود هەموومان هەنگاو بەرەو تاریكی هەڵێنین. ئیمە دەمانەوێ دروشمی "خۆشەویستی، نەك شەڕ" Make love, not war" لەگەڵ دژە كولتووری كۆتاییەكانی ساڵی ١٩٦٠دا پەیوەند بدەین." بەڵام لەڕاستیدا ئەو بۆچوونە ساڵی ١٩٦٤ لە لای سیاسەتوانی توند و تیژی وەك جانسۆنیش باو بووە. لە ئاكامدا ناسیۆنالیزم لە پڕۆسەی شەڕی ساردا كەوتە پشت بەستێنەكەیەوە و جێگای خۆی دا بە سیاسەتیكی گلۆبالی و جیهانی و كاتێ كۆتایی بە شەڕی سارد هێنرا، وێدەچوو گلۆبالیزەبوونی جیهانی، بە بێ دەرەتانی گەڕانەوە بۆ دواوە، داهاتووی ئێمە پێك بێنێ. مرۆڤ وای دانابوو ئینسانییەت، سیاسەتی ناسیۆنالیزم وەلا دەنێ و ئەو دیاردەیە دەبێ هەڵس و كەوتێكی هەڵەی سەردەمی ساكاری پێشوو بووبێ و لە باشترین

شێوەی خۆیدا هێشتا لە چەند وڵاتی دواكەوتووی نەزان بڕەوی مابێ. بەڵام ڕووداوەكانی ساڵانی ڕابردوو نیشانیان دا كە هەستی ناسیۆنالیزم تەنانەت لە ناو شاروەندانی ئوروپایی و ئەمریكاییش هێشتا گەلێك بەهێزە، تازە باسی ڕووسیا، هیند و چین هەر ناكەین. لە سەراسەری ئەم جیهانەدا هێزی سەرمایەداریی جیهانێكی بێگانە بووە و لە ترسی چارەنووسی سلامەتی نەتەوەیی، ڕاهێنان و سیستەمی كۆمەڵایەتی لە هەموو شوێنێكی ئەم جیهانە مرۆڤ بەدوای بارودۆخێكی ئەمن و مانادان بە بەرژەوەندیی هەستی نەتەوەیی خۆیاندا دەگەڕان.

بەڵام ئەو پرسیارەی جانسۆن كە لە دروشمی گوڵەسوورەكەیدا هێنایەگۆڕێ، تەنانەت ئەمڕۆ زیاتر لە ساڵی ١٩٦٤جێی پرسیارە. ئایا دەتوانین جیهانێك بخوڵقێنین كە هەموو مرۆڤایەتی بتوانن پێكەوە ژیانی تێدا بكەن، یاخود هەموومان بەرەو تاریكییەكی نادیار لەڕێداین؟ ئایا كەسایەتی سیاسی وەك دۆناڵد ترامپ " Donald Trump"، ویلادیمیر پوتین "Wladimir Putin"، تریزا مەی "Theresa May" و نارندرا مۆدی "Narendra Modi" و هاوكارەكانیان بە گەشانەوەی هەستی ناسیۆنالیستی دەتوانن جیهان ڕزگار بكەن، یاخود شەپۆلی ناسیۆنالیزم و نەتەوەگەرایی ئەمڕۆیی چەشنە هەڵاتنێكە لە هەنبەر ئەو كێشە جیهانییە چارەنەكراوانەی لەگەڵیاندا ڕووبەڕووین؟

## ململانێی ئەتۆمی

با بە هەستی ناسیاو و ناسراوی قین هەڵگرتن و تۆڵەكردنەوەی مرۆڤەوە دەست پێ بكەین: واتە شەڕی ئەتۆمی. كاتێ تەبلیغی دەیزی "Daisy" لە ساڵی ١٩٦٤ كە دوو ساڵ پێش قەیرانی موشەكیی كووبا دەستپێكرد، شەڕی ناوكی یاخود شەڕی ئەتۆمی هەڕەشەی لە تووناكردنی مرۆڤ و ژینگەی دەكرد. لەو سەردەمەدا مرۆڤی ئاسایی و پسپۆڕان وەك یەك ترسیان لەوە بوو كە مرۆڤ ئەو تێگەییشتوویی و ژیرییەی نابێ پێش بە كاولكاریی كارەساتی ئەتۆمی بگرێ و پرسیارێكی كاتییە كە شەڕی سارد ببێتە شەڕێكی داغ و ماڵوێرانكەر. بەڵام لەڕاستیدا ئینسانییەت نیشانی دا كە گەلێك ووشیار و زانایانە ململانێیان لەگەڵ كێشەی ئەتۆمی كرد. ئەمریكایی، ڕووسی، ئورووپایی و چینییەكان گۆڕانیان بەسەر سیاسەتی جیهانیدا هێنا كە پێشتر تەواو بە شێوازێكیتر بەڕێوەدەچوو و شەڕی سارد بە ژمارێكی كەم خوێنڕشتن كۆتایی پێ هات و ڕێكوپێكیی و ئاشتییەكی نوێی بێ وێنەی جیهانی پێكهێنا. نەك هەر شەڕی ئەتۆمی پێكنەهات، بەڵكوو بە گشتی ژمارەی شەڕ لە جیهان كەم بۆوە. لە ساڵی ١٩٤٥ بەولاوە بە شێوازێكی سەرسووڕهێنەر دەستدرێژیكردن بە سنووری وڵاتان كۆتایی پێ هاتووە و زۆربەی حكوومەتان ئیتر شەڕ وەك كەرەسەیەك بۆ چارەكردنی كێشەی سیاسی سەیر ناكەن. سەرەڕای شەڕ لە وڵاتانی وەك سوریا، ئۆكراین و شوێنەكانیتری ئەم جیهانە لە ساڵی ٢٠١٦ دا مرۆڤێكی كەمتر لە شەڕەكاندا كوژراون بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ نەخۆشیی چەوری و شەكر یا تەسادوفی ڕێگا و خۆكوژیی. لەوانەیە ئەو ئەزموونە مەزنترین دەسكەوتی سیاسی و ئەخلاقی سەردەم بێ بۆ مرۆڤ.

لەمرۆدا بە ڕادەیەك خوومان بەو دەسكەوتە گرتوە، كە بە كارێكی تەواو ئاسایی دادەنێین. ئەوە یەك لەو هۆكارانەیە كە بۆچی مرۆڤ بە ئاور یاری دەكا. ڕووسیا و ئەمریكا لەم كۆتاییانەدا كێبەركێیەكێی چەكی ناوكییان دەستپێكردۆتەوە و بە خۆ خەریككردن بۆ دۆزینەوەی چەكی نوێ مەترسییەكی نوێیان بۆ تووناكردنی

پێشكەوتووییەكانی چەند دەیەی ڕابردوو بۆ كۆتایی هێنان بە جیهان دەست پێكردووە. هاوكاتیش خەڵكی فێربوون نیگەران نەبن و لەهەنبەر بۆمب ترسیان نەبێ یاخود زۆر بە ساكاریی بوونی ئەو مەترسییەیان بە تەواوی لەبیر چووبێتەوە.

كەوابوو باسی برێگزیت لە بریتانیای مەزن – لای كەم بەشی ئینگلیزەكەی وەك هێزێكی مەزنی ناوكی – لە پێش هەمووشتێكدا لەسەر پرسی ئابووری و گەورەبوونەوەی كۆچی مرۆڤی میگرانت لە وڵاتانی ئورووپایی بوو، لەحاڵێكدا كێشەی ناوەندیی لەسەر ئاشتیی یەكیەتیی ئورووپا و جیهان تا ڕادەیەكی زۆر لەبەر چاو نەگیرا. دوای سەدان ساڵ خوێنڕێژی و شەڕی كاولكارانە و سامناك وڵاتانی وەك فەرنسا، ئیتالیا ئاڵمان و ئینگلیز مكانیزمێك بۆ متمانەكردن و هاودەنگی خۆیان لە قوڕنەكەدا پێك هێنا – و ئێستا وڵاتی ئینگلیز دەیهەوێ بە ساكاریی ئەو پێكهاتنە لەناو بەرێ و چەتی تێبخا. ئەركێكی نێونەتەوەیی گەلێك دژوار بووە بتوانرێ پێش بە شەڕی ئەتۆمی بگیرێ و ئاشتیی جیهانی دابین بكرێت. دیارە ئێمە دەبێ ئەو ڕژیمانەی گۆڕان بەسەر خۆیاندا دێنن و خۆیان لەگەڵ جیهانی ئەمڕۆ ڕێك دەخەن پشتیوانیان لێ بكەین، بۆ وێنە كەمتر بە ئەمریكا و زیاتر بە چین یا هیند گرنگایەتی بدەین. بەڵام بەتەنیا هێشتنەوەی ئەو حكوومەتانە و گەڕانەوەیان بۆ هێزی سیاسی ناسیۆنالیستی هەڵوێستێكی گەلێك هەڵە و مەترسیدار و بێ بەرپرسانە دەبێ. دەشزانین بە بێ ئەوەی ببنە هۆكار بۆ لەناوبردنی شارستانییەت، لە سەدەی ١٩ دا ئەو وڵاتانە یاریی ناسیۆنالیستیان بەڕێوە دەبرد. بەڵام ئەوە سەردەمی هیرۆشیما بوو. لەو سەردەمە بەولاوە ئیتر چەكی ئەتۆمی كاراكتەری شەڕخوازیی و سیاسەتی جیهانیان گۆڕیوە. تا ئەو جێگایەی مرۆڤ بزانن چلۆن ئۆرانیۆم دەپیتێنرێ و پلۆتۆنیۆم پێكدێ، درێژەی ژیانیان بەوەوە بەستراوەتەوە كە پێش بە شەڕی ئەتۆمی بگرن چونكە لە بەرژەوەندیی هەموو وڵاتانی جیهاندایە. نەتەوەپەرەستانی پەست و بێ هونەر كە بەردەوام دەگوڕێنن "لە پێش هەموو شتێكەوە وڵاتی من"، دەبێ لەخۆیان پرسیار بكەن ئایا وڵاتەكەیان بە تەنیایی، بە بێ هەبوونی سیستەمێكی بەهێزی جیهانی، دەتوانێ جیهان – یا تەنانەت خۆیان – لەهەنبەر كاولكاریی شەڕی ناوكی بپارێزێت؟

## ململانێی ئۆكۆلۆژیكی(ژینگە)

لە دەیەكانی داهاتوودا لە پەنا شەڕی ئەتۆمی مەترسییەكیتری نوێ هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەكا كە سیاسەتوانان لە ساڵی ١٩٦٤ بە هیچ شێوەیەك گومانیان بۆی نەچووە: **"تێكڕووخانی ژینگەی بوونەوەران."** ئێمەی مرۆڤ لە چەندین گۆڕەپانی جیاوازەوە خەریكی كاولكردن و ناسەقامگیركردنی ژینگەی جیهانین. بەردەوام خەریكی تووناكردنی كانزا سروشتییەكانین و هاوكاتیش ژمارێكی مەزنی زبل و ماكەی ژەهراویی لەخۆمان بەجێ دێڵین و دەبینە هۆی گۆڕانی زەوی، ئاو و كەش و هەوا.

ئێمە هێشتا بەووردی نازانین بە چ شێوازێكی هەمەلایەنە هاوسەنگیی ئێكۆلۆژی زەوی كە بە درێژایی ملیۆنان ساڵ پێكهاتووە، لەسەر زەوی تێك دەدەین و تووناى دەكەین. با تەنیا بیر لە ماكەی فۆسفۆر بكەینەوە كە وەك كوود بۆ بەهێزكردنی گەشەی گیا و لێرەوارەكان بەسەر زەویدا بڵاوی دەكەینەوە. بەڕادەی كەمی ئەو ماكەیە ڕەنگە بۆ بەهێزكردن، گەشە و نشونمای گیاكان گەلێك بەكەڵك بێ. بەڵام ئەگەر لەڕادەبەدەر كەڵكی لێ وەرگیرێ دەبێتە ژەهرێكی سامناك بۆ زەوی. كشتوكاڵی پیشەسازیی مودێرن بە كەڵكوەرگرتن لە کوودی چێكراو و بەكارهێنانی لەڕادەبەدەری ماكەی فۆسفۆر دەبنە هۆی ژەهراویكردنی چۆم، زەریا، ئۆقیانووسەكان بە گشتی ئاوی سەر زەوی و دەرئەنجامێكیماڵوێرانكەرانە بۆ گیا، ئاژەڵ و بوونەوەران دروست دەكەن. كەوابوو وەرزێرێكی ناوچەی لۆوا "Iowa" لە ڕۆژئاوای ئەمریكا بە چاندنی دانەوێڵە لەسەر زەوییەكەی بە بێ ئەوەی خۆی ئاگادار بێ دەتوانێ ببێتە هۆی كوشتنی ماسییەكانی كەنداوی میكزیك.

بەهۆی ئەو چالاكییانەوە ژینگەی سروشتی دەكەوێتە ژێر ئازاركێشانێكی گەلێك مەزن، بەرە بەرە وەچەكانی ئاژەڵ و گیا و لێرەوارەكان توونا دەكرێن و بە تەواوەتی

ئێكۆ سیستەم وەك "Great Barrier Reef" (بەندی بەردینی قەراغ دەریا)ی ئوسترالیا و لێرەوارە بارانییەكانی ئامازۆن دەتوانن لەناو بچن. هەزاران ساڵە مرۆڤی ساپیەن وەك بكوژی سیستماتیكی ژینگەیی بەڕێوە بووە و ئێستاش بووە بە بكوژی بەكۆمەڵی ئێكۆلۆژیكی. ئەگەر ئیمەی مرۆڤ دەست لەم كارەمان هەڵنەگرین نەك هەر دەبینە هۆی تووناكردنی بەشێكی مەزنی هەموو بوونەوەران، بەڵكوو بە ئەگەری زۆر بناغەكانی شارستانییەتی مرۆڤیش لەناو دەبەین.

لە هەموو ئەوانە سامناكتر گۆڕان بەسەرداهێنانی سیستەمی ئاتموسفێری زەوییە. مرۆڤ زیاتر لە سەدان هەزار ساڵە لەسەر ئەم هەردە دەژین و چەندین جار خۆڕاگرییان لە هەنبەر سەردەمی سەهۆڵبەندان و گەرمبوونەوەی زەوی كردووە و گیانی خۆیان ڕزگار كردووە. كشتوكاڵ، شارەكان و كۆمەڵگای ئاڵۆز ئەوپەڕەكەی لە دە هەزار ساڵ بەر لە ئێستاوە بوونیان هەیە. لەو سەردەمەوە كە مرۆڤ ناوی هۆلۆسن "Holocene"ی لەسەر داناوە، كلیما یاخود كەش و هەوای سەرزەوی گەلێك سەقامگیر و خۆڕاگر بووە. هەر لادانێک لەو بارودۆخە سەقامگیرە دەتوانێ كۆمەڵگاكانی مرۆڤ ڕووبەڕووی گەلێك كێشەی مەزن بكاتەوە. تەنانەت ئەگەر شارستانییەتی مرۆڤایەتی لە كۆتاییدا خۆی لەگەڵ بارودۆخەكە ڕێكیش بخا هیچ مرۆڤێك بە ڕاشكاوی ناتوانێ بڵێ بۆ خۆ ڕێكخستن لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیە تا چ ڕادەیەك قوربانی بۆ دەدرێ.

ئەو تاقیكارییە ترسهێنەر و ماڵوێرانكەرە ئێستا دەستیپێكردووە. بە پێچەوانەی شەڕی ئەتۆمی ــ كە لە ترسی بەڕێوەبردنی دەتوانێ ئیمكانێكی نوێی ژیان بۆ داهاتوو بێ ــ گۆڕان بەسەرداهاتنی كەش و هەوا ڕاستەقینەیەكی ژیانی ئەمڕۆیە. لەسەر زانستی ئەمڕۆ ئەو هاودەنگییە هەیە كە چالاكییەكانی مرۆڤ بەتایبەت پێكهێنانی گازی ژەهراوی وەك دی ئۆكسیدی كاربۆن دەبێتە هۆی گۆڕانی خێرای كەش و هەوا و نیگەرانی خستۆتە ناو خەڵكەوە. هیچ كەس بە ووردی نازانێ چ ژمارێك دی ئۆكسیدی كاربۆن دەتوانرێ بۆ ناو ئاتموسفێر بنێردرێ كە ببێتە هۆی پێكهێنانی كارەسات. بەڵام گۆمانی متمانەپێكراوی زانستیی مەزندەی ئەوە دەكەن كە گەرمای كەش و هەوای جیهانی تا ٢ پلەی سانتیگراد بەرز دەبێتەوە، ئەگەر ئیمە لە بیست ساڵی داهاتوودا پێش بە چوونی ئەو گازە بۆ ناو هەوا نەگرین و ببینە هۆكار بۆ گەورەبوونەوەی بیابانەكان،

تووانەوەی سەهۆڵی جەمسەرەكان، بەرزبوونەوەی ئاوی زەریا و ئوقیانووسەكان و پێكهاتنی تۆفانی وەك هۆریكان "Hurrikane" و تایفۆن "Taifune" كە لەمڕۆدا زۆر جار مەترسی بۆ مرۆڤ پێك دێنن، كارەساتەكە بە دڵنیاییەوە لە داهاتوودا چاوەڕوانمان دەكا. ئەو گۆڕانكارییانەش بەنۆبەی خۆیان شوێن لەسەر بەرهەمی كشتوكاڵ، بەرزبوونەوەی سێڵاو لە شارە پەنا ئاوەكان دادەنێن و بەشێكی زۆری زەوی بۆ ژیان نەگونجاو دەكەن و دەبنە هۆی ئاوارەبوونی ملیۆنان مرۆڤی پەنابەر كە ناچار بە دۆزینەوەی ماڵ یاخود شوێنێكیتری نوێ بۆ ژیانیان دەكرێن.

سەرەڕای ئەوەش زۆر بە خێرایی بە خاڵێك كە زانایانی ئەو بوارە ناوی "Tipping-Points" (خاڵی ئاگاداركردنەوە)یان لەسەر داناوە دەگەین و ڕادەی گازە ژەهراوییەكان بە پلەیەك دەگا كە ئیتر گەڕانەوە بۆ دواوە و پێشگرتن بە كارەساتەكە نەگونجاو دەكات. ئەگەر بۆ وێنە گەرمبوونی كەش و هەوای جیهانی ببێتە هۆی توانەوەی سەهۆڵی جەمسەرەكانی زەوی تیشكی خۆر لە زەوییەوە كەمتر بۆ ئونیوێرسام دەگەڕێتەوە. ئەوە بەو مانایە دەبێ، پلانێتەكە گەرمایەكی زیاتر لە خۆیدا پاشەكەوت دەكا، زەوی گەرمتر دەبێتەوە و سەهۆڵبەندە پاشەكەوتكراوەكان زۆر خێراتر دەتوێنەوە. كاتێ زنجیری پێداویستییانەی كەش و هەوا لێك بپچڕێ، بەئەگەری زۆر بە تەواوەتی سەهۆڵە پاشەكەوتكراوەكانی زەوی كە ڕۆڵێكی حەیاتی بۆ مانەوەی ژیان لەسەر زەوی دەگێڕن، دەتوێنەوە، تانەنەت ئەگەر لەیەكشەویشدا مرۆڤ ئیتر لە بەكارهێنانی گاز، نەوت و ڕەژی دەست هەڵگرن. لەو ڕوانگەیەوە ئیتر تەنیا هەستكردن بەو مەترسییەی لەگەڵی ڕووبەڕوو دەبینەوە، بەس نابێ. خاڵی بڕیاردەر لە ڕاستیدا ئەوەیە كە ئێمە ئەمڕۆ و ئێستا، كە هێشتا درەنگ نەبووە كارێكی بۆ بكەین و هەڵسو كەوتەكانمان بگۆڕین.

بەداخەوە – بەپێی زانیاریی ساڵی ٢٠١٨ – گازە ژەهراوییەكانی ناو ئاتموسفێر نەك هەر پلەیان نزم نەبۆتەوە، بەڵكوو بەرەو زۆر بوونیش ڕۆیشتووە و بەرە بەرە زیاتر و زیاتریش دەبێت. كاتێكی زۆر بۆ مرۆڤایەتی نەماوە گۆڕان بەسەر خوو و خدەیان بۆ ڕووتاندنەوەی سووتەمەنی فۆسیلیدا بێنن. ئێمە دەبێ هەر ئێستا گۆڕان بەسەر خۆماندا بێنین. نەك ساڵی دواتر و نەك مانگی دواتر، بەڵكوو هەر ئێستا و ئەمڕۆ.

بەڵام ناسیۆنالیزم چلۆن دەتوانێ لەو وێنەیەدا خۆی بگونجێنێ؟ ئایا وەڵامێكی ناسیۆنالیستی بۆ كێشە و هەڕەشەی ئێكۆلۆژیكی هەیە؟ ئایا نەتەوەیەك جا هەر چەند بەهێزیش بێ دەتوانێ بە تەنیا پێش بە كێشەی گۆڕانی كەش و هەوا بگرێ؟ دیارە بە ڕاشكاوییەوە زۆربەی وڵاتانی جیهان دەتوانن هەركام بەجیا و لەسەر شێوەی خۆیان هەوڵ بۆ باشكردنی بارودۆخی ئێكۆلۆژی و ئابووری بدەن. حكوومەتەكان دەتوانن بڵاوبوونەوەی گازی "$CO_2$" بە باج و ماڵیاتەوە ببستنەوە، خەرج و تێچوونی بازاڕی وڵاتانی بیانی بە بەهای نەوت و گازەوە بچەسپێنن، یاسای توندوتیژتر بۆ هەڵس و كەوتی نالەبار لە هەنبەر ژینگە دامەزرێنن، پێش بە كەرەسەی پیسكەرەوەی هەوا بگرن و پەرە بە بەرهەمهێنانی سەرچاوەی وزەی نوێی بدەن. ئەوان دەتوانن پارەی زیاتر بۆ تاقیگە زانستییەكان تەرخان بكەن بۆ ئەوەی بەهایەكی زیاتر بە تێكنۆلۆژیای نوێ بۆ ژینگەی سالم بدەن، واتە پرۆژەیەكی چەشنی مانهاتن "Manhattan-Projekt".[١٢]

دیارە دۆزینەوەی كەرەسەی موتۆڕیی لە ١٥٠ ساڵی ڕابردووەوە خزمەتێكی گەلێك زۆری بە پێشكەوتن كردووە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ ژینگەیەكی فیزیكی قایم و خۆڕاگری ئابووری ڕاگرین دەبێ هەر ئێستا و ئەمڕۆ ئەو كەرەسانە ئازاد و خانەنشین كەین و تێكنۆلۆژیای نوێی بەكەڵك و كەم مەترسی لە جێگایان دانێین كە پێویستیان بە سووتەمەنی فوسیلی نەبێ.

تەنانەت لە زۆر بوواریتری چەشنی وزە، تێكنۆلۆژیای نوێ دەتوانن بۆ ژینگە گەلێك بەكەڵك بێت. بۆ وێنە مرۆڤ دەتوانێ بیر لە گونجاوبوونی بەرهەمهێنانی "گۆشتی خاوێن" بكاتەوە. لەمڕۆدا پیشەسازیی بەرهەمهێنانی گۆشت نەك هەر دەبێتە هۆی ئازارپێگەیاندنی ملیاردان بوونەوەر، بەڵكوو یەك لە مەزنترین ناوەندەكانن بۆ كەڵكوەرگرتن لە ئانتی بیۆتیك و ماكەی ژەهراوی كە بۆ پیسكردنی كەش و هەوای ژینگە ڕۆڵیكی گەلێك گرنگ دەگێڕن. بە پێی هەواڵێكی " Institution of Mechanical Engineers" ئەنیستۆتیتی هەندەسەی میكانیكی ساڵی ٢٠١٣ بۆ بەرهەمهێنانی

---

[١٢] پرۆژەی مانهاتن لە ساڵی ١٩٤٢ بۆ دروستكردنی بۆمبای ئەتۆم لە لەیەن ئەمریكاوە پێكهات.

كیلۆیەك گۆشت مرۆڤ پێویست بە ١٥ هەزار لیتر ئاوی خاوێن هەبووە، لە حاڵێكدا بۆ بەرهەمهێنانی كیلۆیەك پەتاتە تەنیا ٢٨٧ لیتر ئاو پێویستە.

گوشاری سەر ژینگە بە ئەگەری زۆر لەوەش زیاتر دەبێ چونكە بەرزبوونەوەی بارودۆخی ئاسایشیی وڵاتانی وەك چین یا برازیل بارودۆخێك پێك دێنێ كە سەدان ملیۆن مرۆڤ لە داهاتوودا لەجیاتی پەتاتە گۆشت لەسەر سفرەكانیان دەبێ. كارێكی گەلێك دژوار دەبێ ئەو مرۆڤانە بێ دەنگ بكرێن – و ئەمریكایی و ئاڵمانی ناچار بكرێن چاوپۆشی لە خواردنی گۆشت بكەن. بەڵام ئەگەر لە داهاتوودا زانایان بۆ بەرهەمهێنانی گۆشت ڕێگایەكی نوێ بۆ وێنە بەهۆی خانەی گیاییەوە بدۆزنەوە چ دەقەومێ؟ هەر كەس پێویستی بە هامبرگر بێ بە هاسانی لە ماڵی خۆیدا دەیچێنێ، لەجیاتی ئەوەی گایەكی بۆ بكووژرێتەوە و گۆشتەكەی بۆ فرۆشتن بە دەوری دنیادا بگێڕدرێ.

ئەو بیرۆكەیە وەك فیلمێكی خەیاڵی دەچێ، بەڵام لە ڕاستیدا ساڵی ٢٠١٣ هامبرگرێكیان لە خانەی گیایی دروست كرد. ئەو تاقیكارییە نیزیكەی ٣٣٠ هەزار دۆلاری ئەمریكایی هەڵگرت. چوار ساڵ تاقیكاریی و تێكۆشانی بەردەوامی زانایان لەسەر ئەو بوارە بەهای هامبرگری هێناوەتە سەر ١١ دولار و لە چەند دەیەی داهاتوودا دەبێ بەهای هامبرگری گیایی هەرزانتر لە هی گۆشتی ئاژەڵان بێ. ئەو پەرەسەندنە تێكنۆلۆژیكییە لە لایەكەوە دەتوانێ ژیانی ملیاردان ئاژەڵ ڕزگار بكا كە لە بارودۆخێكی گەلێك نالەبەردا ژیان دەكەن، لەو لاشەوە یارمەتیدەر بێ بۆ تێركردنی ملیاردان مرۆڤی برسی دنیا، هەروەها هاوكاتیش پێش بە كارەساتی ئێكۆلۆژیكی جیهان بگرێ.

كەوابوو حكوومەتان، كارخانە و كەسەكان دەتوانن زۆر كار بكەن بۆ ئەوەی پێش بە گۆڕانی كلیما بگرن. بەڵام بۆ ئەوەی كارتێكەری هەبێ دەبێ هەموو جیهان پێكەوە هەوڵی بۆ بدا. كاتێ باس لەسەر ژینگە و گۆڕانی كلیما بێ، وڵاتان هیچ تامەزرۆییەكی ئەوتۆ لە خۆیان نیشان نادەن. گوێ لەوە ناگرن لەو سەری دنیا چ ڕوودەدا و چلۆن ژینگە پیس و چەپەڵ دەكرێ. تەنانەت وڵاتانی بەهێزی وەك چین و ژاپۆنیش لە بواری

ئێكۆلۆژیدا سەربەخۆ نین. بۆ ئەوەی بتوانن شارە كەنارە ئاوەكانیان واتە شانگهای، هۆنگكۆگ و تۆكیۆ لەهەنبەر هەستانی ئاوی زەریا پارێزگاری بكەن، دەبێ حكوومەتەكانی ئەمریكا و روسیا بێننە سەر ئەو قەناعەتە دەست لە هەڵوێستەكانی ئەمڕۆیان لەهەنبەر ژینگە هەڵبگرن.

گۆشەگیریی نەتەوەیی بەتایبەت لە بواری ژینگە و گۆڕانی ئاو و هەوا دەتوانێ لە بۆمبای ئەتۆمیش مەترسیدارتر بێ. شەڕی ئەتۆمی بە مانای تووناكردنی نەتەوەكانە هەر بۆیە زۆربەیان تامەزرۆییان بۆی نییە و خۆی لی دەپارێزن و بەرێوەی نابەن. گەرمبوونەوەی كەش و هەوای زەوی بە پێچەوانەی شەڕی ئەتۆمی بە ڕاشكاوی شوێنی جیاواز لەسەر وڵاتان دادەنێ. تاقمێك لە وڵاتان و بەتایبەت ڕوسیا تەنانەت دەتوانن بەهرەشی لێ وەرگرن. بەشێكی كەمی وڵاتی ڕوسیا ناوچەی كەناری ئاوی هەیە و پڕ لە حەشیمەتە، هەر بەوهۆیەشەوە وەك وڵاتانی چین یا كاریبیەن خەمی هەستانی ئاوی زەریاكان ناخۆن. هاوكاتیش گەرمبونەوەی كەش و هەوا ڕەنگە وڵاتێكی ئەفریقایی وەك چاد "Tschad" بكاتە سەحرایەكی ئیشك و بەرین بەڵام لە سیبری ناوچەیەكی سەرسەوز و پڕ بیت و بەرەكەت دروست دەكا. هەروەها كاتێ سەهۆڵەكانی باكوور بتوێنەوە ، شوێنە زەرياییەكانی باكووری ژێر كونترۆڵی ڕوسیا دەتوانێ ببێتە ڕێگایەكی حەیاتی بازرگانی و كامچاتكا "Kamtschatka" دەتوانێ جێی سەنگاپوور بگرێتەوە.

بە شێوەیەكی هاوچەشن بارودۆخی تاقمێك لە وڵاتان باشتر لەوانیتر دەبێ ئەگەر فوسیل و كانزا سروشتییەكان لە لایەن وزەی نوێوە جێیان پڕ بكرێتەوە. وڵاتانی چین، ژاپۆن و كورەی باشوور كە پێویستییان بە پاژیكی گەلێك زۆر هاوەردەی نەوت و گاز هەیە، گەلێك خۆشحاڵ دەبن خۆیان لەژێر ئەو قورساییە ئازاد كەن. بە پێچەوانە ڕوسیا، ئێران و عەرەبستانی سعوودی كە بارودۆخی ئابووریيان بە هەناردەكردنی نەوت و گازەوە بەستراوەتەوە، بارودۆخی ئابووریيان تێكدەڕووخێ ئەگەر تیشكی خۆر و با، جێی نەوت و گاز بگرنەوە.

ئەزموونەكەی ئەوە دەبێ: كاتێ نەتەوەی وەك چین، ژاپۆن و كیریباتی "Kiribati"بە تەواوی تواناییانەوە بۆ كەمكردنەوەی "$CO_2$" تێدەكۆشن، نەتەوەكانیتر وەك ئێران و

ڕوسیا كەمتر تامەزرۆیی بۆ ئەو كارە لە خۆیان نیشان دەدەن. تەنانەت لە وڵاتی وەك ئەمریكا كە ڕەنگە بە هۆی گۆڕانی كەش و هەوا گەلێك خاڵی نەرێنییان بۆ دروست بكرێ، ناسیۆنالیستەكانیان هێندە بەرتەسك بیر دەكەنەوە كە ناتوانن هەست بەو مەترسییە بكەن. نموونەیەكی بچووك بەڵام بەرچاو لە مانگی ژانویەی ٢٠١٨ ڕووی دا، كاتێ وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ماڵیاتی كەرەسەی وزەی هەتاویی كارخانە بیانییەكانی ٣٠ لە سەد زیاتر كرد بۆ ئەوەی پارێزگاریی لە كارخانە ئامریكاییەكان بكا، سەرەڕای ئەوەیكە ئەو كارە بووە هۆی كەمكردنەوەی خێرایی بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی وزەی نوێ.

بۆمبای ئەتۆمی مەترسییەكی وەها مەزنە كەس ناتوانێ لەبەر چاوی نەگرێ. بە پێچەوانە گۆڕانی كەش و هەوا لە ڕوانگەی مرۆڤەوە مەترسییەكی گەلێك لاواز و ماندووكەرەوە دەنوێنێ. هەر كاتێ لێڕوانینی درێژخایەنی ژینگە ببێتە هۆی قوربانیدانی بە ئازار، لەوانەیە نەتەوەپەرەستان تامەزرۆییان بۆ دانانی بەرژەوەندی نەتەوەیی لە سەرووی كارەكانیترەوە هەبێ و بێنە سەر ئەو بڕیارە پارێزگاری لە ژینگە بكەن یاخود ئەوكارە بە خەڵكی پێشنیار بكەن. ئاڵترناتیڤ بۆ ئەو كارەیان دەشتوانن حاشا لە كێشەكە بكەن. ئەو كارە بە هەڵكەوت نییە كە ڕەخنەگرانی كەش و هەوا زیاتر لە بەرەی ناسیۆنالیستە ڕاستەكانن. سوسیالیستە چەپەكان كەمتر لە مێدیاكاندا باس لەوە دەكەن كە گۆڕانی كەش و هەوا "دۆزراوەیەكی چینییە". بەو هۆیەی هیچ وەڵامێكی ناسیۆنالیستی بۆ كێشەی گۆڕانی كەش و هەوا بوونی نییە، تاقمێك لە سیاسەتوانە ناسیۆنالیستەكان لەسەر ئەو باوەڕەن كە كێشەكە هەر بوونی نییە.

## كێبەركێی تێكنۆلۆژیا

زانستی تێكنۆلۆژیا وەك كێبەركێی دینامیک لەوانەیە لە پەنا كێبەركێی ئەتۆمی و كێبەركێی ئۆكۆلۆژیک هەر ژاربڕێكی نێونەتەوەیی دژ بە سێهەم ڕەخسانی مەترسیداری سەدەی بیست و یەكەم واتە تێكچوون و شێواندنی پێشكەوتنخوازی هەرەس پێ بێنێ. هەر وەك لە بەشەكانی پێشوودا خوێندمانەوە تێكەڵاویی و ئاوێتەبوونی نێوان تێكنۆلۆژیای زانستی و بیۆتێكنۆلۆژی دەرگایەكی زۆر لەسەر سناریۆی "تووناكردن" ئاواڵە دەهێڵێتەوە، هەر لە دیكتاتۆری دیجیتالییەوە هەتا پێكهێنانی حكوومەتی بێ كەڵكی گلۆبالی. بابزانین وەڵامی ڕێكخراوە نەتەوەپەرەستیەكان بۆ ئەو هەڕەشەلێكردنە چییە؟

لەڕاستیدا نەتەوەپەرەستان بۆ ئەو پرسیارە هیچ وەڵامێكیان نییە. هەر وەك تەوەری گۆڕانی كەش و هەوا، نەتەوەپەرەستان بۆ پرسیاری سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەرەسهێنانی تێكنۆلۆژیاش هیچ وەڵامێكیان پێ نییە. لەو ڕوانگەیەوە تاقیكاریی و پێشكەوتوویی، تایبەت بە هیچ وڵاتێك نییە، تەنانەت زلهێزێكی وەك وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاش ناتوانێ بە تەنیایی ئەو بوارە سنووردار كاتەوە. ئەگەر حكوومەتی ئەمریكاش گۆڕانكاریی ژێنێتیكی قەدەغە بكا، زانایانی چینی یاخود وڵاتانیتر درێژە بەو كارە دەدەن. ئەگەریش ئەزموونی ئەو تاقیكارییانە بۆ وێنە لە وڵاتی چین ببێتە هۆكار بۆ بەرژەوەندی نیزامی یا ئابووری، بە دڵنیاییەوە وڵاتی ئەمریكاش دەست لە قەدەغەكردنەكەی هەڵدەگرێ. بەتایبەت لە جیهانێكدا كە ترس لە هەنبەر بێگانە پەرە بستێنێ، بەربەرەكانی نێوان نەتەوەكان بەوشێوەیە دەبێ: ئەگەر تەنیا تاقە وڵاتێك بڕیار بدا لە ڕێگایەكی پڕ لە مەترسی بەڵام بەهەرەمەندەوە هەنگاو بۆ تێكنۆلۆژیای مەترسیدار هەڵێنێتەوە، وڵاتانیتر ناچار دەكرێن هەمان كار بەڕێوەبەرن، چونكە بە دڵنیاییەوە هیچ وڵاتێك نایەوەی دواكەوتوو بمێنێتەوە بۆ پێشگریكردن لەو

ڕووداوانە بە ئەگەری زۆر مرۆڤایەتی پێویستیی بە چەشنە ناسنامەیەکی وەفاداریی جیهانی دەبێ.

سەرەڕای ئەوەش هاوکات لەگەڵ ئەوەی شەڕی ئەتۆمی و گۆڕانبەسەرداهاتنی کەش و هەوای جیهانی تەنیا هەڕەشە لە مانەوەی فیزیکی مرۆڤ دەکەن، تێکنۆلۆژیای وێرانکەر دەتوانن کەسایەتی و جەوهەری مرۆڤ تێکدەن و شوێنی خۆیان لەسەر قووڵترین باوەڕی ئایینی و ئەخلاقی هەبێت. هاوکات لەگەڵ ئەوەی هەموو مرۆڤێك لەسەر ئەو بۆچوونەن کە دەبێ پێش بە شەڕی ئەتۆمی بگیرێ و کاولکردنی ژینگە ڕاوەستێندرێ، ڕوانگەی گەلێك جیاواز لەسەر ئەو بۆچوونە هەیە کە ئایا بۆ نۆژەنکردنەوەی چۆنیەتی ژیانی مرۆڤ و پێشکەوتنخوازی دەبێ کەڵك لە ژێری دەستکرد و بیۆتێکنۆلۆژیا وەرگیرێ؟ ئەگەر مرۆڤایەتی لە هەنبەر پێکهێنانی پرەنسیپی ئەخلاقی و ڕێزگرتنی جیهانی هەرەس بێنێ، ئینجا ڕێگا بۆ کاولکاریی و تووناکردنی جیهان خۆش دەکرێ.

ئەگەر باسەکە لەسەر ئەوەبێ، پرەنسیپێکی ئەخلاقی دامەزرێ، پلان و فانتازیای نەتەوەپەرەستان لە هەموو لایەنەکانیتر لاوازترە. نەتەوەپەرەستان بیر لە کێشەی داگیرکاریی دەکەنەوە کە دەتوانێ سەدان ساڵ درێژەی هەبێ، لە حاڵێکدا شۆڕشی تێکنۆلۆژیای سەدەی بیست و یەکەم تەنیا لە پەیوەندی لەگەڵ جیهانی گلۆبالیدا جێی لێ تێگەییشتنە. دوای چوار ملیارد ساڵ ژیانی ئۆرگانیزمی کە لە لایەن هەڵبژاردەی سروشتییەوە گەشەی ساندووە، زانست قاچی لە سەردەمێکی ژیانی غەیری ئۆرگانیزمی داناوە کە لە لایەن ژێری دەستکردەوە بڕیاری لەسەر دەدرێ.

لەسەر ئەو بڕیارە بە ئەگەری زۆر هۆمۆ ساپییەن خۆی لەناو دەچێ. لەمرۆدا هێشتا ئێمە مەیموونی بنەماڵەی "هۆمۆنید"ین. ئیمە هێشتا ستروکتور و دەرەتانی فیزیکی جەستەیی و لێهاتوویی زەینی هاوچەشنی نئاندرتال و شامپانزەکانمان هەیە بەتایبەت نەك هەر دەست، چاو و مێشکمان وەك هۆمۆنید دەچێ، بەڵکوو چێژ و هەوەس، خۆشەویستی، تووڕەیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشمان لەگەڵ یەکتردا وێچوونێکی سەرسووڕهێنەری هەیە. ڕەنگە مرۆڤ بە تێپەڕبوونی یەك یا دوو سەدە و تێکەڵاوییەك

لە بیۆتێكنۆلۆژیا و ژیری دەستكرد بتوانێ بارودۆخێكی تایبەتی جەستەیی، فیزیكی و زەینی بخوڵقێنێ كە بە ڕاشكاوی جیاوازی لەگەڵ مودێلی هۆمۆنیدەكاندا هەبێ. تاقمێك لەسەر ئەو باوەڕەن كە هەستی خۆناسین دەتوانێ لە هەموو ستروكتورێكی ئورگانیزمی خۆی جیا كاتەوە و لە ڕێگای فەزای مەجازییەوە بە بێ هیچ لەمپەرێكی فیزیكی یا بیۆلۆژیكی هات و چۆ بكا. لە لایەكیتریشەوە دەتوانین ئەزموونی بكەین كە چلۆن هزر و بیر خۆی لە هەستی خۆناسین جیا دەكاتەوە و پەرەسەندنی ژیری دەستكرد دەتوانێ جیهانێك بخولقێنێ كە بە كارتێكەریی تاقمێك مرۆڤی بلیمەت لە لایەن تاقمێك مرۆڤ بە هەستی خۆنەناس و بێ ئاگاییەوە ئیدارە بكرێ. ئاخۆ بۆچوونی نەتەوەپەرەستانی ئیسرائیلی، رووسی یا فەرەنسی سەبارەت بەوە چییە؟ بۆ ئەوەی بتوانین بڕیارێكی ژیرانە لەسەر ژیانی داهاتوومان بدەین، دەبێ بەسەر ڕوانگەی نەتەوەپەرەستیدا زاڵ بین و جیهان و شتەكانی دەوروبەرمان بە شێوەی گلۆبالی یا تەنانەت كەیهانی سەیر بكەین.

## كەشتی فەزایی زەوی

هەركام لەو سێ كێشانە – كێشەی ئەتۆمی، هەرەسهێنانی ژینگە و ئاڵۆزیی پێشكەوتنخوازی – بە تەنیایی بۆ خستنە مەترسیی سەر داهاتووی شارستانییەتی مرۆڤ بەس دەبن. بەڵام كۆی هەرسێكیان پێكەوە قەیرانێكی بێ وێنە پێك دێنن كە هیچ پەیوەندایەتی بەوەوە نابێ مرۆڤ گومانی ئەوە بكا تێكەڵاوی یەكتر بكرێن یاخود یەكتر بەهێز بكەن. بەو شێوەیەی ئیمە لەمڕۆدا دەیزانین بۆ وێنە قەیرانی هەرەسهێنانی ژینگە هەڕەشەی مەترسیدار لەسەر ژیانی بوونەوەران دەكا، بەڵام پەرەسەندنی ژیری دەستكرد و بیۆتێكنۆلۆژی ناتوانن پێش بەوە كارەساتە بگرن. هەر كەس لەسەر ئەو هیوایە بێ بەرزبوونەوەی ئاوی زەریاكان، كەمبوونەوەی ماكەی سەرەتایی و كۆچی بەربڵاوی مرۆڤی بیانی لە هەموو گۆشەكانی ئەم جیهانە ببنە هۆكار بۆ سەرنجیراكێشانی ئێمە بۆ ئالگاریتم و "ژێن"ەكان، دەبێ جارێكیتر بە ووردی بیری لێ بكەنەوە. ئەگەر قەیران و كارەساتی تووناكردنی ژینگە لەوە زیاتر پەرەبستێنێ، بە ئەگەری زۆر گومانی گەشەسەندنی ئاڵۆزی پێشكەوتنخوازی مەترسیدار دەكرێ.

لەڕاستیدا دەتوانێ گۆڕانی كەش و هەوا هەمان دەور بگێڕێ كە شەڕی یەكەم و دووهەم جیهانی گێڕایان. لە نێوان ساڵانی ١٩١٤ تا ١٩١٨ و دواتر لە نێوان ١٩٣٩ تا ١٩٤٥دا پەرەسەندنی تێكنۆلۆژیا ئەزموونیكی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی چونكە نەتەوەكان كە لە شەڕی مان و نەمان چەقیبوون هەر چەشن قایمكاری و دوورەپەرێزیی ئابوورییان وەلا نا و سەرچاوەیەكی گەورە و مەزنی كانزاییان بۆ بەڕێوەبردنی پڕۆژەی بوێرانە بۆ پەرەپێدانی ژیان سەرمایەگوزاری كرد. زۆربەی ئەو چەشنە پڕۆژانە هەرەسیان هێنا بەڵام تاقمێكیان بوونە هۆی بەرهەمهێنانی تانك، رادار، گازی ژەهراوی، فڕۆكەی شەڕ، راكێت و بۆمبای ئەتۆم. بە هەمان شێواز نەتەوەكان دەیانتوانی لە ئەگەری كارەساتی تووناكردنی ژینگە سەرمایەی خۆیان بۆ گەشەسەندنی پێشكەوتنخوازی تەرخان بكەن. دیارە مرۆڤایەتی لەسەر بەڵگەیەكی

زۆر ژمارێكی گەلێك بەرچاوی هێزی پاشەكەوتكراو بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ژێری دەستكرد و بیۆتێكنۆلۆژی لە توانایدا هەیە، بەڵام لە سەردەمی قەیراندا بەردەوام مرۆڤ خۆی توشی كاری گەلێك مەترسیدار دەكا. جا مرۆڤ هەر بیرۆكەیەكی لەسەر ئاڵۆزیی تێكنۆلۆژیا هەبێ دەبێ زۆر بە ساكاری لەخۆی پرسیار بكا ئایا ئەو ئاڵۆزییە بەرگری دەكا لە گۆڕانبەسەرداهاتنی كەش و هەوا كە دەبێتە هۆكار بۆ پچڕانی زنجیرەی ماكەی خواردەمەنی گلۆبالی، شارەكانی پەنا ئاوی زەریاكان هەموو بخاتە ژێر ئاو و سەدان ملیۆن مرۆڤ ناچار بە پەنابردن بۆ سنووری وڵاتانیتر بكات؟

ئاڵۆزیی تێكنۆلۆژیا هەمیسان بە نۆبەی خۆیان دەتوانن پەرە بە شەڕی جیهانی بدەن چونكە نەك هەر دەبێتە هۆكار بۆ بەرزبوونەوەی ئاڵۆزیی گلۆبالی بەڵكوو هاوسەنگی هێزدارانی ئەتۆمیش لاواز و لەرزۆك دەكا. لە ساڵانی ١٩٥٠كانەوە هێزدارانی جیهانی لە بەربەرەكانی دژ بەیەكتر دووری دەكەن چونكە هەموویان دەزانن شەڕی ئەتۆمی نێوانیان دەتوانێ بۆ هەموو لایەنەكانماڵوێرانكەر بێ. بەڵام ئەگەر چەشنێكی نوێ لە چەكەمەنی هێرشكاریی – و بەرگریی لە جیهاندا پێك بێ، دەتوانێ هێزێكی نوێی تێكنۆلۆژیای جیهانی لێ دروست بێ و مرۆڤ بێنێتە سەر ئەو باوەڕە كە دژبەرەكانی خۆیان بە بێ تاوان توونا بكەن. بە پێچەوانە دەشتوانێ هێزێك یا وڵاتێكی لاواز لە ترسی توونا بوونی بێتە سەر ئەو باوەڕە پێش ئەوەی هێزە ئەتۆمییەكی پووچەڵ بكرێتەوە دژ بە وڵاتانیتر كەڵكی لێ وەرگرێ. بە شێوەی نەریتی كێبەركێی ئەتۆمی نێوان هێزداران مرۆڤ وەبیر یاری شەترەنج دێننەوە. بەڵام چی دێتە پێشەوە كاتێ یاریكەران بە یارمەتی هێرشی سایبری "Cyborgs" كونترۆڵ بەسەر فیگۆڕی دژبەرانیاندا بگرن و كەسێكی نەناسی سێهەم، فیگۆری خۆی لەسەر مەیدانی یارییەكە ئاڵوگۆر پێ بكا بە بێ ئەوەی كەسێكیتر ئاگاداری بێ و هەڵوێستی لەهەنبەردا بگرێ – یاخود بەرنامەی "AlphaZero"ی شەترەنجی گووگل لەجیاتی یاری ئاسایی شەترەنج دەست بكا بە یاری ئەتۆمی؟

بە هەمان شێواز كە كێبەركێی جیاواز دەتوانن بە شێوەی دوولایەنە یەكتر بەهێز بكەن، بە هەمان شێوازیش ویستی خێرخوازانە كە لە ڕوانگەی كێبەركێی هێزدارییەوە بە گونجاو دابنرێ بەهۆی كێشەكانەوە لە جبهەیەكیتردا هەوڵی چارەسەر كردنی بۆ

بدرێ. ئەو وڵاتانەی لە شەڕی چەكدارانەدا گیریان كردووە بە ئەگەری زۆر ڕازی نابن پەرەپێدان بە ژێری دەستكرد بوەستێنن، هەروەها ئەو وڵاتانەی تامەزرۆییان بۆ دەسكەوتە تێكنۆلۆژیاكان بۆ وەپێشكەوتنیان لە وڵاتە پێشكەوتنخوازەكان هەیە، گەلێك دژوار دەكرێ لەسەر بەرنامەی هاوبەش بۆ بەربەرەكانی لە هەنبەر گۆڕانی كەش و هەوا قانع بكرێن. تا ئەو كاتەی وڵاتانی جیهان دژ بە یەكتر بمێننەوە، بەربەرەكانی لەهەنبەر سێ كێشە: كێشەی ئەتۆمی، هەرەسهێنانی ژینگە و ئاڵۆزیی پێشكەوتنخوازی گەلێك دژوار دەبێ و هەرەسهێنانی یەك لەو گۆڕەپانانە دەتوانێ كارەساتێكی مەزن پێك بێنێ.

ئەو شەپۆلە ناسیۆنالیستییەی جیهانی داگرتووە ناتوانێ كاتژمێری ساڵانی ١٩٣٩ یا ١٩١٤ بۆ دواوە بگەڕێنێتەوە. زانستی تێكنۆلۆژیا بە دروستكردنی گەلێك كێشە و هەڕەشە لەسەر بوونی ژیان لەم جیهانە كە هیچ وڵاتێك بە تەنیایی ناتوانێ بەربەرەكانی لە هەنبەردا بكا گۆڕانی بەسەر هەمووشتێكدا هێناوە. دوژمنێكی هاوبەش باشترین كاتالیزاتۆرە بۆ پێكهێنانی ناسنامەیەكی وەك یەك و مرۆڤایەتی لەمڕۆدا لانی كەم سێ دوژمنی لەسەر ڕێگایە – شەڕی ئەتۆمی، گۆڕانی كەش و هەوا و ئاڵۆزیی تێكنۆلۆژیا. ئەگەر مرۆڤ سەرەڕای ئەو سێ كێشە و دوژمنە هاوبەشانەیان خۆیان لەگەڵ یەكتر ڕێك نەخەن و بێنە سەر ئەو بڕیارە وەفاداری و هۆگرییان بۆ نەتەوەكانی خۆیان لە سەرووی هەموو شتێكیترەوە دانێن، ئاكامی گەلێكماڵوێرانكەرتر و كارەسات هێنەرتر لە ساڵانی ١٩٣٩ یا ١٩١٤ دەبێ.

چلۆنایەتی ڕێگایەكی بە ڕاشكاوی باشتر بۆ بەربەرەكانی لەگەڵ ئەو كێشانە دەتوانین لە یاسای سەرەكی ئورووپادا بخوێنینەوە. لەوێدا ئاوا هاتووە، مرۆڤ دڵنیایە "نەتەوەكانی ئورووپایی سەرەڕای شانازیكردن بە ناسنامەی نەتەوەیی و مێژوویان، هاتوونەتە سەر ئەو بڕیارە بەسەر كێشە و بەربەرەكانییە كۆنەكانیاندا زاڵ بن و چارەنووسی خۆیان بۆ سەركەوتوویی لێك گرێ بدەن". ئەوە بەو مانایە نییە هەموو ناسنامە نەتەوەییەكان لەناو ببرێن، دەست لە هەموو داب و نەریتێكی ناوچەیی و خێڵەكی هەڵگرن و مرۆڤایەتی لە كۆمەڵێكی بۆری وەك یەكدا بتوێننەوە. هەروەها ئەو كارە بە مانای سووكایەتیكردن بە نەتەوەپەرەستیش نییە. لەڕاستیدا یەكیەتی ئورووپا

بە دابینكردنی سپەرێكی نیزامی و ئابووری بۆ ئەو قورنەیە هاوكات نەتەوەپەرەستی خۆماڵی لە ناوچەكانی وەك فلاندر، لۆمبادی، كاتالۆنیا و سكاتلەندی پەرە پێداوە. وێناكردنی وڵاتێكی سەربەخۆی وەك سكاتلاند و كاتالۆنیا گەلێك دڵگیرتر و دڵڕفێنترە ئەگەر مرۆڤ ترسی لە هێرشی وڵاتی ئاڵمان بۆ سەر وڵاتانی تر نەبێ و كاتێ پلاتفۆڕم یا گۆڕەپانێكی هاوبەش لە هەنبەر گەرمبوونەوەی كەش و هەوای زەوی و مەترسییەكانیتردا پێك بێنبێ.

كەوابوو ئەو كارە بارودۆخ بۆ ناسیۆنالیسمی ئورووپایی گەلێك خۆش دەكات. بەڵام سەرەڕای باس و لێكۆڵینەوە بۆ گەڕانەوەی نەتەوەكان بۆ باوەشی یەك، تاقمێكی گەلێك كەمی مرۆڤی نەتەوەپەرەستی ئورووپایی ئامادەن گیانی خۆیان لەو ڕێگایەدا بەخت بكەن. كاتێ سكاتلاندییەكان لە سەردەمی ویلیام والاس "William Wallace" و رۆبێرت برووس "Robert Bruce" لە هەنبەر هێرشكارییەكانی لەندن هەوڵی ڕزگاربوونیان دەدا، دەبوو بۆ ئەو كارە لەشكرێكی نیزامی پێك بێنن. بە پێچەوانە لە ڕاپرسییەكانی ساڵی ٢٠١٤ی سكاتلاندا كە زۆربەیان دەنگی خۆیان بە سەربەخۆیی دا، هیچ كەس نەكووژرا و كارێكی گەلێك نامۆ دەبێ جارێكیتر ناچا بە شەڕ و لەشكركێشی بۆ چارەكردنی ئەو كێشەیە بكرێن. دیارە تێكۆشانی كاتالانەكان بۆ جیابوونەوەیان لە وڵاتی ئیسپانیا بووە هۆی پێكهاتنی تووڕەییەكی زۆر بەڵام بە ڕاشكاوی جیاوازییەكی گەلێك بەرچاوی لەگەڵ شەڕخوازیی بارسێلۆنای سەردەمی ساڵانی ١٩٣٩ یا ١٧١٤ هەبوو.

مرۆڤ هیوادارە وڵاتانیتری ئەم جیهانە لە ئەزموونی ئاشتیخوازیی ئورووپا دەرس وەرگرن. تەنانەت لە پلانیتێكی یەكگرتووشدا جێگا بە ڕادەی گونجاو بۆ مرۆڤی نەتەوەپەرەست دەمێنێتەوە كە ڕێز لە تایبەتمەندیی نەتەوەیی خۆی بگرێ و ئەركە تایبەتییەكانی خۆی لە هەنبەر نەتەوەكەی بەجێ بێنێ. بەڵام ئەگەر ئیمە بمانەوێ لە داهاتوودا گیانی سالم ڕزگار كەین و سەركەوتوو بین، مرۆڤایەتی هیچ ڕێگایەكیتری بۆ نامێنێتەوە جگە لە كامیلكردن و ئاوێتەكردنی وەفاداریی خۆماڵی نەتەوەپەرەستی لەگەڵ ئەركەكانی لە هەنبەر كۆمەڵگایەكی جیهانیدا. مرۆڤێك دەتوانێ هاوكات لە هەنبەر بنەماڵە، هاوسێكانی، كارەكەی و نەتەوەكەی وەفادار بمێنێتەوە – بۆچی دەبێ

مرۆڤایەتی نەتوانێ ئەو ڕوانگانەی لەسەر پلانیتی زەوی پەرە پێ بدا؟ دیارە كاتێ هەمەڕەنگی وەفادارییی نەتەوەیی لەم جیهانە بوونی هەبێ كارێكی سروشتییە ڕەنگە كێشەشی بەدواوە بێ، بەڵام كێ دەڵێ ژیان كارێكی ساكارە؟ دەبێ مرۆڤ هەوڵی سەبووری بدا و لەگەڵیدا ژیان بكا.

لە دەیەكانی ڕابردوودا ناسنامەی نەتەوەیی پێكدەهاتن چونكە مرۆڤ چەشنە كێشە و ئاڵۆزییەكیان لەسەر ڕێگادا لێ قوت ببۆوە كە لە چوارچێوەی خۆماڵیی گەلێك زیاتر تێپەڕیبوو و مرۆڤ هیوادار بوو تەنیا لە ڕێگای پانتایی و سەرانسەریی وڵاتەكەوە چارەی بۆ بدۆزێتەوە. لە سەدەی بیست و یەكەمیشدا هێشتا نەتەوەكان لە بارودۆخی سەردەمی پێشویاندان: ئەوان ئیتر چواچێوەیەكی گونجاو بۆ بەربەرەكانی لە هەنبەر گرنگترین كێبەركێی كاتیدا نین. ئێمە پێویستیمان بە ناسنامەیەكی گلۆبالی هەیە چونكە ئیتر نەتەوەكان بە تەنیایی لە بارودۆخێكدا نین بتوانن لە هەنبەر ئەو كێشە جیهانیانەی لەسەر ڕێگامان قوت بوونەوە و پەیوەندی بە هەموومانەوە هەیە، خۆڕاگری بكەن و چارەی بۆ بدۆزنەوە. ئێمە لەمرۆدا ژینگە، بارودۆخێكی ئابووری و زانستێكی گلۆبالی وەك یەكمان هەیە – بەڵام بە داخەوە ئیمە هێشتا لە سیاسەتی نەتەوەیی چەقیوین. ئەو جیاوازییە پیش بەوە دەگرێ سیستەمی سیاسی كارتێكەری لەسەر كێشە سەرەكییەكەی هەمووومان هەبێ. بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتێكی كارتێكەر یا دەبێ ئیكۆلۆژی، ئابووری و پێشكەوتوویی زانستی بە جیهانی بكرێ – یاخود دەبێ سیاسەتی جیهانیمان وەك یەك لێ بكەین. لەو ڕوانگەیەوە كە بە جیهانیكردنی ئێكۆلۆژی و پێشكەوتوویی زانستی كارێكی گەلێك نەگونجاوە، هەروەها كونتڕۆڵی خەرج و تێچوونی ئابووری جیهانی بۆ ئەو كارە گەلێك دژوارە، تەنیا ڕێگای ڕاستەقینەی بۆمان دەمێنیتەوە سیاسەتی هاوبەشە. ئەوە بە مانای پێكهێنانی"حكوومەتێكی جیهانی" نابێ – ئەو كارە ڕوانگەیەكی گومانكراو و خەونێكی ناڕاستەقینەیە. بە جیهانی كردنی سیاسەت زیاتر بەو مانایە دەبێ بزووتنەوە و چالاكیی سیاسی هەركام لە وڵاتەكان و تەنانەت سیاسەتی شارە تایبەتییەكانیش گرنگایەتی زیاتر بە كێشە و بەرژەوەندییەكانی جیهانی بدەن. هەستی نەتەوەپەرەستی لێرەدا زۆر دژوار دەتوانێ یارمەتیدەر بێ. كەوابوو باشتر وانییە یارمەتی باوەڕ بە سیاسەتێكی جیهانی بدەین و هەموو نەتەوەی ئەم جیهانە لێك

نیزیك بكەیەنەوە؟ چەند سەدە پێش ئێستا ئایینی وەك مەسیحی و ئیسلام لە گرووپ و دەستەی جیهانی و نەك خۆماڵیدا بیریان دەكردەوە و بەردەوام تامەزرۆییان بۆ پرسیارە سەرەكییەكان لەخۆیان نیشان داوە و سەرنجیان بە پرسیاری خۆماڵی ئەم یا ئەو نەتەوە نەدەدا. بەڵام ئایا ئەو ئایینە نەریتییانە هیچ ڕۆڵێك لە ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤدا دەگێڕن؟ ئایا هێشتا ئەو هێزەیان هەیە بتوانن گۆڕان بەسەر سیاسەتی جیهانیدا بێنن یا تەنیا هەڵگری بیرەوەرییەكانی سەردەمی تەپلۆسی و تەوەزەلی ڕابردووی مرۆڤن و تۆپی یاریی دەستی حاكمانی هێزداری حكوومەتە مودێڕنەكان، بارودۆخی ئابووریی مودێڕن و پێشكەوتنخوازین.

## ئەركی هەشت: ئایین

### ئایین، ئێستا خودا لە خزمەت بە نەتەوەكاندایە

تا ئەمڕۆ ئیدیۆلۆژییە مودێرنەكان، پسپۆڕانی زانستی و حكوومەتە نەتەوەپەرستەكان نەیانتوانیوە پلان یاخود دووردیمەنێك بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی گەڵاڵە بكەن. ئایا دەكرێ خەونێكی ئەوتۆ لە چاڵی قووڵی بیر و باوەڕی مرۆڤەوە سەرچاوە بگرێ؟ لەوانەیە وەڵامی ئەو پرسیارە ماوەیەكی زۆر بێ لە شوێنێكی پەرتووكەكانی ئینجیل، قورئان یا تەوراتدا خۆیان حەشار دابێ.

بە ئەگەری زۆر مرۆڤی سێكۆلار ئەو بۆچوونە بە چاوێكی گاڵتە جاڕانە یا نگەرانییەوە سەیر دەكەن. كتێبە پیرۆزەكان ڕەنگە لە سەردەمەكانی سەدەی ناوەڕاست گەلێك ئاوێتەی ژیانی خەڵكی بووبن، بەڵام چلۆن بتوانن لە سەردەمی ژیری دەستكرد، بیۆتیكنۆلۆژیا، گۆڕانی كەش و هەوا و شەڕی سایبری ئێمە یارمەتی بدەن؟ بەڵام دەزانین مرۆڤی سێكۆلار لەسەر ئەم هەردە كەمینەن. ملیاردان مرۆڤ هێشتا هەر باوەڕی ئایینیان بە ئینجیل و قورئان هەیە و بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ تیئۆری گەشەسەندن؛ بزووتنەوە ئایینییەكان هێشتا هەر بڕیار لەسەر بارودۆخی سیاسی وڵاتانی وەك هیندوستان، توركیا و وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەدەن؛ و دوژمنایەتی ئایینی لە نیجیریاوە هەتا فیلیپین كێشە و شەڕخوازی لە نێوان مرۆڤ پێك دێنن.

كەوابوو ئایینی وەك مەسیحی و ئیسلام یا هیندوو لەمڕۆدا تا چ ڕادەیەك بۆ كۆمەڵگا و مرۆڤ گرنگایەتییان هەیە؟ ئایا دەتوانن بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەی ئەو كێشە سەرەكییانەی لە سەر ڕێگامان قوت بوونەوە یارمەتیدەرمان بن؟ بۆ هەستكردن بە

ڕۆڵی ئایینە نەریتییەکان لە جیهانی سەدەی بیست و یەکەمدا دەبێ سێ چەشن کێشە لێك جیا کەینەوە:

**یەکەم: کێشەی تێکنیکی:** بۆ وێنە چلۆن دەتوانن وەرزێرانی وڵاتانی ئیشك و بێ ئاو لە هەنبەر ئیشکساڵییدا خۆڕاگری بکەن، کە بەهۆی گۆڕانی کەش و هەوا پێکهاتووە؟

**دووهەم: کێشەی سیاسی:** حکوومەتەکان لە سەرەتاوە چ هەڵس و کەوتێك لە هەنبەر گۆڕانی کەش و هەوا دەتوانن بنوێنن؟

**سێهەم: کێشەی ناسنامەیی:** بۆ وێنە ئایا ئێمە دەبێ خۆمان بە کێشەی وەرزێرانی ئەو سەری دنیاوە خەریك بکەین یاخود تەنیا خەمی کێشەی وەرزێرانی نەتەوە و وڵاتەکەی خۆمان بخۆین؟

هەر بەو شێوەیەی لە ژێرەوە دەیبینین ئایینە نەریتییەکان بۆ کێشەی تێکنیکی و سیاسی هیچ گرنگایەتییەکیان نییە. بە پێچەوانە، بۆ کێشەی ناسنامەیی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن – بەڵام لە زۆربەی حاڵەتەکاندا خۆیان زیاتر کۆڵەکەیەکی قایمی ناوەندین بۆ دروستکردنی کێشەکان هەتا چارەکردنیان.

**کێشەی تێکنیکی: وەرزێری مەسیحی**

لە سەردەمی پێش مودێرنییەتدا ئایینەکان بەرپرس بۆ چارەکردنی کێشەی جۆراوجۆری فەننی وەرزێران لە ناوچە دواکەوتووکان بوون. ساڵنامەی خودایی دیارییان دەکرد کەنگێ دانەوێڵە داچێنرێ و کەنگێ بەرهەمەکانیان کۆبکرێنەوە، هاوکاتیش لەڕێگەی ڕێوڕەسمی پەرستگاکانەوە بارانیان پێکدێنا و بەرگرییان لە نەخۆشییەکان دەکرد. ئەگەر بەهۆی ئیشکساڵی یا هێرشی مێروو قەیرانێکی وەرزێری پێك بهاتایە، وەرزێران لەوپەڕی بێ دەسەڵاتیدا پەنایان بۆ مرۆڤی ئایینی دەبرد بۆ ئەوەی لە خودا بپاڕێنەوە و دۆعایان بۆ بکەن. تەنانەت زانستی پزشکیش کەوتبووە ناو بازنەی ئایینییەوە. هەر پێغەمبەر، مورشد یا مالم، وەك چارەکەری نەخۆشیەکان چالاکییان دەکرد. بەو شێوەیە عیسا کاتێکی زۆری تەرخان کردبوو نەخۆشەکان ساغ کاتەوە، کوێرەکان هەمیسان ببینن، کەڕولاڵ بتوانن قسە بکەن و گوێیان لێ بێ و شێت

و ڕەوانییەكان ئاسایی بكاتەوە. هیچ جیاوازی نەبوو مرۆڤ لە میسری كەون یا سەردەمەكانی سەدەی ناوەڕاستی ئورووپا ژیانی كردبێ: ئەگەر مرۆڤ نەخۆش كەوتبایە، زیاتر دەچوونە لای شێخ و مرۆڤە ناسراوە ئایینییەكان هەتا لای دوكتور، و لەجیاتی چوون بۆ نەخۆشخانە زیاتر دەچوونە ناو پەرستگا، زیارەتگا و خانەقای شێخەكانەوە. لەمڕۆدا بۆ چارەكردنی نەخۆشییەكان بوونەوەرناسان و دوكتوران جێگای مرۆڤی ئایینیان گرتۆتەوە. ئەگەر لەمڕۆدا بۆ وێنە كول لە هێرش بۆ سەر زەوی وەرزێرێك لە وڵاتی میسر بكەن لەوانەیە داوای یارمەتی لە خوداش بكەن – بۆچی نا؟ بەڵام هاوكات دەشزانن مرۆڤی زانای زانستی كیمیایی، مێژووناس و زانایانی ژێنێتیكی بۆ یارمەتی لەناوبردنی ئەو بەڵایانە و پەرەپیدان بە بەرهەمی زیاتر دەتوانن یارمەتیان بدەن. منداڵی مرۆڤێكی ئایینی هیندوو نەخۆشیی سورێژە بگرێ لەوانەیە بیباتە سەر قەبری مرۆڤێكی ناوداری ئایینی و شیرینی و گۆشتی بۆ قوربانی بكا و لەناو هەژاراندا بڵاوی كاتەوە – بەڵام بە دڵنیاییەوە هاوكاتیش دەیباتە لای دوكتور تا واكسێنی سوورێژەی لێ بدەن. تەنانەت نەخۆشیی دەروونی – وەك سەنگەری دوایینی دەرمانكەرانی ئایینی، خۆیان دەخەنە بەر دەستی زانایانی ئەو بوارە و نیۆرۆلۆژی جێگای جندۆكەلۆژی گرتۆتەوە و لە جێگای جندۆكە گرتن، دەرمانی پرۆزاك "Prozac" دۆزراوەتەوە. لەمڕۆدا زانست بە شێوازێك پەرەی سەندووە كە تەنانەت گۆڕانی بەسەر وێناكردنی ئایینی مرۆڤدا هێناوە. ئیتر پەیوەندایەتی نێوان ئایین و بارودۆخی ئابووری یا نەخۆشییەكان و زانستی پزشكی گەلێك ئاساییە. تەنانەت بیرمەندانی ئایینیش لەمڕۆدا لەژێر خەمۆكی گشتیدا ئازار دەكێشن و هەوڵ دەدەن لەبیرخۆیانی بەرنەوە كە ئایینە نەریتییەكان تا ئێستا لەو بوارانەدا چالاكییان كردووە. فناتیكە ئایینییەكان دەڵێن: "كێشە نییە ئەگەر ئێمە گوێڕایەڵی ئەندازیاران و دوكتووران بكەین؟" ئەو كارە هیچ شتێك ناسەلمێنێ، لەڕاستیدا ئایین چ پەیوەندییەكی بە بارودۆخی ئابووری یاخود پزشكییەوە هەیە؟

ئەگەر بڕێك مەنتیقی بیر بكەینەوە، ئایینە نەریتییەكان بۆیە چوارچێوە و مەیدانی چالاكییەكانیان بەتایبەت لە بواری ئابووری و پزشكیدا لە دەست داوە، چونكە بە درێژایی مێژوو لەو بوارانەدا سەركەوتوو نەبوون یا ڕێگاچارەیەكی باشیان بۆ

نەدۆزراوەتەوە. زانستی ئانالیزە، پشكنین و ڕێ چارەی مرۆڤی ئایینی هەرگیز بۆ بارینی باران یا چاككردنەوەی نەخۆش كارتێكەر نەبوون، ئەوان هیچكات نە پێشبینیان كردووە و نە تەلیسمیان شكاندووە بەڵكوو تەنیا لێكدانەوە و ماناكردنەوە بووە. مرۆڤی ڕۆحانی كەسێك نییە بزانێ چلۆن سەمای باران بەڕێوەدەچێ و چلۆن ئیشكسالی كۆتایی پێ دێ. مرۆڤی ڕۆحانی كەسێكە دەزانێ هۆكار ساز كا، بۆچی سەمای باران كارتێكەری نەبووە و بۆچی دەبێ باوەڕمان بە خودا هەبێ، خودایەك كە تا ئەمڕۆ لە هەنبەر هەموو دۆعاكانی مرۆڤ كەڕ و لاڵ ماوەتەوە.

بەڵام ماناكردنەوە تەواو ئەو لێهاتووییە مەزنەیە كە بەرپرسانی ئایینی لە دژایەتیكردن لەهەنبەر زانایان دەخاتە ژێر زیان و خەسارەوە. تەنانەت زانایانیش دەزانن چلۆن و كەی بەڵگەكان ساغ كەنەوە و بە ڕووداوەكانیەوە بنووسێنن بەڵام لە كۆتاییدا بە پێی تاقیكاریی و پشكنینی بەردەوام ئەوە ڕاستییەكانن كە سەردەكەون. بەو هۆیانەوە زانایان بە پێی كات و ئەزموون، فێر دەبن بە چ شێوازێك و لە چ بارودۆخێكدا دانەوێڵەی جیاواز بچێنن، و چلۆن دەرمانی باشتر بدۆزنەوە، لە حاڵێكدا مرۆڤی ئایینی فێر كراون چلۆن ڕێگای دەربازبوون لەو باسانە بدۆزنەوە. دوای سەدان ساڵ تەنانەت ئیماندارانی ڕاستەقینەش هەستیان بەو جیاوازییە كردوە و بە پێی كات خۆیان لەو بوارانەدا كێشاوەتە دواوە. ئەوە خۆی بەڵگەیە بۆ ئەو بۆچوونە كە بۆچی هەموو جیهان بە شێوەی بەرزبوونەوە بۆتە شارستانییەتێكی یەكگرتوو. ئەگەر شتەكان لەڕاستیدا و بە كردەوە بەڕێوەبچن، هەموو كەسێك كەڵكیان لێ وەردەگرێ و متمانەیان پێ دەكات.

## كێشەی سیاسی: ئابووری ئیسلامی

لە حاڵێكدا زانست وەڵامی گەلێك ڕوون و ئاشكرا لەسەر پرسیاری تێكنیكی دەداتەوە، بۆ وێنە چلۆن بەربەرەكانی لە هەنبەر نەخۆشیی سورێژە دەكرێ، بۆچوونیكی گەلێك جیاواز لەسەر كێشە سیاسییەكان لە ناو زانایاندا بوونی هەیە. نیزیكەی هەموو پسپۆرانی جیهان لەسەر ئەو بۆچوونەن كە گۆڕانی كەش و هەوا كێشەیەكی ڕاستەقینەیە، بەڵام لەسەر پرسیاری سەبارەت بە باشترین وەڵامی ئابووری هاودەنگی و یەكدەنگی لە نێوانیاندا بوونی نییە. دیارە ئەوە بەو مانایە نییە ئایینە نەریتییەكان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە یارمەتیدەر بن. نووسراوە كەونەكان بە هیچ شێوازێك ڕێنوێنیكی باش و بەكەڵك بۆ بارودۆخی ئابووری مودێڕن نین، ڕێگای سەرەكی كێشەكان – بۆ وێنە لە نێوان سەرمایەداری و سوسیالیزم – لەگەڵ لێكبڵاوبوونەوەی ئایینە نەریتییەكان وەك یەك سەیر ناكرێن.

بێ شك لە وڵاتانی وەك ئیسرائیل و ئێران مالم (ڕابین) و ئایەتوڵا گوێڕایەڵییان لێ دەكرێ و لەسەر بارودۆخی ئابووری وڵاتەكەیان ئاخافتنی خۆیان دەكەن، و تەنانەت لە وڵاتانی سێكۆلاری وەك وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و برێزیل ڕێبەرانی ئایینی لە دانی ماڵیاتەوە هەتا یاسای ژینگە كارتێكەرییان لەسەر مرۆڤ هەیە. بە چاولێكردنی ووردتر لە باسەكە ڕوون دەبێتەوە كە لە زۆربەی ئەو دۆخانەدا ئایینە نەریتییەكان لە هەنبەر زانستدا بەردەوام هەڵبژاردەی دووهەمن. ئەگەر ئایەتوڵا خومەینی ناچار بە بڕیارێكی گرنگ لەسەر بارودۆخی ئابووری ئێران بكرێ، بە دڵنیاییەوە وەڵامە گونجاوەكەی لەناو پەرتووكی قورئاندا نادۆزێتەوە، چونكە عەرەبی سەردەمی سەدەی حەوتەم هیچ زانیارییەكیان لەسەر كێشە و دەرەتانی ئابووری پیشەسازیی مودێڕن و بازاڕی ئابووری گلۆبالی نەبووە. هەر بەو هۆیەوە ئەو خۆی یا ڕاوێژكارەكانی ئەگەر بیانەوێ پرسیارێكی كاریگەر و باش وەدەست بێنن دەبێ خۆیان بە زانستی ئابووری كارل ماركس، میلتۆن، فریدمەن و فریدریك هایكەوە خەریك بكەن. ئەگەر خامنەیی

بڕیاری زۆرکردنی سوودی بانکی بدا، ماڵیات کەم کاتەوە، مۆنۆپۆلە دەوڵەتییەکان بکا بە کەسیی یا پەیمانێکی نێونەتەوەیی ئیمزا بکا بە کەڵکوەرگرتن لە زانستە ئایینییەکەی دەتوانێ وەڵامی زانستیی ئەو کارانە لەژێر عەبای ئیسلامیدا بە خەڵکی بفرۆشێ. بەڵام لێرەدا چەشنی جل و بەرگ پۆشین هیچ ڕۆڵێك ناگێڕێ. ئەگەر مرۆڤ سیاسەتی ئابووری ئێرانی شیعە لەگەڵ سیاسەتی ئابووری عەرەبستانی سعوودی سوننە، ئیسرائیلی یەهوودی، هیندووی هیندوستان یا ئەمریکای مەسیحی هەڵسەنگێنێ، جیا لە شێوازی بەرگ پۆشانیان هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ.

لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا بیرمەندانی موسوڵمان، یەهوودی، هیندوو و مەسیحی دژ بە ماتریالیزمی مودێرن، دژ بە سەرمایەداری بێ ڕۆح و هێزداریی حکوومەتە فەرمییەکان هەرا و هوریایەکی زۆریان ساز کرد. ئەوان بەڵێنیان دەدا کە ئەگەر تەنیا دەرەتانی ئەوەیان هەبایە هەموو نەخۆشییەکانی مودێرنییەت دەرمان دەکەن و سیستەمێکی ئابووری -کۆمەڵایەتی تەواو جیاواز لەسەر بنەمای بەها واتاییەکانی باوەڕی خۆیان بونیات دەنێن. ئێستا، ئەوان چەندین جار شانسی ئەو کارەیان پێ دراوە. تەنیا گۆڕانێکی بەرچاو کە بۆ باشترکردنی بارودۆخی ئابووری مودێرن پێکیانهێنابێ مانگیکی نیوە (هلال)، خاچێك، ئەستێرەی داوود یا ئۆمی بوودابییەکان لەسەر سەربانە کە هەر هەموویان وەك دۆعا بۆ بارینی بارانن کاتێ باسەکە لەسەر تەوەری ئابووری بێ: عالمانی ئایینی پسپۆر و کارناسێکی تەواون بۆ تەفسیری نوێی تێکستەکان و تەواو ئەو کارەیانە کە لەم بوارەدا بێ مانایی بە کارەکەیان دەدا. لێرەدا جیاوازی نابێ خامنەیی کام سیاسەتی ئابووری هەڵدەبژێرێ، بەڵام بەهۆی لێهاتوویی تەفسیرییەوە دەتوانێ لەگەڵ پەرتووکی قورئان هاوئاهەنگی بکا. ئەو کارە قورئان لە سەرچاوەیەکی زانستی ڕاستەقینەوە بەرەو سەرچاوەیەك بۆ ڕاگرتنی هێزداریی نزم دەکاتەوە. ئەگەر ڕووبەڕووی قەیرانێکی دژواری ئابووری ببنەوە، باشتر وایە پەنا بۆ زانستی کارل مارکس و پسپۆرانیتر بەرن، ئەوان دەتوانن بۆ تێگەیشتن لە سیستەمی ئابووری یارمەتیدەر بن و مرۆڤ دەتوانێ لە گۆشەنیگایەکیترەوە سەیری تەوەرەکان بکا و ڕێگاچارەی بەهێزتر بۆ کێشەکانی بدۆزێتەوە. دوای ئەوەی مرۆڤ وەڵامێکی دۆزییەوە، دەچێتە سەر پەرتووکی قورئان و دوای گەڕانێکی وورد بەدوای سووڕەیەکدا دەگەڕێ کە ئەگەر مرۆڤ بە لێهاتوویی فانتازیکردنەوە بیڕازێنێتەوە،

دەكرێ ڕێگا چارەكەی ماركسی پێ بسەلمێنی. هیچ جیاوازی نابێ كام ڕێگاچارە لەوێ دۆزرابێتەوە – وەك عالمێكی باشی پەرتووكی قورئان مرۆڤ لە بارودۆخێكدا دەبێ وەڵامەكەی پێ بسەلمێنێ.

هەڵس و كەوتێكی هاوچەشن لە ئایینی مەسیحیشدا هەیە. مرۆڤێكی مەسیحی بە هەمان ڕادە كە ئایینییە، دەشتوانێ سەرمایەدار یا سوسیالیست بێ، كاتێ بتوانن تاقمێك گوتەی عیسا مەسیح لەگەڵ گوتەی سیستەمی كۆمۆنیستی لێک گرێدەن. سەرمایەدارانی پیاوچاكی ئەمریكایی لە ماوەی شەڕی ساردا بەردەوام پەرجۆیان دادەتاشی بە بێ ئەوەی یادداشتی لێ هەڵگرن. چەمكی وەك: "ئابووری مەسیحی" یا "ئابووری ئیسلامی" بە ڕاشكاوییەوە بوونی نییە.

دیارە ئێستا ئیدەی ئابووری لەناو پەرتووكی قورئان، ئینجیل دا دەدۆزرێنەوە – بەڵام بەو هۆیەی لەگەڵ دۆخی ئابووری مودێرنی ئەمڕۆیی جیاوازییەكی بەرچاویان هەیە، مرۆڤ دەبێ بەڕۆژ "update" یان بكاتەوە. لێكدانەوەی مهاتما گاندی لە وێداكان "Veden" یا Vedas" بووە هۆی ئەوە كە وڵاتی هیند وەك كۆمەڵێك لە كۆمەڵگای وەرزێریی سەربەخۆ وێنا بكا كە بەرهەمی خۆیان پێكدێنن، بەرهەمەكانیان كەمتر بۆ دەرەوەی وڵات دەنێرن و لە دەرەوەش كەمتر بەرهەمی بیانی دێننە ناو وڵاتەوە. ناودارترین وێنەی گاندی نیشانی دەدا چلۆن بە دەستی خۆی لۆكە هەڵلاجی دەكا و چەرخی هەڵلاجییەكە دەكاتە سیمبولێك بۆ بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە هیندوستان. بەڵام تاراوگەی ئەو خەونە ئاركادییە "Arcadian" زۆر بە ساكاری لەگەڵ ڕاستییەكانی بارودۆخی ئابووری مودێرن یەكتریان نەدەگرتەوە و ئەمڕۆ جیا لە ڕوخساری نوورانیی گاندی لەسەر ملیاردان ئەسكیناسی رووپیە، شتێكیتری لێ بەجێ نەماوە.

تیئۆری مودێرنی ئابووری لەمرۆدا گەلێك گرنگتر و ئاڵۆزتر لە دوگمای نەریتییە و ئێستا تەنانەت كێشەی ئایینی لەسەر شێوازی بارودۆخی ئابووری لێكدەداتەوە، لە حاڵێكدا هیچكەس نەهاتۆتە سەر ئیدە پێچەوانەكەی. بۆ وێنە تاقمێك لەسەر ئەو بۆچوونەن كە نائارامییەكانی باكووری ئیرلەند لە نێوان كاتۆلیك و پرۆتێستانەكان بەهۆی جیاوازی چینایەتی پێك هاتووە. بەهۆی بارودۆخی جیاوازی مێژوویی، چینی

سەرووی باكووری ئیرلەند پرۆتستان و چینی خوارەوە زیاتر كاتۆلیك بوون. ئەو شتەی وا لە یەكەم چاولێكردندا وەك كێشەی نێوان جەوهەر و ناوەڕۆكی مەسیحییەت دەنوێنێ، لە ڕاستیدا كێشەی ئاسایی نێوان هەژار و دەوڵەمەندە. لە لایەكیترەوە كەم كەس لەسەر ئەو بۆچوونەیە كێشە و ناكۆكی نێوان چریكە كومۆنیستەكان و زەویدارانی سەرمایەداری لە باشووری ئەمریكا لە دەیەی ١٩٧٠كاندا لەڕاستیدا سەرپۆشێك بێ بۆ دووبەرەكی قووڵی خواناسی ئایینی مەسیحی.

كەوابوو چ دەبو ئەگەر ئایینەكان ڕووبەڕووی پرسیارە مەزنەكانی سەدەی بیست و یەكەم هاتبانەوە؟ بۆ وێنە پرسیاری ئایا ئیزن بە ژیری دەستكرد بدرێ، بڕیار لەسەر ژیانی مرۆڤ بدا – واتە بڕیار بۆ كەسێك بدا، چ تەوەرێك بخوێنێ، لە كوێ كار بكا و لەگەڵ كێدا زەماوەند بكا. هەڵس و كەوتی ئایینی ئیسلام لە هەنبەر ئەو پرسیارە چ دەبێ؟ ئەدی هی یەهوودییەكان؟ لێرەدا هیچ هەڵس و كەوتێكی "ئیسلامی" یا "یەهوودی" بوونی نییە. مرۆڤایەتی بەسەر دوو بەرەی مەزندا دابەش كراوە – ئەوانەی لایەنگری دانی هێز بە ژیری دەستكردن و ئەوانەی دژ بەو كارەن. ئیسلامی و یەهوودی بە ئەگەری زۆر لە هەردووك بەرەكەدا هەن و پاساو بۆ بۆچوونەكانی خۆیان بە لێكدانەوەی خەیاڵی سوورەكانی ناو پەرتووكی قورئان و تەورات دەدۆزنەوە.

سروشتییە گرووپە ئایینییەكان دەتوانن لەسەر پرسیاری تایبەتی، هەڵس و كەوتێكی گەلێك توندو تیژانەیان هەبێ و ئیدیعا بكەن باوەڕێكی پیرۆز و هەمیشەییان هەیە. لە ١٩٧٠كاندا لە ئەمریكای لاتین عالمانی ئایینی دۆزیبوویانەوە كە بڕێك لە هەڵس و كەوتی عیسا لە هی چێگوارا دەچێ. بە هەمان شێواز بە ساكاری دەكرێ عیسا مەسیح هاوبەش لەگەڵ باسی كێشە و گۆڕانی كەش و هەوای ئەمڕۆیی بكرێ، بەو مانایە كە هەڵس و كەوتی سیاسی ئەمڕۆیی وەك پرنسیپێكی هەمیشەیی ئایینی، كارتێكەری لەسەر ژیانی مرۆڤ دادەنێ.

ئەوە بە چ مانایە و چۆن دەكرێ شی بكرێتەوە: لە ڕاوێژیی تاقمێك قەشەی مەسیحی لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا باس لەسەر خۆڕاگری لە هەنبەر یاسای ژینگە دەكرێ، هاوكاتیش پاپای مەسیحی فرانسیسكۆ لە ژێر ناوی عیسا دژ بە گۆڕانی كەش

و هەوا چالاك دەكرێ(بەو شێوەیەی لە كتێبی "Enzyklika Laudato si" دا دەبینرێ). بە هەمان شێواز ڕەنگە لە ساڵی ٢٠٧٠ جیاوازی سەرەكی لەسەر پرسیاری ژینگە تەنیا ئەوە بێ كە ئایا مرۆڤ لایەنگری كاتۆلیك یا پرۆتستان بێ. بێ شك پرۆتێستانییەكان دژ بە هەر پڕۆسەیەك دەبن كە پێش بە كەمكردنەوەی "$CO_2$"بگرێ، لە حاڵێكدا كاتۆلیكەكان لەسەر ئەو بۆچوونە دەبن كە عیسا خۆی لەسەر ژینگە هەڵس و كەوتی كردووە.

ئەو جیاوازییە تەنانەت بەهۆی ئوتوموبیلەكانیانەوە دیاری دەكرێ. پرۆتستانییەكان ئوتوموبیلی گەورەی بێنزین هەڵلوشەر لێ دەخوڕن و باوەڕدارانی كاتۆلیكی سواری ئوتوموبیلی بچووكی ئەلكتریكی دەبن لە لەسەر داشبوردەكەی دروشمی "پلانێتەكە بسووتێنە - و لە جەهەنەمدا هەڵقرچێ"یان نووسیوە. بەڵام تەنانەت ئەگەر دژبەران بۆ پشتیوانیكردن، خۆیان بە پەرتووكە پیرۆزەكانیانەوە هەڵواسن، سەرچاوەی سەرەكی جیاوازییەكانیان لەسەر تیئۆری مودێرنی زانستی و جووڵانەوەی سیاسیان لە پەرتووكی ئینجیلدا نادۆزنەوە. لەو ڕوانگەیەوە ئایین هیچ شتێكی نوێ لە باسەكانی ئەمڕۆیی ئێمە زیاد ناكا و هەر وەك كارل ماركس دەڵێ: "ئەو كارە شتێك زیاتر لە نما، ڕووكەش یا دیمەنێك نییە".

## كێشەی ناسنامەیی: شوێنەوار بەجێهێشتن لەناو زیخدا

ڕەنگە ماركس زێدەڕۆیی كردبێ كاتێ ڕەدی دەكاتەوە كە ئایین وەك سەرخانێك هێزە مەزنەكانی تێكنۆلۆژیا و ئابووری دەشارێتەوە. تەنانەت ئەگەر ئیسلام، هیندوئیسم یا مەسیحییەت ڕازانەوەیەكی ڕەنگاوڕەنگی ناوماڵێكی مودێرنی ئابووری بایەن، مرۆڤ زیاتر خۆی لەگەڵ دێكۆرِ ڕێكدەخست و ناسنامەی كەسەكان فاكتەرێكی گرنگی مێژوویی دەبوو. هێزی مرۆڤ بەستراوەتەوە بە هالیكاریی گشتی، هالیكاری گشتی بەستراوەتەوە بە پێكهێنانی ناسنامەی گشتی – هەموو ناسنامە گشتییەكانیش لەسەر گێڕاوە خەیاڵییەكان ساغ بوونەوە، نەك لەسەر ڕەوتی ڕاستییە زانستییەكان یا تەنانەت پێداویستیی ئابووری. لە سەدەی بیست و یەكەمیشدا دابەشكرنی مرۆڤ بەسەر ئیسلام و یەهوودی یا ڕووس و لەهستانی هێشتا هەر لەسەر ڕەوتی چیرۆكە ئایینییەكان بەڕێوە دەچێ. هەوڵدان، تێكۆشان و دیاریكردنی ناسنامەی نەتەوەیی و چینایەتی مرۆڤ لە ڕێگای زانستییەوە لە لایەن سوسیال ناسیۆنالیست و كۆمۆنیستەكانەوە زانستێكی مەترسیداریان خوڵقاند و لەو كاتەوە زانایان لەسەر ماناكردنەوەی ناسنامەی سروشتی گەلێك بە پارێزەوە هەڵس و كەوت دەكەن.

دیارە لەسەر ئەو شێوازە، ئایینەكانی سەدەی بیست و یەكەم باران نابارێنن، نەخۆشی چارە ناكەن و بۆمبا ساز ناكەن – بەڵام ئەوان هێشتا هەر بریار بۆ مرۆڤ دەدەن، "ئێمە" كێین، و "ئەوان" كێن، كێ چارە بكەین و كێ بۆمباران بكەین. هەر وەك ئاماژەمان پێ كرد، لە ڕوانگەی كردەوەییەوە جیاوازییەكی بەرچاو لە نێوان ئێرانی شیعە، عەرەبستانی سعوودی سوننە و جوولەكەی ئیسرائیلی بوونی نییە. هەموویان حكوومەتی نەتەوەپەرستی بورۆكراتیكن، هەموویان كەم تا كورت وەدوای سیاسەتی سەرمایەداری كەوتوون، هەموویان لە هەنبەر نەخۆشییەكاندا واكسن لە منداڵەكانیان دەدەن و هەمووشیان بۆ دروستكردنی بۆمبا متمانە بە زانایانی بواری فیزیك و كیمیایی دەكەن. لێرەدا بورۆكراسی تایبەت بە شیعە، سەرمایەداری سوننە یا زانستی تایبەتی

فیزیكی جوولەكە بوونی نییە. كەوابوو چلۆن بتوانین خەمی ئەوە بخوین كە مرۆڤ هەستێكی تایبەتییان تێدا پێك بێ، وەفاداریان بۆ هۆزێك هەبێ و دوژمنایەتی لەهەنبەر هۆزێكتر بەڕێوەبەرن؟

بۆ گرتنەبەری ڕێبازێكی قایم و بەجێهێشتنی ڕێگایەكی دیار لەناو خیزەڵانی مرۆڤایەتی ئایینەكان لە داب و نەریت و ڕەسم و رسوومی جیاواز كەڵكوەردەگرن. شیعە، سوننە و ئورتۆدۆكسی یەهوودی جل و بەرگی جیاواز لەبەر دەكەن، دۆعای جیاواز لە یەك دەخوێننەوە و دووری لە خوڕافاتی جیاواز لە یەك دەكەن. ئەو باوەڕە جیاوازانە زۆر جار ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ پڕ دەكەن لە جوانی و لایەنگرانیان بەرەو دڵۆڤانی و خێرخوازی هان دەدەن. لە رۆژدا پێنج جار دەنگی بانگی مزگەوت بەسەر دەنگی هاتو چۆی بازاڕ، ئیدارە و كارخانەكاندا بەرز دەبێتەوە، موسوڵمانان بۆ پشوودان و دوور خستنەوە لە ناوەڕاستی چالاكیی دنیایی هان دەدا و لەگەڵ ڕاستییەكی هەمیشەیی پەیوەندیان دەدا. هاوسێ هیندووەكانیان لەڕێگای خوێندنەوەی ڕۆژانە و بەڕێوەبردنی مانترا(داب و نەریتی ئایینی) بۆ گەیشتن بە هەمان ئامانج تێكۆشان دەكەن. هەموو ئێوارەیەكی ڕۆژانی هەیینی بنەماڵە جوولەكەكان بۆ خواردنێكی تایبەتی و سپاس و پێزانین بۆ پێكەوەبوون و چێژوەرگرتنیان لەدەوری یەكتر كۆ دەبنەوە. دوو ڕۆژ دواتر لە بەرەبەیانی ڕۆژی یەك شەممەدا گرووپی مۆسیقای كلیسای مەسیحییەكان ژیانی ملیۆنان مرۆڤ پر لە هومێدواری دەكەن و یارمەتی بۆ پەرەپیدانی متمانە بە پەیوەندایەتی هاوبەش و دڵۆڤانی مرۆڤ دەكەن.

لە لایەكیتریشەوە داب و نەریتی ئایینی، جیهان پڕ دەكەن لە ناحەزی و دەبنە هۆی هەڵس و كەوتی بێ بەزەییانە و شەڕخوازانەی مرۆڤ. بۆ وێنە بارودۆخێك پێك دێنن كە گەلێك دژوار دەبێ مرۆڤ لایەنگری لە چەوسانەوەی چینایەتی یا بەرگری لە ماڤی ژنان بكا. بەڵام جوان یا ناحەز، هەموو ئەو داب و نەریت و باوەڕە ئایینیانە لە لایەكەوە مرۆڤی تایبەت لە دەوری یەكتر كۆدەكەنەوە، لەولاشەوە هاوكات لە هاوسێكانیان دوور و جیاوازیان دەكەنەوە. لە دەرەوەی بازنەی كۆمەڵگاكەیان مرۆڤ وای وێنا دەكا، ئایینە نەریتییەكان كە دەبنە هۆی جیاكردنەوەی مرۆڤ لەیەكتر، زۆرجار پووچ و بێ متمانە دەنوێنن. "زیگمۆند فرۆید" لەسەر دوودڵبوونی مرۆڤ لەو بارودۆخانەدا، بە

جیاوازییەكی بچووكی خۆپەرستی نێوان مرۆڤەكانی دادەنێ. بەڵام جیاوازی بچووك دەتوانن لە مێژوو و لە سیاسەتدا كارتێكەری گەلێك مەزنیان هەبێ. هەر واشە، ئەگەر هاوجینسبازی پیاو یا لێسبەی ژن بن(واتە تامەزرۆیی جینسییان بۆ یەكتر هەبێ)، بە مانای ڕاستەقینە ژیانیان دەكەوێتە ژێر مەترسی مردنەوە ئەگەر لە وڵاتێكی وەك ئێران، عەرەبستان یا ئیسرائیل ژیان بكەن. لە وڵاتی ئیسرائیل مرۆڤی "LGBT"[١٣] لەژێر پارێزگاری یاسا دان، تەنانەت مرۆڤی ئایینی (مالم) هەن زەماوەندی نێوان دوو ژن بە فەرمی بەڕێوەدەبەن. لە وڵاتی ئێران هاوجینسباز یا لێسبە بە شێوەی سیستماتیك لەژێر ئازار و ئەشكەنجەدان و زۆر جار ئیعدامیشیان دەكەن. لە وڵاتی عەرەبستانی سعوودی تا ساڵی ٢٠١٨ ژنی لێسبە ئیزنی لێخوڕینی ئوتۆمۆبیلی پێ نەدەدرا – نەك بەو هۆیەی كە لێسبەیە بەڵكوو بەوهۆیەی ژنە.

ڕەنگە باشترین نموونە بۆ درێژەپێدانی هێز و گرنگایەتیدان بە ئایینە نەریتییەكان لە جیهانی مودێڕندا لە وڵاتی ژاپۆنەوە سەرچاوەی گرتبێ. ساڵی ١٨٥٣ تاقمە كەشتییەكی سپایی ئەمریكایی وڵاتەكەی ناچار كرد دەروازەی لەسەر جیهانی مودێرن بكاتەوە. ئەزموونەكەی بووە هۆی پەرەسەندنی لەڕادەبەدەری مودێڕنییەت لە وڵاتی ژاپۆن. دوای ماوەی چەند دەیە وڵاتی ژاپۆن بە پشتبەستن بە زانست، سیستەمی سەرمایەداری و مودێڕنترین تێكنۆلۆژیای نیزامی بۆ تێشكاندنی وڵاتانی چین و ڕووسیا، داگیركردنی تایوان و كۆریا و لە ئاكامدا بۆ نوقمكردنی تاقمە كەشتییە سیاسییەكانی ئەمریكایی لە پرل هاربر "Pearl Harbor" و لەناوبردنی ئیمپراتوورییە ئورووپاییەكان لە ڕۆژهەڵاتی دوور، بووە دەوڵەتێكی گەلێك بەهێزی جیهانی. بەڵام وڵاتی ژاپۆن كوێرانە مۆدێلی ڕۆژئاوایی كۆپی نەكرد. ئەوان لەسەر ئەوە سوور بوون كە ناسنامەی خۆیان ڕاگرن و چالاك بن كە مرۆڤی ژاپۆنی زیاتر لە گرنگایەتیدان بە زانست و مودێڕنییەت وەفادار بە وڵاتەكەیان بمێننەوە.

بۆ ئەو مەبەستە وڵاتی ژاپۆن ئایینی ناوچەیی واتە شینتۆ "Shintō"ی كردە بەردی بناغە بۆ ناسنامەی مرۆڤی ژاپۆنی. لە ڕاستیدا حكوومەتی ژاپۆن ئایینی شینتۆ

---

[١٣] كورتكراوە ئینگلیزییەكەی ئەو چەمكە: "Lesbian, Gay, Bisexual and Transgender"

"Shintō"ی نۆژەن كردەوە. ئایینی شینتۆی نەریتی چەشنێكی وەحشی لە باوەڕەكانی ئانیمیستی بوو كە لە ڕۆح و خوداكانی جیاواز پێكهاتبوو، و هەر گوند و زیارەتگەیەك داب و و نەریتی تایبەت بە خۆیان هەبوو. لە كۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا حكوومەتی ژاپۆن بە شێوەی فەرمی چەشنێكی نوێی لەو ئایینە خوڵقاند و لە هەنبەر گەلێك داب و ناریت و باوەڕی ناوچەیی دا قوتی كردەوە. ئەو "شێنتۆ – دەوڵەتییە" ئاوێتەی گەلێك ئیدەی نەتەویی مودێرن كرا كە بلیمەتانی ژاپۆنی لە ئیمپریالیستە ئورووپاییەكان وەریان گرتبوو. هەركام لە ئیلەمێنتەكانی بودایی، كۆنفۆسیۆنیسم و هەڵس و كەوت و ئەخلاقی فئۆدالی سامۆرایی كە دەیتوانی وەفاداریی زیاتر لە هەنبەر دەوڵەت بەهێز بكا، لێی زیاد كرا. لە پێناو بەرژەوەندی وڵاتی ژاپۆن ئایینی شێنتۆ خۆی گەیاندە لووتكەی پیرۆز بوون و وەك خودای خۆرەتاو و خودایەكی زیندوو لە ئەژمار دەهات.

لە یەكەم چاوپێكەوتندا ئەو تیكەڵاوییەی جیهانی كۆن و نوێ بۆ وڵاتێك كە سەردەمی چوون بۆ ناو مودێرنییەت تێپەڕ دەكا، گەلێك سەرسووڕهێنەر بوو. خودای زیندوو؟ ڕۆحی ئیلهام وەرگرتوو؟ ئەخلاقی فیئۆدالی؟ ئەو دەنگە زیاتر لە خێڵێكی سەردەمی بەرد دەچوو هەتا هێزێكی ئابووری مودێرن.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش بە شێوەیەكی سەرسووڕهێنەر ئەو تێكەڵاوی و پەرەسەندنە لە كردەوەدا بەڕێوەچوو. ژاپۆنییەكان بە خێراییەكی زۆر خۆیان لەگەڵ مودێرن بوون گرێدا، هاوكاتیش وەفادارییەكی بەرچاو لە هەنبەر حكوومەتەكایان تێدا پەروەردە كرا. ناودارترین سیمبول بۆ سەركەوتوویی حكوومەتی شێنتۆ ئەو ڕاستییەیە كە وڵاتی ژاپۆن وەك یەكەم هێزی جیهانی موشەكی هیدایەتكراوی لە ڕێگای دوورەوەی دۆزییەوە و بەكاریشی هێنا. چەند دەیە پێش دۆزینەوەی 'بۆمبی ژیر' لە لایەن ئەمریكاییەكانەوە، و لەو سەردەمەدا كە ئاڵمانییە نازییەكان تازە دەستیان بەوە كردبوو ڕاكێتی V۲ دروست كەن، ژاپۆن چەندین كەشتی وڵاتە یەكگرتووەكانی لەناو ئاودا نوقم كردبوو. ئێمە ئەو ڕاكێتانە لەژێر ناوی كامیكاز "Kamikaze" دەناسین. هەوكات لەگەڵ ئەوەی لەمڕۆدا كامپیۆتر هیدایەتی ئەو چەشنە ڕاكێتانەی لە ئەستۆی خۆی گرتووە، كامیكاز لە ناو فڕۆكەی ئاساییدا و لە لایەن ئەو مرۆڤانەوە هیدایەت دەكران

كە ئامادەی گیانبەختكردن بوون چونكە بە فڕۆكە و تەقەمەنییەوە خۆیان بە دوژمندادەدا. ئەو هەستە بەرهەمێكی ڕۆحیی گیانبەختكەرانەی ئەو مرۆڤانە بوو كە لە لایەن حكوومەتی شێنتۆوە بۆ ئەو كارە ڕادەهێنران. بەو شێوازە كامیكاز لە تێكەڵاوییەكی نێوان تێكنۆلۆژیای نوێ و نوێترین تەڵقینی ئایینی پێكهاتبوو.

ئاگایانە یا نائاگایانە زۆربەی وڵاتان لەو ئولگوو و ئیدەیەی وڵاتی ژاپۆن پەیڕەوی دەكەن. ئەوان لە كەرەسە و ستروكتووری مودێرنییەت كەڵك وەردەگرن بەڵام هاوكاتیش بۆ ڕاگرتنی ناسنامەی نەتەوەییان متمانە بە ئایینە نەریتییەكانیان دەكەن. مەسیحییەتی ئۆرتۆدۆكس لە ڕووسیا، كاتۆلیكەكانی لەهستان، ئیسلامی شیعە لە ئێران، وەهابییەكانی سوننە لە عەرەبستانی سعوودی و یەهوودییەت لە ئیسرائیل ڕۆڵێكی هاوچەشنی شینتۆ لە ژاپۆن دەگێڕن. باوەكوو ئایین بە ڕادەیەكی زۆریش نەریتی و كەون بنوێنێ بە برێك ڕازاندنەوە و تەفسیر و فانتازیاكردنی نوێ دەكرێ بە زەماوەند لەگەڵ پێشكەوتنخوازی و مودێرنییەت ببێتە مودێرنترین چەكی پێشكەوتووی دەستی حكوومەتەكان.

لە تاقمێك لەو بارودۆخانەدا بۆ بەهێزكردنی ناسنامە حكوومەتەكان توانیویانە ئایینێكی تەواو نوێ پێكبێنن. خراپترین شێوەی ئەو چەشنە حكوومەتانە لە كۆریای باكوور كۆلۆنیای پێشووی ژاپۆن دەبینرێ. ڕژیمی كۆریای باكوور بەهۆی ئایینێكی زێدەڕۆی دەوڵەتی بە ناوی یوشە "Juche"وە مرۆڤ ڕادەهێنێ. ئەو ئایینە تێكەڵاوێكە لە ماركسیسم – لینینیسم، تاقمێك داب و نەریتی كەونی كۆریا، باوەڕێكی نەتەوەپەرەستی لەسەر تاقانەبوونی نەتەوەی كوریا و بە پیرۆزكردن و لە جێگای خودا دانانی بنەماڵەی كیم ئیلسۆنگ "Kim Ilsungs". لە كاتێكدا كەس ئەو ئیدیعایە ناكا بنەماڵەی كیم منداڵانی خودای خۆرەتاو بن، بەڵام لە مێژووی ئەو وڵاتەدا لە هەر خودایەكیتر زیاتر دەپەرەسترێن. دیارە چونكە بنەماڵەی كیم دەزانن ئیمپراتووری ژاپۆن چلۆن هەرەسی هێنا، باوەڕمەندانی ئیدیۆلۆژی یوشە "Juche" لە كۆریای باكوور جەخت لەسەر وەدەستهێنانی چەكی ئەتۆمی دەكەن و بۆ پەرەسەندنی ئەو تێكنۆلۆژیایە وەك ئەركێكی پیرۆز بەرزترین خۆبەختكردنی بۆ دەكرێ.

## دڵرەقیی نەتەوەپەرەستی

هیچ جیاوازییەکی نابێ تێکنۆلۆژیا لە داهاتوودا چلۆن پەرە دەستێنێ، دەتوانین وای دانێین کە بەربەرەکانی لەسەر ناسنامەی ئایینی و داب و نەریت هەر وەك پێشوو شوێن لەسەر تێکنۆلۆژیا دادەنێن و ئەو کێشانە لە داهاتووشدا دەتوانن ببنە هۆی پێکهاتنی هێزێك کە بتوانێ ئاورەکەی هەموو جیهان لە ناو خۆیدا بسووتێنێ. لەوانەشە کەڵك لە نوێترین ڕاکێتی ئەتۆمی و بۆمبای سایبری وەرگیرێ بۆ ئەوەی کێشەی گلۆبالی لەسەر گوتەی کۆنی ئایینیی پێ چارە بکرێ. ئایین، داب و نەریت و هەڵس و کەوتە کۆنەکان تا ئەو کاتەی هێزی مرۆڤ لەسەر ڕەوتی هالیکاری گشتی کۆمەڵ بمێنێتەوە و هاوکارییەکانیش لەسەر باوەڕ بە خەون و چیرۆکی گشتی بێ، هەر وەك پێشوو گەلێك گرنگ دەمێننەوە.

بەداخەوە تەواوی ئەو داب و نەریتە ئایینیانە نەك هەر چارەی کێشەکانی مرۆڤ ناکەن، بەڵکوو کێشە بۆ مرۆڤایەتیش دروست دەکەن. ئایین هێشتا هێزێکی سیاسی مەزنی لە کۆمەڵگاکاندا هەیە، لەو ڕوانگەیەوە ناسنامەی نەتەوەیی پتەو دەکەن و تەنانەت دەتوانن ببنە هۆکار بۆ وەڕێخستنی شەڕی سێهەمی جیهانیش. ئەگەر باسەکە لەسەر ئەوە بێ کە لە جیاتی پەرەپێدان و گەشاندنەوەی کێشە جیهانییەکانی سەدەی بیست و یەکەم، ڕێگا چارەیەکیان بۆ بدۆزرێتەوە، بە ڕاشکاوییەوە ئایینەکان هیچ کارێکی ئەوتۆیان لە دەست نایە. باوەکوو زۆربەی ئایینە نەریتییەکان پشتیوانی بایەخە ئینسانییەکان دەکەن و ئیدیعای متمانەکردن بە جیهانیان هەیە، بەڵام ئەمڕۆ بە گشتی لە خزمەت خاوەن هێزە نەتەوەپەرەستە مودێرنەکاندان – جا لە کۆریای باکوور، ڕووسیا، ئێران یا ئیسرائیل بێ. کەوابوو ئەوان لەمپەر دەخەنە سەر ڕێگای جیاوازیی نەتەوەیی، دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ مەترسیی شەڕی ناوەکی، ڕووخان و هەرەسهێنانی ژینگە و پێشکەوتنخوازی.

كاتێ باس لەسەر هەڵس و كەوت لە هەنبەر گۆڕانی كەش و هەوا یا پەرەپێدانی چەكی ئەتۆمی بێ، ڕۆحانیانی شیعە بۆ ئێرانییەكانی ڕوون دەكەنەوە ئەو كێشانە لە ڕوانگە و چوارچێوەی ئێرانەوە دەبێ سەیر بكەن، مالمی یەهوودی پەند بە مرۆڤی ئیسرائیلی دەدەن ئەو شتەی بۆ وڵاتی ئیسرائیل باشە بەڕێوەی بەرن و قەشەی ئورتۆدۆكس گوشار بۆ ڕووسەكان دێنن ئەو شتە لەبەر چاو بگرن كە لە بەرژەوەندی وڵاتی ڕووسیادایە. هەمووشیان بۆچوونێكی وەك یەكیان هەیە و دەڵێن: "ئێمە نەتەوەی هەڵبژاردراوی خوداین و ئەو كارانەی لە بەرژەوەندی وڵاتەكەماندان و دەبنە هۆی بەختەوەریمان، بەڕێوەی دەبەین و بەو كارانە، خوداش لێمان ڕازی دەبێ." بێ شك زانایان و عالمانی ئایینی هەن كە زێدەڕۆیی و نەتەوەپەرەستی ڕەد دەكەنەوە و باوەڕێكی تاڕادەیەك جیهانییان هەیە، بەڵام بەداخەوە لەمڕۆدا ئەو مرۆڤانە هێزێكی ئەوتۆی سیاسییان لەدەستدا نییە.

لەبەر ئەوە، لەلایەكەوە ئێمەی مرۆڤ ئەمڕۆ لە چوارچێوەیەكدا گیرمان خواردووە كە مرۆڤایەتی وەك شارستانییەتێكی تاقانە دەهێڵێتەوە و كێشەكانی وەك شەڕی ناوكی، هەرەسهێنانی ژینگە و پێشكەوتنخوازی تەنیا وەك كێشەیەكی گلۆبالی و جیهانی دەتوانرێ سەیر بكرێن و ڕێگاچارەیان بۆ بدۆزرێتەوە. لە لایەكیتریشەوە نەتەوەپەرەستی و ئایینەكان هەوڵ بۆ شێواندن و پەرەپێدانی دوژمنایەتی نێوان نەتەوەكانی ئەو شارستانییەتە دەدەن. لێككەوتن و بەربەرەكانی كێشەكانی جیهانی و ناسنامەی نەتەوەیی بەتایبەت لە قەیرانی ئێستای ئووروپا و چەند وڵاتیتری جیهان كە وەك تاقیگایەكی فەرهەنگی جیاوازیان لێهاتووە، گەلێك ڕوون و شەفافە. وڵاتە یەكگرتووەكانی ئورووپا، كە لەسەر بەڵێنی ئازادیی بایەخە ئینسانییەكان بونیات نراوە بەهۆی كێشەكانی ئینتگراسیۆن و كۆچەرانی بیانییەوە خەریكە لێك هەڵدەوەشێتەوە.

## ئەركی نۆ: كۆچكردنی مرۆڤ

### ڕەنگە تاقمێك لە فەرهەنگەكان لەوانیتر باشتر بن

باوەكوو گلۆبالیزم یا بەجیهانی بوون جیاوازیی فەرهەنگیی نێوان نەتەوە جیاوازەكانی سەر ئەم هەردەی بڕێك كەم كردۆتەوە، هاوكاتیش ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مرۆڤی بێگانە و هەستی هاودەردی لەگەڵ كێشەكانیان گەلێك ئاسایی بۆتەوە. جیاوازی نێوان ئەنگلۆساكسۆن "Anglo-Saxons"ی ئینگلیزی و ئیمپراتۆرە كۆشك نشینەكانی هیندی زۆر زیاتر بوو لە جیاوازیی نێوان ئینگلیزی مودێڕن و هیندی مودێڕنی ئەمڕۆیی – بەڵام لە سەردەمی شا ئالفرد "König Alfred"ی مەزن (٨٤٩ تا ٨٩٩)دا، دەرەتانی هەڵفڕینی ڕاستەوخۆی مرۆڤ لە نێوان لەندەن و دێهلی نوێدا نەبووە.

لەمڕۆدا ژمارێكی زیاتر لە مرۆڤ بەدوای كار، ئەمنییەت و داهاتوویەكی باشتر سنووری وڵاتەكەی خۆیان بەجێ دێڵن. نیازی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مرۆڤی بێگانە و ئینتیگراسیۆن یا لێكدابڕانیان لەناو كومەڵانیتر، بەتایبەت لەژێر گوشارهێنانی كۆمەڵگا سەرەكییەكان لە ماوەیەكی كەمدا دەبێتە هۆكارێكی سەرەكی بۆ پێكهاتنی سیستەمی سیاسی و ناسنامەی گشتیی نوێ. لە هیچ شوێنێكی سەر ئەم هەردە بە قەرا قوڕنەی ئورووپا ئەو كێشەیە بەرچاو نییە. یەكگرتوویی ئورووپا لەسەر ڕەوتی سەركەوتن بەسەر جیاوازییەكانی نێوان مرۆڤی فەرنسا، ئاڵمان، ئیسپانیا و یۆنان بونیات نرا. ئەگەر نەتوانن جیاوازی نێوان فەرهەنگی ئورووپایی و كۆچبەرانی ئەفریقایی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كونترۆڵ و چارە بكەن، لەوانەیە ئەو یەكگرتووییەیان هەرەس بێنێ. لەڕاستیدا ئەوە تەواو ئەو سەركەوتنە مەزنەی ئورووپا بۆ پێكهێنانی سیستەمێكی چەند فەرهەنگیی پۆشتە و پەرداخە، كە سەرنجی پەنابەران

و مرۆڤی بیانی بۆ لای خۆی ڕاكێشاوە. مرۆڤی سورىایی دەیانەوێ بێن بۆ ئاڵمان نەك بەرەو وڵاتی سعوودی، ئێران، ڕووسیا یا ژاپۆن، بەڵام نەك بەو هۆكارە یا وەك ئامانجێك كە وڵاتی ئاڵمان نیزیكتر یا دەوڵەمەندتر لەوانیترە – بەڵكوو بەو هۆیەی وڵاتی ئاڵمان بە ڕاشكاویی بەڵگەی باشتر و قایمتری لە وڵاتانیتر بۆ گونجاندنی مرۆڤی بیانی و پەنابەر سەلماندووە.

شەپۆلی بەردەوام گەورەتر بوونەوەی پەنابەر و كۆچەران لە ناو مرۆڤی ئورووپاییدا خەم و ناڕەزایەتییەكی جیاوازی تێدا دروست كردوون و باسێكی گەلێك جیددی لەسەر ناسنامەی ئورووپایی و چلۆنایەتی داهاتوویان وەڕێخستووە. تاقمێك لە ئورووپاییەكان داواكارییان ئەوەیە ئورووپا دەبێ سنوورەكانی داخا: ئایا ئەو مرۆڤانە بە ئارەزوو و خەونی پێكەوەژیانی چەند فەرهەنگی ئورووپا خەیانەت دەكەن یا تەنیا هەوڵدانێكە بۆ ئەوەی پێش بە كارەساتێك بگیرێ؟ تاقمێكیش هەوڵ دەدەن دەروازەی سنوورەكان بە تەواوی بكەنەوە: ئایا ئەوانە باوەڕیان بە بایەخە ئینسانییە ڕاستەقینەكانی ئورووپا هەیە یا خۆیان بە تاوانكار دادەنێن كە پڕۆژەی ئورووپا بە چاوەڕوانییەكی نەگونجاوەوە سەیر دەكرێ؟ بەداخەوە ئەو باسە لەسەر كۆچی مرۆڤی بیانی زۆرجار دەكرێتە دەمەتەقەیەكی توندو تیژ كە هیچكام لە لایەنەكان گوێ بۆ یەكتر ڕاناگرن. بۆ ئەوەی بتوانین بڕێك شەفافی بە باسەكە بدەین، ڕەنگە یارمەتیدەر بێ وەك مامەلەیەك كۆچی مرۆڤی بیانی بە سێ مەرجی سەرەكییەوە ببەستینەوە:

**مەرجی یەكەم:** وڵاتە میواندارەكە كۆچەرانی بیانی وەردەگرێ.

**مەرجی دووهەم:** لە بەرانبەریدا كۆچەران دەبێ ڕێز لە یاسا و نۆرمی وڵاتە میواندارەكە بگرن، تەنانەت ئەگەر ناچار بكرێن چاوپۆشی لە بڕێك داب و نەریت و یاسای وڵاتی پێشوویان بكەن.

**مەرجی سێهەم:** كاتێ كۆچەران بەڕادەی پێویست خۆیان لەگەڵ وڵاتە میواندارەكە گونجاند، بە پێی كات مافی بەرانبەریان بۆ مسووگەر دەكرێ. "ئەوان" دەكرێن بە "ئێمە".

ئەو سێ مەرجە سێ باسی جیاواز لەسەر ماناكردنەوە و تێگەیشتن لە هەركام لە مەرجەكان پێكدێنن. چوارەم باسیش سەبارەت بە سەركەوتوویی گشتی ئەو سێ مەرجە دەبێ. كاتێ مرۆڤ لەسەر كۆچبەری دەمەتەقە بكەن، ئەو چوار باسە لەگەڵ یەكتر تێكەڵاو دەكەن بۆ ئەوەی كەس هەستی پێ نەكا كە لەڕاستیدا باسەكە لەسەر چییە. كەوابوو باشتر وایە هەر كام لەو باسانە بە تایبەت ڕوون بكەینەوە.

**باسی یەكەم:** یەكەم مەرجی كۆچبەریی زۆر بە ساكاری دەڵێ وڵاتی میواندار پەنابەر یا كۆچبەرەكە وەردەگرێ. بەڵام ئایا ئەوكارە دەبێ وەك ئەركێك یا وەك هەستێكی دڵۆڤانی سەیر بكرێ؟ ئایا وڵاتی مێواندار ناچارە دەرگای وڵاتەكەی بۆ هەر مرۆڤێكی كۆچبەر بكاتەوە یا مافی هەڵبژاردنی هەیە و بەگشتی دەتوانێ پێش بە هاتنەژووری مرۆڤی بیانی بۆ ناو وڵاتەكەی بگرێ؟ وێدەچێ لایەنگرانی مرۆڤی كۆچبەر لەسەر ئەو باوەڕەن ئەو وڵاتانە ئەركێكی ئەخلاقییان هەیە كە نەك هەر پەنابەر بەڵكوو ئەو مرۆڤانەی لە وڵاتە هەژارەكانەوە بۆ كار یا ژیانی باشتری داهاتوویان پەنایان بۆ هێناون، دەرەتانی ژیانێكی نوێیان پێ بدرێ. بەتایبەت لە جیهانێكی گلۆبالیدا ئینسان ئەركێكی ئەخلاقی لەهەنبەر مرۆڤەكانیتردا هەیە و ئەو كەسانەی لە ژێر ئەو ئەركە شان خاڵی دەكەن خۆپەرست و لەوانەیە نەتەوەپەرەستیش بن. سەرەڕای ئەوەش، زۆرینەی لایەنگرانی مرۆڤی كۆچبەر پێداگری لە سەر ئەوە دەكەن كە لەمپەر دانانی بەتەواویی بۆ سەر ڕێگای مرۆڤی كۆچبەر كارێكی نەگونجاوە، گرنگ نییە بۆ پێشگیری لەو كارە چەندە حەسار و دیوار دروست بكرێ، مرۆڤی بێ هیوا بەردەوام ڕێگایەك بۆ هاتنەژوور دەدۆزنەوە. لەو ڕوانگەیەوە باشتر وایە لە جیاتی خوڵقاندنی سێبەرێكی مەزن لە مرۆڤی قاچاخچی، كرێكاری نایاسایی و منداڵانی بێ سجیل، كۆچی مرۆڤ و پێڕاگەیشتن بە بارودۆخی گورجی ئەو مرۆڤانە بە شێوەی یاسایی و فەرمی بەڕێوەبچێ. دژبەرانی مرۆڤی كۆچبەر وەڵام دەدەنەوە ئەگەر حكوومەت هێزێكی باش بۆ ئەو كارە تەرخان كا، دەكرێ بە تەواوەتی پێش بە هاتنە ژووری مرۆڤی كۆچبەر بگیرێ، جیا لەو مرۆڤە پەنابەرانەی لە ئازار و ئەشكەنجەی توند وتیژی وڵاتە هاوسێكان ڕایان كردووە، ئێوە ناچار نین دەروازەی وڵاتەكەتان لەسەر هەموو مرۆڤێكی بیانی ئاواڵە ڕاگرن. لەوانەیە وڵاتی توركیا

ئەركێكی ئەخلاقی هەبێ پەنابەری ناهومێدی سوریایی لە وڵاتەكەیان ڕاگرێ، بەڵام كاتێ ئەو پەنابەرانە بیانەوێ بۆ وێنە بچنە وڵاتی سوئێد ئیتر سوئیدیەكان ناچار نین ئەوان وەرگرن. بە هەمان شێوە ئەو كۆچبەرانەی بەدوای كار و دابینكردنی بارودۆخی كۆمەڵایەتیی باشتر كەوتوون، بە تەواوی بە بڕیاری وڵاتی میواندارەوە دەبەسترێنەوە ئایا وەریان دەگرێ یا نا و ئەگەر وەریانگرێ لەسەر چ مەرجێك. دژبەرانی كۆچبەری پێداگری دەكەن سەرەكیترین مافی هەر گرووپێكی ئینسانی خۆڕاگری لە هەنبەر هێرشە، جا ئەو هێرشە لە لایەن مرۆڤی بێگانەوە بێ یا مرۆڤی خۆیی. سوئێدییەكان لە بارودۆخێكی دژواردا كاریان كردووە و بە قوربانیدانی بێ ژومار بۆ دابینكردنی ئاسایشی مرۆڤ بارودۆخێكی دێموكراتیكیان لە وڵاتەكەیان پێكهێناوە ، ئەگەر مرۆڤی سوریایی نەیتوانیوە ئەو كارە بكەن ئیتر تاوانی سوئێدییەكان چییە؟ ئەگەر دەنگدەرانی سوئێدی جا هەر هۆكارێكی هەبێ مرۆڤی كۆچبەر یا پەنابەری سوریاییان نەوێ، مافی خۆیانە پێش بە هاتنی ئەو مرۆڤانە بگرن. هەروەها كاتێ پەنابەرێكی تایبەتی لە وڵاتەكەیاندا ڕێ دەدەن، پەیوەندی بە دڵۆڤانی و مرۆڤخۆشەویستیی مرۆڤی سوئێدییەوە هەیە و نابێ بە ئەركێك دانرێ كە لەڕووی ناچارییەوە بەڕێوەی بەرن. ئەوە بەو مانایە دەبێ: ئەو مرۆڤە كۆچبەرانەی ئیزنی هاتن بۆ وڵاتی سوئێدیان پێ دەدرێ، لە جیاتی بەدەستەوەگرتنی لیستەیەكی دوور و درێژی داواكارییەكانیان و دانانی خۆیان بە خاوەنی وڵاتی سوئێد، دەبێ گەلێك مەمنوون بن بۆ ئەو دەرەتانەی پێیان دراوە.

سەرەڕای ئەوەش، دژبەرانی كۆچبەریی لە هەر وڵاتێك دەتوانن خۆیان سیاسەتی كۆچبەری هەڵبژێرن، نەك هەر لەسەر ڕوانگەی هەڵس و كەوتی تاوانكاریی، لێهاتوویی كاریی، بەڵكوو لە ڕوانگەی ئایینەكەشیانەوە بتوانن بڕیاری وەرگرتن یا وەرنەگرتنی بدەن. ئەگەر وڵاتێكی وەك ئیسرائیل تەنیا ئیزن بە مرۆڤی یەهوودی بۆ هاتنەژوور بۆ وڵاتەكەی بدا یا وڵاتێكی وەك لەهستان (پۆلەندا) لەسەر ئەو بۆچوونە بن تەنیا پەنابەری مەسیحی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرگرن، دیارە ڕەنگە ئەو كارە گەلێك بێ بایەخ و سووك بنوێنێ، بەڵام ئەوە یەك لە مافەكانی دەنگدەرانی ئیسرائیلی یا لەهستانییە.

كارەكە لەوەش ئاڵۆزتر دەبێ كاتێ مرۆڤ لە زۆربەی بارودۆخەكاندا هاوكات چاوەڕوانی زۆر شت بكەن. زۆربەی وڵاتان چاوی خۆیان لە هەنبەر كۆچبەرانی نایاسایی قوچاندووە و تەنانەت بە شێوەی كورتخایەن وەریان دەگرن، چونكە دەیانەوێ لە وزە و لێهاتووی كاریی هەرزانی ئەو مرۆڤانە كەڵك وەرگرن. كەچی ئەو وڵاتانە پێش بە فەرمیكردنی بارودۆخی ئەو مرۆڤانە دەگرن و دەڵێن ئەوان پێویستیان بە كۆچ نییە. بە شێوەی درێژخایەن دەتوانێ كۆمەڵگایەكی هیراكییەتی بخولقێندرێ، لەوێدا چینێكی سەروو پێك بێ كەڵك لە چینی خوارەوەی بێ ماف وەرگرێ بە هەمان شێوەی لەمڕۆدا لە وڵاتانی قەتەر و كەنداوی فارس پێكهاتوون.

تا ئەو كاتەی ڕێگاچارە بۆ ئەو باسە نەدۆزرێتەوە، وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی داهاتووی تەوەری كۆچبەری گەلێك دژوارە. لەو ڕوانگەیەوە كە پشتیوانانی كۆچبەریی لەسەر ئەو باوەڕەن لەسەر خواستی مرۆڤی كۆچەر مافی چوون بۆ وڵاتێكیتریان هەیە، و ئەركی وڵاتی میوانداره ئەو مرۆڤانە ڕێگا بدا، لەگەڵ هەڵس و كەوتی تووڕەی ئەخلاقی ڕووبەڕوو دەبنەوە كاتێ مافی كۆچبەری لە لایەن مرۆڤەوە سنووردار بكرێتەوە و وڵاتەكان ئەركی خۆیان بە باشی بەڕێوە نەبەن. دژبەرانی دژ بە كۆچبەری لەسەر ڕوانگەیەكی ئەوتۆ گەلێك تووڕەن. ئەوان كۆچبەری بە دەرەتانێك و خۆگونجاندن بە هەلێك و ئیمتیازێك دادەنێن. بۆچی مرۆڤ دەبێ كەسێك بە نەتەوەپەرەست یا فاشیست دابنێ تەنیا بەو هۆیەی نەیانەوێ مرۆڤی بیانی بڕژێنە ناو وڵاتەكەیان؟

بەڵام تەنانەت ئەگەر وەرگرتنی مرۆڤی كۆچبەر وەك یارمەتی و نەك وەك ئەركێك دابنرێ، لە داهاتوودا وڵاتە میواندارەكە بە پێی كات دەبێ ئەركی پێڕاگەییشتن بەو مرۆڤانە و منداڵانی داهاتوویان لە ئەستۆ بگرێ. لەو ڕوانگەیەوە ناكرێ دژبەری لە هەنبەر مرۆڤی یەهوودی لە وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكای ئەمڕۆیی پاساوێك بێ كاتێ مرۆڤ دەڵێ: "ئێمە لەسەر دڵۆڤانی خۆمان ساڵانی ١٩١٠ ئیزنمان بە دایك و باوكە گەورەی ئێوە دا لێرە بمێننەوە و ئێستا دەتوانین بە مویلی خۆمان هەڵس و كەوتتان لەهەنبەردا بكەین."

**باسی دووهەم:** دووهەم مەرجی كۆچبەری دەڵێ ئەو كۆچبەرانەی ئیزنی هاتنە ناو وڵاتە میواندارەكەیان پێدراوە، دەبێ ئەركی خۆگونجاندن لەگەڵ فەرهەنگ و ئەو كۆمەڵگایەی تێدا دەژین، بەجێ بێنن. بەڵام سنووری ئەو خۆگونجاندنە لە كوێیە؟ ئایا كاتێ كۆچبەرێك لە وڵاتێكی پیاوسالارییەوە دێتە ناو كۆمەڵگایەكی لیبڕاڵی دەبێ ببێ بە لایەنگری فیمینیسم؟ ئەگەر ئەو مرۆڤە لە كۆمەڵگایەكی قووڵی ئایینییەوە هاتبێ دەبێ ڕوانگەیەكی سێكۆلاری لەسەر وێناكردنی جیهان هەبێ؟ ئایا ئەو مرۆڤانە دەبێ چاوپۆشی لە خوو و خدە نەریتییەكانیان بۆ پۆشینی جل و بەرگ و خواردنی خواردەمەنییە تایبەتییەكانیان بكەن؟ دژبەرانی مرۆڤی كۆچەر هەوڵ دەدەن پلەی خۆگونجاندن پەرەپێبدەن و بەرزی كەنەوە، لایەنگرانیش دەیانەوێ ئەو پلەیە بە شێوەیەكی ڕوون و شەفاف نزم بكەنەوە.

لایەنگرانی مرۆڤی كۆچبەر ئیدیعا دەكەن ئورووپا خۆی لەخۆیدا وڵاتێكی هەمەڕەنگە و كۆمەڵگاكەی لە كۆمەڵێكی بەربڵاوی باوەڕ و داب و نەریتی جیاواز پێكهاتووە. ئەوە تەواو ئەو شتەیە كە ئورووپای ئاوا بەهێز و سەرزیندوو كردووە. بۆچی مرۆڤ دەبێ كۆچبەر ناچار بە وەرگرتنی ناسنامەیەكی خەیاڵیی ئورووپایی بكا، كاتێ خودی ئورووپاییەكان بە كارێكی ڕاستەقینەی دانانێن؟ ئایا بۆ وێنە لە بریتانیا دەمانەوێ مرۆڤی كۆچبەری موسوڵمان ناچار بكەین ببنە مەسیحی لە حاڵێكدا زۆربەی مرۆڤی ئینگلیزی لە كلیسا دەكشێنەوە؟ ئایا لەسەر ئەو ویستەن مرۆڤی كۆچبەری پەنجاب لە خواردنی "Currys" و ماسالا "Masalas"ی خۆیان چاوپۆشی بكەن و دەست بكەن بە خواردنی چیپس و پوودینگ؟ ئەگەر ئورووپا لەڕاستیدا ناوەندێكی بایەخی ئینسانی بێ، ئەوە بایەخی لیبڕاڵی و تولەرانس و ئازادییە. ئەوە نیشانەی ئەوەیە مرۆڤی ئورووپایی دەبێ سەبر و خۆڕاگری لە هەنبەر مرۆڤی بیانی لەخۆیان نیشان بدەن و تا ئەو جێیەی دەرەتانی هەبێ ئیزنیان پێ بدەن وەدوای داب و نەریتی خۆیان كەون بەو مەرجەی نەبێتە هۆكار بۆ لەمپەردانان لەسەر مافی ئازادیی مرۆڤەكانیتر.

هەروەها دژبەرانی كۆچەر لەسەر ئەو بۆچوونەن ئازادی، خۆڕاگری، سەبر و تولەرانس بایەخەكانی كۆمەڵگای ئینسانی ئورووپایە و گروپێكی زۆری كۆچبەران – و بەتایبەت ئەوانەی وڵاتانی ئیسلامی – بە تاوانی دژایەتی لە هەنبەر مافی ژن،

دژایەتی مرۆڤی یەهوودی و هاوجینسباز مەحكووم دەكەن. تەواو بەو هۆیەی ئورووپا بایەخێكی گرنگ بۆ خۆڕاگری و سەبووری دادەنێ ناتوانێ ئیزن بە مرۆڤی ناتولوەرانس بدا بێتە ناو كۆمەڵگاكەیەوە. ڕەنگە كۆمەڵگایەكی سەبوور بتوانێ لەگەڵ كەمینەی بچووكی ناتولەرانس ژیان بكا، بەڵام كاتێ ژمارەی مرۆڤی ناتولەرانس سنوورێكی دیاریكراو تێپەڕ بكا، دەتوانێ لە بنەڕەتەوە گۆڕان بەسەر كۆمەڵگاكەدا بێنێ. ئەگەر ئورووپا ژمارێكی زۆری مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرگرێ، لە كۆتاییدا وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لێدێ.

تاقمێك لە دژبەرانی كۆچبەری هەنگاوێكی لەوەش زیاتر هەڵدێننەوە. ئەوان ئاماژە دەكەن بایەخی كۆمەڵگایەكی نەتەوەیی گەلێك لە كۆمەڵێك كە خۆڕاگری لەهەنبەر یەكتردا دەكەن، زیاترە. بەو هۆیەوە تەنیا ڕاگرتنی ستانداردی ئورووپایی لە لایەن مرۆڤی كۆچبەرەوە بەس نابێ. ئەوان دەبێ جا هەر شێوازێكی تایبەتییان كە هەبێ، زۆربەی تایبەتمەندییەكانی فەرهەنگی ئینگلیز، ئاڵمان یا سوئێد وەرگرن. ئەگەر مرۆڤ ئیزنی هاتنە ناو كۆمەڵگای ئورووپاییان پێ بدا، فەرهەنگی ناوچەیی مەترسی و خەرجێكی زۆری دەكەوێتە سەر. هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەو كارە نییە كە خۆی ببێتە هۆكار بۆ هەرسهێنانی خۆی. لە كۆتاییدا كاتێ داوای بەرانبەریی تەواو و كامیل دەكا، دەتوانێ داوای ئاسیمیلاسیۆنیش بكا. جا ئەو مرۆڤە كۆچبەرانەی كێشەیان لەگەڵ تایبەتمەندییەكانی وڵاتانی ئینگلیز، ئاڵمان یا سوئێد هەیە، تكایە شوێنێكیتر بۆ ژیانیان هەڵبژێرن.

ناوكی سەرەكی ئەو باسە ڕوانگەی جیاواز لەسەر تولەرانس لەهەنبەر مرۆڤی كۆچەر و ناسنامەی ئورووپاییە. ئەگەر مرۆڤی كۆچەر لەڕاستیدا تاوانی خۆ نەگونجاندنیان هەبێ، زۆربەی مرۆڤی لیبڕاڵی ئورووپایی كە لەمڕۆدا پشتیوانی لە كۆچی ئەو مرۆڤانە دەكەن، درەنگ یا زوو دەبنە دژبەری ئەو كارە. بە پێچەوانەش ئەگەر ڕوون بێتەوە زۆرینەی مرۆڤی كۆچەر لەهەنبەر ئایین، سیاسەت و جنسییەت لیبڕاڵن و بیرێكی ئازادانەیان هەیە، مەزنترین بەڵگەی مرۆڤی دژ بە كۆچەر پووچەڵ دەكاتەوە.

سەرەڕای ئەوەش تەوەری ناسنامەی ناوچەیی لە ئوروووپا هێشتا كراوە دەمێنێتەوە. تولەرانس و سەبووری بایەخێكی جیهانییە. ئایا نورم و بایەخی ئینسانی تایبەت بە وڵاتی فەرنسا بوونی هەیە كە مرۆڤی كۆچەر لەو وڵاتە دەبێ لەبەرچاوی بگرێ و ئایا نورم و بایەخی ئینسانی تایبەت بە مرۆڤی دانماركی هەن كە مرۆڤی كۆچەر دەبێ پەیڕەوییان لێ بكا؟ تا ئەو كاتەی ئورووپاییەكان خۆیان لەسەر ئەو پرسیارە لێكدابڕاو بمێننەوە و نەتوانن ڕێككەوتنێك پێكبێنن، ناشتوانن سیاسەتێكی ڕوون و شەفاف لەهەنبەر مرۆڤی كۆچەر بەڕێوەبەرن. بە پێچەوانەش كاتێ پێنجسەد ملیۆن مرۆڤی ئورووپایی هەر ئەوندە هەست بكەن و بزانن خۆیان كێن – هیچ كێشەیەكیان نابێ چەند ملیۆن مرۆڤی پەنابەر وەرگرن یا ڕەدیان كەنەوە.

**باسی سێهەم:** سێهەم مەرجی كۆچبەری دەڵێ ئەركی وڵاتی میواندارە ئەو كۆچەرانەی لەڕاستیدا هەوڵ بۆ گونجاندنی خۆیان لە كۆمەڵگا دەدەن – و بەتایبەت كاتێ لە بایەخ و مانای تولەرانس تێدەگەن – وەك هاوشارییەكی پلە یەكەم چاولێبكرێن. بەڵام چ ماوەیەك دەبێ تێپەڕ بێ تا ئەو مرۆڤانە وەك ئەندامێكی كامیل و ڕاستەقینەی كۆمەڵگایان لێ بێ؟ ئایا كۆچەرانی یەكەم وەچەی مرۆڤی جەزایری لە وڵاتی فەرانسا دەبێ ئازار بكێشن كاتێ دوای بیست ساڵ مانەوە هێشتا خۆیان وەك مرۆڤێكی ڕاستەقینەی فەرەنسی هەست پێ نەكەن؟ ئەدی كۆچەرانی وەچەی سێهەم كە دایك و باوكە گەورەیان لە دەیەكانی ١٩٧٠ هاتوونەتە فەرنسا دەبێ چی بكەن؟

لایەنگرانی مرۆڤی كۆچەر داوای وەرگرتنی خێرای ئەو مرۆڤانە دەكەن، لە حاڵێكدا دژبەران داوای درێژكردنەوەی ماوەی تاقیكاریی و چاوەدێریكردنیان هەیە. ئەگەر كۆچەرانی وەچەی سێهەم وەك هاوشارییەكی پلە یەكەم بە ماڤی بەرابەرەوە سەیر نەكرێن و هەڵس و كەوتیان لەگەڵدا نەكرێ، لە ڕوانگەی لایەنگرانیانەوە بەو مانایە دەبێ كە وڵاتی میواندار لەهەنبەر ئەركەكانی خۆیدا كۆتایی كردووە و ئەگەر ئەو كەمترخەمییە ببێتە هۆی پێكهاتنی كێشە، دوژمنی و تەنانەت تووڕەیی، ئەودەم بەرپرسان ناتوانن كەسێكیتر سەركۆنە بكەن و جیا لە خۆیان كەسێكیتر بە تاوانكار دابنێن. بۆ ئەو كەسانەی دژ بە تەوەری كۆچبەرین ئەو چاوەڕوانییە لەڕادەبەدەرانە بەشێكی سەرەكی كێشەكە پێكدێنن. كۆچبەران دەبێ سەبریان هەبێ. ئەگەر دایك و

باوكە گەورەی ئێوە تەنیا چل ساڵ بەر لە ئێستا هاتوونەتە ئێرە و تۆ لەسەر شەقامەكان هەراوهوریا ساز دەكەی چونكە لەسەر ئەو باوەڕەی وەك مرۆڤی ناوچەیی هەڵس و كەوتت لەگەڵدا ناكرێ، وادیارە تۆ لە خۆگونجاندنتدا سەركەوتوو نەبووی.

لە ناوكی سەرەكی خۆیدا ئەو باسە لەسەر جیاوازی كاتیی نێوان كەسەكان و كۆمەڵگاكەیە. لە ڕوانگەی كۆمەڵایەتییەوە چل ساڵ ماوەیەكی كەمە. زۆر دژوار چاوەڕوان دەكرێ كۆمەڵگایەك لە ماوەی چەند دەیەدا بتوانێ مرۆڤی بیانی بە تەواوی لەناوخۆیدا بگونجێنێ. لە ڕابردوودا ئەو شارستانییەتانەی مرۆڤی بێگانەیەن بۆ لای خۆیان ڕادەكێشا و ئەوانیان وەك هاوشاری پلە یەك سەیر دەكرد – وەك ئیمپراتۆری ڕۆم، خەلافەتی ئیسلامی، ئیمپراتۆرییە مەزنەكانی چین و وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا –گەیشتن بەو پلەیە نەك چەند دەیە بەڵكوو سەدان ساڵی دەخایاند.

لە ڕوانگەی كەسییەوە چل ساڵ دەتوانێ كاتێكی گەلێك دوور و درێژ بێ. بۆ ژنێكی گەنج كە بیست ساڵ دوای كۆچ كردنی دایك و باوكی بۆ وڵاتی فەرنسا لەوێ لە دایك بووە، سەفەری جەزایر بۆ وڵاتی فەرەنسا چیرۆكێكی گەلێك كۆنە. ئەو لێرە لە دایك بووە، هەموو هەڤاڵەكانی لێرەن، لە جیاتی عەرەبی بە زمانی فەرەنسی ئاخافتن دەكا و تا ئێستا جەزایری بە چاو نەبینیوە. فەرەنسا یەكەم نیشتمانێكە كە ئەو دەیناسێ. ئێستا لەو بارودۆخەدا خەڵكێک پێی دەڵێن فەرەنسا نیشتمانی ئەو نییە و دەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنەی كە هەرگیز ژیانی تێدا نەكردووە؟

وەك ئەوە وایە ڕیشەی دارێكی ئوكالیپتوس لە ئوستڕالیاوە بێنی و لە فەرەنسا دایبچێنی. لە ڕوانگەی ژینگەوە داری ئوكالیپتوس چەشنێك گیان كە دەبێ چەندین وەچەیان بەسەردا بێ تا گیا ناسان وەك داری ناوچەی ئورووپاییان دابنێن. بەڵام لە ڕوانگەی تاقە دارەكانەوە ئەوان دارێكی فەرەنسین. ئەگەر ئەو دارانە بە ئاوی فەرەنسا ئاونەدرێن، دەمرن. ئەگەر مرۆڤ هەوڵ بدا لە زەوی هەڵیقەنێ، دەبینێ بنچكی لەناو زەوی فەرنسا چەقاندووە و هیچ جیاوازییەكی لەگەڵ دارە ناوچەییەكانی فەرەنسا نییە.

**باسی چوارەم:** لەسەر هەموو ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانە و بە چاو خشاندن بە چەمكی مەرجەكانی كۆچبەری، ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە ئایا ئەو مەرجانە لەڕاستیدا گونجاون و هەر دوو لایەن ئەركەكانیان بە باشی بەڕێوە دەبەن؟

دژبەرانی كۆچبەری لەسەر ئەو باوەڕەن كە كۆچەران مەرجی دووهەم بەجێ ناهێنن. ئەوان هەوڵی ڕاستبێژانە بۆ گونجاندنی خۆیان لەناو كۆمەڵگا نادەن، زۆربەیان درێژە بە هەڵس و كەوت و جیهانبینییەكی ناتولەرانس و زێدەڕۆیانە دەدەن. لەسەر ئەو بۆچوونە وڵاتی میواندار هیچ بەڵگەیەك بۆ بەڕێوەبردنی مەرجی سێهەم (دانانی مرۆڤی بیانی بە هاوشاری پلە یەك) نابینێ، هەروەها پێداچوونەوە بەسەر مەرجی یەكەم (ئیزنی هاتنەژووری مرۆڤی بیانی بۆ ناو وڵات)بە گونجاو دانانێ. ئەگەر مرۆڤ لە بازنەیەكی فەرهەنگی تایبەتەوە بەشێوەی بەردەوام تامەزرۆیی بۆ یاساكانی كۆچبەری لەخۆی نیشان نەدا، بۆچی كاتێ ئەو چەشنە مرۆڤانە دەتوانن كێشەی زیاتر بۆ وڵاتەكە دروست بكەن، ئیزنی هاتنیان پێ بدرێ؟

لایەنگرانی كۆچبەران وەڵام دەدەنەوە ئەوە وڵاتە مێواندارەكەیە كە لە كۆتاییدا ئەركەكانی خۆی بەڕێوە نابا. سەرەڕای تێكۆشانی بەردەوامی ڕاستگۆیانەی كۆچبەران بۆ گونجاندنی خۆیان لە كۆمەڵگا سەرەكییەكە وڵاتە مێواندارەكە ژیانیان لێ دژوار دەكا و لەوەش خراپتر: لەهەنبەر ئەو مرۆڤانەی بە سەركەوتوویی خۆیان لەگەڵ كۆمەڵگا گونجاندووە تەنانەت وەچەی دووهەم و سێهەمیشیان هێشتا هەر وەك مرۆڤی پلە دووهەم هەڵس و كەوتیان لەگەڵدا دەكرێ. دیارە سروشتیە ئەو دەرەتانەش هەیە هەر دووك لایەن نەتوانن ئەركەكانی خۆیان بەڕێوەبەرن و بێ متمانەیی و ڕق و كینە بیانخاتە بازنەیەكی شەیتانییەوە كە ئاگری پێكهاتووی نێوانیان بەگڕتر و پڕتینتر بكاتەوە.

ئەو باسەی چوارەم ڕێگاچارەی بۆ نییە، تا ئەو كاتەی مانای بەتەواویی هەر سێك باسەكان ڕوون نەبنەوە. تا ئەو كاتەی ئێمە نەزانین وەرگرتنی ئەو مرۆڤانە ئەرك یا تەنیا بەرژەوەندییە، كۆمەڵگاكە تا چ ڕادەیەك پێویستی بە گونجاندنی مرۆڤی كۆچەر هەیە و وڵاتە میواندارەكان بە چ خێراییەك دەتوانن ئەو مرۆڤانە وەك هاوشاری و بە مافی بەرانبەرەوە سەیر بكەن و هەڵس و كەوتیان لەهەنبەردا بكەن، ناتوانین

دادپەروەرانە بڵێین ئایا دوو لایەنەکە ئەرکەکانی خۆیان بەجێ دێنن یا نا. ئەگەر ملیۆنێك مرۆڤی کۆچەر هاوشاریی یاسایی و ماڵیاتدەری وڵاتەکە بن بەڵام تەنیا سەد کەسیان پەیوەندیان لەگەڵ گرووپە تێرۆریستەکاندا هەبێ و لە وڵاتی میواندار کاری تێرۆریستی بەڕێوەبەرن، ئایا ئەو مرۆڤە بیانیانە بەگشتی ئەرکی خۆیان بە باشی بەڕێوە بردووە یا هەوڵەکانیان هەرەسی هێناوە؟ ئەگەر وەچەی سێهەمی مرۆڤی کۆچبەر هەزاران کەرەت بە بێ ئازار و زیان، بە بێ ئەوەی کێشەیەکیان بۆ پێکهاتبێ لەسەر شەقامەکان پیاسەیان کردبێ، بەڵام جارێك مرۆڤێکی نەتەوەپەرەست وشەیەکی بە تووڕەی گوتبێ و سووکایەتییەکی پێ کردبێتن، ئایا ئەوە بەو مانایە دەبێ کە خەڵکی ناوچەکە هەموویان دژ بە مرۆڤی بیانین؟

بەڵام دوای هەموو ئەو باسانە پرسیارێکی سەرەکی لەسەر تێگەیشتوویی ئێمە لە فەرهەنگی ئینسانی شاراوە دەمێنێتەوە. لەهەنبەر باسی تەوەری کۆچبەری لەسەر ئەو گومانەین لە بنەڕەتدا هەموو فەرهەنگەکان بایەخێکی بەرانبەریان هەیە، یا لەسەر ئەو باوەڕەین کە تاقمێك لە فەرهەنگەکان لە سەرەوەی ئەوانیتر جێیان گرتووە؟ کاتێ ئاڵمانییەکان لەسەر وەرگرتنی ملیۆنێك مرۆڤی پەنابەری سوریایی باس و لێکۆڵینەوە بکەن، ئایا دەتوانین بە شێوەیەك لە شێوەکان بڵێین فەرهەنگی مرۆڤی ئاڵمانی باشتر لە فەرهەنگی سوریایە؟

## لە نەتەوەپەرستییەوە بۆ هۆگریی فەرهەنگی

سەد ساڵ پێش ئێستا ئورووپاییەكان پێیانوابوو تاقمێك لە نەتەوەكان و بەتایبەت سپی پێستەكان – بەگشتی لە مرۆڤی دیكە سەرتر و ماقووڵترن. دوای ساڵی ١٩٤٥ ڕوانگەی لەو چەشنە بەگورجی ماڵئاوایی لێكرا. نەتەوەپەرستی نەك هەر لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە كارێكی نامرۆڤانە بوو بەڵكوو لە ڕوانگەی زانستیشەوە بۆچوونێكی جێی متمانە نەبوو. زانایانی بیۆزانستی، بەتایبەت پسپۆرانی ژێنێتیكی، بەڵگەی گەلێك باوەڕپێكراویان لەبەردەستدایە كە نیشانی دەدا جیاوازی بیۆلۆژیكی نێوان مرۆڤی ئورووپا، ئەفریقا، چینی و ئەمریكایی گەلێك كەمە.

هاوكاتیش مرۆڤناس، كۆمەڵناس، مێژوو ناس، زانایانی هەڵس وكەوتی ئابووری و تەنانەت زانایانی زانستی دەمارەكان زانیارییەكی زۆریان كۆ كردۆتەوە كە وێناگەری بوونی جیاوازیی ڕوون و ئاشكرای نێوان فەرهەنگی كۆمەڵگا ئینسانییەكانن. ئەگەر لە بنەڕەتدا فەرهەنگی مرۆڤە جیاوازەكانی سەر ئەم هەردە وەك یەك بایەن و جیاوازییان نەبایە بۆچی ئیتر پێویستیمان بە زانایانی مرۆڤناس و مێژووناس دەبوو؟ بۆچی دەبوو زانیاری سەرچاوەكان بۆ پشكنینی جیاوازییەكان تەرخان بكەین؟ لانیكەم دەبوو دەست لە هەموو تاقیكارییە پڕ خەرجەكان لە باشووری ئوقیانوسی ئارام هەڵگرین و تەنیا بە پشكنینی زانستی زانایان لە ئاكسفۆرد یا بوستۆن ڕازی بین. ئەگەر جیاوازییە فەرهەنگییەكان كەم بایەخن، زانیارییەكانی خوێندكارێكی زانستگەی هاروارد لەسەر ڕاوچییەكی سەردەمی ڕاوكەر و كۆكەرەوە لە هەموو شوێنێكی نادیاری ئەم هەردە دەبوو وەك یەك بن.

بە چاولێكردنێكی وورد زۆربەی مرۆڤ دەیسەلمێنن لە نێوان فەرهەنگەكانی ئەم جیهانەدا لانیكەم تاقمێك جیاوازی گرنگ، هەر لە هەڵس و كەوتی ئەخلاقی و جینسییەوە هەتا خوو و خدەی سیاسی و ئایینی بوونیان هەیە. بەڵام چلۆن دەبێ لە

هەنبەر ئەو جیاوازییانە هەڵس و کەوت بکەین؟ ئەو زانایانەی بە شێوەی ڕادەیی سەیری تەورەکان دەکەن ئیدعای فەرهەنگێك دەکەن کە لەوێدا جیاوازی فەرهەنگی بە مانای پلە و پایەی تایبەتی نیین و ئێمە هەرگیز نابێ فەرهەنگێك بە سەرتر لەوانیتر دابنێین. لەوانەیە مرۆڤ بیرکردنەوە و هەڵس و کەوتی جیاوازیان هەبێ، بەڵام ئێمە دەبێ پێشوازی لەو فرە چەشنییە بکەین و بایەخی بەرانبەر بۆ هەموو باوەڕ و بۆچوونەکان دابنێین. بەداخەوە هەڵس و کەوتی خێرخوازانە لە کردەوە ڕاستەقینەکاندا هەرەس دێنێ. فرە چەشنی مرۆڤ ڕەنگە لە کاتی چێشت لێنان و شیعر گوتن گەلێك هەژێنەر و سەرسووڕهێنەر بێ، بەڵام زۆر بە دژواری دەکرێ سووتاندنی جادوگەر، منداڵ کوژی یا کۆیلەداری بە کردەوەیەکی تایبەتی و ئاسایی مرۆڤ دابنرێ کە لەهەنبەر سەرمایەداری جیهانی یا داگیرکاریی کارخانە گەورەکانی وەك کۆکاکۆلا پارێزگاریان لەهەنبەر بکرێ.

یاخود کاتێ بیر لە چلۆنایەتی هەڵس و کەوتی فەرهەنگە جیاوازەکان لە هەنبەر مرۆڤی بێگانە، کۆچەر و پەنابەران بکەینەوە، هەموو کولتوورەکان بە چاوێکی وەك یەك سەیری ئەو تەوەرە ناکەن. بۆ وێنە فەرهەنگی ئاڵمانی سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ عەڕەبستانی سعوودی خۆڕاگری باشتر و کراوەتر لە هەنبەر مرۆڤی بێگانە لە خۆ نیشان دەدەن. کۆچی مرۆڤێکی موسوڵمان بۆ ئاڵمان بە دڵنیاییەوە گەلێك ساکارترە لە کۆچی مرۆڤێکی مەسیحی بۆ سعوودیا. لە ڕاستیدا ڕەنگە کۆچی پەنابەرێك لە سوریاوە بۆ ئاڵمان گەلێك هاسانتر بێ تا بۆ سعوودیا و لە ساڵی ٢٠١١ وە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ عەڕەبستانی سعوودی، بە ڕاشکاوی، ئاڵمان زیاتر پەنابەری سوریایی وەرگرتووە. بە شێوازێکی هاوچەشن بەڵگەکان ڕوونی دەکەنەوە فەرهەنگی کالیفۆرنیای سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم لە پەیوەندایەتی لەگەڵ مرۆڤی پەنابەردا لە فەرهەنگی ژاپۆنی گەلێك دۆستانەتر، پەسندتر و دڵۆڤانتر بووە. کەوابوو کاتێ لەسەر ئەو ڕوانگەیە بین سەبووری، خۆڕاگری، تولەرانس و کراوەیی لە هەنبەر مرۆڤی کۆچەر و پەنابەر کارێکی باشە، لانیکەم نابێ قەبووڵی بکەین فەرهەنگی ئاڵمانی لە هی عەڕەبستانی سەعوودی سەرتر و فەرهەنگی کالیفۆرنیا لە هی ژاپۆن باشترە؟

تەنانەت ئەگەر دوو فەرهەنگ لە ڕوانگەی تێئۆریک و یاساییەوە وەك یەك وابن لە كۆنتێكستی كردەوەییدا دەتوانن سەبارەت بە تەوەری كۆچ یا پەنابەری لەسەر هەڵس و كەوتی باش یا خراپی وڵاتی مێواندار بڕیاری جیاواز بدەن. یاسا، نۆرم و ئەو بایەخە ئینسانییانەی لە وڵاتێك بە باش دانراون زۆرجار لە بارودۆخێكی تایبەتی و لە كردەوەدا بە باشی دانامەزرێن. بۆ ئەوەی نەبینە قوربانی زێدەڕۆیی نەتەوەپەرەستی، با سەیری نموونەیەكی تایبەت بكەین و دوو وڵاتی خیاڵی لای خۆمان وێنا بكەین: "وڵاتی سارد و وڵاتی گەرم." ئەو دوو وڵاتە جیاوازییەكی بەرچاوی فەرهەنگیان لەنێواندا هەیە.

مرۆڤی وڵاتی سارد هەر لە منداڵییەوە وا ڕاهێنراون كاتێ لە قوتابخانە، لەسەر كار یا لەناو بنەماڵەدا لەگەڵ كەسێك كێشەیەكیان هەبێ، باسی لەسەر ناكەن و كێشەكە لە دەرونی خۆیاندا ڕادەگرن؛ ئیزنیان نییە بە دەنگی بەرز بگوڕێنن، تووڕەیی لەخۆیان نیشان بدەن یا هێرش بكەنە سەر كەسێك – لەسەر ئەو باوەڕەن تووڕەیی و هەڵس و كەوتی توند و تیژ لەخۆ نیشاندان، كێشەكە هێندەیتر گەورە و ناخۆش دەكاتەوە. باشتر وایە مرۆڤ بەسەر هەستەكانی خۆیدا زاڵ بێ تا دوای ماوەیەك بە پێی كات بارودۆخەكە ئارام دەبێتەوە. هاوكاتیش تا ئەو جێگایەی گونجاو بێ پەیوەندی لەگەڵ كەسەكە نەگرێ و ئەگەریش نەتوانێ بە تەواوی ئەو پەیوەندییە بپچڕێنێ دەبێ هەڵس و كەوتی كورت بەڵام دۆستانەی هەبێ و هەوڵی هاندانی كەسەكە نەدا.

بە پێچەوانە لە وڵاتی گەرم مرۆڤ لە منداڵییەوە وا ڕاهێنراون كێشەكان پەرە پێبدەن. كاتێ كەسێك كێشەیەكی هەبێ بە هیچ شێوەیەك نابێ لە دەروونی خویدا ڕایگرێ و دەبێ هەڵس و كەوتی لە هەنبەردا بكا. لە یەكەم هەلدا دەبێ هەستی خۆی بە ئاشكرایی دەربڕێ. هیچ جێی ڕەخنەلێگرتن نابێ كاتێ بە دەنگی بەرز بگوڕێنێ و كەسەكە بە دەربڕینی هەستی خۆی بریندار بكا. ئەوە تەنیا ڕێگایەكە مرۆڤ دەتوانێ ڕاستگۆیانە و ڕاستەوخۆ كێشەكان چارە بكا. لە خولێكدا كە دەتوانێ ساڵیانی درێژ لە حاڵی كوڵین دابێ، دەكرێ بە گوڕاندن و بەسەردا نەڕاندن كێشەیەك چارە بكرێ و سەرەڕای ئەوەی شەڕی ڕووبەڕوو كارێكی ساكار نییە، بەڵام هەر دوو بەرەی كێشەكە دوای ماوەیەك خۆیان گەلێك باشتر و ڕاحەتتر هەست پێ دەكەن.

دیارە ئەو دوو چەشنە هەڵس و کەوتە خاڵی باش و خراپی خۆیان هەیە و بڕیاردان لەسەر ئەوەی یەکیان لەویتر باشتر بێت، کارێکی گەلێك دژوارە. ئەدی چ ڕوودەدا کاتێ کەسێك لە وڵاتی گەرمەوە بۆ وڵاتی سارد کۆچ بکا و لەوێ کارێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە؟ هەرکات کێشەیەکی لەگەڵ هاوکارێکی هەبێ، بە توندو تیژی و گوڕاندنەوە مستی لەسەر میزی کارەکە ڕادەکێشێ بەو هیوایەی زۆر زوو سەرنجی هاوکارەکانی بۆ کێشەکە ڕاکێشێ و کۆتایی پێ بێنێ. دوای ماوەیەك پۆستێکی کاریی لە سەرەوە خاڵی دەبێ و سەرەڕای ئەوەی مرۆڤی وڵاتە گەرمەکە هەموو تایبەتمەندییە کارییەکانی بۆ ئەو پۆستە گونجاوە، بەڵام سەرۆکی ئیدارەکە ئەو جێگا خاڵییە دەدا بە مرۆڤێکی وڵاتی سارد. کاتێ هۆکاری لێ پرسیاری دەکرێ، ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێ: "ڕاستە ئەو مرۆڤەی وڵاتی گەرم لە ڕوانگەی ژیرییەوە بۆ ئەو کارە گەلێك باشە، بەڵام کێشەیەکی جیددی لە هەنبەر هەڵس و کەوت لەگەڵ هاوکارەکانیدا هەیە. ئەو کەم جیکەڵدانەیە و زۆر زوو تووڕە دەبێ، بەردەوام لە دەوروبەری خۆی کێشەی ناپێویست پێك دێنێ و دەبێتە هۆی شێواندنی فەرهەنگی ناو کارخانەکە." چارەنووسێکی هاوچەشن کۆچەرانیتری وڵاتی گەرم لە وڵاتی سارد تووشی هاتوون و زۆربەی ئەو مرۆڤانە لە پۆستی کاریی خوارەوەدا دەمێیننەوە و کاریان نادەنێ چونکە بە مرۆڤی تووڕە و کێشە ساز ناسراون. لەبەر ئەوەی ئەو مرۆڤانە هەرگیز پۆستێکی باشیان پێ نادرێ، کەمتر دەتوانن شوێن لەسەر فەرهەنگی ئیداری وڵاتی سارد دابنێن.

بارودۆخێکی هاوچەشن بۆ مرۆڤی وڵاتی سارد پێك دێ کاتێ کۆچ بۆ وڵاتی گەرم بکا. مرۆڤێکی ئەوتۆ کە لە وڵاتی گەرم دەست بە کار دەکا، زۆر زوو قسەی بۆ ساز دەکەن کە لووت لە حەوا، کەم قسە و خوێڕییە. هاوکارەکانی دەڵێن لێهاتوویی هەڵس و کەوتی گەرم و گوڕی نییە. ئەو هیچکات هەوڵ نادا خۆی بگەێنێتە پلەی سەرەوەتر و بەو هۆیەوە دەرەتانی نابێ فەرهەنگ و هەڵس و کەوتی کارخانەکە بگوڕێ. مرۆڤی وڵاتی گەرم دێنە سەر ئەو بڕیارە کە زۆربەی مرۆڤی وڵاتی سارد کەمڕوون و هەڵس و کەوتی هەڤاڵانەیان نییە و باشتر وایە کاریان پێ نەدەین.

لە هەردووك نموونەکاندا دەکرێ دۆخەکە بە هەڵس و کەوتی نەتەوەپەرەستییەوە بلکێندرێ. بەڵام لەڕاستیدا هیچکام لە بەرەکان نەتەوە پەرەست نین. ئەوان زیاتر

هۆگری فەرهەنگی خۆیانن. مرۆڤ هێشتا پاڵەوانانە لەهەنبەر نەتەوەپەرەستی نەریتی بەربەرەكانی دەكەن بێ ئەوەی هەستیان كردبێ گۆڕەپانی شەڕ جێگای خۆیان گۆڕیوەتەوە: نەتەوەپەرەستی نەریتی كەمتر بۆتەوە، بەڵام لەمڕۆدا جیهان پڕە لە هۆگرانی فەرهەنگی.

لە سەردەمی پێشوودا نەتەوەپەرەستی نەریتی بنەڕەتیی خۆی لە تیئۆرییە بیۆلۆژیكییەكاندا داكوتابوو. لە ساڵانی ١٨٩٠ یا ١٩٣٠ دا مرۆڤ لە وڵاتانی وەك بریتانیا، ئوستراليا و وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا لەسەر ئەو بڕوایە بوون كە تاقمێك تايبەتمەندیی بیۆلۆژیكی میراتی دەبنە هۆكار بۆ مرۆڤی ئەفریقایی یا چینی كە لە كاتی لەدایكبوونیانەوە كەم هۆش، ناچالاك و لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە لە مرۆڤی ئورووپایی و ئەمریكایی كەم بایەختر بن؛ ئەو كێشانە لە ناو خوێنیان دایە. ئەو چەشن بۆچوونانە لە ڕوانگەی سیاسیشەوە سەلمێندرابوون و پشتیوانییەكی قایمی زانستیشیان بۆ دروست كردبوو. دیارە لەمڕۆشدا زۆر جار مرۆڤ گوێبیستی هەڵس و كەتی نەتەوەپەرەستانە دەبێ بەڵام پشتیوانی زانستیان نییە. هەروەها لە ڕوانگەی سیاسیشەوە ئیتر جێی باوەڕ نین – مەگەر ئەوەی لە ناو چەمكی فەرهەنگیدا فۆرموولە كرابن. ئەو ئیدیعایە كە ڕەش پێست بەهۆی هەبوونی "ژێن"ی تایبەت بەردەوام تاوان دەكەن، ئیتر لەناو چووە. بەڵام ئەو ئیدیعایە دەكرێ، ئەو مرۆڤانە بۆیە زیاتر تاوان دەكەن چونكە ئەوان لە كولتوور و فەرهەنگێكی وەدواكەوتوو سەرچاوەیان گرتووە.

بۆ وێنە لە وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا تاقمێك لە حیزبەكان و سیاسەتوانان زۆر بە ئاشكرایی لە سیاسەتی هەڵاواردن و جیاوازیدانانی نەتەوەیی پشتیوانی دەكەن و سووكایەتی بە مرۆڤی ئەفریقایی، ئەمریكای لاتین و موسوڵمانان دەكەن – بەڵام ئەوان زۆر كەم باس لەوە دەكەن كە ئەو مرۆڤانە كێشە و جیاوازیی (د. ن. ئا)یان هەیە. كێشەكە زیاتر لە فەرهەنگی ئەو مرۆڤانەوە سەرچاوە دەگرێ. كەوابوو كاتێ سەرۆككۆماری ئەمریكا ترامپ، هائیتی، ئێلسالوادۆر و بڕێك شوێنی ئەفریقای بە "وڵاتانی پیس و چەپەڵ" ناو برد، بە ئاشكرایی ڕوانگەی خۆی سەبارەت بە فەرهەنگی ئەو وڵاتانە دەربڕی و هیچ ئاماژەیەكی بە تێكەڵاویی ژێنێتیكی ئەو شوێنانە نەكرد. لە دەرفەتێكیتردا ترامپ لەسەر كۆچی مرۆڤی میكزیكی بۆ ئەمریكا گوتی: "كاتێ

میكزیك خەڵكەكانی خۆی بۆ ئێرە دەنێرێ، مرۆڤە باشەكان و زانایانی نانێرێ. ئەوان ئەو كەسانە دەنێرن كە كێشەیەكی گەلێك زۆریان هەیە و ئەو كێشانە لەگەڵ خۆیان دێننە ئێرە. ئەوان كێشەی مادەسڕكەرەكان و تاوانكاریی لەگەڵ خۆیان دێنن. ئەوان دەستدرێژی جینسی دەكەن، و تاقەمێكیشیان بە باوەڕی من مرۆڤی باشن." دیارە ئەو هەڵس و كەوتەی ترامپ سووكایەتییەكی ڕوون و ئاشكرایە لە هەنبەر ئەو مرۆڤانە بەڵام زیاتر لە ڕوانگەی كۆمەڵایەتی و نەك لە ڕوانگەی بیۆلۆژیكییەوە. مەبەستی ترامپ لێرەدا ئەوە نییە كە خوێنی مرۆڤی میكزیكی لەمپەر لەسەر ڕێگای باشبوونی مرۆڤە – بەڵكوو ئەوەیە كە مرۆڤی باشی میكزیكی لە باشووری ریۆگراند " Rio Grande" دەمێننەوە و نایەنە ئەوێ.

جەستەی مرۆڤ – شێوازی مرۆڤی ئەمریكای لاتین، جەستەی ئەفریقایی، جەستەی چینی – هێشتا هەر لە ناوەندی باسەكەدا ماونەتەوە. هێشتا ڕەنگی پێست ڕۆڵێكی گرنگ لە كۆمەڵگاكاندا دەگێڕێ. ئەگەر لە دەوروبەری شاری نیۆیۆرك بڕێك ملانینی زیادی لەسەر پێستمان هەبێ بەو مانایە دەبێ پۆلیس بەردەوام و بەتایبەت لێمان بەگۆمان بێت. بەڵام هەم ترامپ و هەم ئۆباما دەتوانن مانای ڕەنگی پێست لە ڕوانگەی فەرهەنگی و مێژووییەوە ڕوون كەنەوە. پۆلیس لەسەر هۆكاری بیۆلۆژیكی لەسەر ڕەنگی پێستی ئێمە گوماناوی نییە بەڵكوو هۆكاری مێژوویی هەیە. لە ڕوانگەی ئۆباماوە بە ئەگەری زۆر گومانی پۆلیس میراتی جێی داخی جینایەتی سەردەمی كۆیلەدارییە، لە حاڵێكدا لە ڕوانگەی ترامپەوە ڕەنگە ئیدیعای ئەوە بكرێت ئەو كارە میراتی جێی داخی هەڵەی مێژوویی نێوان لیبراڵەكانی سپی پێست و كۆمەڵی ڕەش پێست بووە. ئەگەر ئێوە لە ڕاستیدا توریستێكی گەڕۆكی دێهلی نوێن و هیچ زانیارییەكتان لەسەر مێژووی ئەمریكا نییە، سەرەڕای ئەوەش ڕووبەڕووی كاردانەوەی مێژوویی ئەو كێشەیە دەبنەوە.

گۆڕان لە بوونەوەر ناسییەوە بۆ فەرهەنگ تەنیا جێگۆڕكێی كەم و بێ مانای چەمكەكان نییە. زیاتر باس لەسەر گۆڕانێكی بنەڕەتییە و كاردانەوەیەكی بەربڵاوی هەیە و لەو ناوەدا هەندێكیان باش و بڕێكیان خراپن. لە پێشەوە فەرهەنگ گەلێك لە بوونەوەرناسی گۆڕان هەڵگرترە. ئەوە بەو مانایەیە كە لە لایەكەوە لایەنگرانی

فەرهەنگی لە نەتەوەپەرەستی نەریتی تولەڕانس و خۆڕاگری باشتریان هەیە – ئەگەر "مرۆڤی بیانی" فەرهەنگی ئێمە هەڵگرن، وەک خۆمانیان دادەنێین. لەولاشەوە دەتوانێ ببێتە هۆی گەورەبوونەوەی گوشار لەسەر "مرۆڤی بیانی" بۆ گونجاندن یا ئاسیمیلیرەبوونیان و بەهێزتر ڕەخنەیان لێ بكرێ كاتێ نەیانەوێ ئەو كارە جێ بەجێ بكەن. ئێمە زۆر دژوار دەتوانین مرۆڤێكی ڕەش پێست سەركۆنە بكەین چونكە پیستی خۆی ناكاتە سپی، بەڵام دەتوانین ئەفریقایی و موسوڵمانان لەسەر وەرنەگرتنی بایەخە ئینسانی - فەرهەنگییەكانی ڕۆژئاوایی سەركۆنە بكەین. ئەوەش نابێ بەو مانایە بێ كە ئەو چەشنە تۆمەتانە ڕاست بن. لە زۆربەی بارودۆخەكاندا بەڵگەیەكی كەم هەیە كە مرۆڤ ناچار بە هەڵگرتنی كولتوور و فەرهەنگی سەرتر بكرێ. لە زۆر بارودۆخیتریشدا كارێكی گەلێك نەگونجاوە. ئەو ئەمریكاییانەی ڕەچەڵەكیان لە قوڕنەی ئەفریقاوە سەرچاوەی گرتووە و لە شوێنی هەژاری وڵاتەكە دەژین و بە هەموو توانایی خۆیان هەوڵ بۆ وەرگرتنی كولتووری ئەمریكایی دەدەن، زۆر زوو بەو ئەزموونە دەگەن كە لە لایەن تاقمێك ڕێكخراوەوە كە لە نێوان نەتەوكاندا جیاوازی دادەنێن، لەمپەریان لەسەر ڕێگا دادەنرێ – بو ئەوەی دواتر گوێبیستی ئەو تۆمەتە بن گوایە هەوڵی تەواویان بۆ خۆگونجاندن نەداوە و تەنیا خۆیان بەرپرسی كێشە كۆمەڵایەتییەكانیانن.

جیاوازیی دووهەم و سەرەكیی و بڕیاردەر، جا مرۆڤ لەسەر تەوەری بیۆلۆژی یا فەرهەنگ ئاخافتن بكا، ئەوەیە كە بەڵگە و ئارگۆمینتی لایەنگرانی فەرهەنگی بە پێچەوانەی نەتەوەپەرەستی نەریتی بڕێك جار عاقڵانە و ژیربێژانەیە هەر وەك نموونەكەی وڵاتانی سارد و گەرمدا بینیمان. وڵاتانی سارد و گەرم لەڕاستیشدا فەرهنگێكی جیاواز لە یەكتریان هەبوو كە بەهۆی فۆرمی پەیوەندی كۆمەڵایەتیی جیاوازیانەوە خۆیان دیاری دەكرد. بەو هۆیەی هەڵس و كەوتی جیاوازی مرۆڤ بۆ كاری ئیداری و بەگشت بۆ هەموو پیشەكان گەلێك بڕیاردەرە، ئایا كارێكی نائەخلاقی دەبێ ئەگەر بۆ وێنە كارخانەیەكی وڵاتی گەرم خەڵكی وڵاتی سارد بەوە تاوانبار بكا كە خۆی بە هەڵس و كەوت و فەرهەنگی وڵاتەكەیەوە هەڵواسیوە؟

مرۆڤناسان، كۆمەڵناسان و مێژوونووسان لەسەر ئەو پرسیارە گەلێك ڕەنج دەكێشن. لە لایەكەوە بە شێوەیەكی مەترسیدار ئەو كارە نیزیك بە نەتەوەپەرەستی وەستاوە و لەولاشەوە هۆگری فەرهەنگی بنەڕەتێكی بەهێزتری بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ نەتەوەپەرەستی هەیە و بەتایبەت زانایانی زانستی ڕەوانناسی و كۆمەڵایەتی ناتوانن حاشا لەوە بكەن جیاوازی فەرهەنگی بوونی نییە و ڕۆڵێكی گرنگ لە ژیانی مرۆڤدا ناگێڕن.

بەڵام ئەگەر ئێمە گوێڕایەڵی لە تاقمێك فەرهەنگ بكەین و بۆچوونەكانیان وەرگرین ئەوە بەو مانایە نییە كە بە پتوونی پەیڕەوی لە هەموو هەڵس و كەوتی كۆمەڵایەتییان بكەین. زۆرینەی تێزی هۆگرانی فەرهەنگی بەتایبەت لەسەر سێ لاوازیی ئازار دەكێشن.

**یەكەم**، زۆربەی ئەو مرۆڤانە سەروەریی ناوچەیی لەگەڵ سەروەری زەینی بە هەڵە دەگرن. بۆ وێنە لە كۆنتێكستی وڵاتی گەرم بۆ چارەكردنی كێشەكانیان دەتوانێ سەرێتی(سەروو بوون) بەسەر شێوەی هەڵس و كەوتی وڵاتی سارددا هەبێ – ئەوە بەو مانایە دەبێ كارخانەیەكی وڵاتی گەرم كە لە وڵاتەكەی خۆی چالاكی هەیە بەڵگەی خۆی بۆ جیاوازیدانان لە نێوان كرێكارانی ناو كارخانەكەی هەیە (باوەكوو زیاتر ئەو مرۆڤە كۆچەرانە دەگرێتەوە كە لە وڵاتی ساردەوە هاتوون). بەڵام ئەو هەڵس و كەوتەیان بەو مانایە نییە كە شێوازی بەڕێوەبردنی كارخانەكە لە وڵاتی گەرم لە ڕوانگەی زەینییەوە سەرێتی بەسەر مێتۆدەكانیتردا هەبێ. لەوانەیە وڵاتی گەرم یەك دوو شت لە وڵاتی سارد فێر بێ و ئەگەر بارودۆخەكە گۆڕانی بەسەردا بێ – بۆ وێنە ئەگەر كارخانەی وڵاتی گەرم بڕیار بدا بە شێوەی جیهانی چالاكی بكا و لە زۆربەی وڵاتاندا نوێنەری هەبێ – هەمەڕەنگی دەتوانێ ببێتە خاڵێكی ئەرێنی.

**دووهەم**، ئیدیعای هۆگرانی فەرهەنگی دەتوانێ لە ڕوانگەی ئەزموونكردن ماقووڵ بێتە بەرچاو بەو مەرجەی پێوانە یا پێوەر، كات و شوێن بە ڕوونی دیاری كرابن. سەرەڕای ئەوەش زۆربەی كات مرۆڤ تێزی فەرهەنگی گەلێك ئاسایی پیشە دەكەن كە مانایەكی ئەوتۆیان نییە. كە وابوو گەلێك جێی باوەڕە ئەگەر بڵێین "فەرهەنگی

وڵاتی سارد بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ فەرهەنگی وڵاتی گەرم لە هەنبەر كێشە گشتییە كۆمەڵایەتییەكان خۆڕاگرییەكی كەمتری هەیە"، بەڵام كەمتر عاقڵانەیە ئەگەر بڵێین، "فەرهەنگی ئیسلامی گەلێك ناتولەرانس و كەم جیكەڵدانە". لێرەدا و لەو دێرەی كۆتاییدا گەلێك ناشەفافە، چەمكی "ناتولەرانس" بە چ مانایە؟ ناتولەرانس بوون لەهەنبەر چ شتێكدا؟ فەرهەنگێك دەتوانێ لە هەنبەر كەمینەی ئایینی و جیاوازی بیر و باوەڕی سیاسی ناتولەرانس بێ، هاوكاتیش لەهەنبەر مرۆڤی قەڵەو یا مرۆڤی بەتەمەن گەلێك خۆڕاگر بێ. ئەدی مەبەست لە "فەرهەنگی ئیسلامی" دەبێ چ بێ؟ ئایا باس لەسەر نیمچە دورگەی عەرەبستانی سەردەمی سەدەی حەوتەمە؟ باس لەسەر ئیمپراتۆری عوسمانی سەدەی شازدەهەمە؟ مەبەست سەرەتای سەدەی بیست و یەكەمی وڵاتی پاكستانە؟ لە كۆتاییدا پێوەرەكەمان كامانەن؟ ئەگەر باس لەسەر تولەرانس و خۆڕاگری لەهەنبەر كەمینەی ئایینی بێ و سەدەی شازدەی عوسمانییەكان لەگەڵ ڕۆژئاوای ئورووپای سەدەی شازدە هەڵسەنگێنین، دێینە سەر ئەو بڕیارە كە كۆمەڵگای ئیسلامی گەلێك تولەرانس و خۆڕاگرتر لە وڵاتانیتری ئەو سەردەمە بووە. بەڵام كاتێ ئەفغانستانی سەردەمی تالبان و ئێرانی ئەمڕۆ لەگەڵ وڵاتی دانماركی ئەمڕۆیی هەڵسەنگێنین، بڕیارێكی بە تەواوی جیاوازمان دەبێ.

مەزنترین كێشەی ئیدیعای هۆگرانی فەرهەنگی، پێشتر و بە بێ ئاگایی تەواو دادوەریكردن لەهەنبەر كەسەكانە. ئەگەر كەسێكی خۆماڵیی وڵاتی گەرم و یەكی وڵاتی سارد هاوكات داواكاری پیشەیەك لە وڵاتی گەرم بن، بەرپرسی كارخانەكە لەوانەیە بڕیار بۆ كەسەكەی وڵاتی گەرم بدا چونكە مرۆڤی وڵاتی سارد گەرم و گوڕ نین و لە ڕوانگەی ئەوەوە مرۆڤێكی سارد و سڕن. تەنانەت ئەگەر لە ڕوانگەی ئاماریشەوە بۆچوونەكە ڕاست بێ ئایا ئەو تایبەتمەندییانەی مرۆڤی وڵاتی سارد لە ڕاستیدا ناتوانێ بە ڕوونی خوێنگەرمتر و كۆمەڵایەتیتر لە تایبەتمەندیی مرۆڤی وڵاتی گەرم بێ؟ دیارە فەرهەنگ گرنگایەتی هەیە بەڵام مرۆڤ لەسەر ڕەوتی كۆمەڵایەتی و مێژووی كەسیی خۆیان شكڵ دەگرن و ڕادێن. كەسەكان زۆر جار لەگەڵ كلێشەی ئاماریدا جیاوازییان هەیە. لەو ڕوانگەیەوە لەوانەیە كارێكی عاقڵانە بێ كارخانەیەك كرێكاری سارد بە كرێكاری گەرم و خۆش مەشرەب نەگۆڕێتەوە، بەڵام بە باشتر زانینی وڵاتی گەرم و دانانی وڵاتی سارد بە خراپ، كارێكی لۆژیكی نییە.

هەموو ئەو كارانە تەنیا لە خزمەتكردن بە تێزی هۆگرانی فەرهەنگیدایە بە بێ ئەوەی خودی هۆگریەكە بێ ئیعتبار بكاتەوە. بە پێچەوانەی نەتەوەپەرستی كە شتێك زیاتر لە تۆمەتبارکردنی نازانستی لەهەنبەر تاقمێك مرۆڤ نییە، بەڵگە و بۆچوونەكانی هۆگرانی فەرهەنگی زۆر جار تەواو جێی باوەڕن. ئەگەر سەیرێكی ئامار بكەین و بیدۆزینەوە كارخانەی وڵاتی گەرم مرۆڤی وڵاتی سارديان بۆ پۆستی سەرەوە دانەناوە، دەتوانێ هۆكاری نەتەوەپەرستی نەبووبێ بەڵكو تەنیا بڕیارێكی باش لە ڕوانگەی بەرپرسی كارخانەكە بووبێ. لەوانەیە مرۆڤی وڵاتی سارد ئەو بڕیارە بە ڕەدكردنەوەی خۆیان دابنێن و بڵێن وڵاتی گەرم دژ بە پەیمانی مرۆڤی كۆچەر وەستاوە؟ ئیمە دەبێ كارخانەكانی وڵاتی گەرم ناچار كەین مرۆڤی وڵاتی سارديش لە بەرپرسایەتی و پۆستی باڵای كارخانەكانیاندا بەشدار كەن، بەو هیوایەی گەرما و تینی ناو كارخانەكانیان بڕێك فێنك كەنەوە. یاخود ڕەنگە هەڵە لە مرۆڤی كۆچەری وڵاتی ساردەوە بێ كە نەیانتوانیوە خۆیان لەگەڵ فەرهەنگی وڵاتەكە بگونجێنن و دەبێ هێزی خۆمان بەوەوە خەریك كەین منداڵانی مرۆڤی وڵاتی سارد لەگەڵ یاسا و نۆرمی وڵاتی گەرم ئاشنا بكەین.

با لە جیهانی خەون و خەیاڵەوە بۆ جیهانی بەڵگە بگەڕێینەوە، بەو شێوەیە هەست دەكەین باسی ئوروپا لەسەر مرۆڤی كۆچەر زۆر لەوە زیاترە كە تەنیا كێشەی نێوان مرۆڤی باش و مرۆڤی تووڕە بێ. ئەو كارە هەڵە دەبێ بە گشتی هەموو دژبەرانی مرۆڤی كۆچەر بە نازی دابنێین، هەروەها هەڵە دەبێ هەموو لایەنگرێكی مرۆڤی كۆچەر بەوە تاوانبار بكەین كە دەیانەوێ "خۆكووژی فەرهەنگی" بكەن. كەوابوو نابێ باسی كۆچی مرۆڤ وەك بەربەرەكانییەكی نەساز لەسەر تاقمێك نیازی ئەخلاقی پێك بێ كە جێی گفت و گۆكردن نین. لێرەدا زیاتر باس لە نێوان دوو بەرەی فەرمیی سیاسییە كە بەهۆی پرۆسەیەكی دێمۆكراتیك دەبێ بڕیاری لەسەر بدرێ.

ئەمڕۆ بارودۆخەكە گەلێك ناشەفافە، ئایا ئورووپا ڕێگاچارەیەك دەدۆزێتەوە كە بارودۆخێكی بۆ دروست بكرێ دەروازەكانی لەسەر مرۆڤی بێگانە ئاواڵە بهێڵێتەوە، بە بێ ئەوەی لە لایەن كاسانێك كە بەشداریی بەها ئینسانییەكانی ناكەن، ئازاری پێ نەگا و تووشی ناسەقامگیری نەبێ؟ ئەگەر ئورووپا بتوانێ ڕێگاچارەیەكی ئەوتۆ

بدۆزێتەوە، ڕەنگە بتوانێ فۆرمولەكەی لە پانتاییەكی گلۆبالیدا كەڵك لێ وەربگرێ. بەڵام ئەگەر پڕۆژەی ئورووپاییەكان هەرەس بێنێ، ئەوە نیشانەی ئەوە دەبێ كە باوەڕ بە بایەخە لیبڕاڵییەكانی وەك ئازادی و تولەرانس لە بارودۆخێكدا نین بتوانن كێشەكانی نێوان فەرهەنگە جیاوازەكانی ئەم جیهانە چارەسەر بكەن و مرۆڤایەتی لە هەنبەر شەڕی ناوكی، هەرەسهێنانی ژینگە و هەرەسهێنانی تێكنۆلۆژیا یەكگرتوو بكەن. ئەگەر یۆنانی و ئاڵمانییەكان نەتوانن لەسەر ئامانجێكی هاوبەش بە ئەزموون بگەن و ئەگەر ٥٠٠ ملیۆن مرۆڤی دەوڵەمەندی ئورووپا نەتوانن چەند ملیۆن مرۆڤی هەژاری پەنابەر وەرگرن، ئیتر مرۆڤ كام شانسی پێدەدرێ بتوانێ بەربەرەكانی لە هەنبەر ناكۆكیی و كێشە قووڵەكان كە هەڕەشە لە جیهانی گلۆبالی دەكەن، بكا؟

ئەو یارمەتییەی ئورووپا و هەموو جیهان بە گشتی دەتوانن بیكەن ئەوەیە كۆچی مرۆڤ باشتر ئورگانیزە بكەن، سنوور و مێشكیان بكەنەوە بۆ ئەوەی سیناریۆی تێرۆریستی ئیتر زیندوو نەكرێتەوە. گەلێك خەمناك دەبێ ئەگەر تاقیكاریی ئورووپا لەسەر بوارەكانی ئازادی و تولەرانس بەهۆی ترس لە هەنبەر تێرۆریزم توونا بكرێ. بەو كارە نەك هەر تێرۆریزم بە ئامانجەكەی دەگا، بەڵكوو تاقمێك مرۆڤی فناتیك و زێدەڕۆ لەسەر داهاتووی ژیانی مرۆڤ دەرفەتی بڕیاردانیان بۆ مسوگەر دەكرێ. تێرۆریزم چەك و هەڕەشەی بەشێكی لاوازی مرۆڤایەتییە، چلۆن دەبێ سیاستی جیهانی بكەوێتە دەستییەوە؟

## دوودڵی و هیواداریی

سەرەڕای ئەوەی ئێمە لە بەرانبەر ژمارێك كێبەركێی بێ وێنەدا وەستاوین و جیاوازی بۆچوونی گەلێك زۆریش لە نێوانماندایە، بەڵام ئەگەر ئێمەی مرۆڤ ترسەكانمان كونترۆڵ بكەین و برێك بێفیزانە ڕوانگەی جیهانبینی خۆمان نیشان بدەین، مرۆڤایەتی دەتوانێ ئەو كێشانە چارەسەر بكا.

تێرۆریسم!؟ هیچ ترسێكتان نەبێ!

تێرۆریست مامۆستای كونترۆڵی بیر و هزری مرۆڤە. ئەوان ژمارێكی كەمی مرۆڤ دەكووژن، بەڵام هاوكاتیش ملیاردان مرۆڤ دەخنە بارودۆخی ترسەوە و دەتوانن ڕەوتی مەزنی سیاسی وەك یەكیەتیی ئورووپا یا نەتەوە یەكگرتووەكانی ئەمریكا بشێوێنن. لە یازدەی سپتامبری ساڵی ٢٠٠١بەدواوە ترۆریستەكان ساڵانە نیزیكەی ٥٠ كەس لە ئورووپا، دە كەس لە ئەمریكا، حەوت كەس لە چین وبە گشتی نیزیكەی ٢٥٠٠٠ مرۆڤیان (بەتایبەت لە عیراق، ئەفغانستان، پاكستان، نیجیریا و سوریا) لە سەرانسەری جیهان كوشتووە. بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ لێكدانی ئوتومۆبیل، لە ساڵدا ٨٠ هەزار ئورووپایی، ٤٠ هەزار ئەمریكایی، ٢٧٠ هەزار چینی و بەگشتی ١،٢٥ ملیۆن مرۆڤ گیانیان لەدەست دەدەن. بە هۆی نەخۆشی شەكر و خواردەمەنی شیرین لە ساڵدا نیزیكەی ٣،٥ ملیۆن مرۆڤ گیانی خۆیان بەخت دەكەن و هاوكاتیش ئالوودەبوونی كەش و هەوا زیاتر لە ٧ ملیۆن كەس قوربانی خۆی دەكا. ئەدی بۆچی ترسێكی زیاترمان لەهەنبەر تێرۆریست هەیە و هیچ ترسێكمان لە شەكر یا ئالوودەبوونی هەوا نییە و دەنگی خۆمان بەو حكوومەتانە دەدەین كە هەڵس و كەوت لەهەنبەر تێرۆریزم لەخۆیان نیشان دەدەن، نەك لەهەنبەر نەخۆشییەكان و ئالوودەكردنی كەش و هەوا؟

بە مانای ڕاستەقینەی وشە، تێرۆر ستراتیژییەكی نیزامییە كە هیوادارە لە جیاتی زیانی مادی بەهۆی بڵاوكردنەوەی ترس و خۆف لەناو خەڵكیدا ئاڵ و گۆڕ بەسەر بارودۆخی سیاسی جیهاندا بێنێ. ئەو ستراتیژییە بەردەوام لە لایەن حیزبە بچووكە لاوازەكانەوە كەڵكی لێ وەردەگیرێ كە ناتوانن زیانێكی گەورەی دارایی لە دژبەرەكانین بدەن. دیارە هەر چالاكییەكی نیزامی ترس و خۆف دەخاتە ناو خەڵكییەوە، بەڵام لە شەڕێكی ئاساییدا ترس بەرهەمێكی پاڵەكی زیانی داراییە و بەستراوەتەوە بە ڕادەی توند و تیژیی شەڕەكەوە كە دەبێتە هۆی لە ناوبردنیان. تێرۆریزم لە پلەی یەكەمدا ترس و خۆف دەخاتە ناو خەڵكییەوە و لە نێوان هێزی ڕاستەقینەی تێرۆریستەكان و ئەو ترسەی پێكی دێنن جیاوازییەكی بەرچاو هەیە.

زۆر جار كارێكی ساكار نییە بەهۆی شەڕخوازییەوە ئاڵ و گۆڕ بەسەر بارودۆخی سیاسی وڵاتێكدا بێنین. لە یەكەم ڕۆژی شەڕی سام (Somme) دا ڕۆژی یەكی ژانویەی ساڵی ١٩١٦، ١٩ هەزار سەربازی بریتانیایی كوژران و نیزیكەی ٤٠ هەزار كەس بریندار بوون. كاتێ مانگی نوامبر ئەو شەڕە كۆتایی پێهات، لە هەر دووك لایەنەكان نیزیكەی یەك ملیۆن كەس زیانیان لێ كەوت و ٣٠٠ هەزاریان گیانی خۆیان لەدەست دا. بەڵام ئەو شەڕەماڵوێرانكەرە هیچ گۆڕانێكی بەسەر هاوسەنگیی هێزدارانی سیاسی ئورووپادا نەهێنا. دوو ساڵیتری خایاند و ملیۆنان كەس قوربانیكران تا سەرەنجام بڕێك ئاڵ و گۆڕ پێكهات.

بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ كاولكارییەكانی شەڕی سام تێرۆریزم چالاكییەكی گەلێك بچووك و پاژەكییە. لە هێرشی تێرۆریستی پاریس مانگی نوامبری ساڵی ٢٠١٥، ١٣٠ مرۆڤ كووژران، تەقینەوەی بۆمبا لە شاری برۆكسێل مانگی مارسی ٢٠١٦، ٣٢ قوربانی لێ كەوتەوە و ٢٢ كەسیش مانگی مای ٢٠١٧ لە شاری مانچستر گیانی خۆیان لە دەست دا. ساڵی ٢٠٠٢ لە لووتكەی تێكۆشانی تێرۆریستی فەلەستینییەكان دژ بە ئیسڕائیل هاوكات لەگەڵ تەقینەوەی ڕۆژانەی ئوتوبوس و چێشتخانەكان ٤٥١ مرۆڤی ئیسرائیلی كووژران. لە تاقمێك لە هێرشە تێرۆریستییەكان وەك هێرشی بۆمبا بۆ سەر فڕۆكەی ١٠٣ "PanAm" ساڵی ١٩٨٨ تەنیا چەند سەد كەس بوونە قوربانی. بە هۆی هێرشی تێرۆریستی ١١ی سپتامبری ٢٠٠١ نیزیكەی ٣ هەزار كەس كوژران

كە ڕێكۆردێكی نوێی مرۆڤكوژیی لە مێژوودا تۆمار كرد. تەنانەت هەموو ئەو مرۆڤ كووژییە ناجوامێرانەیەش لە ژێر سێبەری شەڕی نێوان دوو وڵاتدا دەشاردرێنەوە. ئەگەر ژمارەی كوژراو و بریندارانی هێرشكاریی تێڕۆریستی لە ساڵی ١٩٤٥ وە لە ئورووپا تا ئەمڕۆ كۆ كرێنەوە، هەروەها قوربانیانی نەتەوەپەرستی، ئایینی و چەپ و ڕاستەكانیشی لێ زیاد كەین، دەبێ ژمارەی كوژراوان بە ڕاشكاوییەوە كەمتر لە قوربانیانی شەڕی یەكەمی جیهانی بێ. تەنیا شەڕی سێهەم لە ئایسنە "Aisne" نیزیكەی ٢٥٠ هەزار و شەڕی دەیەم لە ئیزۆنزۆ "Isonzo" ٢٢٥ هەزار قوربانیان دا.

كەوابوو چلۆن تێرۆریستەكان هیوادارن سەركەوتوویی وەدەست بێنن؟ دوای هێرشكاریی تێڕۆریستی دوژمنەكەیان زیانێكی ئەوتۆی نیزامیان لێ ناكەوێ و بە ڕادەی پێشوو تانگ، تۆپ، كەشتی و فڕۆكەیان بۆ دەمێنێتەوە. تۆڕی پەیوەندایەتی، شەقامەكان، ڕێگای ئاسن و هێزی نیزامی دوژمن دەست لێنەدراو دەمێننەوە. كارخانەكان، دوڕگە و ناوەندە هەواییەكانیان بە بێ زیان لێكەوتن هەر وەك پێشوویان دەمێننەوە. سەرەڕای ئەوەی تێڕۆریستەكان هیچ زیانێكی گەورە بە سامانی دوژمنەكەیان ناگەیێنن، هیواداری ئەوەن ترس و سەرلێشێواوی، دوژمنەكەیان بخاتە بارودۆخێكەوە كە لە هێزی خۆیان بۆ دژكردەوە كەڵكی نابەجێ وەرگرن. سوڕەتحیسابی تێڕۆریستەكان بریتییە لە: ئەگەر دوژمنی تووڕە كەڵك لە هێزی مەزنی خۆی دژ بەوان وەربگرێ، سێڵاو و تۆفانێكی نیزامی، سیاسی لەناو كۆمەڵگاكان وەڕێدەخا كە هیچكات خودی تێڕۆریستەكان توانایی وەڕێخستنی ئەو چەشنە دۆخی ئاڵۆزەیان نییە. گەلێك ڕووداوی پێشبینی نەكراو لە تۆفانێكی ئەوتۆدا پێك دێن. هەڵە پێك دێن، جینایەت دەكرێ، بۆچوونی كۆمەڵ دەشێوێندرێ، مرۆڤەكان بۆچوونیان دەگۆڕدرێ و هاوسەنگی هێزەكان گۆڕانی بەسەردا دێ.

لەو ڕوانگەیەوە تێڕۆریست وەك مێشوولەیەكە كە بیەوێ دووكانێكی پڕ لە قاپ و كەوچكی چینی بشێوێنێ. مێشوولەكە خۆی گەلێك لاوازە كە بتوانێ ئەو كارە بكا، و تەنانەت ناتوانێ فنجانێكی چاییش بجووڵێنێتەوە. ئەدی چلۆن بتوانێ دووكانە چینییەكە بشێوێنێ؟ بەدوای كەڵێكدا دەگەڕێ، دەچێتە ناو گوێیەوە و دەست دەكا بە وزە وز. كەڵەكە بەهۆی ئەو ترس و تووڕەییەی تێیدا پێك هاتووە، زۆر ساكار دووكانە چینییەكە

دەشێوێنێ. تەواو ئەو سیاسەتە دوای هێرشکاریی ١١ی سیپتامبری ٢٠٠١ بەڕێوەچووە. ئیسلامیستە زێدەڕۆکان کەڵی ئەمریکاییان هان دا بۆ شێواندنی دووکانی چینی ڕۆژهەڵاتی ناوین. ئێستا ئیسلامیستەکان لەسەر وێرانەکانی ئەو هێرشکارییانە ژیان دەکەن و بەڕادەی کافی کەڵ لەم جیهانەدا هەن کە بتوانن لە داهاتوودا هانیان بدەن.

# بەشی سێ: ناهومێدی و هیواداری

## ئەرکی دە: تێرۆریزم

### کارتی یارییەکە بە شێوەیەکی نوێ تێکەڵ بکەینەوە

تێرۆریزم ستراتێژییەکی نیزامی سەرسوورِهێنەرە چونکە هەموو بڕیارە گرنگەکان دەخاتە دەستی دوژمنەوە. پێش هێرشی تێرۆریستی و دوای هێرشەکەش دەستی بەرپرسان ئاواڵە دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی بڕیاری خۆیان ئازادانە دەرببڕن. دیارە هێزە نیزامییەکان هەوڵ دەدەن بە هەر نرخێك بێ پێش بەوە کارەساتانە بگرن. ئەگەر ئەوان مەبەستی هێرشیان هەبێ نایانەوێ شانۆ یاخود سیناریۆیەکی ترسناك وەڕێبخەن کە ببێتە هۆکار بۆ تووڕەبوونی دوژمن و هاندانیان بۆ دژەکردەوەیتر؛ باوەکوو زیاتر دەیانەوێ خەسارێکی مادی مەزنیان پێ بگەیێنن و هێزی تۆڵەسەندنەوەیان لێ کەم کەنەوە. بەتایبەت ئەوان هەوڵ دەدەن سامناکترین کەرەسەی نیزامی و هەوڵی هەر وەڵامێکی نیزامیان لێ پووچەڵ کەنەوە. ئەوە تەواو ئەو کارە بوو کە بۆ وێنە وڵاتی ژاپۆن لە مانگی دیسامبری ساڵی ١٩٤١ دا بەڕێوەیبرد و لە پرێکدا لە ئۆقیانوسی ئارام لە پرل هاربر "Pearl Harbor" هێرشی کردە سەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ناوگانی ئەمریکایی لە ئاوی زەریادا نوقم کردن. دیارە ئەوکارە تێرۆر نەبوو بەڵکوو زیاتر شەڕ بوو. ژاپۆنییەکان دڵنیا نەبوون دژکردەوەی ئەمریکاییەکان لە هەنبەر ئەو هێرشە چلۆن دەبێ، تەنیا ئەوەیان دەزانی: جیاوازی نەبوو ئەمریکاییەکان چ بڕیارێك دەدەن، ئەوان لە بارودۆخێکدا نەبوون ساڵی ١٩٤٢ ناوگانەکانی خۆیان بەرەو فیلیپین یا هۆنگ کۆنگ ڕەوانە بکەن. بۆ ئەوەی دژبەرەکەیان بەرەو کردەوە ببەن بە بێ ئەوەی هیچ کەرەسەیەکی نیزامیان لێ خاپوور بکرێ، تێکۆشانێکی ناهومێدوارانە بوو

كە ئەو دەم پێكیان هێنا چونكە هیچ ئاڵترناتیڤێكیتریان بۆ نەمابۆوە. ئەگەر ژاپۆنییەكان مانگی دسامبری ساڵی ١٩٤١ لە جیاتی هێرش بۆ ناوگانی پرل هاربر هێرشیان بۆ سەر كەشتییەكی موسافیرهەڵگری ئەمریكا كردبایە، كارێكی گەلێك سەرشێتانە دەبوو.

بەڵام لەڕاستیدا تێرۆریستەكان ئاڵترناتیڤێكی كەمیان لەبەردەمدایە. ئەوان هێندە لاوازن كە ناتوانن شەڕی ڕاستەقینە پێك بێنن. كەوابوو بڕیار لەسەر بەڕێوەبردنی شانۆیەكی چێكراو دەدەن بۆ ئەوەی دوژمنەكەیان هان بدەن كردەوەیەكی زێدەڕۆیانە لە خۆی نیشان بدا. تێرۆریستەكان شانۆیەكی ترسناك لە تووڕەیی لەخۆیان نیشان دەدەن و بیر و باوەڕی مرۆڤ وەها بەخۆیانەوە خەریك دەكەن كە بە بەڕێوەبردنی دژكردەوەی زێدەڕۆیانە بۆ بەرژەوەندی خۆیان كەڵكی لێ وەربگرن. تێرۆریستەكان بە كوشتنی ژمارێكی كەم لە خەڵك دەبنە هۆی پێكهێنانی ترس و خۆفی ملیۆنان كەس. حكوومەت بە مەبەستی لەناوبردنی ئەو ترس وخۆفەی كە بەهۆی شانۆی تێرۆریستەكانەوە لە ناو كۆمەڵگادا پێكهاتووە، زێدەڕۆیانە لە دژایەتی و كۆنترۆڵی گرووپەكانی ناو كۆمگاوە هەتا لەشكەركێشانە سەر وڵاتانیتر هەڵس و كەوت لەخۆی نیشان دەدا. لە زۆربەی ئەو هەڵس و كەوتانەدا بە ڕاشكاوی گوشارێكی زیاتر و بەهێزتر لە تێرۆریستەكان دەكەوێتە سەر گرووپەكانی ناو كۆمەڵگا.

هەر بەوهۆیانەوە تێرۆریستەكان وەك ژنرالی نیزامی بیر ناكەنەوە. ئەوان زیاتر وەك بەڕێوەبەری شانۆ بیر دەكەنەوە. بیرەوەرییە گشتییەكانی هێرشی ١١ی سپتامبری ٢٠٠١ نیشانی دەدا كە هەموو مرۆڤێك ئەو كارە لە ڕوانگەی خۆیانەوە هەست پێ دەكەن. لە مرۆڤ پرسیار كەین لەو ڕۆژەدا چ ڕوویداوە، بەئەگەری زۆر هەموویان وەڵام دەدەنەوە ئەلقاعیدە دوو بورجی ناوەندی بازرگانی جیهانیان "World Trade Center" تەقاندۆتەوە. بەڵام لەڕاستیدا ئەو هێرشە تەنیا بۆ سەر ئەو دوو بورجە نەبوو بەڵكوو چەند ناوەندیتریش بەتایبەت پێنداگۆن "Pentagon"یش كەوتە بەر هێرشی تێرۆریستەكان. چلۆنە كەم كەس هێرش بۆ سەر ناوەندەكانیتری لەبیر نییە؟

ئەگەر هێرشكاریی ڕۆژی یازدەی سپتامبر هێرشێكی سوپایی باو بایە، هێرش بۆ سەر پێنتاگۆن دەبوو سەرنجی خەڵكی زیاتر بۆ لای خۆی ڕاكێشێ، چونكە ئەلقاعیدە بەو كارەی سەركەوتووانە بەشێكی گرنگی بنكەی ناوەندی دوژمنەكەی خراپ كرد و

چەندین فەرماندە و پشكێنەرانی گرنگی نیزامی بریندار كرد و كوشتنی. كەوابوو بۆچی هزر و بیرەوەری گشتی ناو كۆمەڵ گرنگایەتی زیاتر بە تووناكردنی دوو بینای غەیری سوپایی و كوشتنی تاجران و فەرمانبەرانی ئیداری دەدا؟

ئەو كارە زیاتر پەیوەندی بەو ڕاستییەوە هەیە كە پینتاگۆن بینایەكی ئاسایی بوو بەڵام ناوەندی بازرگانیی جیهانی"World Trade Center " بینایەكی بەرز و سەرنجڕاكێش بوو و تێكڕووخانی وەك كارێكی هونەری بۆ خەڵكی گەلێك تایبەتی بوو. هەر كەسێك سووتان و تێكڕووخانی ئەو دوو بورجە بەرزەی بینیبێ، هیچكات لەبیری ناچێتەوە. لەسەر ئەو بۆچوونە كە ئیمەی مرۆڤ بەشێوازی وارسكە و سروشتی هەست بە شتەكانی دەوروبەرمان دەكەین و ئەو تێرۆرە وەك شانۆیەك سەیر دەكەین، دادوەرییەكەمان لەسەر هەست و هەستیاری خۆمانە نەك بەهۆی كارتێكەری مادی یا زیانی سوپایی.

هەر وەك تێرۆریستەكان، ئەو كەسانەی دژ بە تێرۆریزم چالاكی دەكەن دەبوو زیاتر وەك بەڕێوەبەری شانۆ و نەك وەك ژنراڵێكی نیزامی بیر بكەنەوە. ئەگەر ئیمە بمانەوێ بە شێوەیەكی زانایانە دژ بە تێرۆر چالاكی بكەین دەبێ لەپێش هەموو شتێكدا ئەوە تێبگەین كە كاری تێرۆریستی زیانمان پێ ناگەێنێ باوەكوو ئێمە تەنیا بۆخۆمان زیان بە خۆمان دەگەێنین كاتێ لەهەنبەر هێرشی تێرۆریستیدا بە هەڵە و زێدەڕۆیانە هەڵس و كەوت دەكەین. تێرۆریستان ئەركێكی گرنگیان بەدەستەوەیە: ئەوان سەرەڕای ئەوەی هێزی نیزامیان بەدەستەوە نییە دەیانەوێ هێز و هاوسەنگی سیاسی بە كاری توندوتیژی خۆیان تێك دەن و بیشێوێنن. بۆ ئەوەی بە مەبەستەكەیان بگەن حكوومەت لە هەنبەر كارێكی گەلێك ئاڵۆزدا دادەنێن: بەرپرسانی حكوومەت دەبێ بیسەلمێنن توانایی ئەوەیان هەیە لە هەموو شوێن و كاتێكدا مرۆڤی ناو كۆمەڵ لە هەنبەر شەڕخوازی سیاسی پارێزگاری بكەن. تێرۆریستەكان هیوادارن حكوومەت كارتی یاری سیاسی هەمیسان تێكەڵ كەنەوە، كاتێ هەوڵ دەدەن بۆ چارەكردنی كێشەكە، خۆیان "ئاس"ی یارییەكە وەدەست بێننەوە.

ئەگەر حكوومەت بە شێوەیەكی عاقڵانە هەڵس و كەوت بكا، لە كردەوەدا زۆر جار دەتوانێ تیرۆریزم توونا بكا. لە چەند دەیەی ڕابردووەوە چەندین ڕێكخراوەی تیرۆریستی لە لایەن حكوومەتە جیاوازەكانەو لە ناو چوون. لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٤ وڵاتی ئیسرائیل نیشانی داوە سامناكترین هێرشكاریی تیرۆریستی بە كەڵكوەرگرتن لە شەڕی ڕاستەوخۆ دەتوانێ بوەستێنێ. تیرۆریستەكان خۆشیان دەزانن شانسی سەركەوتنیان لە بارودۆخێكی ئاوا ڕووبەڕوودا گەلێك كەمە. بەڵام بەو هۆیەی ئەوان گەلێك لاوازن و هێزێكی نیزامی ئەوتۆیان نییە، شتێكیان بۆ لە دەستدان نییە و لە كۆتایی كار، لەو شەڕانەدا تەنیا دەستكەوتیان دەبێ.

جار و بار ئەو تۆفانە سیاسییەی بەهۆی كاری تیرۆریستییەوە هەڵدەگیرسێ، لە بەرژەوەندی تیرۆریستەكاندایە، هەر بۆیە بە تامەزرۆییەوە بەڕێوەی دەبەن. تیرۆریست وەك مرۆڤێكی قومارباز وایە كە كارتێكی گەلێك لاوازی بەدەستەوەیە و هەوڵی قانعكردنی دژبەرەكەی دەدا كارتەكان هەمیسان تێكەڵ كاتەوە. دیارە ئەو هیچ شتێكی بۆ دۆڕاندن نییە و تەنیا دەتوانێ یارییەكە بباتەوە.

## قروشێكی بچووك لەناو قابلەمەیەكی گەورەی خاڵیدا

بە ڕاستی بۆچی دەبێ حكوومەت بێتە سەر ئەو باوەڕەی كە كارتی یارییەكە تێكەڵكاتەوە؟ لەسەر ئەو بەڵگەیە كە زیانی ماڵیی پێكهاتوو لە لایەن تێرۆریزمەوە گەلێك كەم و بێ بایەخە لە ڕوانگەی تیئۆرییەوە ناكری هەڵوێستی جیددی لەهەنبەردا بگیرێ، یا لانی كەم هەڵس و كەوتی بەهێز بەڵام گەلێك خۆپارێزانە و دوور لە میكرۆفۆن و كامێرا لەخۆ نیشان بدرێ. لەڕاستیشدا حكوومەتەكان زۆر جار ڕاست پێچەوانەی ئەو هەڵس و كەوتە لەخۆیان نیشان دەدەن. زۆرجار كونترۆڵی خۆیان لەدەست دەدەن و هەڵس و كەوتی توندوتیژ پیشە دەكەن و دەكەونە داوی ئامانجی پێشتر دارڕژاوی تێرۆریستەكانەوە. بەڵام بۆچی حكوومەتەكان لەهەنبەر هاندەرانی تێرۆریست ئاوا هەستیارانە هەڵس و كەوت دەكەن؟

ئەوان بۆیە ئاوا ئاڵۆز و سەیر و سەمەرە لە هەنبەر هاندەران خۆڕاگری دەكەن چونكە بەفەرمی بوونی وڵاتێكی مودێرن لەسەر ئەو مەرجەیە كۆمەڵگا لە توندوتیژیی سیاسی دوور ڕاگرێ. ڕژیمێك دەتوانێ لە هەنبەر گەلێك كارەساتی ناخۆش خۆڕاگری بكا و تەنانەت ڕاستەوخۆ خۆیانی تێنەگەێنێ، بەو مەرجەی مانی سیاسیان نەكەوێتە ژێر مەترسییەوە. لەولاشەوە هەر ڕژیمێك لاوازیی لە هەنبەر بە فەرمی بوونی خۆی نیشان بدا، دەكرێ بە هۆی كێشەیەكی ئاساییەوە تێك بڕووخێ. لە سەدەی چاردە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تاعوون یەك لە چواری حەشیمەتی ئورووپای كوشت، بەڵام هیچ شا، ئایین یا ڕژیمێك تاج و تەختی لە ناو نەچوو، و هیچكامیشیان چالاكیی تایبەتیان بۆ بەربەرەكانی لەهەنبەر ئەو نەخۆشییە بەڕێوە نەبرد. لەو سەردەمە دا كەس بیری لەوە نەدەكردەوە پێشگیری لەو نەخۆشییە دەبێ ئەركی شا یا حكوومەت بێ. لە لایەكیتریشەوە ئەو فەرمانڕەوایانەی ئیزنی خۆتێهەڵقوتانی ئایینیان لە كاروباری بەڕێوەبردنی كۆمەڵ دەدا و لاوازییان لەخۆیان نیشان دەدا نەك هەر تاج و تەختیان دەكەوتە ژێر مەترسییەوە بەڵكوو هێزی شایەتی خۆشیان لە دەست دەدا.

لەمڕۆدا حكوومەتەكان لەهەنبەر توندوتیژی جینسی و كێشەی ئاسایی كۆمەڵایەتی گەلێك ئارامتر هەڵس و كەوت دەكەن بەهەڵسەنگاندن لەگەڵ تیرۆریزم، چونكە دەستدرێژی لەشی یا كەڵكوەرگرتنی نابەجێی جینسی سەرەڕای دورستكردنی ناڕەزایەتی ناو كۆمەڵ هیچ كێشە یاخود مەترسییەك بۆ لاوازكردنی حكوومەتەكان پێك ناهێنێ. بۆ وێنە لە وڵاتی فەرنسا لە ساڵدا نیزیكەی دە هەزار جار دەستدرێژی جینسی بەڕێوە دەچێ و ژمارەی ڕاستەقینەی ئەو كێشەیە بەئەگەری زۆر گەلێكیش لەوە زیاترە، بەڵام ئاكامی ئەو كارانە هیچ كێشەیەك بۆ مان یا نەمانی حكوومەتی فەرنسا دروست ناكەن چونكە دەستدرێژی جینسی بە حیسابی هەڵس و كەوتی كەسەكانی ناو كۆمەڵ تەواو دەبێ. لەو لاشەوە كێشەی گەلێك كەم وێنە و بەدەگمەنی وەك تێرۆریزم هەڕەشەیەكی گەلێك جیددی بۆ حكوومەتی فەرنسا دروست دەكا چونكە لە چەند سەدەی ڕابردووەوە حكوومەتە مودێرنە ڕۆژئاواییەكان پێكهاتوون و بەفەرمی بوونی خۆیان لەسەر كەمكرنەوە و بەربەرەكانی لەهەنبەر توندوتیژیی سیاسی بونیات ناوە.

لە سەردەمی سەدەكانی ناوەڕاستدا كۆمەڵگاكان پڕ بوون لە توندوتیژی سیاسی. لەڕاستیشدا لێهاتوویی كەڵكوەرگرتن لە توندوتیژی كارتی یاریی سیاسی بووە و هەركەس ئەو لیهاتووییەی نەبایە هیچ دەنگێكی سیاسیشی پێ نەدەدرا. ژمارێكی گەلێك زۆری بنەماڵە ماقووڵەكانی ناو كۆمەڵگاكانی ئەو سەردەمە، وەك كلیسا، حكوومەت و گرووپە جیاوازەكانیتر هەركام هێزی نیزامی پارێزەری خۆیان هەبوو. كاتێك سەرۆكی وڵاتیك بمردبایە و كێشە لەسەر جێگری ئەو دەستپێكردبایە لایەنەكان نیگەران دەبوون و لە زۆربەی ئەو بارودۆخانەدا، چارەكردنی كێشەكە بە توند و تیژی و شەڕ كۆتایی پێ دەهێنرا.

لە جیهانێكی ئەوتۆا هیچ شوێنێك بۆ تێرۆریزم بەدی نەدەكرا. هەركەس و هەر لایەنێك هێندە بەهێز نەبایە كە بتوانی زیانێكی زۆر پێك بێنێ، گرنگایەتی خۆی لە دەست دەدا. ئەگەر تاقمێك موسوڵمانی زێدەڕۆ ساڵی ١١٥٠ ژمارێك مرۆڤی ئاساییان لە ئیسرائیل كوشتبایە و داوای بەجێهێشتنی هێزی نیزامی لە ئورشلیمیان كردبایە، لە جیاتی هەڵس و كەوتی توندوتیژ لەهەنبەریدا، زیاتر پێكەنینیان بەو كارەدا دەهات.

هەركەس بیویستبایە بە جیددی وەربگرن دەبوو لانیكەم یەك یا دوو قەڵای قایمی نیزامی لە ژێر كونترۆڵدابایە. تێرۆریزم كێشەی مرۆڤی سەردەمەكانی سەدەی ناوەڕاست نەبووە چونكە ئەوان كێشەی گەلێك جیددیتریان هەبووە.

بە پێی پێشكەوتوویی و تێپەڕبوونی كات دەوڵەتە ناوەندییەكان بەرە بەرە شەڕخوازی و توندوتیژیی سیاسیان لە ناوچەكانی خۆیان كەم كردەوە و لە چەند دەیەی ڕابردووەوە بەتایبەت وڵاتە ڕۆژئاواییەكان بە تەواوەتی ئەو كێشەیەیان چارەسەر كردوە. هاووڵاتیانی فەرنسا، بریتانیای مەزن یاخود وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەتوانن بۆ كونترۆڵی شار، كارخانە، یا ڕێكخراوە هەوڵ بدەن و تەنانەت خودی حكوومەت بۆ بەڕێوەبردنی پلانەكانیان هیچ نیازێكیان بە شەڕخوازی نیزامی نییە. فەرمان لەسەر تریلیۆنان دۆلار، ملیۆنان سەرباز و هەزاران كەشتی، فڕۆكە و موشەكی ئەتۆمی لە لایەن سیاسەتوانانەوە بە بەڕێوەبەرانی حكوومەت دەدرێ بە بێ ئەوەی تفەنگێك بتەقێتەوە. مرۆڤی ئاساییش زۆر زوو خوویان بەو بارودۆخە گرتووە و وەك كارێكی گەلێك سرووشتی سەیری دەكەن. ئەزموونەكەشی ئەوەیە كە تەنانەت چالاكی ئێرە وئەوێی سیاسی كە بووبێتە هۆكاری كوشتنی چەند كەسێك، وەك هەڕەشەیەك لەسەر مانی حكوومەت سەیر بكرێ. قروشێكی بچووك لەناو قابلەمەیەكی گەورەی خاڵیدا دەبێتە هۆی دەنگدانەوەیەكی گەلێك مەزن.

تەواو ئەو كارە و ئەو دەنگە بەرزە شانۆی تێرۆریزم سەركەوتوو نیشان دەدا. حكوومەت بەگشتی شوێنێكی بەربڵاو و ئازادی بۆ دووری لە توندوتیژی سیاسی پێكهێناوە، و شوێنە كەمە خاڵییەكەی ئەو ناوە لەمرۆدا وەك فەزایەكی گەلێك ئاستەمی لێهاتووە كە كارتێكەری هەموو چەشنە چالاكییەكی توندوتیژ جا هەر چەند كەمیش بێ گەلێك بەهێزی دەكا. بەو ڕادەیەی توندوتیژی سیاسی لە وڵاتێك كەمتر بێ بەهەمان ڕادەش ترسی ناو كۆمەڵ لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ترۆریزم زیاتر دەنوێنێ. كوشتن و تێرۆری تاقمێك مرۆڤ لە وڵاتی بلژیك بەراشكاوی زیاتر هەستی پێدەكرێ و گرنگایەتی پێ دەدرێ بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ كوشتنی هەزاران مرۆڤ لە نیجیریا یا عێراق. ئەو كارە بە شێوازێكی پارادۆكس بەو شێوەیەیە كە سەركەوتوویی وڵاتە

مودێرنەكان لە هەنبەر توندوتیژی سیاسی بارودۆخێكی گەلێك ئاستەمیان بەهۆی كردەوەی تێرۆریستی بۆ پێك دێنێ.

حكوومەتەكان گەلێك جار دووپاتی دەكەنەوە لە سنوورێكی دیاریكراودا خۆڕاگریان لەهەنبەر توندوتیژی سیاسی نییە. شاروەندانی ناو وڵاتەكەش لە ڕوانگەی خۆیانەوە خوویان بە بارودۆخێكی دوور لە توندوتیژی سیاسی گرتووە. هەر بەو هۆیانەشەوە كاری تێرۆریستی ترس و خۆفیكی گەلێك زۆر پێك دێنێ و خەڵكی ناو كۆمەڵ ئەو هەستەیان تێدا پەروەردە دەبێ كە لە ماوەیەكی كەمدا ڕێكوپێكی كۆمەڵگا تێك دەچێ. دوای سەدان ساڵ شەڕ و پێكدادانی خوێناوی خۆمان لە چاڵی توندوتیژی ڕزگار كردووە بەڵام هەست دەكەین هێشتا هەر بوونی هەیە و زۆر بە ئاسپایی چاوەڕوان دەكرێ هەمیسان هەڵمانلووشێتەوە. ئەنجامدانی تاقمێك جینایەت دەمانخاتەوە سەر ئەو بیرۆكەیە و هەمیسان دەمانخاتەوە ناو چاڵەكە.

بە مەبەستی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ترسەمان حكوومەت هەست دەكا ناچارە بۆ پێكهێنانی ئەمنییەتی كۆمەڵگا وەڵامی ئەو شانۆ ترسناكە بداتەوە. باشترین وەڵام بە تێرۆریزم زانیاری و هەڵس و كەوتی نهێنی لەهەنبەر ئەو تۆڕە ڕێكخراوانەدا دەبێ كە بە ئەگەری زۆر پشتیوانی لەو چەشنە كارانە دەكەن. بەڵام ئەو چالاكییانە شتێك نین كە مرۆڤی وڵاتەكە بتوانن لە مێدیاكاندا ببینن یاخود بیخوێننەوە بەڵكوو بۆوێنە خەڵكی درامای تێكڕووخانی دوو بورجی "World Trade Center"یان بە چاوی خۆیان بینیوە. هەروەها حكوومەت خۆی ناچار دەبینێ بۆ وەڵامدانەوە سناریۆیەكی گەلێك خراپتر و پڕ لە ئاگر و دووكەڵ پێك بێنێ. لەجیاتی ئەوەی حكوومەت بە ئارامی و ژیرانە هەڵس و كەوت بكا، تەپ وتۆزێكی گەلێك ئاڵۆز وەڕێدەخا كە ئارەزوو و پلانی تێرۆریستەكان وەدی دێنێ.

كەوابوو حكوومەت لە هەنبەر تێرۆریزم چلۆن هەڵس و كەوت بكا باشە؟ بەربەرەكانی سەركەوتوو لە هەنبەر تێرۆریزم دەبێ لە سێ گۆڕەپاندا بەڕێوە بچێ.

**یەكەم،** حكوومەتەكان دەبێ هێزی خۆیان لەسەر چالاكیی نهێنی تۆڕە تێرۆریستییەكان چڕ كەنەوە.

**دووهەم،** مێدیا گشتییەكان دەبێ ووشیار بن و لە پەرەپێدانی هەر چەشنە گێڕاوە یا چیرۆكێكی زیانبار خۆ دوور ڕاگرن. شانۆی لەو چەشنە بە بێ تەبلیغات ناتوانێ سەركەوتوو بێ. بەداخەوە زۆربەی مێدیا گشتییەكان ئەو تەبلیغاتە بە بێ وەرگرتنی پارە بەڕێوەدەبەن. بە تامەزرۆییەوە هێرشی تێڕۆریستی بۆ خەڵك دەگێڕنەوە و بارودۆخی خۆف و ترس هێندەیتر گەورە دەكەنەوە، چونكە باس لەسەر تێڕۆریزم گەلێك گرنگتر لە باس لەسەر نەخۆشی شەكرە یا پیس بوونی كەش و هەوایە.

**گۆڕەپانی سێهەم،** بیركردنەوە و ڕوانگەی هەر كام لە ئیمەیە. تێڕۆریزم فانتازیای ئێمە دەخوێننەوە و دژ بە خۆمان كەڵكی لێ وەردەگرێ. ئێمە لە مێشكی خۆماندا چەندین جار هێرشی تێڕۆریستی لەسەر سەكۆی شانۆی دەروونی خۆمان تەمرین دەكەین، جا باس لەسەر ١١ی سپتامبر بێ یا ڕووداو و كارەساتەكانیتر. لەڕاستیدا تێڕۆریستەكان چەند مرۆڤ دەكووژن – بەڵام سەدان ملیۆن مرۆڤ باوەڕ دەكەن لە پشت هەر دارێك تێڕۆریستێك یا بكوژێك وەستاوە. ئەركی هەموو مرۆڤێكە بیری خۆی لەسەر تێڕۆریزم پاك ڕاگرێ و لە ڕەهەندی ڕاستەقینەی ئەو هێرش و هەڕەشەیە ئاگادار بێ. ئەوە تەنیا تێڕۆر و ترس و خۆفی دەروونی خۆمانە دەبێتە هۆكار بۆ گێڕانەوەی تامپێدراوی مێدیاكان و هاندانی حكوومەت بۆ هەڵس و كەوتی زێدەڕۆیانە.

ئەوەی كە ئاكاری تێڕۆریستی سەركەوتوو بێ یا هەرەس بێنێ، بە ئیمەی مرۆڤەوە بەستراوەتەوە. ئەگەر ئیمە ئیزن بدەین تێڕۆریزم بەسەر بیر و هزری ئێمەدا زاڵ بێ و لەڕووی ئەو ترس و خۆفەی تێماندا پێكهاتووە هەڵس و كەوت بكەین – تێڕۆریزم سەركەوتووە. ئەگەریش بەپێچەوانە خۆمان لە فانتازیای تێڕۆریزم ڕزگار كەین و لەڕووی عەقڵ و لۆژیكییەوە هەڵس و كەوت بكەین – ئەوكات تێڕۆریزم هەرەس دێنێ.

## تیرۆر دەبێتە كردەوەیەكی ئەتۆمی!؟

لە بەشەكانی پێشووی ئەم كتێبەدا ناسیاوی باس و لێكۆڵینەوە لە چەشنەكانی تیرۆریزم و چۆنیەتی پێكهاتنیان لەسەر شەقامەكانی نیۆیۆرك، لەندەن، پاریس و تێلاویڤی دوو سەدەی ڕابردوو بووین. لەوانە سامناكتر ئەوەیە، ئەگەر تیرۆریستەكان دەستیان بە چەكیماڵوێرانكەر بۆ كوشتنی بەكۆمەڵ ڕابگا، نەك هەر مانای تیرۆریزم بەڵكوو سیاسەتی وڵاتان و جیهانیش بە شێوەیەكی بەرچاو گۆڕانی بەسەردا دێ. ئەگەر حیزب و ڕێكخراوە بچووكەكان كە وەدوای بەرژەوەندیی ژمارێكی بچووكی مرۆڤی زێدەڕۆ كەوتوون و نوێنەرایەتی ئەوان دەكەن، بتوانن بە پتوونی شارە گەورەكان لەناو بەرن و ببنە هۆی كوشتنی ملیۆنان كەس، ئیتر هیچ شوێنێكی گشتی لە هەنبەر تووڕەیی سیاسی پارێزراو نامێنێ.

سەرەڕای ئەوەی لەمڕۆدا كردەوەی تیرۆر شانۆیەك زیاتر نییە، تیرۆر بە چەكی ئەتۆمی، تیرۆری سایبری یا بیۆتیرۆر لە داهاتوودا دەتوانێ مەترسییەكی جیددی و مەزن بۆ مرۆڤایەتی دروست بكا و كاردانەوە و هەڵس و كەوتێكی گەلێك توندو تیژتر لە لایەن حكوومەتەكانەوە بخولقێنێ. تەواو لەسەر ئەو بەڵگەیە دەبێ وشیار بین و جیاوازی نێوان سناریۆی سامناكی داهاتوو لەگەڵ ئەو چالاكیە تیرۆریستیانەی پێشتر و لە ڕابردوودا بەڕێوەچوون دیاری بكەین. ترس لەوەی ڕۆژێك تیرۆریستان دەستیان بە چەكی ئۆتۆمی ڕابگا و شارەكانی نیۆیۆرك یا لەندەن خاپوور بكەن، نابێ لەگەڵ كاری تیرۆریستی پێشوو هەڵسەنگێندرێ، كە كوشتنی ژمارێكی بچووكی خەڵك بە چەكی ئاسایی یا وەبەردانیان بە لۆری بووە. تەنانەت ترس لەو هەڕەشەیە حكوومەتەكان ناچار دەكەن زیاتر ئاگادار بن هێرش بۆ سەر هەموو گرووپ و دەستە دژبەرەكنیان نەكەن چونكە ئەگەری ئەوە هەیە ڕۆژێك چالاكی بۆ وەدەستهێنانی چەكی ئەتۆمی بكەن یاخود كونترۆڵی ئۆتۆمۆبیلە ئۆتۆماتیكەكان بكەن و بیانكەنە ڕۆبۆتی پیاوكوژ.

دیارە سروشتیە حکوومەتەکان دەبێ ئاگاداری حیزب و ڕێکخراوە ڕادیکاڵەکان بن و پێش بەو چالاکییە دژەمرۆڤەیان بگرن کە نەتوانن ببنە خاوەنی چەکی ماڵوێرانکەر، بەڵام هاوکات دەبێ ترس لە تێرۆریزمی ئەتۆمی و هەموو سناریۆکانیتر هەڵسەنگێنن. لە دوو دەیەی ڕابردووەوە تەنیا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بلیۆنان دۆلاریان بۆ بەربەرەکانی لە هەنبەر تێرۆریزم تەرخان کردووە. جۆرج بۆش "George W. Bush"، تۆنی بلێر "Tony Blair"، باراك ئۆباما "Barack Obama" و حکوومەتەکانیان دەتوانن بە بەڵگەوە ئاماژەیەك بن بۆ ئەو ڕاستییەی کە بە ڕاوکردنی تێرۆریستەکان ناچاریان کەن لەجیاتی تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی چەکی ماڵوێرانکەر، زیاتر لەبیری مانەوەی خۆیاندابن. ڕەنگە ئەوان بتوانن پێش بە ١١ی سپتامبرێکی ئەتۆمی لە داهاتوودا بگرن، بەڵام لەو ڕووەوە بۆچوونیکی دوور لە ڕاستی دەبێت بڵێین "ئەگەر ئێمە دژ بە تێرۆریزم شەڕمان نەکردایە، ئەلقاعیدە دەستی بە بۆمبای ئەتۆم نەدەگەیشت" — و ناتوانین بڵێین ئەو بۆچوونە ڕاستە یا نا.

بەڵام دەتوانین بە ئەرخەیانییەوە بڵێین ئەمریکاییەکان و هاوپەیمانەکانی بەو شەڕەی لە هەنبەر تێرۆریستەکان بەڕێوەیانبرد، نەك هەر کاوڵکارییەکی مەزنیان لە سەراسەری ئەم جیهانە پێکهێنا، بەڵکوو بوونە هۆکار بۆ ئەو بۆچوونە کە زانایانی ئابووری ناوی "Opportunity costs"یان لێ ناوە. بەداخەوە ئەو پارە و کات و سامانە سیاسییەی بۆ بەربەرەکنی لە هەنبەر تێرۆریزم تەرخانکرا، بۆ کێشەی هەژاریی، گۆڕانی کەش و هەوا یا بەربەرەکانی لە هەنبەر نەخۆشییەکان تەرخان نەکرا. هیچ پارە و دەرەتانێك بۆ دابینکردنی ئاشتی و ئاسایش لە ئافریقای باشوور یا هەوڵدان بۆ پەیوەندایەتی سالم لەگەڵ رووسیا و چین تەرخان نەکرا. ئەگەر نیۆیۆرك یا لەندەن زەمانێك لەژێر ئاوی بەرز بووەوەی ئوقیانووسی ئەتڵەسدا نوقم بن یاخود ئاڵۆزی و گرژییەکان لەگەڵ روسیا ببێتە هۆکار بۆ شەڕێکی ماڵوێرانکەر، ئینجا خەڵک، بۆش، بلر و ئۆباما بەوە تاوانبار دەکەن کە خۆیان لەسەر گۆڕەپانێکی بەهەڵە چڕکردۆتەوە.

لەم سەردەمەدا کارێکی گەلێك دژوارە ئەولەوییەتە ڕاستەقینەکانی کاتیی دیاری بکرێن، لەحاڵێکدا ڕەخنەگرتن لە ئەولەوییەتدانانی ڕووداوەکانی ڕابردوو گەلێك ساکارە. ئێمە سیاسەتوانان بەوە تۆمەتبار دەکەین کە لە پێشگرتن بە کارەساتی

پێکهاتوودا هەرەسیان هێناوە، بەڵام لە هەنبەر ئەو ڕووداوانەی بەختەوەرانە پێشیان پێ گیراوە هیچ زانیارییەکمان نییە و هیچ باسێکی لێوە ناکەین. لە دەیەی ١٩٩٠دا مرۆڤ سەیری سیاسەتی کلینتۆن دەکا و تاوانباری دەکا کە لەهەنبەر هەڕەشەکانی ئەلقاعیدە هەڵس و کەوتی نیشان نەداوە. بەڵام لە دەیەکانی ١٩٩٠دا زۆر بە دژواری مرڤ دەیتوانی وێنای بکا تێرۆریسمی ئیسلامی بتوانێ کێشەیەکی جیهانی وەڕێبخا و بە فڕۆکەی موسافیربەری لە شاری نیۆیۆرك ناوەندی تیجاری پێ خاپوور بکا. لە لایەکیتریشەوە زۆر کەس ترسیان هەبوو کە ڕووسیا بشێوێ و کونترۆڵی خۆی نەك هەر لەسەر ناوچە پان و بەرینەکەی بەڵکوو لەسەر هەزاران چەکی ئەتۆمی و بیۆلۆژیکی لەدەست بدا. نیگەرانییەکیتر ئەوە بوو کە شەڕە خوێناوییەکەی یۆگوسلاویای پێشوو بتوانێ ناوچەکانیتری بلووکی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا بگرێتەوە و ببێتە هۆی شەڕی نێوان مەجارستان (هۆنگاریا) و ڕۆمانی؛ بولغارستان و تورکیا یا پۆلۆنیا و ئوکرائین.

لەویش سەیرتر، زۆر کەس لە یەکیەتی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی ئاڵمان هەستی نارەزایەتیان دەربڕی. تەنانەت چوار دەیە و نیو دوای هەرەسهێنانی ڕایشی سێهەم زۆربەی مرۆڤ هێشتا ترسێکی قووڵیان لە هەنبەر هێزگرتنی دوبارەی ئاڵمانییەکان تێدا پێک هاتبوو. ئایا ئاڵمان کە ئێستا هەڕەشەی سوڤیەتی لەسەر نەماوە، دەبێتە هێزێکی بڕیاردەر لە قوڕنەی ئورووپا؟ ئەدی سەبارەت بە وڵاتی چین چلۆنە؟ دوور نەدەزانرا بە تێکڕووخانی سوڤیەت، ڕێفۆرمێك لە وڵاتی چین پێك بێ و بە خۆهەڵواسین بە سیاسەتێکی مائۆئیستی زێدەڕۆ چەشنە سیستەمێکی گەلێك توند و تیژتر لە هی باکووری کۆریا دروست بکات.

لەمڕۆدا مرۆڤ پێکەنینی بەو چەشنە سناریۆ ترسناکانەدا دێ، چونکە ئێمە دەزانین ئەو سناریۆیانە پێك نەهاتن. بارودۆخی سیاسی رووسیا تا ڕادەیەك مەحکەم بۆتەوە، بەشێکی هەرە زۆری ڕۆژهەڵاتی ئورووپا کەوتوونە ژێر باڵی یەکیەتی ئورووپاوە، ئاڵمانی یەکگرتوو لە لایەن جیهانەوە وەك وڵاتێکی ئازاد سەیر دەکرێ و چین بۆتە ماتۆڕی ئابووری جیهان. هەموو ئەو دەستکەوتانە یاخود بڕێك لەوان بەهۆی سیاسەتی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکیەتی ئورووپاوە پێکهاتوون. کەوابوو ئەگەر

ئەمریكا و ئورووپا لە دەیەكانی ١٩٩٠دا لەجیاتی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا و چین، بەهێزێكی زیاترەوە خۆیان خەریكی ئیسلامیستە تێرۆریستەكان كردبا، ئایا كارێكی ژیرانەتر دەبوو؟

ئێمە هەروا بە ساكاری ناتوانین بۆ پێكهاتنی هەر ڕووداوێك خۆمان بە تەواویی ئامادە بكەین. دیارە كارێكی سروشتییە ئێمە دەبێ پێش بە تێرۆریزمی ئەتۆمی بگرین، بەڵام ئەو ئەركە ناتوانێ بكرێ بە تەوەری یەكەم لەسەر دەستووری ئەركی مرۆڤایەتیدا. هەروەها ئێمە نابێ لەسەر ئەگەری ئەو هەڕەشەیە، ترس و نائارامی لەناو خەڵكی كۆمەڵ وەڕێ بخەین. ئەوانە كێشەی گەلێك جیاوازن و پێویستیان بە ڕێگاچارەی جیاوازیش هەیە. بەڵام ئەگەر سەرەڕای ئاگاداری و چالاكییەكانی ئێمە، گرووپە تێرۆریستییەكان بتوانن سەردەمێك چەكیماڵوێرانكەر وەدەست بێنن، مەزندەكردنی چلۆنایەتی بەڕێوەچوونی ڕێگاچارەی ئەو كێشە سیاسییە گەلێك دژوار دەبێ، بەڵام دەبێ ئاگادار بین كە بە ڕاشكاوی لەگەڵ كردەوەی تێرۆریستی سەدەی بیست و یەكەم جیاوازییەكی زۆری دەبێ. لەڕاستیدا ئەگەر جیهان لە ساڵی ٢٠٥٠ دا پڕ بێ لە تێرۆریستی ئەتۆمی، قوربانیانی ئەو كارەساتانە بە تامەزرۆییەوە سەیری ڕابردوو و ژیانی ساڵانی ٢٠١٨ دەكەن و دەڵێن: مرۆڤی ئەو سەردەمە تا ئەو ڕادەیە لە بارودۆخێكی ئەمندا دەژیان، چلۆن هەستی مەترسیان تێدا پێك هاتبوو؟

سرووشتییە نیگەرانی و ترسی ئەمڕۆی مرۆڤ تەنیا لەسەر هەڕەشەی تێرۆر ساغ نەبۆتەوە. مرۆڤێكی گەلێك زۆر لەسەر ئەو باوەڕەن كە شەڕی جیهانی سێهەم لەسەر ڕێی ژیانیانە، و وێدەچێ ئەو فیلمەمان سەد ساڵ بەر لە ئێستا ببینیبێ. وێدەچێ هەڵس و كەوتەكانی ساڵی ١٩١٤ لە ناو ساڵی ٢٠١٨دا دووپات بێتەوە و بەهۆی ئاڵۆزی و گرژی نێوان هێزە جیهانییەكان، هاوڕێ لەگەڵ كێشە جیهانییەكان زۆر بە دژواری جێی كونترۆڵ بێ و مرۆڤ بۆ لای شەڕێكی جیهانی ڕاكێشێ. ئایا ئەو ترسە لە ترسی زێدەڕۆیی تێرۆریزم گرنگتر نییە؟

## ئەركی یازدە: شەڕ

### نابێ هیچكاتێک نەفامی و نەزانیی مرۆڤ بەكەم وەربگرین

بە درێژایی مێژوی مرۆڤایەتی، چەند دەیەی ڕابردوو باشترین سەردەمی ئاشتی بووە لە جیهاندا. كاتێك توورەیی و شەڕخوازی مرۆڤ بەرپرس بووە بۆ سەداپازدەی مردن لە كۆمەڵگای وەرزێری پێشوو و تەنانەت لە سەدەی بیست و یەكەمیشدا ئەو ژمارەیە هاتۆتە سەر سەداپێنج، لەمڕۆدا تەنیا سەدایەكی مەرگ و میر دەگەڕێتەوە سەر شەڕخوازی مرۆڤ. بەڵام لە قەیرانی ئابووری جیهانیی ساڵی ٢٠٠٨ ەوە بارودۆخی نێونەتەویی زۆر بەگۆرجی بەرەو خراپی ڕۆیشتووە، شەڕخوازی هەمیسان پەرەی سەندووە و خەرجی ئابووری وڵاتان بۆ كڕینی چەكەمەنی بەرز بۆتەوە. هەم مرۆڤی ئاسایی و هەم پسپۆرانی ئەو بوارە ترسیان تێدا پێكهاتووە بارودۆخێكی چەشنی ساڵانی ١٩١٤كە بەهۆی كوشتنی سیاسەتوانێكی نەمساوی پریشكی ئاگری شەڕی جیهانی یەكەمی هەڵاییساند، هەر ڕووداوێك لە دەشتەكانی سووریا یا هەڵس و كەوتێكی نائاسایی لە دوڕگەی كۆریا بتوانێ لەمڕۆدا شەڕێكی جیهانی وەڕێبخاتەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی بەرزبوونەوەی گرژی و ئاڵۆزیی لە جیهانی ئەمڕۆدا و ستروكتووری كەسایەتی بەرپرسانی وڵاتان لە واشینگتۆن، پیۆنگ یانگ و ناوچە جیاوازەكانیتر، بە دڵنیاییەوە نیگەرانی بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە دروست دەبێ. بەڵام سەرەڕای ئەوانەش بە ڕاشكاوی جیاوازی سەرەكی و بەرچاو لە نێوان ساڵانی ٢٠١٨ و ١٩١٤ دا بەدی دەكرێ. بە تایبەت شەڕی ساڵی ١٩١٤ لە سەراسەری ئەم جیهانە مرۆڤی پسپۆر و بلیمەتی بەخۆیەوە خەریك كرد چونكە ئەوان هەڵگری ئەو دروشمە بوون كە شەڕ دەبێتە هۆی گەشە سەندنی بارودۆخی ئابووری و وەدەستگرتنی هێزی سیاسی. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨ دا شەڕی سەركەوتووانە دەبێتە لەمپەر و هەڕەشە بۆ لەناوچوون و تووناكردنی چەشنەكان و خودی حكوومەتەكان.

لە سەردەمی ئاشوورییەکان و چینییەکانەوە ئیمپراتۆریە گەورەکان بە شێوەی نەریتی لەسەر داگیرکاریی شەڕخوازانە و کاولکاریی پێکهاتوون. تەنانەت لە ساڵانی ١٩١٤شدا وڵاتە زلهێزەکان مانەوە و هێزگرتنیان بەهۆی بەڕێوەبردنی شەڕی سەرکەوتووانە بووە. بۆ وێنە، ئامانجی ئیمپراتۆریی ژاپۆن سەرکەوتوویی بوو بەسەر چین و ڕووسیادا و بوون بە هێزێکی ناوچەکە؛ ئاڵمان لە شەڕی سەرکەوتووانە دژ بە نەمسا، هۆنگاریا و فەرەنسادا بوو بە هێزداری ئورووپا و بریتانیای مەزنیش بە وەڕێخستنی چەندین شەڕی بچووک و گەورە لە گۆشەکانی ئەم جیهانە هێزی بەدەستەوە گرت. کاتێ ئینگلیزییەکان ساڵی ١٨٨٢ هێرشیان کردە سەر وڵاتی میسر و داگیریان کرد، لەو شەڕە چارەنووس سازەدا لەژێر ناوی شەڕی تل-ئەلکەبیر تەنیا پەنجا و حەوت سەربازیان لێ کوژرا. لە کاتێکدا ئەمڕۆ ڕەنگە گرتنی وڵاتێکی موسوڵمان واهەیە ماکەی سەرەکی بۆ خەونێکی ناخۆشی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دروست بکا، دوای گرتنی تل- ئەلکەبیر لە لایەن بریتانیاییەکانەوە لەگەڵ هیچ چەشن خۆڕاگرییەکی چەکدارانە ڕووبەڕوو نەبوونەوە و دۆڵی نیل و کاناڵی حەیاتی سوئیزیان بۆ ماوەی زیاتر لە شەش دەیە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا هێشتەوە. هێزدارانی دیکەی ئورووپایی لە ئینگلیزییەکان فێر بوون هەر کات دەوڵەتەکانی پاریس، رۆم یا بروکسل بیریان لە خۆتێکەڵ کردن لە کێشەی ڤیەتنام، لیبی یا کۆنگۆ دەکردەوە، تەنیا ترسیان ئەوە بوو کە نەکا دەوڵەتێکیتر وەپێشیان بکەوێ!

تەنانەت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش زلهێزی جیهانی خۆیان لە پلەی یەکەمدا قەرزداری چالاکیی شەڕخوازییان دەزانن و کەمتر بە چالاکی ئابوورییەوە دەنووسێنن. ساڵی ١٨٤٦ هێرشیان کردە سەر وڵاتی مێکزیك و ناوچەکانی کالیفۆرنیا، نوادا، یۆتا، ئاریزۆنا، نیۆمێکزیك و بەشێکی بەرچاوی کلۆرادۆ، کانزاس، وایۆمینگ و ئۆکلاهامایان داگیر کرد. نیزیکەی سێزدە هەزار سەربازی ئەمریکایی لەو شەڕەدا کوژران، کە ٢،٣ ملیۆن کیلۆمیتری چوارگۆشە پانتایی وڵاتی ئەمریکای گەورەکردەوە(بە پانتایی زیاتر لە کۆی پانتایی فەرنسا، بریتانیا، ئاڵمان، ئیسپانیا و ئیتالیا). ئەوە یەك لە بازرگانییەکانی هەزارەیەکی مێژوویی بوو.

لەو ڕوانگەیەوە بلیمەتانی واشنگتۆن، لەندن و برلین لە ساڵی ١٩١٤ دا بە ووردی دەیانزانی شەڕی سەركەوتووانە چ قازانجێكی بۆیان هەیە. بە پێچەوانە ساڵی ٢٠١٨ بلیمەتانی جیهانی دەیانزانی ئەو چەشنە شەڕانە بە ئەگەری زۆر لە گۆڕ نراون و هیچ سەركەوتوییەكیان بەدیاری بۆ ناهینێ. ڕەنگە تاقمێك لە دیكتاتۆرانی جیهانی سێهەم لەسەر ئەو چەشنە شەڕخوازییە بتوانن خۆیان بگەشێننەوە، بەڵام زلهێزانی جیهانی ئەو ڕاستییە دەزانن كە ئیتر لەسەر ئەو شێوازە سەركەوتوویی وەدەست ناهێنن.

مەزنترین سەركەوتوویی مێژوویی – سەركەوتوویی وڵاتەیەكگرتووەكانە بەسەر سۆڤیەت دا، كە بە بێ هیچ شەڕێكی چەكدارانەی نیزامی وەدەستیان هێنا. لە شەڕی یەكەمی كەنداوی فارسدا وڵاتە یەكگرتووەكان بۆ جارێكیتر توانیان شانازی و چێژی نیزامی پێشووی خۆیان دووپات كەنەوە، بەڵام لە كۆتاییدا ئەوانی ناچار بە هەدەردانی ترلیۆنان دۆلار و سەرشۆڕی و بچووك كردنەوی هێزی نیزامی لە عێراق و ئەفغانستان كرد. وڵاتی چین بۆ مسووگەركردنی هێزی گەشەسەنراوی ئابووریی سەدەی بیستەمی خۆی، لە سەردەمی هێرشی بێ ئاكامی ساڵی ١٩٧٩ بۆ سەر ڤیەتنام بەدواوە، بە شێوەی بەردەوام لە هەر كێشەیەكی نیزامی خۆی دوور ڕاگرتووە و سەركەوتوویی خۆی بە فاكتەرەكانی گەشانەوەی بارودۆخی ئابوورییەوە گرێداوە. لەو ڕوانگەیەوە ئیمپراتۆری ژاپۆن، ئاڵمان و ئیتالیای پێش ساڵی ١٩٤٥ وەك نموونەیەك نەبوون، بەڵكوو زیاتر وەك پەرجۆیەكی ئابووری ئەو وڵاتانە بۆ سەردەمی دوای ١٩٤٥ یان لێهات. لە هەموو ئەو نموونانەدا ئەو دەوڵەتانە بە بێ هاویشتنی تاقە گوللەیەك بوونە هۆی گەشانەوەی بارودۆخی ئابووری و وەدەستگرتنی قورسایی سیاسی لە ناوچەكانی خۆیان.

تەنانەت لە ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی نیزیك و ناوەڕاستیش - سەكۆی بەربەرەكانی جیهانی – هێزە ناوچەییەكان دەزانن چلۆن شەڕی سەركەوتووانە بەرێوە بەرن. ئێران لە شەڕی دوور و درێژو خوێناوی دژ بە عیراق هیچ بەهرەیەكی وەرنەگرت. ئێرانییەكان لە عێراقەوە هەتا یەمەن، پشتیوانی نیزامی و ئابووری شۆڕشە ناوچەییەكان دەكەن، سپای پاسداران پشتیوانی خۆی بۆ یارمەتیدانی حیزبە هاوپەیمانەكانی لە سووریا و لوبنان تەرخان كردووە، بەڵام ئاگادارن هێرشی

ڕاستەوخۆ بۆ هیچ وڵاتێك نەكەن. ئەوەی كە ئێران لەو دواییانەدا لە ناوچەكە خۆی گەشاندۆتەوە، لەڕووی سەركەوتوویی نیزامییەوە نەبووە بەڵكوو بەهۆی شەڕنەكردنی ڕاستەوخۆوە بووە. دوو دوژمنی سەرەكیین – ئەمریكا و عێراق – خۆیان سەرقاڵی شەڕێك كردبوو كە ئیشتیا و چێژی ئەمریكایی و عێراقییەكانی لەناو زڵقاوەكانی ڕۆژهەڵاتی نیزیك نوقم كرد و ئەو دەرەتانەی بۆ ئێران خوڵقاند بە قازانجی خۆی لەو شەڕە كەڵك وەربگرێ.

هەمان شت دەكرێ بۆ وڵاتی ئیسرائیلیش بگوترێ. شەڕی سەركەوتووانەی كۆتایی خۆی لە ساڵی ١٩٦٧ دا بەڕێوە برد. لەو سەردەمەوە سەرەڕای بەڕێوەبردنی شەڕێكی زۆر لێرە و لەوێ، سەركەوتوویيەكی باشی وەدەست هێناوە كە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەو شەڕانەدا نەبووە. زۆربەی وڵاتە داگیركراوەكانی خەرجێكی دارایی زۆر و بەرپرسایەتیەكی سیاسی ئیفلیجكەریان بۆ بەدیاری هێناوە. وڵاتی ئیسڕائیلیش هەر وەك ئێران لەم دوایانەدا بارودۆخی سیاسی خۆی نەك بەهۆی شەڕی سەركەوتووانە بەڵكوو بە كشانەوە و خۆ دوور ڕاگرتن لە چالاكی ڕاستەوخۆی شەڕخوازنەوە پەرە پێداوە. لەحاڵێكدا دوژمنانی ئیسڕائیل بە هەڵایساندنی شەڕی ماڵوێرانكەر وڵاتانی عێراق، سووریا و لیبیایان وێران كردووە، ئیسڕائیل خۆی لەو شەڕانە دوور ڕاگرتووە. خۆ تێهەڵنەقوتان لە شەڕی ناوەوەی سووریا بە ئەگەری زۆر یەك لە دەستكەوتە هەرە مەزنەكانی بنیامین نتانیاهۆ بووە (لانیكەم تا مانگی مارسی ٢٠١٨). ئەگەر ئیسڕائیل بیویستایە، لە ماوەی حەوتوویەكدا دەیانتوانی دەمیشق داگیر بكەن بەڵام ئەو كارە چ سوودێكی بۆ ئیسرائیل دەبوو؟ تەنانەت داگیركردنی باریكەخاكی غەزە و ڕووخاندنی حەماس بۆ ئیسڕائیل كارێكی گەلێك ساكارتر دەبوو، بەڵام تا ئێستا چەندین جار خۆی لەو كارە دوور ڕاگرتووە. سەرەڕای هێزی نیزامی باشتر و سەرتر، سەرەڕای هەموو گوتە توند و تێژە سیاسییەكانی بەرپرسانی ئیسڕائیلی، سیاسەتوانانی ئیسڕائیلی زۆر بە باشی دەزانن كە شەڕ هیچی لێ هەڵناوەرێ. وێدەچێ هەر وەك وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، ژاپۆن، ئاڵمان و ئێران، ئیسڕائیلیش هەستی كردووە سەركەوتووترین ستراتێژی سەدەی بیست و یەكەم ئەوەیە لەدەوری مەیدانی شەڕ كۆببنەوە و سەیر بكەن چلۆن ئەوانیتر بۆیان بەشەڕ دێن!

## لە ڕوانگەی كرملینەوە

یەكەم هێرشی سەركەوتووانەی زلهێزی سەدەی بیست و یەكەم تا ئێستا دەستبەسەرداگرتنی سیاسەتوانانی ڕووسیا بەسەر كریمەدا[١٤] بووە. مانگی فوریەی ساڵی ٢٠١٤ هێزی سوپای ڕووسیا هێرشیان كردە سەر ئوكراین و نیمچەدوڕگەی كریمەیان داگیركرد. بە بێ پێكدادان و شەڕێكی بەرچاو، ڕووسیا بارودۆخی ستراتیژیكی گرنگی ئەو ناوچەیەی خستە ژێر ڕەكیفی خۆیەوە، ترسێكی زۆری خستە ناوچەكە و بەتایبەت هاوسێكانی و هەمیسان خۆی كردەوە هێزێكی جیهانی. بەڵام ئەو سەركەوتوویيەی ڕووسیا تەنیا بە هۆی بارودۆخی تایبەتی ناوچەكەوە بوو. هێزی سوپایی ئوكراین هەر بە قەرا خەڵكی ئاسایی خۆڕاگرییان لە هەنبەر سوپای ڕووسیا نەكرد و هێزەكانیتری جیهانیش خۆیان تێكەڵاوی ئەو كێشەیە نەكرد. بارودۆخێكی هاوچەشن لە هیچ شوێنێكیتری ئەم جیهانە نەبینراوە. ئەگەر پێداویستی گونجاو بۆ شەڕێكی سەركەوتووانە هۆكارەكەی نەبوونی دژبەر بێ كە دەبوو لە هەنبەر ئەو هێرشە خۆڕاگری بكەن، ئەوە بە ڕاشكاوی دەرفەتی هەڵبژاردنی بارودۆخی گونجاو بەرتەسك دەكاتەوە.

لەڕاستیدا كاتێ دوای سەركەوتوویی ڕووسیا لە كریمە هەوڵی سەركەوتنی لە ناوچەكانیتری ئوكراین دا، خۆڕاگری و ناڕەزایەتی خەڵك پەرەی ساند و شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ئوكراین كەوتە ناو بنبەستیكی ئاڵۆزەوە. لەوەش ناخۆشتر (دیارە لە ڕوانگەی ڕووسیاوە) شەڕ بە هەستی دژ بە نەتەوەی ڕووس لە ئوكراین پەرەی ساند و هاوپەیمانێكی پێشووی كرد بە دوژمنیكی سەرسەخت. هەر بەو شێوەیەی شەڕی یەكەمی كەنداو وڵاتە یەكگرتووەكانی خۆلیا كرد خۆیان بەسەر خاكی عێراقدا بڵاو كەنەوە، ڕووسیاش دەیهەویست ئەو ئەزموونە دووپات كاتەوە.

---

[١٤] كریمە (قرم)، نیمچەدوڕگەیەكی ئوكرائینە لە نێوان زەریای ڕەش و زەریای ئازۆف.

به گشتی ناتوانین شەڕەكانی ڕووسیا لە قەوقاز و ئوكراینی سەرەتای سەدەی بیست و یەكەم وەك شەڕی سەركەوتووانە سەیر بكەین. ڕەنگە ئەو هێرشكارییانە لە ڕوانگەی هێزی جیهانییەوە ڕووسیایان بە خاوەن هێز نیشان دابێ، بەڵام هاوكاتیش پەرەیان بە بێ باوەڕی و دوژمنایەتی لە هەنبەر ڕووسیا داوە و لە ڕوانگەی ئابوورییشەوە زۆر بە قازانجی ڕووسیا نەبووە. شوێنی حەسانەوە بۆ میوانانی بیانی لە كریمە و كارخانە كۆن و ڕزیوەكانی سەردەمی سوڤیەت لە لۆگانسك "Lugansk" و دۆنتسك "Donezk" لە لایەكەوە نەیاندەتوانی خەرجی شەڕ دابین بكەن و لەولاشەوە زەرەری پێكهاتوو لە لایەن بایكۆتی نێونەتەوەیی و پەرەوازەبوونی سەرمایەداران هێندەیتر گوشاریان بۆ حكوومەتی ڕووسیا دێنا. بۆ ناسینی سنووری سیاسی وڵاتی ڕووسیا تەنیا دەبێ پێشكەوتوویی ئابووری مەزنی چینی ئاشتیخواز كە لە بیست ساڵی ڕابردوو دا پێكی هێناوە، لەگەڵ بارودۆخی ئابووری ڕووسیای هەمان سەردەمدا هەڵسەنگێنین.

سەرەڕای چاوپۆشیكردن لە هەموو خۆهەڵكێشانەكانی مسكۆ، بلیمەتانی ڕووسیا ئاگاداری ئەو ڕووداو و شەڕفرۆشییە سوپاییانەی ڕووسیا و تێچووە داراییەكەی بوون و هەر بەوهۆیەشەوە ئاگاداری باروۆخەكە هەن كە ئیزن نەدەن لەوە زیاتر پەرە بستێنێ. ڕووسیا پەیڕەوی لە یاسای ناو حەساری قوتابخانەكان دەكرد: "وەدوای لاوازترین مناڵ بكەوە بەڵام هێندەی ئەشكەنجە مەدە كە مامۆستای قوتابخانە هەستی پێ بكا." ئەگەر پوتین شەڕەكانی خۆی بە ڕۆحی ستالین، پێتری مەزن یا چەنگیزخانەوە بەڕێوەبردایە، تانكەكانی ڕووسی ئەگەر نەگەیشتبانە برلین و وەرشەو، لانی كەم تا تفلیس و كییەف پێشڕەوییان كردبوو. بەڵام پوتین نە ستالینە، نە پێتری مەزن و نە چەنگیزخان، وێدەچی ئەو لە هەموو كەس باشتر بزانێ كە هێزی سوپایی لە سەدەی بیست و یەكەمدا ناتوانێ زۆر كارتێكەر بێ و تەنیا شەڕێكی سنووردار دەتوانێ سەركەوتوو بمێنی. تەنانەت لە سووریاش سەرەڕای هێرشی هەوایی بێبەزەییانەی ڕووسیا، پوتین زۆر ئاگادار بوو تا ئەو جێگایەی دەرەتانی هەبێ جێ پێی خۆی بچووك ڕاگرێ و لێگەڕێ ئەوانیتر شەڕەكە بەڕێوە بەرن و بە تەواوی تواناوە هەوڵی دەدا بازنەی شەڕەكە بۆ وڵاتە هاوسێكان گەورە نەبێتەوە.

لە ڕاستیشدا لە ڕوانگەی ڕووسییەكانەوە هەموو تێكۆشان و هەڵس و كەوت و ڕوانگە تووڕە و شەڕخوازەكانیان لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆ هەڵگیرساندنی شەڕێكی نوێی گلۆبالی نەبووە بەڵكوو زیاتر هەوڵێك بووە بۆ داخستن و گارانتیكردنی بۆشایی نێوان لایەنە بەرگرییە پارێزنەكراوەكان. ڕووسەكان بە حەق دەتوانن ئاماژە بكەن دوای كشانەوەی ئاشتیخوازانەی كۆتایی ١٩٨٠كان و سەرەتای دەیەی ١٩٩٠ وەك دوژمنێكی تێكشكاو و بەزیو مامڵەیان لەگەڵدا كردوون. وڵاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا و ناتۆ لە لاوازی ڕووسیا كەڵكیان وەرگرت و سەرەڕای بەڵێنییەكانی ڕۆژئاوا بە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئوورووپا و تەنانەت بە تاقمێك كۆمارەكانی ڕووسیاش، یەكیەتی بەرگری ڕۆژئاویان پەرە پێدا. هەروەها ڕۆژئاوا قازانجەكانی ڕووسیای لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەگرتە بەرچاو بە بیانووی نادیار و گوماناوی خۆیان تێكەڵ بە كێشەكانی سربستان و عێراق كرد و بە گشتی بۆ ڕووسیایان ڕوون كردەوە تەنیا بە متمانەكردن بە هێزی نیزامی خۆی دەتوانێ لە هەنبەر ڕۆژئاوادا خۆی بپارێزێت. لەو ڕوانگەیەوە دەكرێ بیل كلینتۆن و جۆرج دابلیۆ بوش بە ڕادەی پوتین بۆ چالاكییە سوپاییە نوێیەكانی ئەم دواییانە بە بەرپرس دابنرێن.

سروشتییە كە چالاكییە سوپاییەكانی ڕووسیا لە گورجستان، ئوكراین و سووریا دەتوانن دەستپێكی ئیمپراتۆرییەكی نوێ و گەلێك بوێرانە بن. تەنانەت ئەگەر پوتین بۆ دەستبەسەرداگرتن بەسەر جیهاندا هیچ پلانێكیشی نەبێ، سەركەوتنە ڕێژەییەكانی دەتوانن خوازیاریی پلە و پایەی بەهێز بكەن. سەرەڕای ئەوەش دەبێ لەبەر چاو بگیرێ ڕووسیای پوتین گەلێك لاوازتر لە سوڤیەتی سەردەمی ستالینە و تا ئەو جێیەی وڵاتانیتری وەك چین لەگەڵیدا یەكگرتوو نەمێنن ناتوانێ خۆڕاگری لە هەنبەر شەڕێكی ساردیتردا بكا، چ بگا بە شەڕێكی جیهانی تەواو عەیار. ژمارەی حەشیمەتی ڕووسیا ١٥٠ ملیۆن نفووسە و بەرهەمی ماكەی خاوی ناوخۆی نیزیكەی چوار بلیۆن دوڵاری ئامریكاییە. لە ڕوانگەی ژمارەی حەشیمەت و بەرهەمی خاوی ناوخۆییەوە بە ڕاشكاویی لەژێر سیبەری وڵاتە یەكگرتووەكان (٣٢٥ ملیۆن كەس و ١٩ ترلیۆن دۆلار) و ئورووپا (٥٠٠ ملیۆن كەس و ٢١ ترلیۆن دۆلار) دایە. بە گشتی كۆی حەشیمەتی وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا و یەكیەتی ئورووپا پێنج بەرابەر و دە بەرابەر دۆلاریان لە ڕووسیا زیاترە. پێشكەوتنەكانی تێكنۆلۆژیای نوێی ئەم دواییانە

سەرەڕای ئەوەی لە یەكەم چاوپێكەوتندا نادیارە، كەلێنی نێوانیانی هێندەیتر گەورە كردۆتەوە. سوڤیەتی ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بە پلەی بەرزی خۆی گەیشتبوو، ئەو سەردەمەی پیشەسازیی قورس شەمەنەفەری بارودۆخی ئابووری جیهان بوو و سیستەمی ناوەندی سوڤیەت خۆی لەسەر بەرهەمهێنانی تراكتۆر، لۆری، تانگ و ئەو چەشنە بەرهەمانە چڕ كردبۆوە. لەمڕۆدا تێكنۆلۆژیای زانیاریی و بیۆتێكنۆلۆژیا بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پیشەسازیی قورس، گرنگایەتییەكی گەلێك زیاتریان هەیە، بەڵام بەڕاشكاوی ڕووسیا لە هیچ كام لەو زانستە نوێیانە سەرتر لە ڕۆژئاواییەكان نییە. باوەكوو لێهاتووییەكی زۆریان لە شەڕی سایبریدا هەیە، بێ بەش لە لایەنی غەیری سوپایی واتە زانستی زانیاریی و ئابوورین و هێزی خۆیان زیاتر بە سەرچاوە سروشتیەكانی وەك نەوت و گازەوە خەریك كردووە. ڕەنگە ئەو سەرچاوانە بتوانن پوتین و چەند كەسیتری دەوروبەری پێ دەوڵەمەند كەن و بۆ ماوەیەك هێزی قایم ڕاگرن، بەڵام بۆ سەركەوتوویی لە كێبەركێی جیهانی چەكەمەنی دیجیتالی یا بیۆتێكنۆلۆژی كافی نییە.

لە هەموو ئەوانە گرنگتر رووسیای پووتین بێ بەش لە ئیدیۆلۆژییەكی جیهانییە. بە درێژایی شەڕی سارد سوڤیەت خۆی بە تامەزرۆیی جیهانی بۆ كۆمونیزم و كارتێكەری جیهانی ئەرتەشی سوورەوە هەڵواسیبوو. لە لایەكیتریشەوە پوتینیزم ئیتر هیچ شتێكی بۆ ڕووناكبیرانی كۆبایی، ڤیەتنامی و فەرەنسایی بەدەستەوە نییە. ڕەنگە لەڕاستیدا نەتەوەپەرەستی دەسەلاتخواز لەحاڵی پەرەسەندندا بێ، بەڵام بەهۆی ناوەڕۆك و جەوهەری ناوەوەی خۆی نابێتە هۆی پێكهێنانی بلووكی داخراوی نێونەتەوییی. ئەگەر كۆمۆنیزمی لەهستانی (پۆلەندی) و رووسی لانیكەم لە ڕوانگەی تێئۆرییەوە وەدوای بەرژەوەندیی چینی كرێكاری جیهانی كەوتبوون، هێزە ناسیۆنالیستەكانی لەهستانی و ڕووس وەدوای بەرژەوەندی دژ بە كۆمۆنیزم بوون. لەو ڕوانگەیەوە كە هێزگرتنی پوتین ناسیۆنالیزمی لەهستانی بەهێزتر دەكا، ئەو گۆڕانە تەنیا لەهستان لە هەنبەر ڕووسیا تووڕەتر لە سەردەمی پێشوو بار دێنێ و پەرە بە دوژمنایەتی نێوانیان دەدا.

سەرەڕای ئەوەی ڕووسیا هێزی خۆی لە سەراسەری جیهان بۆ هەڵوەشاندنەوەی یەكیەتی ئورووپا و ناتۆ تەرخان كردووە، جێی چاوەروانی نییە بۆ وەدەستگرتنی هێزی جیهانی توانایی وەڕێخستنی شەڕێكی فیزیكی هەبێ. ئێمە تەنیا دەتوانین هیواداربین ڕووداوی كریمە و خۆتێكەڵكردنی ڕووسیا لە بارودۆخی گورجستان و ڕۆژهەڵاتی ئوكراین وەك چالاكییەكی دوورەپەرێز و گۆشەگیر بمێنێتەوە و بیانوویەک نەبێ بۆ دەسپێكی شەڕێكی نوێ.

## هونەری لە دەستچوو، شەڕ بۆ سەركەوتوویی

بۆچی لە سەدەی بیست و یەكەمدا بۆ زلهێزەكان گەلێك دژوارە شەڕی سەركەوتووانە بەڕێوەبەرن؟ ئەو كارە بۆیە سەركەوتو نابێ چونكە ناوەڕۆك و جەوهەری بارودۆخی ئابووری جیهان گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە ڕابردوو دارایی ئابووری زیاتر كەرەستەیی و شتی بوو، كەوابوو ساكارتر بوو لەڕێگەی داگیركارییەوە خۆیان دەوڵەمەند و بەهێز بكەن. كاتێ لە مەیدانی بەربەرەكانیدا هەرەسیان بە دژبەرانی خۆیان دەهێنا، دەیانتوانی بە ڕاووڕووتكردنی وڵات، شار و گوندەكانیان، فرۆشتنی مرۆڤ وەك كۆیلە، دەستبەسەرداگرتن بەسەر مەزرا و كانی و زێڕ و زێو و ماڵ و سامانیان، قازانجی خۆیان وەرگرن. ڕۆمییەكان بە فرۆشتنی مرۆڤی كۆیلەی یۆنانی خۆیان دەوڵەمەند كرد، ئەمریكای سەدەی نۆزدە بە دەستبەسەرداگرتن و داگیركردنی كانزای زێڕ لە كالیفۆرنیا و مەزرای پەروەردەكردنی گای تێكزاس خۆیان بەهێز و دەوڵەمەند كرد. لە سەردەمی سەدەی بیست و یەكەمدا بەو كارانە بەهرەیەكی گەلێك كەم بە زۆرداران دەگا. سامان و دارایی ئابووری لەمڕۆدا زیاتر بەهۆی تێكنیكی زانستی و كەمتر لەڕێگای مەزرا و كانزای زێڕ یا كانزای نەوت پێكدێ و ئەو ڕاستییەش دەزانین زانست ناكرێ بە شەڕ و داگیركاریی دەست بكەوێ. ڕێكخراوەیەكی وەك داعش ڕەنگە بتوانی بە داگیركردنی شار و كانزای نەوت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەرە بستێنێ – ئیسلامیستە داعشییەكان دەستیان بەسەر نیزیكەی ٥٠٠ ملیۆن دوڵاری بانكەكانی عێراق دا گرت و ٥٠٠ ملیۆن دوڵاریتریشیان بە هۆی بازرگانی نەوت ساڵی ٢٠١٥ بە تایبەت لەڕێگای توركیاوە وەدەست كەوت. بەڵام بۆ زلهێزێكی وەك وڵاتی چین یا نەتەوە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ئەو ژمارانە بایەخیان وەك گوێز و خورما وایە. چین كە بەرهەمی ناپاڵاوتووی نیزیكەی ٢٠ ترلیۆن دۆلارە لە ساڵدا، بۆ وەدەستهێنانی چەند ملیۆن دولار هەرگیز سنوورەكانی شەڕ تێپەڕ ناكا. چین لە ئەگەری شەڕ لەگەڵ

ئەمریكا لە لایەكەوە دەبێ تریلیۆنان دۆلار تەرخان بكا و لەولاشەوە ئایا دەتوانێ خەرجی كاولكاری و زیانی بازرگانی كە بە هۆی شەڕەوە لێی دەكەوێ، قەرەبوو بكاتەوە؟ ئایا سوپای ئازادیخوازی خەڵكی دەتوانێ سامانی سیلیكۆن والی " Silicon Valley" تاڵان بكا؟ دیارە، سروشتیە ڕێكخراوەی وەك ئەپل، فەیس بووك و گووگڵ سەدان ملیارد دولار بایەخیان هەیە بەڵام ئەو سامانە بە شەڕ و شەڕخوازی داگیر ناكرێ. هیچ كانزایەكی سیلیسیۆم "Silizium" لە سیلیكۆن والی "Silicon Valley" بوونی نییە.

شەڕێكی سەركەوتووانە لە تیئۆریدا دەتوانێ سامانێكی گەلێك زۆری بەدوادا بێ، بەو مەرجەی داگیركەرەكە بتوانێ بۆ كەڵكوەرگرتنی خۆی، گۆڕان بەسەر سیستەمی بازرگانی جیهان دا بێنێ، بەو شێوەیەی وا بریتانیا دوای هەرەسهێنانی ناپلئۆن و ئەمریكا دوای ڕووخانی دیكتاتۆریی هیتلێری بەڕێوەیان برد. بەڵام گۆڕان بەسەرداهێنانی سیستەمی نیزامی لە سەدەی بیست و یەكدا هەنگاوێكی ئەوتۆ گەلێك دژوار دەكا. بۆمبای ئەتۆمی سەركەوتوویی شەڕی جیهانی كردۆتە خۆكووژییەكی بەكۆمەڵ. كارێكی بەهەڵكەوت نییە كە زلهێزانی جیهانی لە سەردەمی هیرۆشیماوە ڕاستەوخۆ شەڕخوازییان لەهەنبەر یەكتردا بەڕێوە نەبردووە و خۆیان بە دەمەتەقە و كێشەی بچووكەوە خەریك كردووە كە گرنگاییەتییەكی ئەتۆیان نەبووە و تامەزرۆیی كەڵكوەرگرتن لە چەكی ناوكی بۆ بەهرەیەكی كەم گەلێك لاواز بووە. لە ڕاستیشدا هێرشكردن بە چەكی ناوكی بۆسەر وڵاتێكی پلە دووی وەك كۆریای باكووری هەڵوێستێكی گەلێك بێ بایەخە. مرۆڤ ناتوانێ وێنای بكا بنەماڵەی كیم "Kim" دوای هەڕەشە لە هەرەسهێنانیكی سوپایی چ كارێك دەتوانن بەڕێوەبەرن.

شەڕی سایبری "Cyborgs" بارودۆخەكە بۆ ئیمپریالیستی تامەزرۆ گەلێك دژوارتر دەكا. لە سەردەمی ڕۆژە خۆشەكانی مەلیكە ڤیكتۆریا و موسەلسەل (ڕەشاش)ی ماكسیم "Maxim" سوپای بریتانیا دەیتوانی خەڵكانی ناوچەیەكی دوور لە هەر بیابانێكی سەر ئەم هەردە كۆمەڵكوژی بكا بە بێ ئەوەی دۆخی ئاشتیی مەنچەستر "Manchester" یا بیرمنگام "Birmingham" بخاتە مەترسییەوە. تەنانەت لە سەردەمی جۆرج دابلیو بۆشیش وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا دەیتوانی بەغدا و فەلوجە كاول بكا بە بێ ئەوەی

عێراقییەكان دەرەتانی گەیاندنی زیانێك بە سانفرانسیسكۆ یا شیكاگۆیان هەبێ. بەڵام ئەگەر لەمرۆدا وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هێرش بكاتە سەر وڵاتێك كە هێزی سایبری كەمیشی هەبێ، شەڕەكە دەتوانێ لە ماوەی چەند خولەكدا كالیفۆرنیا یا نیۆیۆرك بگرێتەوە. بەرنامەی كامپیۆتری زیانلێدەر و بۆمبی ناوچەیی دەتوانن ترافیكی هەوایی دالاس ئیفلیج بكەن، شەمەندەفەرەكان لە فیلادلفیا پێكدادەن و هێزی كارەبای ناوەندیی میشیگان بكووژێننەوە.

لە سەردەمی مەزنی داگیركارییدا شەڕ بە مانای خەسارەتی كەم و بەهرەی زۆر بوو. بۆ وێنە لە شەڕ و پێكدادانی هاستینگز "Hastings" لە ساڵی ١٠٦٦ ویلهێلم "Wilhelm" لەسەر بەهای چەند هەزار قوربانی بە ڕۆژێك بە پتوونی وڵاتی ئینگلیزی داگیر كرد. بە پێچەوانە، چەكی ناوكی و شەڕی سایبری زیانیكی زۆر پێكدێنن و بەهرەیەكی گەلێك كەمیان دەبێ. بە یارمەتی ئەو كەرەسانە دەكرێ وڵاتێك بەتەواوەتی كاول بكرێ بەڵام هیچ بەهریەكی بەرچاو بە شەڕخوازان نەگەێنێ.

لەو ڕوانگەیەوە لە جیهانێكدا بە ڕاشكاوی كێشەی ئاڵۆزیی كەشوهەوا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێتەوە، ڕەنگە باشترین گارانتی ئیمە بۆ پێكهێنانی ئاشتی ئەوە بێ زلهێزانی جیهانی نەتوانن نموونە بۆ شەڕی سەركەوتووانە بدۆزنەوە. لە كاتێكدا چەنگیزخان یا جولیۆس سێزار هێرشیان كردە سەر وڵاتانی بێگانە، نەتەوەپەرەست و دیكتاتۆرانی وەك ئوردۆغان، مودی و ناتانیاهۆ تەنیا لە تیئۆریدا دورشمی مەزن دەدەن بەڵام بۆ هەڵایساندنی شەڕ گەلێك خۆپارێزن و خۆی لێ دوور ڕادەگرن. دیارە ئەگەر كەسێك بتوانێ فورمۆلی گونجاو بۆ شەڕی سەركەوتووانە لە سەدەی بیست و یەكەمدا بدۆزێتەوە، دەرگاكانی جەهەننەم بە تەواوی دەكرێنەوە. ئەوە هەمان كارە كە هەوڵی ڕووسیا لە كریمە دەكاتە نیشانەیەكی گەلێك مەترسیدار. وەرن با هیوادار بین كە ئەو هەوڵە، تەنیا تاقانەیەك بێ و ئیتر دووپات نەبێتەوە.

## گێژی و گەوجی حاكمان

بەڵام تەنانەت ئەگەر شەڕ لە سەدەی بیست و یەكەمدا بەردەوام وەك بازرگانییەكی بێ بەهرە بمێنێتەوە، ئەو كارە گارانتی دامەزراندنی ئاشتی لەسەر ئەم هەردە بە مرۆڤ نادا، چونكە هەرگیز نابێ گەوجی و سەرشێتی مرۆڤ بە كەم بگرین. لە چوارچێوەی كەسی و هەروەها گشتیشدا مرۆڤ بەردەوام تامەزرۆییان بۆ خستنە ناكۆكی و گێرەشێوێنی بەهۆی چالاكییەكانیانەوە هەیە. شەڕ لە ساڵانی ١٩٣٩دا بە ئەگەری زۆر بۆ بازنەی هێزدارانی جیهانی هەنگاوێكی پێچەوانە بوو – بەڵام نەشبووە هۆكار بۆ ڕزگاریی لە كێشەكانی ئەم جیهانە. ئەو شتەی شەڕی جیهانی دووهەم سەرسووڕهێنەر دەكا ئەوەیە، هێزە هەرەسهێنراوەكان دوای شەڕ بە شێوەیەكی بەرچاو پەرەیان ساند و هەنگاویان بۆ پێشكەوتوویی هەڵێنا. ئاڵمانی، ئیتالیایی و ژاپۆنییەكان بیست ساڵ دوای لەناوچوونی بەتەواویەتی هێزی سووپاییان و ڕووخانی ئیمپراتۆرییەكانیان پێشكەوتووییەكی بەرچاویان ئەزموون كرد. لەڕاستیدا بۆچی شەڕیان ئاییساند؟ بۆچی بە بێ بیرلێكردنەوە مەرگ و كاولكارییان بۆ ملیۆنان مرۆڤ بەدیاری هێنا؟ ئایا هەموو ئەو هەڵس و كەوتانە دادوەرییەكی سەرشێتانەی بە هەڵەی مرۆڤانی بەرپرس بوو؟ لە دەیەكانی ساڵی ١٩٣٠ دا ژنراڵ و دەریاسالارەكان، زانایانی ئابووری و ڕۆژنامەوانان لە وڵاتی ژاپۆن هاتنە سەر ئەو بڕوایە كە بە بێ كۆریا، مەنچووری و بەستێنی ئاوەكانی وڵاتی چین، بارودۆخی ئابوورییان مەحكووم بە وەستان دەكرێ. هەموو ئەو مرۆڤانە لە هەڵەدا بوون. لەڕاستیدا پەرجۆی ناوداری ئابووری وڵاتی ژاپۆن تەنیا دوای كۆتایی هێنانی داگیركارییەكانیان دەستی پێكرد و گەشایەوە.

گێژی، گەوجی و كەریەتی مرۆڤ یەك لە هۆكارە هەرە سەرەكی و گرنگەكانی مێژوویی بووە، بەڵام زۆرجار بە شێوەی نەدیتراو لێی تێپەڕ دەبین. سیاسەتوانان، ژنڕاڵەكان و زانایان بەمەیلەوە دەیانەوێ جیهان وەك یارییەكی مەزنی شەترنج سەیر بكەن، هەر هەنگاو و جێگۆڕكێیەك بە ووردی لێكدەنەوە و بە لۆژیكێكەوە هەڵواسن.

ئەو بۆچوونە تا شوێنیكی دیاریكراو ڕاستە. تاقمێكی كەمی بەرپرسان لە مێژوودا و لەو یارییە شەترنجەدا توانیویانە بە بڵیمەت و هزری خۆیان سەرباز و ئەسپەكانیان بەسەر مەیدانی یارییەكاندا بڵاو كەنەوە. ژنراڵ تۆجۆ "General Tojo" سەدام حوسێن و كیم یۆنگ ئیل "Kim Jong-il" لەو یارییەدا بۆ جێگۆڕكێی خۆیان هۆكاری ژیرانەی خۆیان هەبووە. كێشەكە لێرەدایە كە جیهان گەلێك ئاڵۆزتر لە یاریی شەترنجە و عەقڵانییەتی مرۆڤ بۆ هەستكردن بەو ڕاستەقینەیە بە تەنیایی كافی نییە. لەو پەیوەندییەدا تەنانەت ڕێبەرانی ژیریش هەڵس و كەوت و بڕیاری گەلێك هەڵە، ناژیرانە و گەوجانە دەدەن.

تا چ ڕادەیەك دەبێ ترسمان لەهەنبەر شەڕێكی جیهانی هەبێ؟ باشتر وایە ئێمەی مرۆڤ لە دوو زێدەڕۆیی دووری بكەین. لە لایەكەوە بە ئەگەری زۆر ناتوانین پێش بە شەڕ بگرین. كۆتاییەكانی شەڕی سارد دەیسەلمێنێ ئەگەر مرۆڤ بڕیاری دروست و ژیر دەرببڕن، تەنانەت كێشەی نێوان هێزدارانی جیهانیش دەكرێ بە شێوازی ئاشتی و شارستانیانە چارە بكرێ. سەرەڕای ئەوەش گەلێك مەترسیدارە ئەگەر لەسەر ئەو باوەڕە بین شەڕی جیهانی نوێ كارێكی نەگونجاوە. هەر ئەوندەی وڵاتان وێنای ئەوە بكەن كە شەڕ كارێكی نەگونجاوە، هێزی سوپایی خۆیان بەهێزتر دەكەن، لە كێبەركێی وەدەستهێنانی كەرەسەی سووپاییدا نوقم دەبن، لە گفت و گۆی ژیرانە خۆ دەكشێننەوە و گومانی ئەوە دەكەن ئەو بارودۆخە شتێك زیاتر لە داوێك نییە كە بۆیان دانراوە. هەر ئەو هەڵس و كەوتە خۆی پێكهێنانی شەڕ گونجاو دەكا.

لە لایەكیتریشەوە گەلێك ساویلكانە دەبێ ئەگەر وای دابنێین كە شەڕ كارێكی نەگوننجاوە. تەنانەت ئەگەر شەڕ بۆ هەموو لایەنەكان كارەساتێك دروست بكا، هیچ خودایەك و هیچ یاسایەكی سروشتی ناتوانێ لەهەنبەر بڕیاری گەمژانەی مرۆڤ پارێزگاریمان بكا.

ڕێگا چارە و دەرمانێكی بەهێز بۆ كەریەتی ئینسان بڕێك لەخۆبوێری و خۆبەزل نەزانینە. گرژی و ئاڵۆزیی نەتەوەیی، ئایینی و كولتووری گەلێك بە هەستگەلی وەك نەتەوەی من، وڵاتی من، ئایینی من، كولتوور و داب و نەریتی من دەگەشێنەوە — هەر لەسەر ئەو بۆچوونەشە كە بەرژەوەندی "من" دەكەوێتە سەرووی هەموو ئینسانییەتەوە.

چلۆن دەتوانین نەتەوە، ئایین و كولتووره جیهانییەكان بە بڕێك لەخۆبوێری و نزمكردنەوەی خۆ بە زل دانان، لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان دانشێنین؟

## ئەركی دوازدە: لەخۆبووردوویی

### تۆ ناوک و سەرچاوەی سەر ئەم جیهانە نیت

زۆرینەی مرۆڤ بە مەیلەوە باوەڕیان بەوە هەیە كە ناوكی جیهانن و فەرهەنگ و دابو نەریتیان دڵی مێژووی مرۆڤایەتی پێكهێناوە. زۆربەی مرۆڤی یۆنانی لەسەر ئەو بۆچوونەن مێژوو بە هۆمر "Homer"، سوفۆكل "Sophokles" و ئیفلاتوون "Platon" دەستپێدەكات و هەموو ئیدە مانادار و دۆزراوەكانی ژیان لە شاری ئاتێن، سپارتا و ئەلكساندریا، یاخود لە كونستانتۆپول (قوستەنتەنییە)وە سەرچاوەیان گرتووە. نەتەوەپەرەستی چینی نیوەی مێژووی مرۆڤایەتیان بە فەغفوورە زەردەكانی زنجیرەی شیا "Xia" و شانگ "Shang"ەوە بەستۆتەوە و دەڵێن هەموو دەسكەوتێكی رۆژئاواییەكان، وڵاتانی موسوڵمان یا هیندییەكان تەنیا كۆپی لەو شتانەن كە پێشتر هی چینییەكان بوون.

هیندیی باوەڕدار لەگەڵ ئەو بۆچوونەی چینییەكان دژایەتی دەكەن و دەڵێن تەنانەت فڕۆكە و بۆمبای ئەتۆمیش لە لایەن حەكیمانی كەونی وڵاتی هیندەوە ماوەیەكی زۆر پێش سوفۆكل، ئیفلاتوون و ئەنشتاین دۆزراونەتەوە. ئایا دەتانزانی بۆ وێنە ماهاریشی بهاردواج "Maharishi Bhardwaj" ڕاكێت و فڕۆكەی دۆزیوەتەوە و ویشوامیترا "Vishwamitra" نەك هەر پەرەی بە موشەك و ڕاكێت داوە، بەڵكوو ناوی باوكی تیئۆری ئەتۆمی ئاچاریا كاندا "Acharya Kanad"ی لەسەر دانراوە و لە كتێبی مهابهاراتا "Mahabharata" دا چەكی ناوەكی بە ووردی ڕوون كراوەتەوە.

موسوڵمانی زێدەڕۆی وڵاتانی ئیسلامی هەموو مێژوو و چیرۆكەكانی پێش سەردەمی محەمەد بە هەڵە و پووچ دادەنێن و لەسەر ئەو بڕوایەن دوای نازڵبوونی پەرتووكی قورئان جیهان تەنیا لەسەر ئۆممەتی موسوڵمان و بەتایبەت عەڕەب ساغ

بۆتەوە. چەند وڵاتێكی نەتەوەپەرستی وەك ئێران، توركیا و میسر لەوناوەدا تاقانەن و دەڵێن پێش سەردەمی محەمەدیش نەتەوەكانیان سەرچاوەی باشی مرۆڤایەتی بوون و ئایینی ئیسلام ئەو پاكی و مرۆڤخۆشەویستییەی پەرەپێداوە و پاراستوویەتی.

دیارە سروشتییە نەتەوەكانی ئینگلیزی، فەرانسایی، ئاڵمانی، ژاپۆنی و ئەمریكایی و تاقمێكی زۆریتر بە هەمان شێواز باوەڕیان هەیە ئەگەر دەسكەوتە گرنگەكانی نەتەوەكەیان نەبایە، كۆمەڵگای مرۆڤ بەشێوەیەكی بێ ئەخلاقی، نەزانی و ئاكاركێویلەیی پەرەی دەساند. تاقمێك لەو خەڵكانە تەنانەت تا ئەو شوێنە زێدەڕۆییان كردووە و دڵنیا بوون كە سەرچاوە سیاسی و باوەڕییەكانیان بۆ یاساكانی فیزیكیش گەلێك گرنگ و بەكارهاتوون. بۆ وێنە ئازتەكەكان "Azteken" لەسەر ئەو باوەڕەن بە بێ خۆبەختكردنی ساڵانەی مرۆڤ لەو وڵاتە خۆرەتاو هەڵنایە و هەموو جیهان تێكدەڕووخێ.

هەموو ئەو ئیدیعا و بۆچوونانە هەڵە و پووچن. ئەو مرۆڤانە بە ئاگاداربیەوە ڕووداوە مێژووییەكان لە هەستی نەتەوەپەرستی خۆیان گرێ دەدەن. ئەو كاتەی مرۆڤ جیهانی داگیر كرد، گیا و ئاژەڵی دەستەمۆ كرد و یەكەم شارەكانی بونیاد نا یا نووسراوە و پارەیان دۆزییەوە هیچكام لە ئایین یا نەتەوەكانی ئەمڕۆیی بوونیان نەبوو. ئەخلاق، هونەر، مانا بە ژیان دان و خوڵقێنەری هەموویان تایبەتمەندیی ئینسانین كە لە د. ن. ئای ئیمەدا جێگیر بوون. ئەو تایبەتمەندییانە لە سەردەمی كەونی ئەفریقاوە پێكهاتوون. كەوابوو خۆپەرستییەكی مەزن دەبێ ئەگەر ئەو تایبەتمەندییانە بە سەردەمێكی نوێوە بلكێندرێ، جا چ چین لە سەردەمی ئیمپراتۆریی زەرد، یا یۆنانی سەردەمی ئیفلاتوون یاخود نیمچەدوڕگەكانی عەرەبستانی سەردەمی محەمەد بێ.

من خۆم ناسیاویم لە تەك ئەو چەشنە خۆپەرستییە بێ بەزەییانە هەیە، چونكە یەهوودییەكان، خەڵكانی باشی منیش، لەسەر ئەو باوەڕەن بەشێكی گرنگ و پڕمانای ئەم جیهانەیان پێكهێناوە. هیچ دۆزراوە یا دەسكەوتێكی ئینسانی لەم جیهانەدا بوونی نییە كە ئەوان بەهی خۆیانی نەزانن. لەو ڕوانگەیەوە كە من یەهوودییەكان بە باشی و لە نیزیكەوە دەناسم، دەزانم ئەوان لەڕاستیدا ئەو ئیدیعایانەیان هەیە. جارێكیان لە وڵاتی ئیسرائیل مامۆستایەكی یۆگام هەبوو، كە زۆر بە جیددی دەیگوت یۆگا لە لایەن

حەزرەتی ئیبراهیمەوە دۆزراوەتەوە و هەموو سەركەوتوویيە سەرەكییەكانی ئەو چالاكییە لە شێوازی ئەلف و بێی عیبرییەوە وەرگیراوە! ئیبراهیم یۆگای فێری كوڕی یەك لە سیغەكانی خۆی كردووە و دواتر ئەو كوڕە چووە بۆ هیند و لەوێ مرۆڤی هیندی فێری یۆگا كردووە. كاتێ داوای بەڵگەم بۆ بۆچوونی مامۆستاكەم كرد، مامۆستا لە پەرتووكی تەوڕات (Gen ٢٥,٦)بۆی گێڕامەوە: "ئیبراهیم بەردەوام خەڵاتی داوە بە كوڕی ژنەكانیتری و ناردوونی بۆ ڕۆژهەڵاتی دوور بۆ ئەوەی لە كوڕەكەی خۆی واتە ئیسحاق دوور كەونەوە." بە بڕوای ئێوە چ چەشنە خەڵاتێك بوون؟ كەوابوو لەڕاستیدا تەنانەت "یۆگا"ش لە لایەن یەهوودییەكانەوە دۆزراوەتەوە!

دیارە وێناكردنی ئیبراهیم وەك خولقێنەری "یۆگا" بۆچوون و وێنەیەكی گەلێك زێدەڕۆیانەیە. سەرەڕای ئەوە، مرۆڤی یەهوودی ئاساییش لەسەر ئەو باوەڕەیە كە هەموو ئونیوێرزام بۆیە هەیە كە مالمی ئایینی یەهوودی بتوانن كتێبە پیرۆزەكەیان بخوێننەوە، هەر كات دەستی لێهەڵبگرن، جیهان وەك خۆی نامینێ و تێكدەڕووخێ و كۆتایی پێ دێ. چین، هیند، ئوستراليا و تەنانەت كاكەشانە دوورەكانیش هەموویان توونا دەكرێن ئەگەر مالمە یەهوودییەكان لە ئۆرشلیم دەست لە باس لەسەر كتێبی تەلموود هەڵگرن. ئەوە كۆڵەكەیەكی سەرەكی ئایینی یەهوودی ئۆرتۆدۆكسە و هەر كەس جەرگی هەبێ و بیخاتە ژێر پرسیارەوە، بە مرۆڤێكی نەزان، گەوج و كەر لە ئەژمار دێ. لەوانەیە یەهوودیی سێكۆلار لە هەنبەر ئەو چەشنە بۆچوونانە گۆمانیان هەبێ، بەڵام ئەوانیش لەسەر ئەو باوەڕەن خەڵكانی یەهوودی وەك پاڵەوان لە ناوەندی مێژوودا وەستاون و سەرچاوەی ڕاستەقینەی ئەخلاقی، زانست و مانایی ئەم جیهانەن.

لەو ڕوانگەیەوە كە ڕەخنەگرتن لە خەڵكانی خۆم، هاسانتر لە ڕەخنەگرتن لە مرۆڤی بێگانەیە، لە هەڵس و كەوتی خەڵكەكەم كەڵكوەردەگرم بۆ ئەوی نیشانی بدەم ئەو چەشنە گێڕاوە و ڕیوایەتە بێ بنەمایانە چەندە ترسهێنەرن. تەقاندن و خاڵیكردنی هەوای گەرمی پسدانی خەڵكەكەم بە مرۆڤی سەر زەوی دەسپێرم جا لە هەر شوێنێكی ئەم جیهانە بن.

## دایکی زیگمۆند فرۆید

لەڕاستیدا كتێبی 'كورتە مێژووی مرۆڤ' پێشتر بە زمانی عیبری بۆ خەڵكانی ئیسرائیلی لە چاپ درابوو. كاتێ دەقە عیبریەكە لە ساڵی ٢٠١١ لەژێر چاپ هاتەدەرێ، لە لایەن خوێنەری ئیسرائیلییەوە بەردەوام پرسیارم لێ دەكرا بۆچی لە مێژووی مرڤدا كەمتاكورتیش باسی نەتەوەی ئیسرائیلیم نەكردووە. بۆچی بە ووردی لەسەر ئایینی مەسیح، ئیسلام و بوودایی دواوم بەڵام كە دەگاتە سەر ئایینی یەهوودی جیا لە چەند وشەی ئیشك باسێكی ئەوتۆم لەسەر نەكردوون؟ ئایا بە ئانقەست چاوپۆشیم لە چیرۆكە مەزنەكەیان لەسەر مێژووی مرۆڤایەتی كردووە؟ ئایا بەو كارە وەدوای مەبەستێكی دیاریكراوی سیاسی كەوتووم؟

ئەو چەشنە پرسیارانە بە شێوەیەكی ئاسایی و سروشتی لە لایەن یەهوودی ئیسرائیلییەوە دادەڕێژرێن كە لە باغچەی منداڵانەوە لەگەڵ ئەو باوەڕە گەورە دەكرێن و ئایینی یەهوودی وەك ئەستێرەی ناوەندیی مێژووی مرۆڤایەتیی سەیر دەكەن. منداڵانی ئیسرائیلی دوای دوازدە ساڵ خوێندن لە قوتابخانە هێشتا خۆیان وێنەیەكی شەفافیان لەسەر ڕەوتی مێژوویی باوەڕەكەیان نییە. ئەوان هێچ شتێك لەسەر وڵاتی چین، هیند یا ئەفریقا نازانن و سەرەڕای ئەوەی بڕێك زانیاری لەسەر ئیمپڕاتووری ڕۆم، شوڕشی فەرنسا و شەڕی دووهەمی جیهانی فێر دەبن، ئەو زانیارییە كەم و كورت و لێك جیاكراوانە نابنە هۆی پێكهاتنی گێڕاوەیەكی تەواو. لەجیاتی ناسینی ئەو مێژووە تەنیا چیرۆكێكی ڕاستەقینە كە لە لایەن بەرپرسانی ئیسرائیلی سیستەمی ڕاهێنانەوە بانگەوازی بۆ دەكرێ بە پەرتووكی كەونی تەوڕات دەستپێدەكا، لەگەڵ سەردەمی زیارتگەی دووهەمدا، درێژەی دەبێ، لە نێوان كۆمەڵە جیاوازەكانی یەهوودی لە دیاسپۆرا پاش و پێش دەكرێ و لەگەڵ سەرهەڵدانی سەهیۆنیزم و هۆلۆكاست بە لووتكەی بەرزایی خۆی دەگەێنرێ. زۆرینەی لاوان قوتابخانە بەجێ دێڵن و لەسەر ئەو باوەڕەن كە ئەو شتەی فێری بوون ڕێگای سەرەكی تەواوی مێژووی

مرۆڤایەتییە. چونكە تەنانەت ئەگەر ئەو قوتابییانە زانیاری لەسەر ئیمپراتۆری ڕۆم یا شۆڕشی فرەنساشیان فێر بكرێ، باسەكا زیاتر خۆی لەسەر ئەوە چڕ دەكاتەوە كە چلۆن ئیمپراتۆری ڕۆم هەڵس و كەوتی لەگەڵ جوولەكەكان كردووە یاخود شوێنی سیاسی و ماڤی مرۆڤی جوولەكە لە كۆماری فرانسا لە چ پلەیەكدا بووە. ئەو مرۆڤانەی بەو شێوازە مێژووفێركردنە ڕادەهێنرێن زۆر بە دژواری دەتوانن وێنای بكەن ئایینی یەهوودی كارتێكەرییەكی گەلێك كەمی لەسەر جیهان بە گشتی هەبووە.

بەڵام ڕاستەقینەی كارەكە ئەوەیە ئایینی یەهوودی ڕۆڵێكی گەلێك كەمی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەبووە. بە پێچەوانەی ئایینەكانی مەسیحی، ئیسلام و بوودایی، ئایینی یەهوودی لە چوارچێوەیەكی كەمی ناو ئیسرائیلدا قەتیسكراو ماوەتەوە. ئەو ئایینە خێلەكییە خۆی لەسەر چارەنووسی نەتەوەیەكی بچووك و شوێنێكی جوگرافیایی سنوورداری بچووك چڕ كردۆتەوە و هیچ تامەزرۆییەكی بۆ نەتەوەكان و وڵاتانیتری سەر ئەم هەردە لەخۆی نیشان نەداوە. بۆ وێنە چونكە ڕووداوەكانی وڵاتی ژاپۆن یا چارەنووسی مرۆڤی دانێشتووی دوورگەكانی هێند بۆیان گرنگ نەبووە، جێی سەرسووڕمانیش نییە كە ڕۆڵی مێژوویيان سنووردار بووبێ.

دیارە سروشتییە كە ئەو بۆچوونەش ڕاستە، ئایینی یەهوودی بۆتە هۆی گەشانەوەی ئایینی مەسیحی و كارتێكەری لەسەر لەدایكبوونی ئایینی ئیسلام – دوو لە هەرە ئایینە گرنگەكانی ئەم جیهانە. بەڵام كارێكی نادادپەروەرانە دەبێ ئەگەر بەرپرسایەتی كوشتنی بەكۆمەڵی سەردەمی خاچپەرستەكان بخرێتە سەر شانی یەهوودی (لێرەدا تاوانكاری سەداوسەد تەنیا مەسیحییەكان بوون)، هەروەها هیچ بەڵگەیەك بوونی نییە كە ئیدەی بەهێزی مەسیحییەت كە گۆیا هەموو مرۆڤێك لە ڕوانگەی خوداوە وەك یەك دادەنێ، بە ئایینی یەهوودییەوەی بنووسێنین (ئیدەیەك كە لە دژایەتی ڕاستەوخۆی یەهوودی ئۆرتۆدۆكسدا وەستاوە كە تەنانەت ئەمڕۆش لەسەر ئەو باوەڕەن مرۆڤی یەهوودی تاجی سەری مرۆڤایەتییە و لە سەرووی هەموو نەتەوەكانیتر جێیان گرتووە.

ئەرك و ڕۆڵی مرۆڤی یەهوودی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا مرۆڤ وەبیر ڕۆڵی دایكی فرۆید لە مێژووی مودێرنی ڕۆژئاوا دەخاتەوە. پێمان خۆش بێ یان ناخۆش، زیگمۆند

فرۆید كارتێكەرییەكی گرنگی لەسەر زانست، فەرهەنگ، هونەر و ژێربوونی كۆمەڵگای مودێرنی ڕۆژئاوایی بووە. ئەوەش ڕاستە كە ئێمە بە بێ دایكی فرۆید، كەسایەتییەكی وەك فرۆیدمان نەدەبوو. ئارەزوو و ڕوانگەكانی فرۆیدیش بە ئەگەری زۆر و تا ڕادەیەكی زۆریش لە پەیوەندایەتی لەگەڵ دایكیدا ڕەنگیان داوەتەوە – هەر خۆشی وەك یەكەم كەس باس لەوەوە دەكا. بەڵام هەر كەس خۆی بە مێژووی مودێرنی ڕۆژئاواییەوە خەریك بكا، چاوەڕوانی ئەوە نییە تەنانەت لە گۆشەیەكی بچووكی ئەو مێژووەدا ئاماژە بە دایكی فرۆید بكرێ. هەر وەك بە بێ ئایینی یەهوودی ڕەنگە مەسیحییەت بوونی نەبایە، بەو مانایە نابێ كاتێ چاو بە مێژووی جیهاندا دەگێڕین گرنگایەتی بە ئایینی یەهوودی بدەین. پرسیاری گرنگ ئەوەیە كە جیهانی مەسیحی چی بەسەر میراتی دایكی یەهوودیی خۆی هێنا.

دیارە شتێكی ئاسایی و سروشتییە خەڵكانی یەهوودی خەڵكێكی تایبەت و خاوەنی مێژوویەكی كەونن (ئەو تایبەتمەندییە بۆ زۆربەی خەڵكانیتریش هەر وایە). هەروەها شتێكی سروشتییە كە داب و نەریتی مرۆڤی یەهوودی پڕیە لە ڕوانگەی قووڵ و بایەخێكی ڕەسەنی هەیە (ڕەنگە ڕوانگەی ئەوتۆ پرسیاری لەسەر بێ و ڕاسیسم، دژ بە ژنان و بۆچوونی تری لێ بكەوێتەوە). ئەوەش هەر ڕاستە كە خەڵكانی یەهوودی سەرەڕای ژمارەی كەمیان شوێنیان لەسەر مێژووی دوو هەزارساڵەی ڕابردوویان داناوە. بەڵام كاتێ سەیری مێژووی مرۆڤایەتی خۆمان دەكەین، واتە سەد هەزار ساڵ بەر لە ئێستا و لە سەردەمی هاتنە سەر گۆڕپانی مرۆڤی هۆمۆساپییەن بۆ سەر زەوی، شتێكی ڕوونە كە بەشداریی مرۆڤی یەهوودی لەو مێژووە دوورە زۆر كەم و سنووردارە. هەزاران ساڵ پێش ئەوەی مرۆڤی یەهوودی قاچی لەسەر ئەم هەردە دابنێ، مرۆڤ بەسەر هەموو شوێنەكانی ئەم پلانێتەدا بڵاو بوونەوە، كاری وەرزێڕییان دۆزییەوە، یەكەم شارەكانیان ئاوەدان كردەوە و كەشتی، پارە و شتەكانیتریان خوڵقاند.

ئەگەر مرۆڤ مێژوو لە ڕوانگەی چینییەكان یاخود دانیشتوانی سەردەمی پێشووی ئەمریكا(سوور پێستەكان)ەوە سەیر بكا، لە دوو هەزار ساڵی ڕابردوودا هەست بە هیچ كارتێكەرییەكی گرنگی مێژوویی لە لایەن مرۆڤی یەهوودییەوە ناكرێ مەگەر لە ڕێگای نێوانجیگەریی مەسیحی یا موسوڵمانان. سەردەمی كەونی عیبری بەو هۆیەوە

بووە بەردی بناغەی فەرهەنگی جیهانی چونكە ئایینی مەسیح بە گەرمی وەری گرت و ئاوێتەی كتێبە پیرۆزەكەی خۆی كرد. لەولاشەوە تەلموود – كە گرنگایەتی بۆ فەرهەنگی یەهوودی گەلێك زیاترە لە هی سەردەمی كەون – لە لایەن ئایینی مەسیحییەوە ڕەدكرایەوە و ئەزموونەكەی بووە مانەوەی دەقێكی ئیشك كە بۆ جیهانی عەرەب یا ئورووپاییەكان تا ڕادەیەك نەناسراو مایەوە بەڵام بۆ ژاپۆنی یا خەڵكانیتری جیهان بە تەواوی بێدەنگی لێ كرا.(حەیف بۆ كتێبی تەلموود كە بە ئاشكرایی گەلێك ژیر و دڵۆڤانتر لە كتێبی تەوڕات بوو، بەڵام بە جیهان نەناسرا). ئایا كارێكی هونەریی گەورەتان پێ شك دێ كە لە كتێبی تەوڕاتەوە سەرچاوەی گرتبێ؟ گەلێك ساكارە: پەیكەری دەیوید "David"ی میكل ئانژ "Michelangelos"، ئۆپرای وێردی "Verdi" نابۆكۆ "Nabucco"، فیلمی حیماسی سسیل بی دمیل"Cecil B. DeMille" بە ناوی دە فەرمان. ئایا كارێكی هونەری دەناسن كە لە سەردەمی نوێ سەرچاوەی گرتبێ؟ یارییەكی مناڵانەیە: شامی كۆتایی لئۆنارد داوینچی "Leonardo da Vinci"، خۆشەویستی نەریتی باخ "Bach"، ژیانی براین "Brian" كاری هونەری مونتی پایتۆن "Monty Pythons". بەڵام ئێستا نۆبەی تاقیكاری ڕاستەقینەی خۆڕاگرییە: ئایا دەتوانن چەند شاكاری هونەری ناوبەرن كە لە كتێبی تەلموودەوە سەرچاوەیان گرتبێ؟

سەرەڕای ئەوەی پشكنین و ناساندنی كتێبی تەلموود لە لایەن كۆمەڵگای یەهوودییەكانەوە لە زۆربەی شوێنەكانی ئەم جیهانە پەرەی سەندووە، هیچ ڕۆڵێكی گرنگ بۆ پێكهاتنی ئیمراتۆرییەكانی چین، سەفەرە پشكنینەكانی ئوروپایی، پەرەپێدانی سیستەمی دێمۆكراتی یا بۆ شۆڕشی پیشەسازیی نەگێڕاوە. قرووش(سكە)، زانستگا، پەرلەمان، بانك، قوتب نما، كەرەسەی چاپ و كەرەسەی هەڵم هەموویان لە لایەن مرۆڤی غەیری یەهوودی دۆزراونەتەوە.

## هەڵس و كەوت و ئەخلاق پێش كتێبی تەورات و ئینجیل

مرۆڤ لە وڵاتی ئیسرائیل زۆرجار باس لەسەر سێ ئایینی مەزنی جیهانی دەكەن، مەبەستیان مەسیحی (٢،٣ ملیارد)، موسوڵمان (١،٨ ملیارد) و یەهوودی (١٥ ملیۆن) یە. ئایینی هیندوو بە یەك ملیارد و بوودایی بە پینجسەد ملیۆن لایەنگر – سیك بە ٢٥ ملیۆن و شینتو بە ٥٠ ملیۆن لایەنگرەوە بە تەواوی بێدەنگییان لێ دەكرێ و وێدەچێ لای مرۆڤی ئیسرائیلی چاوەڕوانی و پێویستی ئایینێكی ئاساییان نەبێ. ئەو هەڵوێست و وێناكردنە لێك كێشراوەیی، زێدەڕۆیی و چەواشەكارییە لەسەر "سێ ئایینی مەزنی جیهانی" لەوەوە سەرچاوە دەگرێ كە مرۆڤی ئیسرائیلی پێیوایە هەموو داب و نەریت و ئەخلاق و یاساكان لە ئایینی یەهوودەوە وەك یەكەم ئایین، سەرچاوە دەگرێ. وێدەچێ مرۆڤی پێش سەردەمی ئیبراهیم و مووسا لە بارودۆخێكی سروشتی بە بێ هیچ ئەخلاق و پرەنسیپێك ژیانیان كردبێ و هەموو ئەخلاق و دابو نەریتی ئەمڕۆیی لە دە یاسای مووساوە سەرچاوەیان گرتبێ. ئەوە وێناكردنێكی بە تەواوی بێ بنەڕەت و خۆبەزل زانییە كە زۆربەی داب و نەریت و سەرچاوە ئەخلاقییەكانی ئەم جیهانە لەبەر چاو ناگرێ و گرنگایەتیان پێ نادا.

مرۆڤی ڕاوكەر و كۆكەری سەدەمی بەرد هەزاران ساڵ بەر لە ئیبراهیم و مووسا خاوەنی داب و نەریتی خۆیان بوون. كاتێ یەكەم كۆچەرانی ئورووپایی سەدەی ١٨ چوونە ئوسترالیا، تووشی هۆزانی ئەو ناوچانە بوون كە خاوەنی داب و نەریتێكی باش و پێشكەوتوو بوون بە بێ ئەوەی كەمترین زانیارییەكیان لەسەر ئیبراهیم یا مووسا و عیسا و محەمەد بووبێ یاخود ناویان بیستبێتن. لە هەر حاڵدا مرۆڤ ناتوانێ بڵێ مەسیحییە داگیركەرەكان كە بە زۆرەملی مرۆڤی ئەو ناوچانەیان لەسەر زێد و نیشتمانیان دەركرد و چەوساندیاننەوە لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە لەوان سەرتر بووبن.

زانایان و پسپۆران لەمڕۆدا ئاماژە دەكەن كە سەرچاوەی ئەخلاق لەڕاستیدا بنەڕەتێكی دێرینەی پەرەسەندنی بوونەوەرانە و دەگەڕێتەوە بۆ ملێۆنان ساڵ بەر لە هاتنی مرۆڤ بۆ سەر زەوی. هەموو كۆمەڵە ئاژەڵەكان وەك گورگ، دۆلفین و مەیموون چەشنە ئەخلاقێكی تایبەتییان هەیە كە بە درێژایی مێژووی پەرەسەندن خۆیان لەگەڵ سروشت پێ گونجاندووە و هالیكاریی گشتی ناو كۆمەڵەكانیان پێ بەڕێوە بردووە. ئەگەر بۆ وێنە بێچووە گورگەكان لەگەڵ یەكتر یارییان كردووە، هەموویان متمانەیان بە یاسایەكی دادپەروەرانە هەبووە. ئەگەر یەك لە بێچووەكان گازی توندی لەویتر گرتبێ یاخود یەكێتر خۆی سواری پشتی ئەویتر كردبێ و ناچار بە خۆبەدەستەوەدانی كردبێ، بەهۆی خۆرستی سروشتیانەوە بێچووكانی دیكە چیتر یاری لەگەڵ ناكەن.

لە كۆمەڵی شامپانزەكاندا چاوەروانی لە هاوڕەگەزەكانیان دەكرێ ڕێز بۆ مافی خاوەنداری ئەندامانی لاواز دابنێن. كاتێ شامپانزەیەكی گەنجی مێو مۆزێك بدۆزێتەوە، ئەندامە نێرەكان واز لەوە دێنن كە گوشاری بۆ بێنن و لێی بستێنن. ئەگەر یەك لە نێرەكان ئەو یاسایە ڕەچاو نەكا، بە ئەگەری زۆر بایەخی كەسایەتی خۆی لەناو كۆمەڵەكەدا لەدەست دەدا. بە گشتی مەیموونەكان نەك هەر لە كەڵكوەرگرتنی نابەجێ لە مەیموونە لاوازەكان دووری دەكەن، بەڵكوو چالاكانە یارمەتیشیان دەدەن. مەیموونێكی بۆنۆبۆ بە ناوی كیدۆگۆ كە لە باغچەی ئاژەڵانی میلواكی "Milwaukee" - شارێكی ئەمریكا، دەژیا كێشەیەكی جیددی لەگەڵ نەخۆشی دڵ هەبووە، كە بە تەواویی گێژ و بێ هێزی دەكرد. كاتێ بردوویانە بۆ باغچەی ئاژەڵان نە توانیویە خۆی بەڕێوەبەرێت و نە هەستی بە مرۆڤەكانی پارێزەر كردووە. شامپانزەكانیتر كاتێ سەرنجیان بەرەو بارودۆخی ئەو ڕاكێشراوە، خۆیان بەشداری كێشەكەی كردووە و دەستیان گرتووە و ڕێگایان پێ نیشان داوە. كاتێ هەستی بە بێوازی كردووە دەنگێكی لەخۆی داوەتە دەرێ و مەیموونەكانیتری بۆ یارمەتی هان داوە. یەك لە گرنگترین هەڤاڵانی كیدۆگۆ ئەندامی سەرەكی نێری گرووپەكە "لودی" بووە كە نەك هەر ڕێگای پێ نیشان دەدا، بەڵكوو پارێزگاریشی لێ دەكرد. لە حاڵێكدا هەموو ئەندامانی گرووپەكە بە ئارامی و میهرەبانی هەڵس و كەوتیان لەگەڵ كیدۆگۆ كردووە، گەنجێكی

نێر بە ناوی مورف زۆرجار بێ بەزەییانە گاڵتەی پێ کردووە. کاتێ لودی هەستی بە هەڵس و کەوتی مورف کردبایە، خۆی لە کیدۆگۆ نزیك دەکردەوە و دەستی دەخستە ملی و پارێزگاری لێ دەکرد.

بارودۆخێکی گەلێك ڕاچڵەکێنانەتر لە لێرەوارەکانی 'کەنارەی عاج'ی ئەفریقا ڕوویداوە. کاتێ بێچووە شامپانزەیەك بە ناوی ئۆسکار دایکی لە دەست داوە، ناچار بە دابینکردنی ژیانی خۆی بووە. هیچکام لە مەیموونە مێوەکان حازر نەبوون ئاگایان لێی بێ و وەخۆی بگرن چونکە زیاتر خۆیان بە منداڵەکانی خۆیانەوە خەریك کردبوو. ئۆسکار بە پێی کات کز و لاواز دەبۆوە و بارودۆخی سلامەتی بەرەو خراپی دەڕۆیشت و هێزی ژیانی نەمابوو. بەڵام کاتێ وێدەچوو شانسی ژیانی تەواو کەم بووبێتەوە، لە لایەن سەرۆك گرووپەکەوە وەرگیرا. سەرۆك نەك هەر خواردەمەنی پێویستی بۆ دەدۆزییەوە بەڵکوو سواری پشتی خۆی دەکرد و ئەملا و ئەولاشی دەگێڕا. تاقیکاریی ژێنێتیکی نیشانی دەدا کە هیچ خزمایەتییەکیشیان لەگەڵ یەکتردا نەبووە. ئێمە تەنیا دەتوانین گومانی ئەوە بکەین نەریت و هەڵس و کەوتی سروشتی بووە هۆکار بۆ ئەوەی سەرۆکی گرووپەکە ئاگاداری لەو هەتیوە بکا – تەنانەت ئاژەڵانیش لە هەژاران و لاوازان پشتیوانیان کردووە ملیۆنان ساڵ بەر لەوەی ئیبراهیم، مووسا و مرۆڤی ئیسڕائیلی قاچیان نابێتە سەر ئەم زەوییە. ئەوان زانیویانە نابێ لە هەتیو و بێوە ژن کار بکێشن.

تەنانەت بۆ ئەو هۆمۆساپییەنانەش کە لە سەردەمی کەونی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ژیانیان کردووە پەیام و یاسای پێغەمبەرەکان شتێکی نوی نەبووە. یاساکانی "تۆ نابێ بکووژی" و "تۆ نابێ دزی بکەی" لە کتێبی یاسای سۆمێرەکان، فیرعەوونەکانی میسر و بابیلۆنەکانیشدا گەلێك ناسیاو بوون. ماویەکی زۆر پێش زابات "Sabbat" (پشووی ڕۆژانی شەممە)ی ئیسڕائیلییەکان، پشوودانی دوای کار بوونی بووە. هەزاران ساڵ بەر لەوەی عامووس هەڵس و کەوتی نائینسانانەی تاقمێك مرۆڤی ئیسڕائیلی ئامۆژگاریی بکا، حەمۆڕابی پاشای بابیلییەکان ڕایگەیاندووە: "خودا مەزنەکان ناوی دادپەروەریان لەسەر داناوم بۆ ئەوەی سیستەمی دادپەروەری لەسەر زەوی دامەزرێنم

و خراپكاران سزا بدەم و ... هێزداران نەتوانن لەگەڵ لاوازان هەڵس و كەوتی نابەجێ بكەن".

لە وڵاتی میسر سەدان ساڵ پێش لە دایكبوونی مووسا، نووسەران "مێژووی ڕوونی وەرزێری"یان نووسیوەتەوە. ئەو مێژووە حیكایەتی وەرزێرێكی هەژار دەگێڕێتەوە كە لە لایەن مرۆڤێكی تەماعكارەوە ماڵ و داراییەكەی تاڵان كراوە. وەرزێرەكە سكالای خۆی لای سەرۆكە ساختەچییەكانی فەرعوون كردووە و كاتێ ئەوان خۆیان لە پارێزگاری كێشاوەتەوە، بۆی ڕوون كردوونەوە ئەركی بەرپرسانە كە دەبێ دادپەروەر بن و بەتایبەت پارێزگاریی هەژاران لە هەنبەر دەوڵەمەندی زۆردار بكەن. ئەو وەرزێرە میسرییە لە بۆچوونێكی گەلێك بەهێزدا ڕوونی كردۆتەوە و سامانی كەمی هەژارانی لەگەڵ هەناسە كێشانی ئەوان هەڵسەنگاندووە و گەندەڵی بەرپرسانی دەوڵەتی كردۆتە لەمپەرێك لەسەر ڕێگای هەناسەكێشانی ئەو مرۆڤانە.

یاساكانی كتێبی پیرۆزی یەهوودی وێچوویيەكی سەیروسەمەرەی لەگەڵ یاساكانی نێوچۆمان، میسر و كەنعان و تەنانەت سەدان ساڵ پێش سەردەمی پاشاكانی یەهوودا و ئیسڕائیلی هەیە. لانیكەم یەهوودییەت توانی بەهۆی بەپیرۆزكردنی ئەو یاسایانە لە چوارچێوەیەكی گشتییەوە بۆ یاسای خێڵی كە تایبەت بۆ مرۆڤی ئیسڕائیلی بوو، ڕایانگوێزێ. داب و نەریت و ئەخلاقی یەهوودی لەڕاستیدا تەوەرێكی تایبەت بە خێڵی ئیسڕائیلی لێ دروست كرا كە تا ئەمڕۆش هەر درێژەی هەیە. نووسراوە كەونەكانی یەهوودی ناو تەلموود و زۆربەی مالمەكانیان (ڕەنگە هەمووشیان وا نەبن) لەسەر ئەو باوەڕەن ژیانی یەهوودی گەلێك پڕبایەختر لە ژیانی مرۆڤەكانیترە، بۆ وێنە لە تەلمووددا هاتووە: "بۆ ڕزگاركردنی گیانی یەهوودی دەبێ چالاكی بكەن بەڵام بۆ ڕزگاریی مرۆڤێكی غەیری یەهوودی ناچار بەو كارە ناكرێن". (تەلموود ٤٨:٢)

تاقمێك لە مامۆستایانی ئایینی یەهوودی لەسەر ئەو بڕوایەن یاسای "مرۆڤی هاوسێی خۆت وەك خۆت خۆش بوێ" تەنیا بۆ مرۆڤی یەهوودی هاتووە و هیچ یاسایەك بۆ خۆشەویستی لە هەنبەر مرۆڤی غەیری یەهوودی بوونی نییە. لە ڕاستیشدا تێكستە كۆنەكەی لە كتێبی ئینجیلی لێویتیكوس "Levitikus"دا بەو شێوەیەیە: "لە مناڵەكانی هۆزی

خۆتان تۆڵە مەستێننەوە و هیچ رق و كینەیەكتان لێیان نەبێ، هاوسێی خۆت وەك خۆت خۆش بوێ" (Lev ١٩,١٨) – گومانی ئەوە دەكرێ مەبەست لە چەمكی هاوسێ تەنیا خزم و خەڵكانی یەهوودیە. ئەو گومانە لەسەر ئەو ڕاستییە بەهێزتر دەبێ كە پەرتووكی پیرۆزی یەهوودییەكان ئەمریان پێ دەكا خەڵكانی هۆزەكانی عەمالیقی "Amalekites" و كەنعانی "Canaanites" لەناو بەرن. پەرتووكە پیرۆزەكەیان دەڵێ: "خودای یەهوە بەتۆ دەڵێ لە شارەكانی ئەو هۆزانە هەر بوونەوەرێك كە هەناسە هەڵدەكێشێ، لەناوی بەرە. هەروەك خوداكەت ئەمری پێ كردووی هۆزەكانی هیتی "Hittites" و ئامۆری "Amorites"، كەنعانی "Canaanites" و پێریزی "Perizzites"، حێڤی "Hivites" و یبوسی "Jebusites" توونا بكە. (Dtn ٢٠,١٦-١٧) ئەوە یەكەمین بەڵگەیە كە لە مێژووی ئینسانییەتدا ڕەگەز كوژی وەك ئەركێكی ئایینی ئاماژەی پێ كراوە.

مەسیحییەكان ژمارێك لە یاساكانی ئایینی یەهوودیان وەك سیمبولی ئەخلاقی هەڵبژارد و بەسەر هەموو جیهاندا بڵاویان كردەوە. لە ڕاستیشدا تەواو لێرەوە خۆیان لە ئایینی یەهوودی جیا كردەوە. هاوكات لەگەڵ ئەوەی كە زۆربەی یەهوودییەكان لەسەر ئەو بۆچوونەن هەڵبژاردنی تایبەتی خەڵكانی یەهوودی لە لایەن خوداوە، بۆتە هۆكار بۆ ئەوەی لە هەموو نەتەوەكانیتر بە خودا نیزیكتربن.

جارێكیتر دەبێ جەختی لەسەر بكرێ، سەرەڕای كارتێكەری مەزنی ئایینی مەسیحی لەسەر جیهان، ئەوە یەكەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا نییە كە پرۆپاگەندە بۆ هەڵس و كەوتی ئەخلاقی مرۆڤ بكرێ. كتێبی ئینجیل سەرەڕای ژمارێكی زۆر گوتەی ڕاسیستی سەبارەت بە مافی ژنان و هۆمۆسێكسۆئیل تەنیا پەرتووك و سەرچاوە نییە بۆ بواری ئەخلاقی. ماویەكی زۆر پێش عیسا و مووسا، كنفوسیوس "Confucius" لائۆتسە "Lao Tzu" بودا "Buddha" و مەهەڤیرا "Mahavira" یاسای ئەخلاقییان داناوە بە بێ ئەوەی شتێك لەسەر ناوچەی كەنعان یا پێغەمبەرانی ئیسرائیلی بزانن. پێنجسەد ساڵ پێش ئەوەی مالمی مەزن هیلل "Hillel" تەوەری ئەخلاقی ئایینی بە جەوهەری كتێبی تەورات دابنێ، كنفوسیوس ڕاهێنانی ئەخلاقی فێری مرۆڤ دەكرد كە دەبێ مرۆڤ هەر وەك خۆی خۆش دەوێ، ئەوانیتریشی خۆش بووێ. ئەو سەردەمەی ئایینی یەهوودی داواكاریی قوربانیكردنی ئاژەڵان و تووناكردنی سیستماتیكی مرۆڤی

غەیری یەهوودی ئورگانیزە دەكرد، مەهەڤیرا "Mahavira" ماوەیەكی زۆر زووتر لە یەهوودییەكان لە لایەنگرانی خۆی داوا دەكرد نەك هەر بۆ مرۆڤ بەڵكوو بۆ ئاژەڵانیش ڕێز و خۆشەویستیان هەبێ. تەنانەت ئازار بە مێرووش نەگەێنن. كەوابوو كارێكی گەلێك بێ مانا دەبێ كە سەرچاوە و كۆڵەكەی ئەخلاقی مرۆڤایەتی بە یەهوودییەت و منداڵەكانی واتە مەسیحییەت و ئیسلامەوە پەیوەند بدەین.

## لەدایكبوونی زێدەڕۆیی

ئەدی یەكتاپەرستی"monotheism" چلۆنە؟ ئایا جیهانی یەهوودییەت كە بۆ یەكەم جار باوەڕی یەكتاپەرستیان بڵاو كردەوە، لانیكەم شیاوی ئەوە نین ڕێزیان لێ بگیرێ تەنانەت ئەگەر ئەو باوەڕە لە لایەن مەسیحیان و موسوڵمانانەوە لە جیهاندا بانگەوازی بۆ كرا و ڕاگەییندرا؟ دیارە جێی باسە كە یەكەم بەڵگەكان بۆ پەرستنی خودایەكی تەنیا وەك شۆڕشی ئایینی لە لایەن فیرعەون ئاخناتۆن "Pharaos Echnaton" نیزیكەی ١٣٥٠ ساڵ پێش زایین بانگەوازی بۆ كراوە. بەڵگەی وەك ستێل یا ستوونی یادی مەشا "Mescha-Stele" (لە لایەن مەشا پاشای موئاب Moabiter- König Mescha) شاهیدیی ئەوە دەدا كە ئایینی مووسایی جیاوازییەكی ئەوتۆی لەگەڵ هاوسێكانی دەوروبەری نەبووە. مەشا خودای پاشایەتی خۆی بە هەمان ڕادە وێنا كردووە كە باس لەسەر سەردەمی كەونی یەهوە دەكا. بەڵام لەڕاستیدا ئەو ئیدەیە كە گۆیا یەهوودی یەكتاپەرستییان هێناوەتە سەر جیهان ناكرێ مرۆڤ شانازی پێوە بكا، چونكە لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە یەكتاپەرستی خراپترین شێوەی باوەڕی مێژووی مرۆڤایەتی بووە.

یەكتاپەرستی بۆ باشتركردنی پێوەری ئەخلاقی بە هیچ شێوەیەك خزمەتی بە مرۆڤ نەكرد – یاخود لەڕاستیدا مرۆڤ وا بیر دەكاتەوە بۆ وێنە ئەخلاقی موسوڵمان باشترە لە هیندوو چونكە چەندین خودا دەپەرستن، و موسوڵمان باوەڕیان بە خودایەكی تەنیاهەیە؟ ئایا داگیركەرانی مەسیحی لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە باشتر لە خەڵكانی كەونی ئەمریكایی بوون كە بە بوتپەرست ناساندوویانن؟ ئەو كارەی یەكتاپەرستی بێ شك بەڕێوەی برد ئەوە بوو كە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ سەردەمی پێشوویان زۆربەی مرۆڤی فێری ناتۆلەرانسی كرد و یارمەتیدەر بوو بۆ گەشانەوەی ئازاری ئایینی و پەرەپێدانی شەڕی پیرۆزی ئایینی. بۆ خەڵكانی باوەڕمەند بە چەند خودایی پەرستینی خودای جیاواز و بەڕێوەبردنی داب و نەریتی ئایینی جیاواز جێی ڕێز و كارێكی ئاسایی بووە. ئەوان زۆر كەم تەنیا بەهۆی باوەڕەكەیانەوە بەشەڕدەهاتن، ئازار و

ڕەنجیان دەكێشا و یا دەیانكوشت و دەكووژران. بەڵام بە پێچەوانە یەكتاپەرەستان لەسەر ئەو باوەڕەن كە خوداكەیان تەنیا خودای ئەم جیهانەیە و دەبێ هەموو مرۆڤێك سەری بۆ دانەوێنێ و گوێڕایەڵی بێت. بە بڵاوبوونەوەی ئایینەكانی مەسیحی و ئیسلام بەسەر ئەم جیهانەدا شەڕی خاچپەرەستان، جیهاد، پشكنینی باوەڕ و جیاوازیی ئایینی پەرەیان سەند.

بۆ وێنە ئیزن بدەن ڕوانگەی جیهانبینی ئیمپراتۆری هیندی سەدەی سێهەمی پێش زایینی ئاشووكا "Ashoka" لەگەڵ ئیمپراتۆرە مەسیحییەكانی سەردەمی كۆتایی ڕۆم هەڵسەنگێنین. ئیمپراتۆری ئاشووكا حكوومەتی بەسەر خەڵكانی پڕ لە ئایین، گرووپ و خێڵی جیاواز و ڕەنگاوڕەنگدا دەكرد. ئەو خۆی نازناوی "خۆشەویستی خودایان"ی لەسەر خۆی نابوو و هەموو خێڵ، ئایین و گرووپێكی بە یەك چاو سەیر دەكرد. نیزیكەی ٢٥٠ ساڵ بەر لە زایین یاسای بۆ خەڵكی داناوە كە لەوێدا هاتووە:

"پاشا دیڤانامپریا پیرادارسین "Devānampriya Priyadārsin"[خۆشەویستی خوداكان، ئەو پاشایەی هەموو شتێك و كەسێك بە چاوی خێرەوە سەیر دەكا] هەموو ڕێكخراوە ئایینییەكان، بە هەموو تۆبەكاران و خۆبەختكەرانیانەوە یارمەتی داراییان پێدەدەم و ڕێزیان لێ دەگرم. هەروەها پاشا، ساماندارانی و لایەنگرانی هەموو ئەو ئایینانە بە بەرگی تازە و جوان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بایەخە دەروونییەكانیان بە گرنگ دانانێ. پەرەسەندنی بایەخە دەروونییەكانی مرۆڤ بە چەند شێوە ئیمكانی هەیە. بەڵام پێداویستی بۆ ئەو كارە خۆڕاگری لەهەنبەر هەڵس و كەوت و ئاخافتنەكانیانە تا لە كۆبوونەوەكاندا تەنیا خۆیان لەبەر چاو نەگرن و بەچاوی سووك سەیری ئەوانیتر نەكەن. بە بێ ئەملا و ئەولا دەبێ لە خۆهەڵكێشان و ڕەخنە دا دادپەروەرانە هەڵس و كەوت بكەن. بەڵام ئەو كاتەی هەلیان بۆ هەڵدەكەوێ دەبێ ڕێز لە هەموو ئایین و باوەڕەكانیتر بگرن. ئەگەر بەو شێوازە هەڵس و كەوت بكرێ، ڕێز و حورمەتی ئایینی خۆیان بەرز ڕادەگرن و لەهەنبەر هەموو ئەوانیتردا كردەوەی باشیان دەبێ. ئەگەر جیا لەوە كەسێك هەڵس و كەوتیكیتر لەخۆی نیشان بدا نەك هەر ئازار و زیان بە ئایینەكەی خۆی دەگەیێنێ، بەڵكوو بە

گشتی ئازار بە ڕێكخراوە و ئایینەكانیتریش دەگەێنێ. ئەو كەسانەی تەنیا چاو لەسەر ڕێكخراوەی خۆیان ڕادەگرن و دەبنە هۆی رەنجاندن و سووككردنی ئەوانیتر، تەنیا زیان بەخۆیان و باوەڕەكەیان دەگەێنن. كەوابوو یارمەتی و هاوكاریی لەگەڵ یەكتر كارێكی دروست و سەرەكییە و ڕێز و حورمەت بە داب و نەریت و ئەخلاقی یەكتر بۆیە گرنگایەتی هەیە، چونكە ئاوات و ئارەزووی دیڤانامپریا ئەوەیە كە هەموو ڕێكخراوە ئایینییەكان بە تامەزرۆییەوە وەدوای فێركاریی بكەون و تەنیا كاتی خۆیان بۆ كاری خێر تەرخان بكەن."

٥٠٠ ساڵ دواتر لە كۆتایی ئیمپراتۆری ڕۆم، دیارە ڕەنگە بە ڕادەی هیند و سەردەمی ئاشووكا هەمە چەشنی و ڕێزلێنان لە یەكتر بوونی هەبوو، بەڵام ئەوكاتەی ئایینی مەسیحی بوو بە ئایینی سەرەكیی ئیمپڕاتۆری ڕۆم، ڕاونگەی جیاواز پەرەی ساند. لەگەڵ دەستپێكی كۆنستانتینی مەزن و كوڕەكەی كۆنستانتینۆسی دووهەم "Constantius II" هەموو زیارەتگە و نەزەرگەكانی غەیری مەسیحیان داخست و داب و نەریتەكانیان بە تاوانی "بوتپەرستی" بە نافەرمی ناساند. ئازار و ئەشكەنجەی سەردەمی ئیمپڕاتۆری تئۆدۆسیۆس "Theodosius" كە ناوی بە مانای "وەرگیراو لە ناوی خودا"یە – گەیشتە لووتكەی بەرزی خۆی – و ساڵی ٣٩١ حوكمی وای داڕشت كە بە شێوەی جیددی هەموو ئایینێك جیا لە مەسیحی و یەهوودی یاساخ كران(دیارە ئایینی یەهوودیش لە زۆر جیگا سووكایەتی پێدەكرا و مرۆڤیان ئازار دەدا، بەڵام ئایینەكەیان بە فەرمی مایەوە). بە پێی یاسای نوێ تەنانەت ئەگەر لە چواچێوەی ماڵی خۆیاندا خودای خۆیان پەرستش كردبایە دەتوانرا لە سێدارە بدرێن. ئیمپراتۆری مەسیحی تەنانەت یاریی ئۆلیمپیكیشی قەدەغە كرد بۆ ئەوەی خۆیان لە ئایین و نەتەوەكانیتر خاوێن و دوور ڕاگرن. دوای ماوەیەكی دوور و درێژ دووریكردن لە مرۆڤی غەیری مەسیحی لە كۆتایی سەدەی چوار و دەسپێكی سەدەی پێنجەم بوو كە بەشداریان لە یارییەكان كرد.

سروشتییە هەموو حاكمان بە ڕادەی تئۆدۆسیۆس ناتولەرانس نەبوون و بە پێچەوانە زۆربەی حاكمان بۆ بەدەستەوەگرتنی هێز لە ناوچەكانیاندا سیاسەتی ڕوونی خۆیان

هەبوو و بۆ كێشانی مرۆڤ بۆ لای خۆیان ڕێزیان بۆ ئایینەكانیتریش دادەنا. سەرەڕای ئەوەش ئەو وێناكردنە زێدەڕۆیە كە "هیچ خودایەك جیا لە خودای من بوونی نییە" یارمەتی بە پەرەساندنی زێدەڕۆیی ئایینی كرد. ڕەنگە باشتر وابێ یەهوودییان چاوپۆشی لەو پاڵەوانییە كە گۆیا یەكتاپرستیان باو كردووە بكەن و بیخەنە ئەستۆی مەسیحی و موسوڵمان كە لە جیهاندا بانگەوازیان بۆ یەكتاپرستی كردووە.

## فیزیكی یەهوودی، ئایینی مەسیحی

تەنیا لە سەدەی نۆزدە و بیستەم بەملاوە یەهوودییەكان ڕۆڵیكی بەرچاویان لە بواری زانستی و پزشكی جیهاندا گێڕاوە. لە پەنا ناودارانی جیهانی وەك ئالبرت ئەنشتاین و زیگمۆند فرۆید نیزیكەی ٢٠ لە سەدی وەرگرانی خەڵاتی نۆبێل لە زانستی سروشتیدا مرۆڤی یەهوودی بوون، سەرەڕای ئەوەی یەهوودی تەنیا سەدا دووی حەشیمەتی جیهان پێكدێنن. دەبێ ئاماژە بەوەش بكەین ئەو چالاكییانە لە لایەن تاكی مرۆڤی یەهوودییەوە بەڕێوە چووە نەك بەهۆی ئایین یا فەرهەنگی ئەو كۆمەڵە. زۆرینەی زانایانی گەورە و ناسیاوی یەهوودی لە دووسەدساڵی ڕابردووەوە لە دەرەوەی بازنەی ئایینی چالاكیان كردووە. لە ڕاستیدا ئەو دەمە یەهوودییەكان دەستیان بە چالاكی زانستی كرد كە یشیواكان "yeshivas" لەسەر پشكنین و دۆزینەوەی ڕاستییەكانی ئەم جیهانە، دژ بە تاقیگاكان كە ئەزموونەكانی دژ بە ئایین بوون وەستان.

پێش سەدەی هەژدە مرۆڤی یەهوودی كارتێكەرییەكی گەلێك كەمیان لەسەر زانست بووە. لەسەر شێوەی سروشتی خۆی یەهوودییان هیچ شوێنێكیان لەسەر زانستی وڵاتانی وەك چین، هیند یا فەرهەنگی مایا دانەناوە. لە ئورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاقمێك لە بیرمەندانی یەهوودی وەك میمۆنیدەكان "Maimonides" كارتێكەرییەكی بەرچاویان لەسەر مرۆڤی غەیری یەهوودی بووە و بە گشتی بەشدارییی یەهوودییان كەم تا زۆر لەو كۆمەڵانەدا بەرچاو بووە، بەڵام لە سەدەكانی ١٦، ١٧ و ١٨ دا هیچ ڕۆڵێكیان لە پێكهێنانی شۆڕشی زانستیدا نەبووە.

جیا لە سپینۆزا "Spinoza" ی فیلەسۆف كە بەهۆی كێشە لەگەڵ ئایینی یەهوودی بە كافر ناسێنرا، هیچ یەهوودییەك نەبووە كە لە پەرەپێدانی زانستی فیزیك، و كیمیا، زەویناسی یا زانستی كۆمەڵایەتی مودێرن ڕۆڵێكی بەرچاویان گێڕابێ. دیارە ئێمە نازانین پێشینیانی ئەنشتاین لە سەردەمی گالیلە و نیوتۆندا بە چ كارێكەوە خەریك بوون

بەڵام بە ئەگەری زۆر ئەوان زیاتر خۆیان بە كتێبی تەلمودەوە خەریك كردووە هەتا پشكنین لەسەر خێرایی تیشك.

یەكەم ئاڵوگۆڕی بەرچاو لە سەدەی ١٩ و بیستدا پێكهات، كاتێ مرۆڤی سیكۆلار و ڕۆشنبیریی یەهوودی بوونە هۆی ئەوەی زۆرینەی یەهوودیان لە گۆشەكانی ئەم جیهانەدا، خۆیان لەگەڵ دابو نەریت و فەرهەنگ و ژیانی هاوسێكانی خۆیان ڕێك خەن. مرۆڤی یەهوودی بەشدارییان لە زانستگاكانی جیهان دەكرد و بەشداریی ناوەندی پشكنینی زانستیی وەك وڵاتانی ئاڵمان، فەرەنسا و وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكایان دەكرد. زانایانی یەهوودی میراتی فەرهەنگی گرنگیان لە ناوچە یەهوودییی نشینەكانەوە لەگەڵ خۆیان هێنا. ئەو ڕاستییە كە پەروەردە وڕاهێنان فەرهەنگێكی گەلێك سەرەكی لەناو یەهوودییەكانە، بووە هاندەری مرۆڤ بۆ سەركەوتوویی زانستی و لەدایكبوونی زانایانی مەزن لەناو ئەو خەڵكە. فاكتەری دیكەش وەك نەتەوەیەكی ئازاركێشاو لە لایەن مەسیحی و موسوڵمان ڕووبەڕووی دژایەتی لەهەنبەر بەشداربوونیان لەناو كۆمەڵەكاندا بووە هۆكار بۆ سەلماندنی بایەخە ئینسانییەكانی خۆیان لەناو كۆمەڵانی جیهاندا و بەرجەستەكردنەوەی مرۆڤی لێهاتووی یەهوودی.

سەرەڕای ئەوەش زانایانی یەهوودی هاوكات لەگەڵ نەزم و ڕێزێكی توندوتیژ لەهەنبەر باوەڕ بە بایەخەكانی زانستیی خۆیانەوە ئیدە و جیهانبینییەكی نوێیان خوڵقاند. ئەنشتاین جوولەكە بوو بەڵام تێزی ڕادەیی ئەو "فیزیكی یەهوودی" نەبوو. باوەڕ بە پیرۆزبوونی تەورات هیچ پەیوەندییەكی بەو زانیارییەوە نییە كە وزە چلۆن بەهۆی قورسایی و خێرایی تیشكەوە دیاری دەكرێ. بۆ هەڵسەنگاندن: داروین مەسیحی بووە و لە سەرەتاوە بە ئامانجی بوون بە قەشەی مەسیحی لە بواری ئایین لە زانستگەی شاری كمبریچ خوێندوویە. ئایا ئەوە بەو مانایە دەبێ كە تێئۆری گەشەسەندن تێئۆرییەكی مەسیحییەكانە؟ كارێكی گەلێك سەمەرە و پێكەنینی دەبێ ئەگەر تیئۆری ڕادەیی ئەنشتاین بە 'یارمەتی كۆمەڵی یەهوودی بە مرۆڤایەتی' دابنێین بە هەمان شێوە كە گرنگایەتی و بایەخدان بە مەسیحییەت بۆ تیئۆری گەشەسەندنی داروین كارێكی پووچ و بێ بایەخە. لەسەر ئەو شێوازە گەلێك دژوار دەكرێ دۆزراوەكانیتری زانستی كە مرۆڤی یەهوودی بەشداریان تێداكردووە بە ئایینی یەهوودییەوە بچەسپێندرێ وەك

"سەنتەزی ئامۆنیاك لە لایەن فریتز هابر "Fritz Haber" (وەرگری خەڵاتی نۆبێل بۆ زانستی كیمیایی ساڵی ١٩١٨)، دۆزینەوەی ئانتیبیۆتیك ستریپتۆمایسین "Streptomycin" لە لایەن سەلمان واكسمەن "Selman Waksman"(وەرگری خەڵاتی نۆبێل بۆ زانستی فیزیك و پزشكی ساڵی ١٩٥٢) یا دۆزینەوەی كوازیكریستاڵ "Quasikristallen" لە لایەن دان ششتمەن "Shechtman Dan"(وەرگری خەڵاتی نۆبێل بۆ زانستی كیمیایی ساڵی ٢٠١١). وێدەچێ زانایانی زانستی كۆمەڵایەتی وەك زیگمۆند فرۆید میراتێكی باشتریان بۆ كارتێكەری لەسەر هەڵس و كەوتی مرۆڤی یەهوودی لەخۆیان بەجێ هێشتبێ. بەڵام لەو حاڵەتانەشدا ناپەیوەندییەكان، زیاتر لە پەیوەندیی ڕوون و ئاشكرای لێ بەجێ ماوە. ڕوانگە و بۆچوونەكانی فرۆید لەسەر ڕەوان و ڕۆحی ئینسان بە ڕاشكاوی لەگەڵ بۆچوونەكانی مالم جۆزف كارۆ "Joseph Caro" یا ماڵم یۆخانان بن زەكایی "Yochanan ben Zakkai" جیاوازیی بووە.

بە شێوەی كورتكراوە دەتوانین بڵێین: فێركاریی و ڕاهێنان لە وڵاتانی جیهان ڕۆڵیكی بەرچاوی لەسەر كۆمەڵی یەهوودی داناوە كە توانیوە بەستێنێكی باش و لەبار بۆ خولقاندنی مرۆڤی وەك ئەنشتاین یا زیگمۆند فرۆید خۆش بكا. شۆڕشی زانستی پرۆژەیەكی تایبەت بە كۆمەڵی یەهوودی نەبووە، بەڵكوو یەهوودییەكان ئەوكات جێگایان لەو ناوەدا بۆخۆیان دۆزییەوە كە مەودایان لە زێدەرۆیی ئایینی گرت و چوونە ناو زانستگاكانەوە. لەڕاستیشدا خوو و خدەی زۆربەی یەهوودییەكان و وەڵامی پرسیارە كەونەكانیان لەمپەرێكی گەورە بوون لەسەر ڕێگای خۆگونجاندنیان لەناو كۆمەڵە بیانییە مودێڕنەكاندا. ئەگەر ئایینی یەهوودی لێهاتوویيەكی باشی هەبایە بۆچی دەبێ زیاتر لە دە مرۆڤی یەهوودی سكۆلاری ئاڵمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٠٥ تا ١٩٣٣ خەڵاتی نۆبیل لە بواری زانستی فیزیك، كیمیایی و پزشكی وەرگرن بەڵام تەنانەت تاقە یەهوودییەك لە هەمان سەردەمدا لە وڵاتی خۆیان نەتوانن خەڵات وەرگرن؟

پێش ئەوەی بە هەڵە لێم تێ بگەن و بە مرۆڤێكی دژ بە نەتەوەی خۆمم دابنێن، پێمخۆشە پێداگری لەسەر ئەو خاڵە بكەم كە من ئیدیعای ئەوە ناكەم یەهوودییەت ئایینێكی تووڕەی تایبەتی یا نەزانانەیە. من تەنیا دەمەوێ ئاماژە بەوە بكەم كە ئایینی یەهوودی بۆ مێژووی مرۆڤایەتی هیچ مانایەكی ئەوتۆی نەبووە. بە درێژایی چەندین

سەدە یەهوودییەت ئایینی كەمینەیەكی بچووكی ئەم جیهانە بووە كە بەردەوام ڕاونراون و چەوساندوویاننەتەوە، لەجیاتی داگیركردنی وڵاتانی دوور و نزیك و سووتاندنی ماڵ و حاڵی خەڵكی؛ خۆیان وایان بە باش زانیوە كە سەری خۆیان بە خوێندن و بیركردنەوە خەریك بكەن.

مرۆڤی دژ بە یەهوودی لایان وایە ئەو كۆمەڵە گەلێك گرنگن. دژبەرانی ئەو كۆمەڵە لەسەر ئەو باوەڕەن یەهوودیانی جیهان سیستەمی بانكی یا لانیكەم مێدیاكان كونترۆڵ دەكەن و لە گۆڕانی كەش و هەواوە بگرە تا هێرشە تێرۆریستییەكەی ١١ی سپتامبر دەستیان تێدابووە و تاوانكارن. ئەو چەشنە پارانۆیایەی دژ بە یەهوودییەكان هەر وەك خەونی یەهوودییە زێدەڕۆكان مەترسیدارە. ڕەنگە مرۆڤی یەهوودی كۆمەڵێكی گەلێك سەرنجڕاكێش بن، بەڵام كاتێ مرۆڤ بە گشتی سەیری بكا تێدەگا كە كارتێكەرییەكی گەلێك سنووردارییان لەسەر جیهان هەیە. بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی مرۆڤ چەندین ئایین و باوەڕی جیاوازیان خولقاندووە. تاقمێك لەوان مەسیحی، موسوڵمان، هیندوو، كنفۆسیۆس و بوودایین – و سەری ملیاردان مرۆڤیان بە خۆیانەوە خەریك كردووە و مێشكیان شوشتوونەوە(نەك هەمیشە بۆ بەرژەوەندی و كەڵكی پۆزیتیڤ و ئەرێنی لێوەرگرتن). زۆرینەی باوەڕمەندانی ئایینی یەهوودی، ئایینی بۆن، ئایینی یۆرۆبا – كارتێكەرییەكی گەلێك كەمیان لەسەر مرۆڤ بووە. من خۆم ئەو چالاكییە كەم مەترسیدارانە كە خۆیان لە كاروباری وڵاتان و نەتەوەكانیتر هەڵناقوتێنن پێ باشترە لە داگیركەرانی بێبەزەیی ئەم جیهانە. زۆرینەی ئایینەكان بایەخەكانی دلۆڤانی و خۆبەزلنەزانی دەپەرەستن – بەڵام خۆیان بە مەزنترین شتی ئەم جیهانە دادەنێن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە داواكاریی بێگەردیی كەسەكان، خۆی بە غروور و خۆپێزلدانانی كۆمەڵەكەوە هەڵواسیوە. مرۆڤ بە هەر باوەڕێكی كە هەیەتی، باشتر وایە بڕێك دلۆڤانیی، خاكێتی و بێگەردی بە جیددی بگرن.

لە نێوان هەموو خۆبەكەمدانانەكان ڕەنگە خۆ بەكەمدانان لەهەنبەر خوداكەیان لە هەموو شتێك گرنگتر بێ. بەتایبەت كاتێ مرۆڤ ئاخافتن لەسەر خودا دەكا، لە ڕووكاردا خۆیان بە دلۆڤان نیشان دەدەن، بەڵام زۆرجار لە ناوی خودا كەڵكی نابەجێ وەردەگرن بۆ ئەوەی خۆیان وەك ئاغا و خێو بەسەر براكانیاندا حاكم بكەن.

## ئەركی سێزدە "خودا"

### تۆ نابێ كەڵكی نابەجێ لە ناوی خودا وەرگری

ئایا خودا بوونی هەیە؟ وەڵامی ئەو پرسیارە بەوەوە بەستراوەتەوە مەبەستی مرۆڤ كامیەك لە خوداكان بێ. پەرجۆی كەیهانی، یاخود یاسادانەری سەر زەوی؟ كاتێ مرۆڤ باس لە خودا دەكەن زۆرجار لەسەر نهێنییەكی مەزن و سەرسووڕهێنەر دەدوێن كە ئێمە هیچ زانیارییەكی ئەوتۆمان لەسەری نییە. مەبەستی مرۆڤ زۆرجارتەنیا باس لەو خودا سەرسووڕهێنەرەیە و بۆ ڕوونكردنەوەی قووڵترین نهێنییەكانی ئەم جیهانە كەڵكی لێ وەدرەگرێ. بۆچی دەبێ پاڵپێوەنەرێك هەبێ؟ ناكرێ ئەم دنیایە بەهۆی یاسا سرووشتییەكانەوە خوڵقێندرابێ؟ یاسا فیزیكییەكان لەكوێوە سەرچاوەیەن گرتووە؟ ئاگایی مرۆڤ چییە و لە كوێوە دێ؟ بەداخەوە هێشتا وەڵامی ئەو پرسیارانە نازانین و نەزانینی خۆمان بە خوڵقاندنی "خودا"یەكی سەرسووهێنەورەوە لكاندووە. سەیر لەوەدایە سەرەكیترین تایبەتمەندی ئەو خودا پڕنهێنییە ئەوەیە كە ناتوانین شتێكی تایبەت سەبارەت بەو بزانین. ئەو خودایە، خودای فیلەسۆفانە؛ ئەو خودایە هەمان خودایە كاتێ ئێوارێ درەنگانێك لەدەوری ئاور كۆ دەبینەوە و پرسیاری ڕاستییەكانی ژیان لەخۆمان دەكەین.

لە حاڵەتەكەیتردا مرۆڤ خودا وەك یاسادانەرێكی بێبەزەیی سەر زەوی سەیر دەكا كە ئێمە لەسەر ئەو، زانیارییەكی گەلێك زۆرمان هەیە. ئێمە بە ووردی دەزانین ئەو خودایە لەسەر مۆد، خواردن، سێكس و سیاسەت چلۆن بیردەكاتەوە و هەروەها لەو خودا تووڕە ئاسمانییە بۆ پاساوهێنانەوەی ملیۆنان یاسا و هەڵس و كەوتی خۆمان كەڵك وەردەگرین. ئەو خودایە كاتێ ژنان كراسی داوێن كورت لەبەربكەن، ئەگەر دوو پیاو خۆشەویستیان بۆ یەكتر هەبێ یا ئەگەر گەنجێك خۆی ڕەحەت بكا تووڕە دەبێ. تاقمێك

دەڵێن خودا تووڕە دەبێ کاتێ مرۆڤ خواردنەوەی ئەڵکۆڵی بخواتەوە، لە حاڵێکدا بۆ نەتەوەکانیتر بە ڕەوا دەبینێ ئیوارەی هەینی یا یەکشەممانە شەڕاب بخۆنەوە. زۆرینەی کتێبی ناو پەرتووکخانەکان بە ووردی ڕوونی دەکەنەوە ئەو خودایە چی لێمان دەوێ و لە چی بێزارە. سەرەکیترین تایبەتمەندیی ئەو یاسادانەری سەر زەویە ئەوەیە کە دەتوانین زانیارییەکی زۆر لەسەر هەڵس و کەوت و ویستی ئەو بزانین. ئەو خودایە خودای خاچپەرستەکان، خودای جەهادیستەکان، خودای ڕاپشکنین، خودای دژی ژن و هاوجینسبازانە. ئەو خودایەی ئێمە لەسەری دەدوێین تەواو ئەو خودایەیە کاتێ لە دەوری ئاگر کۆ دەبینەوە بەرد لە خودانەناسان دەگرین کە لەو ئاگرەدا دەسووتێن.

کاتێ مرۆڤ لە باوەڕداران پرسیار دەکا، ئایا خودا بوونی هەیە، لە سەرەتاوە باسێك لەسەر نهێنی بوونی ئونیوێرسام و سنووردارییی تێگەیشتوویی مرۆڤ دادەمەزرێنن. ئینجا دەڵێن: "زانست ناتوانێ تەقینەوەی مەزن ڕوون بکاتەوە"، هەر بەو هۆیەوە دەبێ "خولقاندنی جیهان کاری خودا بێ". بەڵام وەك سیحر بازێك کە وەرەقێک لەگەڵ یەکیتر دەگۆڕێتەوە و بینەران مات و وڕی خۆی دەکا، باوەڕدارانیش بە چاو ترووکاندنێك نهێنییەکانی کەیهانی بە یاسادانەری سەر زەوییەوە دەچەسپێنن. ئەوکاتەی ناوی خودا لە نهێنییە ڕوونەکراوەکانی کەیهانی گرێ دەدەن، لە هەمان ناویش بۆ سزادانی هەڵس و کەوتەکانی مرۆڤ کەڵك وەردەگرن. "چونکە ئێمە لە تەقینەوەی مەزن تێ ناگەین — بەو هۆیەوە دەبێ مووی سەری ژنان داپۆشرێ و پێش بە زەماوەندی هاوجینسبازان بگیرێ." لێرەدا هیچ پەیوەندییەکی لۆجیکی لە نێوان ئەو دوو "خودا"یەدا بەدی ناکرێ، تەنانەت دژ بە یەکتر دەوەستن. هەرچەندە نهێنییەکانی کەیهانی قووڵتر ببنەوە بەوڕادەیەش کەمتر گۆمان لەهەنبەر بەرپرسی ئەو ڕووداوانە دەکرێ جا هەر هێزێك بێ، کە سزا بۆ هەڵس و کەوتی ژنان یا مرۆڤی هاوجینس باز دیاری دەکا.

نەبوونی پەیوەندایەتی لە نێوان نهێنییەکانی کەیهانی و یاسادانەری سەر زەوی لە لایەن کتێبێکی پیرۆزی ئاسمانییەوە ڕوون دەکرێتەوە. سەرەڕای ئەوەی ئەو کتێبانە پڕ لە بۆچوونی نالۆجیکی و پووچن، بەڵام لەگەڵ نهێنییەکانی ئەم جیهانە گرێ دەدرێن. دەگوترێ کە لە لایەن خولقێنەری کات و شوێنەوە دیاری کراوە کە ویستوویە ئێمە لەهەنبەر تاقمێك ئایینی نادیار و شاراوە و هەڵس و کەوتی ئینسانی ڕوون بکاتەوە.

لەڕاستیدا هیچ بەڵگەیەكمان بەدەستەوە نییە، كە پەرتووكی تەورات، ئینجیل، قورئان، مورمون، ڤێداكان یا هەر كتێبێكی ئاسمانی و پیرۆزیتر لە لایەن ئەو هێزەوە نووسرابێ و دیاری كردبێ كە "وزە بەرانبەرە بە جرم(قەبارە) زەرب لە خێرایی تیشك بە تەوانی دوو" یا پرۆتۆن ١٨٣٧ جار لە ئەلكترۆن قورسترن. هەموو زانیارییە زانستییەكان لە لایەن مرۆڤی بلیمەتی هۆمۆساپییەنەوە ڕوون كراونەوە. زانیاریی ناو ئەو پەرتووكە پیرۆزانە شتێك جیا لەو چیرۆكانە نین كە پێشینیانی ئێمە بۆ پاساوهێنانەوە لەهەنبەر كێشە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان لەسەر نەبوونی زانیاری بۆ بەفەرمیكردنیان لە كۆمەڵگاكاندا خولقاندوویانە.

من خۆم سەرم لە نهێنییەكانی ئەم جیهانە سووڕ ماوە. بەڵام هەرگیز تێنەگەییم ئەو پەرجۆیە چ پەیوەندییەكی لەگەڵ یاسا پڕ و پووچەكانی جیهانی یەهوودی، مەسیحی، ئیسلام یا هیندوودا هەیە. ئەو یاسایانە بێگومان هەزاران ساڵ بۆ ڕاگرتن و دانانی ڕێكوپێكی كۆمەڵایەتی بەكەڵك بوون، بەڵام لەو ڕوانگەیەوە هیچ جیاوازییەكیان لەگەڵ یاسای دەوڵەتان و ڕێكخراوە سكۆلارییەكان نییە.

سێهەم یاسا لە دە یاسای پەرتووكی پیرۆز(ئینجیل) داوا لە مرۆڤ دەكا كە هەرگیز كەڵكی نابەجێ لە ناوی خودا وەرنەگیرێ، بەڵام زۆرینەی مرۆڤ بە شێوەیەكی منداڵانە لەو یاسایە تێدەگەن، واتە وەك قەدەغەكردنێك بۆ ناوبردنی ڕاستەوخۆی ناوی خودا كەڵكی لێ وەردەگیرێ. لەوانەیە مانای قووڵتری ئەو یاسایانە ئەوە بێ كە ئێمە هیچكات نابێ لە ناوی خودا بۆ بەرژەوەندیی سیاسی، ئارەزووە ئابوورییەكان یا رق و كینە كەسییەكانمان كەڵكی لێ وەرگرین. یەكێك رقی لەویترە و دەڵێ: "خودا خۆشی ناوێ"؛ كەسێك چاوی تەماحی لە لەتە زەوییەكە و دەڵێ: "خودا خۆی دەیهەوێ". جیهان بە ڕاشكاوی شوێنێكی گەلێك باشتری لێ دروست دەكرا ئەگەر مرۆڤ بە شێوەیەكی ڕاستگۆیانە وەدوای ئەو یاسایانە كەوتبایە. ئەگەر دەتەوێ دژ بە هاوسێكەت شەڕ و ناخۆشی ساز كەی و چاوی تەماح لە زەوی و ماڵی ئەو بگری، لە ناوی خودا گەڕێ و بەهانەیەكیتر بدۆزەوە.

لە كۆتاییدا باس لەسەر تەوەری مانا ناسییە. كاتێ كەڵك لە وشەی "خودا" وەردەگرم، بیر لە خودای وڵاتی ئیسلامی، خاچپەرەستانی مەسیحی و ڕاپشكنی بیر و باوەڕی

مرۆڤ دەكەمەوە. كاتێ بیر لە نهێنی ژیان دەكەمەوە، كەڵك لە وشەكانیتر وەردەگرم بۆ ئەوەی خۆم لە سەرلێشێواوی و ئاڵۆزی ڕزگار بكەم. بە پێچەوانەی خودای وڵاتی ئیسلامی و خاچپەرستانی مەسیحی – كە گەلێك گرنگایەتی بە ناوی خۆیان و بەتایبەت ناوە پیرۆزەكانیان دەدەن، بۆ نهێنیەكانی ژیان هیچ مانایەكی نابێت كە ئێمەی "مرۆڤ – مەیموون" چ ناوێكی لەسەردادەنێین.

## هەڵس و كەوتی ئەخلاقی بە بێ خودا

دیارە نهێنی و پەرجۆی كەیهانی بە هیچ شێوەیەك یارمەتیدەرمان نابێ بۆ پێكهێنانی ڕێک و پێكیی كۆمەڵگا. خەڵكی ناو كۆمەڵگا زۆرجار بانگەشە دەكەن مرۆڤ دەبێ باوەڕی بە خودایەك هەبێ كە یاسای تایبەتی بۆ داناوە، دەنا ئەگەر باوەڕی نەبێ ڕێك و پێكی تێكدەچێ و كۆمەڵگا دەشێوێت.

دیارە ئەوە ڕاستە لە ڕابردوودا باوەڕ بە خوداكان بۆ كۆمەڵگا جیاوازەكان گەلێك گرنگ بووە و تەنانەت جار و بار پەیامی ئەرێنیشی بۆ كۆمەڵگای دواكەوتووی ئەو سەردەمە بووە. لەڕاستیشدا هەموو ئەو ئایینانەی دەتوانن لە لایەكەوە ڕق و كینە لە ناو تاقمێك مرۆڤدا پێك بێنن، لە لایەكیترەوە لە برێك مرۆڤیتردا خۆشەویستی و دڵۆڤانیش پێك بێنن. بۆ وێنە سەرەتای ساڵی ١٩٦٠ قەشەی مەسیحی تێد مەک لوێنا " Ted McIlvenna" لە بارودۆخی هاوجینسبازانی كۆمەڵگای خۆی ئاگادار كرایەوە. زۆر جیددی خۆی بە بارودۆخی ئاڵۆزی هاوجینسبازانی كۆمەڵگاكەیەوە خەریك كرد و مانگی مای ساڵی ١٩٦٤ لە ناوەندی "White Memorial Retreat Center"ی كالیفۆرنیا دیالۆگێكی سنوور بەزێنی سێ ڕۆژەی لە نێوان كلیسا و چالاكانی پشتیوانی هاوجینسبازان پێكهێنا. بەشدارانی ئەو كۆبوونەوەیە بنكەیەكی نێوان ئایین و هاوجینسبازانیان كردەوە كە جگە لە چالاكان و ئایینییەكان، مرۆڤێكی گەلێك زۆر بە باوەڕ و بۆچوونی جیاواز تێدا بەشدارییان دەكرد. ئەوە یەكەم ڕێكخراوەی ئەمریكایی بوو كە وێرای وشەی "هاوجێنسباز" بە شێوەیەكی گشتی و فەرمی ڕابگەیێنێ و باس و لێكۆڵینەوەی لەسەر بكا.

لە ساڵانی دوای ئەو ڕووداوەدا چالاكانیتر هەر لە ڕێكخراوەی كارنەواڵ(بە جلوبەرگی تایبەتییەوە) تا هەوڵ و تێكۆشانی یاسایی دژ بە هەڵاواردن و ئازار و ئەشكەنجەی نادادپەروەرانە لە هەنبەر ئەو مرۆڤانە، دەنگی خۆیان بەرز كردەوە.

دیالۆگ و لێكۆڵینەوەی شاری كالیفۆرنیا بووە هۆكار بۆ چاندنی تۆوی بزووتنەوەی مافی هاوجینسبازان. قەشەی مەسیحی تێد مەك لوێنا و هەموو ئەو مرۆڤە ئاینیانەی لەگەڵیدا هاو باوەڕ بوون، بە باشی لەسەر بۆچوون و ڕوانگەی كتێبە پیرۆزەكەیان لەسەر مرۆڤی هاوجینسباز ئاگادار بوون. بەڵام لە ڕوانگەی ئەوانەوە پەیڕەویكردن لە دڵۆڤانی مەسیح گرنگتر بووە بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بۆچوونی ویشكی ناو كتێبی ئینجیل.

بەڵام لە حاڵێكدا خوداكان دەتوانن وەدیهێنەری كردەوەی دڵۆڤانی مرۆڤ بن، باوەڕی ئایینی مەرج بۆ هەڵس و كەوتی ئەخلاقیی مرۆڤ نییە. ئەو باوەڕە كە ئێمەی مرۆڤ بۆ هەڵس و كەوتی ئەخلاقی ئینسانی پێویستی حەیاتیمان بە بوونەوەرێكی سەرووی سروشتەوە هەبێ، خۆی لەخۆیدا شتێكی غەیری سروشتی لێ دروست دەكرێ. بەڵام بۆچی هەڵس و كەوتی تایبەت، بەتەواوەتی سروشتییە؟ هەموو كۆمەڵە بوونەوەرێكی شیردەر لە شامپانزەوە هەتا مشك، بۆ وێنە بۆ پێشگرتن لە دزی یا كوشتن، یاسای ئەخلاقیی خۆیان هەیە. مرۆڤ لە هەر كۆمەڵگایەكی سەر ئەم هەردە ئەخلاقی تایبەت بەخۆیان هەیە، تەنانەت ئەگەر باوەڕیان بە خودایەكی وەك یەك یاخود هیچ خودایەكیش نەبێ. مەسیحییەكان هەستی دڵۆڤانی خۆیان هەیە بە بێ ئەوەی باوەڕیان بە ئایینی هیندییەكان بێ، موسوڵمان سەرەڕای ئەوەی حاشا لە خودابوونی مەسیح دەكەن، ڕێزیان بۆ مەسیح هەیە و وڵاتە سكۆلارەكانی وەك دانمارك و سوئێد بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ وڵاتە بە ناو ئایینییەكانی وەك ئێران و ئەفغانستان هەڵس و كەوتی توورەیی و شەڕخوازی زێدەڕۆیانەیان نییە.

ئەخلاق بەو مانایە نییە "مرۆڤ خۆی بە یاسا خوداییەكانەوە هەڵواسێ". ئەو بەو مانایەیە بتوانین "ئازاری پێ كەم بكەینەوە". بۆ ئەوەی هەڵس و كەوتی ئەخلاقی باش لەخۆمان نیشان بدەین، مرۆڤ نابێ خۆی بە مێژوو یا خورافاتەوە هەڵواسێ. ئێمە دەبێ لە قووڵایی ئازار كێشانی مرۆڤ تێبگەین. هەر مرۆڤێكی ئاسایی لە ڕاستیدا هەست بكا هەڵس و كەوتی بە شێوەیەك لە شێوەكان دەبێتە هۆی ئازاری مرۆڤەكانیتر، لەڕووی خوو وخدەی سروشتی مەودای لێ دەگیرێ و دووری لێ دەكرێ. سەرەڕای ئەوەش مرۆڤ، دەكووژن، دەستدرێژی سێكسی دەكەن و ماڵی خەڵكی دەدزن، چونكە تاقمێك

تێگەیشتووییەكی ڕووكارییی و كەمیان لەسەر ئازار كێشان هەیە. ئەوان زیاتر خۆیان لەسەر ئەوە چڕ كردۆتەوە خۆیان ڕازی ڕاگرن و تەماحی خۆیانی پێ دەستەبەر كەن بە بێ ئەوەی كارتێكەری هەڵس و كەوتیان لەسەر مرۆڤەكانیتر هەست پێ بكەن – یاخود بە شێوەیەكی خۆپەرستانە تەنیا بۆ ڕازیڕاگرتنی درێژخایەنی خۆیان هەوڵ دەدەن. تەنانەت ئەشكەنجەدەران كە ئاگایانە تا ئەو شوێنەی دەتوانن ئازار بە قوربانیانی خۆیان دەگەیێنن و ناسڵەمینەوە و خۆڕاگری دەكەن، لە جیاتی مەوداگرتن لەو كارانە، زۆر جار لە تكنیكی جیاواز بۆ لاوازكردنی هەستی نائینسانی كەڵكوەردەگرن.

ئێستا مرۆڤ دەتوانێ ئیدعای ئەوە بكا هەر مرۆڤێك سروشتیانە هەوڵ دەدا تووشی چارەڕەشی نەبێ، بەڵام بۆچی دەبێ كەسێك خۆی بە هەژاری و چارەڕەشی ئەوانیترەوە خەریك بكا كاتێ هیچ خودایەك ئەو كارەی لێ داوا نەكا؟ ڕەنگە وەڵامێكی گەلێك ڕوون ئەوە بێ كە مرۆڤ بوونەوەرێكی كۆمەڵ خۆشەویستە و شادی و ڕازیڕاگرتنی خۆیان بە پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەكانیترەوە دەلكێنن. كێ دەتوانێ بە بێ خۆشەویستی، بە بێ هەڤاڵ و بێ كۆمەڵگا بەختەوەر بێ؟ ئەو كەسانەی ژیانی تەنیایی پیشەدەكەن و لە بازنەیەكی بچووكدا دەمێننەوە، بە ئەگەری زۆر هەست بە بەختەوەری ناكەن. هەر كەس بیەوێ بەختەوەر بێ لانیكەم دەبێ خۆی بە بازنەی بنەماڵەكەی، هەڤاڵەكانی یا كۆمەڵگاكەیەوە خەریك بكا.

بەڵام ئەو كارە سەبارەت بە مرۆڤی بێگانە چلۆنە؟ بۆچی نەتوانێ مرۆڤی بێگانە بكووژێ یا ماڵ و دارایییەكەی بۆ خۆی هەڵگرێ بۆ ئەوەی خۆی و هۆزەكەی پێ دەوڵەمەند بكا؟ زۆربەی بیرمەندان تیئۆری كۆمەڵایەتی تێر و تەسەلیان داڕشتووە و ڕوونیان كردۆتەوە بۆچی كاری لەو چەشنە بۆ ماوەی درێژخایەن هەڵس و كەوتێكی بە پێچەوانەی لێ دەردێ. مرۆڤ پێی خۆش نییە لە كۆمەڵگایەكدا بژی كە بەردەوام مرۆڤی بێگانەی تێدا دەكووژرێ و تاڵان دەكرێ. نەك هەر مرۆڤ مەترسی هەڕەشەی بەردەوامی لێ دەكرێ بەڵكوو لە قازانجی بازرگانی كە بە متمانەپێكردن بە مرۆڤی بێگانەوە بەستراوەتەوە بێ بەش دەبێ. بازرگان هیچكات ناچێتە ماڵی پیاوكوژ و دز. بەو كارە تێئۆریسیەنی سكۆلار لە چینی كەونەوە تا ئورووپای مودێرن یاسایەكی

زێڕینیان خوڵقاندووە كە دەڵێ: "ئەو كارەی پێتخۆشنییە بەسەرت بێ، بەسەر كەسیتریشی مەهێنە".

بەڵام ئێمە لەڕستیدا بۆ بونیاتنانی بنەمای ئیمپاتی و سۆزداریی سروشتی پێویستیمان بەو چەشنە تیئۆرییە درێژخایەنە ئاڵۆزانە نییە. بۆ ماوەیەكی كورت تەوەری بازرگانی لەبیر خۆتان بەرنەوە. لە پانتاییەكی گەورەتردا كاتێ هەوڵی ئازار و زیان پێ گەیاندن و بریندارکردنی مرۆڤیتر بدەین، لەڕاستیدا خۆشمانی پێ بریندار دەكەین و ئازار و زیان بە خۆشمان دەگەێنین. هەر كارێكی ناحەز و دژ بە مرۆڤ لە جیهاندا بە ئارەزوویەك لە مێشكی مرۆڤە تاوانكارەكە دەست پێ دەكا، كە پێش ئەوەی ئارامیی و ئاسایشی مرۆڤیتر تێك بدا، نائارامی و چارەڕەشی لە دەروونی خۆیدا هەست پێ دەكا. هەر بەو هۆیەشەوە مرۆڤ ئەوكات دەست دەكا بە دزیكردن و ڕووتاندنەوی مرۆڤیتر، كە لە دەروونیدا ئیرەیی و چاوچنۆكی پێك بێ. مرۆڤ ئەوكات دەست بە كوشتنی مرۆڤیتر دەكا كە لە دەروونی خۆیدا تووڕەیی و ڕق و قین پێك بێنێ. هەڵس وكەوتی وەك چاوچنۆكی، ئیرەیی، تووڕەیی و رق و كینە گەلێك بێزهێنەرن. ئەو مرۆڤانەی لە دەروونیاندا چاوچنۆكی، ئیرەیی، تووڕەیی و رق و كینە پەروەردە دەكەن، ناتوانن ئەزموونی شادی و بەختەوەری بكەن. ماوەیەكی زۆر پێش ئەوەی كەسێك بكووژن، تووڕەیی و ڕق و كینە ئارامیی مێشكی خۆیانی تێكداوە.

دەتوانێ وابێ كە ڕق و قین ساڵیانی درێژ مێشكیانی بەخۆوە خەریك كردبێ، بێ ئەوەی ئازار بە كەسێك بگەێنن یا كەسێك بكووژن. لەو حاڵەتەدا دیارە ئازار و زیانیان بە كەسێك نەگەیاندووە بەڵام خۆیان ڕەنج و ئازاریان كێشاوە. كەوابوو ئەوە ڕۆڵی سروشتی ئەوانە – نەك فەرمانی خودا یا هەر هێزێكیتر – كە مرۆڤ ناچار دەكا هەوڵێك بۆ تووڕەییەكەی بدا. ئەگەر مرۆڤ بە تەواوی لە تووڕەیی و ڕق و قین ئازاد بایە، هەستێكی گەلێك خۆشتری دەبوو ئەگەر دوژمنێكی بێ بەزەیی كوشتبا.

بۆ تاقمێك لە مرۆڤ كاتێك باوەڕی بەهێزیان بە خودایەكی دلۆڤان هەیە و ئەمریان پێ دەكا چلۆن هەڵس و كەوت بكەن، ڕەنگە پێش بە رق و تووڕەییان بگرێ. دیارە لە پەنا ئەوەی ئایینەكان لەم جیهانەدا زۆربەی شەڕ و ناكۆكییە كۆمەڵایەتییەكانیان

پێکهێناوە، جارجارەش بوونەتە هۆی پێکهێنانی ئاشتی. بەداخەوە باوەڕی ئایینی پاساو بۆ توورەیی و ڕق و قینی مرۆڤ دێنێتەوە، بەتایبەت ئەو کاتەی سووکایەتی بە باوەڕ یا ویستی مرۆڤ دەکرێ. کەوابوو بەها و بایەخی خودای پاسادانەر بە باوەڕی باوەڕدارانیەوە بەستراوەتەوە. ئەگەر لە ڕوانگەی ئەخلاقییەوە هەڵس و کەوتی باش بکەن جیاوازی نابێ باوەڕیان بە چ خودا یا چ ئیدیۆلۆژییەك بێ. بە شێوەیەکی هاوچەشن بایەخی داب و نەریتی ئایینی و شوێنەوارە پیرۆزەکان بەوەوە بەستراوەتەوە چ چەشنە هەستێك لە باوەڕداراندا پەروەردە کراوە. دیارە کاتێ مرۆڤ سەردانی شوێنە ئایینییەکان دەکا، ئەگەر ئاشتی و مرۆڤ خۆشەویستی تێدا پەروەردە ببێ، کارێکی گەلێك پیرۆزە. بەڵام ئایین یا شوێنێك توورەیی و ڕق و قینمان تێدا بەهێز بکا بۆ دەبێ نیازمان پێی هەبێ؟ ئەو شوێنانە بە ڕاشکاوی شوێنێکی پۆزیتیڤ بۆ پێکەوە ژیانی مرۆڤ نین. بە هەمان ڕادە کە هەوڵدان بۆ ڕزگاریی دارێکی نەخۆش کە لەجیاتی میوە دڕووی لێ دەڕوێ، بێهوودەیە؛ بەربەرەکانی بۆ مانەوەی شوێنێکی ئایینی کە هەوڵ بۆ پەرەپێدانی شەڕ و ڕق و کینەی مرۆڤ دەدا، کارێکی بێهوودەیە.

بە بێ هات و چۆی شوێنی ئایینی یا باوەڕ بە خوداکانیش دەکرێ مرۆڤ هەڵس و کەوتی باش و بەکەڵکی هەبێ. هەر بەو شێوازەی چەند سەدەی ڕابردوو نیشانی داوە، بۆ بەڕێوەبردنی ژیانێکی پڕ لە ئەخلاقی ئینسانی ناچار نین سوێند بە ناوی خوداکانەوە بخۆین. سکۆلاریزم دەتوانێ هەموو ئەو بایەخانەی شیاوی ژیانێکی ئینسانین بە مرۆڤ بدا.

## ئەرکی چاردە: سکۆلاریزم

### خۆت لەگەڵ سێبەری خۆت بگونجێنە

سکۆلاربوونی مرۆڤ بە چ مانایەکە؟ سکۆلاریزم هەندێک جار بە نکۆڵیکردن لە ئایین پێناسە دەکرێت و مرۆڤی عیلمانی بەو ئەرکانەوە دەناسرێتەوە کە باوەڕی پێی نییە بەڵام بەڕێوەی دەبات. بە پێی ئەم پێناسەیە مرۆڤە عیلمانیەکان باوەڕیان بە هیچ خودا و فریشتەیەک نییە، ناچنە کڵێسا و پەرستگاکان و ڕێوڕەسم و داب و نەریت بەڕێوە نابەن. بەم پێیە، جیهانی سکۆلاریزم بێ ئەخلاقی و بۆش دەردەکەوێت - سندوقێکی بەتاڵ کە چاوەڕێی ئەوە دەکات پڕ بکرێت لە شتێک.

بەزەحمەت مرۆڤ ناسنامەیەکی وەها نەرێنی بۆ خۆی دەگرێتەبەر. ئەو کەسانەی کە خۆیان بە عیلمانی ناودەبەن، خۆیان زۆر جیاوازتر سەیری سکۆلاریزم دەکەن. بۆ ئەوان، ئەوە ڕوانگەیەکی یەکلاکەرەوەی ئەرێنی و چالاکە بۆ جیهان، کە لە پلەی یەکەمدا بە کۆدێکی بەها پێدراوی تایبەتمەندە و کەمتر بە دژایەتی لەگەڵ ئەم یان ئەو ئایین پێناسە دەکرێ. لە ڕاستیدا زۆرێک لە بەها عیلمانیەکان لە نەریتە ئاینییە جیاوازەکاندا دەبینرێن. بە پێچەوانەی هەندێک ئایین کە پێداگری دەکەن خاوەنی هەر چەشنە زانیاری و حیکمەتێکن، یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی مرۆڤە عیلمانیەکان ئەوەیە کە ئیدیعای هیچ چەشنە حیکمەتێکی لەو شێوەیە ناکەن. باوەڕیان بەوە نییە کە ئەخلاق و حیکمەت لە ئاسمانەوە لە شوێنێک و کاتێکی دیاریکراودا هاتبێتە خوارەو، بەڵکو بە میراتی سروشتی هەموو مرۆڤایەتی دەزانن. بەم پێیە، لە چاوی ئەواندا، سروشتی بوو کە لانیکەم هەندێک بەها لە کۆمەڵگا مرۆڤییەکان لە سەرانسەری جیهاندا سەرهەڵبدەن و لەگەڵ موسڵمان و مەسیحی و هیندۆس و بێدینەکاندا هاوبەش بن. زۆرجار سەرکردەکانی ئایین لایەنگرەکانیان لەسەر بڕیاردان

بۆ دوو ڕێگای ئەم یا ئەو دادەنێن - تۆ موسوڵمانیت یان نا و ئەگەر موسوڵمان بیت پێویستە هەموو بیروباوەڕەكانی تر ڕەت بكەیتەوە. لە بەرامبەردا مرۆڤە عیلمانییەكان هیچ كێشەیەكیان لەگەڵ چەندین ناسنامەی تێكەڵاودا نییە. ئەگەر لەسەر ڕەوتی سكۆلاریزم بێ، مرۆڤ دەتوانێت بەردەوام بێت لە ناونانی خۆی وەك موسوڵمان و بەردەوام بێت لە نوێژكردن بۆ خوداكەی، حەڵاڵ بخوات و سەفەر بۆ مەككە بكات و ببێتە حاجی - لە هەمان كاتدا ئەندامێكی باشی كۆمەڵگای عیلمانیش بێت، بە مەرجێك مرۆڤ پابەند بێت بە كۆدی ئەخلاقی جیهانەوە. ئەم كۆدە ئەخلاقییە - كە لە ڕاستیدا لەلایەن ملیۆنان موسڵمان و مەسیحی و هیندۆس و بێدینەكانەوە قەبوڵكراوە - بەهاكانی ڕاستی، دڵۆڤانی، یەكسانی، ئازادی، بوێری و بەرپرسیارێتی لەخۆدەگرێت و بنەمای دامەزراوە زانستی و دیموكراتیكە مۆدێرنەكان پێكدەهێنێت. وەك هەموو بنەما ئەخلاقییەكان، بنەمای عیلمانی ئایدیاڵێكە بۆ هەوڵدان بۆی، نەك ڕاستەقینەیەكی كۆمەڵایەتی بێت. هەروەك چۆن كۆمەڵگا و دامەزراوە مەسیحییەكان زۆرجار لە ئایدیالی مەسیحی لا دەدەن، بە هەمان شێوە كۆمەڵگا و دامەزراوە عیلمانییەكانیش زۆرجار لە ئایدیالی عیلمانی وەدوا دەكەون. فەرەنسای سەدەی ناوەڕاست شانشینییەكی مەسیحی بوو كە خۆی بە مەسیحی ناودەبرد، بەڵام هەوڵی دەدا لە هەموو جۆرە چالاكییە غەیری مەسیحییەكاندا بەشدار بێ (پرسیار لە جووتیارە ژێردەستەكان بكەن). فەرەنسای مۆدێرن دەوڵەتێكی خۆ ڕوونكەرەوەی عیلمانییە، بەڵام لە سەردەمی ڕۆبسپێر "Robespierres"ەوە لەسەر چەمكی ئازادیی هەندێك پێناسەی ئازادی سەرلێشێوێن خوڵقاێندراوە (پرسیار لە ژنان بكەن). ئەمە بەو مانایە نییە كە خەڵكی عیلمانی - لە فەرەنسا یان لە شوێنێكی تر - كۆمپاسێكی ئەخلاقی یان پابەندبوونی ئەخلاقییان نییە. تەنیا بەو مانایەیە كە خۆگونجاندن لەگەڵ ئایدیاڵێكدا ئەوەندە هاسان نییە.

## ئایدیالی زانستی (عیلمانی)

كەواتە ئیدیالی عیلمانی یاخود زانستی چۆنە؟ پابەندبوونی عیلمانی بە ڕاستییەكانەوە بەستراوەتەوە، بەڵام لەسەر بنەمای تێبینی و بەڵگە نەك تەنیا باوەڕ. ئەگەر مرۆڤ لە ناخی دڵیەوە باوەڕی بە چیرۆكێك هەبێت، ڕەنگە بتوانێت هەر چەشنە زانیارییەكی سەرنجڕاكێشی هەستی دەرونی، سەبارەت بە سەردەمی منداڵی و پێكهاتەی مێشكمان بۆ باس بكات، بەڵام ئەو كارانە ڕاستبوونی چیرۆكەكەمان بۆ ناسەلمێنێ. (زۆرجار مرۆڤ ئەوكات پێویستی بە باوەڕێكی پتەو هەیە ئەگەر چیرۆكەكە ڕاست نەبێ.)

جگە لەوەش مرۆڤی عیلمانی یاخود سێكۆلار بەسەر هیچ گرووپ، كەس یا كتێبێكدا هەڵناڵێن لەسەر ئەو بنەمایەی گرووپ كەس یا كتێبەكە پارێزەری ڕاستی بن، بەڵكوو مرۆڤی سێكۆلار لە هەر شوێنێك كە بتوانن ڕاستییەكان وەك شتێكی بەكەڵك بە مرۆڤ دەدەن – هەر لە ئێسكە بەردبووەكان (فۆسیل)ی سەردەمی كەونەوە تا وێنەی گالاكسییە دوورەكان، خشتەی مادده ئامارییەكان و نووسراوە جۆراوجۆرە نەریتییەكانی مرۆڤ. پابەندبوون و خۆهەڵواسین بە ڕاستییەكانەوە بنەمای زانستی مودێرنە كە مرۆڤی خستۆتە بارودۆخێكەوە بتوانێ ناوكی ئەتۆم بكاتەوە، "ژێن"ی بوونەوەران دیاری بكات و گۆڕانی بەسەردا بێنێ، گەشەسەندن لە دەستی خۆیدا ڕاگرێت و پەرجۆی مێژووی مرۆڤایەتی پێ ڕوون بكاتەوە.

ئەركێكیتری مرۆڤی عیلمانی هەستی دڵۆڤانی و سۆزدارییە. ئەخلاقی عیلمانی لەسەر بنەمای گوێڕایەڵی فەرمانەكانی ئەم یان ئەو خودایە نییە، بەڵكو لەسەر بنەمای بەڵگە و تێگەیشتنێكی قووڵە لە ئازارەكان. بۆ نموونە مرۆڤە عیلمانیەكان خۆیان لە كوشتنی بوونەوەران بەدوور دەگرن، نەک لەبەر ئەوەی هەندێک كتێبی دێرین لێیان قەدەغە دەكات، بەڵكو لەبەر ئەوەی كوشتن دەبێتە هۆی ئازاری بێ سنوور بۆ بوونەوەرە هەستیارەكان. ئەو مرۆڤانەی تەنیا لەسەر ئەو بەڵگەیەی خوداكەیان لێی

قەدەغە کردوون، ناکووژن، بارێکی قووڵ و ناڕەحەتکەر لە وجوودیاندا ڕادەگرن. ئەو چەشنە مرۆڤانە پاڵنەریان گوێڕایەڵییە نەك بەزەیی و سۆزداری. ئەو کەسانە چ هەڵس و کەوتێك دەکەن کاتێ بێنە سەر ئەو قەناعەتە خوداکەیان ئەمری پێکردوون و دەبێ مرۆڤی کافر، جادووگەر، زیناکار و مرۆڤی بیانی بکووژن؟ بێگومان بەهۆی نەبوونی فەرمانە ئیلاهییەکانەوە، ئەخلاقی عیلمانی زۆرجار ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی سەخت دەبێتەوە. چی ڕوودەدات کاتێک هەمان کردار لە لایەکەوە ئازاری کەسێک دەدات بەڵام لەولاوە دەبێتە هۆکار بۆ یارمەتیدان بە کەسێکی تر؟ ئایا باجدان بە دەوڵەمەندەکان بۆ پشتگیریکردنی هەژاران ئەرکێکی ئەخلاقییە؟ یا شەڕێکی خوێناوی بۆ لابردنی دیکتاتۆرێکی دڕندە؟ ئیزنی هاتنە ژووری ژمارەیەکی بێ سنوور لە پەنابەران بۆ ناو وڵات؟ کاتێك مرۆڤە عیلمانییەکان ڕووبەڕووی ئەم جۆرە دووڕێیانە دەبنەوە پرسیار ناکەن: "خودا چ فەرمانێك دەدا؟"، بەڵکو بە وردی هەستی هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان هەڵدەسەنگێنن و سەرنج و ئەگەری بەرفراوان لەبەرچاو دەگرن و بەدوای بەستێنێکی ناوەندیدا دەگەڕێن کە تا دەتوانن زیانێکی کەمی لێ بکەوێتەوە.

بۆ وێنە هەڵوێست گرتن لە هەنبەر هەڵس و کەوتی سێکسی لەبەر چاو دەگرین. ئایا مرۆڤی عیلمانی لە هەنبەر دەستدرێژی سێکسی، هاوڕەگەزبازی و ... لە ڕوانگەی هەست و سۆزەوە چلۆن بڕیار دەدەن؟ دەستدرێژی سێکسی بە شێوەیەکی ئاشکرا بێ ئەخلاقییە، نەک لەبەر ئەوەی پێشێلی هەموو یاسایەکی خودایی دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی پێکهێنانی ئازار بۆ مرۆڤەکان، بەڵام لە بەرامبەردا پەیوەندی خۆشەویستی نێوان دوو پیاو یا دوو ژن هیچ زیانێک بە کەس ناگەیەنێت، بۆیە هیچ هۆکارێک نییە بۆ قەدەغەکردنی.

ئەدی تەوەری زەماوەندی نێر و نێر یا مێو لەگەڵ مێو چلۆنە؟ من بەشداریم لە گفتوگۆی بێشوماری تایبەت و گشتیدا کردووە سەبارەت بە هاوسەرگیری هاوڕەگەزبازان، و زۆرجار لە شوێنێکدا هەندێک مرۆڤی خۆ پێ زیرەك پرسیار دەکەن: "ئەگەر هاوسەرگیریی نێوان دوو پیاو باش بێت، بۆ ڕێگە بە هاوسەرگیری نێوان پیاو و بزن نادەین؟" لە ڕوانگەی عیلمانییەوە وەڵامەکە ئاشکرایە. پەیوەندی تەندروست پێویستی بە قووڵایی سۆزداری و دەروونی و تەنانەت ڕۆحییەوە هەیە.

هاوسەرگیرییەک کە ئەو قوولّییەی تێدا نەبێت، بێزارکەرە و مرۆڤ لە ڕووی سۆزدارییەوە بەتەنیا دەهێڵێتەوە و پەکیدەخات. لە کاتێکدا بە دڵنیاییەوە دوو مرۆڤ دەتوانن پێداویستییە سۆزداری و دەروونی و ڕۆحییەکانی یەکتر دابین بکەن، پەیوەندیی لەگەڵ بزنێک ناتوانێت ئەو هەستانە لە مرۆڤدا پێك بێنێ. بۆیە ئەگەر مرۆڤ هاوسەرگیری وەک دامەزراوەیەک سەیر بکات کە بۆ بەرەوپێشبردنی خۆشگوزەرانی مرۆڤ دارێژراوە- وەک چۆن مرۆڤە عیلمانیەکان دەیکەن- مرۆڤ هیچکات خەونی پرسیارێکی سەیر و سەمەرەی وەك پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئاژەڵ نابینێ. تەنیا ئەو کەسانەی کە هاوسەرگیری وەک چەشنێک لە ڕێوڕەسمی سیحراوی دەبینن، بیرۆکەیەکی لەو شێوەیە دەهێننە مێشکیانەوە.

ئەدی پەیوەندی نێوان کێژێك و باوکەکەی چلۆن دەبینن؟ هەردووکیان مرۆڤن، کەواتە بۆچی دەبێ کارێکی عەیب بێ؟ تەنیا، چەندین توێژینەوەی دەروونی دەریانخستووە کە ئەم جۆرە پەیوەندیانە زیانێکی گەورە و قەرەبوو نەکراوە بە مرۆڤەکان دەگەیەنن. جگە لەوەش ئەو سۆزدارییەی لە نێوان باوك و کچەکەیدا هەیە لای مرۆڤی ئاسایی ئەخلاقێکی ئەرێنی دروست دەکا کە هیچکات بیری نیزیکی سێکسی لە نێوانیاندا پەروەردە ناکا. گەشەسەندنی سروشتی لە دەروونی مرۆڤی هۆمۆساپیەندا بەشێوەیەك لە قاڵب دراوە کە تامەزرۆیی خۆشەویستی هاوسەری لە نێوان دایك و باوك و منداڵەکانیان پێك نایە. هەر بۆیە پێویستمان بە خودا و کتێبی پیرۆز نییە دژی پەیوەندی خزمایەتی بیت - تەنیا دەبێت توێژینەوە دەروونییە پەیوەندیدارەکان بخوێنینەوە.

هەر ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی مرۆڤی عیلمانی ڕاستییەکانی زانستی بەرز ڕابگرن. نەک بۆ تێرکردنی کونجکۆڵیان، بەڵکو بۆ ئەوەی فێربن چۆن بە باشترین شێوە ئازارەکان لە جیهاندا کەم بکەنەوە. بە بێ ڕێنمایی توێژینەوە زانستییەکان، هەستی سۆزداری و بەزەییمان زۆرجار کوێرە.

هەروەها پابەندبوون بە ڕاستی و سۆزدارییەوە دەبێتە هۆی پابەندبوون بە یەکسانی. هەرچەندە بۆچوونەکان لەسەر یەکسانی ئابووری و سیاسی جیاوازن، بەڵام مرۆڤی

عیلمانی لە بنەڕەتدا بێ متمانە بە هەموو پلەبەندییەكانی ئێستای پێشوەختە. ئازاركێشان هەر ئازاركێشانە و گرنگ نییە كێ ئەزموونی بكات؛ زانینیش زانستە، گرنگ نییە كێ دەیدۆزێتەوە. ئەگەر ئێمە ئەزموونەكانمان یا تێڕوانینی نەتەوەیەكی تایبەتیمان بە چینێكی تایبەتی یا ڕەگەزێكی دیاریكراو ببستینەوە بە ئەگەری زۆر بێ بەزەیی و گەمژەمان دەكات. بێ گومان مرۆڤە عیلمانیەكان شانازی بە تایبەتمەندی نەتەوە و وڵات و كولتوورەكەیانەوە دەكەن- بەڵام "تایبەتمەندی" لەگەڵ "باڵاتربوون و سەروەری" تێكەڵ ناكەن. بۆیە لە كاتێكدا مرۆڤە عیلمانیەكان بەرامبەر بە نەتەوە و نیشتمانەكەیان هەوڵ بۆ ئەركە تایبەتەكانی خۆیان دەدەن، هاوكاتیش سنوور بۆ ئەو ئەركانە دانانێن و خزمەتی مرۆڤایەتی بە گشتی دەكەن.

ئێمە ناتوانین بەدوای ڕاستییەكانی ژیان و ڕێگاچارەی دوور بوون لە ئازارەكانماندا بگەڕێین بەبێ ئەوەی بیر لە تاقیكردنەوە و پشكنینی ئازادی بكەینەوە. هەر بۆیە مرۆڤە عیلمانیەكان ئازادی دەپارێزن و خۆیان لە گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی باڵا بە هەر دەق و دامەزراوە و سەركردەیەک دەپارێزن بەتایبەت بۆ ئەوانەی بڕیاری ڕاست یا هەڵەبوونی ئەركەكانمان بۆ دیاری دەكەن. پێویستە مرۆڤ هەمیشە لە گومانكردن، لە دووبارە لێكۆڵینەوە، بۆ وەرگرتنی بۆچوونی دووهەم و لە تاقیكردنەوەی ڕێگایەكی جیاوازدا ئازاد بمێننەوە. مرۆڤە عیلمانیەكان سەرسامن بە گالیلۆ گالیلی "Galileo Galilei"، كە بوێری ئەوەی هەبوو پرسیار بكات ئایا بەڕاستی زەوی لە ناوەندی گەردووندا بێ جووڵە وەستاوە؛ سەرسامن بە بەشداریی خەڵكی ئاسایی كە لە ساڵی ١٧٨٩دا هێرشیان كردە سەر باستیل و ڕژێمی دیسپۆتی لودویگی شازدەهەمیان شكست پێهێنا، هەروەها سەرسامن بە ڕۆزا پاركس "Rosa Parks" كە بوێری ئەوەی هەبوو لەناو ئوتوبووسێكدا لەسەر كورسییەک دابنیشێت كە بۆ مرۆڤە سپی پێستەكان تەرخانكرابوو.

بەرەنگاربوونەوەی پێشوەختەی ڕژێمە سەركوتكەرەكان بوێرییەكی زۆری دەوێت، بەڵام لەوەش زیاتر بوێریی پێویستە بۆئەوەی بە ئاشكرا دان بە نەزانینی خۆماندا بنێین و خۆمان بخەینە بارودۆخێكی نادیارەوە. سیستەمی پەروەردەی عیلمانی فێرمان دەكات، ئەگەر شتێكمان نەزانی، نابێ لە نەزانین بترسین بەڵكوو بەدوای بەڵگەی نوێدا بگەڕێین. تەنانەت ئەو كاتەی پێمان وایە شتێک دەزانین، نابێت بترسین لە شك و

پرسیارکردن لەسەر بۆچوونەکانمان و بەردەوام بین لە پشکنین و ڕەخنە لەسەر هەڵس و کەوتەکانی خۆمان. زۆر کەس لە نادیارییەکان دەترسن و بۆ هەموو پرسیارێک وەڵامی ڕوونیان دەوێت. ترس لە نەزانراوەکان زیاتر لە هەر چەوسێنەرێك دەتوانێ ئیفلیجمان بکات و زیانمان پێ بگەێنێ. بەدرێژایی مێژوو مرۆڤ نیگەران بوون لەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی داڕمێت ئەگەر باوەڕمان بە هەندێک وەڵامی دیاریکراو ونەگۆڕ نەبەستینەوە. لە ڕاستیدا مێژووی مۆدێرن دەریخستووە کە کۆمەڵگای مرۆڤە بوێر و ئازاکان کە ئامادەن دان بە نەزانینی خۆیاندا بنێن و پرسیاری قورس بکەن، نەک هەر دەوڵەمەند و دڵۆڤانتر بەڵکو ئارامتر و ئاشتیخوازتر لەو کۆمەڵگایانەن کە ئەندامانی دەبێت وەڵامەکان بەبێ پرسیار و ئەملا و ئەولا قبوڵ بکەن. ئەو کەسانەی لە لەدەستدانی ڕاستییەکانیان دەترسن، زیاتر توندوتیژترن لەو کەسانەی کە ڕاهاتوون جیهان لە گۆشەنیگای جیاواز و ڕەنگاوڕەنگەوە سەیر بکەن. **ئەو پرسیارانەی کە ناتوانین وەڵامیان بدەینەوە بە ڕاشکاوی بۆ ئێمە زۆر باشترن لەو وەڵامانەی کە ناتوانرێت ڕەخنەیان لێبگیرێت.**

لە ڕاستیدا مرۆڤی عیلمانی بەهایەکی زۆر بە بەرپرسیارێتی دەدەن. ئەوان باوەڕیان بە هیچ دەسەڵاتێکی باڵاتر نییە کە گرنگی بە جیهان بدات و سزای خراپەکاران بدات و پاداشتی دادپەروەرەکان بداتەوە و لە برسێتی و نەخۆشی و شەڕ بمانپارێزێت. بۆیە ئێمەی فانی لە گۆشت و خوێن، دەبێت بەرپرسیارێتی تەواو بۆ هەموو کارێک کە دەیکەین - یان نایکەین - لە ئەستۆ بگرین. کاتێک جیهان پڕە لە هەژاری، نەهامەتی و پێویستی، ئەرکی ئێمەی مرۆڤە چارەسەری بۆ بدۆزینەوە. مرۆڤی عیلمانی شانازی بە دەستکەوتە گەورەکانی کۆمەڵگا مۆدێرنەکانەوە دەکەن کە نەخۆشی و بەڵایان بنبڕ کرد، خۆراکیان بۆ هەژار و برسییەکان دابین کرد و ئاشتییان بۆ زۆربەی وڵاتانی جیهان بەدیاری هێنا. ئێمە نابێ بەردەوام ئەم دەستکەوتانە بگەڕێنینەوە بۆ پارێزەرێکی خودایی - ئەوان دەرئەنجامی پەرەپێدانی زانست و هەستی سۆزداری و بەزەیی خودی مرۆڤەکانن. بەڵام هەر لەبەر ئەو هۆکارەش دەبێت بەرپرسیارێتی تەواو لە هەنبەر تاوان و هەڵبژاردنی ڕێگای ژیانمان وەربگرین، لە جینۆسایدەوە تا وێرانکاریی ئیکۆلۆژی. لە جیاتی دۆعاکردن بۆ پێکهاتنی پەرجۆیەك لە لایەن بوونەوەرێکی

نادیارەوە، پێویستە لەخۆمان پرسیار بکەین چ کارێکی باش بۆ خۆمان دەتوانین بەڕێوەبەرین.

ئەوانە بەهای سەرەکی و ناوەندیی جیهانی زانستیین. هەر وەك ئاماژەمان پێکرد، هیچکام لەو بەهایانە تایبەت بە زانست نییە. بۆ جوولەکەکانیش ڕاستی، بۆ مەسیحییەکان ڕەحمەت، بۆ موسوڵمانان یەکسانی و بۆ هیندووەکان بەرپرسایەتی بەهایەکی زۆری هەیە. کۆمەڵگا و دامەزراوە عیلمانییەکان بە خۆشحاڵییەوە ڕێز لەو بەها ئینسانییانە دەگرن و بە مەیلەوە مرۆڤی جوولەکە، مەسیحی، موسوڵمان و هیندوو لەناو خۆیاندا جێ دەکەنەوە بەو مەرجەی باوەڕەکانیان بکشێننەوە کاتێك لەگەڵ کۆدی زانستی ناکۆکیان هەبێت. بۆ نموونە بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگایەکی عیلمانیدا قبوڵ بکرێن، چاوەڕوان دەکرێت جولەکەکانی ئۆرتۆدۆکس بە شێوەی یەکسان مامەڵە لەگەڵ غەیرە جوولەکەکاندا بکەن، مەسیحییەکان دەبێ خۆیان لە سووتاندنی بێدینەکان بپارێزن، موسڵمانان دەبێت ڕێز لە ئازادی ڕادەربڕین بگرن و هیندۆسەکان خۆیان لە پەسەندکردنی هەڵاواردن لەسەر بنەمای کاست بەدوور بگرن.

لەو لاشەوە کەس چاوەڕێی ئەوە ناکات باوەڕداران ئینکاری خودا بکەن یان واز لە ڕێوڕەسم و داب و نەریتی ئایینی خۆیان بێنن. جیهانی عیلمانی مرۆڤ بەهۆی هەڵس و کەوت و ڕەفتارەکانیانەوە سەیر دەکا، هەڵدەسەنگێنێ و بەهایان پێ دەدا و کەمتر لەسەر ئارەزووی جل و بەرگ و ڕێ وڕەسمە دڵخوازەکانیانەوە هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا دەکات. مرۆڤ دەتوانێت پەیڕەوی لە زەقترین جلوبەرگی تائیفی بکات و سەیرترین ڕێوڕەسمی ئایینی ئەنجام بدات، بەڵام هاوکاتیش پابەندییەکی قووڵی بە بەها عیلمانییە سەرەکییەکان هەبێ. زانایانی جولەکە و ژینگەپارێزانی مەسیحی و فێمینیستە موسڵمانەکان و چالاکوانانی مافی مرۆڤی هیندۆسی زۆرن. ئەگەر پابەند بن بە حەقیقەتی زانستی و سۆزداریی و یەکسانی و ئازادییەوە، ئەوا ئەندامی بەتەواویەتی جیهانی عیلمانین و بە هیچ شێوەیەک هیچ هۆکارێک نییە کە داوای لێبکرێت کیپپا و خاچ و سەرپۆش و تیلەکەکەیان بشارنەوە. لەبەر هۆکارێکی هاوشێوەش پەروەردەی عیلمانی بە مانای ئیندۆکترینکردنی نەرێنی نییە کە منداڵان فێری ئەوە بکات باوەڕ بە خودا نەکەن و بەشداری هیچ مەراسیمێکی ئایینی نەکەن. بەڵکو پەروەردەی عیلمانی

نەوەی داهاتوو فێری ئەوە دەكات كە حەقیقەت لە بیروباوەڕ جیا بكەنەوە، بەزەیی بۆ هەموو ئەو بوونەوەرانە پەرەپێبدەن كە ئازار دەچێژن، قەدری حیكمەت و ئەزموونی هەموو زیندەوەران بزانن، ئازادانە و بەبێ ترس لە نەزانراوەكان بیربكەنەوە و بەرپرسیارێتی كردارەكانی خۆیان لە ئەستۆ بگرن بۆ ئەوەی لەم جیهانەدا هەموو مرۆڤێك بتوانێ لە ئاشتی و ئارامیدا پێكەوە ژیان بكەن.

## ئایا ستالین مرۆڤێکی عیلمانییە؟

چونکە ئەرکی ئەخلاقی و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی تێدا بەڕێوەدەچێ، بە هیچ شێوەیەک هیچ هۆکارێک بۆ ڕەخنەگرتن لە عیلمانیەت بوونی نییە. بە پێچەوانەوە کێشەی سەرەکی عیلمانیەت ڕەنگە ئەوەبێ کە هێڵی ئەخلاقی زۆر زۆر بەرز ڕادەگرێت. زۆربەی خەڵک بە ساکاری ناتوانن لەسەر ئەو داواکارییە بژین و کۆمەڵگا گەورەکان ناتوانن لەسەر بنەمای کراوەیی ئەزموونەکان بەدوای ڕاستی و میهرەبانی و دڵۆڤانیدا بڕۆن و حکوومەت بکەن. بە تایبەتی لە کاتی پێویستدا - وەک شەڕ یان قەیرانی ئابووری - کۆمەڵگاکان پێویستیان بە مامەڵەکردنی خێرا و یەکلاکەرەوە هەیە، تەنانەت کاتێک لە ڕاستییەکان دڵنیا نین و نازانن کردەوەی بەزەیی و سۆزداریی ڕاستەقینە چلۆنە، پێویستییان بە ڕێنمایی ڕوون و ئاشکرا، دروشمی سەرنجڕاکێش و هاواری شەڕی سەرنجڕاکێش هەیە. لەبەرئەوەی ئەستەمە لەسەر بنەمای گریمانە گوماناوییەکان، سەرباز بنێردرێت بۆ شەڕ یان دەرکردنی چاکسازی ئابوری ریشەیی، بزووتنەوە عیلمانیەکان بەردەوام بەهۆی باوەڕی دۆگماتیکەوە گۆڕانیان بەسەردا دێ.

بۆ نموونە کارل مارکس لە سەرەتادا ئیدیعای کرد کە هەموو ئایینەکان ساختەکاری ستەمکارن و هانی لایەنگرانی دەدا خۆیان بەدوای سروشتی ڕاستەقینەی نەزمی جیهانیدا بگەڕێن. لە دەیەکانی دوای مارکسدا فشاری شۆڕش و شەڕ، مارکسیزمی ڕەقتر کرد و تا سەردەمی ستالین هێڵی فەرمیی حزبی کومۆنیستی یەکیەتی سۆڤیەتی (CPSU) ئەوە بوو کە نەزمی جیهانی زۆر قورستر لەوەیە خەڵکی ئاسایی لێی تێ بگا، بۆیە باشتر وایە هەمیشە متمانە بە حیکمەتی حیزبەکە و ئەوەی پێیان دەڵێت و بۆیان دیاری دەکات بکەن، تەنانەت ئەگەر زیندانیکردن و لەناوبردنی ملیۆنان کەسی بێتاوانی لێ بکەوێتەوە. ڕەنگە ناشیرین بنوێنێ، بەڵام وەک چۆن ئایدۆلۆژیای حیزبی هەرگیز لە ڕوونکردنەوە بێزار نەبوون، شۆڕش تەنیا چوونە سەیران نەبوو، ئەگەر ئۆمێلێتیکت دەوێت، دەبێت چەند هێلکەیەکیشی بۆ بشکێنیت.

ئایا ئێمە ستالین وەك سەرۆكێكی عیلمانی سەیر بكەین یا نا، بەوەوە بەستراوە-چلۆن پێناسەی عیلمانییەت دەكەین. ئەگەر پابەند بین بە كەمترین پێناسەی نەرێنیەوە - "خەڵكی عیلمانی باوەڕیان بە خودا نییە" - ئەوا بە دڵنیاییەوە ستالین عیلمانی بووە. ئەگەر پێناسەیەكی ئەرێنی بەكاربهێنین - "كەسانی عیلمانی هەموو دۆگما نازانستیەكان ڕەتدەكەنەوە و پابەندن بە ڕاستی و سۆزداری و ئازادییەوە" - ئەوا ماركس چرایەكی عیلمانی بوو، لە كاتێكدا ستالین هەموو شتێكیتر بوو جگە لەوە! ئەو پێغەمبەرێكی ئایینی بێ خودا بەڵام لەڕادەبەدەر دۆگماتیستی ستالینیزم بوو.

ستالینیزم كەیسێكی تاقانە نییە. لە دیوەكەی تری سپێكترۆمی سیاسیدا سەرمایەدارییش وەک گریمانەیەكی زانستی زۆر بێلایەن دەستی پێكرد، بەڵام وردە وردە جێگیر بوو و بوو بە دۆگما. زۆرێك لە سەرمایەداران خەون بە بازاڕی ئازاد و گەشەی ئابوورییەوە دەبینن و بۆیان گرنگ نییە ڕاستەقینەی ژیانی مرۆڤ چییە. گرنگ نییە مۆدێرنیزاسیۆن، پیشەسازیی یان تایبەتكردنی سەرمایە لە دەست تاكەكەسدا هەندێک جار چ دەرئەنجامێكی ترسناكیان هەبێت، باوەڕمەندانی سەرمایەداری تەنیا بە "ئازارەكانی گەشەكردن" مانایان دەكەنەوە و بەڵێن بە خۆیان دەدەن كە كەمێک گەشانەوەی سەرمایەی زیاتر قەرەبوویان دەكاتەوە.

دیموكراتە لیبڕاڵە میانڕەوەكان زیاتر پابەند بوون بە بەدواداچوونی عیلمانی بۆ ڕاستی و بەزەیی ناو كۆمەڵ، بەڵام تەنانەت ئەوانیش هەندێک جار لە بەرژەوەندی دۆگمای گونجاودا خۆیان گیل دەكەن. بۆ نموونە كاتێک ڕووبەڕووی ئاژاوەی دیكتاتۆریەتە دڕندەكان و دەوڵەتە شكستخواردووەكان دەبنەوە، زۆرجار لیبراڵەكان متمانەی بێ پرسیار بە ڕێوڕەسمی گەورەی مافی دەنگدانی گشتی دەكەن. ئەوان شەڕ دادەمەزرێنن و ملیارەها دۆلار لە شوێنی وەک عێراق و ئەفغانستان و كۆنگۆ خەرج دەكەن، متمانەیان بەوە هەیە كە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی بە شێوەیەكی سیحراوی ئەو شوێنانە دەگۆڕێت و وڵاتێكی دیموكراتیك و ئازادی وەك دانماركیان لێ پێك دێ. ئەمە سەرەڕای شكستەكانی دووبارە و سەرەڕای ئەوەی تەنانەت لەو وڵاتانەی كە نەریتێكی بەهێزی مافی دەنگدانی گشتگیریان هەیە و بەهۆی داب و نەریت و ڕێوڕەسمی تایبەتییانەوە زۆر جار پۆپۆلیستە تاكڕەوەكان دەهێننە سەر دەسەڵات، لە

کۆتاییدا هیچیان لە ڕژیمێکی دیکتاتۆری کەمتر نییە. هەرکەسێک بەم پاساوانە حیکمەتی گوماناوی هەڵبژاردنە گشتیەکان بخاتە ژێر پرسیارەوە، ڕەنگە توونا نەکرێ، بەڵام بە ئەگەرێکی زۆر ڕووبەڕووی سارد و سڕیی و بارودۆخێکی خراپ و نەگونجاو دەبێتەوە.

بێگومان هەموو دۆگماکان بە یەکسانی زیانبەخش نین. وەک چۆن هەندێک بیروباوەڕ سوودی بۆ مرۆڤایەتی هەبووە، بەهەمان شێوە هەندێک دۆگمای عیلمانیش سوودی بۆ خەڵک بووە. ئەم بۆچوونە بە تایبەت بۆ باوەڕی مافی مرۆڤ ڕاستە. تاکە شوێنێک کە ماف بوونی هەیە لەو چیرۆکانەدایە کە مرۆڤ خۆیان دروستی دەکەن و بۆ یەکتری دەگێڕنەوە. ئەم چیرۆکانە لە کاتی خەبات دژی خۆپەرستیی ئایینی و حکومەتە خۆسەپێنەکاندا چەسپاون و بوون بە دۆگمایەکی پەسەندکراو. لە کاتێکدا ئەوە ڕاست نییە کە مرۆڤ مافێکی سروشتی بۆ ژیان یان ئازادی هەیە، بەڵام باوەڕداربوون بەم گێڕانەوەیە دەسەڵاتی ڕژێمە پاوانخوازەکانی دەستەمۆ کرد و کەمینەکانی لە زیان پاراست و ملیاردان کەسی لە خراپترین دەرئەنجامەکانی هەژاری و توندوتیژی پاراست. بەم شێوەیە لە بەختەوەری و خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتیدا بەشدارییەکی گرنگتری لە هەر باوەڕێکی دیکەی مێژوویی کرد.

لەگەڵ ئەوەشدا هەر وەك پێشوو هێشتا ئەویش وەك دوگمایەك سەیر دەكرێ. لە مادەی ١٩ی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتووە: "هەموو کەسێک مافی ئازادی بیروڕا و ئازادی ڕادەربڕینی هەیە." ئەگەر ئەوە وەک داواکارییەکی سیاسی وەربگرین ("دەبێت هەموو کەسێک مافی ئازادی ڕادەربڕینی هەبێت")، کەوابوو تەواو ماناکەی ڕاستە. بەڵام ئەگەر پێمان وایە هەموو تاکێکی ساپیێنس لە بنەڕەتدا "مافی ئازادی ڕادەربڕین"ی پێبەخشراوە، بەم شێوەیە سانسۆر دەبێتە پێشێلکردنی مافێکی سروشتی، ئەوا ڕاستییەکانی سەبارەت بە مرۆڤایەتی لەدەست دەدەین. تا ئەو کاتەی خۆمان وەک تاکێک پێناسە بکەین کە خاوەنی "مافی سروشتی بێبەشنەکراو"ین، نازانین بەڕاستی کێین، هەروەها تێناگەین چ هۆکارێکی مێژوویی کۆمەڵگاکەمان و عەقڵ وڕۆحی خۆمانی لە قاڵب داوە (لەوانەش باوەڕمان بە مافە سروشتییەکان). ڕەنگە لە سەدەی بیستەمدا کە خەڵک سەرقاڵی شەڕی هیتلەر و ستالین بوون، ئەو جۆرە

نەزانییە زۆر گرنگ نەبووایە. بەڵام لە سەدەی بیست و یەکەمدا دەتوانێت کوشندە بێت، چونکە بایۆتکنۆلۆژیا و زیرەکی ژیری دەستکرد ئێستا دەیانەوێت شتێکی بنەڕەتی بگۆڕن، ئەویش "گۆڕینی مانای مرۆڤ بوونە". ئەگەر ئێمە پابەند بین بە مافی ژیانەوە، ئایا ئەوە مانای ئەوەیە کە پێویستە بایۆتکنۆلۆژیا بەکاربهێنین بۆ زاڵبوون بەسەر مردندا؟ ئەگەر ئێمە پابەند بین بە مافی ئازادییەوە، ئایا پێویستە ئەلگاریتمەکان بەهێز بکەین بۆ بەدیهێنانی ئارەزووە شاراوەکانمان؟ ئەگەر هەموو مرۆڤێك مافی مرۆڤی یەکسانیان هەبێت، ئایا دەبێ بە مرۆڤی سەرووی مرۆڤەکان مافی تایبەتی پێبدرێ؟ مرۆڤە عیلمانیەکان تا ئەو کاتەی بە باوەڕێکی دۆگماتیکەوە بە مافەکانی مرۆڤەوە گرێدراو بن، بە زەحمەت مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە پرسانە دەکەن. دۆگمای مافی مرۆڤ لە سەدەکانی پێشوودا وەک چەکێک لە دژی ڕژێمی نازییەکان و کوکلۆکس کلان پەرەی پێدرا و توند و تیژترکرایەوە، بەڵام ئەو کەرەسەیە بۆ هەڵس و کەوت لە هەنبەر مرۆڤی سەرووی مرۆڤ و کامپیۆتری ژیر، گونجاو نییە. لە کاتێکدا بزووتنەوەکانی مافی مرۆڤ جبەخانەیەکی زۆر سەرنجڕاکێشیان لە ئارگیومێنت و بەرگری لە دژی پێشوەختەی ئایینی و ستەمکارە مرۆییەکان کۆکردۆتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم جبەخانەیە ئێمە لە زیادەڕۆیی لە بەکاربردن و یۆتۆپیا تکنۆلۆژییەکان ناپارێزێت.

## سێبەرەكان بناسین و دانیان پێدابنێین

نابێ سێكۆلاریزم لەگەڵ دۆگماتیزمی ستالینیستی یان لەگەڵ بەرهەمە تاڵەكانی ئیمپریالیزمی ڕۆژئاوا و پیشەسازیی لەڕادەبەدەر لێك هەڵوەشاو و ئاڵۆزی ئەوڕۆیی هاوتا بكرێت. هاوكاتیش ناتوانین خۆمان لە هەنبەر بەرپرسایەتی بەڕێوەچوونی ئەركەكانی كۆمەڵگا بشارینەوە. بزووتنەوە عیلمانییەكان و دامەزراوە زانستییەكان بە بەڵێنیدان بۆ كامیلكردنی مرۆڤایەتی و بۆ بەڕێوەبردنی ئەركەكانی كۆمەڵ ملیاردان مرۆڤیان بەدیل گرتووە. ئەو چەشنە بەڵێنیانە نەک هەر بوونەتە هۆی كەمكردنەوەی نەخۆشی وبرسێتی بەڵكوو بوونەتە هۆكار بۆ تووناكردنی ماكە سروشتییەكان و توانەوەی سەهۆڵبەندانی جەمسەرەكانی گۆی زەوی. ئێستا ڕەنگە هۆكاری باشت هەبێت بۆ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بكەیت و بڵێی هەموو ئەمانە خەتای مرۆڤن كە لە ئایدیالە عیلمانییە ناوەكییەكان و ڕاستییەكانی زانست بە هەڵە تێگەیشتوون و جیهانیان پێ شێواندووە. لەو بارەیەوە لە هەڵەدا نابی ئەگەر تۆش لەسەر ئەو باوەڕە بیت. بەڵام هەموو بزووتنەوە و شۆڕشێكی نوێ ڕووبەڕووی ئەم كێشانە دەبنەوە.

بۆ وێنە مەسیحییەكان بەرپرسن بۆ تاوانە گەورەكانی وەك لێپرسینەوەی ئایینی"Inquisition"، شەڕی خاچپەرستان، چەوساندنەوەی كولتووورە ڕەسەنەكان لە سەرانسەری جیهان و بێبەشكردنی مافی ژنان. ڕەنگە مەسیحییەک وەڵام بداتەوە كە هەموو ئەم تاوانانە لە بەهەڵە تێگەیشتنێكی تەواو لە مەسیحییەتەوە سەریان هەڵداوە. عیسا بە هەموو تواناییەوە بانگەشەی خۆشەویستی كردووە و هەموو ئەو تاوانە مەزنانە ئەزموونی تێنەگەییشتن لە فێركارییەكانی ئەو بووە. لەوانەیە بتوانین لەم بۆچوونە تێبگەین بەڵام هەڵە دەبێت ئەگەر زۆر بە پەلە مەسیحییەت لەم تاوانانە دوور خەینەوە. ئەو مەسیحییانەی نیگەرانی ئەو تاوانانن ناتوانن بە ساكاری دەستی خوێناوییان لەو كردەوە دڕندانەیە بشۆنەوە ــ بەڵكوو پێویستە چەند پرسیارێكی ناخۆش لەخۆیان بكەن. لەڕاستیدا چلۆن ئایینە خۆشەویستەكەیان ڕێگای داوە بەم شێوە ناحەزە نەك جارێك

بەڵكوو چەندین جار كەڵكی نابەجێی لێ وەرگیرێ؟ ئەو پرۆتێستانانەی كە دەیانەوێت هەموو تاوانەكە بخەنە ئەستۆی كۆنەپەرستیی كاتۆلیكان، پێویستە چەند كتێبێك لەسەر ڕەفتاری كۆلۆنیالییە پرۆتێستانەكان لە ئێرلەند یان ئەمریكای باكوور بخوێننەوە. بە هەمان شێوە ماركسیستەكان دەبێ بپرسن چ هۆكارێك بەهۆی فێركارییەكانی ماركسەوە ڕێگەی بۆ تووناكردنی ئەم جیهانە خۆش كرد، زانایان دەبێ بیر لەوە بكەنەوە بۆچی پرۆژەی زانستیی بەو شێوەیە بێمانا و ناسەقامگیربوونی ئیكۆسیستەمی جیهانی قبوڵ كرد، و بە تایبەتی "ژێن"ناسان دەبێ وەک هۆشدارییەک وەریبگرن كە چۆن ناسیۆناڵ سۆسیالیستەكان سوودیان لە تیۆرییەكانی داروینی وەرگرت.

هەموو ئایین و ئایدۆلۆژیا و باوەڕێک سێبەری خۆی هەیە و هەر بیروباوەڕێكت هەبێ، پێویستە دان بە سێبەرەكانیدا بنێیت و نابێ متمانە بەو بۆچوونە ساكارە بكەیت كە **"ئەم كارە ناتوانێ بەسەرئێمەدا بێت."** بەڵام تەوەری عیلمانی لانیكەم بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئایینە نەریتییەكان، ئایدۆلۆژیا و باوەڕەكانیتر سوودێكی گەورەی هەیە، ئەویش ئەوەیە كە سێبەرەكەی ترسی ناخاتە سەر و ئامادەیە لانیكەم لە پرەنسیپدا دان بە هەڵە و خاڵە كوێر و لاوازەكانی خۆیدا بنێیت. لە لایەكیتریشەوە هەر كەس باوەڕی بە ڕاستییەكی ڕەهاكەر لە لایەن هێزێكی زاڵەوە هەبێت ئیزنی هەڵە و ڕەخنەی پێ نادرێت – چونكە ئەو كارە هەموو چیرۆكەكەی لە بنەڕەتەوە لێ تێك دەدات. بەڵام ئەگەر باوەڕت بە دۆزینی ڕاستییەكان بەهۆی ئەو كەسانەوە هەیە كە هەڵەكارن، ئەوا بێگومان داننان بە هەڵەكاندا بەشێكە لە یاریی ژیان.

ئەمە یەكێكە لەو هۆكارانەی كە بزووتنەوە عیلمانییە نادۆگماتیكەكان مەیلیان هەیە بەڵێنی تاڕادەیەک بێگەرد و بێ خەوشی بۆ بدەن. ئەوان ئاگاداری ناتەواوییەكانیانن و هیوادارن گۆڕانكاری بچووک یا مەزن بەڕێوەبەرن بۆ بەرزكردنەوەی مووچە بۆ چەند دۆلار یان نزمكردنەوەی مردنی منداڵان. یەكێک لە تایبەتمەندییەكانی ئایدۆلۆژیای دۆگماتیک ئەوەیە كە بەهۆی دڵنیایی زێدەڕۆ لە خۆیانەوە، بەردەوام بەڵێنی بەڕاستوەرگەڕانی شتە مەحاڵەكان دەدەن. سەركردەكانیان زۆر بە كراوەیی باس لە "ئەبەدیەت"، "پاكی" و "ڕزگاربوون" دەكەن، گۆیا بە دەركردنی یاسایەک،

دروستكردنی پەرستگایەک، یان داگیركردنی هەندێک خاک، بتوانن بە دامەزراندنی ڕێكوپێكییەكی مەزن هەموو جیهان ڕزگار بكەن.

ئەمڕۆ كە ڕووبەڕووی گرنگترین بڕیارەكانی مێژووی ژیان دەبینەوە، من خۆم متمانە بەو كەسانە دەكەم كە دان بە نەزانیندا دەنێن نەک ئەوانەی ئیدیعای بێ هەڵەیی دەكەن. ئەگەر دەتەوێت ئایینەكەت، ئایدۆلۆژیاكەت یان جیهانبینیت ببێتە ڕێبەرێک بۆ جیهان، یەكەم پرسیارم بۆ تۆ ئەوەیە: **"گەورەترین هەڵەی ئایین، ئایدۆلۆژیا یا بیروباوەڕەكەت چییە؟ چی بۆتە هۆكار كە ڕێگایەكی هەڵەت گرتۆتە بەر؟"** ئەگەر نەتوانیت وەڵامێكی تا ڕادەیەک جیددی و ڕوونم بدەیتەوە، لانیكەم "من" متمانەت پێ ناكەم.

# بەشی چوار: ڕاستی

ئەگەر بەهۆی بارودۆخی جیهانییەوە هەست بە سەرلێشێواوی دەكەیت، لە هەڵە دا نیت و بە تەواوی ڕاست دەكەیت. پرۆسە جیهانییەكان ئەوەندە ئاڵۆز بوون كە تاك چیتر لێیان تێناگات. كەواتە چلۆن ڕاستیەكان دەربارەی جیهان فێر بین و خۆمان لە بوون بە قوربانی پڕوپاگەندە و زانیاری هەڵە دوور ڕاگرین؟

## ئەركی پازدە: نەزانین

### كەمتر لەوە دەزانی كە باوەڕت پێی هەیە

لە بەشەكانی پێشوودا تێڕوانینێكی گشتیمان لەسەر هێندێك كێشە و پێشهاتە گرنگەكانی سەردەمی ئەمڕۆ لە مەترسی تێڕۆرەوە هەتا مەترسییە چاوەڕواننەكراوەكانی تەكنۆلۆژیای مودێرن خستە ڕوو. ئەگەر نەتوانی لەو هەستە سەیروسەمەرەیە خۆت ڕزگار كەیت و تێگەیشتن لەو تەوەر بۆت نامۆ بێ، ئەوە تۆ بە تەواوی ڕاست دەكەیت. كەس ناتوانێت.

لەم سەدانەی دواییدا بیری لیبراڵی باوەڕێكی مەزنی بە تاكی عەقڵانی پەرەپێداوە. مرۆڤی تاك وەك ئاكتەرێكی سەربەخۆ و عەقڵانی دەبینێ و ئەم بوونەوەرە خەیاڵییەی كردۆتە بنەمای كۆمەڵگای مودێرن. دیموكراسی لەسەر ئەو تێڕوانینە دامەزراوە كە دەنگدەر دەزانێت چی دروست و باشە، بازاڕی ئازادی كار پێی وایە مافی ڕاستەقینە هەمیشە هی كڕیارە و پەروەردەی لیبراڵی فێری خوێندكاران دەكات كە بۆ خۆیان ئازادانە بیر بكەنەوە.

بەڵام هەڵەیە هێندە متمانە و باوەڕ بە تاکی عەقڵانی بکرێت. بیرمەند و فێمینیستەکانی پۆستکۆلۆنیالیزم پێشنیاریان کردووە کە ئەم "تاکە عەقڵانییە" ڕەنگە خەیاڵێکی شۆڤێنیستی ڕۆژئاوایی بێت کە سەربەخۆیی و دەسەڵاتی پیاوانی چینی لای سەرەوەی سپی پێست شکۆمەند دەکات. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، ئابووریناسانی ڕەفتار و دەروونناسانی پەرەسەندن پیشانیان داوە کە زۆربەی بڕیارەکانی مرۆڤ لەسەر بنەمای وەڵامدانەوەی سۆزداری و بڕیاری کورتخایەن دراون نەک لەسەر شیکاری عەقڵانی، هەروەها ڕەنگە هەست و سۆز و ستراتیژییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانمان زیاتر لەگەڵ ژیان لە سەردەمی بەرد یا سەردەمی سیلیکۆن"Silicon" دا گونجاو بووبێت، بەڵام بەداخەوە بە تەواوەتی بەکارنەهاتوو و بێ کەڵکن.

نەك هەر عەقڵانییەت، بەڵکوو تاکایەتیش تەنیا ئەفسانەیەکە. مرۆڤ بە دەگمەن سەربەخۆ بیر دەکەنەوە، بەڵکوو بیرکردنەوەیان زیاتر بە گرووپ و کۆمەڵە. هەروەک چۆن بۆ پەروەردەکردنی منداڵ پێویست بە بنەماڵە و تەنانەت هۆز هەیە، بۆ داهێنانی ئامرازێک، چارەسەرکردنی ململانێ یاخود کێشە یان نەخۆشییەکیش، پێویستی بە کۆمەڵی مرۆڤ هەیە. هیچ کەسێک ناتوانێ بەتەنیا بۆ دروستکردنی کڵێسا، بۆمبی ئەتۆمی، یان فڕۆکە هەموو زانیارییەکی هەبێ. ئەوەی کە مرۆڤی هۆمۆ ساپیێنس سنووری خۆی بەسەر هەموو ئاژەڵەکانیتردا سەپاند و ئێمەی کردە ئاغای هەسارەکە عەقڵانییەتی تاکەکەسیمان نەبوو، بەڵکو توانای بێهاوتای ئێمە بوو بۆ بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ لە گروپە گەورەکاندا.

تاکەکان بە شێوەیەکی ترسهێنەر لە سەر جیهان زانیاری گەلێك کەمیان هەیە و بەو ڕادەیەی پێشکەوتوویی زیاتر پەرە دەستێنێ بەهەمان ڕادەش کەمتر دەزانن. ڕاوچی و کۆکەرەوەیەکی سەردەمی بەرد دەیزانی چۆن جل و بەرگی خۆی دروست بکات، چۆن ئاگر دابگیرسێنێت، چۆن دوپشک ڕاو بکات و چۆن لە دەستی شێری دڕندە ڕزگاری بێت. ئێمە پێمان وایە ئەمڕۆ زۆر زیاتر لەوان دەزانین، بەڵام لە ڕاستیدا وەک تاك زۆر کەمتر لەوان دەزانین. بۆ هەموو پێداویستییەکانی ژیانمان پشت بە شارەزایی و ئەزموونی کەسانی دیکە دەبەستین. لە تاقیکردنەوەیەکدا، داوا لە خەڵک کرا هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە بکەن کە تا چ ڕادەیەك لەبارەی زیپێکی ئاسایی پاتۆڵەوە دەزانن.

زۆربەیان وتوویانە تێگەیشتنێكی زۆر باشیان هەیە لە چۆنیەتی كاركردنی – چونكوو ئەوان بەردەوام و هەموو ڕۆژێك زیپیان بەكار هێناوە. پاشان داوایان لێكرا تا دەتوانن بە وردی باس لەوە بكەن كە بەڕاستی چی ڕوودەدات كاتێك زیپەكە بەكار دێنن. زۆربەیان هیچ زانیارییەكیان نەبووە. ستیڤن سلۆمان "Steven Sloman" و فیلیپ فێرنباخ "Philipp Fernbach" ئەم دیاردەیەیان بە "وەهمی زانین" ناوبردووە. ئێمە بە تاك پێمان وایە زۆر شت دەزانین تەنانەت كاتێک زۆر كەمیش دەزانین، چونكە ئێمە مامەڵە لەگەڵ ئەو زانستەدا دەكەین كە لە مێشكی كەسانی تردا هەیە و بە هی خۆمانی دادەنێین.

مەرجیش نییە ئەوە كارێكی خراپ بێ. پشت بەستنمان بە بیركردنەوەی گروپ ئێمەی كردۆتە سەروەری جیهان و وەهمی زانین وامان لێدەكات بەبێ ئەو هەوڵە وەهمییەی كە پێمان وایە لە هەمووشتێك تێدەگەین، ڕێگای ژینمانی پێ بدۆزینەوە. لە ڕوانگەی گەشەسەندنەوە، پشتبەستن بە زانیاری كەسانی دیكە بۆ هۆمۆ ساپیێنس لەڕادەبەدەر پڕئەزموون و كارێكی باش بووە.

بەڵام هەر وەک زۆر سیفەتی تری مرۆڤ كە لە ڕابردوودا مانای قووڵیان هەبووە لە سەردەمی مۆدێرندا كێشەیان بۆ دروست دەكات، وەهمی زانین لایەنی خراپی خۆیشی هەیە. جیهان بە پێی كات بەردەوام ئاڵۆزتر دەبێت و تەنانەت مرۆڤ هەست بەوە ناكەن كە چەندە كەم زانیاریان لەسەر ڕووداوەكانی ژیانیان هەیە. لە ئەنجامدا، هەندێک كە لە پەناوە هیچ زانیارییەكیان دەربارەی كەشناسی یان بایۆلۆجی نییە سەرەڕای ئەوەش پێشنیاری سیاسەت لەسەر گۆڕانی كەشوهەوا و بەرهەمی جینۆمی دەدەن، لە كاتێكدا هەندێكی تر زۆر باش دەزانن لە عێراق یان ئۆكرانیا چی پێویستە بكرێت بەڵام ناشتوانن ئەم وڵاتانە لەسەر نەخشە بدۆزنەوە. خەڵک بە دەگمەن سەرنجی نەزانییەكانیان دەدەن چونكە خۆیان لەناو ژوورێكدا قفڵ كردووە، بۆچوون و ڕوانگە و جیهانبینیان بەردەوام وەك دەنگی ناو ئەشكەوت دەنگدەداتەوە و دووپات دەبێتەوە كە تێیدا بیروباوەڕەكانیان بەردەوام بەهێز دەكرێن و بە دەگمەن دەخرێنە ژێر پرسیار و ڕەخنەوە.

پێدان و گەیاندنی زانیاریی زیاتر و ووردتر بە خەڵک، بە ئەگەری زۆر کارەکە هاسانتر ناکاتەوە. زانایان پێیان وایە پەروەردەی باشتری زانستی دەتوانێت تێڕوانینە هەڵەکان توونا بکات، هەروەها مرۆڤ هیواخوازن بە پێشکەشکردنی ڕاستی و دروستی هەواڵەکان و ڕاپۆرت و بەڵگەی پسپۆڕان بە خەڵکی لەسەر پرسی وەک ئۆباما یان گۆڕانی کەشوهەوا کاریگەریان لەسەر ڕای گشتی هەبێ. ئەم جۆرە هیوایانە لەسەر بنەمای تێگەیشتنێکی هەڵەیە کە مرۆڤ بەڕاستی چۆن بیردەکەنەوە. زۆربەی بۆچوونەکانمان لە بیرکردنەوەی گرووپی بەکۆمەڵەوە هەڵدەقوڵێن نەک لەڕووی عەقڵانییەتی تاکەکەسییەوە. هەروەها لەڕووی هەستی دەربڕینی دڵسۆزی و گیرۆدەیی بە گرووپ و کۆمەڵەکانەوە خۆمان قایمتر بە بیر و باوەڕەکەمانەوە هەڵدەواسین. ئەگەر مرۆڤ بە بەڵگە و ڕاستییەکان بۆردومان بکەیت و بەم شێوەیە تایبەتمەندییە تاکەکەسییەکەیان لێ بشاریەوە، ئەم تەقەیە دەتوانێت کاردانەوەی لێبکەوێتەوە. زۆربەی خەڵک حەزیان لە بەڵگەی زۆر و ڕاستەقینەی تەوەرەکان نییە، هەروەها بە دڵنیاییەوە حەز بە هەستکردن بە گەمژەیی و نەزانین ناکەن. بۆیە زۆر دڵنیا مەبە لەوەی کە دەتوانیت بە بۆردومانکردن بە داتای ئاماری بۆ وێنە لایەنگرانی حیزبێك بە ڕاستەقینەی گۆڕانی کەشوهەوا ڕازی بکەیت.

هێزی بیرکردنەوەی گرووپی ئەوەندە چەسپاوە کە شکاندنی ئەستەمە، بەتایبەت لە کاتێکدا کە بیروباوەڕەکانی دەرئەنجامی تا ڕادەیەک ئارەزوومەندانە دەردەکەون. بۆ نموونە کۆنەپەرستانی ڕاستڕەو لە ئەمریکا، بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پێشکەوتنخوازە چەپەکان، زۆر کەمتر نیگەرانی تەوەری وەک پیسبوونی کەش و هەوا یا لەناوچوونی چەشنەکانن هەر بۆیەش لویزیانا "Louisiana" یاسای ژینگەیی زۆر لاوازترە لە ماساچوسێت "Massachusetts". ئێمە بەم دۆخانە ڕاهاتووین، بۆیە بە شتێکی ئاسایی دەزانین، لە کاتێکدا بەڕاستی شتێکی گەلێك سەرسووڕهێنەرن. لە ڕاستیشدا مرۆڤ دەبوو پێی وابێ کە کۆنەپەرستان دەبێ زۆر زیاتر گرنگی بە پاراستنی نەزمی ئیکۆلۆژی کۆن و پاراستنی زەوی و دارستان و ڕووبارەکانی باوباپیرانیان بدەن. لە بەرامبەردا، ڕەنگە لە مرۆڤە پێشکەوتنخوازەکان چاوەڕوان بکرێت سەبارەت بە گۆڕانکارییە ڕیشەییەکان لە ژینگەدا چالاکتر بن، بە تایبەت کاتێک ئامانجەکە لە پێناو خێراکردنی پێشکەوتن و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی مرۆڤە. بەڵام کاتێک بەهۆی

چەواشەكارییە جۆراوجۆرەكانی مێژووەوە هێڵێكی دابەشكەری حزبی لەسەر ئەم پرسانە كێشرا، بۆ كۆنەپەرستان بۆتە سروشتی دووەم كە مەترسی ڕووبارە پیسەكان و باڵندە نەماوەكان بە زێدەڕۆیی بزانن و ڕەتیان بكەنەوە.

تەنانەت زاناكانیش لە هێزی بیركردنەوەی گرووپی بێبەری نین. بەم پێیە، ئەو زانایانەی كە پێیان وایە ڕاستییەكان دەتوانن ڕای گشتی بگۆڕن، ڕەنگە خۆیان ببنە قوربانی بیركردنەوەی گرووپی زانستی. كۆمەڵگەی زانستی باوەڕیان بە هێزی ڕاستییەكان هەیە، بۆیە ئەوانەی دڵسۆزی ئەو كۆمەڵگەیەن بەردەوامن لە گریمانەكردنی ئەوەی كە دەتوانن بە ئاماژەكردن بە ڕاستی و بەڵگە دروستەكان، سەرەڕای بەڵگەی ئەزموونە پێچەوانەكەیان، مشتومڕەكانی گشتی سەربخەن.

بە هەمان شێوە، ڕەنگە بڕوای لیبڕاڵ بە عەقڵانییەتی تاكەكەسی، بەرهەمی بیركردنەوەی گرووپی لیبڕاڵ بێت. لە دیمەنێكی سەرەكی نایاب لە فیلمی ژیانی برایانی مۆنتی پایتۆن "Monty Python"، جەماوەرێكی بەرفراوانی چاكەكاران بە مەبەستێكی باش برایان "Brian" بە هەڵە بە مەسیح دادەنێن. برایان بانگی قوتابییە گەنجەكان دەكات: "گوێ ڕاگرن. هیچ سوودێكی نییە شوێن كەسێک بكەویت كە تەنانەت نایناسیت. تەنیا دەبێ بیر لە خۆتان بكەنەوە. هەمووتان تاكن و هەمووتان تەواو جیاوازن!" لەسەر ئەو گوتانە جەماوەرەكە یەكدەنگ هاوار دەكەن: "بەڵێ! ئێمە هەموومان تاكین! "بەڵێ! ئێمە هەموومان گەلێك جیاوازین!" بەم شێوەیە مۆنتی پایتۆن ئۆرتۆدۆكسی دژە كولتوری ساڵانی شەستەكانی هان دا، بەڵام بە هەمان شێوە دەتوانرێت هەمان شت لەبارەی باوەڕ بە تاكگەرایی عەقڵانییەوە بە شێوەیەكی گشتیتر بگوترێ. دیموكراسییە مۆدێرنەكان لە كۆمەڵێك پێكهاتوون كە بە یەک دەنگ هاوار دەكەن: "بەڵێ دەنگدەر دەزانێت باشترین ڕێگای ژیان چییە! بەڵێ، كڕیار هەمیشە ڕاست دەكات"!

## چاڵی ڕەشی دەسەڵات

بەڵام کێشەی بیرکردنەوەی بە گروپ و تێنەگەیشتوویی تاکەکەسی نەک هەر دەنگدەرانی ئاسایی و کڕیار لەخۆی دەگرێ، بەڵکو سەرۆکی وڵاتان و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکانیش دەگرێتەوە. لەوانەیە ئەوان ڕاوێژکاری زۆر و سیستەمی هەواڵگری و سیخوڕی فراوانیان هەبێت، بەڵام مەرج نییە ئەوە بارودۆخەکە باشتر بکات. کاتێک حوکمڕانی جیهان دەکەیت، لەڕادەبەدەر قورس دەبێ بتوانی ڕاستییەکان بدۆزیتەوە. مرۆڤ بە ساکاری ئەرکێکی زۆری لەسەر شانە. زۆربەی سەرکردە سیاسییەکان و کۆمەڵە بازرگانییەکان بەردەوام سەرقاڵن. بەڵام ئەگەر بتەوێت بە قووڵی بچیتە ناو بابەتێکەوە، پێویستیت بە کاتێکی زۆرە، لە سەرووی هەمووشیانەوە پێویستت بەو دەرفەتەیە کە بتوانیت کات بەفیڕۆ نەدەیت. مرۆڤ دەبێت بەهۆی تاقیکردنەوە، هەستکردن بە بنبەستەکان، فەزا دۆزینەوە بۆ گومان و بێزاربوون لە چالاکی، ڕێگە بدات تۆوی بچووکی زانین گەشە بکات و بەو هیوایەش بێ لە داهاتوودا بەری هەبێ و گوڵ بکا. ئەوانەی توانای کات بەفیڕۆدانیان نییە، هەرگیز ڕاستییەکان نادۆزنەوە.

لەوەش خراپتر، دەسەڵاتە گەورەکان بە ناچاری یاخود بە ئانقەست ڕاستییەکان دەشێوێنن. چونکە دەسەڵات لە سەرووی هەمووشتێکەوە بە مانای گۆڕینی ڕاستییەکانە و ڕاستەقینەی تەوەرەکان بەو شێوەیەی کە هەن، پیشان نادەن. کاتێک چەکوشێکت بە دەستەوەیە، هەموو شتێک لەبەر چاوت وەك بزمار دەچێت؛ کاتێکیش دەسەڵاتێکی گەورەت بەدەستەوەیە، هەموو شتێک لەبەر دەستت وەك بانگەشەکردن دەچێت بۆ دەستتێوەردان و مانیپۆلاسیۆن. تەنانەت ئەگەر بە جۆرێک بەسەر ئەم حەزەدا زاڵ بی، کەسانی دەوروبەرت هەرگیز ئەو چەکوشە مەزنە لەبیر ناکەن کە لە دەستتدا ڕاتگرتووە. هەرکەسێک قسەت لەگەڵ دەکات باسی خەمێکی ئاگادار یان نائاگای خۆی دەکات، بۆیە هەرگیز ناتوانیت بە تەواوی متمانەت بە قسەکانی مرۆڤی دەوروبەرت

هەبێت. هیچ سوڵتانێک ناتوانێ هەرگیز دڵنیا بێت لەوەی دەربار و ڕەعیەتەکانی ڕاستی پێ دەڵێن.

بەم شێوەیە دەسەڵاتی گەورە وەک چاڵێکی ڕەش کاردەکات، فەزای دەوری خۆی دەشێوێنێت. هەتا زیاتر لێی نزیک ببێتەوە، بەو ڕادەیەش شتەکان ناشەفافتر دەنوێنن. هەموو وشەیەک لەگەڵ چوونە ناو خولگەکەوە لەڕادەبەدەر قورس دەنوێنێ و هەر کەسێک کە چاوت پێی دەکەوێت هەوڵدەدات بەسەرتدا هەڵبڵێت، یان ئارامت بکاتەوە، یان شتێکی لێت دەوێت. خەڵک دەزانن کە تۆ لە یەک دوو خولەک زیاتر کاتت بۆ ئەوان نییە، دەترسن شتێکی نەشیاو یان سەرلێشێواو بڵێن، بۆیە هەوڵدەدەن دروشمی بەتاڵ یان بۆچوونی سەیروسەمەرە بدەن.

چەند ساڵێک لەمەوبەر لەگەڵ بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل بانگهێشتن کرام بۆ خواردنی نانی شەوێ. هاوڕێیانم ئامۆژگارییان کردم کە نەچمە ئەوێ، بەڵام نەمتوانی بەرەنگاری ئەو وەسوەسەیەم ببمەوە. پێم وابوو ڕەنگە لەوێ بتوانم هەست بە چەند نهێنییەکی گەورە بکەم، کە تەنیا بۆ گوێی گرنگ لە پشت دەرگای داخراوەوە دانراون. بەڵام تووشی ناهومێدییەکی مەزن بوومەوە! نزیکەی سی کەس بانگهێشت کرابوون، هەریەکەیان هەوڵیان دەدا سەرنجی پیاوە گەورەکە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، بە قسەی لووس سەرسامی بکەن، ڕەزامەندی خۆیان بەدەستبهێنن، یان شتێکی لێ وەربگرن. ئەگەر کەسێك لەوێ نهێنییەکی گەورەی بناسیبایە، بە هەموو توانایییەوە هەوڵی دەدا تەنیا لای خۆی ڕایگرێ. لەڕاستیدا ئەو دۆخە خەتای نەتانیاهۆ یا کەسەکانیتر نەبوو، هەڵەکاری سەرەکی هێزی ڕاکێشان بۆ دەسەڵات بوو.

ئەگەر بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێی، دەبێت خۆت لە چاڵی ڕەشی دەسەڵات دوور ڕاگری و ڕێگە بە خۆت بدەی کاتێکی زۆر تەرخان بکەی کە لەو سەرگەردانی و بەدەورخولانەوەیەدا خۆت ڕزگار بکەیت. مەعریفەتی شۆڕشگێڕانە بە دەگمەن بەرەو ناوەندی تەوەرەکە ڕێنوێنی دەکرێ، چونکە ئەو ناوەندە پێشتر لە زانست و مەعریفەتی چەقکراو پڕکراوەتەوە. بەگشتی پارێزەرانی نەزمی کۆن هەر وەك عادەت دیاری دەکەن کە کێ دەچێتە ناو ناوەندەکانی دەسەڵاتەوە، ئەوان بە کردەوە هەوڵ دەدەن ئەو

کەسانە دەستنیشان بکەن کە بیرۆکەی بێزارکەر و ناتەقلیدی دەهێننە سەر مێزی گفت وگۆ. سروشتییە هەندێکی زۆر لە شتە خراپەکان فیلتەر دەکەن. بۆ ئەوەی بانگەشە بۆ فۆرمی ئابووری جیهان بکەن, مەرج نییە کە مرۆڤ ژیر و زیرەك بێت. هەر بۆیە دەبێت کاتێکی زۆر لە پەراوێزدا بەسەر بەریت - لەوانەیە هەندێک تێگەیشتنی شۆڕشگێرانەی درەوشاوە لەوێ هەبێت، بەڵام زۆربەی کات پڕە لە گریمانە بێ بنەماکان، نمونەی بێهیوا، دۆگمای خورافات و تیۆری پیلانگێڕیی بێ بنەما.

بەم شێوەیە سیاسەتمەداران بەردەوام لە دووڕیانێکدان. ئەگەر لە ناوەندی دەسەڵاتدا بمێننەوە، تێڕوانینێکی لەڕادەبەدەر شێواویان بۆ جیهان دەبێت. ئەگەریش لە دەوری دەسەڵات بخولێنەوە، زۆر بە پەلە کاتە بەنرخەکانیان بەفیڕۆ دەدەن. دۆخی ئەم دووڕێییە بە پێی کات خراپتر دەبێتەوە. بە دڵنیاییەوە لە دەیەکانی داهاتوودا جیهان لەوە ئاڵۆزتر دەبێت کە ئێستا هەیە. لە ئەنجامدا تاکەکان- جووتیاران و هەروەها سەرۆك و پاشاکان- تەنانەت کەمتر لەبارەی ئەو ئامێرە تکنۆلۆژییانە، ڕەوتە ئابوورییەکان و دینامیکی سیاسی دەزانن و تێدەگەن کە جیهانی پێ لە قاڵب دەدەن. وەک سوقرات زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر تێبینی کردووە، باشترین شت کە دەتوانین لەم جۆرە بارودۆخانەدا بیکەین ئەوەیە کە دان بە نەزانینی خۆماندا بنێین.

بەڵام لێکەوت و ئەزموونەکانی ئەو گرفتە بۆ ئەخلاق و دادپەروەری چین؟ ئەگەر نەتوانین لە جیهان تێبگەین، چۆن هومێدمان هەبێ جیاوازیی نێوان ڕاست و هەڵە، دادپەروەر و ناڕەوا جیابکەینەوە؟

## ئەركی شازدە: دادپەروەری

### واهەیە كاتی هەستی دادپەروەریمان بەسەرچوو بێت

وەک هەموو هەستەکانیترمان، هەستی دادپەروەریشمان ڕەگ و ڕیشەی گەشەسەندنی گەلێك كۆنی هەیە. ئەخلاق و هەڵس و كەوتی مرۆڤ لە ماوەی ملیۆنان ساڵ گەشەسەندندا لە قاڵب دراوە و خۆی گونجاندووە بۆ پەرەسەندنی ئەو ئەركە كۆمەڵایەتی و ئەخلاقییانەی كە لە ژیانی گرووپە بچووكەكانی ڕاوچی-كۆكەرەوەدا سەریان هەڵداوە. ئەگەر من لەگەڵ تۆ چوومە ڕاو و ئاسكێكم ڕاوكرد لە كاتێكدا تۆ هیچت وەدەست نەكەوتووە، ئایا دەبێ دەسكەوتەكەم لەگەڵ تۆدا بەش بكەم؟ ئەگەر كارگ كۆبكەمەوە و بە سەوەتەیەكی پڕەوە بێمەوە، ئایا ئەو ڕاستییەی كە من لە تۆ بەهێزتر نیشان دەدا ڕێگەم بۆ خۆش دەكات ئەو هەموو كارگە تەنیا بۆ خۆم ڕاگرم؟ هەروەها ئەگەر بزانم تۆ پلانت هەیە بەو هۆیەوە بمكوژیت، ئایا كارێكی باشە پێشوەختە مامەڵە بكەم و لە ژێر تاریكی شەودا گیانت بستێنم؟

بە شێوازی ڕووكاری و ساكار، لەو كاتەوەی كە ساڤانای ئەفریقامان بە لێرەوارەكان گۆڕیەوە، زۆر گۆڕانكاری بەسەرهەڵس و كەوتی مرۆڤدا نەهاتووە. ڕەنگە مرۆڤ بیر لەوە بكاتەوە كە ئەو پرسیارانەی ئەمڕۆ ڕووبەڕوومان دەبنەوە - شەڕی ناوخۆ لە سوریا، نایەكسانی جیهانی، گۆڕانی كەشوهەوا - تەنیا هەمان پرسیارە كۆنەكانن و تەنیا كەمێک گەورە و بەرفراوانتر بوونەوە. لەوانەشە وەهم و خەیاڵێك زیاتر نەبن. قەبارە ڕۆڵێكی گەلێك گرنگ دەگێڕێ و لە ڕوانگەی دادپەروەرییەوە (وەک زۆرێک لە ڕوانگەكانیتر) ئێمە لە ڕاستیدا هێشتا گونجاو نین بۆ ئەو جیهانەی كە تێیدا دەژین.

کێشە تەنیا بەها ئینسانییەکان نین. هاوڵاتیانی سەدەی بیست و یەک، جا عیلمانی بن یان ئایینی، بەهایەکی زۆریان هەیە. کێشەکە جێبەجێکردنی ئەم بەها ئینسانیانەیە لە جیهانێکی ئاڵۆزی گلۆبالیدا. پەیوەندیی نێوان ژمارەکان تاوانبارن. هەستی دادپەروەری خۆتێرکردنی بە شێوەیەکی ئاکار کێوی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو دووڕێیانانەدا داڕێژرابوو کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی چەند یاخود دەیان کەسێک لە ناوچەیەکدا بوو، کە لە چەند یاخود دەیان کیلۆمەتری چوارگۆشە پێکهاتبوو. لە لایەکی دیکەوە کاتێک هەوڵ دەدەین لە پەیوەندییەکانی نێوان ملیۆنان کەس لە سەرانسەری قوڕنەکاندا تێبگەین، هەستی ئەخلاقیمان کول دەبێت.

دادپەروەری تەنیا پێویستی بە کۆمەڵێک بەهای ئەبستراکت نییە، بەڵکو پێویستی بە تێگەیشتن لە پەیوەندییە کۆنکرێتییەکانی "هۆکار- کاریگەری" هەیە. ئەگەر ئێوە ماوەیەکە کارگتان کۆکردۆتەوە بۆ تێرکردنی منداڵەکانتان و منیش بەزۆر ئەم قەڕتاڵە کارگە داگیر دەکەم، ئیتر هەموو هەوڵەکانتان بێ سوود بووە و مناڵەکانتان شەوانە بە برسێتی دەخەون، ئەوە، هەڵس و کەوتێکی نادادپەروەرانەیە. تێگەیشتن لەم بابەتە قورس نییە، چونکە پەیوەندییەکانی هۆکار و کاریگەری بۆ ناسینەوەیان گەلێك هاسان و ساکارە. بەداخەوە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی جیهانی گلۆبالی مۆدێرنمان ئەوەیە کە پەیوەندییە هۆکارەکانی زۆر جیاواز و ئاڵۆزن. من دەتوانم لەماڵەوە بە ئارامی ژیانی خۆم درێژە پێبدەم، پەنجە بۆ هیچ شتێك نەبەم و هیچ زیانێک بە کەسێك نەگەیەنم، لەگەڵ ئەوەشدا بە گوتەی چالاکوانانی چەپ، من بە تەواوەتی لەو هەڵانەی کە سەرباز و دانیشتوانی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا بەڕێوەی دەبەن هاوبەش دەکرێم. ئەگەر بڕوا بە سۆسیالیستەکان بکرێت، ژیانی ئاسوودەی من بەهۆی کارکێشان لە منداڵانی جیهانی سێیەمدا مسۆگەر بووە. هەروەها چالاکوانانی مافی ئاژەڵان بیرم دەخەنەوە کە ژیانم بەستراوەتەوە بە یەکێک لە ترسناکترین تاوانەکانی مێژوو - خستنە ژێر رکێفی ملیارەها ئاژەڵی کێڵگەیی لە لایەن دڕندانەترین ڕووتاندنەوەی مێژووی مرۆڤایەتیدا.

ئایا بەڕاستی من لەو هەموو کارانەدا تاوانبارم؟ بڕیاردانەکە هێندە هاسان نییە. لەبەر ئەوەی بوونی من پەیوەستە بە تۆڕێکی سەرلێشێواو لە پەیوەندییە ئابووری و سیاسییەکانەوە، هەروەها لەبەر ئەوەی پەیوەندییە هۆکارە جیهانییەکان زۆر ئاڵۆزن،

بۆ من ئەستەمە وەڵامی تەنانەت ساكارترین پرسیارەكانیش بدەمەوە: نان و بژیوی ڕۆژانەم لە كوێوە دێت؟ كێ ئەو پێڵاوانەی دروست كردووە كە لەپێی دەكەم؟ هەروەها بیمەی خانەنشینیم چی لە پارەكەم دەكات؟

## دزینی ڕووبارەكان

مرۆڤی ئاكارچیایی سەردەمی كەون دەیزانی نانی نیوەڕۆیی لەكوێوە هاتۆتە سەر سفرەكەی(ئەو خۆی كۆی كردبۆوە)، كێ پێڵاوەكانی بۆ دروست كردووە (خۆی لە پێستی ئەو ئاژەڵانەی بیست متر دوور لەخۆیەوە دەژیان دروستی كردبوو)، هەروەها چلۆن سندووقی خانەنشینییەكەی كار بكات (ئەو منداڵەی لە ناو خۆڵدا یاری دەكرد، تەنیا پلان و هیوای خەڵكی بوون بۆ گارانتیكردنی سەردەمی خانەنشینی). دیارە من خۆم پێشتر زانیاریم زۆر كەم بوو و دوای چەندین ساڵ لێكۆڵینەوە ئەوە ئاشكرا كرا كە ئەو حكومەتەی من هەڵمبژاردووە و دەنگی خۆم پێداوە، بە نهێنی چەك بە دیكتاتۆرێكی ئەودیوی دیكەی جیهان دەفرۆشێت. بەڵام لە جیاتی ئەوی كاتی خۆم بۆ ڕوونكردنەوەی ڕاستییەكان تەرخان كەم، ڕەنگە تێگەیشتن لە تەوەرە زۆر گرنگەكانیتر لەدەست بدەم.

سیستەمەكە بە شێوەیەك دانراوە كە ئەوانەی هیچ هەوڵێك سەبارەت بە زانین و ڕوونكردنەوەی خۆیان نادەن لە دۆخی نەزانێكی بەختەوەردا دەمێننەوە و ئەركی دۆزینەوەی ڕاستییەكان دەخەنە سەر شانی ئەوانەی هەوڵی زانین دەدەن و بە تەواوی ئەركەكانی ئەوان دژوار و قورستر دەكەن. چۆن دەكرێ پێش بە دزی بگیرێ لە كاتێكدا سیستەمی ئابووری جیهانی بەردەوام بەناوی منەوە و بەبێ ئاگاداری من دزی دەكات؟ هێچ كاریگەریی یاخود جیاوازییەكی نابێ چلۆن من لەسەر تەوەری دزیكردن هەڵوێست بگرم (لە ڕاستیدا ئاكاری دزی هەڵەیە، چونكە كارێكی نادورستە و زیان بە قوربانییەكانی دەگەیەنێت) یاخود جیاوازی نابێ باوەڕم بە پابەندبوونی ئەركی ئایینی هەبێ كە دەبێت خۆمی لەگەڵدا بگونجێنم بەبێ گوێدان بە دەرئەنجامەكانی: "دزی هەڵەیە چونكە خودا وای وتووە". كێشەكە ئەوەیە بۆ ئەوەی تێبگەین كە ئێمە لە ڕاستیدا ئەركمان چییە، پلەی ئاڵۆزی و سەرلێشێواوی بەو پەڕی بەرزیی خۆی گەییوە.

فەرمان یاخود یاسای دزینەکردن لە سەردەمێکی تردا دارِێژراوە، دزی بە واتای هەڵگرتنی فیزیکی شتێکە کە خاوەنەکەی یەکێترە. بەڵام ئەمرِۆ پرسە گرنگەکانی راستەقینە سەبارەت بە دزیکردن پەیوەندییان بە سیناریۆی تەواو جیاوازەوە هەیە. با بڵێین من ١٠ هەزار دۆلار لە کۆمپانیایەکی گەورەی نەوت دادەنێم، کە ساڵانە لەسەدا پێنج داهاتم پێدەبەخشێت. کۆمپانیاکە قازانجێکی زۆری پێدەگا چونکە لە پارەی ئەندامانی کۆمەڵگا کەڵك وەردەگرێ و خۆی پارەی تایبەتی بۆ تەرخان ناکات. پاشماوەی ژەهراویی بەرهەمەکان فرِێدەداتە ناو رِووبارێکی نزیک کۆمپانیاکەوە بەبێ ئەوەی گرنگی بەو زیانانە بدات کە بە ئاوی ناوچەکە، بە تەندروستی مرۆڤ، یان بە گیانلەبەر و رِووەکی ناوچەکەی دەگەیەنێت. کۆمپانیاکە بەهۆی هێزی سامانەکەیەوە کۆمەڵێک پارێزەر چالاک دەکا بۆ پاراستنی خۆی لە هەموو داواکارییەک بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی بە سرووشت. هەروەها لایەنگرانی رِێگری لە هەر هەوڵێک دەکەن بۆ دەرکردنی یاسای توندتری ژینگەیی.

ئایا دەتوانین کۆمپانیاکە بە "دزینی رِووبارێک" تۆمەتبار بکەین؟ هەروەها ئەو کارە بۆ من وەك کەسێکی سەربەخۆ چلۆنە؟ دیارە رِاستەوخۆ بۆ دزیکردن ناچمە ناو ماڵی کەسێکی ترەوە و گیرفانی خەڵکی نابرِم. نازانم و ئاگادار نیم ئەم کۆمپانیا تایبەتانە چۆن قازانج بە خۆیان دەگەیێنن. تەنیا بە شێوەیەکی نارِوون ئەوەندە دەزانم بەشێک لە پارەکەی خۆم لای ئەوان داناوە. ئایا منیش هاوکار و شەریکی ئەو دزییەم؟ چۆن لە رِوانگەی ئەخلاقییەوە مامەلە لەگەڵ ئەو کارە بکەم کاتێ ئاگاداری بەڵگە راستەقینەکانی نیم؟

دیارە مرۆڤ دەتوانێت هەوڵ بدات بە گرتنەبەری "نییەتی ئەخلاقی" پاساو بۆئەم کێشەیە بدۆزێتەوە. ئەوەی گرنگە ئەوەیە مەبەستی رِاستەقینەم لەم کارە چییە، نەک ئەوەی ئەزموونی ئەو کارەی دەیکەم یان ئەنجامی دەدەم چلۆنە. بەڵام لە جیهانێکدا کە هەموو شتێک بەیەکەوە گرێدراوە، ئەرکی ئەخلاقی باڵا ئەوەیە کە بزانین یاسا چییە. گەورەترین تاوانەکانی مێژووی مۆدێرن نەک هەر لە رِق و تەماعەوە سەرچاوە دەگرن، بەڵکو زیاتر پەیوەندیان بە نەزانی و گرنگیپێنەدانەوە هەیە. خانمە ئینگلیزیە دڵرِفێنەکان پارەیان بۆ بازرگانی کۆیلە لە دەریای ئەتڵەسیدا تەرخان دەکرد بەبێ ئەوەی

هەرگیز پێیان گەیشتبێتە ئەفریقا یان وڵاتانی دەریای کارائیب. پاشان چای پاشنیوەڕۆکەیان بە شەکری سپی وەك بەفر شیرین دەکرد کە لە کێڵگە دۆزەخییەکان بەرهەم دەهێنران – لە کاتێکدا ئەوان هیچ زانیارییی یاخود ئاگادارییەکیان لە بارودۆخی ئەو کویلانە بۆ بەرهەمهێنانی شەکر نەبوو.

لە ئەڵمانیا لە کۆتاییەکانی ساڵانی ١٩٣٠دا، ڕەنگە پۆستچی ناوخۆیی هاوڵاتییەکی چالاک بووبێت کە گرنگی بە خۆشگوزەرانی خەڵکەکەی داوە و بە شێوەیەکی کەسیی بەهانای ئەو کەسانەوە چووە کە پێویستیان پێی بووە بۆ دۆزینەوەی شوێنی پۆستە ونبووەکانیان. ئەو هەمیشە یەکەم کەس بوو کە بەیانیان دەستی بەکار دەکرد و دواهەمین کەسیش بوو کە شەوانە دەستی لە کار دەکێشاوە و تەنانەت کاتێک لە دەرەوە زریانێکی بەهێز بەڕێوە بووە، دڵنیا بوو پۆستەکە لە کاتی خۆیدا دەگەیێنێتە دەست خاوەنەکەی. بەڵام ئیدارەی پۆستە کارامە و یارمەتیدەرەکەی خانەیەکی گرنگ بوو لە سیستەمی دەماری دەوڵەتی نازیدا. پڕوپاگەندەی ڕەگەزپەرستانەی سیستەمی نازییەکان و ڕەشنووسی ئاگاداری گەیاندن بە وێرماخت و ڕێنمایی توند لە ستانداردەکانی ناوخۆ بوون. لێرەدا شتێك لە مەبەستی ئەو کەسانەی بە دڵسۆزییەوە بەدوای دۆزینەوەی ڕاستییەکاندا دەگەڕێن، هەڵەیە.

بەڵام چ شتێك وەک "هەوڵێکی دڵسۆز بۆ فێربوون" لە ئەژمار دێ؟ ئایا پێویستە کارمەندانی پۆست ئەو نامانەی دەبوو بیگەێننە مەقسەد، بیانکەنەوە و کارەکەیان بەڕێوە نەبەن یا نارەزایەتی لەخۆیان نیشان بدەن، ئەگەر پڕوپاگەندەی حکومەتیان تێدا بدۆزنەوە؟ کارێکی ئاسانە بە دڵنیایی ئەخلاقی کراوەوە ئاوڕێک لە ئەڵمانیای نازی لە ساڵانی ١٩٣٠ بدەینەوە - چونکە دەزانین زنجیرەی هۆکار و کاریگەری بەرەو کوێ لێخوڕدرا. بەڵام بەبێ سوودی تێڕوانین بۆ دواوە، ڕەنگە دڵنیایی ئەخلاقی بۆ ئێمە مسۆگەر نەبێت. ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە: جیهان بە سادەیی گەلێك ئاڵۆزە بۆ مێشکی ئاکارچیایی مرۆڤ.

زۆربەی نادادپەروەرییەکانی ئەمڕۆ لە جیهاندا لە ئەنجامی شێواندنی پێکهاتەیی بەرفراوانەوە سەرچاوە دەگرێت نەک لە پێناو لایەنگری تاکەکەسی و پەرەپێدانی مێشکی ئاکارکێویی پەرەسەندوو بۆ ناسینەوەی ئەو جۆرە شێواندنە. بە گشتی

هەمووومان بەشدارین لانیکەم لە هەندێک لەم ناهاوسەنگییانەدا و بە سادەیی کات و وزەی خۆمان تەرخان ناکەین بۆ دۆزینەوە و ڕوونکردنەوەی ئەو هەموو نادادپەروەرییانە. لە نووسینی ئەم کتێبەدا، بە چاوی خۆم هەستم بەو ڕاستییە کرد. کاتێک باس لە پرسە جیهانییەکان دەکرێت، هەمیشە مەترسی ئەوەم لەسەرە سەرنجی زیاتری خۆم بە ڕوانگەی نوخبەی جیهانی بدەم بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ڕوانگە و دەنگی گروپە بێبەشە جیاوازەکان. نوخبەی جیهانی گوتار و باسەکان دەباتە پێشەوە، ئەمەش وا دەکات کە چاوپۆشی لە بۆچوونەکانیان مەحاڵ بێت. لە بەرامبەردا گروپە بێبەشەکان بە شێوەی بەردەوام بێدەنگ دەکرێن، ئەمەش وا دەکات بە هاسانی لەبیربچنەوە - نەک لەبەر ئیرادەی ناخۆشی هۆشیارانەیان، بەڵکو تەنیا بەهۆی نەزانینێکی تەواو. بۆ نموونە من بە هیچ شێوەیەک هیچ شتێک لەبارەی بۆچوون و پرسە تایبەتەکانی خەڵکی ڕەسەنی تاسمانیا نازانم. لە ڕاستیدا ئەوەندە سەبارەت بەوان کەم دەزانم کە لە کتێبێکی پێشوومدا وامدەزانی ڕەسەنەکانی تاسمانیا "Tasmanian" لەناوچوون و پێموابوو هەموویان لەلایەن کۆچەرانی ئەوروپییەوە توونا کراون. لە ڕاستیدا ئێستا هەزاران کەس هەن کە باوباپیرانیان تاسمانی بوون و ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کێشەی ناخۆش دەبنەوە - یەکێک لەوانە ئەوەیە کە زۆرجار بوونی ئەوان ڕەتدەکرێتەوە، تەنانەت لەلایەن زانایانیشەوە کە دەبوو باشتر ئاگاداری مێژووی ئەو خەڵکانە بن.

تەنانەت ئەگەر تۆ خۆت سەر بە گروپێکی بێبەش بێت و بەوهۆیەوە بتوانی بە قووڵی لە ڕوانگەی ئەوانەوە لە ئەزموونی کەسییەوە تێیانبڕوانی، ئەوە بەو مانایە نییە کە تۆ لە ڕوانگەی هەموو گروپە جیاوازەکانی ئەو خەڵکە تێبگەیت. چونکە هەر گروپ و گروپێکی لاوەکی دەبێت مامەلە لەگەڵ ئاڵۆزیی تایبەتی، ستانداردەکان، سووکایەتی شاراوە و جیاکاری دامەزراوەیی خۆیان بکەن. مرۆڤێکی سی ساڵانی ئەمریکی - ئەفریقایی دەزانێ سی ساڵ ئەزموونی مرۆڤێکی ئەفرۆ - ئەمریکی بە چ مانایە. بەڵام هیچ ئەزموونێکی سەبارەت بە ژنێکی ئەمریکی، قەرەچی بولگاری، ڕووسی یان لەسبە (هاوجینسباز)ی چینی نییە و ماناکەی نازانێ. ئەم گەنجە ئەفرۆ – ئەمریکییە بە بێ هیچ هۆکارێکی دیار لە لایەن هێزی پۆلیسەوە دەدۆزرێ و دەپشکێندرێ و

سووکایەتی پێ دەکرێ – شتێک کە لەسبەی چینی هەرگیز ئەزموونی نەکردووە. بەڵام لەدایکبوونی لە خێزانێکی ئەفرۆ-ئەمریکی لە گەڕەکێکی ئەفرۆ-ئەمریکی بەو مانایە دەبێ کە لەلایەن کەسانی وەک خۆیەوە دەورە دراوە و فێری ئەوە کراوە چی پێویستە بزانێت بۆ ئەوەی بژێوی ژیانی باش وەک مرۆڤێکی ئەفرۆ-ئەمریکی ئەزموون بکا. ئەو کیژە لەسبە چینییە لە خێزانێکی لەسبە لە گەڕەکێکی لەسبەشدا لەدایک نەبووە و ڕەنگە لە ژیانیدا کەسێکی نەبووبێت وانەی دروستی ژیانی فێربکات. کەواتە گەورەبوون و ژیانکردن وەك ڕەشپێست لە بالتیمۆر "Baltimore" لە ڕاستیدا بۆیە بۆ تێگەیشتوویی‌مان ئاسانکاری ناکات چونکە نازانین گەورەبوون وەک لەسبەیەك لە هانگژۆ "Hangzhou" چەندە قورسە.

لە سەردەمی پێشوودا ئەوە ڕۆڵێکی کەمتر گرنگی هەبوو چونکە تۆ بەرپرسیار نەبوویت لە هەنبەر پێداویستییەکانی خەڵک لە شوێنێکی ئەودیوی جیهان. هەوڵدان بۆ هاوسۆزی لەگەڵ دراوسێکان و تێکۆشان بۆ ژیانی بەختەوەر بۆیان بەس بوو. بەڵام ئەمڕۆ مشتومڕە سەرەکییە جیهانییەکان سەبارەت بە کێشەگەلێکی وەک گۆڕانی کەشوهەوا و ژیری دەستکرد کاریگەرییان لەسەر هەموو مرۆڤێك هەیە - جا لە تاسمانیا بێت، هانگژۆ یان بالتیمۆر - بۆیە پێویستە هەموو ڕوانگە و بۆچوون و هەڵسوکەوتێکیان لەبەرچاو بگیرێن. بەڵام مرۆڤ چۆن بتوانێ ئەو کارە بەڕێوەبەرێت؟ چۆن مرۆڤ دەتوانێت لە تۆڕی پەیوەندییەکانی نێوان هەزاران گروپی بەیەکەوە گرێدراو لە سەرانسەری جیهان تێبگات؟

## بچووکی کەینەوە یا ئینکاری بکەین؟

تەنانەت ئەگەر لەڕاستیدا بشمانویستایە، زۆرینەی مرۆڤ ئەو توانایییەیان نەدەبوو لە کێشە ناوەندییەکان و پرسە ئەخلاقییەکانی ئەم جیهانە تێبگەن. مرۆڤ دەتوانێت لە پەیوەندییەکانی نێوان دوو ئاژەڵی کێویی ڕاوکەر، لە هەڵس و کەوتی بیست ئاژەڵی کێوی ڕاوکەر، یان نێوان دوو خێڵی دراوسێ تێبگات. بەڵام ئەستەم دەتوانن لە دەیان ملیۆن سوری، ٥٠٠ ملیۆن ئەورووپی یان ئەو هەموو گرووپە جۆراوجۆرانەی ناو کۆمەڵگاکان تێبگەن.

لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن و حوکمدان لەسەر دووڕیانەکانی ئەخلاقی زۆرجار مرۆڤ پەنا دەبەنە بەر یەکێک لەم چوار شێوازانە:

**یەکەمیان** " بچووککردنەوەی" کێشەکەیە: واتە وا نیشان دەدەین کە شەڕی ناوخۆی سوریا ململانێی نێوان دوو ئاژەڵی کێوییە؛ ڕژێمی ئەسەد وەک لایەنێك و یاخیبووان وەک لایەنەکەیتر، یەکێکیان خراپ و ئەویتریان باش. ئاڵۆزیی مێژوویی ململانێی کێشەکە لە لایەن پیلانێکی ساکار جێی دەگیرێتەوە.

شێوازی **دووهەم** بریتییە لە گرنگیدان بە چیرۆکێکی مرۆیی کاریگەر کە پێدەچێت نوێنەرایەتی تەواوی ململانێکان بکات. ئەگەر هەوڵ بدەیت بە بەکارهێنانی ئامار و داتای ورد ئاڵۆزیی ڕاستەقینەی ململانێکان بۆ خەڵک ڕوون بکەیتەوە، ئەوا هیچ شانسێکت نییە؛ بەڵام چیرۆکێکی کەسی سەبارەت بە چارەنووسی منداڵێکی تاقانە فرمێسک دخاتە چاوەوە، خوێن وەجۆش دێنێ و دڵنیاییەکی ئەخلاقی ساختە دروست دەکات. ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوە یارمەتیدەرەکان لە مێژە دەزانن ئەو فێڵە چۆن کاردەکات. لە تاقیکردنەوەیەکی سەرنجڕاکێشدا داوا لە خەڵک کرا پارە ببەخشن بۆ یارمەتیدانی کچێکی هەژاری خەڵکی مالی "Mali" تەمەن حەوت ساڵان بە ناوی ڕۆقیا.

زۆرکەس بە چیرۆکەکەی ڕاچڵەکان و دڵیان کردەوە بۆ یارمەتیدان بەو کیژە. بەڵام کاتێک توێژەران لە پەنا چیرۆکی ڕوقیا ئاماریان سەبارەت بە کێشەی فراوانتری هەژاری لە ئەفریقا پێشکەش بە خەڵک کرد، لەناکاو ئەو مرۆڤانە کەمتر ئامادەی هاوکاری و یارمەتیدان بوون. لە توێژینەوەیەکی دیکەدا پسپۆران هاوکات داوای هاوکارییان کردووە بۆ یارمەتیدانی هاوکاتی منداڵێکی نەخۆش لە لایەکەوە و هەشت منداڵی نەخۆش لە لایەکیترەوە. خەڵکی زیاتر ئامادەی یارمەتیدان بە منداڵە تەنیاکە بوون بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ گرووپە هەشت کەسییەکە.

**سێیەم** شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ دووڕییانە ئەخلاقییە بەرفراوانەکان لە ڕێگەی بنیاتنانی تیۆرییەکانی پیلانگێڕییەوەیە. جیهانی ئابووری چۆن کاردەکات، ئایا باشە یان خراپ؟ بەڕاستی تێگەیشتن لەو تەوەرە گەلێك ئاڵۆزە. لە لایەکی دیکەشەوە زۆر ئاسانتر دەنوێنێ بیست ملیاردێر لە پشت پەردەوە میدیاکان کۆنترۆڵ بکەن و شەڕەکان بهاروژێنن بۆ ئەوەی خۆیانی پێ دەوڵەمەندتر بکەن. ئەمانە لە زۆربەی بارودۆخەکاندا هەمیشە خەیاڵێکی تەواو بێ بنەمان. جیهانی ئەمڕۆ گەلێك ئاڵۆزە نەک هەر بۆ هەستی دادپەروەریمان بەڵکو بۆ لێهاتوویی سەرکردایەتیشمان. هیچکەس - تەنانەت مرۆڤە ملیاردێرەکان، سی ئای ئەی، لایەنگرانی ئازادی و مافی مرۆڤ - بەڕاستی تێناگەن لە جیهاندا چی دەگوزەرێت. لەو ڕووەوە کەس لە دۆخێکدا نییە بەڕاستی بتوانێ تاوتوێی کێشەکان و ئاڵۆزیی ئەم جیهانە بکا.

ئەم سێ شێوازە هەوڵ دەدەن ئاڵۆزیی ڕاستەقینەی جیهان ڕەت بکەنەوە. شێوازی **چوارەم** و کۆتایی بریتییە لە خولْقاندن و پەرەپێدانی بیروباوەڕێکی عەقیدەیی و متمانەکردن و پەیڕەویکردنی هەندێک تیۆری، دامەزراوە، یان سەرکردە کە گوایە کارزانن و دەتوانن ڕێگای ڕاستمان پێ پیشان بدەن. بیروباوەڕە ئایینی و ئایدیۆلۆژییەکان لە سەردەمی زانستی ئێمەدا بۆیە هێشتا بۆ خەڵک متمانەپێکەر دەنوێنن، ڕێک لەبەر ئەوەی پەناگەیەکی تا ڕادەیەک ئارامما‌ن پێشکەش دەکەن لە بەرامبەر ئاڵۆزییە بێزارکەرەکانی واقیعدا. وەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، بزووتنەوە عیلمانییەکان بە هیچ شێوەیەک لەم مەترسییە بێبەش نین. تەنانەت ئەگەر سەرەتا هەموو بنەماکانی باوەڕ و ئیمان ڕەت بکەینەوە و باوەڕێکی پتەوی ڕاستەقینەی

زانستی بگرینەبەر، درەنگ یان زوو ئاڵۆزیی واقیع ئەوەندە زەق دەبێتەوە كە ئەوانیش تامەزرۆی ڕێگاچارەیەك دەبن كە نەخرێتە ژێر پرسیارەوە. لە كاتێكدا ئەم جۆرە ڕاهێنانە ئاشتییەكی ڕۆحی و دڵنیایی ئەخلاقی بۆ خەڵك دابین دەكەن، بەڵام جێگەی پرسیارە ئایا هەوڵی دابینكردنی دادپەروەریش دەدەن؟

كەواتە چی بكەین و ئەركمان چییە؟ ئایا پێویستە باوەڕی لیبڕاڵی بگرینەبەر و هەمیسان متمانە بە جەستەی تاكی دەنگدەر و كڕیار بكەین؟ یان دەبێ ڕێبازی تاكگەرایی ڕەت بكەینەوە و وەك زۆرێك لە كولتوورەكانی پێشووی مێژوو، كۆمەڵگاكان بەهێز بكەین بۆ ئەوەی بەكۆمەڵ بتوانین مانا بەم جیهانەی خۆمان بدەین؟ بەڵام چارەسەرێكی لەو جۆرە تەنیا لە جیهانی نەزانیی تاكەكەسیەوە دەمانخاتە ناو ئاگری بیركردنەوەی گرووپی لایەنگریەوە. باندە سەرمایەدارییەكان، كۆمەڵگای گوندەكان و تەنانەت گەڕەكی شارەكانیش دەیانتوانی پێكەوە بیر لەو كێشانە بكەنەوە كە ڕووبەڕووی هەموو لایەنێكیان بۆتەوە. بەڵام ئەمڕۆ ئێمە لەژێر كێشەكانی جیهانێكی گلۆبالیدا دەناڵێنین بە بێ ئەوەی كۆمەڵگایەكی یەكگرتووی جیهانیمان هەبێ. نە فەیسبووک و نە ناسیۆنالیزم و نە ئایین لە هیچ شوێنێكی ئەم جیهانە لە دروستكردنی كۆمەڵگەیەک بەو شێوەیە نیزیک نەبوونەتەوە. هەموو گرووپە مرۆییەكانی ئێستا لەبری تێگەیشتن لە ڕاستییە جیهانییەكان، سەرقاڵی بەدواداچوونی بەرژەوەندییە تایبەتەكانی خۆیانن. نە ئەمریكایی و نە چینییەكان، نە موسڵمان و نە هیندۆسەكان "كۆمەڵگەی جیهانی" پێكناهێنن - لەم ڕووەوە لێكدانەوەیان بۆ ڕاستەقینەبوونیان لەم جیهانەدا، جێگەی متمانە نییە. بۆیە ئایا پێویستە وازی لێبهێنین و ڕایبگەیەنین كە هەوڵ و تەقەلای مرۆڤ بۆ تێگەیشتن لە ڕاستی و دۆزینەوەی دادپەروەری شكستی هێناوە؟ ئایا بە فەرمی كەوتوینە ناو سەردەمێكی ئەستەمی هەڵس و كەوتی سیاسییەوە؟

## ئەركی حەقدە: هەڵس و کەوتی بێ بەڵگەی سیاسی

### هەندێک هەواڵی ساختەی نوێ بۆ هەمیشە دەمێننەوە

لەم ڕۆژانەدا بەردەوام پێمان دەگوترێ کە ئێمە لە سەردەمێکی نوێ و ترسناکی دۆخی سیاسیدا دەژین و درۆ و خەیاڵ دەورووبەرمانی پڕ کردۆتەوە. نموونە بۆ ئەو بۆچوونە کەم نین. لە کۆتایی مانگی شوباتی ٢٠١٤، یەکە تایبەتەکانی ڕووسیا کە جل و بەرگی نیزامییان لەبەردا نەبوو، ڕێپێوانیان کرد بۆ ناو ئۆکرانیا و دامەزراوە گرنگەکانیان لە کریمیا "Krim" داگیرکرد. حکومەتی ڕووسیا و خودی سەرۆک پوتین چەندین جار ڕەتیانکردەوە کە ئەمانە سەربازانی ڕووسیا بووبێتن و بە "گرووپی خۆپاراستنی خۆیی" وەسفیان کردن و وێدەچێ کەلوپەل و ڕوخسارەکانیان کە زۆر لە ڕووسی دەچوون لە دوکانەکانی ئوکرائین دەست کەوتبێت. کاتێک ئەم ئیدیعا گاڵتەجاڕانەیان کرد، پوتین و هاوکارەکانی بە باشی دەیانزانی کە درۆ دەکەن.

ناسیۆنالیستە ڕووسییەکان دەتوانن بیانووی ئەم درۆیە بە خزمەتکردنی ڕاستییەکی باڵاتر دابنێن: ڕووسیا تووشی شەڕێکی دادپەروەرانە بووە و ئەگەر بۆ دۆزی دادپەروەرانە قوربانیدان کارێکی باشە، بە دڵنیاییەوە درۆکردنیش کارێک نییە هەڵە بێت، وانییە؟ هۆکاری باڵاتر کە گوایە پاساو بۆ داگیرکردنی ئۆکرائین دەهێنێتەوە، پاراستنی 'نەتەوەی پیرۆز'ی ڕووسیا بووە. بەگوێرەی ئەفسانەی نەتەوەیی، ڕووسیا قەوارەیەکی پیرۆزە کە سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی دوژمنە خراپەکان بۆ داگیرکردن و پارچەپارچەکردنی، هەزاران ساڵە لەسەر پێی خۆی وەستاوە. دوای ئەوەی لە ساڵانی نەوەدەکاندا مەغۆل، پۆڵەندیی، سوئیدیی، هێزی نیزامیی ناپلیۆن و وێرماختی هیتلەر، کێشەیان بۆ ڕووسیا دروست دەکرد، ئەمجارە ناتۆ، ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا بوون کە هەوڵیان دەدا بە لێکدابڕانی بەشەکانی جەستەی و گۆڕینیان بۆ وڵاتانی ساختە "Fake

Countries" توونای بکەن هەروەك لە ئوکرائین کردیان. بۆ زۆرێک لە ناسیۆنالیستەکانی ڕووسیا، ئەو بیرۆکەیە کە ئۆکرائین نەتەوەیەکی جیاواز لە ڕووسیایە، درۆیەکی گەلێك گەورەتر لەوەیە کە سەرۆک پوتین لەژێر بیانووی ئەرکی پیرۆزیدا بۆ یەکخستنەوەی نەتەوەی ڕووسیا گوتوویەتی.

ڕەنگە هاووڵاتیانی ئۆکرائینی و چاودێرانی دەرەوە و مێژوونووسانی پیشەیی بەم لێدوانە تووڕە بن و وەک شێوەیەك لە "درۆی بۆمبی ئەتۆمی" لە جبەخانەی فڕ و فێڵەکانی ڕووسیادا سەیری بکەن. بۆ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئۆکرائین وەک نەتەوەیەک و وەک وڵاتێکی سەربەخۆ بوونی نییە، لیستێکی دوور و درێژی ڕاستییە مێژووییەکان پشتگوێ دەخەن - بۆ نموونە لە پەیوەندایەتی هەزاران ساڵەی یەکگرتوویی گوماناوی ڕووسیادا، کیێڤ و مۆسکۆ تەنیا بۆ ماوەی نزیکەی ٣٠٠ ساڵ بە بەشێک لە وڵاتێکی یەکگرتوو دەناسێنن. هەروەها پێشێلی چەندین یاسا و پەیماننامەی نێودەوڵەتی دەکەن کە پێشتر ڕووسیا دانی پێداناون و گارانتی سەروەری و سنوورەکانی ئۆکرائینی سەربەخۆی کردووە. لە هەمووی گرنگتر، ڕوانگە و بیر و بۆچوونی ملیۆنان ئۆکرائینی پشتگوێ دەخەن و نایگرنە بەرچاو. ئایا کاتێک باس لەوە دەکرێت ناسنامەی ئوکرائینییەکان چییە، خۆیان هیچیان نییە بیڵێن؟

بە دڵنیاییەوە ناسیۆنالیستە ئۆکرائینییەکان لەگەڵ ناسیۆنالیستە ڕووسییەکان هاوڕان کە شتێک بە ناوی "وڵاتێکی ساختە"بوونی هەیە، بەڵام ئۆکرائین بەشێك نییە لەو وڵاتە. بەڵکو ئەم وڵاتە ساختانە بریتین لە "کۆماری گەلی لوهانسک (Lugansk)" و "کۆماری گەلی دۆنێتسک(Donezk)" کە ڕووسیا بۆ پەردەپۆشکردنی لەشکرکێشییەکەی بۆ سەر ئۆکرائین دایمەزراندووە.

جیاوازیی نابێت مرۆڤ کاملایەن بسەلمێنێ. وا دیارە ئێمە بەڕاستی لە سەردەمێکی ترسناکی سیاسەتی ساختەدا دەژین، کە نەك هەر ڕووداوە سەربازییەکانی ئێرە و ئەوێ، بەڵکو تەواوی مێژوو و گەلان بە ساختە دابنرێت. بەڵام ئەگەر بەڕاستی ئێمە لە سەردەمی دوور لە ڕاستی و حەقیقەتداین، ئەدی سەردەمی زێڕینی حەقیقەت و ڕاستییەکان کەی بووە؟ لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا؟ ساڵانی ١٩٥٠؟ یان ساڵانی

١٩٣٠؟ هەروەها چی بووە هۆی گواستنەوەمان بۆ سەردەمی سیاسەتی درۆ و دەلەسە؟ ئینتەرنێت؟ سۆشیال میدیا؟ یا سەرهەڵدانی پوتین و ترامپ؟

چاوخشاندنێكی كورت بەسەر مێژوودا ئەوەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە كە پڕوپاگەندە و زانیاریی ناڕاست شتێكی نوێ نییە و تەنانەت ئینكار لە بوونی گەلان و دروستكردنی وڵاتی ساختە، مێژوویەكی گەلێك دوور و درێژی هەیە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٣١ سوپای ژاپۆن هێرشی ساختەیان بۆ سەر خۆیان ئەنجامدا بۆ ئەوەی پاساو بۆ داگیركردنی وڵاتی چین دروست بكەن، دواتر وڵاتی "ساختە"ی ماندچكوۆی"Mandschukuo"ان دروستكرد بۆ ئەوەی فەرمییەت بە داگیركارییەكەیان بدەن. چین خۆیشی لە مێژە ڕەتیدەكاتەوە كە تێبێت "Tibet" هەرگیز وەک وڵاتێكی سەربەخۆ بوونی بووبێت. نیشتەجێبوونی بەریتانیا لە ئوسترالیا بەهۆی بنەمای یاسایی terra nullius(بە واتای "زەوی هیچ مرۆڤێك") ڕەوا كرا، كە بەو كارە نیزیكەی ٥٠ هەزار ساڵ مێژووی مرۆڤە ڕەسەنەكانی "Aborigines" سڕیەوە. [**هەروەها دان دانەنان بە وڵاتی سەربەخۆی كوردستانی چوارپارچەكراو لە لایەن حكوومەتانی ئێران، عێراق، توركیا و سووریا و نەسەلماندنی مافی زیاتر لە پەنجا ملیۆن مرۆڤی كورد وەك گەورەترین نەتەوەی بێ وڵاتی جیهان.** وەرگێڕ].

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دروشمێكی باوی زایۆنیستی "zionist" باسی لە گەڕانەوەی "گەلێكی بێ وڵات (جوولەكە) بۆ وڵاتێكی بێ گەل (فەلەستین)" دەكرد. بوونی دانیشتوانی عەرەبی ناوخۆیی لەو ناوچەیە بە گونجاوترین شێوە پشتگوێ خرا. لە ساڵی ١٩٦٩ گۆڵدا مێیەر"Golda Meir"، سەرۆكوەزیرانی ئیسرائیل ڕایگەیاند، گەلێك بە ناوی فەلەستینی بوونی نییە و هەرگیز گەلێک بەو ناوە نەبووە. ئەم جۆرە بۆچوونانە تەنانەت تا ئەمڕۆش لە ئیسرائیلدا بەربڵاون، سەرەڕای دەیان ساڵ ململانێی چەكداری لەگەڵ شتێك كە بەڕواڵەت بوونی نییە! بۆ نموونە لە مانگی شوباتی ٢٠١٦ پەرلەمانتار ئانات بێركۆ "Anat Berko" وتارێكی لە پارلمانی ئیسڕائیل كنێست "Knesset" پێشكەش كرد كە لەوێدا واقیع و مێژووی گەلی فەلەستینی خستە ژێر پرسیارەوە. بەڵگەكەی گەلێك سەیر و سەمەرە بوو: پیتی "پ" لە زمانی عەرەبیدا بوونی نییە، كەواتە چۆن

گەلێکی فەلەستینی بوونی هەبێت؟ لە زمانی عەرەبیدا «p» بە «f» دەگۆڕدرێت و ناوی عەرەبی بۆ فەلەستین، «Filasṭīn»ە.

## شێوازەكانی سیاسەتی بێ بەڵگە

لە ڕاستیدا مرۆڤ هەمیشە لە سەردەمێكی دوور لە ڕاستی و ناشەفافدا ژیاوە. هۆمۆ ساپیێەن شێوە مرۆڤێكی تایبەتە كە دەسەڵاتەكەی بەوەوە بەستراوەتەوە بەردەوام چیرۆك و باوەڕی خەیاڵی بۆخۆی بخوڵقێنێ. ئەفسانە خۆبەهێزكەرەكان لە سەردەمی بەردەوە لە خزمەت یەككستن و پتەوكردنی هەڵس و كەوتی نێوان كۆمەڵە مرۆڤەكاندا بووە. بەڵێ، هۆمۆ ساپیێەن بە شێوەیەكی بەرچاو بەهۆی توانایی ناوازەی مرۆڤەوە بۆ دروستكردن و بڵاوكردنەوەی چیرۆكی خەیاڵی ئەم پلانێتەی داگیركرد. ئێمە تاكە بوونەوەری شیردەرین كە دەتوانین هاوكاری لەگەڵ چەندین هاوچەشنی نامۆی خۆمان بكەین چونكە لەناو بوونەوەراندا تەنیا ئێمەین كە دەتوانین چیرۆكی خەیاڵی دروست بكەین و بڵاویان بكەینەوە و ئەو لێهاتوویيەمان هەیە ملیۆنان كەسی دیكە ڕازی بكەین باوەڕ بەو چیرۆكانەمان بكەن. تا ئەو جێگایەی كۆمەڵی مرۆڤ باوەڕیان بە چیرۆكێكی خەیاڵیی هەبێت، هەموومان یاسای هاوچەشن پەیڕەو دەكەین و بەو هۆیەوە دەتوانین بە سەركەوتوویی هاوكاری یەكتر بكەین.

كەواتە، ئەو كەسانەی فەیسبووك، ترەمپ، یان پوتین تاوانبار دەكەن بە دەستپێكردنی سەردەمێكی نوێ و ستەمكارانەی دوور لە ڕاستەقینە، لەبیریان بێت كە چەندین سەدە لەمەوبەر، ملیۆنان مەسیحی خۆیان لە بڵقی ئەفسانەیی خۆبەردەوامكەرەوەدا قفڵ كردبوو و هەرگیز نەیانوێرا ڕەخنە لەسەر ڕاستەقینەبوونی كتێبە پیرۆزەكەیان بگرن، تەنانەت ملیۆنان موسوڵمان لەمڕۆشدا باوەڕیان بە ڕاستەقینەبوونی كتێبی قوڕئان هەیە. بۆ هەزاران ساڵ، لەجیاتی "هەواڵ" و "ڕاستییەكان"، چیرۆكی پەرجۆ، فریشتە، جندۆكە و جادووگەر بەشێكی زۆری ژیانی تۆڕە كۆمەڵایەتییە مرۆڤایەتییەكانی بەخۆوە خەریك كردبوو و پەیامنێرە ئازاكان كە لە قووڵایی جیهانی ژێرزەوییەوە ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتیان دەدا، پشتگوێ دەخران. هیچ بەڵگەیەكی زانستی نییە كە حەوا لەلایەن مارەوە وەسوەسە بووبێت، یان ڕۆحی هەموو

بێباوەڕەكان دوای مردن لە دۆزەخدا بسوتێت، یان خولقێنەری گەردوون پێی خۆش نەبێ مرۆڤێكی ئایینی هاوسەرگیری لەگەڵ كەسێكی دەست لێنەدراو بكات- كەچی بە ملیارەها كەس بۆ هەزاران ساڵە باوەڕیان بە چیرۆكێكی خەیاڵی هەیە كە خودی مرۆڤ هەڵیبەستوون.

من ئاگادارم كە ڕەنگە زۆر كەس لە بێزاریدا هاوار بۆ ئایین بەرن، بەڵام لە ڕاستیدا مەبەست لە هۆندنەوەی ئەو چیرۆكانە هەر ئەوەیە. ئەگەر هەزار كەس باوەڕ بە هەر چیرۆكێكی هەڵبەستراو بكەن ڕەنگە دوای مانگێك ببێتە هەواڵێكی ساختە. بەڵام كاتێ ملیاردان مرۆڤ بە درێژایی هەزاران ساڵ باوەڕیان بە چیرۆكێك هەبێ – ئەوكات ئایین دەخولقێندرێ و ئاگادار دەكرێینەوە كە ناوی هەواڵی ساختەی لەسەردا نەنێین چونكە بەو كارە باوەڕدارانی ئازار دەدرێن یاخود تووڕە دەكرێن. بەڵام بە هیچ شێوەیەكیش لێرەدا مەبەستم ئینكاری كاریگەری یان كردەوەی چاكەی ئەگەریی ئایین نییە. بە پێچەوانە، بە باش یان بە خراپ، چیرۆكی خەیاڵی یەكێكە لە بابەتە كاریگەرەكانی ناو سندوقی ئامرازەكانی مرۆڤایەتی. كۆكردنەوەی مرۆڤ و باوەڕیان بە چیرۆكێكی هاوبەش، هاوكاری و یارمەتی مرۆڤ لە ئاستێكی گەورە و بەریندا مومكین دەكات. ئەو هاوكارییە مرۆڤ هان دەدەن لە پەنا هێزی سوپایی و زیندانەكان، نەخۆشخانە و قوتابخانە و پردیش دروست بكرێن. ئادەم و حەوا هەرگیز بوونیان نەبووە، بەڵام كلیسا یاخود كاتیدراڵی چارترس "Chartres" [لە فەرەنسا] هێشتا جوانی خۆی ڕاگرتووە. ڕەنگە بەشێكی زۆری كتێبی پیرۆز خەیاڵی بێت، بەڵام هێشتا دەتوانێت ملیارەها كەس دڵخۆش بكات، و هێشتا دەتوانێت هانی خەڵک بدات كە میهرەبان، دڵۆڤان، ئازا و داهێنەر بن – هەر وەک بەرهەمە گەورەكانی خەیاڵیی دیكەی وەک دۆن كیشۆت "Don Quijote"، شەڕ و ئاشتی و هاری پۆتەر.

ڕەنگە هەمیسان هەندێک توڕە بن لە هەڵسەنگاندنی من لەسەر كتێبی ئینجیل و هاری پۆتەر. ئەگەر مرۆڤ مەسیحییەكی بڕێك زانستی بیت، دەتوانێت هەموو هەڵە و ئەفسانەكانی ناو كتێبی پیرۆزبەو ئارگۆمێنتە ڕوون بكاتەوە و بڵێیت كتێبی ئینجیل هەرگیز مەبەستی ئەوە نەبووە وەک باسێكی ڕاستەقینە بخوێندرێتەوە، بەڵكو وەک

چیرۆكێكی كینایەیی (مێتافۆریک "metaphorical") كە بۆ مرۆڤی ئەو سەردەمە حیكمەتی قووڵی تێدابووە، سەیر بكرێ. بەڵام ئایا ئەوە كتێبی هاری پۆتەریش ناگرێتەوە؟

ئەگەر تۆ مەسیحییەكی فۆندامێنتال بیت، ڕەنگە پێداگری لەسەر ئەوە بكەیت كە هەموو وشەیەكی كتێبی ئینجیل بە شێوەیەكی ڕستەیی ڕاستەقینە بێ. بۆ ساتێک گریمان تۆ ڕاست دەكەیت و بەڕاستی كتێبی ئینجیل وتەی بێ هەڵەی خودایەكی ڕاستەقینەیە. بەڵام ئەی قورئان و تەلمود و كتێبی مۆرمون و ڤێدا و ئاڤێستا و كتێبی مردووەكانی میسری چی؟ ئایا وەسوەسەت بۆ دروست نابێت بڵێیە سەر ئەو باوەڕە كە ڕەنگە ئەم دەقانە تەنیا چیرۆكێكی خەیاڵی ورد و درشتن كە لەلایەن مرۆڤی گۆشت و خوێنەوە (یان ڕەنگە شەیتانەكانەوە) دروستكراون؟ هەروەها هەستت چۆنە بەرامبەر بە خودای ئیمپراتۆرەكانی ڕۆم وەک ئۆگستۆس "Augustus" و كلۆدیۆس "Claudius"؟ پارلمانی پیرانی ڕۆمییەكان ئیدیعایان دەكرد دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە مرۆڤ بكەن بە خودا، پاشان چاوەڕوانییان لە ڕەعیەتەكانی ئیمپراتۆریەتەكە ئەوە بووە ئەو خودایانە بپەرستن. ئایا ئەو هەڵس و كەوتانە تەنیا خەون و خەیاڵێك زیاتر نەبووە؟ لە ڕاستیدا لانیكەم نموونەیەک لە مێژوودا دەبینینەوە كە خوداوەندێكی درۆیین خۆی دانی بەو خەیاڵەدا ناوە. وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، میلیتاریزمی ژاپۆنی ساڵانی ١٩٣٠ و سەرەتای چلەكان لەسەر بنەمای باوەڕێكی كۆنەپەرستانە بە خودای ئیمپراتۆر هێرۆهیتۆ "Hirohito" دامەزراوە. دوای شكستی ژاپۆن، هیرۆهیتۆ بە ئاشكرا ڕایگەیاند كە بوونی ئەو خودایە ڕاست نییە و هەرگیز خودا نەبووە.

كەواتە تەنانەت ئەگەر هەموومان لەسەر كتێبی ئینجیل هاوڕا بین كە گوتەی ڕاستەقینەی خودایە، هێشتا سەرمان بە ملیارەها هیندوسی پەرستراو و موسڵمان و جوولەكە و میسری و ڕۆمی و ژاپۆنی و هتد ...هوە قاڵە كە هەزاران ساڵە باوەڕیان بە چیرۆكی خەیاڵی هەیە. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە كە ئەم خەیاڵانە بێ ئەملا و ئەولا دەبێ بێ بایەخ یان زیانبەخش بن. ئەوان دەتوانن گەلێك جوان و ئیلهامبەخش بن.

بێگومان هەموو ئەفسانە ئایینییەكان وەك یەك سوودیان نەبووە. لە ٢٩ی ئاگوستی ساڵی ١٢٥٥ تەرمی كوڕێكی تەمەن نۆ ساڵان بە ناوی هیوو "Hugh" لە بیرێک لە شاری لینكۆڵن "Lincoln"ی ئینگلیز دۆزرایەوە. هەرچەندە لەو سەردەمەدا فەیسبووک

و تویتەر بوونیان نەبوو، بەڵام بە خێرایی دەنگۆی ئەوە هەواڵە بڵاو بووەوە کە هیوو بە شێوەیەکی نەریتی لەلایەن جولەکەکانی ناوچەکەوە کوژراوە. بەو ڕادەیەی چیرۆکەکە درێژتر دەگێڕدرایەوە، بەو ڕادەیەش گەورەتر دەبووەوە و یەکێک لە ناسراوترین مێژوونووسە ئینگلیزییەکانی ئەو سەردەمە - ماتیۆ پاریس "Matthäus Paris" - باسێکی ورد و خوێناویی نووسی کە چۆن جولەکەکانی پلە باڵا لە هەموو وڵاتی ئینگلیز و شاری لینکۆڵن کۆبوونەتەوە بۆ ئەوەی ببینن منداڵە ڕفێنراوەکە لە سەرەتاوە بۆ قەڵەوکردن و ئینجا بۆ ئەشکەنجەدان و لە کۆتاییدا بۆ لە خاچدانی تێکۆشاون. ١٩ جولەکە بە تۆمەتی کوشتن دادگایی کران و لە سێدارە دران. چیرۆکی هاوشێوەی بوختانکردنی خوێنڕشتن لە شارۆچکەکانی دیکەی ئینگلیزدا بڵاوبوونەوە، ئەمەش بووە هۆی زنجیرەیەک پۆگرۆم کە تێیدا تەواوی کۆمەڵگاکان کۆمەڵکوژ کران. لە کۆتاییدا ساڵی ١٢٩٠ تەواوی دانیشتوانی جولەکە لە وڵاتی ئینگلیز دەرکران.

بەڵام چیرۆکەکە بەوەش کۆتایی نەهات. سەدەیەک دوای دەرکردنی جولەکەکان لە ئینگلیز، جێفری چۆسەر "Geoffrey Chaucer" - باوکی ئەدەبیاتی ئینگلیزی - کوشتنی هاوڕێی ڕێوڕەسمی خوێنی لە "چیرۆکەکانی کانتربێری"دا جێگیر کرد کە مۆدێلەکەی لە چیرۆکی هیوو لە لینکۆڵن وەرگرتبوو (واتە "گێڕاوەی پریۆرێن"Priorin). چیرۆکەکە بە مردنی جولەکەکان لەسەر گالۆس "Gallows"[داری وەک سێدارە] دەگاتە لوتکەی بەرزی خۆی. دواتر ئەفسانەی هاوشێوەی کوشتنی هاوڕێی ڕێوڕەسمی خوێنی بوونە بەشێکی گرنگی هەموو بزووتنەوەیەکی دژە جوولەکە لە ئیسپانیای کۆتایی سەدەی ناوەڕاستەوە تا ڕووسیای مۆدێرن. تەنانەت دەنگدانەوەیەکی دواتری ئەم بابەتە لە بڵاوکراوەی ساڵی ٢٠١٦دا دەدۆزرێتەوە وەك بیستنی هەواڵێکی ساختە کە هیلاری کلینتۆن "Hillary Clinton" لە سەرپەرشتی ئەڵقەیەکی پۆرنۆی منداڵان وەستاوە کە منداڵان وەک کۆیلەی سێکسی لە ژێرزەمینێکی پیتزاخانەیەکی بەناوبانگدا ڕاگیراون. بەشێکی ئەمریکییەکان باوەڕیان بەو چیرۆکە کرد کە کاریگەری بوو لە سەر هەڵبژاردنی کلینتۆن، تەنانەت یەکێکیان بە دەمانچەیەکەوە هێرشی کردە ناو پیتزاخانەکە و داوای کرد ژێرزەمینەکەی پیشان بدەن (بەڵام دەردەکەوێ پیتزاخانەکە ژێرزەمینی نەبووە).

سەبارەت بە هیوو لە لینکۆڵن، کەس نازانێت لەڕاستیدا چۆن مردووە، بەڵام لە کلیسا یا کاتیدراڵی لینکۆڵن نێژراوە و وەک مرۆڤێکی پیرۆز ڕێزی لێدەگیرێت. بەناوبانگ بووە کە پەرجۆی جۆراوجۆری ئەنجامداوە و خەڵک چەندین سەدە دوای دەرکردنی هەموو جولەکەکان لە ئینگلیز بەردەوام بۆ زیارەتکردن چوونەتە سەر گۆڕەکەی. ئیتر ساڵی ١٩٥٥ بوو کە دە ساڵ دوای هۆلۆکۆست، کاتیدراڵی لینکۆڵن خۆی لە کوشتنی هاوڕێی ڕێوڕەسمی خوێنی دوور خستەوە و تابلۆیەکی لە نزیک گۆڕی هیوو دانا کە لەسەری نووسرابوو:

**چیرۆکی خەیاڵی "کوشتنی نەریتیی" کوڕانی مەسیحی لەلایەن کۆمەڵگا جولەکەکانەوە لە سەدەکانی ناوەڕاست و دواتریشدا لە ئەوروپادا باو بوو. ئەم چیرۆکە خەیاڵی و بێ بنەمایانە ژیانی زۆرێک لە جولەکەکانی بێتاوانی بەفیڕۆدا. لینکۆڵن ئەفسانەی تایبەتی خۆی هەبوو، دەڵێن تەرمی ئەو قوربانییە لە ساڵی ١٢٥٥دا لە کلیساکەدا بە خاک سپێردرا. ئەم جۆرە چیرۆکانە هیچ شانازییەک بۆ ئایینی مەسیحی نین.**

## درۆیەکی یەکجارە دەبێتە ڕاستییەکی هەمیشەیی

تەنیا ئایینە کۆنەکان نەبوون کە بۆ پتەوکردنی هاوکارییەکان چیرۆکی خەیاڵییان بەکاردەهێنا. لەم دواییانەدا هەر نەتەوەیەک ئەفسانەی نەتەوەیی خۆی دروست کردووە، هاوکاتیش بزووتنەوەکانی وەک کۆمۆنیزم، فاشیزم و لیبراڵیزم باوەڕی خۆبەهێزکەری جۆراوجۆریان خوڵقاندووە. جۆزێف گۆبێڵز"Joseph Goebbels"، وەستای پڕوپاگەندەی نازییەکان و ڕەنگە بەتواناترین سیحربازی میدیایی مۆدێرنیتە، گوایە مێتۆدەکەی بەم شێوەیە بە کورتی ڕوون کردۆتەوە: **"ئەگەر درۆیەکی گەورە بکەیت و بەردەوام دووبارەی بکەیتەوە، لە کۆتاییدا خەڵک باوەڕی پێ دێنن."** هەروەها هیتلەر لە کتێبی "شەڕی من"دا نووسیویەتی: "بەڵام هەموو داهێنەرییەکانی پێشکەشکردنی پڕوپاگەندە، سەرکەوتن بەدەست ناهێنن ئەگەر هەمیشە یەک بنەمای بنەڕەتی بە وردی لەبەرچاو نەگیرێت، ئەویش دەبێت خۆی بە شتێکی کەمەوە سنووردار بکات و بۆ هەمیشە دووپاتی بکاتەوە." ئایا هیچ ڕۆژنامەوانێکی هەواڵی ساختە لەمڕۆدا دەتوانێت چالاکییەکی باشتر لەو کارە بکات؟

ئامێری پڕوپاگەندەی سۆڤیەت بە هەمان شێوە لەسەر ڕاستییەکان بە شێوازی نەرم و نیان هەڵس و کەوتی کردووە و هەمیشە بە مەیلەوە لە مێژووی شەڕەکانەوە هەتا بڵاوکردنەوەی تاقە وێنەیەك بە پێچەوانە ناساندونی. لە ٢٩ی یونی ١٩٣٦ ڕۆژنامەی فەرمی حزبیی پراودا"Prawda"(ڕاستی) وێنەیەکی لە لاپەڕەی یەکەمی خۆیدا بڵاوکردەوە کە جۆزێف ستالین بە زەردەخەنەوە گێلیا مارکیزۆڤا"Gelja Markisowa" کچێکی تەمەن حەوت ساڵانی لە باوەشدایە. وێنەکە بوو بە ئایکۆنێکی ستالین، چونکە ناوبانگی ستالین وەک باوکی نەتەوەیی چەسپاند و "منداڵی بەختەوەری سۆڤیەتی" بەرز ڕاگرت. چاپخانە و کارگاکان لە سەرانسەری وڵاتدا دەستیان کرد بە بەرهەمهێنانی ملیۆنان پۆستەر و پەیکەر و مۆزاییک لە دیمەنەکە بە شێوەیەکی وەها بەرفراوان، کە دواتر لە دامەزراوە گشتییەکاندا لە سەرێکی یەکێتی سۆڤیەتەوە تا ئەوی دیکە

پیشاندران. هەروەک چۆن هیچ کڵێسایەکی ئۆرتۆدۆکسی ڕووسیا ناتوانێت ئایکۆنی مریەمی پاکیزەی نەبێ کە عیسای کۆرپەی لە باوەش گرتووە، بە هەمان شێوە هیچ قوتابخانەیەکی سۆڤیەت بەبێ ئایکۆنی پاپا ستالین کە گێلیا بچووکەکەی لە باوەش گرتووە، نەدەبوایە بوونی هەبێ.

بەڵام لە ئیمپراتۆریەتی ستالیندا زۆرجار قاودان بۆ شکۆمەندی بوو بە کارەسات. دوای ماوەی ساڵێک باوکی گێلیا بە تۆمەتی هەڵبەستراو کە گوایە سیخوڕی ژاپۆنی و تیرۆریستێکی ترۆتسکیستە، دەستگیرکرا. لە ساڵی ١٩٣٨ لە سێدارە درا، ئەو یەکێک بوو لە ملیۆنان قوربانی تیرۆری ستالین. گێلیا و دایکی دوورخرانەوە بۆ کازاخستان و هەر زوو دایکەکە لە ژێر بارودۆخێکی نهێنیدا گیانی لەدەستدا. بەڵام ئێستا مرۆڤ دەبوو چی لەو ئایکۆنە بێشومارانە بکات کە باوکی میللەتیان لەگەڵ کچی "دوژمنێکی گەل"ی سزادراو پیشان دا؟ کێشە نیە. دوای ئەو کارەساتە گێلیا مارکیزۆڤا و وێنەی "منداڵێکی دڵخۆشی سۆڤیەت" بۆ هەمیشە سڕایەوە.

ئامێری پڕوپاگەندەی سۆڤیەت ئەوەندە باشی کار دەکرد کە توانی دڕندەیی ترسناکی ناوخۆ پەردەپۆش بکات و لە هەمان کاتیشدا دیدێکی یۆتۆپیایی لە دەرەوەی وڵاتی لە خۆی ساز کرد. ئەمڕۆ ئۆکراینییەکان گلەیی ئەوە دەکەن کە پوتین بە سەرکەوتوویی ژمارەیەکی زۆر لە میدیای ڕۆژئاوایی لە ڕوانگەی سیاسەتی ڕووسیا لە کریمیا "Krim" و دۆنباس "Donbass" فریوداوە. بەڵام لە هونەری فێڵکردندا پووتین تەنانەت ناتوانێت هێندەی قامکێکی ستالین چالاك بێت. لە سەرەتای ساڵانی ١٩٣٠ و لە سەردەمێکدا کە ملیۆنان کەس لە ئۆکراینییەکان و هاووڵاتیانی دیکەی سۆڤیەت بەهۆی برسێتی کە ستالین بۆی بەدیاری هێنابوون دەمردن، ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانی چەپی ڕۆژئاوا، یەکێتی سۆڤیەتیان وەک کۆمەڵگەیەکی ئایدیاڵ بانگەشە بۆ دەکرد. لەمڕۆ و لە سەردەمی فەیسبووک و تویتەردا دەکرێت هەندێکجار قورس بێت بڕیار بدرێت باوەڕ بە کام وەشانی ڕووداوەکان بکرێت، بەڵام چیتر ناتوانرێت لانیکەم بۆ یەک ڕژێم ملیۆنان کەس بکوژێت بەبێ ئەوەی جیهان لێی بێ هەواڵ بێ. کۆمپانیاکان لە پەنا ئایین و ئایدۆلۆژیاکان پشت بە خەیاڵ و هەواڵی ساختە دەبەستن. زۆرجار سیاسەتی جیهانی بریتییە لە گێڕانەوەی هەمان چیرۆکی خەیاڵی دووبارە و سێبارە تاوەکو خەڵک بەو

قەناعەتە بگەن کە ڕاستە. کاتێک بیر لە کۆکاکۆلا دەکەیتەوە چ وێنەیەک دێتە مێشکتەوە؟ بیر لە گەنجانی تەندروست دەکەیەوە کە بەیەکەوە وەرزش دەکەن و کاتێکی خۆش بەسەر دەبەن؟ یان بیر لە نەخۆشە قەڵەوەکانی شەکر دەکەیەوە کە لەسەر تەختی نەخۆشخانە پاڵکەوتوون؟ خواردنەوەی لەڕادەبەدەری کۆکاکۆلا نابێتە هۆی ئەوەی گەنج بمێنیەوە، تەندروست بیت و وەرزشکار بیت - ئەگەری تووشبوونت بە قەڵەوی و نەخۆشی شەکر زیاد دەکات. بەڵام بۆ دەیان ساڵە کۆکاکۆلا ملیارەها دۆلاری تەرخان کردووە بۆ پەیوەستکردنی بەرهەمەکەی خۆی بە گەنجان و تەندروستی و وەرزشەوە - و ملیارەها کەسیش بەبێ ئاگاداربوون باوەڕیان بەم پەیوەندییە هەیە.

ڕاستییەکە ئەوەیە کە هەرگیز تەوەری "ڕاستیی" لە کارنامەی هۆمۆ ساپییەندا بەرز ڕانەگیراوە. زۆر کەس وا گریمانە دەکەن کە ئەگەر ئایینێک یان ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو دەست بە چەواشەکاری بکات، ئەوا درەنگ یان زوو لایەنگرانی هەست بەو شتە دەکەن، چونکە لە بەرامبەر ڕخنەگرە چاو ڕوونەکاندا شانسیان نەدەبوو. باشە ئەوە تەنیا ئەفسانەیەکی تری دڵنەواییدەر نییە؟ لە کردەوەدا هێزی هاوکاری مرۆڤایەتی پەیوەستە بە هاوسەنگییەکی ناسک و ئاستەمی نێوان جیهانی ڕاستی و خەیاڵ. لە ڕاستیدا ئەگەر ڕاستەقینەیەك لێکبکێشرێتەوە، لە کردەوەدا دەبێتە هۆی لاواز بوونی، چونکە بە شێوازی ناڕاستەقینە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٠٥ مێدیۆمێکی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا بە ناوی کینجیکیتیلێ نگوالێ "Kinjikitile Ngwale" ئیدیعای کرد کە "هۆنگۆ" ڕۆحی مارێك جەستەی داگیرکردووە. پێغەمبەری نوێ پەیامێکی شۆڕشگێڕانەی بۆ خەڵکی کۆلۆنیای ئەڵمانیا لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا پێبوو: "یەکگرتوو بن و ئەڵمانییەکان دەربکەن." بۆ بەهێزکردنی ئەم پەیامە، نگوالێ دەرمانێکی سیحراوی بۆ لایەنگرانی دابین کرد کە دەوترێت فیشەکی تفەنگی ئەڵمانی دەکاتە ئاو. بەم شێوەیە ڕاپەڕینی ماجی ماجی "Maji-Maji" دژ بە ئاڵمانییەکان دەستی پێکرد. ئەو ڕاپەڕینە شکستی هێنا، چونکە لە مەیدانی شەڕدا فیشەکی ئەڵمانی نەدەبوو بە ئاو. لە جیاتیدا بێ بەزەییانە تفەنگی ئاڵمانییەکان جەستەی ڕاپەڕیوە بێ چەکەکانیان کون کون دەکرد. ٢٠٠٠ ساڵ پێشتر، ڕاپەڕینی گەورەی جولەکە دژی ڕۆمییەکان بەهۆی باوەڕێکی بە هەمان شێوە توندەوە بووە کە خودا شەڕ بۆ جولەکەکان دەکات و

یارمەتیان دەدات بۆ شکستپێهێنانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمیی و بەڕواڵەت شەڕەکە نەدۆڕاوە. ئەم هەوڵەش شکستی هێنا و لە ئەنجامدا قودس وێران کرا و دەرکردنی جولەکەکانی لە ناوچەکە لێکەوتەوە.

لە لایەکی ترەوە ناتوانیت بە سەرکەوتوویی کۆمەڵە خەلكێك ڕێکبخەیت بەبێ ئەوەی پشت بە جۆرێک لە ئەفسانەوە نەبەستیت. ئەگەر خۆت بە واقیعی ڕووتەوە ببەستییەوە، بەزەحمەت کەسێك شوێنت دەکەوێت. بەبێ ئەفسانە نەک تەنیا ڕاپەڕینی شکستخواردووی ماجی ماجی و ڕاپەڕینی شکستخواردووی جولەکەکان مەحاڵ دەبوو، بەڵکو یاخیبوونە سەرکەوتووترەکانی مەهدی و مەکابییەکان "Maccabees"یش مەحاڵ دەبوون.[١٥]

لە ڕاستی و لە کردەوەدا بڵاوکردنەوەی چیرۆکە درۆیینەکان بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ڕاستییەکان سوودێکی سروشتییان هەیە. ئەگەر دەتەوێت حوکم لەسەر دڵسۆزی گرووپێک بدەیت، باشترین ڕێگە بۆ تاقیکردنەوە ئەوەیە کە هەوڵ بدەی خەڵک باوەڕ بە شتێکی بێ بنەما و بێ مانا بکەن نەک داوایان لێبکەی باوەڕیان بە ڕاستییەکان هەبێ. کاتێک سەرۆکێک دەڵێت "خۆر لە ڕۆژهەڵات هەڵدێت و لە ڕۆژئاوا ئاوا دەبێت"، پێویستی بە دڵسۆزی نییە و پێویست بە چەپڵە لێدانیش ناکات. بەڵام ئەگەر سەرۆکی باڵا بڵێت: "خۆر لە ڕۆژئاوا هەڵدێت و لە ڕۆژهەڵات ئاوا دەبێت"، تەنیا دڵسۆزانی ڕاستەقینە چەپڵەی بۆ لێدەدەن. کاتێک هەموو دراوسێکانت باوەڕیان بە هەمان چیرۆکی ساختە هەبێ، دەتوانیت حسابیان بۆ بکەیت کە لە کاتی قەیرانەکاندا پێکەوە بوەستن. تەنانەت ئەگەر ئەوان ئامادە بن باوەڕ بە ڕاستەقینەکانیش بکەن، ئەوە چی دەسەلمێنێت؟ ئێستا ڕەنگە ناڕەزایەتی دەرببڕیت کە لانیکەم لە هەندێک حاڵەتدا دەتوانرێت لە ڕێگەی قەناعەتی کۆدەنگییەوە خەڵک بە سەرکەوتوویی ڕێکبخرێت نەک لە ڕێگەی خەیاڵی و ئەفسانەوە. بەم شێوەیە لە بواری ئابووریدا پارە و بازرگانی زۆر کاریگەرتر لە هەموو خودایەک یان کتێبێکی پیرۆز مرۆڤ بەیەکەوە دەبەستنەوە، هەرچەندە هەمووان دەزانن کە هەم پارە و هەم بازرگانی تەنیا ڕێکەوتنی مرۆڤن. لە

[١٥] بزووتنەوەیەک کە مەهدی ڕێبەرایەتی دەکرد لە سوودان و دژ بە ئینگلیزییەکان بوو. مەکابییەکانیش تاقمێکی جوو بوون کە دژ بە داگیرکاریی ڕۆمییەکان وەستابوون.

حاڵەتی كتێبێكی پیرۆزدا، باوەڕدارێكی ڕاستەقینە دەڵێ: "من باوەڕم وایە كتێبەكە پیرۆزە"، لەكاتێكدا لە دۆخی دۆلاردا، باوەڕدارێكی ڕاستەقینە بە سادەیی دەڵێت "من باوەڕم وایە خەڵكی دیكە پێیان وایە دۆلار بەنرخە." ئاشكرایە كە دۆلار تەنیا دروستكراوێكی مرۆڤە، لەگەڵ ئەوەشدا خەڵك لە هەموو جیهاندا ڕێزی لێدەگرن. ئەگەر وایە بۆچی خەڵك ناتوانن هەموو ئەفسانە و خەیاڵییەكان فڕێ بدەنە دەرەوە و لە دەوری ڕێكەوتنە كۆدەنگییەكانی وەك دۆلار كۆبنەوە و ڕێككەون؟

بێگومان ئەم جۆرە ڕێكەوتنانە بە ڕوونی جیاوازییان لەگەڵ چیرۆكە خەیاڵییەكان نییە. بۆ وێنە جیاوازی كتێبی پیرۆز و پارە زۆر بچووكترە لەوەی گومانی لێ دەكرێ. كاتێك خەڵك چاویان بە دۆلار دەكەوێ زۆر زوو لەبیریان دەچێتەوە كە پارە تەنیا ڕێكەوتنی نێوان مرۆڤە. كاتێك ئەو پارچە كاغەزە سەوزە دەبینن كە وێنەی پیاوە سپییە مردووەكەی لەسەرە، وای دەبینن كە خۆی لە خۆیدا بەهایەكی مەزنی هەیە. بە دەگمەن وەبیریان دێتەوە كە "لە ڕاستیدا ئەوە پارچە كاغەزێكی بێ بەهایە، بەڵام لەبەر ئەوەی كەسانی دیكە بە بەنرخی دەزانن، دەتوانم بەكاری بهێنم". ئەگەر لە كەرەسەی وێنەگرتنی (MRT) ەوە سەیری مێشكی مرۆڤێك بكەیت، كە هاوكات چەمەدانێكی پڕ لە سەد دۆلاریی لە بەردەمی ببینێت، ئەو بەشە گوماناویانەی مێشك بەدی ناكرێ "خەڵكی دیكە پێیان وایە ئەمە بەنرخە"، بەڵكو زیاتر بەشە تەماحكارەكەی «نەفرەت، من ئەو چەمەدانەم دەوێت!» بەدی دەكرێت. بە پێچەوانەوە لە زۆربەی زۆری حاڵەتەكاندا مرۆڤ كتێبی پیرۆز یان ڤێدا یان كتێبی مۆرمون بە پیرۆز نازانن تا ئەو كاتەی بەشێوەی درێژخایەن و دووبارە پەیوەندییان لەگەڵ كەسانی دیكەدا نەبووبێت كە ئەو كتێبانە بە پیرۆز دادەنێن. ئێمە فێردەبین ڕێز لە كتێبە پیرۆزەكان بگرین بە هەمان شێوە كە فێردەكرێین ڕێز لە دراوی بانكی بگرین.

بەم شێوەیە، لە كردەوەدا جیاوازییەكی سەرەكی لە نێوان "زانینی ئەوەی شتێك تەنیا ڕێكەوتنێكی مرۆییە" و "باوەڕكردن بەوەی شتێك لە بنەڕەتدا بەنرخە" نییە. لە زۆربەی حاڵەتەكاندا مرۆڤ دژ بە یەكتر دەوەستن یان ئەم جیاوازییە بە تەواوی لەبیر دەكەن. با ئاماژە بە نموونەیەكی دیكە بكەین: ئەگەر دابنیشیت و باسێكی فەلسەفی قووڵی لەسەر بكەیت، نزیكەی هەمووان هاوڕان لەسەر ئەوەی كۆمپانیاكان چیرۆكی

خەیاڵین كە مرۆڤ خۆی دروستی كردوون. مایكرۆسۆفت لە بینا پێكنەهاتووە، كە خاوەندارێی بكرێت، ئەو مرۆڤانەی دایمەزراندوون، یان ئەو كەسانەی خزمەتیان دەكات - بەڵكو مایكرۆسۆفت خەیاڵییەكی یاسایی ئاڵۆزە كە لەلایەن یاسادانەران و پارێزەرانەوە خولقێندراوە. بەڵام ئێمە سەدا ٩٩ی كاتمان لە گفتوگۆی قووڵی فەلسەفیدا بەسەر نابەین، جۆرێك مامەڵە لەگەڵ كۆمپانیاكان دەكەین وەک ئەوەی شتێكی ڕاستەقینەی جیهان بن هەر وەک پڵینگ یان مرۆڤ.

هێڵی دابەشبوونی نێوان چیرۆكی خەیاڵی و ڕاستەقینە دەتوانرێت بە چەندین هۆكار كاڵ بكرێتەوە، ئەو هێڵە لە كاتی "خۆشی"ەوە تا "زیندوومانەوە" لەخۆ دەگرێ. مرۆڤ ناتوانێت یاری بكات یان ڕۆمان بخوێنێتەوە ئەگەر لانیكەم بۆ ماوەیەكی بچووك واز لەوە نەهێنێ كە "ئەو باوەڕە" تەنیا خولقاندنی خودی مرۆڤە. بۆ ئەوەی بەڕاستی چێژ لە تۆپی پێ وەربگرێ، دەبێت یاساكانی یارییەكە قبوڵ بكرێ و لەبیری بچێت، لانیكەم بۆ ماوەی ٩٠ خولەک، كە ئەو یاسایانە لە داهێنانی مرۆڤ زیاتر هیچی تر نین. ئەگەر ئەو كارە نەكەیت، گەلێك گاڵتەجاڕانە دەنوێنێت كە ٢٢ كەس بەدوای تۆپێكدا دەخولێنەوە. ڕەنگە تۆپی پێ لەڕاستیدا تەنیا بۆ چێژ وەرگرتن لە یارییەك زیاتر نەبێت، بەڵام دواتر دەتوانێ ببێتە شتێكی زۆر جیددیتر، وەک ئەوەی لایەنگری چەقۆكێشی ئینگلیزی یان ناسیۆنالیستێكی ئارژانتینی لێ دروست بێ. یاری تۆپی پێ دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە داڕشتنی ناسنامەی كەسی، دەتوانێت كۆمەڵگە گەورەكان بەهێز بكات و تەنانەت دەتوانێت زەمینە بۆ توندوتیژی دابین بكات. نەتەوەكان و ئایینەكان هەردووكیان وەك تیمی تۆپی پێ ئەندامی كۆمەڵە گەورەكان پێكدێنن.

مرۆڤ هاوكات لێهاتوویەكی سەرنجڕاكێشیان هەیە هەم بۆ زانین و هەم بۆ نەزانین. یان وردتر دەتوانین بڵێین: بۆ ئەوەی شتێك بزانن دەتوانن بیزانن ئەگەر بەڕاستی بیری لێ بكەنەوە، بەڵام زۆربەی كات بیری لێ ناكەنەوە، هەربۆیە نازانن. ئەگەر بەڕاستی سەرنجی بدەنێ هەست دەكەن كە پارە و زۆر شتیتری ئەم جیهانە تەنیا خەیاڵ و ئارەزووی دەستی مرۆڤن. بەڵام وەك خوو و عادەت گرنگیی پێ نادەن. ئەگەر پرسیاریان لێ بكرێت دەزانن تۆپی پێ داهێنانێكی مرۆڤە. بەڵام لە گەرمەی یارییەكەدا كەس پرسیار لەو ڕاستییە ناكات. ئەگەر كات و وزەی بۆ تەرخان بكەن، دەتوانن بەو

ئەزموونە بگەن کە نەتەوە و کۆمەڵەکان بەردەوام خەریکی هۆندنەوەی خەون و خەیاڵن. بەڵام لە ناوەڕاستی شەڕێکدا، نە کات و نە وزەیان بۆ تێگەیشتوویی لەو خەونانە هەیە. ئەگەر بەدوای ڕاستی کۆتایی کەوتووی، ئەوە بزانە کە چیرۆکی ئادەم و حەوا ئەفسانەیەک زیاتر نییە. بەڵام چەند جار لە ژیاندا وەدوای ڕاستی کۆتایی دەکەوین؟

ڕاستی و دەسەڵات تەنیا دەتوانن بۆ ماوەیەکی کورت هاوڕێ بن. درەنگ یان زوو ڕێگایان لێك جیا دەکەنەوە. ئەگەر خەڵک وەدوای دەسەڵات کەوتبن، لە شوێنێکدا دەبێ دەست بکەن بە بڵاوکردنەوەی چیرۆکی خەیاڵی. ئەگەر بیانەوێ ڕاستییەکانی جیهان بزانن، دوور لە هەموو چیرۆکە خەیاڵییەکان، ئەوا لە شوێنێکدا دەبێ واز لە هێز و دەسەڵات بێنن. ناچار دەبن دان بەو شتانەدا بنێن - بۆ نموونە سەبارەت بە سەرچاوەکانی دەسەڵاتی خۆیان - هاوپەیمانان توڕە کەن، لایەنگران ناهومێد کەن، یان هەڕەشە لە ئاشتیی کۆمەڵایەتی بکەن. هیچ شتێکی نهێنی لە درزی نێوان حەقیقەت و دەسەڵاتدا نییە. بۆ پشتڕاستکردنەوە، ئەمریکییەکی سپی پێستی ئاسایی هەڵبژێرە و پرسیاری ڕەگەزپەرەستیی لێ بکە، پرسیاری داگیرکاریی لەگەڵ ئیسرائیلییەک دامەزرێنە، یان هەوڵبدە لەگەڵ پیاوێک کە خۆی بە سەرتر لە ژنان دادەنێ باس سەبارەت بە پیاوسالاری بکە.

بە درێژایی مێژوو زانایان چەندین جار ڕووبەڕووی ئەم دژ و پێچەوانانە بوونەتەوە: ئایا خزمەت بە دەسەڵات دەکەن یان حەقیقەت؟ ئایا پێویستە هەوڵبدەن بۆ یەکخستنی خەڵک بە دڵنیابوون لەوەی هەمووان باوەڕیان بە یەک چیرۆک هەیە، یان دەبێ ڕاستییەکانیان بۆ بڵێن، تەنانەت ئەگەر بە حیسابی لێکدابڕان تەواو بێ؟ کاریگەرترین دامەزراوە زانستییەکان - جا لەلایەن قەشە مەسیحییەکانەوە بێت، یاخود لەلایەن ماندارینەکانی کۆنفۆسیۆسەوە بێت یان ئایدۆلۆژیستە کۆمۆنیستەکان – هەمیشە لەهەنبەر ڕاستیدا بڕیاری خۆیان بۆ یەکگرتوویی داوە و ئەویان بە بەنرختر زانیوە، هەر تەواو بەو هۆیەشەوە ئاوا بەهێز بوون. مرۆڤ وەک بوونەوەرێکە هەمیشە دەسەڵاتی پێ باشتر بووە لە ڕاستی. ئێمە کات و تێکۆشانێکی زۆر زیاتر تەرخان دەکەین بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان نەک هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لێی- تەنانەت کاتێک

دەمانەوێت لێی تێبگەین، بە زۆریی ئەو هیوایە لەخۆماندا پەروەردە دەكەین كە تێگەیشتن لە جیهان ئاسانكاریمان بۆ دەكات بۆ ئەوەی باشتر كونترۆڵی بكەین. كەواتە ئەگەر خەون بە كۆمەڵگایەكەوە ببینین كە لەوێدا حەقیقەت حوكم بكات و ئەفسانە پشتگوێ بخرێت، نابێ چاوەڕوانیی زۆر لە هۆمۆ ساپییەن بكرێ. ڕەنگە باشتر بێ بەختی خۆمان لەگەڵ شامپانزیەكدا تاقی بكەینەوە.

## لە ئامێری شوشتنەوەی مێشك ڕزگار بن

هەموو ئەوانە ئەوە ناگەیەنن کە هەواڵی ساختە کێشەیەکی جیددی نییە، یان سیاسەتمەداران و ئاینییەکان جۆرێک لە جارنامەیان بۆ درۆکردن هەیە کە کۆڵەکەکان بچەمێنێتەوە. هەروەها بە تەواوی هەڵە دەبێت ئە گەر بگەینە ئەو ئاکامەی هەموو شتێک هەر هەواڵی ساختەیە و هەر هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان مەحکوومە بە شکست و هیچ جیاوازییەک لە نێوان ڕۆژنامەوانی جیددی و پڕوپاگەندەدا نییە. لە پشت هەر هەواڵێکی ساختە بەڵگەی ڕاستەقینە و ئازاری ڕاستەقینە هەیە. بۆ نموونە لە ئۆکرانیا سەربازانی ڕووسیا بەڕاستی شەڕ دەکەن، هەزاران کەس بەڕاستی گیانیان لەدەستداوە و سەدان هەزاریش بەڕاستی ماڵ و حاڵیان تێکچووە و خاپوور کراوە. زۆرجار ئازارەکانی مرۆڤ بەهۆی باوەڕبوون بە چیرۆکی خەیاڵییەوە دروست دەبێت، بەڵام خودی ئازارەکان تەواو ڕاستەقینەن.

کەواتە لەبری ئەوەی هەواڵی ساختە وەک نۆرم قبوڵ بکەین، پێویستە وەک کێشەیەکی زۆر ئاڵۆزتر لەوەی کە هەیە بیناسین و هێندەی تر هەوڵبدەین واقیع لە خەیاڵ جیا بکەینەوە. با چاوەڕوانی کامڵبوون نەکەین. هەندێک جار مرۆڤ بە هەڵە پێیان وایە دەتوانرێت جیهان تەنیا بەسەر دوو کاری چاک و خراپدا دابەش بکرێ، لەکاتێکدا ڕاستەقینەکە گەلێك ئاڵۆزترە لەوەی مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە. سیاسەتمەداران بە دەگمەن ڕاستیی تەواومان پێ دەڵێن، بەڵام هێشتا هەندێک سیاسەتمەدار لە هەندێکی تر باشتر هەڵس و کەوت دەکەن. بە لەبەرچاوگرتنی هەڵبژاردنەکان من زیاد لە ستالین متمانە بە چرچیل دەکەم، هەرچەندە سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا نەسڵماوە ڕاستییەکان بە شێوەیەکی گونجاو بۆ ڕازیڕاگرتنی خۆی بڕازێنێتەوە. بە هەمان شێوە هیچ ڕۆژنامەیەک دوور نییە لە ڕوونکردنەوەی ڕاستی و هەڵە، بەڵام هەندێک ڕۆژنامە بەڕاستی هەوڵ دەدەن ڕاستییەکان بدۆزنەوە لە کاتێکدا هەندێکی تر وەك ئامێری مێشک شۆردن کار دەکەن. ئەگەر لە ساڵانی ١٩٣٠دا

بژیامایە هیوادارم ئەو ئازاییەم هەبوایە زیاتر باوەڕ بە نیویۆرک تایمز بکەم بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ پراڤدا و شتۆیرمە "Stürmer".

بەرپرسیارێتی ئەوە لەسەر شانی خۆمانە کات و ماندووبوون لە پێناو ناسینی لایەنگرییەتی خۆمان و پشتڕاستکردنەوەی سەرچاوەی زانیارییەکانمان ڕوون بکەینەوە. وەک لە بەشەکانی پێشووشدا باسمان کرد، ئێمە ناتوانین خۆمان بە تەنیا لە هەموو شتێك بکۆڵینەوە. بەڵام ڕێک لەسەر ئەو هۆکارە دەبێت لانیکەم وریا بین لەوەی کە سەرچاوەی زانیارییە پەسەندکراوەکانمان چین - جا ڕۆژنامەیەک بێت، ماڵپەڕێک بێت، کەناڵێکی تەلەفزیۆنی بێت، یان کەسێکی زانا بێت. لە بەشی بیستەمی ئەم کتێبەدا بە قووڵی باسی لێوەدەکەین چلۆن دەتوانین ڕێگری لە مێشک شۆردن بکەین و واقیع لە خەیاڵ جیا بکەینەوە. لێرەدا حەز دەکەم دوو یاسای سادە بخەمەڕوو.

ئەگەر زانیاری متمانەپێکراوتان دەوێت، دەبێ پارەیەکی باشی بۆ تەرخان بکرێت. ئەگەر زانیارییەکانت بە خۆڕایی دەست بکەوێت، لەوانەیە بەرهەمیك زیاتر نەبێت. بیهێنە بەرچاوت ملیاردێرێك ئەم گرێبەستەت پێشکەش بکات: "مانگانە پارەت پێدەدەم و لە بەرامبەردا ڕێگەم پێدەدە ڕۆژانە بۆ ماوەی کاتژمێرێک مێشکتان بشۆم و هەموو ئەو یەکلایەنە سیاسی و بازرگانییەی کە لە مێشکمدایە لە سەرتدا بچێنم". ئایا بۆ ئەم گرێبەستە ئامادەی؟ بەزەحمەت واهەیە کەسێک عەقڵی سالمی هەبێ، ئەو کارە بکات. یاخود ئەو ملیاردێرە گرێبەستێکی کەمێک جیاواز پێشکەش دەکات: "ئەگەر ڕێگەم پێبدەیت ڕۆژانە بۆ ماوەی یەک کاتژمێر مێشکت بشۆم، لە بەرامبەردا بۆ ئەو خزمەتگوزارییە پارەت لێ وەرناگرم." ئێستا لەناکاو سەدان ملیۆن کەس تامەزرۆی گرێبەستەکە دەبێت.

یاسای دووەم ئەوەیە کە ئەگەر پرسیارێک بە تایبەتی بۆت گرنگ بوو، هەوڵبدە بابەتی ئەکادیمی پەیوەندیدار بە پرسیارەکەت بخوێنیتەوە. مەبەستم لە ئەدەبیاتی زانستی بابەتی ناودار و کتێبە بەناوبانگە بڵاوکراوەکان و نووسینی پرۆفیسۆرەکانی دامەزراوە ناسراوەکانە. زانست بە ڕوونی سنوورەکانی خۆی هەیە و لە ڕابردوودا هەڵەی زۆری کردووە. سەرەڕای ئەمەش کۆمەڵگەی زانستی بۆ چەندین سەدەیە جێی متمانەترین سەرچاوەی زانیاری گرتۆتەوە. ئەگەر پێت وایە کۆمەڵگەی زانستی لە شتێکدا هەڵەیە،

بە دڵنیاییەوە دەکرێ وابێت، بەڵام لانیکەم پێویستە ئاگاداری ئەو تیۆرییە زانستیانە بیت کە ڕەتی دەکەیەوە، واتە بەڵگەی ئەزموونیت هەبێ بۆ پشتگیریکردن لە تێزەکەت.

دیارە پێویستە زانایان بۆ پشکنینی باشتری تیۆرییەکانیان زیاتر بەشداری مشتومڕەگشتییەکانی ئەمڕۆیی بن. ئێوە هیچ کاتێک ترستان لەوە نەبێ مشتومڕەکە دەست بخاتە سەر بوارە شارەزاییەکانیان، جا زانستی پزیشکی بێت یان بابەتی مێژوویی. بێدەنگی نەک هەر بە مانای بێلایەنی نییە؛ بەڵکوو دۆخی ئێستا بەهێزتر دەکات. بێگومان لەڕادەبەدەر گرنگە بەردەوام بین لە بەڕێوەبردنی توێژینەوەی ئەکادیمی و بڵاوکردنەوەی ئەزموونەکانمان لە گۆڤارە زانستییەکاندا، کە تەنیا چەند کەسێکی شارەزا دەیخوێننەوە. بەڵام بە هەمان شێوە گرنگە گەیاندنی نوێترین تیۆرییە زانستییەکانە بە خوێنەرانی گشتی، لە ڕێگەی کتێبە زانستییە باوەکان و تەنانەت لە ڕێگەی بەکارهێنانی لێهاتووانەی هونەر و خەیاڵیشەوە.

ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە زاناکان دەبێ زانستی خەیاڵی بنووسن؟ ئەوە لە ڕاستیدا بیرۆکەیەکی هێندە خراپیش نییە. هونەر لە دارشتنی ڕوانگەی بینینی مرۆڤ بۆ جیهان دەورێکی سەرەکی دەگێڕێت و لە سەدەی بیست و یەکەمدا ڕەنگە زانستی خەیاڵی گرنگترین دەور بگێڕێت، لەبەرئەوەی زۆربەی مرۆڤ بیر لە شتی وەک ژیری دەستکرد و ئەندازیاری بایۆلۆجی و گۆڕانی کەشوهەوا دەکەنەوە. دیارە بێ گومان پێویستمان بە زانستی باش و ڕاستەقینە هەیە، بەڵام لە ڕوانگەی سیاسییەوە فیلمێکی زانستیی خەیاڵیی باش لەمڕۆدا بەهای زۆر زیاترە لە بابەت یان کتێبێکی زانستی یان سروشتی.

## ئەرکی هەژدە: چیرۆکی خەیاڵی

### داهاتوو ئەوە نییە کە لە سینەمادا دەیبینیت

مرۆڤ حوکمڕانی جیهان دەکات، چونکە لە هەموو زیندەوەرانیتر باشتر دەتوانن هاوکاری یەکتر بکەن، ئەو هاوکارییە لە کردەوەدا بەڕێوەدەچێ چونکە باوەڕیان بە چیرۆکی خەیاڵی هاوبەش هەیە. هەر بۆیە شاعیر، نیگارکێش و شانۆنامەنووس بەقەرا سەرباز و ئەندازیار گرنگن. مرۆڤ بەشداری شەڕ دەکات و کاتدرال واتە کلیسای گەورە دروست دەکات، چونکە باوەڕیان بە خودا هەیە، ئەوان باوەڕیان بە خودا هەیە، چونکە نووسراوە و ئایەتەکانی کتێبی ئینجیلیان خوێندۆتەوە، چونکە وێنەی خودایان بینیوە و چونکە بەهۆی شانۆنامەکانی سەبارەت بە خودا سەرسام بوون. بە هەمان شێوە باوەڕمان بە ئەفسانەی مۆدێرنی سەرمایەداری بۆ خۆڵقاندنی هونەری سینەمایی هۆلیوود و زۆر شتیتر هەیە. ئێمە باوەڕمان بەوەیە کڕینی شتومەکی زیاتر و زیاتر دڵخۆشمان دەکات چونکە بە چاوی خۆمان لە تەلەفیزیۆنی بەهەشتی سەرمایەداریدا بینیومانە.

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا ڕەنگە گرنگترین شێوەی هونەری، زانستی خەیاڵی بێت. بەزەحمەت کەسێک نوێترین بابەتەکانی پسپۆڕی بواری فێربوونی ئامێر یان ئەندازیاری دەخوێنێتەوە. لە جیاتی ئەوە فیلمە خیاڵییەکانی هۆلیوود وەك ماتریکس "Matrix" یان زنجیرە فیلمی تەلەفیزیۆنی وەك وێست ورلد "Westworld" و بلێک میرۆر"Black Mirror" سەیر دەکەین و لەو ڕێگایەوە مرۆڤ دەیەوێ لە پێشکەوتنە سەرەکییە تەکنۆلۆژی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییی سەردەمی نوێ تێبگات. ئەوەش بەو مانایەیە کە زانستی خەیاڵی دەبێت بەرپرسیارێتی زیاتر لە ئەستۆ بگرێ کە چلۆن شێوازی وێناکردنی واقیعە زانستییەکان بە مرۆڤ نیشان دەدات، ئەگەر ئەو کارە

بەڕێوەنەبا دەتوانێت بیرۆكەیەكی هەڵە بە خەڵک بدات یان سەرنجیان بۆ کێشەی خەیاڵی ڕابكێشێت.

وەک لە بەشێکی پێشووی ئەم بابەتە باسمان لێوەکرد، خراپترین تاوانی زانستی خەیاڵیی ئەمڕۆ ئەوەیە کە دڵخۆشە بە سەرلێشێواندنی جیاوازیی نێوان بلیمەتی چێکراو و ووشیاری. لە ئەنجامدا، ئەو زیاتر خۆی بە ئەگەری شەڕێک لە نێوان ڕۆبۆت و مرۆڤەوە خەریك کردووە، بەڵام لەڕاستیدا دەبێ زیاتر لە کێشەی نێوان گرووپێکی بچووك واتە "مرۆڤی سەرووی مرۆڤ" کە خۆی بە هێزی ئالگاریتمەکانەوە هەڵواسیوە و چینێکی گەورەی خوارەوەی هۆمۆساپییەنی بێدەسەڵات بترسین. کاتێک بیر لە داهاتووی ژیری دەستکرد دەکەینەوە، هێشتا کارل مارکس ڕێنمایی باشترمان پێدەدات لە ستیڤن سپیلبێرگ"Steven Spielberg" ڕژیسۆری فیلمە خەیاڵییەکانی هۆلیوود.

لە ڕاستیدا زۆرێک لە فیلمەکان سەبارەت بە ژیری دەستکرد ئەوەندە دوور لە واقیعی زانستین کە ڕەنگە مرۆڤ گومانی ئەوە بکات وێناکردنەکان لە خزمەت بە شتێکی تەواو جیاوازتردایە. بۆ نموونە فیلمی "Ex Machina" لە ساڵی ٢٠١٥ پێدەچێت باس لە پسپۆڕێکی ژیری دەستکرد بکات کە عاشقی ڕۆبۆتێکی مێینە دەبێت، بەڵام لەلایەن ئەوەوە فێڵی لێدەکرێت و هەوڵی مانیپۆلیرە بوون "گۆڕانکاری یان دەستکاری" دەکرێت. بەڵام لە واقیعدا فیلمێک نییە دەربارەی ترسی مرۆڤ لە ڕۆبۆتە زیرەکەکان. فیلمێکە زیاتر سەبارەت بە ترسی پیاو لە ژنانی زیرەکە و بە تایبەتی ترسی ئەوەی کە ڕزگاریی ژن دەبێتە هۆی هەژموونی مێینە. هەرکاتێک فیلمێکی ژیری دەستکرد دەبینیت کە ژیری دەستکردەکەی مێیە و زاناکە پیاوە، ئەگەری ئەوە هەیە فیلمێک بێت دەربارەی فێمینیزم، نەك سایبەرنێتیک "cybernetics". ئاخر بۆ دەبێ ژیری دەستکرد کە هیچ ئاگالەخۆییەکی نییە ناسنامەی سێکسی یان ڕەگەزی پێبدرێت؟ سێکس تایبەتمەندیی بوونەوەرە فرە خانەییەکانی ئۆرگانیکە. بۆ بوونەوەرێکی سایبەرنێتیکی نائۆرگانیک دەبێت مانای چی بێت؟

## ژیان لە سندووقێکدا

پرسێکی دیکە کە زانستی خەیاڵیی بە شێوەیەکی زۆر تێڕاماوتر بەخۆوە خەریك کردووە، مەترسی بەکارهێنانی تکنۆلۆژیایە بۆ مانیپولیرەکردن یاخود دەستکاریکردن و کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ. بەم شێوەیە جیهانێکی ماتریکس نیشان دەدات کە هەموو مرۆڤەکان لەناو فەزای مەجازیدا گیریان خواردووە و هەموو ئەو شتانەی کە ئەزموونی دەکەن بەهۆی ئالگاریتمە سەرەکییەکانەوە بەڕێوەدەبرێن. فیلمی ترومان شۆ "Truman Show" تیشک دەخاتە سەر تاکە کەسێك و بەبێ ئەوەی خۆی بزانێت دەبێتە پاڵەوانی زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی. بەبێ ئەوەی ترومان خۆی بزانێت، هەموو هاوڕێ و ناسیاوەکانی - لەوانەش دایکی، هاوسەرەکەی و باشترین هاوڕێی - ئەکتەرن؛ هەموو ئەو شتانەی بەسەریدا دێت، سیناریۆیەکی وردی بیرلێکراوی پێشتر داڕێژراوە؛ و هەموو شتێک کە دەیڵێت و دەیکات لە کامێرای شاراوەدا دەگیرێت و بە تامەزرۆییەوە لەلایەن ملیۆنان لایەنگرەوە سەیری دەکرێت.

بەڵام هەردوو فیلمەکە سەرەڕای درەوشاوەیی خۆیان لە ناو خەڵک، لە کۆتاییدا خۆیان لە یاریکردنی سیناریۆکان بە تەواوی دەپارێزن. ئەوان وا گریمانە دەکەن کە ئەو کەسانەی لە ماتریکسدا گیریان خواردووە، خودێکی ڕەسەنیان هەیە کە سەرەڕای هەموو دەستکارییە تکنۆلۆژییەکان وەك خۆیان دەمێننەوە، و لە دەرەوەی ماتریکس واقیعێکی ڕەسەن هەیە کە پاڵەوانەکان ئەگەر بە ڕادەیەکی پێویست گرنگی پێبدەن و هەوڵی بۆ بدەن، دەتوانن دەستیان پێی ڕابگات. ماتریکس تەنیا بەربەستێکی دەستکردە کە خودی ڕەسەنی ناوەوە لە جیهانی ڕەسەنی دەرەوە جیا دەکاتەوە. دوای چەندین تاقیکردنەوە و تەنگ و چەڵەمە، هەردوو پاڵەوانەکە – نیۆ "Neo" لە فیلمی The Matrix و ترومان لە فیلمی - The Truman Show لە شکاندن و جێهێشتنی تۆڕی دەستکاریکردن و دۆزینەوەی خودی ڕەسەنی خۆیان و هەڵاتن بۆ سنووری بەڵێنیداراوی ویستی خۆیان سەرکەوتوو دەبن.

ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەم سنووورە بەڵێندراوە ڕەسەنە لە هەموو ڕوویەكی سەرەكییەوە هاوشێوەی ماتریكسی دروستكراوە. كاتێک ترومان خۆی لە ستۆدیۆی تەلەفزیۆنی ڕزگار دەكات، دەیەوێت پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ كیژی سەردەمی قوتابخانەكەیەوە دروست بكاتەوە، كە دەرهێنەری بەرنامە، لە زنجیرەكەدا لای بردبوو. بەڵام تەنانەت ئەگەر ترومان فانتازیای خۆشەویستییەكەی بەدی بهێنێت، ژیانی بە تەواوی لە خەونە تەواوەكەی هۆلیوود دەچێت كە فیلمی ترومان یان بە ملیۆنان بینەری سەرانسەری جیهان فرۆشت. تەنانەت فیلمەكە ئاماژە بەوە ناكات كە ترومان چ جۆرە ژیانێكی جێگرەوە دەتوانێت لە جیهانی ڕاستەقینەدا بدۆزێتەوە.

كاتێک نیۆ بە قووتدانی حەبی سووری بەناوبانگ دەچێتە ناو ماتریكسەوە، ئەویش هەست بەوە دەكات كە جیهانی دەرەوە هیچ جیاوازییەكی لەگەڵ جیهانی ناوەوە نییە. لە دەرەوە و ناوەوە ململانێی توندوتیژ هەیە و مرۆڤ بە هۆی ترس و شەهوەت و خۆشەویستی و ئیرەییەوە هەڵس و كەوت دەكەن. دەبوو فیلمەكە بەو شێوەیە كۆتایی پێهاتبا كە نیۆ فێربایە ئەو جیهانەی كە چووەتە ناویەوە تەنیا ماتریكسێكی گەورەترە و ئەگەر بیەوێت ڕابكا بۆ ناو "جیهانی ڕاستەقینە" دەبێت هەمیسان لە نێوان حەبی شین و سووردا یەكیان هەڵبژێرێتەوە.

شۆڕشی ئێستای تكنۆلۆژیای زانستی ئەوە ناگەیەنێت كە تاكی ڕەسەن و واقیعە ڕەسەنەكان بە ئالگاریتم و كامێرای تەلەفزیۆن دەستكاری بكرێن، بەڵكو ڕەسەنایەتی جیا لە خوو و خدەی مرۆڤ چ شتێک نییە.

مرۆڤ ترسیان لەوەیە كە لە سندوقێكدا گیریان خواردبێت، بەڵام دەرک بەوە ناكەن كە لەڕاستیدا لەو سندووقەدان – واتە سندوقی مێشكیان - كە لەسەر ویستی خۆیان لە سندوقێكی گەورەتردا قفڵ كراوە – ئەویش كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە بە چیرۆكە خەیاڵییە بێشومارەكانییەوە. ئەوانەی لەو ماتریكسە ڕزگاریان دەبێت جگە لە ماتریكسێكی گەورەتر هیچی تر نادۆزنەوە. كاتێک جووتیاران و كرێكاران لە ساڵی ١٩١٧ لە دژی تزار یاخی بوون، كۆتاییەكەی كەوتنە باوەشی ستالینەوە؛ لەگەڵ دەستپێكردنی قووڵتر و گەڕان بەدوای چەندین ڕێگای جیاوازدا كە چلۆن جیهان دەستكارییان دەكات، لە

كۆتاییدا تێدەگەن كە ناسنامەی سەرەكییان وەهمێكی ئاڵۆزە كە لەلایەن تۆڕە دەمارییەكانەوە خوڵقێندراون. مرۆڤ دەترسن ئەگەر لەناو سندوقێكدا گیریان خواردبێت، هەموو چەشنە پەرجۆیەكی جیهان لەدەست بدەن. تا نیۆ لە ماتریكسدا گیری خواردبێت و ترومان لە ستۆدیۆی تەلەفزیۆنیدا بمێنێتەوە، هەرگیز سەردانی دوڕگەی "Fidschi" یان پاریس و ماچو پیچو "Machu Picchu" ناكەن. بەڵام لە ڕاستیدا هەموو ئەو شتانەی لە ژیانتدا ئەزموونی دەكەیت، تەنیا لەناو جەستە و دەروونتدایە. جا ئەوەی ئایا لە ماتریكس دەربچیت یان سەفەر بكەی بۆ دوڕگەی "Fidschi" هیچ جیاوازییەكی نابێت. بە هیچ شێوەیەك وا نییە لە سەرتدا سندوقێكی كانزایی هەبێت كە هێمایەكی گەورەی ئاگاداركردنەوەی سووری لەسەر بێت: "تەنیا لە دورگەی Fidschi بیكەرەوە" و كاتێک دواجار دەچیتە باشووری زەریای پاسیفیك، سندوقەكە بكەیتەوە و هەموو ئەو هەست و سۆزە تایبەتانە هەست پێ بكەی كە تەنیا لە دورگەی Fidschi دەتوانیت هەتبێت. ئەگەر لە ژیانتدا هەرگیز نەچیتە دوڕگەی "Fidschi"، ئەوا بۆ هەمیشە ئەو هەستە تایبەتانەت لەدەستداوە. نەخێر. ئەو هەستەی لەسەر دوڕگەكە هەتە، دەتوانیت لە هەر شوێنێكی جیهان هەستی پێ بكەیت، تەنانەت لەناو ماتریكسیشدا.

ڕەنگە هەموومان لە ناو جیهانێكی كامپیۆتریی چەشنی ماتریكسدا بژین. ئەوەش بە پێچەوانەی هەموو ئەفسانە و گێڕانەوەی نەتەوەیی، ئایینی و ئایدیۆلۆژیی ئێمە دەوەستێت. بەڵام ئەزموونە ڕۆحییەكانمان هەر وەك پێشتر ڕاستەقینە دەبوون. ئەگەر مێژووی مرۆڤایەتی وەک هاوشێوەكردنێكی ورد و درشت دەربچێت كە لەلایەن زانایانی جرجەمشكەوە لە پلانیتی زیركۆنەوە "Zircon" لەسەر كامپیۆترێكی سەرسوڕهێنەر نمایشكرابێت، ئەوە بۆ كارل ماركس و دەوڵەتی ئیسلامی تەواو شەرمەزاركەر دەبێت. بەڵام زانایانی جرجەمشک دەبوو لانیكەم حساب لەسەر جینۆسایدی ئەرمەنەكان و ئاوشڤیتز(شوێنی كۆمەڵكوژیی نازییەكان) بكەن. چلۆن ئەو شتەیان بە قاچاخ لە لیژنەی ئەخلاقی زانكۆی زیركۆن تێدەپەڕاند؟ تەنانەت ئەگەر ژوورە گازییەكان تەنیا سیگناڵی كارەبایی بایەن لە "Siliziumchips"، هێشتا ئەزموونی ئازار و ترس و بێهیوایی كەمتر نەدەكردەوە.

ئازار ئازارە، ترس ترسە و خۆشەویستی خۆشەویستییە - تەنانەت لە جیهانی ماتریکسیشدا. گرنگ نییە ئەو ترسەی هەستی پێدەکەیت بەهۆی کۆمەڵێک ئەتۆمەوە بێت لە جیهانی دەرەوە یان بەهۆی سیگناڵە کارەباییەکانەوە کە لەلایەن کامپیۆترەوە کۆنترۆڵ دەکرێن. سەرەڕای ئەوەش ئازارەکە ڕاستەقینەیە. کە وابوو ئەگەر بتەوێت بەدواداچوون بۆ واقیعی مێشکت بکەیت، دەتوانیت لەناو ماتریکسەکە هەروەها لە دەرەوەشدا ئەوە بکەیت. زۆربەی فیلمە زانستییە خەیاڵییەکان لە ڕاستیدا چیرۆکێکی کۆن دەگێڕنەوە - ئەو چیرۆکەی سەرکەوتنی ڕۆحە بەسەر مادەدا. ٣٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر چیرۆکەکە بەم شێوەیە بوو: "ڕۆح لە خەیاڵدا چەقۆیەک دروست دەکا کە لە بەرد دروستکراوە - دەست چەقۆیەک بەرهەم دەهێنێت - مرۆڤ فیلی مامووت دەکوژێت". بەڵام لە ڕاستیدا مرۆڤەکان کەمتر بە داهێنانی چەقۆ و کوشتنی فیلی مامووت کۆنترۆڵی جیهانیان بەدەستهێنا، بەڵکوو بە دەستکاریکردن و مانیپولیرەکردنی عەقڵ و ڕۆحی مرۆڤ. عەقڵ ئەو شتە نییە کە بە ئازادی و بێ بەربەست پیلانی مێژوویی و واقیعە بایۆلۆژییەکان دیاری بکات - عەقڵ شتێکە لە ژێر کاریگەری ئەفسانە، گێڕاوە، مێژوو و بایۆلۆژیدایە. تەنانەت بەرزترین ئایدیاڵەکانمان - ئازادی، خۆشەویستی، داهێنان - وەک چەقۆیەکی بەردینە کە کەسێکیتر بۆ کوشتنی مامووتێکیتر دروستی کردوون. بەپێی پێشکەوتووترین تیۆرییە زانستییەکان و نوێترین ئامرازە تکنۆلۆژییەکان، مێشك و عەقڵ هەرگیز لە دەستکاریکردن پارێزگاری ناکرێن. هیچ منێکی ڕەسەن بوونی نییە چاوەڕێی ئەوە بکەم لە توێکڵی دەستکاریکەر ڕزگارم بکات.

ئایا بیرت لەوە کردۆتەوە کە بەدرێژایی تەمەنت چەند فیلم، ڕۆمان، پەخشان و شیعرت بەکارهێناوە و ئەم بەرهەمە هونەرییانە چۆن چەمکی خۆشەویستیتیان لە قاڵب داوە و تیژتریان کردووەتەوە؟ کۆمیدیای ڕۆمانسی بە هەمان ڕادە پەیوەندی بە خۆشەویستییەوە هەیە، کە پۆڕنۆ بە سێکسەوە هەیەتی و ڕامبۆ بە شەڕەوە. ئەگەر پێت وایە دەتوانیت بە قامکدانان لەسەر هەندێک دوگمە، شوێنەواری هۆلیوود لەسەر سیستەمی نائاگایی خۆت بسڕیتەوە، خۆت فریو دەدەی.

ئێمە بۆچوونی دروستکردنی چەقۆ لە بەردمان بەدڵە، بەڵام ئەو بیرۆکەیە خۆمان چەقۆی بەردین بین، بەدڵمان نییە. بەم شێوەیە ماتریکسی چیرۆکی مامووتی کۆن شتێکی

لەم شێوەیە دەبێ: "ڕۆح ڕۆبۆتێک لە خۆیدا خەیاڵ دەکات - دەست ڕۆبۆتێک دروست دەکات - ڕۆبۆت تیرۆریستان دەکوژێت بەڵام هاوکات هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ڕۆحیش دەدات - ڕۆح ڕۆبۆتەکان دەکوژێت." بەڵام ئەو گێڕاوەیە هەڵەیە. کێشەکە لەوەدا نییە کە ڕۆح ناتوانێت ڕۆبۆتێک بکوژێت، بەڵکو کێشەکە لەوەدایە ئەو عەقڵەی کە لە پلەی یەکەمدا ڕۆبۆتەکەی خوڵقاندووە، بەرهەمی مانیپولیرە و دەستکارییەکانی زۆر پێشتر بووە. بۆیە کوشتنی ڕۆبۆتەکە ئازادمان ناکات.

## دیزنی "Disney" باوەڕ بە ئیرادەی ئازاد لەدەست دەدات

لە ساڵی ٢٠١٥دا كۆمپانیای پیكسار"Pixar" و واڵت دیزنی "Walt Disney" فیلمێکی ئەنیمەیشنی زۆر واقیعییان بڵاوکردەوە سەبارەت بە بارودۆخی مرۆڤخۆشەویستی کە بە خێرایی بوو بە فیلمێکی بەناوبانگ و لەلایەن منداڵ و گەورەوە پێشوازی لێکرا. فیلمی "Inside Out" باس لە کچێکی تەمەن یازدە ساڵان دەکات بەناوی ڕایلی ئەندەرسۆن "Riley Andersen" کە لەگەڵ دایک و باوکیدا لە ویلایەتی مینێسوتا "Minnesota"وە بۆ ژیان دەچێتە شاری سانفرانسیسکۆ. لەبەر ئەوەی بیری هاوڕێیان و شارەکەی دەکات، کێشەی خۆگونجاندنی لەگەڵ ژیانی نوێدا بۆ دێتە پێشێ و هەوڵدەدات ڕابکات و بگەڕێتەوە بۆ مینێسوتا. بەڵام بەبێ ئەوەی ڕایلی خۆی بزانێت، درامایەکی زۆر گەورەتر لە ئارادایە. ڕایلی نە ئەستێرەی نهێنی زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنییە و نە لەناو ماتریکسدا گیری خواردووە، بەڵکو ڕایلی خۆی ماتریکسە و شتێک لە دەروونی ئەودا گیری خواردووە.

دیزنی بە گێڕانەوەی ئەفسانەیەکی تایبەتی دووبارە و سێبارە جیهانێکی بۆخۆی دروست کردووە. لە زۆربەی فیلمە بێشومارەکانی دیزنیدا پاڵەوانەکان ڕووبەڕووی سەختی و مەترسی دەبنەوە، بەڵام لە کۆتاییدا هەمیشە بە دۆزینەوەی خودی ڕەسەنی خۆیان و پەیڕەوکردنی بڕیارە ئازادەکانیان سەردەکەون. فیلمەکە بە کەڵکوەرگرتن لە نوێترین دۆزینەوەکانی دەمارە بایۆلۆژییەکانی مرۆڤ بینەران دەباتە گەشتێک بۆ ناو مێشکی ڕایلی، بەڵام وەک دەردەکەوێت، ئەو خاوەنی خودێکی ڕەسەن نییە و هەرگیز خۆی هیچ بڕیارێکی ئازاد دەرنابڕێ. لە ڕاستیدا ڕایلی ڕۆبۆتێکی مەزنە کە لەلایەن کۆمەڵێک میکانیزمی بایۆکیمیایی ناکۆکەوە کۆنترۆڵ دەکرێت و فیلمەکە نوێنەرایەتی کارەکتەرێکی کارتۆنی خوێنشیرین دەکات: ڕەنگی زەرد نیشانەی خۆشحاڵییە، ڕەنگی شین نیشانەی خەم، ڕەنگی سوور نیشانەی تووڕەیی و هتد. ئەوان بە دەستکاریکردنی زنجیرەیەک دوگمە و لیڤەر لە ناوەندی کۆنترۆڵکردنیدا هاوکات هەموو جوڵەیەک

لەسەر مونیتۆرێکی گەورە کونترۆڵ دەکەن، ئەم کارەکتەرانە هەموو هەڵس و کەوت و بڕیار و کردارەکانی ڕایلی دیاری دەکەن.

ئەوەی کە ڕایلی ناتوانێت خۆی لەگەڵ ژیانی نوێی خۆیدا لە سانفرانسیسکۆ بگونجێنێت و لە قووڵایی دڵیەوە دڵخۆش و بەختەوەر نییە، لە ئەنجامی ڕووداوێکی ناخۆشە لە ناوەندی کۆنترۆڵدا کە هەڕەشەی تێکدانی هاوسەنگیی مێشکی ڕایلی دەکات. بۆ قەرەبوو کردنەوەی کارەکە، خۆشحاڵی و خەمەکانی دەست دەکەن بە گەشتێکی دوور و درێژ و سەرشێتانە بە شەمەندەفەرێکی بیرکردنەوە بۆ ناو مێشکی ڕایلی، بەناو زیندانە نهێنیە دەروونییەکەیدا دەگەڕێن و سەردانی دۆخی ناوەوەی دەکەن، ئەو شوێنەی دەستەیەک لە خانە دەمارییە هۆشیار و هونەرمەندەکان سەرقاڵی بەرهەمهێنانی زنجیرەیەک خەونن. لە کاتێکدا ئێمە لە قووڵایی مێشکیدا دەبینە هاوڕێی میکانیزمی بایۆکیمیایی کەسایەتی ڕایلی هەرگیز تووشی ڕۆح، خودی ڕەسەن و ئیرادەی ئازادی ئەو نابین. لە ڕاستیدا ئەو ساتەوەختەی دەردەکەوێ تەواوی هەڵس وکەوتی پێویست لە خودی ڕەسەنی خۆیەوە سەرچاوەناگرێ، بەڵکو هەموو بڕیارەکانی بەهۆی چەندین میکانیزمی جیاوازەوە پێکدێن، ڕوون دەبێتەوە کە ڕایلی خۆی لەگەڵ هیچ خانەیەکی مێشکیدا پێناسە ناکات.

لە سەرەتاوە بینەران تامەزرۆییان بۆ دروست دەبێت ڕایلی وەك پاڵەوانێکی سەرەکی پێناسە بکەن - ڕەنگی زەردی دڵخۆشکەر. بەڵام وەک دەردەکەوێت، ئەوە هەمان ئەو هەڵە چارەنووسسازە بوو کە هەڕەشەی تێکدانی ژیانی ڕایلی دەکرد. لەبەر ئەوەی خۆشحاڵی پێی وایە ئەو بە تەنیا جەوهەری ڕەسەنی ڕایلییە، هەموو زیندەوەرانی دیکەی ناو ڕایلی دژی خۆی هان دەدات و هاوسەنگی ناسکی مێشکی تێك دەدات. ڕایلی چیرۆکێکی ئاڵۆزە کە لە ڕێگەی ململانێ و هاوکاریی هاوبەشی هەموو کارەکتەرە بایۆکیمیاییەکانەوە دروست بووە.

شتە سەرسوڕهێنەرەکە تەنیا ئەوە نییە کە دیزنی بوێری ئەوەی بووە فیلمێک بە پەیامێکی وەها ڕادیکاڵەوە بڵاوبکاتەوە - بەڵکو ئەم فیلمە بووە بەناوبانگترین فیلم لە سەرانسەری جیهاندا. ڕەنگە فیلمی "Inside Out" بۆیە سەرکەوتوو بوو چونکە فیلمێکی

كۆمیدییە و كۆتاییەكی خۆشە و زۆربەی بینەران دەركیان بە گرنگی دەمار، ئەندامە دەروونییەكان و كاریگەرییە نادیارەكانی نەكردبێت.

بە دڵنیاییەوە ئەوە بۆ پەیامهێنەرترین كتێبی زانستی خەیاڵی سەدەی بیستەم وا نییە. كارەكتەری شاراوەی ئەو ناتوانرێت چاوپۆشی لێ بكرێت. نزیكەی ١٠٠ ساڵ لەمەوبەر نووسراوە، بەڵام بە تێپەڕبوونی هەر ساڵێك لەگەڵ دۆخی ژیانی مرۆڤ پەیوەندیدارتر بۆتەوە. ئاڵدۆس هاكسلی "Aldous Huxley" جیهانی نوێی ئازای (لە ساڵی١٩٣١دا) نووسی، كە كۆمۆنیزم و فاشیزم لە ڕووسیا و ئیتالیادا پەرەیان سەندبوو، نازیزم لە ئەڵمانیا بەهێز بوو و ژاپۆنی میلیتاریستی لە چین دەستی بە شەڕی داگیركاریی كردبوو و هەموو جیهان لە ژێر هەوایەكی گنخاوی خەمۆكی گەورەدا ئازاری دەكێشا. بەڵام چاوی هاكسلی توانی لە پشت هەموو ئەو هەورە تاریكانەوە بڕوانێت و كۆمەڵگایەكی داهاتوو بە بێ شەڕ و برسێتی و نەخۆشی پێشبینی بكات، كە تێیدا ئاشتی و خۆشگوزەرانی و تەندروستی بەردەوام حوكمڕانی بكات. ئەو دۆخە جیهانێكی بەكاربەرە كە سێكس و مادده هۆشبەرەكان و ڕۆك ئەند ڕۆڵ "Rock ’n’ Roll" بە ئازادی دەسوڕێنەوە و بەختەوەری هاوار دەكا. كتێبەكە لەسەر ئەو بیرۆكەیە دامەزراوە كە مرۆڤ ئالگاریتمێكی بایۆكیمیاییە، زانست دەتوانێت كۆدی ئالگاریتمەكەی مرۆڤ بكاتەوە و تكنۆلۆژیا دەتوانێت دەستكاری مرۆڤ بكات.

لەم دونیا نوێیە ئازایەدا، حكومەتی جیهان سوود لە بایۆتكنۆلۆژیای پێشكەوتوو و ئەندازیاری كۆمەڵایەتی وەردەگرێت بۆ ئەوەی دڵنیابێت كە هەمووان هەمیشە دڵخۆش و ڕازین و كەس بچوكترین هۆكاری بۆ گلەییكردن نییە. وێدەچێ خۆشی و خەم و هۆكارەكانیتری ناو مێشكی ڕایلی بوونەتە خزمەتكاری دڵسۆزی دەوڵەتە جیهانییەكە. بۆیە حكومەت پێویستی بە پۆلیسی نهێنی، ناوەندی كۆكردنەوەی چەشنی سەردەمی نازییەكان و وەزارەتی خۆشەویستی ئەوان نییە هەر وەك لە كتێبی "ساڵی ١٩٨٤"ی جۆرج ئۆرویڵ "Orwell"یشدا وەهایە. بەڵكو هۆشیاریی هاكسلی لەوەدایە كە نیشانی بدات دەتوانێ مرۆڤایەتی بە چەكی خۆشەویستی و چێژ زۆر زیاتر لە ترس و توندوتیژی كۆنترۆڵی دیاردەكان بكات.

بە خوێندنەوەی تەوەرەکانی ساڵی ١٩٨٤، ڕوونە کە ئۆروێڵ "Orwell" جیهانێکی ستەمکار و پڕ لە کابووس وەسف دەکات و تاکە پرسیارێک کە بێ وەڵام دەمێنێتەوە ئەوەیە: "چۆن بتوانین پێشی خۆمان بگرین کە نەکەوینە وەها دۆخێکی مەترسیدارەوە؟" لە بەرامبەردا کاتێك جیهانی نوێی ئازا دەخوێنینەوە، هەست بە ئەزموونێکی گەلێك ورووژێنەرتر و چالاکتر دەکەین، چونکە وەک خوێنەرێک ناتوانین بەوردی بڵێین چ شتێک ئەم کتێبە دەکاتە دیستۆپیا. جیهان ئارامە، مرۆڤ تێرن و هەموو کەسێک لە هەر ساتێکدا ڕازییە. ئەوە بۆ دەبێ دۆخێکی خراپ بێ؟

هاکسلی ڕاستەوخۆ لەو دیمەنەی لوتکەی بەرزی ڕۆمانەکە دیاری دەکات، ئەم باسە دەخاتە ڕوو: گفتوگۆی نێوان مستەفا مۆند"Mustapha Mond"، کۆنترۆڵکەری جیهانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و جۆن "John" ی ئاکارکێوی کە جۆن هەموو ژیانی لەسەر زەوییەکی زەوتکراوی سوورپێستەکەن لە نیوو مەکسیکۆ "New Mexico" تێپەڕکردووە و تەنیا کەسایەتیەکە لە لەندەن کە شتێك سەبارەت بە شکسپیر یان خودا دەزانێ.

کاتێک ئاکار کێوییەکە هەوڵدەدات خەڵکی لەندەن هان بدات بۆ یاخیبوون لە هەنبەر ئەو سیستەمەی کۆنترۆڵیان دەکات، خەڵکی بە شێوەی بێباکانە هەڵس و کەوت دەکەن، بەڵام پۆلیس دەستگیری دەکەن و دەیبەنە لای مستەفا مۆند. کۆنترۆڵکەری جیهان لێدوانێکی لەسەرەخۆ لەگەڵ جۆن دەکات، بۆی ڕوون دەکاتەوە ئەگەر بیەوێت وەك پێشوو دژی کۆمەڵگا بمێنێتەوە پێویستە خۆی ئامادە بکا وەك خانەنشین لە شوێنێکی دوور لە خەڵکی وەک دەروێشێک ژیان بکات. پاشان جۆنی ئاکارکێوی ئەو بیروباوەڕانە دەخاتە ژێر پرسیارەوە کە بنەمای نەزمی جیهانین و حکومەتی جیهانی تۆمەتبار دەکات بەوەی نەک هەر ڕاستی و جوانی بەڵکو لە بەدواداچوونی بەختەوەریدا هەموو ئەو شتانەی لە ژیاندا پیرۆز و قارەمانانەن لەناو دەبات: مستەفا مۆند دەڵێ: "هاوڕێی گەنجی ئازیزم، شارستانیەت هیچ سوودێکی بۆ ئاغایەتی و قارەمانێتی نییە" ئەمانە نیشانەی ناکارامەیی سیاسین. لە کۆمەڵگایەکی باش ڕێکخراوی وەک ئێمەدا، کەس دەرفەتی گەورەیی و قارەمانێتی نییە. دەرفەتێکی لەو جۆرە تەنیا کاتێک سەر هەڵدەدات کە بارودۆخەکان بە بەردەوامی نەگونجاو و ئاڵۆز بن. لەو شوێنەی شەڕ هەبێت، دڵسۆزییەکان دابەش ببن، وەسوەسەیەک هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوە و

تێكۆشان بۆ بەرگریكردن لە خۆشەویستییەک، ئەودەم ئاغایەتی و قارەمانێتی مانای هەیە، ئەوە ئاشكرایە. بەڵام ئەمڕۆ ئیتر شەڕ و ئاڵۆزی نەماوە. هەموو هەوڵێك دەدرێ بۆ ئەوەی مرۆڤ تاكە كەسێكی تایبەتیان خۆش نەوێت. دڵسۆزیی دابەشكراو ئیتر بوونی نییە، مرۆڤ بەشێوەیەك ڕادەهێندرێ كارێك بەڕێوەبەرێ كە بڕیارە بیكات. ئەو ئەركەی دەبێ بیشیكات، بە گشتی ئەوەندە چێژبەخشە و بۆ زۆرێک لە پاڵنەرە سروشتییەكان سەرنجڕاكێشە، كە بەڕاستی هیچ وەسوەسەیەک پێكنایە بۆ بەرەنگاربوونەوە. هەروەها ئەگەر كارەساتێك بەسەرتدا بێت كە بتخاتە ناو بارودۆخێكی ناخۆشەوە، هێشتا [دەرمانێک] هەیە بە ناوی "سۆما"[١٦] كە پشوویەكت لە جیهانی ڕاستەقینەدا بۆ مسووگەر دەكات. هەمیشە سۆما هەیە، توڕەیی كەسێك دادەمركێنێ، ئاشتی دادەمەزرێنێ، سەبر و خۆڕاگری پێكدێنێ. لە ڕابردوودا ئەم كارە بە هۆی هەوڵێكی زۆر و دوای چەندین ساڵ ئازار و هەڵس وكەوتی ئەخلاقی دژوار دەتوانرا بەدەست بهێنرێت. لەمڕۆدا دوو تا سێ حەبی نیو گەرەمی قووت دەدەیت و كارەكە تەواو دەبێ! لەمڕۆدا هەر كەسێک دەتوانێت كارچاك و دڵۆڤان بێت. چونكە هەموو كەس دەتوانێت لانیكەم نیوەی ئەركی ئەخلاقی لە شوشەیەكدا لەگەڵ خۆی هەڵگرێت. سۆما، مەسیحیەتێكە بە بێ فرمێسك.

" بەڵام مرۆڤ پێویستی بە فرمێسكە. تەنیا قسەكانی ئۆتێللۆ "Othello"ت لەبیر بێت: كاتێک هەر زریانێک بێدەنگییەكی ئارامی بەدوادا دێت، ئەوا بای توند، تۆفان و ... بەدوای ئەویشدا دێ تا مردن لە خەو هەڵدەستێنێ! چیرۆكێک هەیە كە یەكێک لە كچە خزمەتكارەكانی گوندەكە زۆر جار گێڕاویەتەوە، (Maid of Mátsaki). هەموو ئەو گەنجانەی دەیانویست هاوسەرگیری لەگەڵ بكەن، دەبوو بۆ بەیانییەک لەسەر كێڵگە گەنمەشامیەكانیان كار بكەن. دیارە كارەكە گەلێك ساكار دەنوێنێ، بەڵام لەسەر ئەو مەزرایە مێش و مێشوولەی سیحراوی هەبوون كە زۆربەی ئەو گەنجانە لە درێژخایەندا بەرگەی ئەو بارودۆخە ناخۆشەیان نەدەگرت. بەڵام ئەو گەنجەی خۆڕاگری كردبا، كچەكەی پێدەگەییشت."

---

[١٦] سۆما لە ڕۆمانی جیهانی نوێی ئازادا (نووسینی ئاڵدۆس هاكسلیدا) ئاماژە بە دەرمانێكی خەیاڵی دەكات كە مرۆڤی دۆخی دیستۆپیایی "دەوڵەتی جیهانی" دەیخۆن بۆ ئەوەی هەستە نارەحەتەكانیان بێهێز بكەن.

زۆر جوانە! بەڵام لە وڵاتە شارستانییەکاندا کۆنترۆڵکەرەکە دەڵێت: "دەتوانیت ببیە مێردی کچێک بێ ئەوەی لە کێڵگەکاندا کاربکەیت، نە مێش و نە مێشوولەی لێیە کە گازت لێ بگرێ. ئێمە چەندین سەدە لەمەوبەر ئەو یاسایەمان هەڵوەشاندەوە."

ئاکار کێوییەکە بە دەربڕینیکی گۆماناوییەوە سەری دانەواند. هەڵوەشێندراوە! بەڵێ، کاری وا تەنیا شایەنی ئێوەیە. لە جیاتی ئەوەی فێر بن خوو بە شتەکان بگرن، هەموو شتێك لەبەر یەك هەڵدەوەشێننەوە. "جیاوازی نابێ مرۆڤ لە ناوەوە ماقووڵ بێت و بە سەبرەوە بەرگەی تیری چارەنووس بگرێت، یان خۆی لە بەرامبەر زەریای کێشەکاندا ئامادە بکات و لە ڕێگەی بەرخۆدانەوە بەربەرەکانی لەهەنبەردا بکات، تۆ نە ئەمیان دەکەیت و نە ئەویان. نە خۆڕاگری دەکەیت و نە بەرەنگاری دەبێتەوە. تەنیا تیر و هەنگاوتن هەڵدەوەشێنیتەوە. ئەوە زۆر کارێکی هاسانە ... ئەوەی پێویستت پێیەتی، ئاکارکێوی لە کۆتاییدا درێژەی بە قسەکانی دا: "بە فرمێسکەوە هەوڵی گۆڕانکاری دان... لەژێر مەترسیدا ژیان کردن - ئایا مانایان نییە؟"

کونترۆڵکەرەکە بە هەستێکی باشەوە گوتی: "کۆڵێك لەوانە" بەڕاستی ژن یان پیاو جارجارە پێویستیان بە پاڵنەرێکی 'ئەدرنالین'ەوە هەیە.

ئاکارکێوییەکە بە بێ تێگەیشتوویی گوتی: "تکایە؟" "ئەوە یەکێکە لە پێشمەرجەکان بۆ تەندروستییەکی تەواو. هەر بۆیە چارەسەری "HLS"مان[١٧] کردووە بە ئەرکێکی گرنگ."

"جێگرەوە یاخود ئاڵترناتیڤێك بۆ خۆلیابوون. مانگی جارێك. وەرێخستنی خوێن بە لافاوێکی ئادرنالین. هاوتابوونی فیزیۆلۆژی ترس و تووڕەیی. کارتێکەری دەماریی هاوتایە لەگەڵ کوشتنی دێزدێمۆنا"Desdemona" یاخود ئۆتللۆ "Othello" — بە بێ هیچ ئازارێك.

---

١٧ HLS بریتییە لە پێکهاتننامە و داب و ڕەسمێکی ئینترنێتی بۆ ناردنی میدیای دەنگی و وێنەیی بۆ بینەران لەسەر ئینترنێت.

كۆنترۆڵكەرەكە وەڵامی دایەوە: "بەڵام من حەزم لە ناخۆشییەكانە." ئێمە نا. "ئێمە پێمان باشە شتەكان لە ئاسوودەییدا ڕێكبخەین".

مستەفا مۆند تێبینی كرد و وتی: "بەڵام من ئاسوودەییم ناوێت. من خودام دەوێت، شیعرم دەوێت، مەترسی ڕاستەقینەم دەوێت، ئازادیم دەوێت، چاكەكاریم دەوێت. من گوناهم دەوێت. تۆ ئیدیعای مافی ناڕازیبوون دەكەیت."

ئاكاركێوی بە هەستێكی ناخۆشەوە گوتی: "زۆر باشە، منیش مافی ئەوەم هەیە هەست بە بەختەوەری نەكەم."

"بێدەنگی لەهەنبەر مافی پیربوون، ناشیرینی و بێهێزی، مافی سفلیس و شێرپەنجە، مافی برسیبوون و نەداری، مافی بێهوودە ژیان، مافی پێوەدانی مێشوولە، مافی ترسی بەردەوام لەوەی ڕۆژی دواتر چی دەبێ، مافی تووشبوون بە ئازارێكی ناخۆش".

بێدەنگییەكی درێژخایەن باسەكەی پچڕاند.

لە كۆتاییدا ئاكاركێوی وتی: بەڵێ، من داوای ئەم مافانە دەكەم، هەمووان. مستەفا مۆند شانی هەڵیكێشا و گوتی: "چۆنت پێخۆشە با وابێ."

ئاكاركێوی لە كۆتاییدا خۆی بۆ بیابانێكی خاڵی لە هەر زیندەوەرێك دوور دەخاتەوە و لەوێ وەك دەروێشێكی تەنیا و دووركەوتوو لە كۆمەڵگا دەژی. ساڵانێک ژیان لەسەر زەوییە زەوتكراوەكانی سوورپێستەكان و مێشک شۆردنی لەلایەن شكسپیر و ئایینەوە وایان لێكرد كە هەموو نیعمەتەكانی مۆدێرنیتە ڕەت بكاتەوە. بەڵام هەواڵی كەسێكی ئاوا نائاسایی و وروژێنەر بە خێرایی بڵاوبووەوە، خەڵک ڕوو لە شوێنی ژیانی دەكەن و چاوەدێریی دەكەن و هەموو كارەكانی تۆمار دەكەن و زۆری نەخایاند كە بوو بە كەسایەتییەكی ناودار. ئاكاركێوی بەهۆی ئەو سەرنجە نەخوازراوە بە قووڵی دڵتەنگ دەبێت، لە ماتریكسی شارستانییەت ڕزگاری دەبێت بەڵام نەک بە قووتدانی حەبێكی سوور بەڵكو بە هەڵواسینی خۆی.

بە پێچەوانەی خوڵقێنەری فیلمەکانی "The Matrix" و "The Truman Show" هاکسلی گومانی لە ئەگەری هەڵهاتن هەبوو، چونکە پرسیاری ئەوەی دەکرد ئایا کەسێک هەیە توانیبێتی هەڵێ. چونکە "مێشک" و "خودی ڕەسەن" بەشێکن لە ماتریکس، ئەگەر مرۆڤ بیەوێت لە ماتریکس ڕزگاری بێت، دەبێت خۆی دەرباز بکات. بەڵام ئەوە ئەگەرێکە شایەنی لێکۆڵینەوەیە. لە ڕاستیدا ڕەنگە ڕزگاربوون لە پێناسەی تەسک بۆ چەمکی "خودی ڕەسەن" لە سەدەی بیست و یەکەمدا ببێتە تەکنیکێکی پێویست بۆ مانەوە.

درێژەی هەیە...